# تۆماری سەروەری

# 8

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

# تـۆمـاری سـەروەری

بەرگی هەشتەم

(8)

مـەفرەزە پـارتیزانەکان

نووسین و ئامادەکردن: ئازاد سەراوی

# تۆماری سەروەری - بەرگی هەشتەم-
# مــەفرەزە پـارتیزانەکان


نووسین و ئامادەکردن :- ئازاد سەراوی

تایپ :- ئاشنا دلێر - نیگا سالار

دیزاین :- هەرێم عوسمان

چاپ: چاپخانەی حەمدی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم

ساڵی چاپ :- ٢٠٢٤

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (١٣٦٦) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە



سەرجەم مافەکانی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراون.



لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری

مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## پێڕست – ناوەڕۆك


وتەیەک ........................................ ٢١

(پارتیزانەکانی شارباژێر- قەرەداخ – سورێن)

– مەفرەزەی وەستا فاروق، سەید ئەحمەد، حاجی سەراوی ........................ ٢٦

– کردنەوەی ڕێگای شاناخسێ- سەراو ........................ ٢٧

– بەرەو سەراو ........................ ٢٨

– مەفرەزەی وەستا فاروق ........................ ٢٩

– کەوتنە کەمین ........................ ٣٢

– چاییەکەی سەید ئەحمەد ........................ ٣٣

– مەفرەزەی وەستا فاروق لە بۆسەی ئەمنی سلێمانیدا ........................ ٣٤

– پارتیزانەکانی شارباژێر ........................ ٣٨

*****

– جەولەی شارباژێری تەخت ........................ ٤٠

– چەند مەفرەزەیەک ........................ ٤٣

– دە ڕۆژ لە سلێمانی ........................ ٤٤

– هاتنە سلێمانی- پێکدادانی ........................ ٤٧

– گەڕانەوە ........................ ٤٨

– مامۆستا ئەکرەم ژاژڵەیی ........................ ٥١

– ئێسکە ماسی ........................ ٥٣

– کاکە عەبە ........................ ٥٣

– شەڕی پاشبەرد ........................ ٥٦

– هێرشی ڕژێم ........................ ٥٧

– هەناسەیەک پێش ڕاپەڕین ........................ ٥٩

– هۆتێلەکەی زاخێ ........................ ٥٩

- دروووستکردنەوەی پردی زاخێ ........................................ ٦٠
ڕەتڵی شارباژێری تەخت
- مەفرەزەی کامیل نوری ........................................ ٦١
- چەند چەکدارێک ........................................ ٦٣
- ٤٥ کیلۆ هەنگوین ........................................ ٦٥
- مەفرەزەی دووەم ........................................ ٦٥
- بریندار بوونی پێشمەرگەیەک ........................................ ٦٦
- دووباره مین ........................................ ٦٧
- نوکتەو قسەی خۆش ........................................ ٦٧
- بەرەو ڕاپەڕین ........................................ ٦٨
مەفرەزەی دوو شارباژێری تەخت- جەمال حاجی مامەندی- ناوی مەفرەزەی دووەم ........................................ ٧٠
- کاروچالاکی مەفرەزەکە ........................................ ٧٣
- شەهید بوونی یاسین ........................................ ٧٣
- خەونەکەی شێخ ستار ........................................ ٧٣
- وڵاخێکی شارەزا ........................................ ٧٤
- نزیکبوونەوەی ڕاپەڕین ........................................ ٧٤
مەفرەزەی سێ سەرکەوت حەسەن
- شەوی یەکەم ........................................ ٧٦
- ناوی مەفرەزەکە ........................................ ٧٧
- گەڕان بە گورگەیەرو ........................................ ٧٨
- بەرەو پاڕەزان ........................................ ٧٩
- بریندار بوونی عەلی سۆییە ........................................ ٧٩

هەواڵنامەی کتێب

رەتڵی قەرەداخ مەفرەزەی رەیس


- مەفرەزەکەی قەرەداخ پێکهاتبوو ........ ٨٢
- مەفەرەزەی گەرمیان پێکهاتبوو ........ ٨٢
- ئەحمەد زەرداوی ........ ٨٧
- گەڕانەوەی ڕەیس و فەریق ........ ٨٩
- شاهۆ و براکانی ........ ٩١


رەتڵی قەرەداخ


- مەفرەزەکەی شێخ کەریم ........ ٩٤
- کێو ماڵی ناوچەکە ........ ٩٦
- بێتەل و بێتەلەوان ........ ٩٦
- چوونە ناو سلێمانی ........ ٩٧
- مەفرەزەکەی سورێن ........ ٩٩
- چۆن مەفرەزەکە پێکهات ........ ١٠١
- بەرەو سورێن مەفرەزەی ئەشکەوتی مەڕنار ........ ١٠١
- مەفرەزەی هانە ئەحمەد ........ ١٠٢
- هەڵگرتنەوەی مین ........ ١٠٣
- هێڵی پەیوەندی ........ ١٠٤
- دارو مار ........ ١٠٦
- نامەی برادەرێک ........ ١٠٦
- میوانی ئەشکەوت ........ ١٠٦
- مار ........ ١٠٧
- تێکچوونی بێتەلەکە ........ ١٠٧
- شکاندنی ڕادیۆکە ........ ١٠٨
- بەرد تەقاندن ........ ١٠٨


هەواڵنامەی کتێب

مەفرەزەی سورێن بەرەو قەرەداخ


- مەفرەزەکە ........................................ ١١٠
- کوشتنی کەڵێک ........................................ ١١٣
- نامەو نوکتە ........................................ ١١٣


لەکاتی ڕەنگینەوە بۆ زیندانی ئەبوغریب


- بەرەو شارەزوور ........................................ ١١٥
- بەرەو سلێمانی کەوتنە داو ........................................ ١١٥
- لە مەحکەمەی بەناو شۆڕش ........................................ ١١٧


مەفرەزەکانی پیرەمەگروون- پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش


- مەفرەزەی غەریب هەڵەدنی ........................................ ١٢٢
- سەگێکی بە ئەمەک ........................................ ١٢٤
- ئەشکەوتی دۆڵەبی ........................................ ١٢٥
- بەرەو چالاو ........................................ ١٢٥
- ٧٣ چالاکی ........................................ ١٢٦
- داستانی سەرگەڵو-بەرگەڵو ........................................ ١٢٧
- چالاکی هەڵەدن-سێکانیان ........................................ ١٣٤
- کاری سیاسی ........................................ ١٣٦
- دوا هەناسەی بنکەی ژیلوان ........................................ ١٣٧
- برووسکەی مام جەلال ........................................ ١٣٨
- گەڕانەوە بۆ ئێران ........................................ ١٣٨
- مەفرەزەکەی غەریب هەڵەدنی ........................................ ١٣٩


*****


- کێوماڵ و شکستی دوژمن ........................................ ١٤٠
- سەرکەوتی جیهاز ........................................ ١٤٢


هەوالنامەی کتێب

مەفرەزەی عوسمان گێچینەیی

- چالاکی مالومە ........ ١٤٩
- هاوکاری پارتیزانەکان ........ ١٤٩
- مەفرەزەی عوسمان سێدەری ........ ١٥١
- تیپی تایبەت ........ ١٥٢
- پیاوێکی پیر لە زێوێ ........ ١٥٤
- کوشتنی کەڵەکێوییەک ........ ١٥٦
- وێنە و کامێرا ........ ١٥٧
- چوونە ناو پیرەمەگروون ........ ١٥٧
- ئاڵوگۆڕی مەفرەزەکان ........ ١٥٩
- ئەشکەوتی کوێرەکانی ........ ١٦٥
- لە تۆڵەی شەهید ڕزگاردا ........ ١٦٧
- بەرەو بێتوش ........ ١٦٨

مەفرەزەی فەریق هەڵەدنی

- فواد قەرەچەتانی ........ ١٧٠
- هاتنی بێستون سابوراوایی ........ ١٧١
- مەفرەزەی فەریق هەلەدنی ........ ١٧٢
*مەفرەزەی حەمە سنگری ........ ١٧٣
*مەفرەزەی بێستون سابوراوایی ........ ١٧٦
*مەفرەزەیی تیپی ٤٣ ئاسۆس ........ ١٨٠

پارتیزانەکانی کۆیە

- مەفرەزەی کۆیە ........ ١٨٢
- لە نێوان قوزلو خەرەجە ........ ١٨٥
- گەڕانەوە بۆ ڕاپەڕین ........ ١٨٦

هەواڵنامەی کتێب

*مەفرەزەی بناری کۆسرەت ..... ١٨٩
*مەفرەزەی تەحسین کاوانی ..... ١٩٢
مەفرەزەی عەلی وەیس
– هەڵوێستی فاتمە خان ..... ١٩٩
– بۆسەی دوژمن ..... ١٩٩
– مەرجەکانی قائید فیرقە ..... ٢٠٠
– چالاکی خڕە جافە ..... ٢٠٠
– بەرەو خڕی جافە ..... ٢٠١
وەحدەی پارتیزانەکانی کاروخ–خۆشناوەتی
– وەحدەی پارتیزانەکانی کاروخ–حەسەن کوێستانی ..... ٢٠٤
– ڕەتڵی حەسەن کوێستانی–بالیسان–مەلەکان ..... ٢٠٦
– جیهاز–بێتەل ..... ٢٠٩
– بوک و زاوایەکی ناکام ..... ٢١٠
– چاڵە بەفرەکان ..... ٢١١
یەکەی پارتیزانەکانی کاروخ
ڕەحمان حاجی خدر وەرتی ..... ٢١٢
– کانی قولە تێن ..... ٢١٨
– مێش هەنگ ..... ٢١٨
– چالاکی مەکێ ..... ٢٢٢
– کاکەی شۆڕێ ..... ٢٢٤
– شەڕی ڕەژێکەریان ..... ٢٢٥
– مەفرەزەی عوسمان بچکۆل ..... ٢٢٦
– مەفرەزەی دووەم ..... ٢٢٨

*****

هەواڵنامەی کتێب

- مەفرەزەی مستەفا عەبدوڵڵا ........ ٢٢٩

*****

- شەڕی شێخان ........ ٢٣٣
- حەسەن سۆفی ........ ٢٣٤
- نێوان کەشک و چەکوچ ........ ٢٣٥
- مەفرەزەی جەلال حاجی ........ ٢٣٦
- سەعدەدین ........ ٢٣٨
- جوڵەی دووەم –بەرەو ڕاپەڕین ........ ٢٤٠

*****

- وەحدە–یەکەی سەلاح دیلمانی ........ ٢٤٥
- بەرەو بادیناوێ ........ ٢٤٩
- یەکەی هەریر–دکتۆر ڕێبین ........ ٢٥٠
- ناوی ئەوخەتانەی ڕێکخستن و ........ ٢٥٣
- ئەو هەڤاڵانەی دەستگیرکران ........ ٢٥٦

*****

- مەفەزەی جەمال هەروتی ........ ٢٥٨
- مەفرەزەی ساڵح هەولێری ........ ٢٦٤
- ئاو هێنان ........ ٢٦٦
- کونە بەفرەکانی کاروخ ........ ٢٦٧
- کانی و ئەشکەفتی دکنۆس ........ ٢٧٤
- گەشت و گەڵا و گوڵا ........ ٢٧٤
- کەوکانی و سورەکانی ........ ٢٧٤
- کانی پشتێ سپی ........ ٢٧٥
- ڕواز ........ ٢٧٥


هەواڵنامەی کتێب

– بەردەبووک ........ ٢٧٥
– گەڕانەوەی مام سەعید ........ ٢٧٦
– تەقەی تفەنگ ........ ٢٧٧
– دوا هەواری مەحموود سەیدە ........ ٢٧٨
مەفرەزەی عوزێر فەقیانی ........ ٢٨٢


*****


مەفرەزەی عەبدوڵڵا بۆر ........ ٢٩٧


*****


مەفرەزەی مامۆستا ڕێبوار ........ ٣٠٢


*****


مەفرەزەی خۆشناوەتی ........ ٣٠٥


*****


مەفرەزە پارتیزانەکانی گەرمیان
– مەفرەزە پارتیزانەکانی گەرمیان ........ ٣١٤
– ئازادی سەگرمە ........ ٣١٤
– پەیوەندی ناوشار ........ ٢١٧
– شەترەج،شفتە ........ ٣١٧
– شەهیدبوونی شێرکۆ جدی ........ ٣١٨
– دەواجنەکە ........ ٣٢١
مەفرەزەی حەمە ڕەش
– مەفرەزەی خاڵخالان ........ ٣٢٥
– بەربوونەوەی سەرکەوت ........ ٣٢٦
– شەڕی پشتی ژاڵە ........ ٣٢٧
– لێدانی ڕەبییەی ئاژداغ ........ ٣٢٨


هەواڵنامەی کتێب

- پێداویستی و خۆراک ........................................ ٣٢٨
- ئەشکەوتی کاروبزنەکە ........................................ ٣٢٩
- سالّح حەمە خان ........................................ ٣٣١
- جیهازکە ........................................ ٣٣٣
- گەڕانەوە بۆ گەرمیان ........................................ ٣٣٤
مەفرەزەی شێخ کەریم
- بەرەو تەکیە کۆن ........................................ ٣٣٧
- شەڕی تەکیە کۆن-خان ........................................ ٣٤٠
- چەند چالاکییەک ........................................ ٣٤١
- تێکچونی جیهازە ڕاکاڵەکە ........................................ ٣٤٢
مەفرەزەی گەرمیان-چەمچەماڵ-قادر کەرەم
- مەفرەزەی سەید جەوهەر ........................................ ٣٤٦
- کوشتنی گوێدرێژ ........................................ ٣٤٩
- عافوات-لێبوردن ........................................ ٣٤٩
- برووسکەی مام جەلال ........................................ ٣٥٢
- چالاکی نەورۆز ........................................ ٣٥٢
- مەفرەزەی دووەم-سەید جەوهەر ........................................ ٣٥٣
- ڕاوە بەراز ........................................ ٣٥٤
- گەڕان بەدوای نان ........................................ ٣٥٥
- نوکتە و خورما ........................................ ٣٥٨
- کێومالّی ناوچەکە ........................................ ٣٥٩
- شانە چەکدارەکان ........................................ ٣٥٩
- چالاکی چەمچەماڵ ........................................ ٣٥٩
- نامەی مەکتەبی سیاسی ........................................ ٣٦٠

هەواڵنامەی کتێب

- ڕاپەڕینی چەمچەماڵ ........ ٣٦١

مەفرەزەی مەلا ئەحمەد سەید محەمەد

- سەید محەمەد دیوانەی کوردایەتی ........ ٣٦٧
- بریندابوونی سەید محەمەد ........ ٣٦٨
- هەواڵە خەو ........ ٣٦٩
- ڕمانی ئەشکەوتی داری خلە ........ ٣٦٩
- کەوتنە داوی سەید محەمەد ........ ٣٧٢
- مەفرەزەی مەحموود سەنگاوی ........ ٣٧٣
- ڕانی جرجەکە ........ ٣٧٨
- لە مام جەلال بۆ مەحموود سەنگاوی ........ ٣٨٠
- ڕاوە ماسی ........ ٣٨١
- برووسکەی م.س ........ ٣٨٣
- لە حەسەن حسێن بۆ مەحموود سەنگاوی ........ ٣٨٣
- مەحمود سەنگاوی وەسێت دەکات ........ ٣٨٤
- مەفرەزەی حەمە ئاخە ........ ٣٨٦
- شوێن مەفرەزەکە ........ ٣٨٧
- کێو ماڵی ناوچەکە ........ ٣٨٧
- هاتنەوە سلێمانی ........ ٣٨٨
- مەفرەزەی مەحموودی مامە عەزە ........ ٣٩٠
- شەوی تاریکی خیانەت ........ ٣٩٣

*****

- مەفرەزەی سەلامی کوێخا عەزیز ........ ٣٩٥
- مەحمودی مامە عەزە ........ ٣٩٥
- دکتۆر قاسم ........ ٣٩٦

هەواڵنامەی کتێب

- بەرەو راپەڕین ........................................ ٣٩٧

*****

- مەفرەزەی شاهۆ و براکانی ........................................ ٣٩٨
- گرتنی خێزانەکەیان ........................................ ٤٠٠
- چوونە ناو زەرایەن ........................................ ٤٠١
- جگەرەکەی حەسەن ........................................ ٤٠٢
- کێومالّ ........................................ ٤٠٢
- راپەڕین ........................................ ٤٠٣
- مەفرەزەی عوسمانی حاجی مەحمود ........................................ ٤٠٤
- کونە گورگی دزگیراو ........................................ ٤١٣
- گەڕانەوە ........................................ ٤١٥
- پەناگە ........................................ ٤١٧
- لێبوردنی گشتی ........................................ ٤١٧
- لێدانی ڕەبیە و پەلّکانە ........................................ ٤٢٤
- پەناگەی گۆبان عەرەب ........................................ ٤٢٤
- مام عەلی ........................................ ٤٣٠
- حەسەن نەخۆشکەوت ........................................ ٤٣١
- مەفرەزەی دووەم ........................................ ٤٣٣
- بەرەو ڕاپەڕین ........................................ ٤٣٦

*****

- ئەبو عەلی، هاوڕێ سوپا ........................................ ٤٣٧
- هێنانەوەی سەرکەوت ........................................ ٤٤٠
- گەڕاندنەوەی تەها ........................................ ٤٤١
- ڕێکخستن و هاوکاری پارتیزانەکان ........................................ ٤٤١

هەوالنامەی کتێب

- نامەی سەید محەمەد ........ ٤٤٢
- گرتنی سەید محەمەد ........ ٤٤٣

*****

ڕەتڵی پارتیزانەکانی هەولێر
- مەفرەزەی ڕێباز ........ ٤٤٨
- هێرش و کێومالّی دوژمن ........ ٤٥١
- ژنێکی بە هەڵوێست ........ ٤٥٣
- هێرشی بەرفراوان ........ ٤٥٤
- تەقە و پلانی دوژمن ........ ٤٦٠
- دەقی ئاگاداریەکە ........ ٤٦٠
- شوانەکانی شۆڕش ........ ٤٦١
مەفرەزەی ئاسۆ مامەند ........ ٤٦٦

*****

- مەفرەزەی بورهان سەعید سۆفی ........ ٤٦٨
- لە بورهانەوە بۆ ڕێباز ........ ٤٧٢
- دەستگیرکردنی وشیار و ناميق ........ ٤٧٤
- گەڕانەوە بۆ جاری دووەم ........ ٤٧٥
- مەفرەزەی کاک بورهان، سەردەمی پارتیزانی ........ ٤٧٨
- مەفرەزەی جەلال ئیلخنجاغی ........ ٤٧٩
- چالاکی بەبۆنەی سەری سالّەوە ........ ٤٨٤
- دیمەنێکی نەخوازراو ........ ٤٨٤
- نەفسی بەرز ........ ٤٨٥
- مەفرەزەکانی دووەم جار ........ ٤٨٨


*****

هەواڵنامەی کتێب

- بەدوای پارتیزانەکاندا ........ ٤٩٢
*****
- مەفرەزەی هاشم شەمامکی ........ ٤٩٩
*****
- مەفرەزەی پارتیزانەکانی بادینان ........ ٥٠٤
- ڕەتڵی بادینان ........ ٥٠٤
- مەڵبەندی بادیان و دوو چالاکی ........ ٥٠٤
- داستانی کانی ماسی ........ ٥٠٥
- گرتنی مقەڕ فەوجێک ........ ٥٠٦
- گرتنی رەبیەی ئاڤەنگی ........ ٥٠٧
- ئەنفالی بادینان ........ ٥٠٧
- سوپای ڕزگاری کوردستان لە بادینان ........ ٥١١
*****
- ڕەتڵی یەک ........ ٥١٢
مەفرەزەی یەکی پارتیزان ........ ٥١٢
- مەفرەزەی دووەم ........ ٥١٥
ڕەتڵی دوو ........ ٥١٥
*****
- هاتنە خوارەوەی هێزی بادینان ........ ٥٢٠

پارتیزانەکانی کەرکوک خاڵخالان

- کەرکوک لە بۆنەی تەعریبدا ........ ٥٢٦
- سنووری ئیدارەی کەرکوک ........ ٥٢٧
- تەعریبی قەزا و گەڕەک و شەقام ........ ٥٢٩

هەواڵنامەی کتێب

– یەکە ئیداریە تەعریبکراوەکان ........ ٥٢٩
– گەڕەکی نوێ ........ ٥٣٠
– تۆماری باری شارستانی ........ ٥٣٠
– ناحیەی ئاڵتون کۆپری ........ ٥٣٢
– قەزای دوبز و ناحیەی سەرگەڕان ........ ٥٣٢
– ناحیەی یایچی ........ ٥٣٢
– قەزای حەوێجە و دەورووبەرەکەی ........ ٥٣٣
– قەزای داقوق ........ ٥٣٣
– بڕیار و مەرسومەکان ........ ٥٣٣
– فەرمانبەری کورد لە کەرکوک ........ ٥٤٣
– ئاوارەکان ........ ٥٤٣
– کێشەی موڵکایەتی ........ ٥٤٤
– ئەنفالی چوار–مەفرەزەکانی کەرکوک ........ ٥٤٦
– بەرگری و پاشەکشە ........ ٥٤٧
– گەڕانەوەی بەشێک لە هێزەکە ........ ٥٤٨
– شەڕی تورکی ........ ٥٥١
– گەڕانەوەی وەستا سابیر ........ ٥٥١
– شەڕی کارێزە ........ ٥٥٢
– پارتیزانەکانی کەرکوک ........ ٥٥٤
– چەتۆ ساڵح ........ ٥٥٦
– هاتنە خوارەوەی مەفرەزەی کەرکوک ........ ٥٥٧
– یەکەم ژوان ........ ٥٥٧
– ژوانی دووەم ........ ٥٥٨
– دیدار–ژوانی سێیەم ........ ٥٦٠

کتێبخانەی هەڵوێست

- شوێن ژوانی چوارەم ........................................ ٥٦١
- بردنی منداڵ و خێزانەکەی ........................................ ٥٦٢
- هێنانی ئاوات بۆ کەرکوک ........................................ ٥٦٤
- بردنەوەی وریا قەفاری ........................................ ٥٦٦
- گەڕانەوەی مەفرەزەکەی کەرکوک ........................................ ٥٦٧
- بردنی ئاکۆ سوور........................................ ٥٦٧
- گرتنی کوەیت ........................................ ٥٦٨
- سەفەرێک بۆ ناوزەنگ ........................................ ٥٦٩
- پەیوەندی مامۆستا عادل ٥٧١

*****

- مەفرەزەی خاڵخاڵان........................................ ٥٧٣
- شەهیدبوونی شەوکەت عەبدوڵلا ........................................ ٥٧٤
- مەفرەزەی بناری کۆسرەت،خاڵخاڵان ........................................ ٥٧٥
- حاجی حەسەنی قەرەنیاغا ........................................ ٥٧٧


هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## وتـــــــــەیەك

دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سەر سنوور لە ناوچەکانی گەرمیان، کەرکوک و شێخ بزێنی، دەشتی کۆیەو بناری کۆسرەت، دەشتی هەولێرو بەڕانەتی، چیای کارۆخ و دەشتی هەریرو باڵەکایەتی، بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکو پارتیزان مانەوەو درێژەیان بە خەباتدا.

جگە لە پێشمەرگەکانی گەرمیان و دەشتی هەولێر، پارتیزانەکان گەڕانەوە سەرکردایەتی، دوای خۆڕێکخستنەوەو خۆسازدانەوەو بینینی چەند خولێکی مین هەڵگرتنەوەو چۆنیەتی خۆپاراستن و ورەبەرزی، چۆنیەتی مانەوە لە ناوچە چۆڵەکان و دوور لە خەڵک، جارێکیتر گەڕانەوە ناوچەکانیان و درێژەیان بە خەباتی پارتیزانیدا.

سەرکردایەتی (ی ن ک) لە مانگی ١٩٨٩/٩ بیری لەوە کردەوە چەند بنکەیەک دامەزرێنێ بۆ سەرپەرشتی پارتیزانەکان، لەو کۆبوونەوەیەدا مەکتەبی سیاسی بڕیاریدا کۆمیتەی سەپان، کۆمیتەی سەرکردایەتی هێزی ناوخۆ، یان سەرکردایەتی پارتیزانەکانی ناوخۆ درووست بکرێت، هەڤاڵ جەبار فەرمان کرا بە سەرپەرشتیاری کۆمیتەکە، ڕێبازو مامۆستا چەتۆ ئەندامی کۆمیتەکە بوون، کە لە چەند بنکەو مەڵبەندێک پێکهاتبوو بەم شێوەیە:

بنکەی (١) مەحمود سەنگاوی سەرپەرشتیاری بوو بۆ ناوچەکانی گەرمیان.

بنکەی (٢) غەریب هەڵەدنی سەرپەرشتیاری بوو بۆ ناوچەکانی سلێمانی – کەرکوک، دۆڵی جافەتی= دووکان و بیتوێن.

بنکەی (٣) ڕێباز سەرپەرشتیاری بوو بۆ هەولێرو دەشتی هەولێرو بەڕانەتی هەر سێ بنکەکەش کاک جەبار فەرمان سەرپەرشتی دەکردن.

پارتیزانەکان خۆیان ڕێکخستەوەو خۆیان ئامادەکرد هێزیتریش بچێتە خوارەوەو مەفرەزەکان زۆرترو فراوانتر بن.

مانگی (٢-٣) ساڵی ١٩٩٠ کاک نەوشیروان سەرپەرشتی پارتیزانەکانی گرتە ئەستۆی خۆی، کوردۆ قاسم کرایە سەرپەرشتیاری پارتیزانەکان و بێستوون سابوراوایی بە یاریدەدەروو هاوکاری.

لە ڕۆژی ١٩٩٠/٧/٢٢ کاک نەوشیروان کۆبوونەوەیەکی لە گەڵ چەند کادیرێکی پێشکەوتوو کرد، لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمیتەی فەرماندەیی هێزی تایبەت دامەزرا بۆ سەرپەرشتی پارتیزانەکان ئیش و کارەکان بە سەر ئەندامانی کۆمیتەکەدا دابەشکرا.

**کۆمیتەکە لەم هەڤاڵانە پێکهات:**

١- حامیدی حاجی غالی سەرپەرشتیار
٢- حەمە ڕەش کارگێڕی سەربازی
٣- جەبار یاوەر کارگێڕی ئیداری
٤- بێستوون سابوراوایی لێپرساوی بەشی سیاسی و زانیاری
٥- غەریب هەڵەدنی کارگێڕی سەربازی
٦- عوسمان حاجی مەحمود کارگێڕی سەربازی

١٩٩٠/٨/٢٨ بە سەرپەرشتی کاک نەوشیروان کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی کادیرە پێشکەوتووەکانی (ی ن ک) کرا.

ئێران و عێراق ڕێکەوتنێکیان لە بواری ئەمنیدا ئیمزا کردبوو، ئێرانیەکان بە یەکێتیان وتبوو ئێمە لە گەڵ عێراقیەکاندا ڕێکەوتووین تکایە تووشی ئیحراجیمان مەکەن با لە لای ئێمەوە شەڕو شۆڕ درووست نەبێت چونکە ئێمە بەڵێنمان بە عێراقیەکان داوە، عێراقیەکانیش بەڵێنیان داوە، هێزەکانی ڕۆژهەڵات هیچ جمووجۆڵێک نەکەن و حکومەتی عێراق پشتیوانیان نەکات.

لە کۆبوونەوەکەدا ئەو فشارانەی ئێران خرایە بەرباس و کاک نەوشیروان پێیوتن دەبێ ئێمە خۆمان ئامادەبکەین بۆ فشاری زیاتر، کۆمیتەی فەرماندەیی هێزی تایبەت کە سەرپەرشتی پارتیزانەکانی دەکرد لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون، کاک نەوشیروان پێیوتن ئێوە چیتان پێدەکرێت ئەگەر فشارەکە لە سەرمان زۆر بوو، کۆمیتەی فەرماندەیی هێزی تایبەت بە کاک نەوشیروانیان وت چەند کەستان دەوێت

لە سەرکردایەتی (ی ن ک) بۆ ئەوەی پارێزراو بن نەوەکو ئێران بیانگرێت دەتوانین پارێزگاریان لێبکەین و لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا شوێنیان بۆ دابین بکەین و بیانپارێزین دڵنیاشتان دەکەینەوە کە بە هیچ جۆرێک دەستی حکومەتیان نەگاتێ، شوێنی باش و چڕوو پارێزراومان لە ناوچەکاندا دابین کردووە لە گەڵ ئازوقەو خواردەمەنییەکی زۆر، هەر لە گەرمیان، کارۆخ، کەرکوک، پیرەمەگرون، شارباژێڕ شوێنی قایم و مەحکەم بوون بۆ پارتیزانەکان و هەر هەڤاڵێکی تر کە بێتە خوارەوە.

لە مانگی ١٠ی ١٩٩٠ کۆمەڵێک لە کادیرە پێشکەوتووەکانی یەکێتی بانگکران بۆ کۆبوونەوە بۆ قسەکردن لە سەر بەرنامەو نەخشەی ڕاپەڕین، لە کۆبوونەوەکەدا باس لەوە کرا حکومەتی عێراق دەیان کێشەی درووست کردووە کوەیتی داگیر کردووە، لە گەڵ دەوڵەتانی دنیاو ناوچەکە لە کێشەدایە ئێمە دەتوانین ڕاپەڕین بکەین، لە کۆبوونەوەکەدا باس لەوە کرا لە گەڵ پارتی قسە کراوە بەڵام ڕەتیان کردوەتەوە بەشداری لە ڕاپەڕیندا بکەن بەو بیانووەی حکومەت کیمیایی دەڕێژێ و لە خەڵک دەدات *[1]، هەر لە بەر ئەو فشارانەی ئێران ڕادیۆی ٤١ میتری هێنرایە زەڵێ تا ئەگەر ڕادیۆ (٧٥) یەکە دەستی بە سەردا گیرا، ڕادیۆ ٤١ میتریەکە بخرێتە کار.

کۆبوونەوەکە بەرنامەو پلانی ڕاپەڕینی دارشت جگە لە پارتیزانەکانی ناوچەکانی سۆران، لە بادینانیش بە هەمان شێوە مەفرەزەی پارتیزانی هەبوو.

دوو مەفرەزە لە دوو کاتی جیاوازدا چوونەوە ناوچەکانی بادینان، دوای گەڕانەوەی مەفرەزەی یەکەمی پارتیزانەکان مەفرەزەی دووەمی پارتیزانەکان لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٩٠ گەڕانەوە بادینان، کۆمیتەی فەرماندەیی هێزی تایبەت، حامیدی حاجی غالی و بێستوون سابورراوایی ئیش و کارەکانیان بۆ جێبەجێکردن، پێداویستیەکانیان بۆ کڕین و گەڕانەوە بادینان.

نەخشەو پلانی ڕاپەڕین دارێژرا بریار درا لە مانگی ٢ی ١٩٩١ هەموو ئەوانەی سەرپەرشتی هێزی پێشمەرگە دەکەن بگەڕێنەوە نزیک شارو شارۆچکەکان، تێکرای

[1] بەڵام دواتر پارتیش هاتە سەر ئەو بڕوایەی بەشداری لە ڕاپەڕین بکات، چوونکە هەلومەرجەکە بە شێوەیەک بوو ڕاپەڕین و ڕامالینی ڕژێمی عێراق ببووە شتێکی حەتمی و گەڕانەوەی نەبوو.

شارو شارۆچکەکانی کوردستان بە سەر فەرماندەکانی پێشمەرگەدا دابەشکران.

لە مانگی ٢ی ١٩٩١ تێکڕای فەرماندەو هێزەکانیان هەر یەک بۆ ناوچەکانی خۆیان گەڕانەوە خەڵکیان سازو ئامادە کرد بۆ ڕاپەڕین.

شارو شارۆچکەکانی کوردستان بە سەر چەند میحوەرێکدا دابەش کران، هەر میحوەرەش کرا بە چەند یەکەو بەشێکەوە، میحوەرەکان لە سەر ئاستی پارێزگاو ناوچە فراوانەکان دانران، پارێزگاکانیش لە سەر ئاستی قەزاو ناحیەو ناوچەکان دابەش کران.

**میحوەرەکان بەمجۆرە بوون:**

١- میحوەری سلێمانی

٢- میحوەری کەرکوک

٣- میحوەری هەولێر

٤- میحوەری ڕاپەڕین- بیتوێن

٥- میحوەری بادینان

هەواڵنامەی کتێب

# پارتیزانەکانی
# شارباژێڕ ـ قەرەداخ
## سووڕێن
## یەک

هەواڵنامەی کتێب

## مــــــەفرەزەی وەستا فاروق، سەیـــــد ئەحمەد – حاجی ســــەراوی
## شـــــاربازێڕی ســـــەخت
## یـــەك

دوای گۆڕانكاری لە پێكهاتەی سەربازی هێزی پێشمەرگە و گۆڕانی تیپەكان بە بەتالیۆن، هێزەكان كران بە دوو بەشەوە، كێ دەڕواتە خوارەوە بۆ پارتیزانی و كێ لە بەتالیۆنەكان دەمێنێتەوە، بەشێك ناوی خۆیان نووسی بۆ پارتیزانی و دەورەیان بۆ كردنەوەو ناردیاننە خوارەوە بەشێكیش لە بەتالیۆنەكان مانەوە.

دوای ئەوەی زەمینەی ڕاپەڕین هاتە پێش بەشێكی بەرچاو لە هێزی پێشمەرگە هاتنە خوارەوە، تیپی ٧١ كە سەید ئەحمەد فەرماندەی بوو، بە ٣ مەفرەزە دابەزین، مەفرەزەیەك بە سەرپەرشتی حاجی سەراوی، مەفرەزەیەك بە سەرپەرشتی وەستا فاروق و مەفرەزەیەكیش سەید ئەحمەد، لە هەمان كات سەرپەرشتی هەر سێ مەفرەزەكەی دەكرد، ملازم مەحموود جێگری بوو.

دوو ڕێگا هەبوو كە بچێتە سەراو، ڕێگایەكیان ئەڵغام ڕێژ بوو، پێشتر مەجیدی حاجی عەلی و حەمە هەژار و گۆران سەراوی هاتبوون ئەڵغامەكانیان هەڵگرتبووەوە، ڕێگایەكی تریش لە (دێرێ) وە بەرەو مووچەی شەكراو دەهات، ناوچەكەیان بە سەر هەر سێ مەفرەزەكەدا دابەشكرد، ناوچەی كەنارو بۆ مەفرەزەكەی وەستا فاروق، ناوچەی سەراو بۆ مەفرەزەكەی حاجی سەراوی، ناوچەی ماوەت بۆ مەفرەزەكەی سەید ئەحمەد.

ئەم مەفرەزانە لەو ناوچانە مانەوەو تێكڕای ناوچەكانیان پشكنی، سەید ئەحمەدو حاجی سەراوی و وەستا فاروق چەند جارێك بە مەفرەزە دابەزینە ناو شارو پەیوەندیان بە هەڤاڵان و دۆستان و كەسایەتیە كۆمەڵایەتیەكانەوە كرد دواتر مەفرەزەكان لە ناوچەكاندا جێگیركران تا ڕۆژی ڕاپەڕینی سلێمانی، لەو ماوەیەدا خواردن و پێداویستی ڕۆژانە یان دابینكردو خاڵەكانیان بە سەر مەفرەزەكاندا دابەش كردەوە.

ناوچەی دێگەڵ و گۆڕانکەو ئاشی دێڵە گورگە و چەمی زێوانێ، قوتابیان، ئەستێرک، باخەکانی پشتی کەنارو، چەمی شیوی گۆڕانکە، چەمی ساوەپان و دەورووبەری مەفرەزەکەی وەستا فاروقی لێ جێگیرکراو ڕۆژانە جەولەیان دەکرد.

## کـــــــردنەوەی ڕێـــــگای شاناخسێ ســـــەراو

لە مێژ بوو سەرکردایەتی داوای دەکرد ڕێگای شاناخسێ بکرێتەوە، چەند مەفرەزەیەک هاتن بەڵام بۆیان نەکرایەوە پێشتر هەندێک لوغم هەڵگیرابوونەوە بەڵام تەواوی ڕێگەکە نەکرابووەوە.

وەستا فاروق چووە لای قادری حاجی عەلی بۆ شاری (بانە) کە لێپرسراوی مەڵبەند بوو، وتی من ڕێگەی شاناخسێ دەکەمەوە، قادری حاجی عەلی پێیووت ساڵێکە خەریکن بۆتان نەکراوەتەوە ئێستە دەچن بیکەنەوە، وەستا فاروق ووتی من وەکو تیپی ٣٧ ناچم وەکو وەستا فاروق دەچم دەیکەمەوە، پیداویستیەکانی پارتیزانییان وەرگرت و بەڕێکەوتن وەستا فاروق، حەمە دێگەڵی، گۆران سەراوی، لەتیف مام عەلی، یاسین عەبدوڵلا، هاتنە شاناخسێ هەندێک ئەڵغامیان هەڵگرتەوە، ئەو شەوە لە خانوەکەی مەحموود شانەخسێیی مانەوە لە گەڵاوان.

ئێوارەی ڕۆژی دوایی هاتنە شاخی گمۆ، بە جاش خوراودا سەرکەوتن، ناوچەکە ئەڵغامی زۆری تیا بوو، تەلی ئەڵغامەکەیان دۆزیەوە بە تەلەکەدا سەرکەوتن تا خۆڵە پەتە، لە نیوەی تەلەکەدا پچڕا بوو، تەلەکە نەمابوو، ناچار ئەو شەوە لە کەڵکی خۆڵە پەتە خەوتن تا بەیانی، تاریک و ڕوونی بەیانی هەستان و هاتنە خوارەوە بۆ خدری ئاودەلان و هەواری بووکان لە بەردەسپی، بەشێکی ڕێگەکەیان کردەوەو لوغمەکانیان هەڵگرتەوە دوو پێشمەرگە سەرقاڵی هەڵگرتنەوەی لوغمەکان بوون ئەوانیتریش بەردیان دائەناو دەیانکردە کەڵەک تا ئەو تولە ڕێگەیەی کردوویانەتەوە تێکنەچێت ئەو ڕۆژە لە خدری ئاودەلان مانەوە لەوێوە چوونە دێگەڵ، ماوەت، کەنارو، پشتی خەمزە، تێکرا ١٧ ڕۆژیان پێچوو دواتر گەڕانەوە.

بۆ جاری دووەم مەفرەزەیەکی پێنج کەسی، وەستا فاروق، حەمە دێگەڵی، مام عەلی شاناخسێ، تەها ماوەتی، عادل سەراوی هاتنە خوارەوە.

وەستا فاروق نامەیەکی بۆ کاک نەوشیروان سەبارەت بە ناوچەکە نووسی، پێشمەرگە لە کوێ دەتوانێ بژی ئاماژەی بە (سەراو، دۆڵی میراوا، کەنارو، بەری خەمزە) دا کە پێشمەرگە دەتوانێ لێی بژی و بمێنێتەوە، هەر شوێنەش چەند پێشمەرگەی پێویستە و چەند پێشمەرگە ئیدارەی لێدەکات.

لە دوا دێڕدا نووسیبووی ئەو شوێنەی سەختەو پێشمەرگەی لێناژی من لەوێ دەبم و دەمێنمەوە.

## بـــــــەرەو ســـــــەراو

١٩٩٠/٩/١٥ مەفرەزەیەکی (١٧) کەسی لە چیوە رۆوە بەڕێکەوتن بەرەو شاناخسێ، کاتژمێر ٤ی بەیانی گەیشتنە نێو گەڵوان بۆ خانوەکەی (محمود شانەخسەیی) دوای نان خواردن و پشوودانێکی کورت بەرەو گمۆ بەڕێکەوتن، کاتژمێر ٨:٣٠ دەقیقەی بەیانی گەیشتنە کەڵکی بالووکان بەدیوی (خدری ئاودەلان) دا شۆڕبوونەوە بەرەو ڕەزی قۆخان و بەردەسپێ.

ڕێگای خۆڵە پەتەو سەر ڕێگاو تولەڕێکانی ناوچەکە ئەڵغام ڕێژکرابوون، پێشتر وەستا فاروق و مەفرەزەیەک ئەڵغامەکانیان هەڵگرتبووەوە، چونکە پێشتر خولی هەڵگرتنەوەی ئەڵغامیان بینیبوو.

مەفرەزەکەی سەراو ئیستتلاعی ناوچەکەیان کرد، بەرەو کوراداوێ و میراواو ئامادین ڕۆیشتن و ناوچەکەیان پشکنی دواتر گەڕانەوە سەراو، دوای دڵنیا بوون لە ناوچەکە، لە چەند شوێنێک لە سەراو بارەگاو خاڵی مانەوەیان دانا، لە مێوە سوراو، خدری ئاودەلان، وەیسەپان، وەستا مورادی میراوا، ڕۆژانەش دەرچوونیان هەبوو بۆ ناوچەکە.

لە ماوەی مانەوەی مەفرەزەکە لە سەراو پێشمەرگەی قارەمانی تیپی (٣٧) حەسەن ماوەتی بە ئەڵغام شەهید بوو.

هەواڵنامەی کتێب

## مـــــــەفرەزەی وەســـــتا فـــــاروق

دوای ئـەوەی چـەند جارێک وەستـا فـاروق و هـاوڕێکانی بـە مەبەستی ڕێگاکردنەوەو پاکردنەوەی لە (مین) و زانیاری کۆکردنەوە لە سەر ناوچەکەو گەڕان و دەستنیشانکردنی مۆڵگەکانی ڕژێم و شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە هاتنە شارباژێڕو سنوورەکانی ماوەت و کەنارو دۆڵی سەراوو میراوایان پشکنی و ڕێگای هاتووچۆیان کردەوە، مەفرەزەکان بە فەرمی هاتنە خوارەوە بۆ ناوچەکانی سەراوو ماوەت و کەنارو ناوچەکانیتر، مەفرەزەکەی وەستا فاروق یەکێک لەو مەفرەزانە بوو لە سنووری کەنارو دێگەڵ و سنکێ و واژە بەردەوام لە گەڕاندابوون.

مەفرەزە پارتیزانەکان بنکەی دیاریکراویان لە چەند شوێنێک هەبوو بۆ پشوودان و حـەوانـەوە بنکەی بچووک و نـادیـار، لە قۆخ و سـەرتەنورو پەناو پەسێری ناوچەکەیان کردبووە شوێنی حەوانەوە.

وا بڕیار بوو مەفرەزەکان حکومەت هیلاک بکەن، لە چەند شوێنی جیاوازەوە لێیبدەن و بکشێنەوە سەری لێبشێوێنن و نەهێڵن پشوو بدەن.

حکومەتی عێراق لە دێی وەڕاز سەرقاڵی هەڵکەندنی بیرێک بوون، مەفرەزەکەی وەستا فاروق تەقەیان لێکردن.

مەفرەزەکە بـەردەوام لە ناوچەکەدا لە جووڵەدا بوون، لە دێگەڵەوە تا چەمی قوتابیان و وەڕازو کەنارو دەهاتن و دەردەکەوتن، لە بەرچاو ون دەبوون، دووبارە دەردەکەوتنەوەو خۆیان نیشان دەداو ڕووبەڕووی مۆڵگەو چەکدارەکانی ڕژێم دەبوونەوە دەسرێژیان لێدەکردن و پاشەکشەیان دەکرد بە جۆرێک ڕژێمی عێراقیان تووشی سەرسووڕمان کردوو، ماندوو هیلاک و پەشێویان کردبوو، ڕژێم فریای ئەو هەموو جووڵەیە نەدەکەوت.

زۆر نەبوو مەرزی چۆمان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بە شێوەیەکی سنووردار کرابووەوە، حکومەت ڕێگەی خەڵکی ئەدا هاتووچۆ بکات، ئەوەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ سەر لە نوێ تێکەڵ بوونەوەی خەڵک و پێشمەرگە، پەیوەندی پێشمەرگەو خەڵک درووست بووەوە هەواڵ و ڕاسپاردەو نامە لە ڕێگەی ئەوانەوە ئاڵوگۆڕ دەکرا، هەندێک جاریش خواردن و نانیان دەهێنا بۆ پێشمەرگە.

عەولانامەی کتێب

عەبدول و تەیب کەنارویی خواردنیان بۆ مەفرەزەکەی وەستا فاروق هێنا بوو، مەفرەزەکەیان لە پشتی دێگەڵ جێهێشت و وەستا فاروق و مام عەلی هاتن بۆ پشتی کەنارو خواردنەکە وەرگرن، دوو جێب وازی سەربازی هاتن بەرەو ڕوویان، بە عەبدول و تەیبیان ووت ئێوە بڕۆن، ئەوان ڕۆیشتن و جێب وازەکە دابەزین، جێب وازەکە ئامر لیوای تیا بوو، وەستا فاروق و مام عەلی تفەنگەکانیان لە خوار جادەکە شاردبووەوە بێچەک هاتبوونە سەر جادە، بەڕاکردن ڕۆیشتن تفەنگەکانیان هەڵگرت، سەربازەکان پشتیان کەوتن، بەڵام لە بەر گیانی عەبدول و تەیب نەیاندەویست سەربازەکان بکوژن سەربازێک زۆری بۆ هێنابوون وەستا فاروق فیشەکێکی لێدا، بە وردە تەقەو شەڕ گەیشتنە سەر شاخ، تا ئەوان گەیشتن مەفرەزەکەی دێگەڵێش هاتن بە پیر تەقەکانەوە، خواردنەکەی کە بۆیان هاتبوو لە نێو کەرە گەڵا لە کەنارو شاردبوویانەوە.

دەمەو ئێوارە باران دەستیپێکرد، شەوێکی تاریک و هەورێکی چڕ، لە قۆخی حاجی ساڵح لە دێگەڵ زۆپایان گڕدابوو، داری ناو زۆپاکە هێواش هێواش دادەمرکا، کەڵە پشکۆی سوور کەوتبوون، لە سەر پشکۆی ناو زۆپاکە کە هاتبوونە دەمی زۆپاکەوەو گڕوکڵپەی پەنگخواردووی ناو زۆپاکە دەیهاویشتنە دەرەوە، چایەکی پێشمەرگانەیان خستبووە سەر پشکۆکان و خەریک بوو دەمی دەکێشا.

پێشمەرگە پاسەوانیان هەبوو، وەستا فاروق گوێی بۆ چرپە و گڤە و دەنگی باران هەڵخستبوو، وریاو چەلەنگ دەستی لە سەر میلی تفەنگ، ڕاوەستا بوو لە دوورەوە خشپەیەک دەهاتە گوێ، دەنگەکە نزیک دەبووەوە، وەستا فاروق دای لە میلی تفەنگ و ووتیان ئێمەین مەمانکوژن، مەدەنین.

قادری برای مەلا عەتاری کەنارو عەبدوڵڵای مام ڕەسوڵی سەراو (مامە عەبە) هەموو گیانیان لە ئاو هەڵکێشرا بوو، خۆیان کرد بە ژووردا زۆپای گەرم گرمە و ناڵەی لێهەڵدەستا، حەمە دێگەڵی پێشمەرگەی مەفرەزەکەی وەستا فاروق مامە عەبەی ناسی، ووتی ئەوە عەبدوڵڵا حەیرانە، حەیرانێکم بۆ نەڵێی نایەڵم خۆت وشک بکەیتەوە، مامە عەبە دەستی خستە بن گوێی و حەیرانێکی بۆ وتن، لە شەوێکی

باراناوی و تاریکە شەودا، حەیران و زۆپای دار، مامە عەبە و قادر بە پێشمەرگە و بە بۆنی خاک شادبوونەوە.

هێشتا دەنگی حەیرانەکەی مامە عەبە لە گوێی ئەو شاخ و کێوو شەوە تەڕو خامۆشەدا بوو، هەواڵ گەیشت سوپا جووڵەی کردووە بۆ ناوچەکە، هەر ئەو شەوە ڕۆیشتن بۆ کەڵە پردان، مامە عەبە و قادریش لە گەڵیان ڕۆیشتن، شەش پێشمەرگەو مامە عەبە و قادر، لە قوتابیانیش چوار سەربازی هەڵاتووی لێبووبوونە دوانزە کەس، دوو هێستریان پێبوو لەوێ شاردیانەوە.

کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی بوو، دوو فیشەک لە گردئاشانەوە تەقی، وەستا فاروق و حەمە کەناروێی چوونە پشتی (بەردە زەرد) تا بزانن ئەو تەقەیە چیە تەماشای ڕێگەکانیان کرد سەربازێکی بێشومار بەرەو زۆربەی جێگاکان جووڵەی کردووە، گەڕانەوە کەڵەپردان کەسی لێنەما بوو زانیان شتێک ڕوویداوە.

دوو کەس لە سەر شاخەکەی پشتیانەوە دەستیان هەڵدەبڕی وەستا فاروق ووتی ئەوە  جاشن دەچین دەیانگرین، لە نزیک قوتابیان لوتیان بوو بە لووتی سەربازەکانی ڕژێمەوەو تێکەڵ بوون، تەنها (٥) مەتریان نێوان بوو، مەخزەنێکی حەفتاو پێنجی لە سەر تفەنگەکەی وەستا فاروق بوو پەنجەی لێکێشاو هەر حەفتاو پێنج فیشەکەکەی پێوەنان، گردێک لە پشتیانەوە بوو بەرەو گردەکە هەڵکشان و ڕۆیشتن.

دەمەو ئێوارە مەفرەزەکە یەکیانگرتەوە، زانیان سوپا بەرەو هەموو شوێنەکان جووڵەی کردووە، مەفرەزەکە بەرەو جوبرەیل ڕۆیشتن لەوێوە چوونە سەر شاخەکەی بە سەر کەنارودا دەڕوانێ، دوای هەڵسەنگاندنی ناوچەکە بەرەو کەنارو بەڕێکەوتن لەوێشەوە بۆ نێوان کانی شوان و ئاژگە، شەوێکی باراناوی و تەموومژ بوو لەوێ مانەوە، بۆ سەر لە بەیانی ویستیان بچن بۆ کلاوی پیر مەحمەد تەماشایان کرد پەنجا مەتر لە سەروو ئەوانەوە سەربازی لێیە و ئاگریان کردووەتەوە، مەفرەزەکە هاتنە دیگەڵ لەوێ لێکجیا بوونەوە، فیرارەکان ووتیان دەڕۆینەوە بۆ سلێمانی دوو پێشمەرگە عوسمان برنەوو کاکەمین لە گەڵ فیرارەکان

ڕۆیشتن تا بچنە پیرەمەگرون، وەستا فاروق و پێشمەرگەکانی مەفرەزەکەی هاتنەوە بەرەو کەنارو ئەو شوێنەی ڕۆژی پێشوو تووشی تەقە بوون لێی، خواردنەکەیان لە کەڕە گەلاکە دەرهێنا کە ڕۆژی پێشتر شاردبوویانەوە، بەرانبەر کەنارو بەردێکی گەورەیان بەدیکرد ژێرەکەی بۆشبوو چوونە ژێر بەردەکە، هەر چوار دەوریان بە سوپاو سەرباز تەنرا بوو ئەو شەوە لەوێ مانەوە، بەیانیەکەی ڕۆیشتن دوو قوتەی بەرز هەبوون بە سەر کەنارو ناوچەکەدا زاڵبوون، وەستا فاروق و ڕزگار عەرەب لە قوتەی ئەمبەر مانەوە، مام عەلی و حەمە دێگەڵیش چوونە قووتەی ئەوبەر باران خۆشیکردەوە، ئاسمان ساماڵ بوو، سەربازەکان پاشەکشەیان کرد، دوو کاتژمێر دوای پاشەکشەی سەربازەکان لە دێگەڵەوە دەستڕێژی گوللەی B.K.C یان لە ڕەبیەکەی وەڕاز کرد، تا بزانن پێشمەرگەی لێیە، سێ ڕۆژی بەردەوام لەو سنوورە لە هاتووچۆدابوون.

بارەگای پارتیزانەکان لە قۆخەکاندا بوون، لە قوتابیان و دێگەڵ و کەنارو دەمانەوە، گۆران سەراوی، ئاپۆ، ڕزگار عەرەب، مام عەلی، حەمە دێگەڵی، تەها ماوەتی، عادل سەراوی، یاسین شاناخسێیی، لەتیف مام عەلی، وەستا فاروق لەو پێشمەرگانە بوون بە پارتیزانی لە ناوچەکەدا مانەوە.

ئەو ژمارە پێشمەرگەیە ئاڵوگۆڕیان پێدەکرا بەردەوام لە ناوچەکە نەبوون، بەلام وەستا فاروق یانزە مانگی بەردەوام لە ناوچەکەدا مایەوە.

لە کێوماڵکردنی ناوچەکەدا سوپای عێراق هەرچی قۆخەڵەو سەرتەنورو زیندان هەبوو سووتاندنی، بەلام پێشمەرگە خواردنەکانیان لە دەرەوەی قۆخەکان دەشاردەوە، تا دەستی دوژمنی نەگاتێ.

مەفرەزەکە گەڕانەوە سەر سنوور، بەلام تا ڕاپەڕین چەند جاری تر هاتنە خوارەوە.

## کـــــــەوتنە کـــــــەمین

لە یەکێک لە مەفرەزەکاندا و لە گەڕانەوەدا بەرەو شاناخسێ، لەتیفی مام عەلی و وەستا فاروق لە کاولانی شاناخسێ کەوتنە کەمینی هێزەکانی داگیرکەرەوە.

لەتیف لە پێشەوە دەڕۆیشت سەربازەکانی بەدیکرد بە وەستا فاروقی ووت

ئەوە سەربازن، لەو قسانەدا بوون گوێیان لە چرکەی تفەنگ بوو، لەتیفی مام عەلی دەسرێژی لێکردن و وەستا فاروق بەدوایدا پەنجەی لە بەلەپیتکە ترازاند، ئەو دۆڵە هاژەی دەهات لە دەنگی دەسرێژی گوللە، بەڵام سەلامەت دەرچوون.

## چـــــاییەکەی ســـەید ئـــەحمەد

حاجی سەراوی و وەستا فاروق و سەید ئەحمەد  لە پشتی بەردە زەردەوە بەرێوەبوون بۆچوونە ناو سلێمانی، بەدەم ڕێگاوە هەر کەس حەزو ئارەزوو هیوای خۆی دەوت حەزت لە چیە و لە چی نییە بێتە دی، لە سەید ئەحمەدیان پرسی حەزوو هیوات چیە، سەید ئەحمەد ووتی هیوام خواردنی چایەکە، ڕەبییە بە سەر سەریانەوە بوو، وەستا فاروق ووتی ناڕۆین تا چایەکەت بۆ لێنەنێین، لە بن دارێکدا ئاگریان کردەوەو چایەکیان دەمکرد، دەستیان کرد بە چاخواردنەوە.

حاجی سەراوی و وەستا فاروق بە سەید ئەحمەدیان ووت، حەزو ئارەزوو هیواکەی ئێمە نایەتە دی با هیواکەی تۆ بێتە دی مادام لە دەست خۆماندایە، بە دەم چاخواردن و پێکەنینەوە خۆیان کۆکردەوە، بە بەردەم سێبەری ڕەبیەکەدا بێترس بەڕێکەوتن بۆ سلێمانی.

ئەمە دڵۆپێکە لە دەریایەک، دەریای خەبات و تێکۆشان و ژیانی سەختی پێشمەرگایەتی و پارتیزانی، ڕۆژانی سەخت و نەبەزین، کە لە هەگبەیاندا دەیان و سەدان چرپە و ڕازو نەهێنی  هەن، ئەگەر ئاوڕیان لێبدرێتەوە دەبنە هەوێنی سەدان چیرۆک و ڕۆمان و فیلم و دراما و کتێب.

ڕۆژی ١٩٩٠/١١/٤ بە برووسکەی کاک نەوشیروان مەفرەزەکەی سەراو کشایەوە بۆ بارەگاکانیان لە زەڵێ و چیوەڕۆ تەنها مەفرەزەیەکی چەند کەسی بە فەرماندەیی خاڵە سەراوی کەپێکهاتبوون لە خالق ماوەتی و تەها ماوەتی ومەجید ماوەتی و جەمال بڵخوانی و عبدالرحمن مانەوە لە خدری ئاودەلان لە گەڵ جیهازێک بۆ پەیوەندی، بەڵام هاتووچۆی پێشمەرگە ڕۆژانە بەردەوام بوو تا داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە، دوای داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە بەشێکی زۆری هێزی پێشمەرگە دابەزینەوە بۆ لای مەفرەزەکەی سەراو تا ڕاپەڕین.

## مـــــەفرەزەی وەســـــتا فــــــاروق
## لە بـــۆسەی (ئـــــەمنی ســــــلێمانی) دا
## (دوو)

شەڕی عێراق ئێران کۆتایی پێهاتبوو عێراق لە قەیرانێکی قوڵی ئابووریدا دەژیا، دوای ئەوەی کوەیت نەچووە ژێر باری داخوازییە داراییەکانی عێراقەوە، حکومەتی عێراق بە بڕیاری صدام حسێن سەرۆکی ئەو کاتی عێراق پەلاماری وولاتی (کوەیتی) داو بە پارێزگای نۆزدە تۆماریکرد، لە ڕاگەیاندنەکانیشەوە وای بلاوکردەوە لە سەر داوای خەڵکی کوەیت بۆ ڕزگار کردنیان لە زوڵم و ستەم سوپای عێراق چووە بە هانایانەوە، لە داگیرکردنی کوەیتدا داموودەزگاکانی حکومەتی ئەو وولاتە بە پیاوانی بەعس و ئەڵقە لە گوێکانی پڕکرانەوە.

داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە کاردانەوەی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ کاردانەوەکان فراوانتر دەبوون تا هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە و داوای پاشەکشەی سوپای عێراقیان کرد لە کوەیت بەلام صدام و ڕژێمەکەی ملکەچی داخوازیە نێودەوڵەتیەکان نەبوون و لە کوەیت نەکشایەوە، ئەنجام لە ژێر ناوی گەردەلولی بیابان و بە سەرکردایەتی ئەمریکا، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ڕێگە چارەی سەربازی هەڵبژاردوو عێراقی لە کوەیت وەدەرنا.

وەشاندنی گورزی سەربازی لە عێراق و وەدەرنانی لە وولاتی کوەیت زەمینەی ڕاپەڕینی لە کوردستان و خوارووی عێراق خۆشکرد و ڕژێمی صدامی لاواز کرد.

ڕژێمی فاشیستی عێراق شەڕی دژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ناو نابوو (ام المعارک) دایکی جەنگەکان، لە میدیاکانی خۆیەوە وای نیشاندەدا کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە بەردەم سوپای عێراق و ڕژێمەکەیدا بە چۆکدا دێت و سوپای عێراق سەردەکەوێت، بەلام لە گەڵ وەشاندنی یەکەم گورزی سەربازیدا ڕژێمی عێراق شکستی گەورەی خواردوو لە ژێر خێمەکەی (صفوان) دا ئیمزای لە سەر شکستەکەی خۆی کردوو تەسلیمی ئیرادەی نێودەوڵەتی بوو مەرجەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی وەک دۆڕاوی جەنگ قبوولکرد.

بەرەی کوردستانی و لە نێویاندا یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئامادەکاری باشی کردبوو بۆ ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکی کوردستان و مەفرەزە پارتیزانەکانیان ڕەوانەی ناوچەکانی کوردستان لە شارباژێڕو پیرەمەگرون و گەرمیان و کەرکوک کردبوو، لە ناویاندا مەفرەزەکانی شارباژێڕ بەردەوام لە جووڵە دابوون و ئامادەی جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕاپەڕین بوون.

لەگەڵ لێدانی ڕژێمی عێراق لە لایەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە بۆ دەرپەڕاندن و پاشەکشەپێکردنی لە کوەیت مەفرەزەیەکی (١٧) کەسی بە فەرماندەیی وەستا فاروق هاتنە خوارەوە بۆ قوتابیان، مولازم عومەر سەرپەرشتی تێکڕای هێزەکانی دەکرد لە سنووری شارباژێڕدا.

ڕێگای قەیوان تازە قیرکرابوو مولازم عومەر داوایکرد بزانن ئەو ڕێگایە لە کوێوە دەڕواو بۆ کوێوە دێت، بڕیار درا مەفرەزەیەک بچنە شار ڕێگاکە تاقیبکەنەوە، بڕیار بوو وەستا فاروق و دەرویش بارەیی بچن، دواتر ووتیان باگۆران سەراوی بێت، مامۆستا ڕزگار و سالار ووتیان ئێمەش دێین.

لە کانی و تووەکانی دەباشان چەکەکانیان شاردەوەو هاتنە خوارەوە بۆ ناو شار بۆ گەڕەکی شێخاوا، لەوێ لە یەکتر جیابوونەوە گۆران سەراوی بەرەو کارێزە وشک ڕۆیشت بۆ ماڵی باوکی، وەستا فاروق و مامۆستا ڕزگارو سالاریش بەرەو مەجید بەگ ڕۆیشتن.

گەیشتنە مەجید بەگ و ئۆتۆمبێلی ئەمن گەیشتە سەریان وەستا فاروق پەڕیبووەوە گەیشتبووە ئەو بەری جادەکە سالارو مامۆستا ڕزگاریش ڕووبەڕووی ئۆتۆمبێلی ئەمنەکان بوون، ئۆتۆمبێلەکە وەستاو داوای ناسنامەی لێکردن دواتر دەستگیریکردن، وەستا فاروق کە زانی سالارو مامۆستا ڕزگار دەستگیر کراون ئەویش چووە لایان و ووتی منیش لە گەڵ ئەوانم، ئەویشیان سەرخستە ئۆتۆمبێلەکە و هێنایاننە ئەمنی بەلدە.

پێش ئەوەی بگەنە ناو شار، چەک و ناسنامەی پێشمەرگایەتیان لە کانی و دارتووەکانی دەباشان شاردبووەوە بەڵام مامۆستا ڕزگار کۆپی ناسنامەی

پێشمەرگایەتیەکەی پێبوو، بـەوەدا زانیان پێشمەرگەن، بـەڵام ئـەوان دانیان بە هیچدانەناو نکۆڵیان لێکرد.

ئەو شـەوەی بردیاننە ئەمنی بەلدە مامۆستا ڕزگـارو سالاریان بانگکردوو نەگەڕانەوە تا شەوی دواتر، وەستا فاروق و سالاریان بردە ئەمنە سوورەکە، مامۆستا ڕزگاریان لە سەر ڕێیەکەیان دانابوو، ئەشکەنجەی زۆریان دابوو.

سـالارو وەستا فـاروق لە ژووریێکدا بـوون، واڕێکەوتن بڵێن مامۆستا ڕزگار ناناسین و نکۆڵی لەوە بکەن کە پێشمەرگەن.

سالاریان بانگکردوو بردیان، دواتر وەستا فاروقیان بانگکرد، سالاریان لە سەر ڕێگاکەی دانابوو دیار بوو ئەشکەنجەی زۆریان دابوو.

وەستا فاروقیان بردە ژووری هەڵواسین، کە سەیری سەر مێزی ژورەکەی کرد کۆپی ناسنامەکەی مامۆستا ڕزگاری بینی، زانی بەڵگەی پێوە گیراوە بەڵام دانی بە هیچدا نەناوە.

پاش کەمێک مامۆستا ڕزگاریان هێنا بە وەستا فاروقیان ووت دەیناسیت، ووتی نایناسم، جەللادەکە زللەیەکی لێدا بەرچاوی تاریکبوو، بە مامۆستا ڕزگاریشیان ووت دەیناسیت ئەویش ووتی نایناسم، بۆ ماوەی دوو کاتژمێر وەستا فاروقیان هەڵواسی، لە ماوەی (٤٣) ڕۆژ زیندانیدا (٣٦) ڕۆژ ئەشکەنجە و لێدان بەردەوام بوو، بەڵام خۆڕاگرانە شکستیان بە جەللادەکان هێناو دانیان پیا نەنا بڵێن پێشمەرگەین.

داموو دەزگاکانی ئەمن، جەللادەکان وێنەی وەستا فاروقیان لابوو، خەڵکیش لە دەرەوە بە پیاوانی ئەمنیان ووتبوو ئەوە وەستا فاروقە و پێشمەرگەیە، بەڵام کەس نەیدەوێرا بێتە ڕووی، چونکە دۆخی کوردستان لە لێواری ڕاپەڕین و ڕاماڵینی هێزی داگیرکەردا بوو، بۆیە کەس غیرەتی ئەوەی نەدەکرد لە بەندیخانەی (ئەمنیش) دا ڕووبەڕووی پێشمەرگە ببێتەوە.

هۆکارێکی تریش کە سەری لە پیاوانی ئەمن شێواندبوو ئەوە بوو وەستا فاروق لە ناسنامە ناوی فاروق عەزیز قادرە کەس نەیدەزانی باوکی ناوی عەزیزە، چونکە بە فاروقی عەبدوڵڵای مەلا قادر ناسرا بوو، ئەمنەکان پێیاندەوت تۆ وەستا فاروقی

کەناروێی کوڕی عەبدوڵڵای مەلا قادری، وەستا فاروقیش دەیوت ئەوە ناسنامەکەم من فاروق عەزیز قادرم، ئێستا و ئەوساش بۆیان ساخ نەبووەوە کامیانە.

وەستا فاروق (٣٥) ڕۆژ لە ژووری تاکە کەسیدابوو دواتر هێنایانە قاعەکە، ڕۆژانە خەڵک دەگیراو دەیانهێنایە قاعەکە، لە ڕێی ئەوانەوە هەواڵی دەرەوەیان پێدەگەیشت.

ئەمنی سلێمانی یان ئەمنە سوورەکە، شوینی سزادان و هەڵواسین و ئەشکەنجەدانی تێکۆشەران بوو، دەیان ژووری هەڵواسین و ئەشکەنجە و تاکە کەسی تیابوو، هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجە لە ئەمنە سوورەکە لە سەر جەستە و وورەی نەبەزیوی تێکۆشەران تاقیدەکرایەوە بەڵام کۆڵیان نەدەدا.

بە هەزاران تێکۆشەر، ڕێکخستن، پێشمەرگە، کەسووکاری پێشمەرگە، هاووڵاتی دڵسۆزو نیشتمانپەروەری کوردستان و شاری سلێمانی لە ئەمنە سوورەکەدا ئەشکەنجە دەدران و بەرگری و خۆڕاگری و نەبەزینیان تاقیدەکرایەوە.

بە سەدان ژن و کچی سەلار بە قژو مەمک هەڵواسران و سووکایەتیان پێکرا، بەڵام لە بەردەم دڕندەیی جەللادەکانی بەعسدا کۆڵیان نەداو چۆکیان دانەدا، بەڵکو ئەوان شکستیان بە جەللادەکانی بەعسدا، نووسراوی سەر دیوارەکانی ژوورە تاریک و نسرم و شێدارەکانی ئەمنە سوورەکە شایەدی خۆڕاگری و نەبەزینی زیندانیەکانن و دەیان چیرۆک و سەرگوزەشتەی جۆراوجۆریان لە پانتایی دیوارەکاندا هەڵگرتووە، چیرۆکی خوێن و فرمێسک و نەبەزین، چیرۆکی دڕندەیی گەورەترین ڕژێمی دکتاتۆری سەردەم وەحشیەت و فاشیەتی ڕژێمی بەعسی عەرەبی، ئەمنە سوورەکە شایەدوو وزمانحاڵی دوو واقیعە، واقعی دڕندەیی بەعس و مەزلومیەت و خۆڕاگری ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان بە تایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵە، کە دریان بە ئەشکەنجە و پەتی سێدارەداو کردیاننە هەوێنی دەیان چیرۆک و هۆنراوەو ڕۆمان.

سەید ئەحمەد و حاجی سەراوی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ لە ئەشکەوتی کولەکە چیلان بوون لە ماوەت کاتێک کاک نەوشیروان برووسکەیکرد دەڵی لە کاک نەوشیروانەوە

بۆ مامۆستا جەمال، سەید ئەحمەد ئەتانگاتێ، کاتێک ڕادیۆیان کردەوە ڕاپەڕینی ڕانیەبوو، نیو کاتژمێر دواتر ملازم عمر برووسکەیەکی کرد (جێمان مەهێڵن) دوای ئەو برووسکەیە سەید ئەحمەد برووسکەیکرد بۆ پارتیزانەکانی سەراوو داوایکرد مەجید ماوەتی و پێشمەرگەیەک بنێرن بە دوای ملازم عومەردا لە بلەکێ.

ڕۆژی ٣/٦ ملازم عومەر و زیاتر لە (٢٠٠) پێشمەرگە گەیشتنە خدری ئاودەلان لە دۆڵی بەردەسپێ لە گوندی سەراو، خواردن و ناوساجیەکی زۆر ئامادە کرا بۆ هێزەکە، کاتژمێر (٤)ی شەوی ١٩٩١/٣/٧\٦ هێزەکە بەڕێکەوت بەرەو سلێمانی و چوونە ناو شارەوەو لە مزگەوتی عەلی کەمال ئاپۆڕەیان بەست.

مەفرەزە پارتیزانەکانی سەراوو شارباژێڕ جگە لەوەی لە ڕێگەی جیهازەوە پەیوەندی بەردەوامیان بە سەرووی خۆیان هەبوو، لە ڕێگەی ئێزگەشەوە پەیام و برووسکەیان پێدەگەیشت و ئاگاداری هەواڵ و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە و کوردستان بوون.

لە ماوەی ساڵێک زیاتری ژیانی پارتیزانی لە دێی سەراو، کەنارو، ناوچەکانی ماوەت و دەوروبەری، ژمارەیەک پێشمەرگەی قارەمان بە پارتیزانی مانەوە، لێرەدا ناوی سیانی و ژمارەی چەکەکانی پارتیزانەکانی شارباژێڕ دەنووسین تا ناویان لە بیرەوەریمان بمێنێ و کاڵ نەبێتەوە.

## پـــارتیزانەکانی شـــارباژێڕ

| ناوی سیانی | ژمارەی چەک |
|---|---|
| ١- سەید ئەحمەد حەمەلاو | ١٧٩١٠٩ |
| ٢- فاروق عزیز قادر «وەستا فاروق» | ٢٦٦٤٢ |
| ٣- گۆران بایز شەریف «گۆران سەراوی» | ٢٧١٧٦٨٥٤ |
| ٤- عوسمان عەلی ئیبراهیم | ٩٩٦٧٨٢ |
| ٥- محمد عەلی مستەفا «حاجی سەراوی» | ٠٦٢٠٦ |
| ٦- عادل محمد مستەفا «عادل سەراوی» | ٥٠٩٩ |
| ٧- تەها معروف قادر «تەها ماوەتی» | ٢٩٦٥٠ |

| | |
|---|---|
| ٨- خالق عەلی معروف «خالق ماوەتی» | ٢١٥٤٧ |
| ٩- مەجید قادر عبدالله «مجید ماوەتی» | ٢٩٠٧٩١٥ |
| ١٠- حەسەن عزیز عبدالرحمن | ٤١٣٥ |
| ١١- محمد عەلی ئەمین | ٨٦٧٨ |
| ١٢- ڕەحمان ڕەسوڵ محمد | ٢٢٤١ |
| ١٣- محمد ڕەشید ئەحمەد (خاڵە سەراوی) | ٢٥٤٩٦٥ |
| ١٤- میران ئەحمەد کریم | ٩٧٩٣٢٢ |
| ١٥- سەردار سەعید حبیب | ٣١١٨ |
| ١٦- تحسین عبدالله سەعید «تحسین گۆمڵەیی» | ٦٦٧٦٥ |
| ١٧- ڕزگار عبدالله قادر | ٣٥٥٩ |
| ١٨- ڕەسوڵ همزە ئەحمەد | ٦٦٨٨٩٣ |
| ١٩- جمال عزیز ڕەسوڵ | ٣٧٧٢٣ |
| ٢٠- ملازم محمود عمر | ٤١٣٥ |
| ٢١- عبدالرحمن عبدالله ئەمین | ١٩٨٦٥ |
| ٢٢- ئەسکەندەر محمد علی | ٦٦٤٢ |
| ٢٣- ئازاد سعید عبدالله سەراوی | ٤٩٨٢٠ |
| ٢٤- کاوە علی قادر سەراوی | ٩٧٢٦٨٨ |
| ٢٥- لەتیف عەلی ڕەسوڵ سەراوی | ٣٠٢٣٦٥ |
| ٢٦- دکتۆر محسن | ١٠١٤٥ |
| ٢٧- عەلی سەعید حەسەن | ٨٥٠٣٨١ |
| ٢٨- نامیق تۆفیق سەعید | ١٢١٢٩ |
| ٢٩- عارف محمد سەعید | ٥٩٠٠ |
| ٣٠- دەروێش عبدالله فەرەج | ٢٥٠١٦ |
| ٣١- ئەنوەر ئەحمەد قادر | ٢٢٩٣١ |
| ٣٢- محمد ئیسماعیل قادر | ٤٠٢٠٥ |

| | |
|---|---|
| ٣٣- کامران عەلی ئەمین | ١٦٩٨١ |
| ٣٤- خلیل غەریب سەعید | ٩٧٩٣٢٢ |
| ٣٥- یاسین عبدالله سەعید | ٣٤٣٢ |
| ٣٦- عەزیز عبدالله سەعید قادر | ٦١٠٩٢ |
| ٣٧- محمد حسن قادر | ٥٥٨٧ |
| ٣٨- عەلی محەمەد چوارتایی | ٥٠٩٩ |

## جـــــەولەی شارباژێڕی تەخـــــت
## دەستنیشانکردنی ناوچەی ئـــــارام
## (ســـێ)

قادری حاجی عەلی لە بلەکێ جەمال چاوشینی ڕاسپارد جەولەیەک بکەن بۆ شارباژێڕ.

شەوێک جەمال چاوشین ـ شێخ سالار بەرزنجی، سامالْ، هاتنە نێوان چەمپاراوو بلەکێ هەندێک (مین)ی تیابوو پاکیانکردەوەو هەڵیانگرتەوە، ڕێگەکەیان پاککردەوەو دەستنیشانیانکرد، گەڕانەوە بلەکێ

١٩٨٨/١٠/١٥ جەمال چاوشین، شێخ سالار بەرزنجی، تایەری حاجی سەعیدی خانووە قوڕەکان هاتنە شارباژێڕو بەدێهاتە چۆڵکراوەکاندا دەگەڕان، لەپشتی دۆڵپەموو بەرەو وەندەرێنەو باراو دەڕویشتن، ناوچەکە چۆڵبوو ئاوەدانی نەمابوو لەسەر ڕێگە پاشەڕۆی تەرسی وولاخ کەوتبوو، بۆ ئەوەی بزانن تازەیە یان کۆنە سەیری پاشەڕۆکەیانکرد نەتەڕبوو نەبۆنی هەبوو[٢]

لەوێ تێپەڕین هاتنە بەرانبەر وەندەرێنە پێشمەرگەکان دووربینیان پێبوو سەیری ناوچەکەیاندەکرد تا بزانن ئاوەدانی تیایە لە ناکاو دەنگی زەڕینی کەرێک هاتە گوێ بەوەدا زانییان خەڵکی لێیە[٣]

بە دووربین سەیریانکرد شوێنی گوێدرێژەکەیان دۆزییەوە دوو کەسی لێبوو دوو گوێدرێژیان پێبوو لەناو دەوەنێکدا بەستبوویانەوە بۆ ئەوەی دیار نەبن دەمی

[٢] ئەگەر تەڕبووایە بۆنی بهاتایە مانای ئەوەبوو تازەیە و وولاخ و وولاخدار لەوێوە هاتوون
[٣] پێشمەرگەیەک ووتی ئای بەقوربانی زەڕەت بم.

گوێدرێژەیەکەیان بەستبوو تا دەنگی زەڕەیان بەرز نەبێت.

شێخ سالار وتایەر لەناو دەوەنێکدا مانەوە جەمال چاوشین چوو بەرەو لای دوو کەسەکە کەنزیکبووەوە لێیان جەمال و غەریب وەندەرێنەیی برای شەهید فەرەج وەندەرێنەیی بوون هاتبوونەوە سەر ڕەزو باخەکانیان، کەجەمال گەیشتەلایان شێخ سالار و تایەریش هاتنە خوارەوە.

جەمال و سالار و تایەر بەناوچەکەدا دەگەڕان شەوێک لەوەندەرێنەبوون، شەوێک لە شوکێ بوون دوو شەو لە کاژاو بوون، هەر شوێنێک ڕەبییەو سەربازگەی لێبووایە دەیاننووسی و شوێنەکەیان دەستنیشاندەکرد تابیبەنەوە سەرکردایەتی، مەفرەزەکە ماوەی دوو هەفتەمانەوە خواردن و پێداویستییان پێبوو، پارەیاندایە غەریب و جەمال پێداویستییان لە شار بۆ هێنان، لە شوکێ کەسێکیان بینی ئەویش پێداویستی بۆ کڕین و بۆیهێنان.

دوای دوو هەفتە مانەوەو گەڕان بە ناوچەکەدا و دەستنیشانکردنی ڕەبییە و مۆڵگەکانی دوژمن گەڕانەوە سەرکردایەتی. دوای چەند ڕۆژێک کاک نەوشیروان ناردی بەدوایاندا، جەمال و عەبە ڕەق و شوان قلیاسانی کە ماڵیان لەشاری بانەبوو لەبانەوە چوونەوە لای کاک نەشیروان هەواڵی ناوچەکەی لێپرسین ئەوانیش کلێشەی ناوچەکەیاندایە کەتیایدا شوێن و سەربازگەو ڕەبییەکانی دەژمنیان دیاریکردبوو.

کاک نەوشیروان لە عەبە ڕەقی پرسی دەتوانن چەند پێشمەرگە لەشارباژێڕ بحەوێننەوە و جێگەیان بکەنەوە و بیانژێنن، عەبە ڕەق ووتی ئەگەر چاوەڕێبکەین تا بەهار دەتوانم پەنجا پێشمەرگە بژێنم، کاک نەوشیروان لەوەڵامەکەی عەبەڕەق توڕە بوو ووتی بۆ عەبەڕەق شەگەلت[٤] پێیە چاوەڕێی بەهارو هاتنی گیای سەوز دەکەیت بەلەوەڕ دەڕۆیت، پێش تۆ خەڵک هاتووە دەڵێ (٥٠٠) کەس دەژێنم لەشارباژێڕ.

عەبەرەق ووتی کەهەموو دێهاتەکان ئاوەدان بوون (٥٠٠) کەس لە شارباژێڕ نەبوو، کاک نەوشیروان توڕەبوو، جەمال ڕوویکردە کان نەوشیروان پێیوت من

[٤] شەگەل بەمانای مەڕوو مالات یان شەک دێت، لەمەڕووماڵاتدا کە ژمارەیەکی زۆر بەیەکەوە دەبن پێیاندەڵێن شەگەل

دەتوانم (٢٥) پێشمەرگە بە دوو مەفرەزە بەهەموو پێداویستیەکانیانەوە لە شارباژێڕ بحەوێنمەوە.

کاک نەوشیروان دۆخەکەی بەدڵنەبوو هەستا ڕۆیشت، ملازم عومەر دڵیدانەوە و پێیوتن ئێوە پیاوی جوامێرو تێکۆشەرن زویرمەبن لەو قسانەی کاک نەوشیروان، جەمال و عەبەڕەق و شوان کەهەستان بڕۆن بە ملازم عومەریان وت ئەو کەسەی بەڵێنی پێدابوون (٥٠٠) کەس بژێنێت لە شارباژێڕ دوێنێ تەسلیم بووەوە، ملازم عومەر پێیوتن هەقبوو بە کاک نەوشیروان بڵێن.

لەگەڕانەوەدا عەبەڕەق بەجەمال و شوانەی وت بۆ ناچن بڵێن ئێمە لە بانەوە هاتووین پارەمان پێنییە، شوان ووتی هیچمان نەوتووە لێمان تورەبوون جا داوای پارەش بکەین.

لەبانەوە ئۆتۆمبێلێک هێنابوونی بەڵام پارەی لێوەرنەگرتبوون، لەگەڕانەوەدا ئەو کەمە پارەیەی پێیانبوو دایان بەکرێی ئۆتۆمبێل

## چـــــەند مـــــەفرەزەیەك
## چـــوار
## دەمی ئەنفال 1988/10/15

لە دەمی ئەنفالی بەدناوو شومدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان پاشەکشەی کردە سەر سنوور، دیارە ئەویش دوای بەرگری کەموێنە لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە ڕژێمی عێراق بە باجێکی گەورە توانی بۆ ماوەیەکی کاتی ئەو ناوچانە داگیر بکات.

دوای پاشەکشە و دامـەزراندن و خۆڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سەرکردایەتی (ی ن ک) پلانی گەڕانەوەی مەفرەزەکانی بۆ قوڵایی ناوچە داگیرکراوەکان داڕشت، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین مەفرەزەی لە شارباژێڕو پیرەمەگرون و ناوچەکانی دیکە ناردە خوار مەفرەزەی بچووک بچووک تا دۆخی ناوچەکان هەڵسەنگێنن و ژمارەو قەبارەی مۆڵگەکانی دوژمن و شوێنەکانیان بزانن و بیدەنە سەرکردایەتی تا لە بەر ڕۆشنایی ئەو هەڵسەنگاندن و زانیاریانە بەرنامەی ناردنە خوارەوەی پێشمەرگە پارتیزانەکان داڕێژن، لە سەر ئەو بنەمایەش پێداویستیەکانیان دابینبکەن، شوێنی مانەوەو هاتووچۆیان ڕەنگرێژ بکەن.

یەکێک لەو مەفرەزانە کە ئەرکی گەڕان و چاودێری و دەستنیشانکردنی ناوچەکانیان لە ئەستۆ بوو، مەفرەزەیەکی تیپی (٣١)ی سلێمانی بوو بۆ شارباژێڕی تەخت، کە ئەویش جەمال چاوشین، شێخ سالار بەرزنجی، تایەری حاجی سەعیدی خانووە قوڕەکان، سامالّ بوون.

دیارە هەر بۆ ئەو مەبەستە چەند جارێکیش کاکە عەبەو حەمە عەلی بەرزنجی و هاوڕێکانیان هاتبوونە خوارەوە، ئەوە جگە لە چەندین مەفرەزەی ناو شاری سلێمانی و مانەوەیان لە ناو شارداو جێبەجێکردنی ئەرکی پێشمەرگانەو ڕێکخراوەیی.

## ده ڕۆژ له سلیمانی، مانگی (5)ی 1989
## هاتنه شار
## پێنج

وەستا عەبدول، ئازاد وەندەرێنەیی، جەمال چاوشین، سامال، لە گەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە کە ووتبوویان بیبەنە سلێمانی و مەیهێننەوە لە گەڵ خۆتان هاتنە سلێمانی، بەڵام ڕۆژی گەڕانەوەیان بە هەڵە بەو پێشمەرگەیە ووت تا نەگەڕێتەوە شاخ.

ماوەی (١٠) ڕۆژ لە ناو شاری سلێمانی مانەوە ڕۆژێک وەستا عەبدول بە پەلە هاتە لای هاوڕێکانی و وتی ئاشکرا بووین ئەمشەو با بڕۆین، شەوێک زووتر گەڕانەوە لەو ڕۆژەی کە دایاننابوو، بۆیە سامال بە جێما کۆڵە پشتەکانیان لە پشتی شارستێنەوە دانابوو هەڵیان گرتنەوەو دەرچوون.

لە گۆیژە چوونە سەرەوە، گەیشتنە سەر یاڵەکەو ویستیان پشوو بدەن جەمال چاوشین مەتارەیەک ئاوی پێبوو تا گەیشتنە سەر گۆیژە هەموویان خواردەوە ئاوی تیا نەما گەیشتنە سەری گۆیژەو دانیشتن سەیری سلێمانیان دەکرد شارێکی خامۆش، چراخانی ئەو شەوە لە دوورەوە دەتوت ئەستێرەن و تێکهاڵاون و پرتە پرت دەکەن، وەستا عەبدول سەیرێکی سلێمانی کردوو بە برادەرانی ووت، وەرە نەتوانی لە شاری خۆتدا بمێنیتەوەو پشوو بدەیت، بە جەمال و ئازادی ووت ئێستا چی خۆشە، جەمال ووتی لە پولی هەوایی لە سەقز بەستەنییەکی لێیە[5]، خۆشترین شت بەستەنیە، وەستا عەبدول ووتی ئەی دوای بەستەنی جەمال ووتی ئاو.

وەستا عەبدول پێیووتن بڕوا دەکەن ئێستا من ئاوم پێیە، جەمال و ئازاد ووتیان ئەگەر پێتبوایە بەشت دەداین، وەستا عەبدول وتی پێمەو یەک دڵۆپ ئاوتان نادەمێ، بوو بە گاڵتەو پێکەنین ووتیان ئەی هاوڕێ بۆچی باشە لەم کاتەدا.

وەستا عەبدول دەستیکرد بە کۆڵە پشتەکەیدا (٥) لیتر سەهۆڵاوی دەرهێنا، ئاوەکەیان خواردەوەو دەروونیان فێنک کردەوە، بەرانبەر بە چراخانی شار دانیشتبوون دوا نیگا بوون، نیگای گۆیژەو سلێمانی لە سەری گۆیژە، هەستان و

[5]بەستەنی واتە ئایسکرێم، سەقز شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە ساردەمەنی و بەستەنی ئەوێ بەناوبانگە.

مالاواییان لە سلێمانی کرد هاتنە شارستێنە، کۆڵە پشت و تفەنگەکانیان هەڵگرت، نامەیەکیان بۆ ساماڵ جێهێشت و بۆیان نووسی وەرە بۆ ماڵی ڕێویەکە[٦] دوای نووسینی نامەکە بۆ ساماڵ هاتنە وەڵانە لەوێ تا ئێوارە مانەوە.

## شـــــفتەو شـــــەڕ

ماڵی پوری ئازاد وەندەرێنەیی لە سلێمانی شفتەیان بۆ کردبوون، شفتەکان لە کۆڵە پشتەکەی (جەمال چاوشین) دا بوون.

جەمال بە وەستا عەبدولی ووت شفتەمان پێیە بەڵام دانە دانە دەتاندەمێ، پارووی یەک شفتەی تێدەکرد بۆ ئەوەی تا دەگەنەوە جێگەی خۆیان بەشیان بکات.

جەمال پاروویەکی بۆ خۆی پێچایەوە، وەستا عەبدول ووتی ئەوە دوو شفتەت بۆ خۆت کردە پارووییەکەوە، جەمال پارووییەکەی نیشاندا ووتی ئەوەتا یەک شفتەیە.

پێش ئەوەی دنیا تاریک دابێت، دوانیوەڕۆیەکی درەنگ وەڵانەیان بەجێهێشت، لە دارو شەخسەکەی ئاڵەسیاو کەوتنە کەمینەوە، لە ناو شەخسەکەو سەر یاڵە ڕەشەکەی ئاڵەسیاوەوە تەقەیان لێکردن، جەمال گەیشتە شیوێک و تەقەی لە جاشەکانکرد، وەستا عەبدول و ئازادیش لای خۆیانەوە تەقەیان لە جاشەکانکرد، بۆسەی یەکەمی جاشەکانیان هەڵکەند چاویان لێبوو کە ڕایاندەکرد، جەمال و ئازادو وەستا عەبدول دابڕان لە یەکتری، ئازاد و وەستا عەبدول بە شوکێ و باراوو وەندەرێنەدا ڕۆیشتن، جەمالیش بە گورگەیەرو (نۆدێ)دا تا گەیشتەوە لای کونە ڕێویەکە شەو لەوێ مایەوە، بەیانی کە هەستا لە خەو تەماشایکرد سەربازی لێیە جادەی قەیماسەش بە هەمان شێوە سەربازی لێبوو، جەمال لە ناو دەوەنێکدا دانیشت هەتا ئێوارەی ڕۆژی دوایی بەڵام نان و پێخۆری پێبوو.

[٦] کە لە بلەکێ هاتن چوونە ئەشکەوتێک لە پەنا کەتوو بۆ ئەوەی تەڕ نەبن، کیسە خەوەکەیان دەرهێنا بخەون لە ناو ئەشکەوتەکە قرتە قرت دەهات، کە ڕۆژ هەڵات گیانداریێک لە ئەشکەوتەکە دەرپەڕی و بازیدا بە سەریاندا کە سەیریانکرد ڕێوییە چوو بووە گردۆڵکەیەکی ئەو بەریانەوە سەیری دەکردن، وەستا عەبدول بە برادەرانی وت ئێستا دەڵێ ئەم داگیرکەرانە چۆن ماڵیان داگیر کردووم، ئەو ئەشکەوتەیان ناو نا ماڵی ڕێویەکە.

عەسرێکی درەنگ بە دۆڵێکدا ڕۆیشتە خوارەوە کە تەماشایکرد شتێکی ڕەش لە سەر ڕێگەکەی دیارە ووتی لەوانەیە بەراز بێت، بە ناو دەوەنەکاندا بە پارێز بۆی ڕۆیشت هەر نەجووڵایەوە کە نزیک کەوتەوە کەسێک خەوتبوو کە چووە سەری وەستا جەماڵە سوور بوو، جەمال چاوشین خەبەریکردەوەو ووتی چیدەکەی لێرە، ووتی کاکە عەبەش لێرەیە.

ئازادو وەستا عەبدول چوو بوون بۆ کوڕەکاژاو بەس نانی وشکیان پێبوو لە گەڵ بارەزە خواردبوویان، قۆری و پیاڵەیان پێبوو بە ئاوی بەفر چایان لێنابوو.

وەستا عەبدول بە دەم نان و چا خواردنەوە پێکەنیبوو بە ئازادی ووتبوو کاک جەمال یەک شفتەی ئەدا بە ئێمە خۆی دووانی دەخوارد، ئێستا کەسی لە گەڵدا نییە هەموو شفتەکەی خواردووە، ئازاد وەندەرێنەیی پێی ناخۆش بوو وایزانیبوو جەمال بەرکەوتووەو شەهید بووە و لەو ڕێگەیە جێماوە، بە وەستا عەبدولی ووتبوو کاکە لەوە دەچێ شەهید بووبێ، تۆ خەمی جەمالت نیە خەمی شفتەکەتە.

جەمال چاوشین لە گەڵ جەماڵە سوورو عەبە ڕەق لە تەنکە بووارەوە کەوتنە ڕێ بەرەو زاخێ هاتنە گۆماوان کەمینی لێبوو گەڕانەوە زەلان، لە زەلانـەوە بۆ چەمیاڵە لەوێشەوە بۆ زاخێ، دوو شەو لە زاخێ چاوەڕێی وەستا عەبدول و کاک ئازادیانکرد، دوای دوو شەوەکە یەکتریان بینیەوەو یەکتریان گرتە باوەش وەستا عەبدول دەستیکردە ملی جەمال چاوشین و چرپاندی بە گوێیدا  ووتی شفتەکانت خوارد.

+ پێویستە بووترێت جەمال چاوشین، ئازاد وەندەرێنەیی، وەستا عەبدول، عەبە ڕەق و هاوڕێکانیان، لە دوای ساڵی ١٩٨٨ تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ زیاتر لە (٧) جار هاتوونەتە سلێمانی و گەڕاونەتەوە، هەر چەند جارێکمان نووسیوەتەوە.

## هـــاتنە ســـلێمانی
## پـــێکدادانی داربـــەڕووەکانی ســـلێمانی
## (شـــەش)

هاوینی ساڵی ١٩٨٩ (١٩٨٩/٩/١٥) دوو مەفرەزە هاتنە ناو شاری سلێمانی، جەمال چاوشین، عەبە ڕەق، چەند جارێک هاتبوونە شارباژێڕ و ناو شاری سلێمانی و گەڕابوونەوە سەرکردایەتی.

ئومێد یەکێک لە پێشمەرگەکانی یەکێتی بوو لە ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێڕان کاریدەکرد بە دکتۆر فواد مەعسومیان ووتبوو کە ئەو مەفرەزانە چوونە ناو شار، دکتۆر فوادیش ووتبووی دەتوانن جارێکیتر بچنەوە ناو شار هەندێک ڕاسپاردە بگەیەننە ڕێکخستنەکانی ناو شار.

دکتۆر فواد نامەیەکی بۆ قادری حاجی عەلی نووسیبوو، قادری حاجی عەلیش لە سەر نامەکە نووسیبووی بۆ مامۆستا جەمال بەڵکو جەمال چاوشین لە گەڵ ئەم پێشمەرگانەی شۆڕشگێڕاندا بنێرن بۆ سلێمانی کە خۆیان داوایانکردووە، ئومێد نامەکەی نەبردبوو بۆ مامۆستا جەمال کە قادری حاجی عەلی نووسیبووی، ڕاستەوخۆ هێنابووی بۆ جەمال چاوشین، جەمالیش نامەکەی بردبوو بۆ مامۆستا جەمال.

جەمال و ئومێدو مامۆستا ئەکرەم ژاژڵەیی خۆیان ئامادە کردبوو بڕۆن، پێشمەرگەیەک هات ووتی کاک جەمال میوانت هەیە، کە هاتنە ژوورەوە عەبە ڕەق بوو، نانی بەیانیان خواردوو عەبە ڕەق بە جەمالی ووت با پیاسەیەک بکەین، کاکە عەبە بە کاک جەمالی وت ئەمشەو ڕۆیشتووین بچین بۆ سلێمانی لە ڕەبییەکانەوە تەقەیان لێکردین مینێک تەقیەوە ڕێگەکەمان ئاشکرابوو، لە مامۆستا جەمالم بیست کە ئێوە دەچن بۆ سلێمانی بەڵکو بە یەکەوە بڕۆین، جەمال ووتی باشە بەڵام نابێت خەڵک زۆر بهێنی، ئەو ڕێگەیەی ئێمە زۆر نزیکە لە ڕەبییەکانەوە دەبێت کە ڕۆیشتین خۆمان دانەوێنین هەتا نەمانبینن.

ڕێگەکان زۆر بوون، چەندین ڕێگە دەچووە ناو شاری سلێمانی، هەر پێشمەرگە و مەفرەزەیەک ڕێگەیەک شارەزا بوو، ئەو ڕێگەیەی جەمال چاوشین جیاواز بوو

لەو ڕێگەیەی عەبە ڕەق شەوی پێشتر پیایدا ڕۆیشتبوو.

شەوی دواتر کەوتنە ڕێ، کاکە عەبە جگە لە پێشمەرگەی یەکێتی دوو چەکداری ئیسلامی لە گەڵدا بوو هەتا زاخێ ڕۆیشتن ڕۆژەکەی لەوێ مانەوە ڕۆژی دواتر چوونە تەنکە بوار، دوو چەکدارە ئیسلامیەکە هەڵسووکەوتیان گوماناوی بوو جەمال چاوشین گومانی لێدەکردن.

شەوی دووەم چوونە سلێمانی، ڕۆژی گەڕانەوەیان دانا بۆ ١٩٨٩/٩/٢٦، ماوەی پانزە ڕۆژ لە سلێمانی مانەوە، جەمال و ئومێدو مامۆستا ئەکرەم چوونە ماڵی مامۆستا مارف خەزوری مامۆستا ئەکرەم.

ئەو ماوەیەی لە ناو شاردا مانەوە ئیشوو کارەکانیان جێبەجێکرد، پەیوەندییەکانیان لە گەڵ ڕێکخستنەکان سەر لە نوێ ڕێکخستەوە، ڕاسپاردەکانی سەرکردایەتیان گەیاندە شار، چەندین دیدارو چاوپێکەوتنیان لە گەڵ ئەندام و دۆستەکانی یەکێتی سازدا، دواتر بڕیاریاندا بگەڕێنەوە، پێش گەڕانەوە ئومێد بە کاک جەمالی ووت برایەکم حوکمی هەتا هەتایی بووە تازە لە بەندیخانە بەربووەو بەر لێبوردنی گشتی کەوتووە لە گەڵ خۆمدا دەیهێنم دەینێرمە دەرەوەی وڵات.

## گــــــــــەڕانەوە

کوڕە خاڵێکی جەمال چاوشین ڕێگەی شەستی و دار بەڕووەکانی بۆ تاقیکردنەوە، کە گەڕایەوە لای پێشمەرگەکان ووتی دوو پاسم بینیوە تەنها ژنێک و شۆفێرەکەی تیابووە، شۆفێرەکە لە کورد ناچێت چوونکە سمێڵی تاشیوە[٧]، پاسەکانیشی کوشنی تیا نەبوو تاکو خەڵکی تیا بێت وریای خۆتان بن.

مامۆستا ئەکرەم، ئومێد، جەمال چاوشین و براکەی ئومێد بە یەکەوە کەوتنە ڕێ، پێش هاتنە ناو شار چەکەکانیان لە ڕێگە شاردبووەوە، جەمال دەمانچەیەکی پێبوو، ئومێد وتی کۆڵە پشتەکەم و مەتارەیەکم لەو دۆڵە داناوە دەچین دەیهێنین، جەمال وتی با نەچینە دۆڵەکە ئەگەر شتێک ڕووبدات لەو دۆڵەدا دەرناچین، ئومێد وتی ئێوە مەیەن من خۆم دەچم.

[٧] دیارە ئەو سەردەمە سمێڵ تاشین لە ناو کوردا زۆر کەم و دەگمەن بووە، بۆیە سمێڵی شۆفێرەکە سەرنجی ڕاکێشاوە.

جەمال و مامۆستا ئەکرەم حەزیان نەکرد بە تەنیا بچێت بۆیە ئەوانیش لە گەڵیدا ڕۆیشتن.

لە سەرووی داربەڕووەکانەوە پێچێکی تیابوو شوێنی دیاریکراوی کاکە عەبە بوو کە لەوێ یەکبگرنەوە تەماشایانکرد کەسێک وەستا بوو دەنگیاندا ووتیان کێن، ووتی کەمالم، وتیان نەهێنیەکە بڵێ نەهێنیەکەشی ووت کە (حەمەغا) بوو، کەمال بە جەمالی ووت هەمووتان هاتوون، جەمال وتی بەڵێ.

لەوێ دەرچوون پێچێکی تر هەبوو چوونە ئەوێ جەمال تەماشایکرد قۆناغی تفەنگی کەسێکی بینی بانگی جەمالیانکرد ووتیان وەرە بۆ ئێرە، جەمال بە مامۆستا ئەکرەم و ئومێدو براکەی ووت ڕاکەن کەمینە، لە گەڵ ڕاکردن و گەڕانەوە بوو بە تەقە ئەو کەسەی کە یەکەمجار بینیان و نەهێنیەکەی ووت، یەکێک لە دوو ئیسلامیەکە بوو کە لە گەڵ کاکە عەبە هاتبوون[8] لە گەڵ ڕاکردنی جەمال و تەقە کردنی کەمینەکە جەمال دەمانچەی پێبوو، فیشەکێکی تەقاند تا نەکەونە دوایان، سەرەو خوار بوونەوەو بەرەو خوار داگەڕان، لەوێشەوە بەرەو سەربازگەی گەڕەکی ئازادی ڕۆیشتن.

جەمال تەنیا مایەوە، بە دەم ڕۆشتنەوە کەوت کۆڵە پشتەکەشی لێکەوت تەنها دەمانچەکەی بەدەستەوە مابوو، بە دێراوی داربەڕووەکانی گۆیژەدا بە سەر سەربازگەکەی پشتی ئازادیدا ڕۆیشت کەسێک بە دوای جەمالدا دەهات، جەمال دەنگی دا وتی ئومێدم بەڵام دڵشادی برام یان کوژراوە یان بریندارە، جەمال هەواڵی مامۆستا ئەکرەمی لێپرسی وتی نەمبینیوە نازانم چی لێبە سەر هات بەڵام ئاگام لێبوو دڵشادی برام دەنگی لێبەرز بووەوە ئومێد عەلاگەیەکی بە دەستەوە بوو جەمال لێیپرسی ئەوە چییە وتی پارەی دڵشادی برامە.

گوللە وەکو تەرزە دەباری هاژەو ناڵە گوێی ئەو بنارەی کەڕ دەکرد، شاخی گۆیژە گڕیگرتبوو سلێمانی خەمێک دایگرت، تازیە بار بوو، چوونکە سلێمانی دەیزانی کوڕانی شار لە گۆیژەوە دێنە خوارێ، هەر بە وێشدا دەگەڕێنەوە[9].

[8] عەلی بیکەیسی یەکێک لە پێشمەرگەی مەفرەزەکە لە داربەڕووەکان کەوتبووە کەمینەوە دەستگیر کرابوو، هەر دوو ئیسلامیەکەش لە گەڵ تەواریەکان بوون کە عەلی دەستگیرکرا.

[9] ئەو دوو چەکدارە ئیسلامیە کە ناویان (ک، ف) بوو لە گەڵ مەفرەزەکەی یەکێتی هاتبوونە ناو شار، بەڵام

ئومێد بە جەمالی ووت با بگەڕێنەوە ناو شار، جەمال وتی بەم ئاگربارانە، ئومێد تەنها گەڕایەوە ناو شار تا هەواڵی دڵشادی برای بزانێ و سۆراغی بکات وماڵی باوکی ئاگادار بکاتەوە تا ماڵەکە چۆڵ بکەن نەک دڵشاد دەستگیر کرابێ.

ئومێد بە نائومێدی گەڕایەوە شار، خەمی دڵشادی برای، خەمی تووشبوون و دەستگیرکردنی ماڵی باوکیشی سەربار بوو، چوونکە ئەگەر دڵشاد گیرابێ ماڵی باوکیشی دەستگیر دەکەن و ڕاپێچی زیندانیان دەکەن و لە سێدارەیان دەدەن.

جەمال چاوشین تەنها مایەوە، ئومێد گەڕایەوە شار دڵشادو مامۆستا ئەکرەم بێ سۆراغ بوون، کاکە عەبە و هاوڕێکانیشی هەواڵێکیان نەبوو، جەمال دەستیبرد بۆ قاچ و ئەژنۆی تەڕ بوو دەستی پڕ بوو لە خوێن وایزانی بریندارە، لە ڕێگە کە ڕایکردبوو کەوتبوو بەردێک چوو بوو بە قاچیدا.

ئومێد گەڕایەوە سلێمانی، جەمال بە گۆیژەدا هەڵکشاو ڕزگاری بوو، تینوویەتی هەراسانی کردبوو بڕیاریدا بچێتە سەر کانی گەورەی دووکانیان ئاو بخواتەوە کە نزیک کانیەکە بووەوە بە دووربین تەماشایکرد سەربازی لێبوو.

جەمال بە لاڕێ و تولە ڕێگەکاندا ملی ڕێگەیگرت بەرەو ئەو شوێنەی چەکەکانیان لێ حەشاردابوو تەماشایکرد ئەوێش سەربازی لێیە، جەمال بـەردەوام بوو لە ڕۆیشتن چووە تەنکە بوار، ئەوێش کەمینی سەربازی لێبوو، سەگیان پێبوو هەستیان بە جەمال کرد سەگەکەیان بەڕەڵڵا کرد جەمال بەرەو دوا گەڕایەوە و سەگەکەش بە دوایدا، جەمال خۆیکرد بە دۆڵێکدا سەگەکە نەهات.

جەمال بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن بۆ ڕۆژی دوایی چووە هەولۆ هەر مێلە، لە پشتی زەلانەوە لە بن دارێک کانی و ئاوێکی لێبوو، لە سەر کانی و ئاوەکە خەوت، کاتژمێر (٩)ی بەیانی بە خەبەر هات، تەماشایکرد بەری زەلان، ئەو جادەیەی دەچێتە ناوپارێز پڕ بوو لە ئیڤا و ئۆتۆمبێلی سەربازی، کە ڕۆژ هەڵکشا کەمینەکەیان هەڵگرت.

---

یەکسەر لە ڕێگەی (ش، ع) پەیوەندیان بە ئیستخباراتەوە کردبوو، شوێن و ڕێگەی گەڕانەوەی مەفرەزەکەیان بە ئەمن وتبوو، ڕۆژی گەڕانەوەی مەفرەزەکە لە گەڵ ئەمن و تەواری هاتبوونە داربەڕووەکان.

جەمال برسی و ماندوو بوو، لە دۆڵە تووی نزیک کەتوو کیسە خەوەکەی شاردبووەوە، نانە ڕەق و مێوژی تیا بوو، کە چووە دۆڵە توو کیسە خەوەکەی هەڵگرتەوە زەرفە نانەکەی تیا بوو مشک لێی خواردبوو، ناچار ئەو نان و مێوژەی خوارد.

بۆ ڕۆژی دوایی لە چەمی زەلانەوە چووە زاخێ چاوەڕێی ئومێدی کرد بەڵکو بێتەوە بەڵام دەنگی نەبوو، بۆ شەوی دواتر چووە بلەکێ چیرۆکی کەوتنە کەمینی خۆی و هاوڕێکانی گێڕایەوە، چەند ڕۆژێک لە بلەکێ هێشتیانەوە تا مامۆستا ئەکرەم دەگەڕێتەوە.

## مـــــامۆستا ئەکـــــرەم ژاژڵـــــەیی کـــەوتنە کەمین- گـــەڕانەوە

مامۆستا ئەکرەم کادیری پێشکەووتوی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بوو.

ڕۆژی ١٩٨٩/٩/١١ مامۆستا عەبدوڵڵا لە ناوەندی شۆڕشگێڕان چووەماڵیان لە شاری بانە، دەیان بڵاوکراوەو نامەی ڕێکخستنی دایە و داوای لێکرد بچێتە سلێمانی.

ڕۆژی ١٩٨٩/٩/١٥ مامۆستا ئەکرەم لە گەڵ هەر یەک لە جەمال چاوشین، ئومێد، کاکە عەبە قۆناغ بە قۆناغ لە بلەکێ، پردی جەلال، چەمی تەنکە بوار دەفتەرێکیان شاردەوە تا کاتی دابڕان لەو دەفتەرەدا بۆ یەکتری بنووسن.

کاتی گەڕانەوەیان دیاریکرد تا لە شەوی ١٩٨٩/٩/٢٦ کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقە بگەڕێنەوە ڕۆژی گەڕانەوە هات کوڕە خاڵێکی جەمال چاوشین و خزمێکی ئومێد ڕێگەی شەستیەکەیان بۆ تاقیکردنەوە.

## چارەنووسی مامۆستا ئەکرەم

دوای ئەوەی تەقە درووست بوو، مامۆستا ئەکرەم و جەمال چاوشین و ئومێد ودڵشادی برای کەوتنە کەمین، مامۆستا ئەکرەم لە هەڤاڵەکانی دابڕا.

مامۆستا ئەکرەم بەرەو ڕووی قرگە ڕۆیشت چووە پشتی وێڵەیەر تا دەمەو

بەیان لەوێ مایەوە، نامەو بەڵگەکانی شاردەوە، بۆ بەیانی هاتە خوار بۆ شەستیەکە ویستی بگەڕێتەوە ناو شار بەڵام شەستیەکە بە قوات خاسە و پیاوانی ڕژێم تەندرابوو، ناچار مامۆستا ئەکرەم گەڕایەوە سەر شاخ بەڵام لە ناوەڕاستی شاخەکەدا پەکی کەوت تینوویەتی تینی بۆ هێنا، دەم و قوڕگی وشک ببوو، ئاوی پێنەبوو بەو خێراییەش ئاو دەست نەدەکەوت ناچار لە تینوا میزی خۆی خواردەوە تا قورگ و گەروی تەڕ بێت و نەخنکێت، کە شەو داهات چووە سەر شاخ کاتێک بۆ ڕۆژی دوایی ڕۆژهەڵات تەماشایکرد بە سەر دۆڵێکدا دەڕوانێت سەوزایی لێیە، هێندەی نەبرد پیاوێک بە گوێ دریژێکەوە دەرکەوت دەچوو بۆ ناو سەوزاییەکە.

مامۆستا ئەکرەم چووە خوارەوە بۆ ناو دۆڵەکە سەرو ڕیشی چڵکن، جلی خاکی لە بەردا، سەر شانی بریندار ببوو، کابرای خاوەن شینایی دوو جار سەیری مامۆستا ئەکرەمی کردوو وتی دوێنێ شەو لە دار بەڕووەکان تەقەیەکی زۆر هەبووە، مامۆستا ئەکرەمیش وتی بەڵێ، ئیتر ئەو پیاوە ژیرە، وشیارە هیچی نەوت، خواردنی بۆ داناو چای بۆ تێکرد مامۆستا ئەکرەم نانی خوارد، دواتر ئەو پیاوە پیرە ژیرە نان و تەماتەی بۆ مامۆستا ئەکرەم پێچایەوەو وتی پێویستت دەبێت، مامۆستا ئەکرەم سووپاسی کردوو ماڵاوایی لێکرد.

مامۆستا ئەکرەم تا شەوی دوایی لە پشتی داربەڕووەکان مایەوە، چوونکە پێشتر وا ڕێکەوتبوون ئەگەر لە شوێنی یەکەم کێشە دروست بوو شەوی دواتر لە شوینی دووەم یەکبگرنەوە، مامۆستا ئەکرەم بە نیازی هاتنی هەڤاڵانی و کاکە عەبە چاوەڕێ بوو بەڵام دیار نەبوون.

ئەو شەوە لەوێ مایەوە کە ڕۆژ بووەوە هاتەوە پشتی وێڵەیەر تا ئێوارە لەوێ مایەوە، کەسێک بە هێسترێکەوە دەرکەوت بەرەو شارباژێڕ دەڕۆیشت خەڵکی (هەرمن) بوو، مامۆستا ئەکرەم بەرەو تەنکە بوار ڕۆیشت، کە ڕۆژهەڵات چووە سەر شوێنی دەفتەرەکە تەماشایکرد کەس هیچی تیا نەنووسیوە.

مامۆستا ئەکرەم دوو ڕۆژ لە تەنکە بوار مایەوە تا چاوەڕێی برادەرانی بکات و بگەڕێتەوە بەڵام کەس دیار نەبوو، دوای دوو ڕۆژ چاوەڕوانی مامۆستا ئەکرەم بەرەو (زەڵان) ڕۆیشت لەوێ کەوتە کێڵگەی (مین)ەوە بەڵام ڕزگاری بوو، چووە پردی جەلال.

## ئـــــێسکە مـــــاسی

ماملاستا ئەکرەم برسیبوو، هیلاک و ماندوو تەماشایکرد ئاگردانی لێیە، بەڵام سارد بووەتەوە، پێشتر خەڵکی لێبوو هەندێک ئێسقانی سووتاوی ماسی بینی کە نەیانخواردبوو، مامۆستا ئەکرەم ئەو ئێسکە ماسیانەی خوارد، لەو لاترەوە بەڕووی لێبوو چوو بەڕوو بخوات پارچەیەک خورمای لە بن بەڕووەکاندا دۆزیەوە کەمێک لە برسیەتیەکەی کەم کردەوە.

## دوو توله ڕێ

دەمەو ئێوارە بوو مامۆستا ئەکرەم سەرکەوتە سەر شاخ بۆ سەر سنووری عێراق- ئێران، ئەو سنوورەی دوژمنان دروستیانکردووەو کوردستانیان پێ دوو لەت و چەند پارچە کردووە، مامۆستا ئەکرەم لە سەر دوو توله ڕێ بوو، ماندوو هیلاک، ڕێگەی لێتێکچوو بوو، هێندەی زانی میلی تفەنگیان هێنایەوەو بە عەرەبی ووتیان (منو) مامۆستا ئەکرەم هیچ وەڵامی نەدایەوە لە جێگەی خۆی بە بێدەنگی دانیشت تا دۆخەکە ئارام بووەوە، دیار بوو دوو سەرباز بوون، مامۆستا ئەکرەم گوێی لێبوو یەکێکیان بەویتری ووت (یابە شەکو کولشی ماکو یمکن حیوان) مامۆستا ئەکرەم ئەو شەوەش لە نێو گاشە بەردەکانی سنووردا ڕۆژی کردەوە، تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە مایەوە کە گوێی لە دەنگی بانگ بوو شوێنەکەی بۆ ئاشکرا بوو گەیشتە ناو بلەکێ و چووە مەکتەبی ڕێکخستن، گەڕانەوەی مامۆستا ئەکرەم جێگەی خۆشحاڵی بوو بۆ پێشمەرگەکان و هاوڕێی و خێزانەکەی چوونکە ئومێدی گەڕانەوەی نەمابووجگە لەمجارە مامۆستا ئەکرەم سێ جاریتریش هاتبووە ناو شار.

## کــــــاکە عەبە، عـــەبە ڕەق

کاکە عەبە ڕەق لە گەڵ هاوڕێکانی بە یەکەوە هاتنە ناو شاری سلێمانی کاتی گەڕانەوەشیان بە یەکەوە دانا.

لە کاتی گەڕانەوەدا کاکە عەبە لە دوای جەمال و مامۆستا ئەکرەم و ئومێدەوە ڕۆیشتبوو، کاکە عەبە تازە شەستیەکەی جێهێشتبوو هاتبووە ناو دار بەڕووەکان،

کە تەقە دەستیپێکردبوو گەڕابووەوە ناو شار، بەڵام عەلی بیکەیسی پێشمەرگەی لای کاکە عەبە هاتبوو لە ناو داربەڕووەکاندا گیرا بوو، عەلی بیکەیسی حوکمی هەتا هەتایی درا، لە دوای ڕاپەڕین و لە ساڵی ۱۹۹۱-۱۹۹۲ بە گۆڕینەوە ئازاد بوو ئاڵوگۆڕی پێکرا لە گەڵ دیلەکانی ڕژێم.

دوای ئەو ڕووداوە بە ماوەیەک زانییان کە زیاد لە (٦٠٠) سەربازو قوات خاسە لە دار بەڕووەکان و بناری گۆیژە بە درێژایی ئەو شاخە لە بۆسەدا بوون بۆ پێشمەرگە.

## ئـــــەوەی شـــایەنی وتـــنە

ئەوەی شایەنی وتنە ئەوەیە، ئەو دوو چەکدارە ئیسلامیەی لە گەڵ کاکە عەبەو مەفرەزەکە هاتبوونە خوارەوە بۆ سلێمانی، تەسلیم بە ئەمنی سلێمانی بوون و ئەوان خەبەریان لە مەفرەزەکەی یەکێتی دابوو کە دابەزیونە سلێمانی و کاتی گەڕانەوەی مەفرەزەکەیان دابووە دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات لە سلێمانی، چوونکە لە کاتی گەڕانەوەی پێشمەرگەکاندا ئەوان (ک،ف) لە گەڵ قوات خاسەدا لە دار بەڕووەکان بوون، ئەو شوێنانەی کە مەفرەزەکە چەک و کۆڵە پشت و پێداویستیان لێشاردبووەوە، هەتا تولە ڕێ و ڕێگەکانیش سەربازیان لێبوو.

هێزەکانی داگیرکەر، سەربازو قوات خاسە بە سێ قۆناغ بۆسەیان بۆ پێشمەرگەکان دانابوو، تا ئەگەر لە بۆسەی یەکەم دەرچن بکەونە بۆسەی دووەم و سێهەم.

دوای ئەنفال و کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی بۆ سەر سنوورەکان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسەرپەرشتی کاک نەوشیروان تەشکیلاتی تازەی هێزی پێشمەرگەیان کردەوەو دابەشیان کرد بە سەر سێ هێزدا، هێزی یەکەم پارتیزانەکان بوون، هێزی دووەم بەتالیۆنەکان بوون، هێزی سێهەم هێزی پشتگیری بوو، خۆ تۆمارکردن لە هەر یەک لەم هێزانەدا بە ویستی پێشمەرگە خۆی بوو «اختیاری» بوو، پارتیزان دەبێ یان لە بەتالیۆنەکان دەبی یان هێزی پشتگیری.

بەتالیۆنی حەوت درووستکراو بارەگای چووە بلەکێ، مامۆستا جەمال محەمەد فەرماندەی بەتالیۆن و ئازاد دەرەمیانەیی جێگری بەتالیۆن و شێخ کامیل ڕێبەری سیاسی بەتالیۆن، تیپی (٣١) کە ئەوکات ناوەکەی گۆڕاو چووە نێو پێکهاتەی نوێی بەتالیۆنی حەوتەوە چەند مەفرەزەیەکی پارتیزانی ناردە خوارەوە بۆ سنوورەکانی بەرزنجەو بناری شارەزورو گوندەکانی نزیک سنوورەکانی چوارتاو شارباژێڕ.

# پـــــاش بـــــەرد
# شـــــەڕی پـــــاش بـــــەرد
# (حـــــەوت)

سەرکردایەتی داوایکرد بارەگایەک ببەنە پشتی گۆڵێ، جەمال چاوشین و چەند پێشمەرگەیەک شوێنێکیان دەستنیشانکرد تا بچن بارەگای تیا دابنێن، سەر سنووری عێراق- ئێران پاسداری لێبوو (٢٠) پێشمەرگە بە فەرماندەیی جەمال چاوشین بێ پرسکردن بە ئێران چوونە پاش بەرد، چەند وڵاغێکیان لە کانی سوور بە کرێگرت تا کەلووپەل و چەک و تەقەمەنی بارەگاکەیانی پێبگوازنەوە پاش بەرد.

یەکەم شەو دوو باریان برد، دووهەم شەو چوار باریان گواستەوە، لە ماوەی سێ شەودا تێکڕای کەلووپەلی بارەگاکەیان بە خواردن و بەتانی و چەکەکانەوە گواستەوە، ئەو پاسدارانەی لە سەر سنوور بوون بە پارە ڕازیانکردن.

بارەگایەک لە پاش بەرد دانرا، دوای دانانی بارەگاکە گومرگ چووە پاش بەردوو بارەگای دانا، دواتر پارتی بارەگایەکی دانا، حزبی شیوعی بارەگایەکی دانا، چایخانەو بارخانەی تیادا دانرا، ئاوەدانی کەوتە ناوچەکە، لە گۆڵێ مەرزێک کرایەوە لە شارەکانی کوردستان و عێراقەوە خەڵک دەهات بۆ بردنی کەلوپەل و پێداویستی.

پێشمەرگە پارتیزانەکانی شارباژێڕی تەخت لێرەوە خواردەمەنی و پێداویستیان لە لایەن سەرکردایەتیەوە بۆ دەکرِدرا، پێشمەرگەکان دەهاتن بۆ بردنی ئازوقەکە.

پێشمەرگەیەک بە بەردەوامی دەهات بۆ بردنی کەلوپەلی پارتیزانەکان، جەمال چاوشین لێیپرسی بۆچی هەر تۆ ددێت کەسی تر نایەت، پێشمەرگەکە وتی کاکە من شارەزام لە بارکردن و بردنی پێداویستیەکان، دواتر من بۆیە دێم لێرە خۆم دەشۆم و نان دەخۆم، برنج و فاسۆلیایەکی خۆش لێدەنێن، لە ماوەی مانەوەی پارتیزانەکاندا لە شارباژێڕی تەخت (٢٠) تەن ئازوقە نێردرا بۆ مەفرەزەکان.

## هـــــــێرشی ڕژێـــم

ڕژێمی عێراق، بە نیاز بوو پەلاماری بارەگاکانی پێشمەرگە بدات لە گۆڵێ و پاش بەرد ئەو خەڵکانەی هاتووچۆی مەرزەکەیان دەکرد پێشمەرگەکانیان لە نیازی ڕژێم ئاگادار کردبووەوە.

ئازاد وەندەرێنەیی و خاڵە نەجم سەرپەرشتیاری پێشمەرگەکانی گومرگ لە چایخانەکەی پاش بەرد بوون، جەمال چاوشین چووە خوارەوە بۆ هەواڵ و دەنگوباسی نوێ، ئەوان لە چایخانەکە بوون خەڵکێکی زۆر لە خوارەوە دەهاتن بە دووربین تەماشایانکرد سەرباز بوون، کە نزیک بوونەوە پێشمەرگەکان لێیاندان و شکاندیانن، بیکەیسیەک و چەند کلاشینکۆفێک و چوار سەرباز بە دیل گیران، هێزەکانی دوژمنیان تا گۆڵێ ڕاونا.

هێزەکانی داگیرکەر ئێوارەی هەمان ڕۆژ دزەیان کردە گردێک بەرانبەر پاش بەرد، پێشمەرگە هەڵمەتیان بردە سەریان و گردەکەیان لێسەندنەوە، دۆخی مەرزەکە شێوا، کەلووپەلێکی زۆری تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ و قوماش و خواردەمەنی لێبوو، پێشمەرگەکان هاوکاری خەڵکیانکرد تا کەلووپەلەکانیان بگوازنەوەو بیپارێزن.

شەڕ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو، هێزەکانی دوژمن پەلاماری گردێکیان دەدا نەیاندەتوانی دەستی بە سەردا بگرن، هێزی پێشمەرگە پەلامارەکانی دوژمنی تێکشکاند، دواتر بە بڕیاری سەرکردایەتی و لە سەر داوای ئێران پاش بەردیان چۆڵکرد، بارەگایان گواستەوەو هاتنە بلەکێ.

ساڵی ١٩٩٠ مەفرەزەیەکی حەوت کەسی لە سورێنەوە بە فەرماندەیی حەمە عەلی بەرزنجی دابەزینە نەسرو باریکەو دۆڵی گەلاڵ و بەرزنجە و تا مانگی ١١ مانەوە، بەڵام سەرماو بەفری ئەو ساڵە ڕێگەی مانەوەی زیاتری نەدان و گەڕانەوە، لە ماوەی مانەوەو جەولەکردن لەو ناوچانە و دیدارو چاوپێکەوتنیان لە گەڵ خەڵکی ئۆردوگاکان دەیان نامەی شۆڕشیان گەیاندە کەسایەتیە جیاوازەکان و مژدەی لە گۆڕنانی یەکجاری بەعس و حەتمیەتی سەرکەوتنی شۆڕشیان لە ئایندەی نزیکدا پێدان و لە سەرکەوتنی یەکجارەکی دڵنیایان کردنەوە.

مەفرەزەیەکی دیکە بە سەرپەرشتی کاکە عەبە ڕەق لە سوورەبانەوە هاتبوونە چنگیان و کەتوو عازەبان و لەوێوە بۆ سلەیمانی لە گەڕانەوەدا لە سلێمانی تووشی ڕووبەڕووبونەوە بوون لە نزیک گۆیژە و ئەزمڕی سلێمانی، بەڵام سەرکەوتوانە گەیشتنەوە ناوچەکانی شارباژێڕ.

مەفرەزەیەکی دیکەش هاوشان و هاوکات لە گەڵ مەفرەزەکەی کاکە عەبە و حەمە عەلی بەرزنجی بە فەرماندەیی کاک حەمە زیاد بەرەو باریکەو نەسرو بنارو پێدەشتەکانی شارەزور ڕۆیشتن.

ڕژێم بۆن و سووسەی جووڵەی مەفرەزە پارتیزانەکانی کردبوو لەو ناوچانە بۆیە هێزێکی گەورەی بە پانتایی ناوچەکە جووڵە پێکرد بۆ پشکنین و کێوماڵکردنی ناوچەکە، هێزەکە ڕووەو مەفرەزەکەی کاکە عەبە و حەمە عەلی بەرزنجی ڕۆیشتن لە ناوپارێزو پێنجوێن و بەرزنجەو عەربەتەوە تا دەگاتە قەڵاچوالان و چوارتا هێزەکانی ڕژێم دەستیان بە جووڵە کرد، لە چنگیان و دەشتی عازەبان و گێڵدەرەو مایاوا هێزەکانی ڕژێم یەکیان گرتەوەو لێکیدایەوە، مەفرەزەکەی حەمە عەلی بەرزنجی بە شاخی زرووزیکەوە بوون کە بە سەر شارباژێڕی تەخت و کانی دڕکەو کاژاودا ئەڕوانێ، کاکە عەبە و مەفرەزەکەی لە وێڵە و عازەبان بوون.

سێ شەوو سێ ڕۆژ هێزەکەی دوژمن لە کێوماڵ و پشکنینی ناوچەکە بەردەوام بوون و لەو ناوچانە مانەوە، لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا مەفرەزەکانی پێشمەرگە نە خواردن و نە ئاویان دەستنەکەوت، چونکە نەیاندەتوانی جووڵە بکەن و ئاگربکەنەوە، لە شوکێ و باراو سەربازگەکانی دوژمن ئاگریان کردبووەوە لە ژێر ڕۆشنایی و ڕووناکی ئاگری سەربازەکاندا لە کانیاوەکانی ناوچەکە پێشمەرگە مەتارە ئاویان پڕدەکرد تا بیخۆنەوە، هێزەکەی دوژمن بە پاڵپشتی دەیان کۆپتەرو دەبابە و مودەرەعە و جبەخانەی گەورە جێ پێی مەفرەزە گەڕۆکەکانی یەکێتیان هەڵگرتبوو.

هێزە پۆشتەو پەرداخەکەی دوژمن دوای سێ ڕۆژ کێوماڵ و پشکنینی ناوچەکە نەیانتوانی بچووکترین زیان بە هێزەکانی پێشمەرگە بگەیەنن، پێشمەرگەش نەیدەویست بە چەند مەفرەزەیەکەوە شەڕی نابەرابەر بکات هەروەک بڕیاری

سەرکردایەتیش وابوو کە خۆیان بپارێزن لە هەر ڕووبەڕوبونەوەیەک ئەگەر ناچار نەبن.

مەفرەزەکەی حەمە عەلی بەرزنجی گەڕانەوە بۆ بارەگاکانیان لە بلەکێ و مەفرەزەیەکی دیکە هاتە جێگەیان کە پێکهاتبوو لە ئەرسەلان گێڵەدەری و جەزاو نەوزادو مامە عەبە خورماڵی، ئەوانیش چەند ڕۆژێک مانەوەو گەڕانەوە.

هەر لەو دەمەدا مەفرەزەیەکی پارتیزان و گەرۆکی پێشمەرگە کەوتنە بۆسەی دوژمنەوەو دەستگیرکران کە پێکهاتبوون لە (حەمە سیاسی و مام تەها و سالاری شێخ جەلال و مام مچەی برای حەمە زیاد، حەمە بۆر قرگەیی و برایەکی حەمە زیاد) دوای ڕاپەڕین کاک جەبار فەرمان دیل بە دیلی پێکردن بەو ئەفسەرانەی لە شەڕەکانی (ڕاپەڕین) دا دەستگیر کرابوون ئەو پێشمەرگە دەستگیرکراوانە ئازادکران.

## هـــــەناسەیەك پـــێش ڕاپـــــەڕین
## هـــۆتێلەکەی دەشـــتی زاخـــێ

لە مێژ بوو مەفرەزە پارتیزانەکان هاتبوونە شارباژێڕی تەخت، ئەوان چەند مانگێک لە خوارەوە بوون تا زەمینەی ڕاپەڕین ڕەخساو هەلومەرج خۆش بوو.

لە گەڵ خۆشبوونی زەمینەی ڕاپەڕین لە ١٩٩١/١/٢٠، هێزی پێشمەرگەی کوردستان دابەزینە شارباژێڕی تەخت، بارەگایەکیان لە زاخێ دانا، دوای هەفتەیەک مامۆستا جەمال و هێزێک هاتنە زاخێ لە چەند شوێنێک بارەگایان داناو خێمەیان هەڵدا.

## هـــــۆتێلەکەی زاخـــــێ

شەوێک (٢٠) پێشمەرگە هاتنە زاخێ، بارەگایەک لە سەر ڕێگە بوو، پاسەوان دەنگیدان، ووتیان خۆمانین پێشمەرگەین.

جەمال چاوشین لێپرسراوی بارەگاکە بوو، پاسەوانی شەو بە کاک جەمالی ووت پۆلێک پێشمەرگە هاتوون بیاننێرین بۆ کوێ، جەمال چاوشین وتی با بچنە ئەشکەوتەکانی زاخێ کە شوێنێکی گەورە بوو مەفرەزەیەکی تریشی لێبوو.

جەمال چاوشین چووە ژوورەوە پێشمەرگەیەک هەڵسێنێ بیانباتە ئەشکەوتەکەی زاخێ، سەیریکرد لە جێگەکەیدا پێشمەرگەیەکی ئەو هێزە خەوتووە کە بە نیاز بوون بیانبێرن بۆ ئەشکەوتی زاخێ، جەمال بە دەنگی بەرز بانگی پێشمەرگەیەکی کردوو وتی هەستە ئەو مەفرەزە پێشمەرگەیە بەرە بۆ هۆتێلەکەی زاخێ، ئەو پێشمەرگەیەی لە جێگەکەی کاک جەمال خەوتبوو کە گوێی لە ناوی هۆتێل بوو یەکسەر هەستا وایزانی دەچێ بۆ هۆتێل.

پێشمەرگەکان بەرەو ئەشکەوتەکانی زاخێ بەڕێکەوتن بۆ بەیانی گەڕانەوە ئەو پێشمەرگەیە ڕوویکردە جەمال چاوشین و وتی بەڕاستی ئەمشەو باش لە هوتێل خەواندینی.

ژیانی پێشمەرگایەتی پڕە لە نوکتە، لە قسەی خۆش و نەستەق، لە ڕووداوی هەمە جۆر، لە پێکەنین، لە قسەی خەمڕەوێن، ئەو شاخ و چیاو دەربەندانە بە تەنها مەیدانی بەرنگاری نەبوون، دەیان کتێب لە نوکتەو قسەی خۆشی بەرهەمهێناوە.

## دروووســـــتکردنەوەی پــــردی زاخـــێ
## 1991/2/10

سەر چەمی زاخێ ئاوێکی زۆری پیادا دەهات ئەگەر لافاو هەستایە دەرفەتی پەڕینەوەی نـەدەدا، کاتی خۆی ئەو چەمە پردی لە سەر درووستکرا بوو بەڵام ڕژێمی عێراق ڕووخاندبووی، بەڵام پایەکانی مابوون.

مامۆستا جەمال بڕیاریدا پردەکە درووست بکەنەوە پێشمەرگەیان نارد بۆ بانە تەورو تەوراس و حەبلیان هێنا، ناوچەکە سپیداری زۆر بوو، هەشت سپی داریان بڕیەوەو بە شان گواستیانەوە بۆ نزیک پردەکە، بە (٢٠) پێشمەرگە ڕۆژی یەک داریان دەبڕی و دەیانبرد بۆ پردەکە، بە ماوەیەک پردەکەیان تەختە ڕێژ کردوو درووستیان کردەوە، لە ١٩٩١/٢/٢٥ پردەکە تەواو بوو.

بەیانی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ باران دەباری و لافاو هەستا بوو، پێشمەرگە بە سەر ئەو پردەدا پەڕینەوە لە کۆڕەودا خەڵکی کوردستان سوودی زۆریان لەو پردە بینی بۆ پەڕینەوە.

# ڕەتــــڵی شـــــاربازێڕی تــــــەخت
# مـــەفرەزەی (1) کـــامیل نـــوری
# (هەشـــــت)

وەکو تێکڕای ناوچەکانی دیکەی کوردستان، ناوچەی شاربازێڕی تەخت، بووە نواو لانەی پێشمەرگە پارتیزانەکانی (ی ن ک) دوای ڕێکخستنەوەو ڕیزبەندی کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێشمەرگە پارتیزانەکان هاتنە ناوچەکانیان بەشێک لەو مەفرەزانە هاتنە شاربازێڕی تەخت، کە یەکەم مەفرەزەی ڕەتڵەکە، مەفرەزەی ژمارە (١) بوو بە فەرماندەیی (کامیل نوری).

دوای دابینکردنی پێداویستیەکانی مەفرەزەکە لە پەیداکردنی دوو دووربینی شەوو ڕۆژ، جیهازو خواردن و کڕینی وڵاخێک بە نرخی (٢٥٠٠) دینار بۆ گواستنەوەی خواردەمەنی و کەلووپەلی مەفرەزەکە لە شەوی (١٧\١٨/٨/١٩٩٠) دا بەڕێکەوتن و هاتنە چاڵە خەزێنە، لەوێشەوە بۆ دێی (سیرین) لە ناوچەی سیوەیل، لەوێ پشوویاندا.

کۆڵە پشتی پێشمەرگەکان پڕ بوون لە نان و پێداویستی، هەر پێشمەرگەیەک (٢٠) کیلۆ ئارد لە کۆڵەکەیدا بوو، فەردەیەک برنج و ١٠٠ کیلۆ ئاردیان لە پشتی وڵاخەکە نابوو، سێ بێتەلیان پێبوو بۆ پەیوەندیکردن، (بێتەل)ێکی (١٢٠) پەیوەندی ڕاستەوخۆی لە گەڵ سوورێن دەبەست لەوێشەوە بۆ قاسمەڕەش.

دوای پشوودانێک لە سیرین دنیا بەرەو ڕووناکی دەڕۆیی، دەمەو بەیانیەکی ڕوون بوو کە سەیری سەر شاخەکانیانکرد، سەربازێکی زۆر لە سەر شاخەکاندا دەهاتنە خوارەوە، کاتی ئاڵوگۆڕیان بوو هێزیتر دەهاتە جێگەیان، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە مەفرەزەکە لە (سیرین) مانەوە شەوی دووەم کە دنیا تاریک داهات هاتنە چەمی زاخێ و کەوانە دۆڵ، ڕۆژی دوایش لە ناو (چرپە بی)[١٠] یەکان مانەوە، بیریان لەوە دەکردەوە لە چەمی زاخێ شوێنێک درووست بکەن جێگەی مەفرەزەکەی تیا بێتەوە کە لە (٨) پێشمەرگە پێکهاتبوو:

١- کامیل نوری فەرماندەی مەفرەزە

٢- بێستوون سنجەڵەیی

[١٠] چرپەبی، ئەو دار بیانەی لە گوێ چەمەکان دەڕوێن لەو ناوچەیە پێیان دەڵێن چرپەبی.

٣- فۆاد مەحمود
٤- عەبدوڵڵای حەمدی
٥- خالید بچکۆل
٦- حسێن
٧- هێرش بچکۆل
٨- یاسین واحید

مەفرەزەکە (پاچ و بێڵ) یان پێبوو لە ژێر زەویدا ژوورێکیان دروووستکرد زۆر بە ئاسانی جێگەی مەفرەزەکەی تیا دەبوەوە، (٣٠٠) مەتر لەولاترەوە ژوورێکی تریان درووست کرد بۆ شاردنەوەی خواردن و کەلووپەلەکان، تا ئەگەر شوێنی یەکەم ئاشکرا بوو، شوێنی شاردنەوەی خواردنەکان ئاشکرا نەبێت و پارێزراو بێت، خواردنەکانیان کردە بەرمیلەوەو لە زەویدا شاردیانەوە.

لە خوار چەمی ئاشی کەوانە دۆڵەوە شوێنێکی تریان درووستکرد جێگەی (١٠) کەسی تیا دەبوەوە، ژوورێکی تریشیان بۆ شاردنەوەی خواردەمەنی درووستکرد.

لە دۆڵی (تەمتەمان) نزیک (بێوری)[١١] لە دۆڵێکی چڕوو بەدار داپۆشراودا ژوورێکیان لە ژێر زەویدا درووست کرد جێگەی (١٠) کەسی تیا دەبوەوە، ژوورێکی خواردنیشیان لەوێ درووستکرد، چونکە بە نیاز بوون بەشی دووەمی مەفرەزەکە بێنە خوارەوە، تا جێگەو ڕێگەی ئەوانیش ببێتەوە.

دوای درووستکردن و هەڵکەندنی ئەو شوێنانە بۆ مانەوەی مەفرەزەکە، پێش هاتنی وەرزی سەرماو سۆڵە و گیرانی ڕێگەی سوورکێو دەبوو خواردەمەنیتر پەیدا بکەن تا پێی بگەنە وەرزی بەهار و خواردنیان لێنەبڕێت، ئەگەر بەفریش ڕێگەی هاتوچۆی بڕی.

تەنها جارێک نەبێت بەتالیۆن لە ڕێگەی (عەلی باڵخی) فەردەیەک برنجی بۆ ناردبوون، تێکڕای خواردن و کەلوپەلەکان خۆیان دەچوونە سنوورو دەیانگواستەوە بنکەکانیان، لە ماوەی مانەوەیاندا (١٥٠٠) کیلۆ ئاردو (٥٠٠) کیلۆ برنج و (٢٠٠) کیلۆ

[١١] بێوری دێیەکە لە ناحیەی سیوەیل- باسنێ- لە نێوان مرانە و گۆملێ دایە.

ڕۆن و(٣٠٠) پارچە خواردنی لە قتوو نراوو (١٠) تەنەکە نەوتیان گواستبوەوەو بە سەر بنکەکاندا دابەشیان کردبوو، دەچوونە هەر بنکەیەک پێداویستی تەواوی تیابوو، لە ڕۆن و خواردن و قاپ و قاچاخ، جەبار یاوەر لە سەر سنوور خواردەمەنی و کەلوپەلی بۆ مەفرەزەکان دابین دەکرد، مەفرەزەکانیش دەچوون دەیانگواستەوە بۆ بنکەکانیان.

## چەند چەکدارێك

بڕیاری سەرکردایەتی وابوو، هەر کەسێکیان لە پیاوانی ڕژێم بینی تەقەیان لێنەکەن، خۆیان لە شەڕ لابدەن، تەنها قسەیان لە گەڵ بکەن و دۆخەکەیان بۆ ڕوون بکەنەوەو بیانکەنە دۆست و هاوکاری خۆیان.

کامیل نوری و خالید بەیەکەوە دەرچوون بۆ گەڕان بە ناوچەکەدا بە دۆڵی (کەوانە دۆڵ) دا سەرکەوتن، خالید هەستی ڕاگرتبوو گوێی لە دەنگە دەنگ بوو، کامیلی ئاگادار کردەوەو لە جێگەی خۆیان دانیشتن و گوێیان هەڵخست لە ناو چرپە بییەکاندا دەنگە دەنگ دەهاتە گوێ، کامیل و خالید بە هێمنی لێیان نزیکبوونەوە سەیریانکرد چەند وڵاخێک لە بن چرپە بییەکاندا بەستراونەتەوە، خالید و کامیل مەسافەیان وەرگرت لە دوای یەکترەوە دەڕۆیشتن تا ئەگەر چەکدار بن و تووشی تەقەبن هەردووکیان نەکوژرێن، دەستیان لە سەر بەلە پیتکەی تفەنگ بوو لێیان نزیکبوونەوە (٥) کەس بوون، (٣) کەسیان کلاشینکۆف و حەفتاو پێنجی و دەمانچەیان پێبوو.

کامیل و خالید لایان گرنگ بوو ئەو چەکدارانە ببینن و قسەیان لە گەڵ بکەن، بەڵام دەبوو شێوازێک بدۆزنەوە چەکدارەکان نەتوانن تەقەیان لێبکەن.

بە بن چرپە بییەکاندا بن بی بە بن بی ڕۆیشتن تا گەیشتنە سەر سەریان، دایان لە میلی تفەنگ و ووتیان نەجوڵێن، لە شوێنی خۆتان بجوڵێن دەتانکوژین لە تفەنگەکان دووریان خستنەوە، تاقمەکانیان پێدانان، بردیاننە بن بییەکان، بەرانبەر یەکتر دانیشتن و دەستیان کرد بە قسە کردن، لێیانپرسین ئێوە کێن و چیدەکەن لێرە، چەکدارەکان ووتیان ئێمە جاشین و لەم سنوورە کار دەکەین و کەلوپەلی

قاچاخ دێنین، کامیلیش پێیوتن ئێمەش پێشمەرگەی پارتیزانین و لە قەرەداخەوە هاتووین کامیل بە نەرمی قسەی لە گەڵکردن و پێیووتن ئێمە نیەتی ئەوەمان نەبوو بەمشێوەیە بێینە لاتان، بەڵام دڵنیا بووین ئێوە ئێمەتان ببینیایە تەقەتان لێدەکردین، بۆیە بەمجۆرە هاتینە لاتان.

کامیل و خالید تفەنگەکانیان دایەوە چەکدارەکان و کەوتنە قسە کردن، جاشەکان چایان بۆ لێنان و گۆشتی قتوویان بۆ سوورکردنەوە، چەکدارەکان بەڵێنی هاوکاری پێشمەرگەیانداو بوونە دۆست، پاش چەند ڕۆژێک چەند قتوویەک شیری نیدۆو خواردنیان بۆ پێشمەرگەکان هێناو لە ناو دڕوویەک دایاننابوو، پێشمەرگەکانیش هەڵیانگرتەوەو سوودیان لێبینی دوای ماوەیەک (عەبەڕەق) چوبووە سلێمانی لە گەڕانەوەدا لە (شێراوێژە) تووشی ئەو چەکدارانە ببوو، عەبە ڕەق ووتبووی ئێوە وەرن بۆ لامان، جاشەکانیش ووتبوویان ئێمە پەیوەندیمان بە (کامیل نوری) یەوە هەیە ئەگەر کامیلتان لە گەڵە دێین ئەگەر نا لە ڕێگا بترازێن تەقەتان لێدەکەین (پاش ماوەیەک عەبەڕەق کامیلی بینیبوو ووتبووی ئەمانە چین، کامیل ووتبووی ئەوە جاشی منن).

کە مەفرەزەکە هاتنە خوارەوە کاک نەوشیروان پێیوتبوون دەبێت لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا لە بارودۆخی خۆتان ئاگادارمان بکەنەوە بەڵام لەو ماوەیەدا سەرقاڵی درووست کردنی شوێنی مانەوەو حەوانەوە بوون بێتەلەکەشیان تێکچووبوو، دەنگی بێتەلەکەی سوورێنیان دەبیست، بەڵام ئەوان گوێیان لە دەنگی ئەمان نەدەبوو.

دوای ماوەیەک لە مانەوەیان لە شارباژێڕ ڕاپۆرتێکی وردیان لە سەر دۆخی خۆیان و ڕەبیە و مۆڵگەکانی ڕژێم و چەکە قورسەکانی ڕژێم لە ناوچەکە نووسی، هەندێک جار دەچوونە نزیک ڕەبییەکان و سەربازەکانیان لێدیار بوو لە ڕاپۆرتەکەدا نووسیبوویان ئێمە بەردەوام دەبین لە مانەوە نەک ساڵ و دوو ساڵ، هەر چەند پێویست بکات.

کاک نەوشیروان وەڵامی ڕاپۆرتەکەی بە نامەیەک بۆ نووسیبوون، نامەکە گەیشتبووە دەستی شێخ ستار لە مەفرەزەی جەمال حاجی مامەندی.

کاک نەوشیروان بۆی نووسیبوون زۆر سوپاستان دەکەین ئێمە شانازیتان پێوە دەکەین، سوپاس بۆ خۆتان و مەفرەزەکەتان.

مەفرەزەکە هێندە خواردەمەنی و کەلو پەلیان لابوو پێشمەرگەکان دەیانوت ئەو هەموو خواردنە چی لێبکەین (کامیل)یش دەیوت بەشی سێ چوار ساڵ دەکات، دوای ئەوەش ئیتر پەیدا دەکەین.

## 45 کیلۆ هەنگوین
## 37 هەزار گوێز

جگە لە هێنانی خواردن و کەلووپەل لە سنوورەوە بۆ بنکەی پارتیزانەکان و دابینکردنی بژێوی مانەوەیان، ئەو پێشمەرگە لادێیانەی لە مەفرەزەکە بوون و شارەزای دۆزینەوەی مێش هەنگ و دەرهێنانی هەنگوین بوون دارەکانی ناوچەکەیان پشکنی و نۆ هەنگیان لە نۆ داردا دۆزیەوە کە تێکڕایان (٤٥) کیلۆ هەنگوینی هەبوو.

هەر لە شارباژێڕی تەخت و لەو شوێنانەی لێی دەمانەوە بە دارگوێزەکانی ناوچەکەوە (٣٥) هەزار گوێزیان تەکاندبوو، لە بنکەکانیان هەڵیانگرتبوو، بەیانیان بە چاوە دەیانخوارد.

## مەفرەزەی دووەم
## ناوەڕاستی مانگی (10) 1990

ناوەڕاستی مانگی (١٠) ی ساڵی ١٩٩٠ مەفرەزەی دووەم بۆ لای مەفرەزەی یەکەم هاتنە خوارەوە کە لە (٨) پێشمەرگە پێکهاتبوون:

١- خاڵە بەکر کەڵەکنی
٢- سۆران حامید
٣- هیوا ڕەش
٤- جەمال محەیدین
٥- شۆڕش عوسمان
٦- جوتیار
٧- خالق

٨- هیوا
دووبارە هێزەکە بە سەر دوو مەفرەزەدا دابەش کرایەوە بەم جۆرە:
کامیل نوری سەرپەرشتی هەر دوو مەفرەزەکەی دەکرد
+ **مەفرەزەی یەکەم**
بێستون سنجەڵیی فەرماندەی مەفرەزە
عەبدوڵلای حەمدی فەرماندەی مەفرەزەو بێتەلەوان
+ **مەفرەزەی دووەم**
خاڵە بەکر فەرماندەی مەفرەزە
جەمال محەیدین فەرماندەی مەفرەزە (دووەم)

## بـــــریندار بـوونی پێشـــمەرگەیەك

پێشتر مەفرەزەکەی کامیل نوری لە زەوی (تەمتەمان) لە دێی (بێوریێ) بنکەیەکیان درووستکردبوو جێگەی (١٠) کەسی تیا دەبـوەوە، کامیل چوبووە سەردانی مەفرەزەکەی خاڵە بەکر، فوادو یاسین و چەند پێشمەرگەیەکی لە شاخی (کاوان) لە ئاشی بارام جێهێشتبوو پێیوتبوون لێرەبن، تا دەگەڕێمەوە، شوێنێکی باشە دەیکەینە شوێنی حەوانەوە، بەڵام جمووجۆڵ مەکەن، چونکە ناوچەکە (مین)ی تیایە نابێ بەملاولادا بڕۆن.

یاسین لە شوێنەکەی جولاّ بوو (مین) ێکی پیا تەقیبوو قاچێکی بە سەختی بریندار کردبوو، خوێنێکی زۆری لە بەر ڕۆیشتبوو، دەمارەکانی قاچی پچڕاندبوو لە گەڵ هەر جووڵەیەکدا ئازاری زۆری پێدەگەیشت و لە هۆش خۆی دەچوو، خوێنەکەی هێندە زۆر بوو بە پێچان و لەفاف نەدەوەستا.

کامیل نوری فەرماندەی مەفرەزەکان گەڕایەوە لایان، لە هەوڵی ڕزگارکردنی یاسین دابوون، بردیانە سەرکانی و ئاوەکەی دۆڵی زاخێ و لە ژێر دارتویەک دایاننا.

مەفرەزەیەکی بەتالیۆنی (٧) هاتبوونە خوارەوە، دکتۆر وریا یاریدەدەری پزیشک بوو لە بەتالیۆنی (٧) ناردیان بە دوایدا چارەسەری یاسین بکات، قاچی یاسینیان لە قولاپەی پێیدا بە چەقۆ بڕیەوە، دەمارەکانی قاچی دەرکەوتن، باروتیان پیادەکرد

تا یەک بگرنەوەو بۆیان بەست، خوێن لێبەربوونی وەستا، خاڵە بەکرو چەند پێشمەرگەیەک بردیانەوە سەر سنوورو ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا.

## دووبـــــارە مـــین

لە مانگی (١١)ی ساڵی ١٩٩٠ خالیدە بچکۆل (مین)ێکی پیا تەقی، کامیل چوبووە بێوری، خالیدو فوادی لە کەوانە دۆڵ جێهێشتبوو، چەند ڕۆژێکیان پێچوو گەڕانەوە کەوانە دۆڵ، نزیک بنکەکە بوونەوە باڵندە کێویەکان هەڵدەفڕین، دڵیان هەواڵیدا شتێک ڕوویداوە، بنکەکە کەسی لێنییە بۆیە ئەم باڵندانە هەڵدەفڕن.

چوونە بنکەکەو بە دەورووبەریدا گەڕان، خوێن و لەفافی خوێناوی لە سەر زەوی و بەردەکان کەوتبوون، نامەیەک سەرنجی ڕاکێشان لە جێگەیەک دانرابوو تا بەرچاو بێ و ببینرێت، نامەکەیان کردەوە فواد نووسیبووی (کاک کامیل دوای ڕۆیشتنی تۆ خالید چەند کیلۆ مەترێک لێمان دوورکەوتەوە (مین)ێکی پیاتەقیەوەو قاچێکی لە دەستدا، ئێمەش لە ڕێگەی مێشەرۆوە خالیدمان بردەوە ئێران).

## نـــــوکتەو قســـەی خـــۆش

ژیانی پێشمەرگایەتی و پارتیزانی چەندە سەخت و ناخۆش بێ بەدەر نیە لە قسەی خۆش و پێکەنین.

١/ مەفرەزەکە نەوتێکی زۆریان هێنابوو، تەنەکەیەکیان لێیدەچوو، کونی بچوکی تێببوو، کامیل نوری، بێستون سنجەڵێی نارد بچێت بەرمیلێک بدۆزێتەوە تا نەوتەکەی تێبکەن و نەڕژێت.

بێستون سەر بەرەو خوار ڕۆیشت و گەڕایەوەو ووتی بەرمیلێکمان دۆزیەوە، کامیل پرسی ئەی بۆ نەتانهێنا، بێستون وتی بۆمان نەهات، کامیل پرسی بۆ بۆتان نەهات، بێستون وەڵامی دایەوە (لە بەر ئەوەی پڕ بوو لە نەوت).

٢/ بێستون سەرەو ژێر ڕۆیشتبوو، لە گەڕانەوەدا ووتبووی کامیل نوری چواللویەکم[١٢] کوشت، کامیل ووتبووی ئەی من نەموت تەقە مەکەن، بێستون بۆ

[١٢] چواللو جۆرە گیاندارێکە گۆشتی دەخورێت.

توڕەبوونی کامیل ووتبووی ئیتر کوشتمان، کامیل توڕە ببوو، بێستون ووتبوی توڕە مەبە بە بەرد کوشتم.

٣/ فواد و پێشمەرگەکان نانیان دەکرد، کامیلیش دەیوت دەست بە خواردنەوە بگرن تا بەشمان بکات، بە پێی پێویست خواردن درووست بکەن، فواد گونکی گەورەی کردبوو، کامیل ووتبووی فواد ئەم گونکانە زۆر گەورەن کەی نان وا گەورەیە فواد وتبووی کە گونکەکانمان بڕی گەورە بوون، ئێوارە برنجیان لێنابوو زیادیان لێنابوو، کامیل ووتبووی فواد ئەم برنجە زۆرە نەموت زۆر لێمەنێن، فوادیش وتبووی بڵێم چی خۆ ناشکرێ بڵێم ئەویش گونکەکەی گەورە بوو.

٤/ پێشمەرگەکان جارجار دەڕۆیشتن دەیانوت ئەم ئێوارەیە دەکەینە جەژن ماسیان دەکوشت و دەبرژاند.

٥/ ڕۆژێک چوبوونە سەر شاخ تا پاچ و خاکەنازێک بدۆزنەوە ڕەبییە کۆنێکی لێبوو، بە ناو ڕەبییەکە گەڕابوون کە گەڕابوونەوە ووتبوویان بایەعیشمان وەرگرت، پرسیان بایەعی چی، ووتیان ئەوە چوار کیلۆ نۆک، سێ کیلۆ نیسک، چوار کیلۆ چا، خواردنێکی زۆری لە پاکەت نراویان هێنابوو.

## بـــــــەرەو ڕاپـــــــەڕین

مامۆستا جەمال نامەیەکی بۆ کامیل نووسیبوو، بچن بە دوایاندا ئەوانیش دەیانەوێ بێنە

خوارەوە، کامیل و چەند پێشمەرگەیەک چوون بە دوایاندا هێنایاننە چەمی زاخێ تێکڕای مەفرەزەکە لەوێ کۆبوونەوە.

لە مەفرەزەکەی جەمال حاجی مامەندی (حەمە شوکەیی) (مین) ی پیا تەقی و قاچێکی لە دەستدا بردیانەوە بلەکێ ١٩٩١/٣/٧ بەڕێکەوتن، بەرە بەیانی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٨ لە گۆیژەوە هاتنە ناو سلێمانی.



## مـــــــــەفرەزەی (2)ی شـــــاربازێڕی تـــــەخت بە فـــــەرماندەیی جـــــەمال حـــاجی مـــــــامەندی نــــاوەڕاستی مـــانگی (9)ی 1990 چــــــوار (نـــــۆ)

سەرکردایەتی (ی ن ک) لە سەر سنوور هێزەکانی ڕێکخستنەوە بە سەر سێ یەکەدا دابەشیکردن، پارتیزان، بەتالیۆن، یەدەک.

١٩٩٠/٦/١٦ نەوشیروان مستەفا، عومەر فەتاح، فەرەیدون عەبدولقادر، عەبدولڕەزاق، قادر حاجی عەلی، مام ڕۆستەم، حاکم عومەر، کۆبوونەوەیەکیان لە گەڵ هێزی پێشمەرگە لە مەڵبەندی دوو ئەنجامدا.

لە کۆبوونەوەکەدا باس لە سەر لە نوێ ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرا، هێزەکان کران بە سێ بەشەوە، پارتیزانەکان جیاکرانەوەو دیاریکران، مەشقی هەمە جۆریان پێکراو خولی تایبەتیان بۆ کرایەوە، بە پێی ناوچەو شارەکان دابەشکران و هاتنە خوارەوە بۆ ئەو شوێن و ناوچانەی بۆیان دیاریکرابوو.

مەفرەزەی دووەمی شاربازێڕی تەخت، لە شەش پێشمەرگە پێکهاتبوو، بە فەرماندەیی جەمال حاجی مامەندی هاتنە شاربازێڕی سەخت و لە ناوچەکە جێگیر بوون.

شەوی ١٣\١٩٩٠/٩/١٤ مەفرەزەکە هاتنە زەڵێ، پارەیان بۆ دابینکرابوو بۆ کڕینی پێداویستیەکانیان، هێستریکیان بۆ گواستنەوەی پێداویستیەکانیان کڕی، تەشتێک بۆ هەویر شێلان، تەنەکەیەک نەوت، برنج و فاسۆلیا و جۆرەکانی خواردن، لە (بلەکێ)وە خواردن و کەلوپەلەکانیان گواستەوە کەنەسورە، مێشەرۆ، سیاگوێز، قوسامەینەیی، سورەبان، چۆڕک، چەمی زاخێ کە مەفرەزەی یەکەمی پارتیزانەکانی شاربازێڕی تەختی لێبوو بە سەرپەرشتی کامیل نوری.

**ناوی مەفرەزەی دووەم**

١- جەمال محەیدین سەعید (جەمال حاجی مامەندی)

٢- محەمەد مەجید مستەفا (حەمە شوکەیی)

٣- نەوزاد کەریم عەلی

٤- ستار عارف مەعروف (شێخ ستار)
٥- هێرش محەیدین (شازین) گەڕایەوە بلەکێ
٦- یاسین ئەحمەد مستەفا
٧- جەبار قادر سەعید (وەستا جەبار)

مەفرەزەکە چەند ڕۆژێک لە چەمی زاخێ مانەوە، دواتر بە چاوساغی مەفرەزەکەی کامیل نوری هاتن، لە دێی ڕەشکی هێسترەکەیان کەوتە گۆمە ئاوێکەوە، دوو فەردە برنج و شەکرو چاکەیان تەڕ بوو، خواردنەکەیان دەرهێناو هەڵیانخست، بۆیە بەیانی کە هەستان لە خەو فەردەکان هاوسا بوون، ببوونە (١٠٠) کیلۆ، خواردنەکان تێکچوبوون ئەوەی کەڵکی مابوو بە پشتی هێسترەکە گواستیانەوە خوار چەمی کەوانە دۆڵ، شەوێک لە چەمی کەوانە دۆڵ مانەوە، بۆ ڕۆژی دوایی چوونە نێوان دێی گردە کەروێشک و کانی بەن، لە خوار گردە کەروێشک شوێنێکی لێبوو هەمووی (تەربی و تەرو بوو)[١٣] لە ناو ئەو تەرووەدا هەفتەیەک مانەوە، جۆگەلە ئاوێک لە نزیکیان بوو، تا شوێنێکیان دۆزیەوە کردیانە بنکەی سەرەکی.

لە نێوان کانی بەن و گردە کەروێشک لە پشتی جادەکە دەشتاییەک هەبوو چوار دەوری (مین) بوو پێشمەرگەکان (مین)ەکانیان هەڵگرتەوە چوونە قوڵایی زەویەکە، بە پاچ و بێڵ زەویەکەیان هەڵکەند، لە ماوەی مانگێکدا ژوورێکی (٤-٥) یان دروستکرد لە ژێر زەویدا، دەمی دەرگاکەی تەنها کونێکی بچوک بوو بۆ هاتوچۆ، سەربانەکەشی لە ئاستی زەویەکەدا بوو بۆیە بە هیچ جۆرێک نەدەبینرا لە نێو ماڵە دەوەنێک دا[١٤] بوو، لە ئەنجامی ڕاگواستن ونەبوونی ئاوەدانی، دەوەنەکان نەبڕدرا بوون بۆیە گەورە ببوون و ببوونە دار، سەرچاوەیەکی ئاو (کانی و کارێز، لە پشتیانەوە بوو، دەوروبەری بنکەکە هەمووی ئەڵغامی کەسی و دەبابە و ڤالمارا بوو کەس نەیدەتوانی بچێتە سەری، تەنها کەتیبەی ئەندازە یان خەڵکی شارەزاو پسپۆڕ نەبێت، مەفرەزەکە خولی (مین)یان بینیبوو، توانیان مینەکان هەڵگرنەوەو لە

[١٣] تەربی و تەرو وەکو داری بی وایە بەڵام باڵای بچوکە و گەڵاکانیشی بچوکن، چڕن و سەربە سەریەکدا دەکەن، مرۆڤ دەتوانێ خۆی تیا حەشار بدات

[١٤] کورد لە مێژە وتویەتی هەر دەوەنەو دەبێ بەدار، ئەو دەوەنانەش ببوونە دارو چەپەرو تەیمان بۆ پێشمەرگە

شوێنی خۆیان دایاننێنەوە.

هەر پێشمەرگەیەکی مەفرەزەکە، کۆڵەپشت، داوودەرمان، (دەرزی و حەب) یان پێبوو، تێکڕای مەفرەزەکەش دووربین و (بێتەل) و ڕادیۆیان پێبوو.

شێخ ستارو پێشمەرگەیەک بەردەوام لە ڕێگەی مێشەرۆوە دەچوونە بلەکێ بۆ هێنانی خواردن و کەلوو پەل بنکەی پێشمەرگەکان لە نزیک چاڵە خەزێنەو لە نزیک قەزای چوارتا، ناوچەی سەرخوارو زەلان بوو.

لە بلەکێ بارەگای هێزی پێشمەرگەی لێبوو، لەوێوە پێداویستیەکانیان دەناردە مێشەڕۆ و شێخ ستار و پێشمەرگەیەک لە مەفرەزەکە دوو کەسی دەچوونە مێشەرۆ بۆ هێنانی کەلووپەلەکان، هەندێک جاریش لە گەڵ مەفرەزەکەی کامیل نوری یەکیان دەگرت و بە یەکەوە دەڕۆیشتن بۆ ڕۆژی دوایی دەچوونە مێشەرۆو شەوی دواتر دەگەڕانەوە بنکەکانیان مەفرەزەی سێهەمی ڕەتڵەکە بە فەرماندەیی سەرکەوت حەسەن بوو کە دواتر کرایە (لێپرسراوی ڕەتڵی شارباژێڕی تەخت) مەفرەزەکەی جەمال حاجی مامەندی و کامیل نوری و سەرکەوت حەسەن هەندێک جار یەکیاندەگرت و بە دێهاتەکاندا دەگەڕان، ڕەوش و بارودۆخی ناوچەکەیان دەگەیاندە سەرکردایەتی، نەوشیروان مستەفا، شێردڵ حەوێزی، ڕاپۆرتەکانیان دەخوێندەوەو زانیاریەکانیان تاووتوێ دەکرد کە لە لایەن مەفرەزەکانەوە دەدرانە سەرکردایەتی لە سەر بارودۆخی ناوچەکان و بوونی بنکەو بارەگاکانی هێزەکانی داگیرکەری بەعس لە جاش و سوپا.

لە شارباژێڕی تەخت جگە لە ناوچە بەرزەکان کە ڕەبیەی داگیرکەری لێبوو، بارەگاو مۆڵگەکان چۆلکرابوون، بەڵام بەشێکی زۆر مین و تەقەمەنی و بەتانی و نەوت و کەلوپەلی هەمە جۆریان لێجێمابوو، پێشمەرگە سوودیان لەوانەش دەبینی.

## کـــــارو چـــــالاکی مـــــەفرەزەکە

مەفرەزەکە بەردەوام بە ناوچەکەدا دەگەڕان، دەهاتنە دۆڵی گەڵاڵ، حاجی مامەند، خانووە قوڕەکان، پەرخ و بیوەک و سیانزارو باساک و نزیک بەرزنجە، ناوچەکە بە گشتی چۆڵکرابوو، بەڵام لە دەشتی زەڵێی ناحیەی بەرزنجە سەربازگەیەکی گەورەی لێمابوو، ڕێگەیەک لە بەرزنجەوە دەچووە چنارەو زلزڵە و ڕەزڵە و لەوێوە دەچووە ناڵپارێز، لە ساڵی ١٩٨٨ سوپای عێراق دروستیکردبوو، چەند جارێک ئۆتۆمبێلی سەربازی دەبینرا لەو ڕێگایە هاتووچۆیان دەکرد.

دوای گەڕانەوەیان لەو سنوورە چوونە خانووە قوڕەکان لە خوار حاجی مامەند، هەندێک خەڵکی ناسیاوو دۆستیان بینی، حاجی سەعیدی خانووە قوڕەکان لە گەڵ سەلام و نەوزادی شێخ عەبدوڵڵا حاجی مامەندی لە دوای ئەو دیدارەوە سەلام و نەوزاد بوونە هاوکارو پاڵپشتی پارتیزانەکانی شارباژێڕو چەند جارێک هاوکاری و پێداویستیان گەیاندە مەفرەزەکە.

## شـــــەهید بـــوونی یـــــاسین

وەرزی زستان نزیک ببوەوە، مەفرەزەکە چوونە سەر شاخی سەرکوک لە پشتی حاجی مامەند ژوورێکی تر دروستبکەن، دەستیان بە دروستکردنی ژوورەکە کرد بەڵام تەواو نەبوو، ئێوارە بۆ پشوودان گەڕانەوە بنکەکە، شوێنێکی سەرەو لێژ بوو، لە کاتی هاتنە خوارەوە لە سەر شاخ مینێک بە (یاسین ئەحمەد دۆڵ پەمویی) دا تەقیەوەو هەر لە جێدا شەهید بوو، لەوێ بە خاکیان سپارد.

شاخی سەرکوکی حاجی مامەند لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە ڕەبییەی دوژمنی لێبوو، دوای جێهێشتنی ڕەبییەکە (مین) ێکی زۆر لە شاخەکە جێمابوو.

## خـــــەونەکەی شـــێخ ســـــتار

یاسین کادیری کۆمەڵە بوو لە تیپی (٥٥)ی قەرەداخ لەو کاتەی هێزی تایبەت درووست بوو هاتە مەفرەزەی دووەمی شارباژێڕی تەخت، لە گەڵ جەمال حاجی مامەندی مایەوە.

شەوی پێش شەهید بوونی یاسین، شێخ ستار لە خەودا پێیوتبوو مامۆستا یاسین چییە ئەوەنە دڵخۆش و کەیف خۆشیت، یاسینیش ووتبووی کاکە تۆ ئاگات لە چییە باوکم ژنم بۆ دەهێنێ، شایی دەکەم.

بۆ ڕۆژی دوایی شێخ ستار لە میشەرۆوە هاتەوە لای نەوزاد، هەموویان مەلول و بێتاقەت بوون، شێخ ستار لێیپرسین چی ڕوویداوە، ووتیان یاسین شەهید بووە.

## وڵاخـــــێکی شـــارەزا

لە میشەرۆوە دەهاتنەوە بنکەکەی خۆیان بۆ نێوان گردە کەروێشک و کانی بەن، شەوێکی تاریکی پاییز بوو، وردە باران دەباری و زەوی تەڕ دەکرد چاو چاوی نەدەبینی، شێخ ستار لە گەڵ وڵاخەکە بوو ڕێگەکەی لێتێکچووبوو، لە گەڵ مەفرەزەکەی کامیل نوری بەیەکەوە بوون، لە قازیاوا لە یەکتری جیابوونەوە، ئەوان گەڕانەوە چەمی زاخێ و شێخ ستاریش گەڕایەوە گردەکەروێشک و کانی بەن.

شێخ ستار[15] ڕێگەکەی لێتێکچوبوو نەیدەزانی ڕێگا بەرێتەوە سەر بنکەکەی خۆیان، ناچار ڕەشمەی وڵاخەکەی کردەوە ملی  وڵاخەکەو خۆی دوای وڵاخەکە کەوت تا ئەو شوێنەی بنکەکەی لێبوو، هێسترەکە دەستیکرد بە سمکۆڵ کردن و ملۆمۆش، شارەزایانە چووە سەر دەرگاو زالکی بنکەکە و شێخ ستاریشی گەیاندەوە.

جارێکیتر لە کاتی گەڕانەوە لە میشەرۆ لە دێی (قوسامەنێی) دەرچوون بەرەو سوورەبان، کەوتنە ناو بۆسەی جاش و سوپاوە، وڵاخەکە باری پێوە بوو لە دەستیان ڕۆیی، جاش و سوپاش بۆیان نەگیرا، بە بارەوە چووەوە سەر بنکەی پێشمەرگەکان.

## نـــــزیکبوونەوە لە ڕاپـــەڕین

پەیوەندی بەردەوام لە نێوان هەر سێ مەفرەزەکە هەبوو، بە بێتەل پەیوەندیان دەکرد، سەرکەوت حەسەن لێپرسراوی ڕەتلی شارباژێری تەخت، بەردەوام لە گەڵ سەرکردایەتی لە پەیوەندیدابوو.

---

[15] جەمال حاجی مامەندی سەرپەرشتی مەفرەزەکەو دروستکردنی شوێنی مانەوەی دەکرد، شێخ ستاریش لە گەڵ پێشمەرگەیەک سەرپەرشتی هێنانی خواردن و کەلوپەلی دەکرد.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٦ سەرکەوت حەسەن مەفرەزەکەی ئاگادار کردەوە خۆتان ئامادە بکەن دەڕۆینە ناو شار، هەر پێشمەرگەیەش کۆڵە پشت و خواردنی خۆی بهێنێ، بەیانی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ کەمێک بەفر باریبوو، هەستان لە خەو دەستیان کرد بە هەویر شێلان، هەر مەفرەزەیەک بۆ خۆی کولیچەی درووستکرد.

ڕەتڵی پارتیزانەکانی شاربازێڕی تەخت لە گەڵ هەڤاڵانی بەتالیۆنی (٧) یەکیان گرتەوەو

هاتنە نۆدێ و گورگەیەر بۆ کانی گەورە، لە داری حسکەوە سەرکەوتنە پشتی وێڵەیەر، ئەو شەوە مەفرەزەکەی جەمال حاجی مامەندی چوونە ئەشکەوتێک لە پشتی قرگە تا دەمەو بەیان لە ناو ئەشکەوتەکەدا مانەوە، پێش ڕۆژهەڵاتن گەڕانەوە سەرەوە پێشمەرگەکانی تریش هاتبوونە سەر شاخی گۆیژە.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٨ لە ناو سنەوبەرەکانی گۆیژەوە هاتنە ناو شار جەماوەر بە خواردن و گوڵباران پێشوازیان لێکردن، دواتر چوونە ئەمنە سوورەکەو لەوێ سەرکەوت حەسەن بریندار بوو گوللەیەک بەر قاچی کەوت.

## مـــــەفرەزەی (3) ســــــەرکەوت حــــــەسەن
## (دە)

سەرەتای مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٩٠ لە قاسمە ڕەشەوە هاتنە (بلەکێ) دوو ڕۆژ لە (بلەکێ مانەوە، جەزا پوشێنی و کاوە کەوڵۆسی و بەکر عەبدوڵڵا چاوساغی مەفرەزەکە بوون لە بلەکێ هاتنە قۆخێ حاجی مەحمود لەوێشەوە بۆ نەڵەسوو کەریم سەنگاوی پێشمەرگەی مەفرەزەکە لە قۆخی حاجی مەحمود مایەوە تا ڕۆژی دواتر خواردن و کەلووپەلەکانیان بە پشتی وڵاخدا بۆ بگوازێتەوە.

### شەوی یەکەم

**(١)**

مەفرەزەکە لە قۆخی حاجی مەحمود بەڕێکەوتن بۆ نەڵەسوو مانگە شەوێکی خۆشبوو، سەرکەوت حەسەن فەرماندەی مەفرەزەکە پێیوتن پشوویەک دەدەین ئەوسا بەڕێدەکەوین بۆ شوێنی خۆمان.

بەکر عەبدوڵڵا لە گەڵ مەفرەزەکە هاتبووە خوارەوەو دواتر گەڕایەوە بلەکێ، بە پێشمەرگەکانی ووت بۆنی پرتەقاڵ دەکەم ووتیان پرتەقاڵی چی لەم شاخ و کێوە، دەستیان بە دەورووبەری خۆیاندا گێڕا توێکڵی پرتەقاڵیان دۆزیەوە.

**(٢)**

بۆنی پرتەقاڵ و دۆزینەوەی توێکڵەکەی ئەوەی نیشاندەدا خەڵک لە ناوچەکەدا هەیە، مەفرەزەکە جووڵەیان کرد لە نەڵەسوو بەرەو بارێ هاتن، تا گوێ هەڵخەن و زانیاری لە سەر ناوچەکە دەست بخەن.

**(٣)**

دەنگی سەگوەڕ لە دوورەوە دەهاتە گوێ، ڕژێم کێوماڵی ناوچەکەی دەست پێکردبوو، لە بارێی گەورەو بارێی بچوک هێزێکی زۆری مۆڵدابوو.

سەرکەوت حەسەن جەزا پوشێنی و عەلی سۆیبەی نارد ڕێگە تاقیبکەنەوە تا بزانن چی هەیە، جەزاو عەلی دووربینی شەویان پێبوو، تەماشایانکرد سەربازەکان ئاگریان کردبوەوە لە چواردەوری ئاگرەکەدا خەوتبوون پاسەوانیان هەبوو، عەلی و جەزا گەڕانەوە لای سەرکەوت حەسەن و لە دۆخەکە ئاگاداریان کردەوە، کاک

سەرکەوت بڕیاریدا بگەڕێنەوە قۆخی حاجی مەحمود، شارەزاکان لە یەک لاوە شارەزای ناوچەکە بوون بۆیە نەیانتوانی ئەو شەوە لە ناوچەکە دەرباز بن، لە قۆخی حاجی مەحمود (ڕزگارو باقی) یان جێهێشت و گەڕانەوە بلەکێ، بۆ شەوی دواتر گەڕانەوە.

**(٤)**

بۆ شەوی دووەم سەلاحی لیوا عشرین و جەزا پوشێنی و وەستا عەبدول لە گەڵ مەفرەزەکە گەڕانەوەو گەیاندیاننە ئەشکەوتی زاخێ، ماوەیەک لەوێ مانەوە، صلاح و جەزاو وەستا عەبدول گەڕانەوە بلەکێ، سەرکەوت حەسەن مەفرەزەکەی ڕاسپارد شوێنی مانەوە لە دێی (توتکان) درووست بکەن، بە پاچ و بێڵ ژێر زەمینێکی هەشت مەتر درێژو سێ مەتر پانیان درووستکرد.

**ناوی مەفرەزەکە**

١- سەرکەوت حەسەن، فەرماندەی مەفرەزەو لێپرسراوی ڕەتڵی شارباژێڕی تەخت.

٢- ڕزگار حەمەی کاشی

٣- عەلی ئەمین ڕەسوڵ (عەلی سۆیبە)

٤- لەتیف محەمەد مەحمود (هەڵۆ)

٥- باقی عەلی عەبدول

٦- کەریم حەسەن

٧- دلێر ڕەفیق دەرەویانی

٨- ئیسماعیل

مەفرەزەکەی سەرکەوت حەسەن بنکەی سەرەکیان لە توتکان بوو، شوێنی شاردنەوەی خواردەمەنیەکان لە دیوی (مەڵکەتێن) بوو، مەسافەیەک لە بنکەکەوە دوور بوو، عەلی باڵخی لە (بلەکێ) وە خواردنی بۆ دەهێنانە ئەشکەوتی زاخێ، مەفرەزەکەش دەچوون دەیانهێنایە (توتکان) جگە لە هێنانی خواردەمەنی لە (بلەکێ) وە سوودیان لە خواردنی بەجێماوی سەربازگەکانیش دەبینی لە دوای داگیرکردنی

کوەیت لە لایەن عێراقەوە لە شاخی سورکێوەوە تا سەرسیر چۆڵکرابوو، خواردن و کەلووپەلی زۆریـان جێهێشتبوو، لە گەڵ کۆکردنەوەی کەلووپەل و خۆراکی بەجێماوی سەربازگەکان و ئەو خۆراکانەشی کە لە (بلەکێ) وە بۆیان دەهات، سەرقاڵی تەکاندن و کۆکردنەوەی دارگوێزەکانی ناوچەکە بوون.

مەفرەزەکەی سەرکەوت حەسەن نزیکەی (١٥) هەزار گوێزیان کۆکردبووەوە، مەفرەزەکەی کامیل نوری (٣٥) هەزار گوێزو (٤٥) کیلۆ هەنگوینیان لە (٩) داردا دەرهێنابوو، کە ئەوەش سەرچاوەیەکی گرنگ بوو بۆ بەڕێوەچونی مەفرەزەکان.

## گـــــەڕان بە گـــورگەیەرو نـــــۆدێ دا

سەرکەوت حەسەن، خاڵە بەکر، جەمال سیتەکی و عەلی سۆیبەو ڕزگار لە گورگەیەرو گەڕەدێ و نۆدێ، چوونە باراو.

ئابلۆقەی ئابوری لە سەر عێراق بوو بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە خەریکی بازرگانی سەر سنوورو بەشێکیش سەرقاڵی زەوی و زارو کشتوکاڵ و کێڵانی زەویەکانیان بوون لە ناوچەکەدا، چەند سەربازێکی ڕاکردوو لە چنگیان بوون مەفرەزەکە بینینیانن و قسەیان لە گەڵ کردن، کە شەو داهات لە پشتی گورگەیەر هاتنە خوار بچن بۆ گەڕەدێ، لە نێوان گەڕەدێ و کانی سارد چەند تراکتۆرێک خەریکی جووت کردن بوون.

پێشمەرگەکان لە ناو کانی ساردا بوون، خاوەن زەویەکانیش چەکدار (جاش) بوون لە ناو کانی سارد بوون، پێشمەرگەکانیان دەنگدا، ڕێگەیان نـەدەدا بڕۆن دوای ئەوەی جەمال سیتەکی خۆی پێناساندن یەکتریان ناسی و پێشمەرگەکان چوونە لایان، چەکدارەکان چایان بۆ دەم کردن و نانیان بۆ دانان، دوای پشوویەک ماڵاواییان کرد، شەو لە بناری کەتووی بچووک، لە کەلاوەکانی (هەرمن) مانەوە، بۆ بەیانی لە چەمەکەیانداو چوونە ئەو بەر، دوای پەڕینەوەی مەفرەزەکە لە بەندەنی مووبڕەوە تا سەرسیر، هێزەکانی داگیرکەر کێوماڵی ناوچەکەیان دەستپێکرد.

## بــــــەرەو پـــــاڕەزان

سەرکەوت حەسەن و جەمال سیتەکی بەرەو پاڕەزان ڕۆیشتن تا لەوێوە بچنە لای مەفرەزەکەی جەمال حاجی مامەندی و کامیل نوری و بە سەریان بکەنەوەو لە دۆخی ناوچەکە ئاگاداربن.

کاک سەرکەوت ڕێنمایی پێشمەرگەکانی کرد لە شوێنی خۆیان نەجوڵێن، لە بنکەی توتکان بمێننەوە، ئەملاو لا نەکەن چونکە ناوچەکە پڕە لە (مین) ڕژێم سەربازگەو ڕێگاکانی ناوچەکەی چۆڵ کردبوو، بەڵام هێندەی سەربازی سەربازگەکان، (مین) ی هەمە جۆری لە ناوچەکە جێهێشتبوو.

## بـــــریندار بوونی عــــەلی ســــۆیبە

هێشتا کاک سەرکەوت و جەمال سیتەکی لە ڕێگا بوون نەوزاد لە مەفرەزەکەی جەمال حاجی مامەندی و بێستون سنجەڵەیی بە سەردان هاتنە لایان بۆ (توتکان) لەوێش تەگبیری ئەوەیانکرد بچنە بەندەنی مووبڕەو مامەخەلان، هەندێک فیشەک و تەقەمەنی پاشماوەی جێماوی سەربازگەکان کۆبکەنەوە لە شوێنێکدا بیشارنەوە، پێشمەرگەکان گەیشتنە بەندەنی مووبڕە زیاد لە (٧٠) هەزار فیشەکیان لە سەربازگەکان کۆکردەوەو لە ژێر خاکدا شاردیانەوە.

ئەو شەوە لە پشتی مووبڕە و مامە خەلان مانەوە، بۆ بەیانی هەستان لە خەو نانیان خواردو خۆیان کۆکردەوە بێنەوە بنکەکەیان لە (توتکان) کاتژمێر (٩) ی سەرلە بەیانی عەلی سۆیبە[١٦] بە سەر مینێکدا کەوت و قاچێکی لە دەستدا لە ناو سەربازگە چۆڵەکاندا نەقالەی لێبوو، (عەلی) یان خستە سەر نەقالەکە دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیاندیانە توتکان، لە ڕێگەی (بێتەل) پەیوەندیان بە کاک سەرکەوتەوە کردوو گەڕایەوە لایان، ئەو شەوە (عەلی) یان گەیاندە بلەکێ، ڕۆژی ١٩٩٠/١٢/١٧ گەیاندیانە نەخۆشخانەی بانە.

[١٦] پێش بریندار بونی عەلی، باقی و عەلی نەقالەیەکیان دۆزیبوەوە بەتانیەکیان خستبووە ناو نەقالەکە و خستبویانە سەر شانیان، عەلی وتبوی ئەوە دلێر دەرەمیانیی تیایە قاچێکی قرتاوە و دەیبەینە ئێران عەلی دەیوت دلێر گیان خۆت ڕاگرە هێندە نەماوە بگەینە ئێران دوو ڕۆژ دوای ئەو شانۆگەرییە عەلی (مین)ێکی پیا تەقی و قاچێکی لە دەستدا دلێریش چوبووە سەر سەری عەلی و دەیوت خۆت ڕاگرە هێندەی نەماوە بگەین عەلی ئازاری قاچی هەبوو بە دلێری دەوت دە بڕۆ...... کەی کاتی ئەوەیە.

دوای بریندار بوونی عەلی، کاک سەرکەوت بە نیاز بوو سەردانی پارتیزانەکانی شارباژێڕی سەخت بکەن لە ناوچەکانی کەنارو دێگەڵ و سەراو، چوار دەورووی ڕێگەکانی بنکەی (توتکان) یان (مین) ڕێژ کرد تا کەس نەتوانێ بچێتە سەر بنکەکە، کاک سەرکەوت چاوەڕوانی جەمال حاجی مامەندی دەکرد تا بە یەکەوە بڕۆنە شارباژێڕی سەخت.

دوو ڕێگا دەهاتە سـەر بنکەکەی (توتکان) ڕێگایەک لە سـەرەوە لە ئاستی مەڵکەتێنەوە، ڕێگایەکیش لە خوارەوە لە سەر چەمی گەورەوە، کاک سەرکەوت بە جەمال حاجی مامەندی ووتبوو لە ڕێگای سەرەوە وەرن، ئەوان لە ڕێگەی خوارەوە لە چەمی گەورەوە هاتبوون.

کاک سەرکەوت چاوەڕێی مەفرەزەکەی جەمال حاجی مامەندی بوو بگەنە لایان، دەنگی تەقینەوەی (مین)ێک لە دوورەوە هاتە گوێ، برادەرانی لای کاک سەرکەوت چوون بە پیر دەنگەکەوە، کە گەیشتنە لایان حەمە شوکەیی (مین)ی پیا تەقیبوو لە قولە پێیدا قاچی قرتابوو، حەمە شووکەییان خستە سەر نەقالەیەک و بردیانە ئێران، جەمال حاجی مامەندی و دلێر دەرەویانی و ژمارەیەک پێشمەرگەیتر لە گەڵیدا ڕۆیشتن، جگە لە نەقالە هێستریکیان پێبوو جار جار دەیانخستنە سەر هێستر.

بە شاخی سورکێودا سەرکەوتن تا ئاو دیوی ئێران بن و بگەنە بلەکێ، سوورکێو بەفر دایپۆشیبوو، بەفرو زریان هەراسانی کردبوون، هێستر نەیدەتوانی بڕوات، لە بەفردا چەقیبوو، پێشمەرگەکان بەفر هاتبووە ناو قەدیان بەفرو زریان و ڕەشەباو تەم ڕێگەی لێونکردن بەردەمی خۆیان نەدەبینی، بەرەو ئاڕاستەی بلەکێ ڕۆیشتن، حەمە شووکەیی بێزار ببوو بە پێشمەرگەکانی ووت جێمبێڵن با ئێوەش بە هۆی منەوە تیا نەچن پێشمەرگەکان ماندوو هیلاکی ڕێگە بوون بەفری زستانی سوورکێوو زریان و ڕەشەبا بڕستی لێبڕیبوون.

جەمال حاجی مامەندی بە پێشمەرگەکانی ووت کێ دەتوانێ تەقە بکات یان پارچە پەڕۆیەک بسووتێنێ و بـەرزی بکاتەوە تا پێشمەرگە لە (بلەکێ) وە یان پایەگای پاسدارەکان بێن بە هانایانەوە.

پێشمەرگەکان بەرەو بلەکێ تەقەیان دەستپێکرد، فیشەکی گڕداریان دەتەقاند، پێشمەرگەکانی لای ئەنوەر دۆڵانی هاتن بە فریایانەوە حەمە شووکەییان گەیاندە نەخۆشخانە و گەڕانەوە ناوچەکانیان، (مین)ی سەر ڕێگەی بنکەکەی تووتکانیان هەڵگرتەوەو گەڕانەوە بنکەکە.

*****

کاک سەرکەوت برووسکەیەکی بە (دلێرو کەریم) دا نارد بۆ جەمال حاجی مامەندی، دەمەو ئێوارە ڕۆیشتن تا گەڕانەوە دنیا تاریک داهات، ئەمبەراو بەری ناوچەکە (مین) ڕێژ بوو تەنها ڕێگایەک هەبوو پێیدا بڕۆن، کە گەڕانەوە تاریکە شەوو ڕەشەبا بوو، باو بۆرانێک هەڵیکرد ڕێگەکەیان نەدۆزیەوە، هەورە برووسکە دەیدایە زەوی ڕێگاکەی ڕووناک دەکردەوە ئەوسا بەردەمی خۆیان دەبینی، دەبوایە بوەستانایە تا هەورە برووسکە لە زەوی بداو ڕێگەیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە.

دلێر دەرەویانی لە پێشەوە دەڕۆیشت، کەریم لە دوایەوە، کە هەورە برووسکە بەردەمی ڕووناک کردەوە بینی (مین)ێک لە تەلێک هاڵاوەو تەلەکەش لە پێڵاوەکانی دلێر هاڵاوەو بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشێ کەریم دلێری وەستاند، تەلەکەی لە قاچی کردەوەو ڕزگاریبوو.

*****

کات نزیک ببووەوە لە ڕاپەڕین، بەتالیۆنی حەوت دابەزینە ناوچەکە، پێشمەرگە بە بەرفراوانی لە شارباژێڕی تەختدا بڵاوبوونەوە، ئێوارەی ١٩٩١/٣/٧ هاتنە سەر چیای گۆیژە، بەیانی ١٩٩١/٣/٨ لە تووی مەلیکەوە هاتنە ناو سلێمانی هەمان ڕۆژ سەرکەوت حەسەن لە ئەمنە سوورەکە پێکرا.

# ڕەتـــــڵی قــــەرەداخ
# مـــــــــەفرەزەی (ڕەیـــــــس)
# (یانـــزە)

(ئەم مەفرەزەیە بە فەرماندەیی ڕەیس لە ناوچەی قەراخ و قۆپیەکانی تا ڕاپەڕین مانەوە).

مەفرەزەکە سەرقاڵی کڕینی پێداویستیەکانیان بوون، بۆ کڕینی پێداویستی چوونە شاری (بانە) دوای کڕینی پێداویستیەکانیان لە بانەوە سوار جیپێک بوون هاتنە (بلەکێ) لە (بلەکێ) وە بەچاو ساخی مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی دلاوەری حاجی عوسمان کە پێکهاتبوون لە، دلاوەری حاجی عوسمان، هاوڕێ نوری، خاڵە بەکر کەڵەکنی، ئیسماعیل، صدیقە ڕەش پێنجوێنی، هاتنە خوارەوە.

مەفرەزەکەی قەرەداخ لە (١١) پێشمەرگە پێکهاتبوون، شەش کەسیان مەفرەزەی قەرەداخ بوون، پێنج کەسیتریان بەرەو گەرمیان دەچوون لە گەڵ مەفرەزەکەی قەرەداخ دابەزیبوون.

**مەفرەزەکەی قەرەداخ پێکهاتبوو لە:**

١- سامان سەعید ناسراو بە ڕەیس فەرماندەی مەفرەزە

٢- عەدالەت ڕەفعەت

٣- بەهادین مەجید

٤- عوسمان حسێن

٥- فەریقە سوور

٦- صدیق عەبدولکەریم مستەفا

**مەفرەزەکەی گەرمیانیش پێکهاتبوون لە:**

١- مام مەجید (مەجیدی کادر)

٢- جەلیل کۆکزی

٣- عوسمان جەمیل (عوسمانی مەلا جەمیل)

٤- ئەحمەد زەرداوی

٥- ئەحمەدە سوور

مەفرەزەکە لە (بلەکێ) وە بەڕێکەوتن قۆناغ قۆناغ هاتنە شارباژێڕ، بە ڕۆژ لە شیوو چەم و بێشەڵانی ناوچەکە مانەوە، ئێوارە بەڕێکەوتن بۆ (پوشێن) نزیک ڕێگای دووکانیان، لە دووکانیان مەفرەزەکەی دلاوەری حاجی عوسمان جیابوونەوەو چوونە شاری سلێمانی، مەفرەزەکەی (قەرەداخ) یش لە پووشێنەوە بەڕێکەوتن، لە پشتی عەربەت پەڕینەوەو چوونە (یەخیماڵی) تا ڕۆژیی دوایی لەوێ مانەوە.

لە ناو یەخی ماڵی دێراوی تەماتەو سەوزایی لێبوو بەڵام مەفرەزەکە دەستیان لە هیچ نەدا تا نەزانرێت خەڵک هاتوەتە ئەوێ.

بۆ بەیانی تاریک و ڕوون دەنگی خەڵک و وڕەی تراکتۆر دەهاتە گوێ، پێشمەرگەکان خۆیان کرد بە ناو (تووتڕکێک)دا، ئەو شوێنەی پێشمەرگەکان خۆیان لێپەنا دابوو نزیک باخچەو بێستانی ماڵێک بوو کە ئەو بەیانیە هاتبوون، لە بەردەمی ئەو تووتڕکەی پێشمەرگەکان چووبوونە ناوی، هەنجیرێک هەبوو. دوو ژن هاتن و چوونە سەر هەنجیرەکە، ژنەکان لە نێوان خۆیاندا قسەو باسیان بوو، کەوا حکومەت بە زۆر خەڵک دەگرێ و دەیانکات بە جەیشی شەعبی.

مەفرەزەکە تا عەسرێکی درەنگ مانەوە، چەند دارمێوێک لە دەورووبەریان هەبوو ترێ سپیکەی پێوە بوو، عەدالەت هاتە دەرەوە هەندێ ترێ بڕنێ، ترێکەی ڕنی و بە باوەشیەوە بوو ویستی بگەڕێتەوە بۆ لای برادەرەکانی سێ چەکدار بەرەو ڕووی هاتن، عەدالەت گەڕایەوە ناو تووتڕکەکە بە برادەرەکانی ووت خۆتان حازر بکەن چەکدار هاتن، چەکدارەکان هاتنە نزیک تووتڕکەکە نیو کاتژمێر لەوێ وەستان، لە بەر خۆیانەوە دەیانووت کەسێکمان لەم ناوە بینی، دواتر گەڕانەوە.

خۆر خەریک بوو بنیشێ، دنیا بەرەو تاریکی دەچوو مرۆڤ و دارو درەختەکان تەنها وەکو تارمایی دەبینران ڕەیس لە تووتڕکەکە هاتە دەر سەیرێکی دەورووبەری کرد تا دڵنیا بن لەوەی چەکدارەکان لەوێ نەماون دوای دڵنیا بوون لەوەی چەکدارەکان لەوێ نەماون و هیچ بۆسەو کەمینێک لە ناوچەکە نییە، لە تووتڕکەکە هاتنە دەرێ و لە یەخی ماڵییەوە بەرەو بناری شارەزور بەڕێکەوتن، شوانێک ڕەشماڵی هەڵدابوو، مەفرەزەکە چوونە لای پشوویەکی کورتیاندا، شوانەکە پێیوتن

وامزانی شێتن، پێشمەرگەکانیش وەڵامیان دایەوەو ووتیان، ئەی شێتین، شێت نەبین چی دەکەین لێرە، دوای پشوویەک لای ڕەشماڵ نشینەکە ماڵاواییان کردوو ڕۆیشتن بە نیازی ئەوەی بچنە پشتی دێی (وێڵەکە) شوێن هەرەسەکە[١٧]، ڕێگەیان لێونبوو شوێن هەرەسەکەیان نەدۆزیەوە، کاتێ دنیا ڕووناک بووەوە سەیری دەورووبەریان کرد لە دێی (باخچە) [١٨] گیرساونەتەوە، ئەو ڕۆژە جووڵەیان بۆ نەکراو لەوێ مانەوە، هەر دوو پێشمەرگە و لە بن دەوەنێکدا دانیشتن تا ئێوارە مەتارەکانیان ئاوی کەم تیا مابوو بەشی تا نیوەڕۆی کردن ئێوارە دنیا تاریکی کرد لە ناو دارو دەوەنی دێی (باخچە) هاتنە دەرەوەو بەرەو کانی و ئاوەکەی (وێڵەکە) ڕۆیشتن زۆر تینوویان بوو کە گەیشتنە سەر کانی و ئاوەکە، دەمیان نا بە دەمی کانیەوە تا توانیان ئاویان خواردەوە، لە سەر کانی و ئاوەکەی

وێڵەکە پشوویەکیاندا، خواردنی لە قوتونراویان پێبوو هەڵیانپچڕی و دەستیانکرد بە نان خواردن، تا دەمەو بەیان لەوێ مانەوە دەمەو بەیان هەستان بەرەو هەرەسەکە بڕۆن تا شەوی دوایی لەوێ بمێننەوە، بەهادین تووشی سکچوون و ڕشانەوە بوو نەیدەتوانی بڕوات، عەدالەت کردیە کۆڵی نەیدەتوانی هەڵیگرێ، هەر چۆنێک بێت گەیاندیانە هەرەسەکە، هەندێک چارەسەریان بۆ کرد سوودی نەبوو، دوو شەوو ڕۆژ لەوێ مانەوە بە نیازی چاک بوونەوەی بەهادین بەڵام دۆخی هەر بەرەو خراپی دەچوو، مەفرەزەکە کۆبوونەوە تا چارەسەرێک بدۆزنەوە، ڕێکەوتن لە سەر ئەوەی مەفرەزەکە بڕوات بۆ قەرەداخ، عوسمان و فەریقە سووریان لای بەهادین بە جێهێشت، جیهازێکیان دانێ و ووتیان ئەگەر بەهادین دۆخی باش بوو پەیوەندی دەکەین وەرن بۆ لای ئێمە، ئەگەر باشیش نەبوو پەیوەندی بکەن بە کەسووکاریەوە تا بێن و بیبەنەوە بۆ سلێمانی و چارەسەری بکەن.

سێ پێشمەرگە لە هەرەسەکە بە جێمان، هەشت پێشمەرگەکەیتر ڕۆیشتن و چوونە سەر شاخی پشتی میریاسی تا بچنە دیوی قەرەداخ، تەماشایانکرد ئەو کێوو

[١٧] لە دێی وێڵەکە شاخێک هەرەسی هێنابوو پێیان دەوت شوێن هەرەسەکە.

[١٨] باخچە لە بەردەم بورجەکەی دارە ڕەشە، سەری بورجەکەش ڕەبیەی جاش و سەرباز بوون، پێشمەرگەکان کەوتبوونە بەردەم ڕەبیەکان.

دۆڵە گرێگرتووە پێیانوابوو دوژمن کێوماڵی ناوچەکەی کردووە بۆیە ئەو شەوە تا دەمەو بەیان لەوێ مانەوە.

دەمەو بەیان هەستان لە خەو  تا بەرەو قەرەداخ برۆن صدیق ووتی منیش تووشی سکچوون و ڕشانەوە بووم تکاتان لێدەکەم لێرە جێمبهێڵن، تا بە هۆی منەوە هیچتان لێنەیەت، لەو قسەو باسانەدا بوون ڕەیس و ئەحمەد زەرداویش ووتیان ئێمەش تووش بووین، جگە لە عەدالەت و عوسمانی مەلا جەمیل تێکڕای پێشمەرگەکان تووشی سکچوون و ڕشانەوە بوون، تەگبیریان کرد بگەڕێنەوە دیوی شارەزور (صدیق)یش بەرنەوە بۆ لای بەهادین لەوێ ڕێگە چارەیەک بدۆزنەوە، چوونە سەر شاخ و بەرەو دیوی شارەزور گەڕانەوە، دنیا ڕووناک ببوەوە خۆر کەوتبوو، شوان و ڕانەمەڕ هاتبوون بۆ بنارەکە ئەو سەری شاخەکەش ڕەبیەی جاشی لێبوو بۆیە بڕیاریاندا صدیق لە سەر شاخەکە جێبهێڵن و بگەڕێنەوە لای بەهادین، صدیق دۆخی خراپ بوو دوو مەتارە ئاویان لا جێهێشت، ووتیان تۆ لێرەبە ئێمە دەچینە خوارەوە، دواتر دەگەڕێینەوە تۆش لە گەڵ خۆمان دەبەین.

مەفرەزەکە گەڕانەوە لای بەهادین، بەهادین و هاوڕێکانی لە شوێنی خۆیان نەمابوون، لە سەر کانی و ئاوەکەی (وێڵەکە) مەتارەکانیان پڕ کردەوە لە ئاوو گەڕانەوە لای صدیق، بەڵام صدیق گیانی سپاردبوو.

تازە پیلۆی چاوەکانی لێکنابوو، دەتووت خەوی لێکەوتووە گیانێکی پڕ لە ئازارو جەستەیەکی هیلاک و ماندوو شەکەت بە هێمنی خەوتبوو، صدیقیان خستە ناو کیسە خەوەکەیەوە لە ژێر ئاسمانی ساماڵ و هاوینی (قەرەداخ) دا چواردەوریان بە کەڵەکە بەرد هەڵچنی و بە گڵی ئەو کێوانە دایانپۆشی صدیق بە تەنیا مایەوە، بێ کفن، بێ پرسە، بێ وەسێت، بێ کەس و کار، بێ دوا وشە و دوا قسە و دوا نیگاو ماڵاوایی، ڕۆحی سپارد، نە خوشکێک لە ژوور سەری بوو نە هاوڕێیەک گەیشتە سەری هەتا لە دوا هەناسەدا لێوەکانی بە قومێ ئاوی مەتارەکەی  تەڕ کات، (صدیق) یان بێنازوو بێگۆڕ لەو شاخە بەجێهێشت.

دوای داپۆشینی (صدیق) [19]هاتنە خوارەوە بۆ لای هاوڕێکانیان ڕەیس پرسی کوا صدیق ووتیان شەهید بووە.

عوسمان و فەریق کە لای بەهادین مابوونەوە بەهادینیان گواستبووەوە شوێنێکیتر، کەمێک سەرووی کانیەکە[20] دەنگە دەنگی بەهادین لە دوورەوە دەهاتە گوێ، مەفرەزەکە بەرەو لای بەهادین ڕۆیشتن، بەهادینیان لە بن بەردێک دانابوو عوسمان و فەریقیش لە پشتی بەهادینەوە خۆیان پەنادابوو.

مەفرەزەکە زۆربەیان نەخۆش بوون خواردنیان پێنەمابوو دەبوو ڕێگە چارەیەک بدۆزنەوە، ڕێکەوتن لە سەر ئەوەی کاک ڕەیس و فەریق بگەڕێنەوە سلێمانی چارەسەری خۆیان بکەن.

کەسووکاری بەهادین ئاگادار بکەن بێن بەهادین بەرنەوە سلێمانی، نهێنیش ئەمە بێت بێنە سەر کانی وێلەکە سێ جار بڵێن (١،٢،٣) تا پێشمەرگەکان بچنە لایان و بەهادین تەسلیم بکەن.

ڕەیس و فەریق بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتن تا چارەسەری خۆیان بکەن و هەواڵیش بدەنە ماڵی بەهادین.

عوسمان بێرەشکەیی و ئەحمەدە سوور چوونە ئۆردوگای (نەسر) خواردن بۆ مەفرەزەکە بهێنن، عوسمان بە هاوڕێکانی ووت گەر تا سێ شەوو ڕۆژ نەگەڕاینەوە ئێوە بڕۆن لێرە، لەوانەیە بگیرێم و لە ژێر فشاردا بمهێنن بۆ ئێرە، بشگیرێم تا سێ شەوو سێ ڕۆژ بەرگە دەگرم.

مەفرەزەکە مایەوە عەدالەت، عوسمان مەلا جەمیل، جەلیل کۆکزی، مەجیدی کادر، ئەحمەد زەرداوی، بەهادین حەزی لە شووتی بوو بەردەوام دەیووت دەبێ شووتیم دەستکەوێت، برادەران شووتیان لەو گوێ چەمی شارەزورە بۆ پەیدا کرد، شووتییەکی دەکیلۆیی، بەهادین بە تەنیا شووتیەکەی خوارد، ئاهێکی هاتەوە بەر وزە هاتەوە بەرگیانی.

[19] تەرمی صدیق لەو شاخە مایەوە، تا دوای ڕاپەڕین کەسوکاری هاتن و بردیانەوە تەرمەکەی پوکابوەوە ببووە ئێسقان.
[20] دوای شەهید بونی صدیق و نەخۆش کەوتنی زۆربەی مەفرەزەکە هەواڵیان زانی کە ئەو کانیە پیس کراوە، یان ژەهراوی کراوە.

بۆ ڕۆژی دوای ڕۆیشتنەوەی ڕەیس و فەریق دوو کەس هاتنە سەر کانی و ئاوەکەی (وێلەکە) ژمارەکانیان بە دەنگی بەرز دەوتەوە، سێ جار لە سەر یەک، دەیانوت یەک، دوو، سێ عەدالەت چووە خوارەوە بۆ سەر کانی یەکە، مام و برای بەهادین بوون هاتبوون ئۆتۆمبێلێکی شۆفلێتیان پێبوو، نان و کەباب و پێداویستیان بۆ پێشمەرگەکان هێنابوو بەهادین هاتە خوارەوەو بردیانەوە بۆ سلێمانی.

مەفرەزەکە سێ شەوو سێ ڕۆژ چاوەڕێی گەڕانەوەی عوسمان و ئەحمەدە سووریان کرد، دوای سێ شەوەکە شەوێکی تریش چاوەڕێیان کرد بەڵام نەگەڕانەوە.

## ئــــــەحمــــەد زەرداوی

ئەو کاتەی مام و برای بەهادین هاتن بۆ بردنەوەی بەهادین بۆ ناو شار، عەدالەت داوای لێکردن ڕۆژی دوایی بگەڕێنەوەو ئەحمەد زەرداوی بەرنە ناو شار تەسلیمی ڕێکخراوی سلێمانی دەکەین، بەڵێنیاندا بەڵام نەگەڕانەوە.

ئەحمەد زەرداوی نەخۆش بوو، تووشی سکچوون و ڕشانەوە ببوو، جووتیارێک لەو دەشتی شارەزورە باخ و بێستانی هەبوو ڕۆژانە دەهاتە سەر بێستانەکەی و دەگەڕایەوە عەربەت، بڕیاریاندا ئەحمەد زەرداوی بەرنە ناو بێستانی جووتیارەکە تا بەیانی کە ڕۆژهەڵات جوتیارەکە ئەحمەد زەرداوی لە ناو بێستانەکەی ببینێ و هاوکاری بکات، ئەحمەد زەرداوی وتی من شتیوا ناکەم خۆم دەکوژم و تەسلیم نابمەوە، هاوڕێکانی پێیان ووت توانات نییە نەخۆشیت، یان دەبێ ئێمەش بە لای تۆوە بمرین، یان دەبێ بڕۆیتەوە، ئەحمەد قەناعەتی کرد، بردیانە سەر بێستانەکە لە (شەمەو وێلەکە) لەوێ جێیانهێشت.

مەفرەزەکە مانەوە چوار کەس (عەدالەت، عوسمانی مەلا جەمیل، جەلیل کۆکزی، مەجیدی کادر) لەو چوار کەسە تەنها عەدالەت شارەزای ناوچەکە بوو.

هێشتا خۆر ئاوا نەببوو، ئێوارەیەکی درەنگ، مەفرەزەکە چوونە سەر شاخ، سەیری ئەمدیواودیوی قەرەداخیان دەکرد دوور ڕوانییان، دڵنیا بوون لەوەی نەڕەبییە لە سەر ڕێگایان هەیە، نە جمووجۆڵی جاش و سوپا، دنیا تاریکی پۆشی بەرەو دیوی قەرەداخ بەڕێکەوتن چوونە دێی (کانی هەنار) تا ئێوارە لە کانی هەنار

مانەوە، ئێوارە کانی هەناریان جێهێشت و بەڕێکەوتن بۆ سێوسێنان، لەوێشەوە بۆ قۆپی قەراخ، شەو لە سەر کانی و ئاوی قۆپیەکان مانەوە، تەگبیریان کرد لێرە بەدواوە چیبکەن.

عوسمانی مەلا جەمیل پێشتر لە گەڵ مەفرەزەکانی گەرمیان مابوەوە ناوچەکانی گەرمیان شارەزا بوو، عەدالەت تا بناری سەنگاوو دێی بانی مۆرد شارەزا بوو، ئەو شەوە تا ئێوارەی دوایی لە قۆپییەکان مانەوە، کاتژمێر (٤)ی ئێوارەی دوایی بەڕێکەوتن بۆ کاتژمێر (٨) ی بەیانی گەیشتنە کونە دەڵەکە، ماندوو شەکەت و برسی بوون (١٨) کاتژمێر بوو بە ڕێگاوە بوون، لە کونە دەڵەکە فاسۆلیای وشک و قتوویەک دۆشاویان دۆزیەوە کۆڵە پشتەکانیان هەندێک نانە ڕەقی تیا مابوو فاسۆلیاکەیان لێناو کردیانە تشریب لە گەڵ نانە ڕەقەکە.

ئێواران دوای کاتژمێر (٥) بێتەلەکان دەهاتنە خەت عەدالەت تەڕەدودی بێتەلەکانی پێبوو، جیهازەکەی داگیرساندوو چووە خەت، عوسمانی حاجی مەحمود لە خەت بوو بێتەلەکەی ناوی نازم بوو، عەدالەت بانگیکرد نازم، بەڵام کاک عوسمان بە جاش تێگەیشت، تەڕەدودەکەی گۆڕی، پەیوەندیەکەیان بۆ وەرنەگیرا.

ڕۆژیی دوایی بەڕێکەوتن بۆ چەمی هۆمەر مل، عوسمانی مەلا جەمیل بە نیاز بوو بچێت بۆ کفری خواردنیان بۆ پەیدا بکات، ئێوارە کاتژمێر (٥) عوسمانی حاجی مەحمود لە خەت بوو لە گەڵ پارتیزانەکان قسەی دەکرد عەدالەتیش لە خەت بوو، یەکسەر وتی کاک عوسمان گوێم لێبگرە من جاش نیم مەفرەزەکەی قەراخم باروودۆخمان خراپە، کاک عوسمان وەڵامی دایەوە کێتان لە گەڵە لە برادەرانی گەرمیان عەدالەت وتی عوسمانی مەلا جەمیلمان لە گەڵە، کاک عوسمان داوایکرد بێتەلەکە بداتە دەست عوسمانی مەلا جەمیل، عوسمانی حاجی مەحمود پێیوت بگەڕێنەوە شوێنی دوێنێ، سبەی نیوەڕۆ دوو پێشمەرگە بە خواردنەوە دەگەیەنمە لاتان.

مەفرەزەکە گەڕانەوە کونە دەڵەکە، کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دوو پێشمەرگە، جەمال هۆمەری و جەمال مەلا حەمیدی بە خواردنەوە گەیشتنە لایان، نیوەڕۆ

نانیان خواردوو پشوویاندا.

عوسمانی حاجی مەحموود بە کۆڵی وڵاخەوە خواردن و ئازوقەی بردبووە قەرەداخ، بۆ پێشوازی لە مەفرەزەکە نەیزانیبوو تووشی ئەو کێشانە بوون.

دەمەو ئێوارە مەفرەزەکە پەیوەندیان لە گەڵ کاک عوسمان کرد، گەیشتبووە قۆپی قەراخ، کاک عوسمان پێیوتن دەبێ ئەم ئێوارەیە بەڕێبکەون بۆ قەرەداخ من لەوێم.

لە کونە دەڵەکەوە بەڕێکەوتن بەرەو قەراخ، گەیشتنە ئەشکەوتێک لە پشتی (تەپەگەڕوس) دوو پێشمەرگەی لێبوو، هەواڵی کاک عوسمانیان لێپرسین ووتیان کاک عوسمان لە سەر شاخە هاتووە بۆ لای ئێوە، لە ئەشکەوتەکەی تەپە گەڕوسەوە ڕۆیشتن بۆ سەر شاخ بۆ لای کاک عوسمان.

## گـــــەڕانەوەی ڕەیـــس و فـــەریق

دەمەو عەسر مەفرەزەکە گەیشتنە سەر شاخ، کاک عوسمان لە پەیوەندی دابوو، ڕەیس و فەریق لە سلێمانییەوە گەڕابوونەوە، چووبوونە ئەو شوێنەی یەکەمجار مەفرەزەکەیان لێجێهێشتبوو، ڕەیس نەیدەتوانی بە بێتەل پەیوەندی لە گەڵ کاک عوسمان بکات، لە شاخی سورێنەوە قسەی لە گەڵ حەمە ڕەش دەکرد، حەمەڕەش قسەکانی دەگەیاندە عوسمانی حاجی مەحمود، کاک عوسمان بە بێتەل حەمە ڕەشی ئاگادار کردەوە تا ڕەیس ئاگادار بکاتەوە مەفرەزەکەی گەیشتوون خەمی نەبێت.

ڕەیس لە ڕێگەی حەمە ڕەشەوە کاک عوسمانی ئاگادارکردەوە کە دێنە سێوسێنان جگە لە عەدالەت پێشمەرگەکانی تر شارەزای ناوچەکە نەبوون، بۆیە سەرەڕای ماندوویی وشەکەتی ڕێگا عەدالەت و جەمال هۆمەری چوون بە دوای ڕەیس و فەریق دا، ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتنە سەر کانی و ئاوەکەی خوار سێوسێنان، ڕەوە بەرازێک دەرپەڕین، عەدالەت فیشەکێکی پێوە نان، ڕەیس لە ناو سێوسێنان بوو گوێی لە دەنگی تەقەکە بوو هاتە خوارەوە لە ناو سەوسێنان بە یەکتر گەیشتن.

عوسمانی حاجی مەحمود لە قۆپی حەمەی حەواس لە گەڵ شاهۆی حەمەی تەلە چاوەڕێی دەکردن، ئەو شەوە ڕەیس و فەریق و عەدالەت و جەمال لە سێوسێنان

مانەوە، بۆ بەیانی بەڕێکەوتن بۆ ناو قۆپیەکان و لە گەڵ کاک عوسمان یەکیان گرتەوە.

دوای دانیشتن و پشوویەکی کورت سەرگوزەشتەی خۆیان گێڕایەوە، باسی بەهادینیان کرد چۆن گەڕاندوویانەتەوە سلێمانی، صدیق چۆن شەهید بووەو لەو شاخە دایانپۆشیوە، باسی ئەحمەد زەرداویان کرد کە لە ناو بێستانێک لە شەمە وێلەکە جێیان هێشتووە، کە باسی ئەحمەد زەرداویان کرد کاک عوسمان پێیوتن ئێوە لێرە پشوو بدەن من دەچم سۆراخی ئەحمەد زەرداوی دەکەم و دەگەڕێمەوە، کاک عوسمان چووبووە ئەو بێستانەی ئەحمەد زەرداویان لێجێهێشتبوو، لە خاوەن بێستانەکە هەواڵی ئەحمەدی پرسیبوو، خاوەن بێستانەکە ووتبووی بەڵێ هاتۆتە لای من بردوومەتە عەربەت خزمەتم کـردووەو گـەڕاوەتـەوە گەرمیان بۆ لای کەسووکاری.

عوسمانی حاجی مەحموود گەڕایەوەو هەواڵی ئەحمەد زەرداوی هێنایەوە کە سەلامەتە و گەیشتووەتە لای کەسوکاری.

دوای گەڕانەوەی کاک عوسمان، ڕەیس لە گەڵ کاک عوسمان بەرەو گەرمیان ڕۆیشت تا پشوویەک بدات و خواردن بۆ مەفرەزەکە دابین بکات.

عـەدالـەت و فەریقیش ڕۆیشتنە گویَ چەمی تانجەرۆ لـەویَ قەناسەیەک و جیهازێکیان شاردبووەوە بیدۆزنەوەو بیهێننەوە.

هێندە نەبوو عەدالەت و فەریق ڕۆیشتبوون لای کاک عوسمانەوە جیهازیان بۆ کرا بگەڕێنەوە، کاتێک گەڕانەوە قۆپی پێیانوتن کە ڕەیس لە کاتی ڕۆیشتنی بۆ گەرمیان مار پێوەیداوە ئەمانیش بەڕێکەوتن بۆ گەرمیان.

ڕەیس و کاک عوسمان  چووبوونە دێی (گەرمک) لە سەرچەمی ئاوە سپی، لەویَ یەکیانگرتەوە، مەفرەزەیەکی گەرمیان دەگەڕانەوە بۆ ئێران، فەریق لە گەڵ مەفرەزەکە گەڕایەوە ئێران، هەر ڕەیس و عەدالەت مانەوە لە مەفرەزەکەی قەرەداخ.

## شـــــاهۆو بـــــــراکانی

براکانی شاهۆ لە سنووری دەربەندیخان مابوونەوە، شاهۆ لە گەڵ کاک عوسمان بوو، ڕەیس شاهۆی ڕاسپارد پەیوەندی بە براکانییەوە بکا خواردن و پێداویستیان بۆ بکڕن تا بگەڕێنەوە قەرەداخ، ڕەیس و عەدالەت نزیک بە (٥) هەزار دیناریان پێبوو.

دوای هەفتەیەک مانەوە لای عوسمانی حاجی مەحموود براکانی شاهۆ جیهازیان بۆ کردن، گوێدرێژێکیان کڕیوە، خواردن و پێداویستیان کڕیوەو بە گوێدرێژەکە گواستوویانەتەوە بۆ دێی (زەردە لیکاو) لە بناری سەنگاو.

شاهۆو عەدالەت گەڕانەوە بناری سەنگاو بۆ لای براکانی شاهۆ، ڕەیس لای کاک عوسمان مایەوە تا پشوویەک بدات دواتر بگەڕێتەوە قەرەداخ.

شاهۆو عەدالەت گەیشتنە لای براکانی شاهۆ، گوێدرێژێکیان کڕیبوو، فەردەیەک پەتاتەیان هێنابوو (٢٥) کیلۆ خورمایان کڕیبوو، لە گوێدرێژەکەیان بارکرد بوو لە ئەشکەوتێکدا شاردیانەوە.

شاهۆو عەدالەت گەڕانەوە بۆ قۆپی قەرەداخ، دوو تەنەکە گەنمیان دۆزییەوە لە ئەشکەوتەکانی قەراخ، گەنمەکەیان شتەوە، مەنجەڵێکی سەربازیان دۆزییەوە، گەنمەکەیان کوڵاندوو کردیان بە ساوەر، شاهۆ ئاژەڵێکی کێوی کوشت، چوونە سەر شاخ بە بێتەل پەیوەندیان بە کاک عوسمان و ڕەیسەوە کرد، بارودۆخی خۆیان بۆ باسکردن، ووتیان زۆر باشین و خواردنمان پەیدا کردووە، ڕەیس گەڕایەوە لای مەفرەزەکەی لە قەراخ بۆ قۆپی حەمەی حەواس.

شاهۆو براکانی بوونە مەفرەزەیەکی سەربەخۆو گەڕانەوە دێیەکانی چرچە قەڵاو زەردەلیکاو لە بناری سەنگاو و نزیک دەربەندیخان.

مەفرەزەکەی قەراخ مابوونەوە ڕەیس و عەدالەت، کاک عوسمان، جەمال هۆمەری نادرە لایان و بوونە سێ کەس (ڕەیس، جەمال، عەدالەت).

مانگی (١١)ی ساڵی ١٩٩٠ بوو، ڕەیس چووە سەر شاخ تا پەیوەندی لە گەڵ مەفرەزەکاندا بکات، عەدالەت و جەمالیش چوونە خوارەوە بۆ سەر کانییەک تا ئاو

گەرم بکەن و سەریان بشۆن، لە شاخەکەی بەرانبەریان دوو کەس بۆ لای ئەمان دەهاتن، دەنگیاندان و هاتنە پێشەوە، عەدالەت هەردووکیانی دەناسی ئەنوەر محەمەد و محەمەد عەبدوڵڵا سەمین بوون پێشتر پێشمەرگە بوون، تەسلیم ببونەوەو ببوونە سەرباز، دواتر لە سەربازی هەڵاتبوون، زانیبوویان پێشمەرگە لە ناوچەکە هەیە، هاتبوونەوە بۆ پێشمەرگایەتی ئەو سەردەمە وا بڕیار بوو بێ بڕیاری سەرکردایەتی کەس وەرنەگرن، پەیوەندیانکرد بە ڕەیسەوە لە سەر شاخ بوو، ووتی با بڕۆن کەس وەرناگرین، بەڵام نەڕۆیشتن و لایان مانەوە، بەمجۆرە بوونە (٥) کەس.

ئەنوەر برای شەهید هەژار پێشمەرگە بوو لای مەفرەزەکەی سەید جەوهەر لە گەرمیان، وەڵامی ناردبوو دێت بۆ مەفرەزەکەی قەراخ، جەمالیش بە نیاز بوو بگەڕێتەوە بۆ لای مەفرەزەکەی گەرمیان.

ئەنوەرو محەمەد تازە هاتبوونە لای مەفرەزەکە، ناسنامەی سەربازیان پێبوو، ناردیانن بۆ ئۆردوگای (نەسر) خواردنیان بۆ بکڕن.

جەمال و ڕەیس و عەدالەت مابوونەوە، ڕەیس جەمالی بردەوە گەرمیان، تا ئەنوەر لە گەڵ خۆیدا بێنێ، عەدالەت تەنها مایەوە، دوای چەند ڕۆژێک ڕەیس گەڕایەوە، جەمالی گەیاند بوو ئەنوەری لە گەڵ خۆی هێنا بوو، بەمجۆرە بوونە (٥) کەس، ڕەیس، عەدالەت، ئەنوەری برای شەهید هەژار، ئەنوەر محەمەد، محەمەد عەبدوڵڵا سەمین.

مامۆستا جەلال و ئاواتی شێخ جەناب هاتبوونە گەرمیان برووسکە کرا بۆ مەفرەزەکەی قەراخ کە بچن بە دوایانداو بیانهێنن بۆ لای خۆیان، ڕەیس چووە گەرمیان بە دوایانداو ماوەیەک لای ئەوان مانەوە.

عەدالەت و محەمەد عەبدوڵڵا سەمین چوبوونە گەرمیان، ڕەیس جیهازی بۆکردن نەگەڕێنەوە قەراخ کۆمەڵێک کادیرو پێشمەرگە لە شارەزوورەوە دێن بۆ قەرەداخ بچن بە دوایاندا، عەدالەت و محەمەد ڕۆیشتن بۆ شاخی پشتی سێوسێنان نزیک (قەڵا قایمز) پەیوەندیان بەو پێشمەرگانەوە کرد کە لە شارەزوورەوە دێن، سەردار ناو تاقی لە خەت بوو، عەدالەت پێیوت لای دێی پاڵەوانەکەوە[٢١] هاتووین بە دواتاندا،

[٢١]مەبەست لە دێی پاڵەوانەکە کچێکی ئازاو بەهێز لە دێی قەڵا قایمز هەبووە، پێیان وتووە کچە پاڵەوانەکە.

سەردار وەڵامی دایەوە نەیەنە دێی پاڵەوانەکە وەرنە مەسۆیی، شەوێکی باران و تووش بوو، بارانێکی بە خوڕ دەباری عەدالەت و محەمەد گەیشتنە لایان لە مەسۆیی، فەلاحی حەمە بۆر، حەمەی حەمە سەعید، سەردار ناو تاقی، حەمە زیاد بەرزنجی، مەلا ئەحمەدی دیسکەرە، خەلیل سەرکانی بوون، هیلاک و ماندووی ڕێگە بوون ویستیان شەو لە مەسۆیی بمێننەوە بەڵام شوێنی مانەوەی لێنەبوو هەر ئەو شەوە بەڕێکەوتن بۆ قۆپی قەراخ ئەو هەڤاڵانە لە سەرکردایەتییەوە نێردرابوون هەر یەکەیان بۆ ناوچەیەک، تا پەیوەندی بە خەڵکەوە بکەن بۆ ڕاپەڕین.

لەو ماوەیەدا تا ڕاپەڕین، پەیوەندی فراوانیان بە چین و توێژەکانی ناوچەکەوە کردوو سازیاندان بۆ ڕاپەڕین، نامەی سەرکردایەتییان دەگەیاندە کەسایەتییە کۆمەڵایەتیەکان و ڕەیس عەشرەت و مستەشارو پیاوانی ڕژێم و کەسایەتییە ڕۆشنبیرو تێکۆشەرەکان.

١٩٩١/٣/٧ ڕاپەڕین لە ناو شاری سلێمانی دەستی پێکرد، ١٩٩١/٣/٨ پارتیزانەکان گەیشتنە ناو شارو بەشداریان لە ڕزگارکردنی ئەمنەکە و پاشماوەی داموو دەزگاکانی بەعس کرد لە سلێمانی.

## ڕەتـــڵی قـــەرەداخ
## مـــــەفرەزەی بـــازیان (شـێخ کەریم) ی باخی ســـــەروو
## مـــانگی 10ی ســـاڵی 1991
## (دوانـــزە)

دوای ئەوەی لە مانگی «٨» ی ساڵی ١٩٩٠ خولێکی ئەڵغام (مین) و برین پێچیان بینی، لە سەر داوای خۆیان و لە مانگی (١٠) ی ساڵی ١٩٩٠ هاتنە خوارەوە بۆ سنووری قەرەداخ بازیان.

جگە لە مەفرەزەکەی بازیان، مەفرەزەکانی عەلی سوورو ئەحمەدی حاجی ڕەشید بە فەرماندەیی «حەمە ڕەش» هاتنە گەرمیان، کە تێکڕای مەفرەزەکانی گەرمیان- قەرەداخ- بازیان، حەمە ڕەش لێپرسراویان بوو.

مەفرەزەکان دوو شەو لەو بەر ئاوی دەربەندیخان مانەوە، شەو بە کەڵەک پەڕینەوە دەربەندیخان، سەرەتا هاتنە شێخ تەویل و شێخ بایف، دواتر بۆ تورکە و زەردە لیکاو، مەفرەزەکەی بازیان لە حەمە ڕەش جیابوونەوە بە بێتەل پەیوەندیان بە مەفرەزەکەی (ڕەیس) ەوە کرد کە لە قۆپییەکانی قەراخ بوون، مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی شێخ کەریم دێنە لاتان، مەفرەزەکەی ڕەیس هاتنە پشتی زەردە لیکاو بۆ پێشوازی لە مەفرەزەکەی شێخ کەریم، لەوێ یەکیانگرت و بەرەو قۆپییەکانی قەرەداخ شوێن مەفرەزەکەی ڕەیس بەڕێکەوتن.

**مەفرەزەکەی شێخ کەریم سەرەتا لە چوار کەس پێکهاتبوو:**

١- شێخ کەریم محەمەد، شێخ کەریمی باخی سەروو فەرماندەی مەفرەزە.

٢- حەسەن ئەحمەد عەبدولڕەحمان (دکتۆر حەسەن)

٣- سەرحەد عومەر حەمە ساڵح (سەرحەد دۆڵانی)

٤- صلاح حەمە کەریم حسێن

مەفرەزەکەی شێخ کەریم دوو شەو لە قۆپییەکانی قەراخ مانەوە، دوای ماڵاوایی بەرەو ناوچەکانی بازیان کەوتنە ڕێ، لە سەر پردی جافەران و سەرکۆ پەڕینەوە بۆ دەرەویان، شەوێک لەو ئەشکەوتانەدا مانەوە شەوی دواتر ڕۆیشتن بۆ بازیان، شەوێک لە بازیان خۆیان پەنادا.

لە ناوچەی بازیان پەیوەندیان کرد بە شێخ ڕەئوف لە تەیناڵ، لە ڕێگەی شێخ ڕەئوفەوە ڕێکخستنەکانی تریان ناسی و پەیوەندیان لە گەڵ گرێدانەوە.

مەفرەزەکە ئەشکەوتی (مەلا خانە) یان لە پشتی کانی ڕۆشنایی و باخی سەروو کردە بنکەی سەرەکی، ئەشکەوتی باڵا جۆو ڕەببیە سەربازییە ڕووخاوەکەی پشتی داراغا و قەڵا ڕووخاوەکەی قەڵا سوورەش شوێنی مانەوەیان بوو هەندێک جار لەو بنکانەش دەمانەوە.

ڕێکخستنەکان لە ڕێگەی شێخ ڕەئوفەوە خواردەمەنیان دەگەیاندە مەفرەزەکە شێخ تەهای شێخ ئەحمەدی شێخ وەساڵ. بە تراکتۆر خواردەمەنی بۆ دەهێنانە زەوییە کشتوکاڵیەکانی ئەوێ و لە خەتە جووتەکان د[٢٢] لە نێوان ئاڵیاواو گۆپیتە دەیانشاردەوە، مەفرەزەکەش شەوان دەهاتن و خواردنەکانیان دەبرد.

لە تێکڕای ئەو بنکەو ئەشکەوتانەی جێگەی حەوانەوەو مانەوەی مەفرەزەکە بوو خواردنەکانیان دەشاردەوە، تا ئەگەر لە شوێنێک ئاشکرا بن، شوێنەکانی تر پارێزراو بن.

پەیوەندی مەفرەزەکە بە ڕێکخستنەکان و خەڵکی ناوچەکەوە فراوانتر بوو، شێخ حسێن، شێخ کەمالی شێخ محەمەدی قازانقایە، نەوزاد دەرەویانی، ڕەحمان دەرەویانی، عەبدوڵڵا ڕەش دەرەویانی، قادر ئەحمەد، سوارەی حاجی حەمەدەمینی هاڵدەرەی قەرەداخ، عومەر حاجی حەسەن هەرگینەیی، حاجی مەحمودی بەردە کەڕ، جەلالی عەلی ئاغا، لە دۆست و هاوکارەکانی مەفرەزە پارتیزانەکان بوون بە تایبەت مەفرەزەی شێخ کەریم، حاجی مەحمودی بەردەکەڕوو جەلالی عەلی ئاغا، لە سەر دەواجن کاریاندەکرد لە ناوگردان و زرگوێز، دەواجنەکەی جەلالی عەلی ئاغا لە زرگوێز بوو، دەواجنەکەی حاجی مەحمودی بەردەکەڕ لە ناوگردان بوو لە گوێچەمی تانجەڕۆ.

خواردن و پێداویستیەکانی پێشمەرگەیان بە بیانووی هێنان و گواستنەوەی عەلەف و پێداویستی دەواجنەکان دەبردە دەواجنەکانیان، شەوانەش پێشمەرگە دەهاتنە دەواجنەکان و خواردەمەنی و پێداویستیەکانیتریان دەبرد کە بۆیان هاتبوو.

[٢٢] تراکتۆر یان گاکە جوت دەکات، دوای خۆیان خەت بە جێدێڵن، پێیدەڵێن خەتە جووت.

## کـــــیۆماڵی نـــــــاوچەکە

+ مەفرەزە خاسەکانی دەربەندیخان کیۆماڵی ناوچەکانی قەراخ و بازیانیان دەکرد بۆ دۆزینەوەی شوێنی پارتیزانەکان، لە یەکێک لەو دەرچوون و کیۆماڵکردنانەدا نزیک بە شەست جاش لە ڕیزی مەفرەزە خاسەکاندا هاتنە نزیک ئەشکەوتی (مەلا خانە) بنکەی سەرەکی مەفرەزەکەی بازیان، لە ئەشکەوتی بەر ئەشکەوت لەو لای بنکەی پێشمەرگەکان شەوو ڕۆژێک مانەوە، ڕۆژی دوایی بە دەست بەتاڵی گەڕانەوە.

+ مەفرەزەکەی شێخ کەریم لە قەڵاسورەوە دەهاتنەوە بەرەو وەکاشەی قەرەداخ، خانوویەکی کۆنکرێت لەوێ هەبوو، پێشمەرگەکان هەندێک جار لەوێ دەمانەوە مەفرەزەکە گەیشتنە هەورازەکەی وەکاشەو شەش چەکدار بەرەو ڕوویان هاتن، پێشمەرگەکان خۆیان تێکنەدا، سلاویان لە یەکتر کردوو دانیشتن، جاشەکان وتیان ئێوە چین پێشمەرگەکان ووتیان ئێمە جاشین لە ڕەبیەکانی میکائیل پاشا، پێشمەرگەکان قەناس و کوڵە پشتیان پێبوو، چلکن و ڕیش هاتوو بوون، جاشەکانیش پۆشتە، ووتیان ئێوە پێشمەرگەن لە جاش ناچن، ئێمە خزمی ئەنوەر دەرەویانین، پێشمەرگەکان خۆیان ئاشکرا کرد چەکدارەکان هەر لەوێ پەیوەندیانکرد بە مەفرەزەکەوەو بەڵێنی پشتیوانی و هاوکاریان پێدان.

+ مانگی ١٩٩٠/١١ جارێکیتر مەفرەزە خاسە بۆ کیۆماڵی ناوچەکەو گەڕان بە دوای پێشمەرگەدا هاتنە دێی داراغا، بەڵام بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە.

کاتێک پیاوانی ڕژێم کیۆماڵی ناوچەکەیان دەکرد پێشمەرگەکان دەچوونە نزیک سەربازگەو ڕەبییەکانی ڕژێم خۆیان لەوێ حەشار دەدا، چونکە پیاوانی ڕژێم شکی ئەوەیان نەدەکرد پێشمەرگە هێندە نزیکببنەوە.

## بـــــێتەل و بـــــــێتەلەوان

پێشمەرگەکان بێتەل (جیهاز) یان پێبوو، هەر خۆشیان کار پێکەر (بێتەلەوان) بوون، جفرەی بێتەلی مەفرەزەکەی شێخ کەریم (لەتیف) بوو، جفرەو نهێنی مەفرەزەکەی (ڕەیس) لە قەرەداخ (قادر) بوو ڕۆژانە و هەموو سەرە کاتژمێرێک مەفرەزەکەی بازیان پەیوەندیدەکرد بە بێتەلەکەی قەرەداخ ئەوانیش لە گەڵ جیهازە

ڕاکاڵەکەی حەمە ڕەش لە گەرمیان قسەیان دەکرد.
هەر هەواڵێک هەبوایە لە ڕێگەی جیهازەوە دەگەیەندرایە یەکتری، هەر کێومالْ و دەرچوونێکی هێزەکانی ڕژێم هەبوایە لە ڕێگەی (بێتەل) یەکتریان ئاگادار دەکردەوە.
دێیەکانی ناوچەکە، ئەشکەوت و شوێن پەناگەکان، ژمارەی نهێنیان بۆ دانرا بوو، بە ژمارە ئاماژەیان پێدەکرا نەک بە ناو تا شوێنەکان ئاشکرا نەکرێن.
لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٩٠ مامۆستا جەلال و ئاواتی شێخ جەناب بە فەرمانی حەمە ڕەش فەرماندەی مەفرەزە پارتیزانەکانی (گەرمیان - قەرەداخ) هاتنە لای مەفرەزەکەی شێخ کەریم، مامۆستا جەلال و ئاواتی شێخ جەناب وەکو کادیری ڕێکخستن پەیوەندیان بە کەسایەتی و ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە دەکرد، بۆ ئامادە سازی ڕاپەڕین.
هەمان کات جەلال شەمەیی و لوقمان چاوڕەش، هاتنە مەفرەزەکەی شێخ کەریم بەمجۆرە مەفرەزەکە بوونە (٨) پێشمەرگە.

## چــــــوونە ســــــــلێمانی

صلاح حەمە کەریم و لوقمان چاوڕەش و دکتۆر حەسەن چوونە سلێمانی، ژمارەیەک نامەی سەرکردایەتییان گەیاندە ڕێکخستنەکان تا لە ڕێگەی خۆیانەوە بیانگەیەننە مستەشارو پیاوانی ڕژێم، بۆ هاوکاری و پشتیوانی ڕاپەڕین و هاتنە ڕیزی گەل.

**ناوی تێکڕای مەفرەزەکە**

١- شێخ کەریم محەمەد فەرماندەی مەفرەزە
٢- حەسەن ئەحمەد عەبدولڕەحمان (دکتۆر حەسەن)
٣- سەرحەد عومەر حەمە سالْح (سەرحەد دۆلانی)
٤- صلاح حەمە کەریم حسێن (صلاح بچکۆل کانی سپیکەیی)
٥- جەلال شێخ کەریم عیسا (مامۆستا جەلال)
٦- ئاوات شێخ جەناب
٧- لوقمان عەزیز محەمەد (لوقمان چاو ڕەش)
٨- جەلال حەسەن فەرەج (جەلال شەمەیی)

مەفرەزەکەی بازیان ماوەی شەش مانگ لە ناوچەی بازیان - قەرەداخ - بناری هەزار مێردو جێشانە و گڵە زەردەو ئەشکەوت و پەناگەکانی ناوچەکە مانەوە.

لە ڕاپەڕینی سلێمانی لە (١٩٩١/٣/٧) دا لە شاخی (داراغـا) دابەزین و هاتنە وڵووبە نەوزاد دەرەویانی ئۆتۆمبێلێکی جێبی بۆ پەیداکردن و یەکسەر چوونە ئەمنە سوورەکە، بۆ دەستبە سەرداگرتنی کە تا ڕۆژی ١٩٩١/٣/٨ شەڕی تیا مابوو.

لە کاتژمێر ١٢:٣٠ دەقیقەی نیوەڕۆ شێخ کەریمی باخی سـەروو فەرماندەی مەفرەزەکەی بازیان لە کاتی لێدانی RBG لە ئەمنە سوورەکە گوللەیەک پێکایی و شەهید بوو.

## مـــــــەفرەزەی ســـــــــورێن
## 1990/8/20
## (ســـیانزە)

دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنوورەکان سەر لە نوێ خۆیان ڕێکخستنەوەو بە مەفرەزەی بچووک بچووک دەگەڕانەوە ناوچەکان.

پێشمەرگەکانی هەورامان و شارەزوور چەندین جار بە مەفرەزە دەهاتنە ناوچەکانی هەورامان- سورێن و تا نزیک شارو شارۆچکەکان دەبوونەوە.

ئەو مەفرەزە پارتیزانانەی لە قەراخ و گەرمیان بوون پێشمەرگەکانی هەورامان و شارەزوور چاوساغیان بوون ڕێگەیان نیشاندەدان و دەیانپەڕاندنەوە گەرمیان و قەراخ، هەمانشێوە دەیانبردنەوە سەرکردایەتی، فازیل شیرەمەڕی و چەند پێشمەرگەیەکیتر لە سەر مەشقی پەڕاندنەوەی مەفرەزەکان بوون.

ساڵی (١٩٩٠) مەفرەزەیەکی سەر بە بەتالیۆنی دووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئەشکەوتی (مەڕنار) لە چیای سورێن جێگیر بوون، پێش جێگیر بوونی مەفرەزەکەی سورێن چەند جارێک مەفرەزەی پێشمەرگە بۆ تاقیکردنەوەی ڕێگاو دەستنیشانکردنی شوێنی گونجاو بۆ هاتووچۆی پێشمەرگەو مانەوەیان و شاردنەوەی خواردن و پێداویستی هاتنە ناوچەکە.

سەرەتا مەفرەزەیەک هاتنە شارەزوور بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بگەڕێنەوە نانی سێ ڕۆژیان لە گەڵ خۆیاندا هێنابوو کەمال مەحموود نانی بە سەر مەفرەزەکەدا دابەشکرد هەر پێشمەرگەیە (١١) نانی بەرکەوت، مەفرەزەکە سێ ڕۆژ مانەوەو گەڕانەوە.

مانگی ١٩٩٠/٧ نەوزادی حەمەی غەفور، کەمال مەحموود، عەتا جافەرانی و عەباس هاتنە خوارەوە بۆ شیرەمەڕ بارەگای فەوجێکی لێبوو لە نزیک بارەگای فەوجەکە مانەوە مەفرەزەکە بۆ تاقیکردنەوەی ڕێگاکە هاتبوون شەوو ڕۆژێک مانەوەو گەڕانەوە لە گەڕانەوەدا زۆر تینویان بوو، برادەرێک ئەوەندەی تینوو بوو میزی خۆی کردە ناو مەتارەکەیەوەو خواردییەوە.

مەفرەزەکە لە ملەی داڵەمێز چوونە ئەشکەوتێک فێنک بوو لەوێ پشوویاندا و

ڕۆیشتن دوای ئەوەی هەورازی سەختی سورێنیان بڕی گەیشتنە چاڵە بەفرەکان.

هێزەکان جیاکرابوونەوە، بەتالیۆنەکان درووست بوون بەشێک لە هێزی پێشمەرگە خولی تایبەتیان بینی بەشێکیش لە ناوچەکانی کوردستاندا بە پارتیزانی مابوونەوە.

مەفرەزەیەکی بەتالیۆنی دوو کە جەمیل هەورامی فەرماندەی بوو فەلاحی حەمە بۆر جێگری بوو بڕیاریاندا بێنە سورێن.

ئەو سەردەمە هاتووچۆ لەنێوان لێپرسراوانی عێراق و ئێران لە سەر ئاستی باڵا گەرم بوو سەرکردایەتی (ی ن ک) چەند ئەگەرێکی دانابوو بۆ هەر ئەگەرەش ڕێگە چارەی هەبوو، یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەبوو حکومەتی ئێران و عێراق بەرهەڵستکارەکانیان تەسلیم بە یەکتری بکەنەوە یان دووربخەنەوە، گومان وابوو ئەگەر هێزە بەرهەڵستکارەکان تەسلیم بە یەکتر نەکەنەوە ڕەنگە هێزەکانی یەکێتی دووربخرێنەوە بۆ قوڵایی ئێران و لە ئۆردوگاکاندا سەریان سپی بکەن، بۆیە سەرکردایەتی (ی ن ک) بەرنامەی جێگە کردنەوەی هێزەکانی داڕشت لە ناو خاکی کوردستاندا.

ئەو سەردەمە (ی ن ک) لە سەرتاسەری کوردستاندا مەفرەزەی پارتیزانی هەبوو لە کەرکوک، هەولێر، قوڵایی گەرمیان، پیرەمەگرون، شارباژێر، کاروخ و خۆشناوەتی بەڵام ئەم مەفرەزانە هەر توانای ژیاندنی خۆیان هەبوو بۆیە (ی ن ک) بە پێی پلان و بەرنامەیەکی پتەو چەندین تەن خواردنی لە برنج، شەکر، ڕۆن، چا، فاسۆلیا، لەتکەنۆک، تایت و سابوون ڕەوانەی شاخی سورێن کرد تا ئەگەر هەر یەکێک لە ئەگەرەکان ڕوویدا بەشێک لە هێزی پێشمەرگە بتواندرێت لە سورێن بژێنرێت و جێبکرێتەوە دیارە ئەم بەرنامەیە بۆ شوێنەکانیتریش ڕاست بوو، جگە لەوەش سورێن خاڵی بەیەکگەیشتن و پشوودانی مەفرەزەکانی قەراخ و گەرمیان بوو.

## چـــۆن مـــەفرەزەکە پـــێکهات

جەمیل هەورامی فەرماندەی بەتالیۆن بوو، فەلاحی حەمە بۆر جێگری بوو، سالاری حاجی قادر فەرماندەی تیپ بوو.

نەوزادو کەمال چوونە کانی دینار جەمیل هەورامی و سالاری حاجی قادریان بینی پێشنیاری ئەوەیانکرد بچنە چیای سورێن و بە پارتیزانی بمێننەوە، جەمیل هەورامی پێیووتن چیمان پێبکرێت بۆتان دەکەین دەمانچەکەی قەدی خۆمتان بۆ دەفرۆشم.

## بـــەرەو سورێن- ئـــەشکەوتی مـــەڕنار

ڕۆژی ١٩٩٠/٩/٥ مەفرەزەکە هاتنە سورێن فەلاحی حەمە بۆر جێگری بەتالیۆنی دوو لە گەڵ مەفرەزەکە هات لە ئەشکەوتی مەڕنار پشتی خۆرنەوازان و بانیشار لە چیای سورێن مانەوە ئەشکەوتەکە بن کاچێک بوو شوێنی دانیشتنی کەم بوو پێشمەرگەکان لە ماوەیەکی کەمدا بە کەڵەک شوێنی خەوتن و مانەوەیان چاککرد.

فەلاحی حەمە بۆر چەند ڕۆژێک لە گەڵ مەفرەزەکە مایەوە ڕێنمایی کردن ڕێگەو شوێنی نیشاندان دواتر گەڕایەوە.

شەوکەت حەمە سالّح دوو بۆ سێ ڕۆژ هاتە لای مەفرەزەکەو دواتر گەڕایەوە کانی دینار نەوزاد چەند ڕۆژێک مایەوەو گەڕایەوە.

پێشترو لە ساڵی ١٩٨٩ لە سەر لوتکەو کانی ڕەنگین لە شاخی سورێن پێشمەرگەکانی شارەزوور بنکەیان هەبوو خێمەیان هەڵدابوو بەڵام لە دوای وەستانی شەڕی عێراق ئێران و بە بیانووی چاودێری نێودەوڵەتی هێزەکانی ئێران داوایانکرد خێمەکە لابەن چوونکە چاودێری نێودەوڵەتی وەکو سنوور بەزاندن دەیداتە قەڵەم.

پێشمەرگەکانی ڕەنگین ناچار بوون بە ڕۆژ خێمەکەیان دەپێچایەوەو ئێواران بەر لە تاریک بوون خێمەکەیان هەڵدەدایەوە بەمجۆرە تا مانگی ١٩٨٩/١١ لە سەر لوتکەو کانی ڕەنگین مانەوە.

## مەفرەزەی ئەشکەوتی مەڕنار

ئەو پێشمەرگانەی لە ١٩٩٠/٨/٢٠ لە ئەشکەوتی مەڕناری چیای سورێن مانەوە، ئەم تێکۆشەرە پارتیزانانە بوون:

١- سەریاس دارا سیدا ناسراو بە سەریاس هاواری فەرماندەی مەفرەزەکە
٢- ڕەسوڵ محەمەد حسێن ناسراو بە مام ڕەسوڵ جێگری مەفرەزەکە
٣- کەمال مەحموود محەمەد ناسراو بە کەمالی حاجی مەحموود
٤- ئیبراهیم محەمەد سەعید ناسراو بە برایمی مرور
٥- باخەوان محەمەد عەلی ناسراو بە باخەوانی حەمە بۆر
٦- نوری سەعید باوە ناسراو بە نوری خێڵی حەمەیی
٧- محەمەد ڕەشید ئەحمەد ناسراو بە حەمە بۆینی
٨- جەلال کەمال محەمەد ناسراو بە جەلالە بچکۆل

لە کۆتایی مانگی ١٩٩١/٢ سێ پێشمەرگە هەندێک پێداویستییان بۆ هێنان و تا ڕاپەڕین لە گەڵ مەفرەزەکە مانەوە کە ئەم تێکۆشەرانە بوون:

١- ئەنوەر عومەر ناسراو بە ئەنوەری حاجی عومەر
٢- کەمال فەرەج
٣- ئەرسەلان مەحموود حسێن

## مەفرەزەی هانە ئەحمەد

لە مانگی ١٩٩٠/١١ مەفرەزەیەک لە هانە ئەحمەد دانرا سەرەتا چەند پێشمەرگەیەکی تیپی (٥٥)ی قەرەداخ هاتنە هانە ئەحمەد دواتر ئەوان بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ ڕاپەڕین گەڕانەوە بەتالیۆنەکەیان و ئەم پێشمەرگانە هاتنە جێگەیان:

١- ئەکرەم وەهاب ناسراو بە ئەکرەمی شێخ وەهاب سەرپەرشتی بنکەکەی دەکرد
٢- بورهان ئەحمەد حەسەن ناسراو بە بورهان ئەحمەد بەگ
٣- خالید محەمەد ئەمین

٤- تەها محەمەد شەریف
٥- نەوزاد محەمەد غەفور ناسراو بە نەوزادی حەمەی غەفور
٦- فایەق تۆفیق محەمەد ناسراو بە فایەقی ڕابە
٧- بەکر ڕەشید محەمەد ناسراو بە عەریف بەکر
٨- ئیبراهیم ڕەئوف محەمەد ناسراو بە برایم بچکۆل
٩- نەوزاد حەسەن ئەحمەد ناسراو بە نەوزاد حەسەن
١٠- نەجم جەلال حسێن

ئەم مەفرەزەیە لە گەڵ مەفرەزەکەی ئەشکەوتی مەڕناو کاتژمێرێک ڕێگە نێوانیان بوو، هەر دوو مەفرەزەکە سەریاس هاواری فەرماندەی کەرت لە تیپی شارەزوور لێپرسراویان بوو.

## هـــــەڵگرتنەوەی مـــین

لە گەڵ هاتنە خوارەوەی مەفرەزەکەی ئەشکەوتی مەڕنار ئەو کێڵگە مینانەی لە ناوچەکە دوژمن چاندبوونی هەڵیانگرتنەوە.

برایم محەمەد کێڵگە مینەکانی بانیشاری هەڵگرتەوە کە ئەوەش ڕێگەی هاتووچۆی پێشمەرگەی ئاسان دەکرد.

قەڵای بانیشار ڕەبییەی سەربازی لێبوو بەربەستی لە بەردەم هاتووچۆی پێشمەرگە درووستدەکرد، کاتێک عێراق کوەیتی داگیرکرد ئەو ڕەبییە لەوێ نەما ئەوەش هاتووچۆی پێشمەرگەی ئاسانکرد.

ئەشکەوتەکە ئاوی خواردنەوەی نەبوو لە پەنا ئەشکەوتەکەدا دڵۆپە ئاوێک دەهاتە خوارەوە حەوزێکی بۆ دروستکرا بوو شەوو ڕۆژی بیست لیتر ئاوی تیا کۆدەبووەوە ئاوەکە کرمی دەزوولەیی تیا بوو بە لەفاف ئاوەکەیان دەپاڵاوت.

کانی لە ئەشکەوتەکەوە دوور بوو لە پاڵ ئەشکەوتەکە شوێنێکی تیابوو حاجی عەبدوڵڵای سیامێوەی سۆسیالیست لە شارەزوورەوە چیمەنتۆو لمی هێنابوو لە پاڵ ئەشکەوتەکە حەوزێکی بچووکی درووستکردبوو بیست لیتر ئاوی تیا کۆدەبووەوە بە شەوو ڕۆژێک پڕدەبوو ئاوەکە بە شێوەی دڵۆپ وەکو فرمێسک دەهاتە ناو

حەوزەکەوە، ئەو حەوزە بۆ پێشمەرگەکانی ئەشکەوتی مەڕنار مایەوەو سوودیان لێدەبینی.

کە چوونە ئەشکەوتەکە هەفتەی یەکەم بێ ئێشکگر دەخەوتن مام ڕەسوڵ ووتی نابێت ئێشکگرمان نەبێت ڕۆژێک دوژمن دەرگای ئەشکەوتەکەمان لێدەگرێت مام ڕەسوڵ تاقموو تفەنگی بەست ووتی من تا بەیانی ئێشکگر دەبم، ئیتر شەوانە ئێشکگریان دانا ڕۆژانە هەشت هێستر دەهاتنە هانە ئەحمەد هەر هێسترەی ١٠٠ کیلۆ باری پێبوو ڕۆژانە ٨٠٠ کیلۆ خواردن دەهاتە هانە ئەحمەد هەموو بەیانییەک پێش خۆر هەڵاتن پێشمەرگەکانی ئەشکەوتی مەڕنار دەچوون بە کۆڵ بارەکانیان دەگواستەوە بۆ نزیک مەڕنار، بارەکان برنج و ڕۆن و شەکرو چاو فاسۆلیاو تایت و سابوون بوون.

مەفرەزەکە بە وشکە کەڵەک ژوورێکیان درووستکرد ئەو شەڕگەو حەشارگانەی لە دەورووبەری ئەشکەوتەکە بوون چاکیانکرد بۆ مانەوەی پێشمەرگە.

لە دۆڵی خۆرنەوازان بەرمیلێکی کۆنیان دۆزییەوە و کردیانە تەنوور چوار دەوریان بە قوڕو وشکە کەڵەک هەڵچنی تا ئەگەر هێزێکی پێشمەرگە هاتنە ئەوێ سوود لەو تەنوورە ببینن بۆ نانکردن.

## هـــــێڵی پــــــەیوەندی

پێشمەرگەکانی ئەشکەوتی مەڕنار هێڵی پەیوەندی هەموو مەفرەزەکانی گەرمیان قەرەداخ بوون بە سەرکردایەتییەوە.

مەفرەزەکە بێتەلێکی (پی ئاڕ سی) حەوتیان پێبوو (٧.P.R.C) سەریاس هاواری و کەمالی حاجی مەحموود ڕۆژانە کاتژمێر (٩)ی بەیانی و (٣)ی دوانیوەڕۆ لە شوێنێکی بەرزەوە پەیوەندییان لە گەڵ مەفرەزەکانی قەراخ گەرمیان دەبەست، پەیوەندییەکانی ئەوانیان دەگواستەوە بۆ بەتالیۆن و سەرکردایەتی.

مەفرەزەکانی گەرمیان بێتەلێکی ڕاکاڵیان لابوو لە کارکەوتبوو تەنها بێتەلی هۆکی تۆکیان لابوو لە بەر ئەوە دەنگیان نەدەگەیشتە سەرووی خۆیان لە ڕێگەی هۆکی تۆکی پەیوەندییان لە گەڵ بێتەلەکەی سورێن دەگرت ئەوانیش دەیانگەیاندە

سەرکردایەتی و وەڵامی جفرەکانیان بۆ وەردەگرتنەوە.

بێتەلی مەفرەزەکانی گەرمیان هەریەکەو ناوێکی جیاوازیان هەبوو بۆ پەیوەندیکردن:

- عوسمانی حاجی مەحموود (نازم)
- حەمە ڕەش (حەمە ڕەش)
- ڕەیس (قالە)
- سەید جەوهەر (سەید)
- حەمە ئاخە (ئاخە)
- بێتەلەکەی سورێن (سورێن)

ڕۆژێک کەمالی حاجی مەحموود بۆ پەیوەندی کاتژمێر (٩) بەرەو بەرزاییەکە سەرکەوت تا پەیوەندی لە گەڵ مەفرەزەکان بگرێت کەمال کاتژمێری بیرچوو بوو نەیدەزانی کاتژمێر چەندە، کەمال بە بێتەلەکە دەگەڕا چووە سەر خەتی بێتەلێکی پاسدار مۆرسی بۆ لێدان بێتەلی پاسدارەکان بە فارسی بە کەمالیان ووت وازبێنە کەمال ووتی پێم بڵێ کاتژمێر چەندە وازدێنم، کاتژمێر ٨:٥٠ دەقیقە بوو بەو جۆرە کاتەکەی زانی تا پەیوەندی بگرێت.

لەو ماوەیەی بارەکانیان دەهێنا تێکڕا چواردە تەن خواردن و پێداویستی بوو لە دوانزە شوێن شاردیانەوە جگە لە برنج و ڕۆن و ئارد و تایت سابوونیشی تیابوو.

شاخەکە تیژ بوو پێڵاو بەرگەی نەدەگرت لە بەتالیۆنەوە بە کەمال و ئەنوەرو ئەرسەلاندا تراکسوودو قەمسەڵەیان بۆ ناردن لە سەر شاخ گیریان خواردبوو لە بەفرا کۆڵەکەیان فڕێدابوو نەوزادی حەمەی غەفورو نەجم جەلال لە بنکەی هانە ئەحمەد کۆڵەکانیان هێنایە خوارەوە.

ئەو چەند مانگەی لە ئەشکەوتەکە بوون خۆیان نەشت تەنیا یەکجار برایم بەفری تواندەوەو خۆی شت.

کەمالی حاجی مەحموود نانی هەورامی بە ساج دەکرد دواتر خواردنیان درووستدەکرد، بەیانی زوودەچوون بۆ گواستنەوەی بارەکان دواتر دەهاتنەوە بۆ

چاککردنی ئەشکەوتەکە دوای نیوەڕۆ دەچوون داریان دەبڕی و ئامادەیان دەکرد بۆ سووتاندن.

ئەگەر برنجیان لێبنایە بە ئاوی برنجەکە قاپەکانیان دەشت مام ڕەسوڵ دەیووت شۆردنی ناوێت با ئاو خەسار نەبێت.

## دارو مـــــــار

ئەو بەیانییەی شەوکەت بە نیاز بوو بڕواتەوە ویستی ڕیشی بتاشێ چووە سەر حەوزە ئاوەکەو هاتەوە دارێکی بەدەستەوە بوو دارەکەی دانا هاتە لای ئەشکەوتەکە لە پڕ دای لە میلی تفەنگ دوو فیشەکی تەقاندو ووتی ئەوە مارە، برادەران ووتیان مار نییە دارەکەی خۆتە لەوێ داتناوە تەقەت لە دارەکە کردووە.

## نـــــامەی بـــــــرادەرێك

برادەرێک لە کانی دینارەوە نامەیەکی بۆ کاک نەوشیروان لە سەر مەفرەزەکەی سورێن نووسیبوو تیایدا ئاماژەی بە مەفرەزەکەی سورێن و ئیش و کارو چالاکییەکانی بنکەکە کردبوو نووسیبووی وامان کردووەو وابچێت.

لە خواری نامەکەوە نووسیبووی (کانی دینار)

کاک نەوشیروان لە وەڵامی نامەکەدا نووسیبووی بریا ئەو نامەیە لە سورێنەوە بنووسرایەو بهاتایە نەک لە کانی دینارەوە.

## مـــــیوانی ئـــــەشکەوت

ئەشکەوتەکە لە گەڵ ئەوەی سەخت و دوور بوو بەڵام پێشمەرگە لە شوێنەکانیترەوە دەهاتن بۆ لایان سەرەتا فەلاحی حەمە بۆر، شەوکەت حەمە ساڵح، نەوزاد چەند شەوێک لایان بوون.

- عەدنانی حەمەی میناو سالاری حاجی قادر شەوێک میوان بوون
- ئاری ڕەئوف بێگەردو ئەکرەم شەوێک میوان بوون
- بەرزان و حەسەنی مام ساڵح شەوێک میوانیان بوون سێ بزنە کێویان کوشت، سەریاس هاواری ووتی با یەکێک لەو بزنانە بنێرینەوە ئەودیو بۆ پێشمەرگەکانی

بەتالیۆن برایم ناڕازیبوو لە ناردنیان، سەریاس بە برایمی ووت ماڵت ئاوا بێت بۆ ئەوەندە چاو برسیت تێر ناخۆیت، برایم سوێندی بە گۆڕی شەهیدان خوارد گۆشتی ئەو بزنانە نەخوات.

ماوەی هەفتەیەک گۆشتیان دەبرژاند، دەکوڵاند بە بەرچاوی برایمەوە دەیانخوارد لە ڕۆژی کۆتایدا کەمال برنجێکی لێناو گۆشتی بۆ کوڵاند و ئاوی گۆشتەکەیان کرد بە شلە.

برایم ووتی برادەران چەند ڕۆژە ئێوە گۆشت دەخۆن من هیچم نەخواردووە دەکرێت تۆزێک ئاوی گۆشت بخۆم، ووتیان نەخێر بە ئاوی گۆشتەکەش سوێندەکەت دەکەوێت، برایم ئەو هەفتەیە هەر نان و چای خوارد.

هۆکاری ئەوەی برایم ڕازی نەبوو بزنەکە بنێرن بۆ بەتالیۆن ئەوە بوو کە ئەمان هاتبوون بۆ سورێن یەکێک لە پێشمەرگەکانی ئەویَ ووتبووی ئەمانە عاقڵ نابن، برایم دەیووت ئەوان ئاوا تەماشامان بکەن بۆچی ئێمە هەشت کاتژمێر بزنێک بدەین بە کۆڵدا و بیبەین بۆ ئەوان بیخۆن.

لوتکەو کانی و ئاوی ڕەنگین لە ئەشکەوتەکەوە دوور بوو ڕۆژێک دوو پێشمەرگە چوونە ڕەنگین سەریان شت و تێر ئاوی سازگاریان خواردەوە شەوەکەی لە بنکەیەکی بزووتنەوەی ئیسلامی مانەوەو بەیانییەکەی گەڕانەوە ئەشکەوتەکە.

## مـــــــار

ئەشکەوتەکە ماری زۆر بوو لە ماوەی حەوت مانگ مانەوەیان لە ئەشکەوتەکە زیاتر لە چل ماریان کوشت.

شەوێک خەوتبوون سەریاس هاواری کرد ووتی برادەران خۆڵ دەبارێت کەمال لایتی لێدا ماربوو بە سەر سەری سەریاسەوە بوو مارەکەیان کوشت و خەوتنەوە.

## تـــێکچوونی بـــێتەلەکە

بێتەلەکە تێکچوو بوو شەوو ڕۆژێک پەیوەندییان نەکرد کەمال بێتەلەکەی بردە بەتالیۆن چاکی بکات، بێتەلەکەی لە بەتالیۆن جێهێشت و بێتەلێکیتری هێناو عەسرەکەی گەڕایەوە سورێن و پەیوەندی لە گەڵ مەفرەزەکان کرد.

## شـــــــکاندنی ڕادیــــــۆکە

برایم ڕادیۆیەکی قیسارەی بچووکی هەبوو بە دەست مام ڕەسوڵەوە بوو، ڕۆژێک میوانیان هەبوو قسەی خۆش و گاڵتەو گەپیان دەکرد مام ڕەسوڵ بێتاقەت بوو تورە بوو ڕادیۆکەی هەڵگرت ووتی دەڵێی بیشکێنم برایم ووتی جا بۆ تۆ ئەیشکێنی ڕادیۆی منە بێنە خۆم دەیشکێنم، برایم ڕادیۆکەیدا بە بەردێکدا و شکاندنی ووتی ئەوە نەجاتمان بوو.

شەوێک خەوتبوون کرتە کرت دەهات ووتیان مشکە مام ڕەسوڵ ووتی نەوەڵڵا منم پارچە نانی لێیە دەیخۆم.

لە گەڵ نزیک بوونەوەی ڕاپەڕیندا مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی فەلاحی حەمە بۆر بەرەو قەراخ بەڕێکەوتن مەفرەزەکە هاتنە ئەشکەوتەکە برادەرانی ئەوێ هاوکارییان کردن و کۆڵەکانیان لە گەڵ هەڵگرتن و بەڕێیانکردن دواتر گەڕانەوە لە گەڕانەوەدا بەفر دەباری بە شێوەیەک جێ پێڵاوەکانی لە چرکەیەکدا پڕ دەکردەوە لە بەفر.

## بــــــەرد تــــــەقاندن

لە سەرو ئەشکەوتەکەوە ژوورێکیان بە کەڵەک درووستکردبوو نوری خێڵی حەمەیی چووبوو بۆ ئێران لە گـەڕانـەوەدا هاتبووە ئـەو ژوورەی سـەرووی ئەشکەوتەکەوە بەردی لە ئەشکەوتەکە دەگرت.

پێشمەرگەکان وایانزانی دوژمنە هاتووەتە سەریان بـەرد دەهـاوێژن تا لە ئەشکەوتەکە بێنە دەرەوەو تەقەیان لێبکەن، پێشمەرگەکان خەریک بوو تەقە بکەن، ووتی من نوریم ووتیان ئەی بۆ قسە ناکەیت ووتی ئەی بەردم نەتەقاند ووتیان خۆ لە بەردەکە نەنووسراوە نورییە.

کە دەچوون بۆ گواستنەوەی بارەکان زۆر ماندوو دەبوون ڕۆژێک بە سەریاس هاواریان ووت تۆ لە ئێمە بەتەمەنتریت ئەمڕۆ ئەو چل کیلۆ شەکرە هەڵگرە ئەوانیش یەکی فەردەیەکی پەنجا کیلۆیی برنج و دوو قتوو ڕۆنی پێنج کیلۆییان هەڵگرتبوو، سەریاس لە ڕێگا دەیووت ئەم کۆڵەی من زۆر قورسە کە گەیشتنە جێ سەیریان کرد کۆڵەکەی سەریاس لە جیاتی چل کیلۆ هەشتا کیلۆیە چوار کارتۆن بوو هەر

کارتۆنەی بیست کیلۆ بوو.

کەمال کۆڵێکی بە پشتێن لە پشتی توند کردبوو کەوتە ناو چاڵێکەوە پشتێنەکە لە ملی توند ببوو خەریک بوو دەخنکا برایم فریایکەوت و ڕزگاریکرد.

عێراق کوەیتی داگیرکردبوو هاوپەیمانان لە عێراقیاندا، وەرزی بەفرو سەرما بوو سورێن سپی دەچووەوە لە بەفردا دووکەڵی بیرە نەوتە سووتاوەکان و تەپوتۆزی جەنگ گەیشتبووە سەر بەفری سورێن بەفرەکە ڕەش و سوور هەڵگەڕا بوو لە دووکەڵی جەنگدا.

ئەم مەفرەزەیە لە ١٩٩٠/٨/٢٠ تا ڕاپەڕینی ئازاری خەڵکی کوردستاندا لە ئەشکەوتەکە مانەوە.

## مــــــەفرەزەی ســــــورێن
## بـــــــەرەو قەرەداخ- نــــــاوەڕاستی مانگی 1991/1
## (چـــواردە)

لە بنکەی «سـورێـن»ەوە مـەفـرەزەیـەک هاتنە قــەرەداخ کۆمەڵێک نامەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسییان پێبوو بۆ ئامر لیوا، مستەشار، سەرۆک عەشیرەت، کەسایەتییەکان.

هەندێک لە نامەکان مۆرکرا بوون کاک فەلاح لە سەری دەنووسی بۆ هەر کەسێک پێویست بووایە، نامەکان تەسلیم فەلاحی حەمە بۆر کران.فەرماندەی مەفرەزەکە فەلاحی حەمە بۆر بوو فەرەیدون عەبدولقادر فەرمانی بۆ دەرکردبوو.

**مەفرەزەکە:**

١- فەلاحی حەمە بۆر فەرماندەی مەفرەزە
٢- حەمەی حەمە سەعید
٣- خەلیل سەرکانی
٤- سەردار ناوتاقی
٥- حەمە زیاد
٦- مەلا ئەحمەدی دسکەرە

مەفرەزەکە هاتنە خوارەوە لە سەرەوە پەیوەندییان پێوە کردن ووتیان بگەڕێنەوە ئێرانیەکان دەڵێن با ئەفسەرێکی ئێمەیان لە گەڵدا بێت، مەفرەزەکە گەڕانەوە ئەفسەرەکەیان هێنا.

مەفرەزەکە تاقم و تفەنگ، قاتێک جلی زیادە، پێڵاوی زیادە، خواردن و کۆڵە پشت، جیهازیان پێبوو.

ڕێگە قوڕ بوو حەمەی حەمە سەعید لە ڕێگا پەکیکەوت تاقم و تفەنگەکەیان بۆ هەڵگرت، فەلاحی حەمە بۆر و خەلیل سەرکانی لە پێشەوە بوون هاتنە کەوڵۆس، لەوێوە بەڕێکەوتن هاتنە ئەشکەوتان.

ئەشکەوتێکی گـەورەی لێبوو خەلیل سەرکانی ووتـی بۆنی دووکـەڵ دێت لە ئەشکەوتەکەدا، چوونە بەردەم ئەشکەوتەکە دووکەڵ لە ئەشکەوتەکە دەهاتە دەرەوە

ڕووناکی تیادا بوو خەلیل سەرکانی چووە ژوورەوە، ئەشکەوتەکە ڕاستەو ڕێبوو بەڵام لە ناوەوە پێچێکی تیابوو لە پێچەکەدا ئاگریان کردبووەوە.

خەلیل ووتی کێن، ووتیان خۆمانین، ووتی خۆتان کێن، ووتیان پێشمەرگەی یەکێتین، خەلیل ووتی ئێمەش پێشمەرگەی یەکێتین.

کە چوونە ژوورەوە حاجی محەمەدی کوڵکنی باوکی دوو شەهیدی یەکێتی، بەکری حەمە هەجیجی خورماڵی کۆنە پێشمەرگەی یەکێتی کەسێکیتریان لە گەڵدا بوو، لێیان پرسین چیدەکەن لەم ئەشکەوتەدا ووتیان کۆڵبەری دەکەین، لە شارەزوورەوە تەلەفزیونیان دەهێنا لەوێوە دەیانپەڕاندەوە بۆ سورێن.

مەفرەزەکە ژمارەیەک نامەیان دایە حاجی محەمەدو بەکری حەمە هەجیجی بیگەیەننە دەستی هەندێک خەڵکی دیاریکراو، حاجی محەمەد و بەکریان ڕاسپارد هەواڵ بگەیەننە کەسووکاریان.

مەفرەزەکە ماڵاواییان لە حاجی محەمەد و بەکر کرد حەمە زیاد خەڵکی بەرزنجە بوو ووتیان تۆ لێرەوە لێپرسراومانیت، حەمە زیاد بردنیە ئەشکەوتێک لە بەردەمی مۆریاس چوونە ئەشکەوتەکە ئاگریان کردەوە، دەمەو بەیان هاتنە دەرەوە دار کۆکەنەوە حەمە زیاد ووتی سەر کانیەکە دوو کەسی لێیە تۆ بڵێی جاش بن، دەنگیان نەکرد تا نزیکی عەسر بۆیان سەرکەوتن دەنگیاندان ووتیان سەربازی هەڵاتووین، خەڵکی مۆریاسین پێشمەرگەکان ووتیان نەجوڵێن دەستتان بەرز کەنەوە کە چوونە لایان ووتیان لە کوەیت هەڵاتووین لێرە خۆمان پەنا داوە دەمانەوێت لێرە خۆمان بپارێزین دۆخی سووپای عێراق خراپ و شپرزەیە.

حەمە زیاد هەر دووکیانی دەناسی کوڕی کێن، سەربازە هەڵاتووەکان ووتیان چیدەکەن لێرە پێشمەرگەکان ووتیان تا مۆریاس دەچین و دەگەڕێینەوە بەرزنجە نەیانووت دەچینە قەرەداخ.

دەمەو ئێوارە هاتنە مۆریاس لەوێوە بۆ چەناخچیان ووتیان مەلا ئەحمەد ئیتر ناوچەی تۆیە بە نێوان ڕەبییەکاندا ڕۆیشتن گوێیان لە دەنگی جاشەکان بوو قسەیان دەکرد.

مەفرەزەکە گەیشتنە بناری قەرەداخ خەریک بوو ڕۆژیان لێدەبووەوە نەیاندەتوانی سەرکەون لای دەربەند فەقەرە کۆمەڵێک گابەردی تیابوو چوونە لای ئەو گابەردانە خۆیاندا بە زەویدا بەیانی کە ڕۆژهـەڵات دەوروپشتیان قەرەباڵغ بوو هەندێک ئەشکەوتی تیابوو ئاگرو دووکەڵی لێهەڵدەستا چەند ڕەبییەیەک لە پاڵیاندا بوو هەتا دەمەو ئێوارە لەوێ مانەوە دەمەو ئێوارە سەرکەوتن بۆ لای ئەشکەوتەکان سەیریانکرد سەربازی هەڵاتوون، سەربازە هەڵاتووەکانیان دەناسی خەڵکی ناوچەی خۆیان بوون لە گەڵ ئەوانیشدا قسەیان کردوو هەندێک نامەیان دانێ بیگەیەنن.

لەوێوە سەرکەوتن چوونە ئەودیو بۆ لای مەفرەزەکەی ڕەیس بە جیهاز دۆزییاننەوە ووتیان ئێمە هاتووین دەمانەوێت بگەینە ئەو بەر.

عەدالەت لە مەفرەزەکەی ڕەیس هات بە دوایاندا ئاوی دێوانە هەستا بوو بە زەحمەت پەڕینەوە خەریک بوو ئاو بیانبات چوونە دێی مەسۆیی هەموو گیانیان تەڕ بوو شەوێکی باراناوی بوو، هەندێک بن بەردی لێبوو چوونە بن بەردەکان ئەوەندە باران لێیدان بە بن بەردەکانیشدا ئاو دەهاتە ژێریان.

ئەفسەرە ئێرانییەکە هەموو دەست و پلی هاوسابوو ووتی ژیانی پێشمەرگایەتی ئەمەیە، ووتیان بەڵێ زۆر لەمە زەحمەتتریشمان دیوە ووتی دەڵێن پاسدار بە شەرەفم پاسدار بە تەمەنی ئەمەی بە سەر نەهاتووە چەند ساڵە پاسدارم ئەوە یەکەمجارە ئەوەم بە سەر بێت پدەرو مادەرم هاتووەتە دەرەوە ئەوەندە ڤالیۆمم خواردووە ئەها دەستم چۆن هاوساوە.

بەیانی لە دێی مەسۆییەوە ڕۆیشتن چوونە پەناگاکانی لای مەفرەزەکەی ڕەیس، ئاگریان کردەوە جلەکانیان ووشک کردەوە مامۆستا جەلال و ئاواتی شێخ جەناب لە سەگرمەوە هاتنە لایان.

ڕەیس چای بۆ پاسدارەکە تێدەکرد کە چایەکەی دەخستە بەردەمی قسەی پێدەووت، پاسدارەکە کوردی دەزانی بەڵام قسەی نەدەکرد دوایی بە فەلاحی حەمە بۆری دەووت ئەو قسانەی ڕەیس زۆر خۆشن.

## کـــــوشتنی کــــــەڵێك

ڕۆژێک چوونە سەر شاخ حەمەی حەمە سەعید ووتی با بچین بزانین ئاژەڵێک ناکوژین، حەمەی حەمە سەعید ووتی چاوم لە کەڵێکە فیشەکێکی قەنناسی پێوەناو کوشتی و هێنایانەوە، ڕەیس ووتی نەیخۆن، بیخۆن هەمووتان دەمرن ئەمە پەڕیوە مەیخۆن دوایی واتان لێدێت وەکو تێڵایان تێبڕیین، بە قسەی (ڕەیس) یان نەکرد کەڵەکەیان خوارد، وەکو قسەکەی (ڕەیس) یان لێهات دەچوونە سەر ئاو دەیانووت ئێستە دەیکەین بە خۆماندا کە دەچوونە سەر ئاو هیچیان بۆ نەدەکرا، قسەکەی ڕەیس دەرچوو.

## نـــــامەو نـــــوکتە

فەلاحی حەمە بۆر نامەی بۆ خەڵک دەنووسی سەردار ناوتاقی دەیووت چی دەنووسی کاک فەلاح دەیووت نامە دەنووسم دەینێرم بۆ خەڵک.

سەردار دەیووت تو شەرەف بۆ هەر کەسێکت نووسی لە خوارەوە یەک دێڕی تیا بهێڵەرەوە بڵێ ئەگەر ئەم ڕاپەڕینە سەرینەگرت ئاگات لێمان بێت شوێنێکمان بۆ بدۆزەرەوە با بڕۆینەوە، سەردار ناوتاقی هەر بۆ خۆشی وایدەوت.

دوای ماوەیەک مانەوە لە قەرەداخ و نزیک بوونەوە لە ڕاپەڕین ئەفسەرەکەی پاسدارانیان قەناعەت پێکرد بگەڕێتەوە، فەلاحی حەمە بۆرو عەدالەت ئەفسەرەکەیان برد بۆ لای مەفرەزەکەی عوسمانی حاجی مەحموود لە گەرمیان، دڵشاد لە ڕێگەی جیهازەوە مەفرەزەکەی بۆ دۆزییەوە ئەفسەرەکەیان بردە گۆڕی ئەسپ تەسلیم مەفرەزەکەی گەرمیانیانکرد ئەوانیش ناردیانەوە بۆ ئێران.

**مەفرەزەکە گەڕانەوە شارەزوور دابەشبوون بۆ ڕاپەڕین:**

+ فەلاحی حەمە بۆر، خەلیل سەرکانی بۆ باریکە
+ مەلا ئەحمەدی دسکەرەو سەردار ناوتاقی بۆ نەسرو باریکە
+ حەمەی حەمە سەعید و حەمە زیاد بۆ هەڵەبجەی تازە

دوای چەند ڕۆژێک ڕاپەڕین دەستپێکرد.

## لەكـــــانی ڕەنـــگینەوە بۆ زیـــندانی ئـــــەبوغرێب (پانـــزە)

تیپی (١٥) هەورامان لەسەر شاخی ڕەنگین بنكەیاندانا، بەپارتیزانی دەهاتنە ناوشارری هەڵەبجە و شارەزور و كەشفی ناوچەكەیان دەكرد. هەر جارە (١٠-١٥) پێشمەرگە دەچوونە سەر كانی ڕەنگین و ماوەیەك دەمانەوە دواتر دەیانگۆڕین و پێشمەرگەیتر دەهاتنە جێگەیان، پێشمەرگەكان چەند جارێك بە مەفرەزە دەهاتنە خوارەوە بۆ هەڵەبجەو شارەزور كە پێكهاتبوون لە :-

*فەلاح حمە بۆر

* عەزیز كۆڵكنی

* فەخرەدین هەورامی

* دكتۆر مەحموود

* نەوزاد حەمە غەفور

* مامە ڕەئوف حاجی سابیر

* سەركەوت قاجری

مەفرەزەكە هاتنە هەڵەبجە ڕژێمی عێراق بینایەكی ناو هەڵەبجەی دەتەقاندەوە، پێشمەرگەكان چوونە بینای بەریدەكە، مامە ڕەئوف ووتی ئەم بینایە زۆر دیارە لەناو هەڵەبجەدا ئیستەش لەناو هەڵەبجە ڕۆژ تا ئێوارە بینا دەتەقێتەوە دوورنییە بەیانی ئەم بینایەش بتەقێنەوە و هەمووومان بكوژن. مەفرەزەكە چوونەماڵێكی قوڕی بچووك لە گەڕەكی جولەكان و لەوێ مانەوە بۆ بەیانی یەكەم بینا كە تەقاندیانەوە بینای بەریدەكە بوو.

بەیانی زوو زرمەیەك هات دەنگی دەگەیشتە گەڕەكی جولەكان بۆ ئێوارە پێشمەرگەكان چوون تەماشایانكرد بینای بەریدەكە تەقێدراوەتەوە. مەفرەزەكە تا ئێواە لەناو هەڵەبجە مانەوە كەشفی ناوشاریان كردوو گەڕانەوە زانیارییەكانیان گەیاندەوە سەرو خۆیان.

## بــــەرەو شـــــارەزور

سەرەتای مانگی (١٩٨٩/١١) مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بڕیاریاندا بێنە خوارەوە بچنە شوێنی ئەو مەفرەزانەی کە لە ناوچەی شارباژێر کشابوونەوە، فەخرەدین هەورامی، حمە سیاسی، کەماله خڕە، مەلا بەکر، دکتۆر مەحموود، سەرکەوت قادری هاتنە خوارەوە بۆ ناوچەی شارەزور دەمەو ئێوارە چوونە سەید سادق و شانەدەر و دۆڵی گەڵاڵ لەوێوە بۆ کۆترە مەڕو پۆشێن، لەناو داربەڕووەکانی بەرامبەر شاخی پۆشێن دارستانێکی چڕ بوو بنکەیەکیان دروستکرد، دەرگایەکی بچوکیان هێشتەوە. لەوماوەیەدا هێزێکی دوژمن کێوماڵی ناوچەکەیانکرد لەکاتی گەڕانەوەدا خواردنێکی زۆری لەقتونراویان جێهێشت پێشمەرگەکان سوودیان لەو خواردنانە دەبینی، پاش ماوەیەک خواردنیان لێبڕا بڕیاریاندا بچن بۆ سلێمانی بۆ دوو مەبەست.

١- خواردن پەیداکردن.

٢- پەیوەندی بەڕێکخراوی سلێمانی و پارتیزانەکانی گەرمیانەوە بکەن.

## بــــەرەو ســـــلێمانی کەوتنە داوی دوژمـــــن

مەفرەزەکە پوشێنیان جێهێشت هاتنە سەر گوێژە، لە گوێژەوە هاتنە وێڵەیەر تا دەمەو بەیانی لەشاخەکەی ئەوبەر وێڵەیەر مانەوە، بەیانی چاودێری ناوچەکەیان کرد، بۆ سبەی ئێوارە بـەرەو سلێمانی بەڕێکەوتن لـە وێڵەیەر چەکەکانیان شاردەوە و بە ئاڕاستەی قرگە هاتن. هێشتا زوو بوو دنیا تاریکی نەپۆشیبوو ئۆتۆمبێلێکی تەواری هات پێشمەرگەکان گەڕانەوە تەواریەکان پێشمەرگەکانیان بینی هاواریانلێکردن، پێشمەرگەکان بە ئاڕاستەی عەربەت ڕایانکرد دەیانویست تەقەیان لێبکەن و بکوژرێن نەک بکەونە دەست دوژمن. تەواریەکان تەقەیان لێکردن فیشەک بەناو شەرواڵەکانیاندا دەڕۆیشت بەڵام بەرنەکەوتن، ئۆتۆمبێلێکی تەواری لەودیوەوە ڕێگەی لێگرتن عەلی لوت ماسی و مەفرەزەیەکی تەواری پێشمەرگەکانیان قۆڵبەستکردوو تەسلیم بە ئەمنی سلێمانییانکردن.

پێشمەرگەکانیان بردە ئەمنی سلێمانی هەموویان لەیەک ژوور دانا ئەو چەند کاتژمێرەی بەیەکەوە بوون ووتیان ئێمە گیراوین پێویستە خۆڕاگربین، ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی بڵێن ئێمە هاتووین تەسلیم بینەوە. لەکاتی لێکۆڵیینەوەدا هەموویان ووتیان ئێمە هاتووین تەسلیم بینەوە، ئەمنەکان جنێویان پێدەدان، دەیانوت ئێوە بەناو ئەم هەموو ڕەبییەدا هاتوون بۆ لەوێ تەسلیم نەبوونەوە هاتوون بۆ سلێمانی، پێشمەرگەکان بە ئەمنەکانیان ووت دیعایە وایە کە هەرکەسێک نزیک ڕەبییەکان بێتەوە تەقەی لێدەکەن لەبەر ئەوە خۆمان بە ڕەبییەکان تەسلیم نەکرد و پێمانباشبوو لەڕێگەی کەسوو کارمانەوە خۆمان تەسلیم بکەینەوە.

لەگەڵ لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەی بەردەوامدا ماوەی شەش مانگ لە ژووری تاکە کەسی (نینفرادی) ئەمنی سلێمانی هێشتیاننەوە. مامۆستا ئەحمەد، بەکر دارتاش و مامۆستا ئەحمەد سەرسپی لە ڕێکخراوی سلێمانی دەستگیرکرابوون لە ئەمنی سلێمانی بوون.

ڕۆژی سێ جار دەرگایان لە پێشمەرگە دەستگیراوەکان دەکردەوە بۆ ناخواردن بەیانیان دەرگایان دەکردەوە بۆ چوونە سەر ئاو لەو کاتەدا دەرفەتیان دەهێنا لەگەڵ دەسگیرکراوەکانی ڕێکخراوی سلێمانی قسەیاندەکرد. بەیانییەک مامۆستا ئەحمەد لە فەخرەدین هەورامی پرسی بۆچی دەستگیرکراون فەخرەدین ووتی پێشمەرگەین لەکاتی هاتنە ناو شاری سلێمانی دەستگیرکراین دڵنیاین لە سێدارە دەدرێین بەڵام لە لێکۆڵینەوەدا ووتومانە هاتووین تەسلیم بینەوە هیوایەکمان هەیە. مامۆستا ئەحمەد کادرێکی بە ئەزموون بوو ووتی باشتان ووتوە ئێوە حکوم دەدرێن لەسێدارە نادرێن بەڵام من لەسێدارە دەدرێم چوونکە لە ماڵەکەمدا تابیعەیەک گیراوە کەسێک زمانی لێداوم کەلەگەڵ خۆم ڕێکخستن بوو چووەتە ماڵمان لە حەوشەکەدا تابیعەکەی دەرهێناوە زانیاری تەواوی لەسەر داوم من تائیستا هەژدەجار هەڵواسراوم بەڵام دانمپێدانەناوە. مامۆستا ئەحمەد بە فەخرەدینی ووت دڵنیام تۆ حوکمدەدرێیت هەندێک بەیاننامەو زانیاریت دەدەمێ تا دوای حوکمدانت بیگەیەنیتە سەرکردایەتی کۆمەڵەو یەکێتی.

دوای حوکمدانی و یەکەم چاوپێکەوتنی ئەبو غریب فەخرەدین پەیام و زانیەریەکانی مامۆستا ئەحمەدی لەسەر پارچە کاغەزێک نووسی و بە عوسمانی برایدا ناردیە دەرەوە تا بیگەیەنێتە کاک نەوشیروان.

فەخرەددین و حمە سیاسی لە ژووری ئینفرادی بوون بەردەوام ئەشکەنجە دەدران و دەیانبردنە ژووری لێکۆڵینەوە هەموو جارێک دەیانووت ئێمە هاتووین تەسلیم بینەوە دواتر دەیانبردن بۆ ژوری ئەشکەنجەدان، کارەبالێدان، هەڵواسین. ڕائید حەسون، نەقیب ماجد، عەلا ئەفسەری لێکۆڵینەوە بوون لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی. دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە ژووری ئینفرادیبوون بردیانن بۆ قاعەی دوو کە (٢٤) کەسی تیادابوو تابردیانن بۆ مەحکەمە ماوەی شەش مانگ لە ئەمنی سلێمانی مانەوە. لە (١٩٩٠/٤/٢٢) بردیانن بۆ ئەمنی عامە ڕۆژی (١٩٩٠/٤/٢٣) بردیاننە بەردەم عەواد بەندەر.

## لەمـــــــەحکەمەی بەنـــــاو شـــــۆڕش

لەمەحکەمەوە ووتیان ئێوە هاتوون بۆ سلێمانی تەقەیان لێکردوون ڕاتانکردووە، پێشمەرگەکان ووتیان نەخێر ئێمە هاتووین تەسلیم بینەوە، حەزدەکەم عەلی لووت ماسی بانگبکەن. دوای لێکۆلینەوە مەحکەمەکەیان دواخست بۆ (١٩٩٠/٦/٤) بۆ ماوەی (٢٠) ڕۆژ بردیاننە ئەمنی عامە.

کۆمەڵێک زیندانی بامەڕنی و عەرەبی سوننە و شیعی لە ئەمنی عام بوون یەکێک لەو زیندانییە کوردانەی کە لە ئەمنی عام بوو سەید محەمەدی گەرمیان و سەید محەمەد بوو چیرۆکی دەستگیرکردنی لەلایەن دوو کەسەوە لە ماڵێکی کەلارو ئەو ڕێکخستنانەی لەوێ بینیبوونی بۆ باسکردن فەخرەدین دوای حوکمدانی چۆنیەتی دەستگیرکردنی سەید محەمەدی کردە ڕاپۆرتێک و ناردی بۆ کاک نەوشیروان. پێشمەرگەکان دوای حوکمدانیان هەر پانزە ڕۆژ جارێک مواجەیان هەبوو دەیانتوانی کەسووکاریان ببینن.

سەید محەمەد جزداشەیەکی زیادەو و (١٠) دیناری پێبوو دایە فەخرەدین ووتی من لەسێدارە دەدرێم بۆچی ئەم جلانە و پارەکە لە گیرفانم دەربێنن و بیبەن بۆ تۆ

بێت باشترە ئەم جزداشەیەش بەرە سوودی لێدەبینی هەرواش بوو کاک فەخرەدین و ڕزگار عەبدوڵڵا کە لەڕێکخراوی سلێمانی بوو دەستگیرکرابوو لە ئەمنی سلێمانی تووشی حەساسیەت بوون و سوودیان لێبینی و لەبەریانکرد. دوای (٢٠) ڕۆژ لە ئەمنی عامە هێنایاننەوە ئەمنی سلێمانی تا ڕۆژی (١٩٩٠/٦/٤) بردیاننەوە بۆ مەحکەمەی بەناو شۆڕش و لەسەر دەستی عەواد بەندەر حوکمدران.

حمە سیاسی، سەرکەوت قاجری، دکتۆر مەحموود، فەخرەدین هەورامی، حوکمی هەتا هەتایی دران (موئەبەد). مەلا بەکر و کەماله خڕە هەریەکەیان شەش ساڵ حوکمدران. ئەو کاتەی سەرکەوتن بۆ هۆڵی مەحکەمە لە هۆڵی چاوەڕوانی حەمە سیاسی و فەخرەدین هاوڕێکانیان ماچکردوو ماڵاواییانلێکردن ووتیان ئێمە لە سێدارە دەدرێین یەکتری نابینینەوە دوایی ماڵوایی سەرکەوتنە هۆڵی مەحکەمە کە عەوادا بەندەر حوکمەکەی خوێندەوە دەستیانکرد بە پێکەنین هاتنە دەرەوە و جارێکیتر باوەشیان بە یەکداکردەوە.

کۆمەڵێک عەرەبی لێبوو بە دووساڵ حوکمدرابوون دەستیانکرد بەگریان، کاتێک پێشمەرگە حوکمدراوەکان باوەشیان بەیەکدا کردوو پێدەکەنین عەرەبەکان ووتیان (ها ئیفراج) ووتیان نەخێر حوکمی هەتا هەتایی دراوین، عەرەبەکان پێیان سەیر بوو حومکی هەتا هەتایی و بەوجۆرە پێدەکەنن. پێشمەرگە حوکمدراوەکانیان خستە دوو ئۆتۆمبێلی سەربازی سەر داخراوو بەرەو ئەبو غرێبیان بردن، پێشمەرگەکان دەستیانکرد بە گۆرانیوتن سەربازێک لولەی کلاشنکۆفەکەی بردە ناوەوە ووتی دەتانکوژم ئێوە دەزانن بۆکوێ دەچن حوکمی هەتا هەتاین هەرگیز دنیا نابیننەوە.

کە بردیانین بۆ ئەبو غرێب کوردێکی زۆری لێبوو پێشوازی گەرمیان لێکردن خزمەتی زۆریانکردن، ناردیان بەدوای کەسوکاریاندا و هاتن بۆ لایان.

لە (١٩٩٠/١٠/٢) کوردەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆکیان برد بۆ زیندانی بادوش لە موسڵ تا (١٩٩١/١٠/٢) لەوێمانەوە. لەناو زیندانی بادوشدا ڕادێویان لابوو ئاگاداری هەواڵی ڕاپەڕین بوون، پێشمەرگە حوکمدراوەکان پلانی هەڵهاتنیان دانا بەڵام پلانەکە ئاشکرابوو جارێکیتر بردیاننەوە بۆ ئەبوغرێب لەناو جەردەو

دزەکاندا دایاننان.

لە (١٩٩١/١٠/٢) تا (١٩٩٢/٣/٥) لەوزیندانە مانەوە ئەو ماوەیە دۆخیان خراپ بوو ئەشکەنجە دانێکی دەرونیبوو. لە (١٩٩٢/٣/٥) جارێکیتر بردیاننەوە بۆ بەشی سیاسی ئەحکام خاسەی ئەبو غرێب تا (١٩٩٥/٨/٥) بە لێبوردنی گشتی ئازادکران و گەڕانەوە کوردستان و لەچەمچەماڵ کاک عومەر فەتاح پێشوازیلێکردن.

# مـــەفرەزەکانی پـــیرەمەگـــرون
# پـــارتیزانەکانی ڕســـتی ســـورداش
# (دوو)

## مـــــــەفرەزە پارتیزانەکانی دوای ئەنـــــفال/ 1988-1991
## مـــــەفرەزە پارتیزانەکانی ڕســـــتی ســـورداش
## یەك

پارتیزانەکانی دۆڵی جافەتی و بناری پیرەمەگرون لە یەکەم مەفرەزەوە دەست پێدەکات کە مەفرەزەکەی غەریب هەڵەدنیە و دواتر فراوانتر دەبێت بۆ چەند مەفرەزەیەکی ترو ناوی دەنرێت پارتیزانەکانی ڕستی سورداش.

کە ئەم مەفرەزانە بوون:

+ مەفرەزەی غەریب هەڵەدنی
+ مەفرەزەی عوسمان گێچینەیی
+ مەفرەزەی عوسمان سێدەری
+ مەفرەزەی فەریق هەڵەدنی
+ مەفرەزەی حەمە سنگری
+ مەفرەزەی بێستوون سابووراوایی
+ مەفرەزەی عوسمان شارستێنی - زاهیر سێدەری

## یەکەم مەفرەزەی پارتیزانی
## مەفرەزەی غەریب هەڵەدنی

دوای پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و بە فەرمانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مەفرەزەی پارتیزانی بۆ تێکڕای ناوچەکانی کوردستان ڕەوانە کرانەوە، هەر لە شارباژێڕو چیای پیرەمەگرون و دۆڵی جافەتی تا کەرکوک و هەولێرو قولایی ناوچەکانی گەرمیان.

یەکەم مەفرەزە بۆ سنووری دۆڵی جافەتی و چیای پیرەمەگرون لە مانگی ٩٨٨/٩ بە فەرماندەیی غەریب هەڵەدنی پێکهێنراو بەرەو ناوچەکانی پیرەمەگرون و دۆڵی جافەتی ڕەوانە کران.

ئەم مەفرەزەیە چەند خولێکی هەڵگرتن و دانانی مین و چۆنیەتی بەرگری لە خۆکردن و مانەوە لە چیا سەختەکانیان بینیبوو، مەفرەزەیەکی ١٤ کەسی بەڵام

نموونەیی و ئـازاو شـارەزاو خۆڕاگر، شـارەزای کون بە کون و بست بە بستی دۆڵی جافەتی و پیرەمەگرون بوون، توانای هەڵشاخان بە شاخ و کێوو ڕکە بەردو گابەردەکانیان هەبوو، کام ڕێگا باریک و سەخت و هەڵدێر بوو، ئەمان خۆیان پیادا هەڵدەواسی و لە بەردەمیان چۆکیدەدا، مەفرەزەیەک، قاڵبوو، بزێو، نەبەزوو سەرکەش.

مانگی (١٠) ی ساڵی ١٩٨٨ مەفرەزەکە لە بێتووشەوە ڕێگەیان بڕی و یەکەم هەنگاویان هەڵهێناو بەرەو دۆڵی جافەتی کەوتنەڕێ، مەفرەزەیەکی ١٤ کەسی بە فەرماندەیی  غەریب هەڵەدنی کە دواتر ١١ کەسیان مایەوە، پێکهاتبوون لە:» غەریب هەڵەدنی فەرماندەی مەفرەزە، عوسمان گێچینەیی، محمد حاجی کەریم هەڵەدنی، مامۆستا جەلال تەلانی، عابد تەلانی، ئەنوەر تەلانی، صدیق یاخسەمەری، صدیق مجید هەڵەدنی، فەریق هەڵەدنی، عەلی حەمە کاکی حاجی تانی، خدر محمود جاف، بەرزان قادر خەڵوز، کامیل.

مەفرەزەکە لە بێتووشەوە هاتن بۆ دۆڵی بێترخێ، چەند شەوێک لەوێ مانەوە، دواتر بەرەو شاخی ژیلوان، ئەو ماوەیە ١٠ ڕۆژی خایاند.

دوای ماوەیەک مانەوە، بەرزان قادر خەڵوز، خدر محمود جاف،کامیل گەڕانەوە بۆ ئێران، مەفرەزەکە مایەوە ١١ کەس.

دکتۆر برایم ماوەتی، عوسمان حەمە کاکی، عەلی حەمە کاکی بەرەو بێترخێ بەڕێکەوتن، ئـەوان بڕیاریان دابـوو لە ئێران نەمێننەوەو لە گەڵ پارتیزانەکان بگەڕێنەوە ناوچەکانی کوردستان، غەریب هەڵەدنی لە بێترخێ چاوەڕێی دەکردن.

دۆخی ئێران بێزارکەر بوو، پێشمەرگە لە ڕۆخی دۆخێکی بێزار کەردا بوون، کۆماری ئیسلامی ئێران لە دۆسیەی پێشمەرگەکانی یەکێتی دەکۆڵیەوە بە دوای ئەو پێشمەرگانە وێڵ بوو کە بەشداری شەڕەکانی سەقزو سەردەشت و سنە، شەڕی سێ مانگە و شەڕەکانی هێزی پشتیوانی، ئاڵوەتان و کونە مشکە و شوێنەکانی تریان کردبوو، جگە لەوەی پێشمەرگە گوزەرانی خراپ بوو، بۆیە بەشێک لەو پێشمەرگانە، بڕیاریاندا بچنە لای هاوڕێکانیان لە مەفرەزە پارتیزانەکانی، پیرەمەگرون، گەرمیان، هەولێر، کەرکوک.

غەریب هەڵەدنی چەند پێشمەرگەیەکی مەفرەزەکەی خۆی هێنابوەوە ئێران، کە نزیک بە دوو هەفتە بوو دابەزیبوون، لە گەڕانەوەدا دکتۆر برایم و عوسمان و عەلی حەمە کاکی لە گەڵ خۆیدا بردە خوارەوە.

دوو شـەو لە بێترخێ مـانـەوە، کەوتنە ڕێ بـەرەو چیای ئـاسـۆس، شـەو لە نێوان بەفرو تاشە شاخێکدا خەوتن بەفر لە زەویدا بوو، لە ناو کیسە خەویکدا سەرخەوێکیان شکاند بۆ ڕۆژی دوایی ڕوویان کردە دێی دۆڵەبی، لە نزیک مەرگەو ئاسۆس سەربازگەیەکی لێبوو تا ئێوارە خۆیان پەناگرت، ئێوارە بانگی شێوان دەرچوون سەربازێک لە سەربازگەکە پاسەوان بوو، چاوی لە پێشمەرگەکان بوو، کە پێشمەرگەکان دەگەیشتنە ئاستی، ڕووی دەکرد بەلادا تا پێشمەرگەکان ڕەتدەبوون، سەربازگەکە لە زینووی پشتی مەرگە بوو، پێدەچوو سەربازەکە کورد بێت.

دنیا تاریک، شەوەزەنگ بوو لە سەربازگەکە دەرچـوون، بە دیوی مەرگەدا شۆڕبوونەوە، کات نزیکی نیوە شەو بوو، چوونە سەرکانییەک، تاقموو تفەنگیان کـردەوەو دەستیان کرد بە دەمووچاوشتن و ئاوخواردنەوە، لە سەر کانییەکە سابوونێکیان بەدیکرد یەکسەر سڵەمینەوە، خۆیان کۆکردەوەو سەریان هەڵبڕی ڕەبیەیەک بە سەر سەریانەوەیە، سەرنجیاندا سەربازێک پیاسە دەکات، یەکە یەکە ڕۆیشتن و لە ڕەبییەکە ڕزگاریان بوو تا دۆڵەبی نەوەستان سەرلە بەیانی گەیشتنە ئەشکەوتی دۆڵەبی، خۆیان کردەوە بخەون سەگێک دەستیکرد بەوەڕین.

## ســــــەگێکی بە ئــــەمەك (دۆڵــــەبی)

دەنگی سەگوەڕ دەهاتە گوێ، شەوگار بارگەو بنەی دەپێچایەوەو کلیلی ئەو کێوو دەربەندەی تەسلیم بە بەربەیان دەکرد، شەوگاری درێژی بە ڕۆژگار دەسپارد، دەنگی سەگوەڕ نزیک دەبـوەوە، دەرفەتی ڕۆیشتن و جوڵە کردن نەمابوو، ئیتر پێشمەرگە چاوەڕێی هەر پێشهاتێک بوون کە دێتە پێش، سازو ئامادەی شەڕ بوون.

چیرۆکی سەگوەڕەکە چیرۆکێکە پڕە لە پەندو عیبرەت، پڕە لە وەفا و ڕەوشت بۆ ئەوانەی بێبەشن لە ڕەوشت و وەفا، پڕە لە وەفاداری.

ئەو دەمەی ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال هەڵیکردوو دێهات و ئاوەدانی نەهێشت، چاوی کانیاوەکانی کوێر کردەوە، نوزەی لە دارو درەخت و شاخ بڕی، ئەو دەمەی داگیرکەر دێیەکان و ماڵ بە ماڵی کوردستانی لە گەڵ زەویدا یەکسان کرد، ماڵۆچکەو زێدی ئەو سەگەو، ماڵی خاوەن و خانەخوێکەشی وێران و خاپور کرا، بەڵام ئەو سەگە بەوەفایە ماڵە ڕووخاوەکەی خۆی جێنەهێشت و هەر لەوێ مایەوە.

لەو کاتەوە هەر کەسێک، هەر ڕێبوارێک، بەوێدا گوزەری بکردایە، هەر چرپەیەک بگەیشتایە گوێی، ئەو سەگە دەستیدەکرد بە وەڕین و نەدەسرەوت.

## ئەشـــــکەوتی دۆڵــــەبی ســــــاوەرێك بە تـــــامی قـــــبووڵی

لە ڕێگا قوتوی پەتاتەو گۆشتیان دۆزییەوە، هەندێکیان بەڕێوە خواردوو ئەویتریان هەڵگرت، لە ئەشکەوتی دۆڵێ بارگەیان خست تا پشوو بدەن، غەریب هەڵەدنی ساوەری دۆزیەوە بەشێکی مشک لێیدابوو، بە گۆشت و پەتاتەکە ساوەریان لێنا، دەستیانکرد بە خواردنی، دکتۆر برایم ساوەرەکەی نەخوارد، وتیان دکتۆر پارتیزان دەبێ هەموو شتێ بخوات ئەگینا دەمرێت لە برسان، دکتۆر ووتی بمرم لە برسا باشترە.

## بــــــەرەو چـــــالاوا

دوای پشوویەک لە ئەشکەوتی دۆڵەبی و خواردنی چێشتێکی ساوەر، دەمەوئێوارە سەرکەوتن بەرەو چالاوا، توشی پۆلێک گاگەل بوون بەو کێوەوە گیریان خواردبوو، مانگایەکیان کوشت و گەڕانەوە خوارەوە، مانگاکەیان کەوڵ کردوو دەستیان کرد بە گۆشت برژاندن.

مەفرەزەکە جگە لە کلاشینکۆف، قەناصێک، ئار بی جی یەک، ڕەشاشێکی چل خۆرو جهازێکی کۆڵە پشتیان پێبوو، بەرزان قادر کارپێکەری جهاز بوو بەڵام چونکە ماوەیەک مایەوە لەو ماوەیەدا عوسمان گێچینەیی فێری بە کارهێنانی جهازەکە کردوو عوسمان بووە کارپێکەری جهاز.

مەفرەزەکە دوو بنکەیان هەبوو، بنکەی یەکەم کە بنکەی زستانە بوو لە شاخی ژیلوان بوو لە دۆڵی گەندەران، لەم بنکەیەدا خانوویەکیان دروستکرد کە جێگەی خەوتن و حەوانەوەی مەفرەزەکەی تیادا بێتەوە، تا بەهاری ساڵی ١٩٨٩ لەو بنکەیەدا مانەوە، ڕۆژانە جمووجۆڵ و گەڕان و چالاکیان هەبوو بەڵام بۆ حەوانەوە دەگەڕانەوە بنکە زستانییەکە، بنکەی چیای «ژیلوان».

بنکەی دووەم لە شاخی پیرەمەگرون بوو لە پشتی گوندی بیران، شوێنێکی لاچەپەک و هاوینەهەوارێکی فێنک و دڵگیر بوو، ئاوێکی فێنک و سازگاری هەبوو، سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی گوندی بیران بوو، لە ئۆردوگای پیرەمەگرون نزیکبوو.

چەند جارێک هێرشیانکردە سەر بنکەکە، توشی وردە شەڕو پێکادان بوون، چەند جاسووس و سیخوڕێکی ڕژێم شوێن پێی پێشمەرگەکانیان هەڵگرتبوو، بنکەکەیان ئاشکرا کرد، بەڵام نەیانتوانی زیان بە پێشمەرگە بگەیەنن، لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە لە گەڵ هێزەکەی ڕژێمدا، دوان لە پیاوەکانی ڕژێم بریندار بوون، بەڵام بنکەکەیان چۆڵ نەکردوو تا ڕاپەڕین هەر لەوێ مانەوە.

خواردن بە کۆڵی خۆیانەوە بوو، مەفرەزەکە لە ئێرانەوە بە کۆڵەپشت خواردنیان لە گەڵ خۆیان هێنابوو، بەڵام لە سێکانیان لە دۆڵی شێخ ئادەم خواردەمەنییەکی زۆری لێبوو غەریب هەڵەدنی بە شوێنەکەی دەزانی لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ ١٩٨٩ سوودیان لەو خواردنە وەرگرت و نەیانهێشت بێ خواردەمەنی بن.

جگە لە ئازوقەیەکی زۆر کە لە سێکانیان، لە دۆڵی شێخ ئادەم بوو ئاژەڵێکی زۆری دێیەکان جێمابوو بە شاخەکانەوە بوون، ماوەیەکی زۆر سوودیان لە خواردنی ئەو ئاژەڵانە بینی کە لە پرۆسەی ئەنفالدا جێمابوون.

## 73 چـــــالاكی لە یـــــەك ساڵدا

مەفرەزەکەی غەریب هەڵەدنی کە پێکهاتبوو لە ١١ پێشمەرگەی دلێرو گیان فیدا، بە پێی نەخشەی ووردوو هەندەسی بە سوود وەرگرتن لە پاشماوەی تەقەمەنیەکانی ڕژێم لە ناوچەکە لە قوتوی گەورەی (٥) کیلۆیی و لە شێوازی لوغمی گەورەو

بچووکدا، دەیان تۆڕی لوغمیان بۆ هێزەکانی داگیرکەر داناو پێیاندا تەقیەوە، ئەوە جگە لە داستانی گەورەی سەرگەڵو بەرگەڵو لە ١٩٨٩/٢/٢ دا.

## داســــتانی سەرگەڵو بــــــەرگەڵو 1989/2/2

بە پێی نەخشەو پلانی وردوو زیرەکانە، بە سوودوەرگرتن لە هەندەسەی سەربازی، بە وریایی و شارەزایی لە تەنگەی سەرگەڵو چەند تۆڕێکی چێنراوی لوغمیان دانا، تۆڕە لوغمەکان مەحکەم و لە چەند لایەکەوە چێنرابوون.

دوای چاندنی تۆڕە لوغم، لە دوو قۆڵەوە بۆ دوو لا هێرشیان بۆ سەر دوو مۆڵگە دەستپێکرد، لە هەڵمەتێکی شێرانەدا (٢) ڕەبیەی دوژمنیان لە جێگە کەرتی ئیزگەو کەرتی کۆنی سجن خاپوور کرد.

مۆڵگەو ڕەبییەکەی دوژمن کە لە ژێر لوتکەی هەزار بە هەزاری (تاشی لۆشێ) دابوو، لە هەڵمەتێکی شێرانەدا وەکو برووسکە لێیدابێ، خاپوورکراو هەر چی تیا بوو کوژران کە زیاتر لە ١٠ سەرباز بوون.

ڕەبییەی ناوپردانیش کە لە دەمی دەربەندی تەنگە زاری (دۆڵێ) دایە، برووسکەی پێشمەرگە لێیداو ڕەهێڵەی گوللەی لێباری، هەر لە جێدا ٤ سەرباز کوژران و دوانیش بریندار بوون.

دوژمن هێزێکی ئامادەکرد بۆ بە پیرەوە چوون و ڕزگارکردنی دوو ڕەبیە خاپور کراوەکەی لە چەمی تەشوێتاش و چەمی کانیتوو کەوتنە ڕێ، کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقەی ئێوارە کەوتنە ناو تۆڕی لوغمەوەو هەر دەست و قاچی قرتاو بوو بە تاشە بەردوو داری بڕاوەوە ئەگیرسانەوە، دوای ڕەوینەوەی دووکەڵی یەکەم تۆڕە لوغم، چەند سەربازێک دوای دوورکەوتنەوە لە شوێنی یەکەم تۆڕە لوغم، دووەم تۆڕە لوغم ئەمانیشی ڕەوانەی جەهەننەم کردوو هەپروون بە هەپروون بوون.

کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی ئێوارە هێزی سێیەم هات بۆ کۆمەکی ڕەبیەکانی ئەمانیش ١٠٠ مەتر ڕێگەیان نەبڕی کەوتنە ناو تۆڕی لوغمی سێیەمەوە و خنکان.

زیانی دوژمن لەم داستانەدا کوژرانی (٣٣) سەرباز بوو، کە ڕۆژی دوایی بە کۆپتەر کوژراوو برینداریان ئەگواستەوە.

شایانی باسە، ئێوارەی پێشتر، بە پێی نەخشەو پلانی ژیرانە، هەر سێ تۆڕە لوغمەکە لە لایەن مەفرەزەکەوە چێنرابوون، بۆ ڕۆژی دوایی هێرش بۆ سەر ڕەبییەکان دەستپێکرد.

## داســــتانی سەرگەڵو بـــەرگەڵو لە ڕستی ســــووورداشەوە

ئەم داستانە لە ئێزگەوە خوێندرایەوە

- لە بازی باڵ تیژو ڕەندی هەردەو هەڵۆی سەرگەڵووەوە.
- بەرگەڵو جێگەی هەڵۆی شاخانە، ڕێوی گەڕی تێدا ناکا کولانە.
- پێش ئەوەی بەفراوی ئەم بەهارەی دابان و بەبۆو قەینۆڵی بخۆنەوە لە سەر تاتە بەردەکاندا پانکرانەوە.

دوای ئـەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ بـەرد بـەرد بـەردوو دار بـەداری سەرپاکی دۆڵی سورداش و جافەتی و مەرگە باجی خوێنیان لە داگیرکەر وەرگرت، دوای ئەوەی دۆزەخی بەرین بۆ لەشکرە داگیرکەرەکەی عێراق داخراو زیاتر لە (٢٥) شـەوو ڕۆژی بـەردەوام شەوو ڕۆژ لە ژێر ناڵەو ڕمبەو دووکـەڵ و گڕدا ببوو بە یەک بەڵێ ئەو ڕۆژانە کە پێشمەرگە بە زێڕی خوێنی گەشیان لە دیرۆکی نەتەوەی کوردا نووسییان ئەو پریشکەشی ئەداتەوە لە بەرگەڵوو، دابان دەبێتە دابوو دەستووری نەبەردەکان و کە شەپۆلی دەریای شۆڕش هەڵسێتەوە ئاگری دەیان دابان و قوڵە سەوز لە سەر پشتی داگیرکەر دەکەینەوە.

ئێستە سـەرگەڵوو بەرگەڵوو وسـەر پاکی لوتکەو بنارەکانی پڕە لە مۆڵگەو ڕەبییە ناوچەکە لە ناوەندی هەر دوو خاڵی گرنگ و ستراتیجی بەنداوی دووکان و سلێمانیدایە و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، جەیشی ئیحتیلالی بەعسی بە ناوچەی قایمو تاپۆ کراوی خۆی ئەزانێ بەڵام نازانن شۆڕشی کورد چەک و تفەنگی شانێ نییە کەس و دەستە وماڵێک نییە بەڵکە کێشەی قوڵ و کۆنینەی نەتەوەیەکە دژ بە داگیرکردن و چەوساندنەوەو پاشکەوتن و هەمیشە شۆڕش لە ناخی نەتەوەدا ئەجۆشێ.

شۆڕش دەریایەکی بەرینەو شەپۆل و هەڵچون و داچوونە، ئەو کێوو دەربەندانەی کوردستان لەوەتەی هەیە هیچ سوپایەکی پیا تێپەڕ نەبووە بێ ئەوەی شەڵاڵ نەکرابێ لە خوێنا، ئەوەتا دەشتی هەولێرو ناو هەولێر دەوروپشتی کەرکوک و سلێمانی و کفری دەشتەکانی گەرمیان و چەمچەماڵ و دۆڵی جافەتی و قەراخ دیسانەوە زەنگی سامناکی کوڕانی شۆڕشیان تیادا لێئەدرێ جارێکیتر کوڕانی یەکێتی بە ناوقەدی ئاسنینەوە بە نانە بەرەو مەتارە ئاوەوە هێلانە لە سەر لوتکە و قەڵبەزدا هێلانە ئەگوێزنەوەو دارو چیلکەی جەستەی داگیرکەر بۆ نەورۆزی داهاتوویان خڕ دەکەنەوە.

هەر دەوەنە ئەبێ بە دار بە ماڵێک و دووان و سیان و چەند گەڕەک ئەبێ بە شار چالاکییەک نەبەردێک داستانێ کەڵەک ئەبێ و ئەخرۆشێنێ نەورۆزی شار هەر چەند جۆگەلەو چۆمێکن ئەبنە گوڕەو تاوی ڕووبار ئەواتا وا لە بەر گەڵوی کەلانانەدا ڕیزە تابووت بە کۆپتەرا ئەنێرنەوە خزمەت دڕندەکەی بەغدا.

ئەی دابان و سەرگەڵو سووورداشی باوک پیرەمەگرون و سەرتەزێن و بن زەردی برا هەتا ئێوەو ژیلوان و گۆجاڕ چەقیبن تا کڵاو سپی و کونە کۆتر و قەیوان و دوو برا لە ژێر چەکمەی ئۆردوی ڕەش و بۆری لچ ئەستوری بێگانا بێ بەفری هەموو زستانێکتان هەر گڕ ئەگرێ.

پێشمەرگەکانی ڕستی سووورداش تەنگەی بەرگەڵوو بە دیواری لەشی دوژمن هەڵدەچن قارەمانانی ڕۆژی سەخت محاڵ شکێنەکانی یەکێتی بە پێی نەخشەی زیرەکانە بە سوود وەرگرتن لە هەندەسەو ئەندازە بە شارەزایی کون و کەلەبەری ناوچەکە بەو پەڕی بوێری و بێباکییەوە لە داگیرکەر لە ڕۆژی ١٩٨٩/٢/١ خۆیان گەیاندە بن لووتی ڕەبییە و مۆڵگەکانی دوژمن پاش ڕایەڵ و چاندنی تۆڕی مەحکەمی لوغمەکانیان سەعات چوارو نیوی ئێوارە لە دوو لاوە بۆ دوو مۆڵگە هێرشی یەک لە سەر یەکیان دەستپێکرد، مۆڵگەی نەخۆشخانەکە کە لە ژێر لوتکەی هەڵەموت و هەزار بە هەزاری لوتکەی تاشی لوشێدایە لە یەک هەڵمەتی خێرادا وەکو برووسکە لێیدابێ وەک ئەو کێوە بە سەر سەریدا ڕووخابێ خاپوور کراو هەرچی تیابوو

کوژرا کە زیاد لە (١٠) سەرباز بوون زیرەیان ئەچووە کەشکەلانی فەلەک، ئاخر ئێوە کە بەفرو شاخ و هەورازتان لە خەونیشدا نەبینیوو بۆچی هاتن دێهاتتان تەخت کرد بۆچی هاتن گوڵە شلێری دابان و دارەوەنی نزەی چواللان کەلەبچەکەن دەبخۆن دەی نازانن کە بەفرو سەهۆڵ گەلە گورگی هارو برسیش ئەتەزێنێ.

هاوکات لە گەڵ نغرۆکردنی ئەم ڕەبییە ڕەبییەی ناوپردانیش کە لە دەمی دەربەندی تەنگەزاری دۆڵێدایەو ئەمدیواو دیوی وەکو دیوار هەڵکشاوە ئەویش برووسکەی پێشمەرگە لێیداو ڕەهێڵەی گوللەی لێباری هەر لە جێدا چوار سەرباز کوژران و دوو سەرباز بریندار کران لەوەدا بوو تفاقەکان گیر بکەون تۆپبارانی دوژمن دەستیپێکرد شێلگیرانە تەنانەت خۆشی دەکوتا.

دوای بێدەنگ بوونی تەقەی پێشمەرگە دوژمن هێزێکی کۆکردەوە بۆ یارمەتی و هەواڵی دوو ڕەبییە مارکوژکراوەکەیی و لە ڕەبییەکانی تەشوێ تاش و چەمی کانیتووەوە کەوتنەوە ڕێ، هێزە ورەکەی دوژمن کە لە سێبەری خۆشی ئەسڵەمییەوە خشەی چەم و گڤەی بنچک دایدەچڵەکاندن لە سەعات شەش و نیوی ئێوارەدا کەوتنە ناو تۆڕی لوغمەوەو هەروا دەستی پەڕیوو قاچی قرتاو بوو بەتاشە بەردوو بنە دارگوێزی براوەوە ئەگیرسانەوە، ئاخر بۆ دارگوێزتان بڕی مەگەر چی بوو کفرو تاوان بوو لەم کوێستان و چیا و بەفرو سەرمایەدا خورما نەڕوا، دەبینۆشن ئەو بیرە پوچەی فێرکراون کورد هەر نییە و نابێ هەبێ دەبینۆشن وەک کەو سەرو زمزمەکەی خۆتان.

دوای بێدەنگ بوونی گرمەو نالەی تۆڕە لوغم لە سەعات حەوت و پێنج دەقەدا کۆمەڵێ سەربازیتر خۆیان ئامادەکرد چەند سەد مەترێک دوور نەکەوتنەوە لە شوێنی تۆڕە لوغمی یەکەم دووەم تۆڕەلوغم ئەمانیشی کرد بە برێشکەی سەر ساجی سوورەوە کراو وەک چۆن ئەمان سەریان بڕی مەڕو بزن و کاریلەی سەرگەڵوی تاڵانکراو ئاخر بۆچی تاڵانتانکرد مەگەر مێرگ و ڕەشماڵی سەدان ساڵەی لەمەوبەر بوو.

دوای ڕەوینەوەو گرمەی دووەم تۆڕە لوغم تازە زەردەی خۆر بە چیای کەرکەردا سەردەکەوت هێشتا تۆپبارانی کوێرانەی جەیشی داگیرکەر نەیکردبووەوەو کۆڵەس و لقە مێوی تەزیوی ناو زوقم و شەختەی چاڵاواو مەولان و کانی توو ملەی هەڵەدن بە پارچەی تۆپ قرتاو هەر کەفاوی لێدەچۆڕا.

لە سەعات حەوت و سی دەقەدا دوژمن هێزیکیتر هێزی سێیەمی ناردە کۆمەکی ڕەبییە و گرمەگرمەوە هێزی سێهەمیش سەد مەتر ڕێگەیان نەبڕی دوای چەند گرمەو لرمەیەک وەکو ئەو تاتە بەردە ڕەق و تەقانە شەق بەرێ و ئەوانی تێبکەون قڕیان تێکەوت تۆڕە لوغمی سێیەم خنکاندنی دە بخنکێن دە گیان بدەن ئێوە کانی و ڕووباری ئێمەتان خنکاند ئەی خەڵکینا ناڵێن کانی چۆن ئەخنکێ بەڵێ خنکان لە ژێر دەستی ئەم برایانەی ئێمەدا هەزار کانی لە بنارو لوتکەو هەردی خاکی کوردا لە ژێر دەستی ئەم برا گەورانەی ئێمەدا وەها خنکان هەر نوزەش چییە تیا نەما.

لەوەتەی کورد لە چوار مێخەی داگیرکردندا کێشرا، نان و گوڵ و مناڵ و مەل خۆزگە و پێکەنین و ئاوات بانگی هەق و برایەتی ڕاستەقینە نەک زۆرداری لەت لەتکرا هەنجن هەنجن لە مەکینەی قیمە درا.

بیانکوژن پێشمەرگەکان بیانکوژن وا بزانن ئاو دەخۆنەوە ئێوە قەت ئینسان ناکوژن، چوونکە ئەمانە دڕندەن لە گەڵ گورگ و بەرازو مار فەرقیان نییە دووپشک لە سەر لەپ بەخێوکەی هەر دەزانێ چزو دانێ، ئای لەو بزنە نەگبەتییە گرتووەی ئەخوا نانی شوانێ.

نەبەرد تەواو ببوو بەڵام ئەو تۆپ و تانکانەی کە لە نەوت و لە گۆگردوو خوێنی ئەم گەلە کڕدراوە تا بەیانی تا سەعات دووی دوو دەمیان لە یەک نەنا، تۆپبارانی خەست بە چوار دەورا هەر بۆڵەی بوو، گوندی کاولکراوی سێکانیانی شەهیدان زیاد لە سەد گوللە تۆپی بەرکەوت هەر بەرە بەیانی ڕۆژی دواتر (دووی دوو) کۆپتەرێکی باری سێ کاروانی لە بەرگەڵووەوە بۆ سلێمانی کردوو دەستە دەستە کەلاکی کوژراوو بریندارى گواستەوە ژمارەی کوژراوو بریندار زۆر زۆرەو لە بەر خەستی تۆپباران و تاریکی شەو نەئەژمێردران.

شایەنی گوتنە پێشمەرگە هوشیارو بوێرەکانی کوردستانیش هـەر دوای نەبەردەکە سەرکەوتووانە و بێزیان چوونەوە شوێنەکانی خۆیان دوو کۆپتەری جەنگی لە بەیانییەوە تا ئێوارە کەوتنە پشکنین و بۆردوومانی ناوچەکە.

پێشمەرگە ئەی بیلبیلەی چاوو هێزی ئەژنۆی ئەم گەلە ئێوە وزەو باوەڕی بەرزتان لەگەل وەردەگرن و گەلیش تاپۆی مان و بوونی لە ئێوە، کوردی ئاوارەو بێلانە لە هەر کوێبێ بە بیستنی هەڵمەت و ناوی ورشەداری ئێوە نامۆیی و ژێر دەستی تورهەڵدەدا، ئەبێ ئێوە ببنە مەدالیای سەردڵ و وێنەی هەڵواسراوی ماڵان.

وەک چۆن ماسی ناو زرێبار لە ژێر شەختە و سەهۆڵدایە و هەر گۆرانی ژیانیش ئەڵێ، وەک چۆن سیروان کۆستی هەڵەبجەی بیرناچێ و بەدەم هۆرەو قەتارەوە ڕایدەژەنێ، وانی مانگرتوو ڕاماوە لە ئاگری و هاکا ئەویش ئاگر بگرێ.

مانگی بە خوێن گیراوی کورد هەر بە خوێن و کەڕەناو شەیپوری هەڵمەتە بەردەبێ ئەی بە قوربانی تفەنگتان با چەخماخە بدا ئیتر هەروا بارانی ئاڵەو ئەبارێ.

ئەی دوژمنان دە بیپێون قوڕی خەستی شەرمەزاری ئەم جیهانە ئاقڵ بووە ئێوە نەبێ، کرداری ئێوە لە گەڵ کورد کەی هی ئەم دەورو زەمانەیە بەس وەکو داڵ بیرکەنەوە خەو ببینن لە خەوتانا چوار دەورتان بە لاک گیرابێ.

+ هەر لە مانگی ٢ی ساڵی ١٩٨٩ لە قوڵی مالومە پەلاماری دوو ڕەبیەی دوژمنیان داو زیانی گیانی و مادیان پێگەیاند.

+بەهاری ساڵی ١٩٨٩ لە نێوان هەڵەدن و چالاوادا، تۆڕێکی مەحکەمی لوغمیان دانا، لەو کاتەدا هێزەکانی ڕژێم هێزێکی زۆریان بلاوکردبوەوە بۆ کێوماڵ کردنی ناوچەکە، لوغمەکان بە (٢) جێب قیادەدا تەقیەوەو چەند کەسێکی تیادا کوژرا کە یەکێکیان ئەفسەری حەرەکات بوو.

+ ١٩٨٩/٣/٢٩ سێ بۆمبی چێنراویان لە نێوان هۆمەرقەوم و شەدەڵە دانا، لوغمەکە بە سەیارەیەکی سەربازیدا تەقیەوەو موساعید فەوج بە پلەی مولازم ئەوەل و (٢) سەربازی تێدا کوژران بە ناوەکانی یونس- ئیسماعیل، تفەنگەکانیان کەوتە دەستی پێشمەرگە.

هەر کەمێک خوارتر لوغمێکی دیکە بە ئیڤایەکدا تەقیەوەو (٢) سەربازی تیادا کوژرا.

لوغمی سێیەم لە لایەن ڕژێم دۆزرایـەوە، کە جێگەی سەر سووڕمان بوو، لە قتوی (٥) کیلۆیی لوغم درووست بکرێت.

+ مانگی ١٩٨٩/٦، غەریب هەڵەدنی، عوسمان حەمە کاکی، فەریق هەڵەدنی، محەمەدی حاجی کەریم، لە ڕەبییەکانی هەڵەدنیاندا، ئەو کەپرانەیان سووتاند کە ڕەبییەکان درووستیان کردبوون بۆ پشوودانی هاوینە، لەو شەڕەدا چەند سەربازێک کوژران.

+ هەمان مەفرەزە لە زینووی نێوان سێکانیان- سەرگەڵو، پەلاماری ڕەبیەی سەر زینۆکەیاندا، تەنها یەک سەربازی تیادا دەرچوو، ئەوانی دیکە ڕەوانەی دۆزەخ کران.

+ لە دۆڵی قزلەرو لە نێوان قادراواو پیرکە، چەند لوغمێکیان چاند، بە ئیڤایەکی سەربازیدا تەقیەوەو تێکیشکاند.

+ لە خوار دێی بیرانی بناری پیرەمەگرون لوغمێکیان چاند، چەند سەربازێک پێوەبوون.

ئـەم چالاکیانە و دەیـان چالاکی دیکە کە لە نووسین و ژمـاردن نایـەن، لە چالاکیەکانی مەفرەزەی شەهید غەریب و هاوڕێکانیەتی کە تێکڕا ٧٣ چالاکین لە ساڵێکدا.

## چـــــالاکی هـــەڵەدن- ســـێکانیان ڕســـتی ســـووورداش1989-

ڕۆژانی ١٩٨٩/٥/٢٠ و ١٩٨٩/٥/٢٢ پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕستی سووورداش لە دوو کات و ڕۆژی جیاوازدا دوو چالاکییان لە هەڵەدن و نێوان سێکانیان سەرگەڵو ئەنجامداو زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند، هەر دوو چالاکییەکە لە یەک ڕۆژدا لە ئیزگە خوێندرایەوە لێرەدا دەقی چالاکییەکە لە گەروی ئیزگەوە وەکو خۆی دەنووسینەوە.

**چالاکییەکە**

- **دیسان بروسکە دای لەکەژ**
- **زەنگی پێشمەرگە ئەگاتەوە گوێی قەڵادزەی ئامادە**
- **ئەڵقەی کەلەبچەت هەڵبڕە وەک پاڵەوان ڕوو بکەرە قەندیل و ئاکۆ بڵێ بژی نیشتمان.**

لە کاتێکدا داگیرکەر سەرگەرمی نەخشەی چۆڵکردنی قەڵادزە و پشدەرەو ئەیەوێت گۆڕی هەزاران ساڵەی باوکی خێڵ و تیرەکانی پشدەرو کۆو ئاکۆو مەنگوڕو مامش و بڵباس و میراودەلی دەربێنێ، ئەیەوێت بەردی بناغەی مێژووی کەلاوەکەی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە دەربێنی بەڵێ لەم کاتانەدا قارەمانانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کوڕانی ڕستی سورداش وەک چۆن ڕێواسی داوێنی باخی زمزیران سەر دەردێنێ وەک چۆن مەلی چیای ئاگری بە کوڵ بۆ قەترە قەترەی گۆمەکەی وان دەخوێنێ و ترپەی دڵی لە گەڵ لەرەو شەپۆلانی گۆمی واندا یەکدەخات، ئا وەک مانگی نەسرەوتی ناو پەڵە هەور دەرکەوتن و بە گەلی و نشێوی دەربەندەکانی هەڵەدن و بەبۆو گۆڕە جویان ووت دەمێکە گوێتان لە قریشقەی گوللە نەبووە، ئەی کانی زێوکە تۆش سەردەمێکە بریسکەو باسکت نەداوە لە کەزی و بسکی ئاوڕەنگت، ئەی هەرزنە ڕێ تۆش ماوەیەکە چرپە و شەقەی پێت نەبیستووە ئێوە هەمووتان ئەی لوتکەو بنارو پێدەشت و نزار گوێتان لە هاوار لە ناڵەی دوژمن نەبووە کەوا لە بەردەم نەعرەتەی ئێمەدا بتاسێ دە گوێ بگرن لە چریکەی تفەنگی ئەو سەر شانانەی هەرگیز شل نابن، دە تەماشای ئەو تارماییانە بکەن لە

ئاسۆی گردو لاشانی شاخەوە هەڵدەکشێن ئەو هەنگاوە قورسانە ناو قەدی ئاسنینی پێشمەرگەیان پێوەیە، ئەو دڵە نەسرەوتانە خۆشەویستی کوردستان و هەڵقرچانی پووش و پاوان و قرچەی دیوارو زیڕەی دارگوێزیان تیایە هەنسکی دایک و تریفەی مانگیان هەڵگرتووە بە سفت و سۆیە وەک کراسی ڕەشی دایکی شەهیدان و لە خومخانەی پرسەی قەدەغەدا قاڵ و خاراوە بۆیە لە دۆڵی جافایەتیدا لە ناوەندی لوتکە و قوچ و تیژی ژیلوان و دابان و بە بۆدا دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی ڕستی سورداش بە پێی بەرنامەی وردوو چنراو لە کاتژمێر ٦:٢٥ دەقیقەی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٩/٥/٢٠ بێباک لەو هەموو ڕەبییە و سەربازگانەی بە ناوچەکەدا چێنراون بە ناویاندا مقەڕ سریەیەک و دوو ڕەبییەی داگیرکەریان لە داری باپیراجی و تووە سپی و گۆمە گەورە دایە بەر هەڵمەتی پڕوکێنەرو ئاو وەستا ئەمان نەوەستان، زرمەی بانە و بانی ئاربیجی دڵی تاشە بەردەکانیشی بزواند، سەربازەکان وڕوو کاس بوون ئەوەی ڕایدەکرد قەنناسی کەو کوژی پێشمەرگە ئەیهەنگاوت و ئەوی بە برینداری دەرباز دەبوو پووش و پەلاشی گڕگرتووی دەوری سەربازگەکە ئەیبرژاند، سەربازگەکە تا کاتژمێر ١٠ی شەو یەک پارچە ئاگرو دووکەڵ بوو.

زیانی داگیرکەر لەم هەڵمەتەدا ئەوەی بە چاو بینرا کوژرانی (٨) سەربازو بریندار بوونی (٣) سەرباز بوو پێشمەرگەکانیش بێزیانبوون.

دوای ئەوە دوژمن کەوتە تۆپبارانی خەست و چڕی دەورو پشتی خۆی لە کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی ئێوارەوە تا (٥)ی بەیانی بە تۆپی قورس و دوورهاوێژ لە کارێزەو سوورە قەڵات و گوێزیلەوە گوندە وێرانەکانی هەڵەدن، یاخسەمەر، مێرگە پان و بەرزاییەکانی تۆپبارانکرد، لە پاش ئەم چالاکییە داگیرکەر هێزێکی زۆری کۆکردەوە بۆ دەست وەشاندن لە پێشمەرگەکان و چوار دەوری ناوچەکەیانگرت گوایە ئیتر قوش دەرناچێ.

پێشمەرگە دلێرەکانی سورداش بۆ لوت شکاندنی دوژمن کەوتنە دزەو چوونە ناو جەرگەی هێزەکانی داگیرکەرەوە لە کاتژمێر ٨:٣٠ دەقیقەی ١٩٨٩/٥/٢٢ زیڕەیان لە ڕەبییەی سێکانیان هەستاند کە ئەکەوێتە نێوان هەر دوو گوندی کاولکراوی

سەرگەڵو سێکانیان بیست دەقە لە سەر یەک ڕەبییەکەیان لە ئاگرو دووکەڵ نقوم کرد ئەوەی بە چاو بینرا (٦) سەرباز کوژران و (١) سەرباز بریندار کرا.

لە هەمان کاتدا دەستەیەکیتر لە پێشمەرگەکان بۆسەیەکیان لە نێوان سەرگەڵو زینوی سێکانیاندا دانابوو هێزێکی فریاکەوتووی داگیرکەر کە هاتبوون بۆ ڕەبییەی کوژراو ئەویش بە دوو کوژراوەوە ڕاونرا.

بەمجۆرە دوژمن بە (١٦) کوژراوو (٤) بریندارەوە وانەو دەرسێکیتری لە وولاتی داگیرکراوی کوردا پێدراو پێشمەرگەکانیش سەرکەوتووانە و بێزیان بوون ئنجا دوژمن بە تۆپ و کۆپتەر کەوتنە سووتاندنی پوشوو لێرەواری ناوچەکە.

پێشمەرگەکانی ڕستی سورداش ئێوە کوڕی بەفرو هەورازن ئەبێ هەڵۆ بێت و لێتانەوە فێری جەزرەبەو پەلامار بێ.

ئێوە دروشمی کەم ژیان و کەڵ ژیانی کوردستانتان هەڵگرتووە ئەزانن ملیونان دڵ لە گەڵ پەنجەتاندا لێدەدا.

ئێوە لە گەڵ دایکی هەموو شەهیدەکاندا ئەچنە سەرقەبران ئێوە لە گەڵ هەموو لەتە دیوارێکی دێهاتەکاندا هاوڕێن و ئێشکیان دەگرن ئێوە کەولەی سیروانن و هاژەتان لێنابڕێ ئافەرم بۆ ئێوە قەڵادزەو پشدەرتان گەشکردەوە خەڵک پلاجەو بلێسەکانی بینی چاوو دڵیان ڕۆشن بووەوە.

## کـــــاری ســــیاسی

جگە لە چالاکی سەربازی و لێدانی مۆڵگەو ڕەبیەکانی دوژمن و دانانی بۆمبی چێنراو بۆ هێزەکانی ڕژێم، مەفرەزەکە ڕۆڵی دیارو گەورەی بینی لە کۆکردنەوەو ڕێکخستنەوەو هاندانی خەڵک بۆ ڕاپەڕین، بە تایبەت لە ئۆردوگای پیرەمەگرون.

مەفرەزەکەی غەریب هەڵەدنی زۆربەی کات دەچوونە ناو ئۆردوگای پیرەمەگروون و دۆست و هەوادارانی خۆیان دەبینی و ڕێکخستنەکانیان جۆش ئەدایەوە، لە پیرەمەگروون کەوتنە ڕێکخستنەوەو جۆشدانەوەی خەڵک، ڕەئوف تەلانی یەکەم کەس بوو ئامادەیی دەربڕی بۆ پشتیوانی لە مەفرەزە پارتیزانەکان و هاوکاری بەردەوامیان بوو تا ڕاپەڕین.

مام ڕەسوڵ تەلانی، مام ڕەسوڵ کرژەیی، ئەنوەر قەرەچەتانی، حسێن مەلا، دەروێش سێوکانی، عەلی یاخسەمەری، شەوکەت سورداشی، هیوا سورداشی، لەو تێکۆشەرانە بوون کە هاوکاری بەردەوامی مەفرەزەکە بوون و هێڵی بە یەکگەیشتنی مەفرەزەکەو ڕێکخستنەکانی پیرەمەگروون و سلێمانی بوون.

## دوا هـــــەناسەی بنـــــکەی ژیـــــلوان

بنکەی ژیلوان لەو دوو بنکە سەرەکییەی پارتیزانەکانی پیرەمەگروون بوو، وەکو بنکەی زستانە لە گەڵ بنکەی دۆڵەبی بەکار دەهات کە بنکەی هاوینەی پارتیزانەکان بوو.

هێزەکانی ڕژێم شوێن پێی پێشمەرگەیان هەڵگرتبوو کە دەچوونەوە بنکەی ژیلوان، دوا نیوەڕۆیەکی ساردوو سەختی زستانی ساڵی ١٩٨٩ بوو، پۆلێک پێشمەرگە بەرەو بنکەکە سەرکەوتن، بەفرێکی زۆر لە سەر زەوی کەوتبوو بە جۆرێک جێ پێی پێشمەرگەکانی وەکو مۆرێک لە سەر بەفردەداو شێوەو قەبارەی پێڵاوەکانیانی بە دوای خۆیدا جێدەهێشت، هەورازی کوڕو سەرمای ئەو وەرزە سارده تێکەڵ بە خڕمەی شکاندنی شەختە بەفری سەر ڕێ دەبوون و لە دوورەوە خرمەی دەهاتە گوێ.

هەنگاو هەنگاو بە دوای یەکدا سەرکەوتن، پۆلێک بەورو یەکانە بوون، جگە لە غەریب هەڵەدنی و فەریق هەڵەدنی و عوسمان کاکی و هەڤاڵانی دیکە، خەلیل بێدەری و یونس و حەسەن شورتە و ئاکۆ سووریش تێکەڵ بە مەفرەزەکە بوون و بەرەو خۆرەتاو هەنگاویان دەناو، هەڵدەکشان بەرەو ئاسۆ.

هێزەکانی داگیرکەر سەرقاڵی کێوماڵکردنی ناوچەکە بوون، جێگە پێی پێشمەرگەکانیان بەدیکرد، نزیک بوونەوە لە بنکەی ژیلوان، پێشمەرگەکانیش هەر چەند میلێک لە هێزەکەی داگیرکەر دوورکەوتبوونەوە، بۆیە بڕیاری شەڕی مان و نەمانیاندا، وەسیەتیانکرد کێ چی بکات و کێ لە کوێوە بڕوات، ئەگەر لێکترازان، شوێنی یەکگرتنەوەشیان دەستنیشان کرد، ئەوجا لێیدامەزران و چاوەڕوانی جوڵەی هێزەکانی داگیرکەر بوون.

ئەفسەرێکی عەرەب فەرماندەی هێزەکەی دوژمن بوو، دەلیلێکیان لە گەڵدا بوو ڕووخساری خۆی پێچابوو، دەلیلەکە کورد بوو، دەیوت سەیدی لێرەوە سەرکەوتوون ئەم جێگە پێیانە تازەن، بەڵام ئەفسەرە عەرەبەکە بە گوێی دەلیلەکەی نەکرد، بڕیاری پاشەکشەی بە سەربازەکاندا، لە کاتێکدا دڵنیا بوو کە جێگە پێیەکان تازەن و پێشمەرگە تازە لێوەی سەرکەوتووە. پێشمەرگە لە تەوقی دوژمن ڕزگاری بوو، تا مانگی ١٩٨٩/٣ لە بنکەی ژیلوان مانەوە، دوا جار بنکەکە ئاشکرا بوو هێزەکانی ڕژێم سووتاندیان، ئیتر ئەوە دوا هەناسەی بنکەی ژیلوان بوو.

## بروسکەی مامجەلال

مانگی (٦)ی ساڵی ١٩٨٩ جەنابی مامجەلال لە برووسکەیەک بۆ مەفرەزە پارتیزانەکانی پیرەمەگروون، یەک بە یەک بە جهاز قسەی لە گەڵکردن و دەستخۆشی لێکردن بۆ چالاکی و خۆڕاگری مەفرەزەکەو پێیوتن « شانازیتان پێوە دەکەم، بەغیلیان پێدەبەم، پێمخۆشبوو منیش گەنج بوومایەو وەک ئێوەو لە گەڵ ئێوە بوومایە، ئێوە مەشخەڵی شۆڕش و یەکێتیتان بەرز ڕاگرت».

## گەڕانەوە بۆ ئێران

مەفرەزەکەی پیرەمەگروون دوای نزیک بە ساڵێک مانەوە لە دۆڵی جافەتی و هەر دوو بنکەی ژیلوان و دۆڵەبی، بەرەو سەرکردایەتی گەڕانەوە.

دوای شەش ڕۆژ بەڕێوەبوون و ڕۆیشتن، گەیشتنە سەر ئاوی سەفرە، هەنگاوەکان یەک بە دوای یەکدا دەڕۆیشتن، هەنگاوی یەکەم و دووەم و سێیەم و نۆیەم و دەیەم، یانزەهەمین هەنگاو فەریق هەڵەدنی بوو لوغمێک لە ژێر قاچیدا تەقیەوەو بریندار بوو.

مانگی ١٩٨٩/١١ مەفرەزەیەک بۆ عوسمان گێچینەیی پێکهات و گەڕایەوە پیرەمەگروون، غەریب جارێکیتر لە گەڵ مەفرەزەکە گەڕایەوە.

**مەفرەزەکەی غەریب هەڵەدنی**

**ئەم تێکۆشەرانە بوون:**

١- غەریب عبدالقادر (هەڵەدنی)

٢- محەمەد حاجی کەریم (هەڵەدنی)

٣- بەکر مەجید حاجی (هەڵەدنی)

٤- عوسمان مەحمود (هەڵەدنی)

٥- دکتۆر ئیبراهیم فەتاح (ماوەتی)

٦- فەریق ئەحمەد (هەڵەدنی)

٧- عوسمان حەمە کاکی (حاجی تانی)

٨- عومەر حەمە کاکی (حاجی تانی)

٩- عەلی حەمە کاکی (حاجی تانی)

١٠- ئاسۆ محەمەد (سورداشی)

١١- عابد عەلی (تەلانی)

١٢- ئەنوەر حاجی عەبدوڵلا (تەلانی)

١٣- عوسمان گێچینەیی

١٤- صدیق کوێخا ئەحمەد (یاخسەمەری)

# کـــــێومالْ و شـــــکستی دوژمـــــن
## (دوو)

هێزێکی گـەورەی دوژمـن بەنیازی پشکنین و کێومالْکردنی ناوچەی دۆلْی جافایەتی و مەرگەو قەیوان لە ڕۆژی ١٩٨٩/٤/١٢ تا ٤/١٩ بە دەیان تانکوو زرێپۆش و ئۆتۆمبێلی باهەلْگروو هەزاران سەرباز، بەپشتیوانی دەیان کۆپتەر و سەرپەرشتی فەیلەقی یەک لە (١٠) قۆلْەوە کەوتەپشکنین و کێومالْی ئەو ناوچانە، پێشمەرگە پارتیزانەکانی پیرەمەگرون و ڕستی سورداش دەستی بەزەبریان لە دوژمن وەشاند چەندین (مین) یان بۆ دوژمن دانا و لە ژێر پێی سەرباز و ئۆتۆمبێلەکانیاندا تەقینەوە و زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند، هەر بۆیە لە ترسی پێشمەرگە و گوزری قایمتر هێزەکەی دوژمن گەڕایەوە.

## پـــــەلامارەکەی دوژمـــــن بەم جـــــۆرەبوو

*لەسەربازگەی سوسێ و کۆتەلْەوە بەرەو بنار و بەرزاییەکانی پیرەمەگروون و هەلاج و قەرەتیکان.

*لەسەربازگەی شەدەلْە و قزلەرەوە بەرەو زنجیرە چیای چەرماوەند و مێرگەپان.

*لەسەربازگەی قەمچوغەوە بەروە شێخ باخ و سەرتەزێن و شاخی ئەحمەد بەگ و دێی سێکانیان.

*لەسەربازگەی جوبلاخەوە بەرەو دێی سێدەر و ڕووتەی قۆمرغان.

*لەسەربازگەی بەرگەلْووە وە بەرەو کەرکەرو چالاواو گردە شێر.

*لەسەربازگەی چالاواو گوێزیلەوە بەرەو ژیلوان و خەرتیز و سیرە مێرگ.

*لەسەربازگەی گەورە دێوە بەرەو دۆلْی گەورەدێ و ئاوی تازە و بانە ڕەش.

*لەسەربازگەی گەلالْەوە بەرەو دۆلْی شاخی شێخ محەمەد.

*لەسەربازگەی هەنجیرەوە بەرەو دێیەکانی دۆلْەبی و هەوارە بەرزە و خۆڕخوڕەو یاخیان و گۆمەزەلْ و دۆلْی بەهاراو.

*لەسەربازگەی لۆتەروکانی تووەوە بەرەو کوڕکوڕو بنەباریک و گۆمەدالْ

کۆپتەرەکانی ڕژێم بەردەوام ناوچەکەیان دەکوتا گوولـلەو باروت و گڕوو دووکەلْیان بەسەر دێهاتە کاولبووەکاندا دەباراندوو بەردەدایە ناوچەکان، بەلاّم

لەبن هەناسەو پۆستاڵی سەربازی داگیرکەردا پێشمەرگە پارتیزانەکانی پیرەمەگرون (مین) یان دەچاندوو وانەی دوژمنیاندادەدا بەمجۆرە.

*دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی ڕستی سورداش لەشەوەی ١٥-١٩٨٩/٤/١٦ چوونە سەر جادەی کانی توو – مەرگە لە نێوان هەردوو دێی چنارنە و سێروان (مین) یێکیان چاند لە کاتژمێر ٦،٣٠ دەقەی ئێوارەی ١٩٨٩/٤/١٦ لەژێر ئیڤایەکی پڕ لە سەربازدا تەقییەوە و بوووە هۆی تێکشکاندنی ئیڤاکە و کوژرانی سەربازەکانی ناوی.

*دەستەیەکیتر لە پێشمەرگەدێرینەکانی ڕستی سووورداش لە شەوی ١٦-١٩٨٩/٤/١٧ چوونە خڕی هۆمەربەگ (مین) یێکیان لەنێوان یاخیان و دۆڵەبی چاند کاتژمێر ٨ی بەیانی ٤/١٧ لەژێر ئیڤایەکدا تەقییەوە و بووە هۆی تێکشاندنی ئیڤاکە و کوژران و بریندابوونی سەرنشینەکانی.

*دەستەیەکیتر لە پێشمەرگە دلێرەکان شەوی ٢١-١٩٨٩/٤/٢٢ چوونە سەر جادەی

دووکان - بەرگەڵوو لەئاستی دێی قەڵەم پاشا (مین) یێکیان چاند لە کاتژمێر ١٠،٣٠ دەقیقەی بەیانی لەژێر پێی سەربازێکدا تەقییەوە و کوشتی.

*دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکان لە شەوی ٢٢-١٩٨٩/٤/٢٣ چوونە سەرجادەی قزلەر – سلێمانی (مین) یێکیان دانا لە کاتژمێر ٦ ی بەیانی ڕۆژی ٤/٢٤ لە ژێر ئیڤایەکی سەربازیدا تەقەییەوە و بوو هۆی تێکشاندنی ئیڤاکەو کوژرانی (٥) سەرباز

**تێکڕای زیانی زانراوی دوژمن**

*کوژرانی ٦ سەرباز

*تێکشکاندنی ٣ ئیڤا

پێشمەرگەکانیش سەرکەوتووانە و بێزیانبوون.

هێزەکانی دوژمن بە شکست و نائومێدییەکی زۆرەوە گەڕانەوە و بێدەسەڵات بوون لە بەردەم ورەی پێشمەرگەدا، ئەوان کە بەنیازی کۆتایی هێنان بە پێشمەرگە پارتیزانەکان هاتبوون نەیاتوانی هیچ بەدەست بهێنن جگە لە شکست و بەزین.

## ســـــــەرکەوتی جـــــــهاز
## سێ

سەرکەوت محەمەد فەرەج سەرکەوتی جهاز، یەکێکە لە پارتیزانەکانی پیرەمەگرون و عەدەد جیهاز بوو، جگە لە پەیوەندی نێوان مەفرەزە پارتیزانەکان و مەفرەزەی حەمە ڕەش لە گەرمیان، چەندین نامەی ناوەندی کۆمەڵەو کاک نەوشیروانی گەیاندوەتە ڕێکخستنەکانی شار.

یەکێک لەو نامانەی کاک نەوشیروان کە بە ناوی فەتاحەوە بۆ پشکۆی نووسیوە و سەرکەوتی جیهاز گەیاندوویەتیە شار دەخەینە بەرچاو.

**برای خۆشەویستم کاک پشکۆ**

سڵاوێکی گەرم هیوادارم هەمیشە لە خۆشیدابن سڵاوم بۆ کاک موراد هەیە.

زۆر پێخۆشحاڵ بووم کە نامە درێژەکەتم وەرگرت، هەروەها کتێبەکەمان پێگەیشت، ئەوانەی لە ڕێگەی کاک غەریبەوە ناردبووتان، بە نامە ویستم لە گەیشتنی ئەو شتانە ئاگادارتان بکەم، هەروەها لە ڕێگەی کاک غەریبەوە مەفرەزەیەکی ترمان دێتە خوارێ بۆ سالەیی و شوان و شێخ بزێنی، دەستەیەکی هەڵبژاردەی ڕێکوو پێکن ڕەنگە اعتماد بکەنە سەر بنەسڵاوەو ئۆردوگاکانی چەمچەماڵ سلێمانی ئەوان خۆیان کە گەیشتن نامەتان بۆ دەنووسن، هیوادارم مشووریان بخۆن و بە تەنگیانەوە بێن، ئێمە لێرە زۆرمان لێکۆڵینەوە کردووە لە سەر قازانج و زەرەری ئەو مەفرەزانەی لە خوارەوەن.

بە گشتی پێمانوایە هەبوونی ئەوانە پێویستە ئەگەر چەند زەرەریش بگەیەنن.

تکام وایە ئاگاتان لە خۆتان بێ و پارێزگاری زۆری خۆتان بکەن، ئەو پێویستیانەی هەشتانە جێبەجێیان دەکەین، لە چەند هەفتەی ڕابردوودا ڕێگەی ڕاستەوخۆمان بۆ ناو شاری سلێمانی تاقیکردەوە، چەند مەفرەزەیەک چوون و بە سەلامەتی گەڕانەوە لە ماوەیەکی کورتدا، جا ئەگەر وەکو نووسیوومە بە چاکتانزانی، ئەدرەس و ناونیشانێکی ناسراومان بۆ بنێرن، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ چیتان ویست بۆتان ڕەوانە بکەین.

دووبارە سڵاوم هەیە هەر بژین.

بەختیار هات سەردانێکی ئێرەی کردو گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی و ئێستا لەوێیە.

فتاح ١٩٩٠/٥/١١

چەند نامەیەکی تریش لە نێوان سەرکەوتی جیهازو ڕێکخراوی سلێمانی بە ناوی سیروان ئاڵوگۆڕ کراوە کە تەنها وێنەکانیان دادەنێین.

١

کاک سەرکەوتی تێکۆشەر

سڵاوێکی برایانەی گەرم.

بەهیوای سەربەرزی و سەرفرازی و سەرکەوتنی هەمیشەیی تین.

پیرۆزبایی بەخێرهاتنی خۆت و هاوڕێکانی ترمان دەکەینە و خوازیارین لە بەجێگەیاندنی ئەرکی سەرشانتاندا سەرکەوتوو بن، و بە هەردوولاو هاوکاری یەکتری پەیوەندی کانمان بەردەوام و پتەو بێت، بە ئەنجام بگەیەنین و بەپێی توانا ئیمکانیاتی خۆمان یارمەتی و کۆمەکی تانە بکەین.

هاوڕێی بەڕێز: نامەی بەرواری (٨/٢٥) تانە و نامەی (٨/٨) ی نادەندی پێژمانە پەروەستی گەیشت، کە هەر تایبەتی بوو بە پەیوەندی کەی ئێوە و هاتنەکەتان بۆ ناوچەکە، بە پێویستمان زانی هەندێ ڕوون کردنەوە و سەرنج بۆ لایەنی هەندێ خاڵەکانی ئەم دوو نامەیەدا هاتووە ئاراستەتانە بکەین، بە هیوای دانانی ڕێگەچارە کردنی تەواو بۆ پەیوەندی کان و یارمەتی یەکتری.

* لە نامەکەی نادەندی بەڕێزدا هاتووە کە هەر ڕاپۆرت و دەنگ و باسێکی گرنگمان هەبوو لەسەر دەوڵەت و گەشەسەندنی ڕووداوەکان ئاراستەی ئێوەی بکەین، ئێوە خۆتان دەگەیەنن، جا ئێستا هەندێ دەنگ و باس هەواڵمان لاکۆبۆتەوە کە لە گەڵ ئەم نامەیەدا بۆتانی دەنێرین بە هیوای گەیشتنی و گەیاندنی لە لایەن ئێوەوە، جا نازانین دەتوانن هەواڵ و دەنگ و باسی وا دوور و درێژ بە جیهان بگەیەنن؟

* لە نامەکەی نادەندی دا هاتووە کە بەڕێزت (هەوێت) و پێناسەی پێویست بکەین بۆ کاتی هاتوچۆ کردن بۆ ناو شارەکان، جا نازانین تا چ ڕادەیەک دەتوانیت هاتوچۆ بکەیت و ئەوێ بەجێ بهێڵی.

بۆ پەیوەندی کانمان پێمان وایە، ئێستا ئەو هاوڕێیانەمان کە لە ئۆردوگادا پەیوەندیان پێمانەوە هەیە دەوری ئێش کردنیان زۆر زەحمەت بووە و زۆر دەرکەوتووە

٢

چونکە ئەوە بابەتێکی زۆرە ئەوە کاریانە و تائێستا چەندین بەفرەزە هاتوونەتە جێگاکانی ئێوە و پەیوەندی بە هاوڕێکانی ئۆردوگاکانەوە کردووە، ئێمە ئێستا وای بۆ دەچین زۆر کەس دەرکەوتوون، چونکە چەند (پ.٣٠) تائێستا کە لەوێوەشن هاتوچۆی کردووە و چووەتە ماڵەکانیان ئێستاکە هاتوونەتەوە و تەسلیم بوونەتەوە.

بۆیە هەلومەرجی ئەو هاوڕێیانەمانە گەلێ خراپە و ئەگەر بکرێت لەم بارەیەوە ئێوە یارمەتیمان بدەن لە جێگای سەلامەت و پێیانەوە.. ئەویش بەوەی گەر هاوڕێیەک یا بە دۆستێکی وا ئێک دەبێت لە ئۆردوگاکە وا کە بتوانێت پەیوەندی نێوان ئێوە و هاوڕێکانی ئۆردوگاکانمان ئەنجام بدات شتێکی چاکە، بەجۆرێک کە هاوڕێکانی ئێمە (پ.٣٠) هاتوچۆیان نەکات بۆ ناو ئۆردوگا بەڵکو پەیوەندیان بە دۆستێک یان هاوڕێیەکی ناو ئۆردوگای ئێوەوە هەبێت، دیارە ئەمە بۆ پاراستن و نەکەوتنە داوی ئێوەشی دەڵێین ئەوێک هەر پاراستنی هاوڕێکانی خۆمانە .. هەروەها بەوەی لە هاتوچۆتاندا بۆ ناو ئۆردوگا تەنها (پ.٣٠) ئەگەر ئەو هاوڕێیە ببینێ کە پەیوەندییەکە ئەنجام ئەدا، ئەو (پ.٣٠)ەشی پێویستە بڕوا پێکراوترین و زیرەکترین (پ.٣٠)ەکانمان بێت، چونکە زۆر بەتەنگ سەلامەتی و پاراستنی هاوڕێیانی ڕێکخستنەوە بێت، بەرکاری ئەو بارە و شەخصی پێی نەسپێرێت .. یان پەیوەندییەکان بە پێی ئەوەی دیاریکراو بێت لە دەرەوەی ئۆردوگادا.

جا تکایە لە نامەی داهاتووتاندا سەرنجی خۆتانمان دەربارەی ئەم خاڵانە بۆ ڕوون بکەنەوە و بزانین ڕاتان بەچییە و ئێوە لەم بارەیەوە چی دەکەن باشە.

* پێویستە بزانن بەهۆی هەلومەرجی (حصاری اقتصادی) ئێستاوە کەلوپەل و خواردەمەنی لە شاردا بە تەواوەتی کەم بووەتەوە و بە تایبەتە ئەبێت نرخ زۆرترێتی، هەرچەندە ئێمە ئەگەر ئەوانیش بێت هەر هەوڵی پەیداکردنی پێداویستییەکانتان ئەدەین، بەڵام ئێوەش ئەم بارە هەلومەرجە بە بەرچاو بگرن کاتێکی خاڵم.

٢

* لەم ڕۆژانەدا دەنگۆکان زۆرن ڕادیۆ گەیاندی کە بڕیاری ئەوە دراوە کە زەوی
(محرمة) نەفرۆشرێ و هەموو کەسێ بچێتەوە سەر زەوی خۆی و بیچێنێ و زەراعەتی بکا.
هەرچەندە تا ئێستا بڕیارەکە ئەو خاڵەی تێدا نییە کە گوندەکان بگەڕێنەوە و خەڵکی
خانووی خۆی لە شوێنەکانی جارانیدا بکاتەوە، بەڵام ڕەنگە ڕێگا بدەن بە دروستیش هەر
جووتیارێک لەسەر زەوییەکەی خۆی کوختێک بکات بۆ نووستن و حەوانەوەی لەوێ
دیارە ئەم خاڵە ئیجابیات و سوودی خۆی دەبێت و گەر ئستغلال بکرێت
وە لە لایەن ئێوەوە وە لە لایەن ئێمەوە دەتوانین کێشەی پەیداکردنی پێداویستی و
و پەیوەندییەکانی نێو چارەسەر بکەین .. کە ئەم خاڵە ڕێگا بۆ ئەوە خۆش دەکا
کە بتوانین لە دەوری شار ئۆردووگاکان پەیوەندییەکانمان ئەنجام بدەین بۆ
ئەوەی بنیە چەکدار سەرچۆ کێشەمان بۆ دروست ببێ.

* دەربارەی هەفرەکانی برادەرانی گەرمیان، هەرکاتێک پێتان چاک بوو
بۆمانی بنێرن ئێمە بە زووی دەگەیەنین بە دەستیان .. بەڵام تکایە لەبەری
بنووسە (نهێنییە و پەلەیە) بۆ ئەوەی بە خێرایی بیگەیەنین.

* بۆ ئەو پێداویستیانەی هەتانە، هەرچیەکتان بوێت دەتوانن ڕاستەوخۆ
بە هاوڕێکانی ئۆردووگاکان بڵێن، ئەوانە کێشەکانیان لە بەردەستانە و
بە حەدی توانا بۆتانی جێبەجێ دەکەن، هەرچیەکیش ئەوانە پەیدا نەکرا ئێمە ئامادەین
بۆ پەیداکردنی و پارەی دانانە.

* تکایە بە زووی ئەم بەرنامەیە بە نامەیەک بگەیەنن بە هەفرە کراوی:
« لە پێشکەوە بۆ گۆڕان ⊙ کاکی حەرسیتا بانگ کراوە ⊙ داوای لێ کراوە
کە یان بێت بۆ لاتانە یان نامەتان بۆ بنێرێت ⊙ گوایە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە
لای ئێمە ⊙ تکایە ئاگاداری نامەبەرەکان بە هەر ڕێگایەکدا گەیشتە دەستتان »

جێگای سوپاسە.

هەمیشە بە سەرکەوتوویی، چاوەڕوانی دەستخەتتانم

ڕاژان / سیروان

٩٩.١٩/٧



## مـــــــەفرەزەی عـــوسمان گـــێچینەیی
## چوار

عوسمان گێچینەیی یەکێک لە فەرماندە مەفرەزەکانی ڕەتڵی سـورداش بوو، لە سەرەتای دابەزینی مەفرەزە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ بە فەرماندەیی غەریب هەڵەدنی عوسمان گێچینەیی یەکێک لە پێشمەرگەکانی ڕەتڵەکە بووە هەندێک جاریش وەک کارپێکەری بێتەلی ڕەتڵەکە کاریکردووە.

مەفرەزەی یەکەم لە مانگی (١٠)ی ساڵی ١٩٨٨ لە مەرزی هەرزنەوە پەڕینەوە پیرەمەگرون تا مانگی ١٩٨٩/٧ لە ناوچەکە مانەوە.

لە مانگی (٩)ی ساڵی ١٩٨٩ مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی عوسمان گێچینەیی هاتنە خـوارەوە بۆ ناوچەکانی دۆڵی جافەتی و پیرەمەگرون کە لەم پێشمەرگە تێکۆشەرانە پێکهاتبوون:

١- عوسمان گێچینەیی فەرماندەی مەفرەزە

٢- ئاسۆ محەمەد خدر، (ئاسۆ سورداشی)

٣- عەبدولمەجید مەحمود، (عەبدول سورداشی)

٤- جومعە حسێن فەرەج، (وەستا هەینی)

٥- تەها عەبدولڕەحمان عەزیز حاجیتانی، (دکتۆر تەها)

٦- صدیق کوێخا ئەحمەد

٧- بەهادین محەمەد عەبدولڕەحمان، یاریدەدەری غەریب هەڵەدنی بۆ کاروباری سیاسی و ڕێکخراوەیی ڕەتڵی سورداش.

٨- تۆفیقە سوور

٩- نامیق یاخسەمەری

١٠- یاسین حاجیتانی

مەفرەزەکەی عوسمان گێچینەیی ماوەی شەش مانگ لە ناوچەکانی پیرەمەگرون و دۆڵی جافەتی مانەوە، بنکەو بارەگایان لە شاخی سورداش- بووک و خەسوو- کانیبی بوو.

وەک تێکڕای مەفرەزەکانی دیکە سەرچاوەی پەیداکردنی خواردەمەنی و بژێوی ڕۆژانەیان لە خواردنی بەجێماوی دێهاتەکان و یارمەتی کەسووکارو ڕێکخستنەکانەوە بوو.

لە ماوەی مانەوەی مەفرەزەکە چەند جارێک جاش و سەرباز هاتنە سەریان بەڵام سەلامەت و بێزیان بوون، لەو ماوەیەدا لە مالومە چالاکیەکیان ئەنجامدا.

## چـــــالاکی مـــــالومە

مەفرەزەکەی عوسمان گێچینەیی لە ڕێگەی چاندنی تۆڕی لوغمەوە لە کۆتەڵی مالومە (٢٣) سەربازیان بە سزا گەیاند.

لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە کە لە ناو سوپای عێراق لە ناوچەکە، ناوی (٢٣) کوژراوەکەیان بە دەست گەیشت، لە ڕێگەی بێتەلەوە چالاکیەکەیان دایە ئیزگەو ناوی هەر (٢٣) سەربازەکە لە ئیزگەوە خوێندرایەوە کە لەو سەردەمەدا چالاکیەکی گەورە بوو دەستکەوتنی زانیاری و ناوی سەربازە کوژراوەکانیش هێندەی چالاکیەکە گرنگ بوو سەلماندنی ئەو ڕاستیە بوو کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناو داموودەزگا سەربازیەکانی داگیرکەردا سەرچاوەی زانیاری هەیەو دەستی دەگاتە بن لوتی دوژمن.

## هـــــاوکاری پـــــارتیزانەکان

ڕێکخستنەکانی ناوچەکانی دووکان- پیرەمەگرون سەرچاوەی گرنگی زانیاری و چاوساغی و گەیاندنی پێداویستیەکانی پێشمەرگە بوون کە ئەم تێکۆشەرانە بوون:

١- ڕەسوڵ کرژەیی
٢- ڕەسوڵ تەلانی
٣- بەکر تەلانی
٤- هیوا محەمەد مستەفا سورداشی
٥- شەوکەت محەمەد خزر (سورداش)
٦- کافیە خان خێزانی کاک شەوکەت

٧- عوسمان مەجید مەحمود سورداشی

٨- نادر ڕەسوڵ قادر سورداشی

٩- عوسمان محەمەد سورداشی

١٠- عەلی محەمەد سورداشی (معاون صیدلی) لە ڕێگەی کاک (عەلی) یەوە پێداویستی پزیشکی بۆ پارتیزانەکان دابیندەکرا.

١١- ڕەوف تەلانی

دوای گەڕانەوەی مەفرەزەکەی عوسمان گێچینەیی (عابد تەلانی) لە گەڵ سێ پێشمەرگەدا لە پیرەمەگرون مایەوە، دواتر عوسمان سێدەری خالیدی کاروبار، فەریق هەڵەدنی و سەرکەوتی جیهاز دابەزینە پیرەمەگرون.

بەکر مام قادر، بەکر ئیسێوەیی، عەلی ئەشکەنەیی، مام جوتیار، حەیدەر حاجیتانی، بێستون تەلانی، بەکر مەجید حاجی، و هاوڕێکانیان بە هاوشانی فەرماندە و پێشمەرگەکانی دیکە ڕۆڵی گرنگیان بینی لە خەباتی پارتیزانیدا.

## مـــــەفرەزەی عـــــوسمان ســـێدەری
## (پـــێنج)

هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەڕابوونەوە سنوورەکان، ڕوونتر بڵێین پاشەکشەیان کرد بوو بۆ ناوچەکانی سەر سنوور و شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بلەکێ و چیوەڕۆو کۆمەڵێک شوێنیتر بارەگایان دانابوو، سەرکردایەتی شۆڕش و بە تایبەت کاک نەوشیروان بەرنامەو پلانی پێکهێنانی مەفرەزە پارتیزانەکانی گەڵاڵە کردبوو، تا بە شێوەی مەفرەزەی بچووک بگەڕێنەوە ناوچە چۆڵکراوو دێهاتە وێرانکراوەکان، بۆ ئەو مەبەستەش دەورەی تایبەت بە پارتیزانی و چۆنیەتی خۆپاراستن و دانان و هەڵگرتنەوەی لوغمیان بینی، تا بتوانن درێژە بە ژیانی پارتیزانی بدەن.

دۆڵی جافەتی و سنووری چیای پیرەمەگرون، کە پێشتر سنووری تیپی ٤٣ی ئاسۆس و ٤٩ی ساراو چەند تیپێکی تر بوو، شوێنێکی گونجاوو پەسەند بوو بۆ پارتیزانەکان، بۆیە پێش هاتنە خوارەوەی پارتیزانەکان بە ڕەسمی، عوسمان سێدەری و مەفرەزەیەک بە بڕیاری کاک نەوشیروان بۆ گەڕان و پشکنینی ناوچەکە هاتنە خوار بۆ دۆڵی جافەتی، ماوەی ١٥ ڕۆژ لە ناوچەکەدا مانەوە، تێکڕای ناوچەکانیان پشکنیی، ئەو ناوچەو شوێنە سەختانەی لە ئەنفالی یەکدا حکومەتی عێراق گرتبوونی و سوپای لێجێگیر کردبوون، زۆربەیانی چۆڵکردبوو، یاخیان سوپای لێنەمابوو، بەرزاییەکانی پێشەوەی شارستێن سوپای لێمابوو، هەوارە بەرزە چۆڵکرابوو، گۆمەزەڵ چۆڵکرابوو تەنها بە بەرزاییەکانەوە سوپای لێمابوو، کوێستانەکانی ناوچەکە بە تەواوی چۆڵکرابوو سوپای لێنەمابوو.

دوای ١٥ ڕۆژ گەڕان و پشکنینی بەردەوام مەفرەزەکەی عوسمان سێدەری گەڕانەوە سەرکردایەتی و وردەکاری ناوچەکانیان گەیاندە کاک نەوشیروان.

دوای گەڕانەوەی مەفرەزەکەی عوسمان سێدەری بە بڕیاری کاک نەوشیروان جارێکیتر غەریب هەڵەدنی و مەفرەزەیەک بۆ پشکنینی ناوچەکە هاتنە خوارەوە بۆ دۆڵی جافەتی و چیای پیرەمەگروون، دوای گەڕانەوەی مەفرەزەکەی غەریب هەڵەدنی بۆ لای کاک نەوشیروان مەفرەزەکان بە ڕەسمی دابەزین بۆ دۆڵی جافەتی و پیرەمەگرون.

## تـــــیپی تـــــایبەت

دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنوور، سەر لە نوێ تەشکیلەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرایەوە، کاک شۆڕش ئیسماعیل کرایە فەرماندەی تیپی تایبەت، ئازاد دەرەمیانەیی جێگری فەرماندەی تیپی تایبەت، عوسمان سێدەری کرایە فەرماندەی کەرت، دواتر گواسترایەوە بۆ تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە چیوەرۆ، هێزەکان دابەشکران، بۆ هێزی تایبەت ٥٠٠ کەس دیاریکرا، مەفرەزەکان دیاریکران، لە سەرکردایەتی دەورەیەکی ٤٥ ڕۆژییان بۆ کرایەوە فەرماندەی بەشێک لە مەفرەزەکان پێکهاتبوون لە ئاکو سوور، سەید جەوهەر، عوسمان سێدەری، هیوا ڕەش، محەمەد بیکەیسی.

یەکەم مەفرەزەی پارتیزانەکان بە فەرماندەیی غەریب هەڵەدنی هاتنە خوارەوە بۆ سنووری چیای پیرەمەگروون ١١ پێشمەرگە بوون بە سەر چەند مەفرەزەیەکدا دابەش کرابوون، بارەگای سەرەکیان لە دۆڵەبی چیای پیرەمەگروون بوو.

دۆڵەبی لە پشتی دێی بیرانە، تاتێکی پێوەیە، دۆڵێکی گەورەو درێژە لە دێی بیرانەوە درێژ دەبێتەوە بۆ دۆڵەبی، شوێنێکی سەخت و یاخییە، کانیەکی فێنک و سازگاری تیایە، وەکو حەوشێکی گەورە وایە، یەک دەرگای هەیە بۆ چوونەژورەوە، دەمی دەرگاکە هێندە سنووردارە ناتوانیت بە کۆڵەپشتەوە بچیتە ناوی، دەبێ کۆڵە پشتەکەت دابنێت و پێش خۆتی بخەیت ئەوسا بچیتە ژوورەوە، لە نێو (دۆڵە بی)دا پارتیزانەکان بە نایلۆن ژوورو کەپرێکیان درووست کردبوو بۆ پشوودان، شوێنەکە هێند سەخت و دژوارو لاچەپەک بوو تەنها پارتیزانەکان ڕێگەیان دەبردەوە سەر.

مـەفرەزەکـەی غـەریب هـەڵـەدنی ماوەیـەکی زۆر لـەوێ مـانـەوە، بە کۆڵ پێداویستیەکانیان دەهێنایە ناو دۆڵەبی، بەردەوام مەفرەزەکان دەرچوونیان هەبوو زیرەکانە خۆیان لە دەرچوونی جاش و سوپا دەپاراست کە ڕۆژانە دەهاتنە چیای پیرەمەگرون، بۆ پەیوەندی بە سەرکردایەتیەوە جیهازی گەورەیان لابوو لە ڕێگەی جفرەوە هەواڵەکانیان دەگەیاند کە لە ڕێکخستنەکانی شارەوە بۆیان دەهات، هەر بە جفرەش ڕێنماییەکانی سەرووی خۆیان وەردەگرتەوە، مەفرەزەکەی غەریب

هەڵەدنی لە دۆڵەبی مانەوە تا مەفرەزەکەی عوسمان سێدەری هاتنە شوێنیان.

مەفرەزەکەی عوسمان سێدەری لە ١٩٩٠/٨/١٥ بەرەو چیای پیرەمەگرون دابەزین و دەورو تەسلیمیان لە گەڵ عاید تەلانی کرد لە چیای پیرەمەگرون لە دۆڵەبی، غەریب ئەو کاتە گەڕابوەوە بۆ سەرکردایەتی، تا سەر چەمی ئیسێوێ و بێترخێ لە گەڵ مەفرەزەکەی عوسمان سێدەری هاتبوو.

مەفرەزەکە لە ناوزەنگەوە بە ١٤ ڕۆژ گەیشتنە چیای پیرەمەگرون، کۆڵەپشت و خواردنی ڕۆژانەیان پێبوو لە نانە وردەو خورماو نوقڵ و شیرینی بۆ ڕێگا سوودیان لێدەبینی، شەوانە لە شیوو دۆڵ و شوێنە دووروو لاچەپەکەکاندا ڕۆژیان دەکردەوە، ژەمی یەک پیاڵە نانە وردەیان دەخوارد لە گەڵ خورماو شیرینی تا گورو تاویان پێبدات، سەر ڕێگا سەرەکیەکان ڕەبییە بوو، سوپا بەردەوام کێومالی ناوچەکەی دەکرد، کۆپتەر ئاسمانی ناوچەکەی چۆڵ نەدەکرد، جاش و سوپا خواردنی ئەشکەوتەکانیان دەسووتاند نەوتیان پیادەکرد، تا پێشمەرگە سوودیان لێ نەبینێ، کانیاوەکانیان کوێر دەکردەوەو ژەهراوی دەکرد تا باڵندەش تینوێتی لێنەشکێت.

دوای ١٤ ڕۆژ مەفرەزەکە گەیشتنە چیای پیرەمەگرون و لە دۆڵەبی هەواریان هەڵدا، مەفرەزەکە پێک هاتبوون لە ١٢ کەس، عوسمان سێدەری فەرماندەی مەفرەزە، ڕزگار یاخیانی جێگری فەرماندەی مەفرەزە، ڕزگار سووررداشی، ساڵح شارستێنی، زرار شارستێنی، زاهیرە بچکۆل، تەها جۆبلاغی، محەمەد قەلا چواللانی، هێمنە بچکۆڵ، مامە قالەی دەشتی تلێ، مام شێر « عوسمان سوور قاوشانی»، تەها سێکانیانی.

مەفرەزەکە جیهازێکی ڕاکاڵیان پێبوو، ڕزگار سووررداشی کاری پێدەکرد، جفرەی سەرجەم پارتیزانەکانی گەرمیان و کوێستانیان پێبوو بۆ پەیوەندی و کاری پێویست بە کاریان دەهێنا، هەر مەفرەزەیە جفرەو ناوی نهێنی خۆی هەبوو.

شەوانە دەچوونە ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون، ڕێکخستنەکانیان دەبینی، پەیام و ڕاسپاردەی سەرکردایەتیان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی پیرەمەگرونەوە دەناردە

ڕێکخستنەکانی شـار، کە لە ڕێگەی جیهازەوە وەردەگیـرا، بە هەمان شێوەش وەڵامی ڕێکخستنەکانی شاریان بە جفرەو لە ڕێگەی جیهازی ڕاکاڵەکەوە دەگەیاندە سەرکردایەتی.

مەفرەزە پارتیزانەکان دەبوایە خۆیان پێداویستی و خواردنی ڕۆژانە پەیدا بکەن، بە کۆڵ بیانهێننە دۆڵەبی لە چیای پیرەمەگرون.

لە بنارەکانی دێی «زێویێ» خواردنی زۆر شـاردرابوەوە، هەفتانە یان چەند ڕۆژ جارێک پێشمەرگە دەچوونە زێویێ لەوێوە بە کۆڵ خواردنیان دەگواستەوە بۆ دۆڵەبی پشتی «بیران» ئاستی قەڵای سوسێ بۆ سەرەوە بۆ ناوەڕاستی شاخەکە هەندێک جاریش بە بناری قەرەچەتاندا هاتووچۆیان دەکرد.

مەفرەزەکەی پیرەمەگرون بەردەوام لە جەولەدا بوون لە چیای پیرەمەگرون، ڕۆژێک وەکو ڕۆژانیتر بەرەو زێویێ بەڕێکەوتن، کاتێک گەیشتن زۆر هیلاک و ماندووبوون لای مەرقەدەکەی پیرەمەگرون ڕاکشابوون، هێزەکە شەکەت و ماندووبوون، وەنەوز دەیبردنەوە، هەندێک جاریش چاوەکانیان دەچووە خەو، لە ناکاو بە دەنگی قولەیەک بە خەبەر هاتن، جەیش و جاش گەیشتبوونە خوارەوە، پێشمەرگەکان بەرەو هەوراز بۆ پشتی سەیرانگای زێویێ هەڵکشان، خۆیان گەیاندە شاخەکان، جاش و سوپا تەقەیان دەکرد فیشەک ئەو لاو لای پێشمەرگەکانی دەکێڵا، گەیشتنە سەر قۆپی شاخەکە، لە دەست جاش و سوپا ڕزگاریان بوو، بەڵام ترسی کۆپتەر هەبوو، جاش و سوپا ماوەی سێ ڕۆژ لە ناوچەکە مانەوە، پێشمەرگەکان کۆڵەپشتیان پڕ بوو لە خواردن، ئەو سێ ڕۆژەیان بەو شاخەوە بە خواردنی کۆڵە پشتەکان بەڕێکرد، دوای گەڕانەوەی جاش و سوپا، مەفرەزەکەش گەڕایەوە دۆڵەبی.

## پیـــــاوێکی پـــیر لە زێـــویێ

دوای مـاوەیـەک مەفرەزەکەی پیرەمەگرون چوونـەوە زێـویێ پیاوێکی ڕیش سپی بە تەمەنیان بینی، دوای چاک و چۆنی پێشمەرگەکان وتیان ئێمە چەکداری حکومەتین هاتووین بزانین چی هەیە لە ناوچەکە، پیاوە پیرە بەساڵاچوەکە وتی ئێوە چەکداری حکومەت نین، پێشمەرگەن دەزانم لە من دەترسن، من پیاوی حکومەت

نیم خوشکەزایەکم پێشمەرگەیە، ناوی فەهمی یە خەڵکی (زێوێ) یە، خۆشم خەڵکی زێوێم لە سلێمانیەوە بە قوڵە رەیسیدا بە قاچاخ هاتووم، ڕەزو باخم لێرەیە، هاتووم وڵاتی خۆم ببینم، هەوای زێوێ لێمبدا، هەوای زێوێ هەڵمژم، تا تەمەنم درێژتر بێت، هاتووم بۆنی ڕەزو باخ و کێڵگەکانی زێوێ بکەم، هاتووم بۆ مەملەکەتی منالّیم.

پیاوێکی ژیرو بە ویقارو نیشتمان پەروەر بوو فرمێسک بە سەر تاڵە سپییەکانی ڕیش و سمێڵیدا زەنگوڵ زەنگوڵ دەهاتە خوار، فرمێسکی پیاوێک کە نیشتمانی لێدزرابوو، باخ و باخچەی وێرانکرابوو دەتووت ئاوو هەوای زێوێ سەر لە نوێ تەمەنی نووسیوەتەوە.

دوای ئەوەی لەو پیاوە بەساڵاچووە نیشتمان پەروەرە دڵنیا بوون، پێشمەرگەکان ووتیان مامە حاجی گیان داواکاریەکمان هەیە کە چوویتەوە سلێمانی هەندێک شەکرو چامان بۆ بێنە، حاجی وتی بە سەر چاو، پێشمەرگەکان تەماعیان زیاتر بوو وتیان مام حاجی ئەی ناتوانیت یەک دوو کیلۆ گۆشتمان بۆ بێنی، حاجی وتی خۆتان دەزانن پیرم و توانای هەڵگرتنی شتی زۆرم نییە بەڵام ئەگەر توانیم بە سەر چاو.

جێژوانیان بۆ دانا بۆ گەڕانەوە، ووتیان ئەگەر یەکتریشمان نەبینی لە پەنا بەردێکی گەورە کە نزیکیان بوو بۆمان دابنێ، مەفرەزەکە گەڕانەوە پیرەمەگرون دوای چەند ڕۆژێک هاتنەوە بۆ زێوێ بە هیوای شەکرو چاو بەشە گۆشتەکەی حاجی بەڵێنی پێدابون.

مەفرەزەکە لە بن کانییەکی ئەمدیو لوتکەی پیرەمەگرون خۆیان حەشاردابوو، لە دوورەوە بەدییانکرد ئەو پیاوە پیرەی لە زێوێ بەڵێنی شەکرو چای پێدابون بەرەو لای ئەوان دێت، پێشمەرگە سەریان هەڵبڕی و تەماشایان کرد، سوپاو جاش بە ناوچەکە بڵاوبوونەوە بۆ پشکنین و کێوماڵی ناوچەکە.

مامە حاجی بەرەو ڕەزو باخەکەی بەڕێوە بوو ڕێگاکە هەندێک هەورازو هەندێک جاریش نشێو بوو، هەندێک جار مام حاجی دەردەکەوت و هەندێک جاریش لە بەرچاوان وون دەبوو، پێشمەرگە خەمیان بوو بکەوێتە ناو کەمینی جاش و سوپاوە، مام حاجی هەستی بە جووڵەی جاش و جەیش کردبوو، لە ناو ڕەزو باخ و پەناو

پەسێری (زێوێ) دا خۆی حەشار دابوو، جاش و سوپا دوو ڕۆژ لە ناوچەکە مانەوە دواتر گەڕانەوە.

دوای گەڕانەوەی جاش و سوپا، پێشمەرگەکان لە کلکەی پیرەمەگرون دابەزین و بەرەو شوێن بەردەکە ڕۆیشتن کە جێژوانیان بوو شەکرو چاکەی لیوەرگرن، کە گەیشتنە بن بەردەکە، شەکرو چاو گۆشتەکە لەوێ دانرا بوو، بەڵام گۆشتەکە مێرو لێیدابوو تێکچووبوو، گۆشتەکەیان فڕێداو شەکرو چاکەیان برد، بەشی ماوەیەکی باشیکردن.

## کـــــوشتنی کەڵە کـــــێوییەك

دووبارە بۆ بردنی خواردەمەنی لە بنارەکانی زێوێ بەڕێکەوتن، دەبوایە ماوە ماوە خواردەمەنی لە زێوێوە بەرنە دۆڵەبی کە لە بنارەکانی زێوێ شاردرابوونەوە، لە ناکاو دەنگی تەقە هاتە گوێ، عەزیزی قەڵەم پاشا هاتبووە بناری زێوێ تەقەی لە کەڵە کێویەک کردبوو بریندارکردبوو بەڵام لە سەری نەگەڕابوەوە، لە ڕێگا لە گەڵ عوسمان سێدەری و مەفرەزەکەی بە یەکتر گەیشتن، دوای سڵاوو چاک و چۆنی عەزیز قەڵەم پاشا وتی تەقەم لە کەڵە کێویەک کردوەو پێکاومە.

پێشمەرگەکان دوای چەند ڕۆژێک سەرکەوتنە سەر لوتکەی پیرەمەگرون، خولە شین لە پێش مەفرەزەکەوە بوو بۆ سەر لوتکەی پیرەمەگرون، لە ناکاو محمود هاواریکرد وای لەو ئاژەڵە مردار بۆتەوە، عوسمان سێدەری وتی زمانت بگرە نەڵێی مردار بووەتەوە، کە چوونە سەری بۆنی نەکردبوو، شوێنی فیشەکەکەی کرم لێیدابوو خولە شین چەقۆی پێبوو، عوسمان سێدەری وتی سەری ببڕەو سەرەکەی فڕێدەرە خوارەوەو هاوار بکە و بڵێ وای لەو ئاژەڵە خەریکە مردار دەبێتەوە، محمود وویستی قسە بکات عوسمان سێدەری وتی سەری ببڕەو قسە مەکە، کێ ئەو گۆشتەی دەست دەکەوێت لەم شاخە، محمود چەقۆی لە ملی داو سەری ئاژەڵەکەی فڕێدایە خوارەوەو هاواری کرد ئای لەو حەیوانە خەریکە مردار دەبێتەوە عوسمان سێدەری وتی سەرییبڕە نەهێڵیت مردار بێتەوە، ئاژەڵەکەیان لەت و پەت کرد، جەرگ و گورچیلەکەی ڕەش ببوو فڕێیاندا، تا برادەران نەیبینن، گۆشتێکی جوانی هەبوو، ئاگریان بۆ کردەوەو خەریکی برژاندنی بوون، دەستیان کرد بە خواردنی، تەها

«مام شێر» نەیخوارد وتی مردار بووەتەوە ئەگینا جەرگ و دڵەکەی کوا، عوسمان سێدەری وتی کوڕە محمود بە کاڵی خواردی، گۆشتەکەی تامی گۆڕابوو هەندێک لە پێشمەرگەکانیش دەیانزانی مردار بووەتەوە بەڵام هەر خواردیان.

## وێنـــــــەو کـــــامێرا

پێشمەرگە پارتیزانەکانی پیرەمەگرون کامێرایەک و (١١) فیلمیان پێبوو، وێنەی ئەو ڕۆژگارانەیان پێ تۆمار دەکرد کە سەخت و دژوار بوون، دەیانزانی ئەو ڕۆژگارانە تێدەپەڕن و وێنەکانیش دەبن بە یادگاری گرنگ، دەبنە مێژوو، سەرگوزەشتەی سەردەمێک دەگێڕنەوە، کەم و دەگمەن بوون، هێندەی پەنجەکانی دەست بوون ئەو پیاوانەی دەیانتوانی لە تاریکستان و چۆڵەوانی دوای ئەنفالدا پێشمەرگە و پارتیزان بن.

کامێراکەی عوسمان سێدەری دەیان وێنەو ڕووخساری ئەو ڕۆژانەی تۆمار کردووە کە پڕن لە شەرەفمەندی و نەبەزین و کۆڵنەدان، پڕن لە پریاسکەی خەم و قوربانیدان، پڕن لە ئێش و برک و ژان

## چـــــوونە ناو پیرەمەگـــرون

مەفرەزەکەی عوسمان سێدەری زۆر جار دەچوونە ئۆردوگای پیرەمەگرون چەند جارێک بە سەر ڕەبییەدا کەوتن، ڕەبییەکان تەقەیان لێکردن بەڵام پێشمەرگەکان وەڵامیان نەدانەوە.

شەوێک لەو شەوانەی دادەبەزینە ناوئۆردوگای پیرەمەگرون، چوونە گەڕەکی ئێرانییەکان، گەڕەکی ئێرانیەکان لەو ماڵانە پێک هاتبوو کە لە ئێران گەڕابوونەوە، بەشێکیشیان ماڵە پێشمەرگەو کەسووکاری پێشمەرگە بوون، پێیان دەوتن گەڕەکی ئێرانیەکان مەفرەزەکە چوونە ماڵی ڕزگار یاخیانی بێئاگا لەوەی ڕەبییەکەی بەرانبەر ماڵەکان هەستیان بە جووڵەی پێشمەرگەکان کردووە، ماڵی ڕزگار لە شیرین خەودابوون، دایکی ڕزگار لە خەوێکی قوڵدابوو ئەوەی لە خەویشدا چاوەڕێ نەبوو ببینێ ڕزگاری کوڕی بوو، ئاخر ئۆردوگای پیرەمەگرون لە کوێ و ڕزگاری

پێشمەرگەی کۆڵ بە کۆڵ لە کوێ، ئەوەی عەقڵ نەیدەبڕی ئەوە بوو.

ڕزگار بە سەر سەری دایکیەوە وەستا بوو، تەماشای پرچە سپییەکانی و ناوچەوانە گرژەکەی دەکرد کە خەمی دنیا و چەرمە سەریەکانی، چیرۆکەکانی ئەنفال و تراژیدیای دۆڵی جافەتی و خاپوورکردنی گوندەکەی تیادا بەدیدەکرد، خەمێک کە سەرتاپای ژیانی دایکی ڕزگاری داگرتبوو، خەمی داگیرکردن، خەمی دووری ڕزگارو ئازیزانی.

ڕزگار بە دەم تاسەی دووری و خەوی قوڵی دایکیەوە، بە هێمنی دایکی بە خەبەر هێنا بەڵام چۆن بەخەبەر هێنانێک، لە گەڵ یەکەم بانگکردنی ڕزگار دایکی هاواری لێهەستا، هاواری دایکی ڕزگار ماڵ و کوچەو کۆڵانیشی پڕ کرد، دایکی ڕزگار خۆی بۆ ڕاگیر نەدەکرا، ئەوەی دەیبینی خەو نەبوو، بەڵام بڕوا پێکردنیشی ئەستەم بوو.

ڕزگار باوەشی بە دایکیداکرد دەستەکانی توند گرتبوون، دەیوت دایە ڕزگارم ڕزگار، ئیتر دایکی توند لە ئامێزی گرت و چاوەکانی تێر لە چاوەکانی دەڕوانی وەکو دڵی خەبەریدابێ کە ئەوە دوا باوەش و دوا دیداری کوڕەکەیەتی دوا جارە لە ئامێزی بگرێت.

ئەو باوەشەی ڕزگارو دایکی هەر بە تەنها باوەشی بە یەک شادبوونەوە نەبوو، ئەوە باوەشی ماڵاوایی و گەردن ئازایی ڕزگار بوو لە دایکی، پەیامی دایکی ڕزگار بوو، هەستت دەکرد کە پێیدەڵێ شیری منت پێحەڵاڵبێ کوڕم گەردنت ئازا بێت، سەفەرت خێر سەفەری ئەبەدی، کفنی ئاڵی بە خوێن سوور بووی شەهیدانت پیرۆز، بە ئارامی سەر بنێرەوە کوڕم تۆ جێگەی شانازی من و گەلێکی نیشتمان چوار بەشی.

ڕزگار توند لە ئامێزی (دایکی) دا بوو وەک پێیبڵێ ئۆخەی دایە بۆ دواجار و بۆ دوا دیدار تۆم بینییەوە، گەردنم ئازاد کە دایە گیان ئیتر دەڕۆم جارێکی تر نامبینیتەوە، لێم ببورە دایە گیان لەم ژیانە جەنجاڵەدا جگە لە غەم و پەژارە هیچم نەبوو پێت ببەخشم، ئاخر نەدەکرا و نەدەبوو نیشتمانم لە ژێر چەکمەی ڕەش

و بۆری داگیرکەردا خاپوور ببێ و منیش بێدەنگ لێیدانیشم ماڵاوا دایە گیان بە سەرفرازیت دەسپێرم بۆ دواجار دەستە هیلاک و ماندوەکانت ماچ دەکەم، بنوو دایە بە ئارامی.

ڕزگارم نقومی هەست و سۆزو خەیاڵی دوا ماڵاوایی دایکێک بوو کە بە هەژاری و نەداری بەخێوی کرد، خەریک بوو دوا ڕازەکانی دەچرپاند بە گوێیدا کە لە دەنگی هاوڕێکانی بە ئاگا هات، ڕزگار درەنگە با بڕۆین شەوگار ڕووی لە کزیداوە.

ڕزگار بۆ دوا جار ماڵاوایی لە دایکی کردوو بە تاسەوە لە ئامێزیگرت، ئیتر لە گەڵ هاوڕێکانی لە ماڵ هاتنە دەر لە کاتی گەڕانەوەدا بە سەر ڕەبیەیەکی جاشدا کەوتن کە پێشتر خۆیان لە کەمین نابوو، هەستیان بە جووڵەی پێشمەرگە کردبوو لەو شەوەدا، جاشەکان تەقەیان لێکردن بەڵام پێشمەرگە وەڵامی نەبوو، ئیتر ئەوانیش بێدەنگ بوون، دەمەو بەیان مەفرەزەکە گەڕانەوە پیرەمەگرونی چیا.

## ئــــاڵوگۆڕی مــــــەفرەزەکان

بە بڕیاری سەرکردایەتی مەفرەزەکەی عوسمان سێدەری چوونە بێترخێ و دۆڵەبی، پیرەمەگرونیان بە هەموو یادگاری و تاڵی و ناخۆشیەکانەوە بە جێ هێشت و بەرەو بێترخێ هەنگاوەکان هەڵیگرتن، مەفرەزەکەی شوان موغاغی جێگەی گرتنەوەو هاتنە پیرەمەگرون، مەفرەزەکەی فەریق هەڵەدنیش لە سنووری یاخیان بوو، مەفرەزەکەی عوسمان حەمە کاکی هاتبوونە بێترخێ، چونکە لە ڕاپەڕین نزیک دەبوونەوە، مەفرەزەکان زیاد کرابوون.

لە کۆتایی مانگی ١٩٩٠/١٢ لە دەنگی گەلی کوردستانەوە بە برووسکەیەکی جفرە ئامێز مەفرەزەکەی عوسمان سێدەری ئاگادار کرایەوە دووبارە بگەڕێنەوە پیرەمەگرون.

سەرەتای مانگی ١ی ساڵی ١٩٩١ مەفرەزەکە گەڕانەوە، بەڵام بەفرێکی زۆر چیاو کوێستانەکانی تەنیبوو، ڕێگای هامووشۆ ئاسان نەبوو، ڕێگا سەخت و هەڵدێرو بەستەڵەک بوو نەیاندەتوانی بە کوێستانەکاندا بڕۆن، ناچار دەبوو ڕێگەیەکیتر بدۆزنەوە کە بەفری کەمتر بێت، یان ڕەشایی دەرکەوتبێ، لە ڕێگا لە گەڵ مەفرەزەکەی

عوسمان حەمە کاکی کە هاتبوونە بێترخێ یەکیان گرتەوە، هەر دوو تێکەڵ بە یەک بوون و یەک ڕێگەیان هەڵبژارد ڕێگەی «لۆتەر» عوسمانی حەمە کاکی پێیوتن من لە گەڵ (غەریب هەڵەدنی)دا چەند جارێک لێرەوە هاتووم شوێنێکی گونجاوو ئەمینە.

ڕێچکەیان بەست و کەوتنە ڕێ، بە ناوچەی سەرتەنگ و لبانە و دۆڵە گۆم دا بەرەو کەلێنی لۆتەر هەنگاوەکانیان خێرا کرد، لۆتەر بەرزاییەکانی پشتی مەرگەو خواروی ئاوەژێ بوو ناوچەکە بەفر گرتبووی، هەر چوار دەوریشی ڕەبییەو و مەقەڕ فەوج و بارەگا بوو.

پێشمەرگەکان ڕۆیشتنە کەلێنەکەوە تا بەرەو دیوی لۆتەر یەک یەک هەڤاڵان بەڕێبکەن، تەها جوبلاغی و ڕزگار یاخیانی، هێمن ئاوەژێی، تالیب، کاروان، بەڕێکران، زرار و صالح و مامە سالەی سێدەر لەو دیو کەلێنی لۆتەر مابوونەوە.

ئەو پێشمەرگانەی بەڕێکران بۆ ئەو دیوی لۆتەر کەوتنە بەر دەسترێژی گوللەی ڕەبیەکانی پشت سەریان و لێیاندرا، تەقەیەکی زۆرو بەردەوام و بێشومار دەستیپێکرد، چاویان لە لولەی تفەنگەکانی ڕەبیەکە بوو گڕی دەهاویشت، پێشمەرگەکان پشتیان بە تەبارو ڕەوەزی بن ڕەبییەکەوە نابوو، بە جۆرێک فیشەکی بی کەی سی و کلاشینکۆف بە نزمییەکی زۆر کەم بە سەر سەریاندا دەڕۆیشت و ویزەیان دەکرد، بە نارنجۆک لێیان دەدان.

ئەو پێشمەرگانەی لە بن ڕەبییەکە خۆیان حەشاردابوو، بۆ ماوەیەک بێدەنگ و جوڵە بوون، تا ڕەبییەکە وابزانن کوژراون، لە دوورەوە دەنگی سەربازە کوردەکانی ناو ڕەبیەکە دەهاتە گوێ دەیانووت هەموویان کوژراون، تا قەناعەت بە سەربازە عەرەبەکان بکەن، چیتر تەقە نەکەن، ناڕاستەوخۆش پەیامێک بوو بۆ پێشمەرگەکان.

شەوێکی ساردوو تاریک و ئەنگوستە چاو بوو، چاو لە چاو نەدەکەوت، دنیا مات و خامۆش، بێدەنگییەکی ترسناک ناوچەکەی داپۆشیبوو، دوای کاتژمێرێک بێدەنگبوون لە بن ڕەوەزو تەباری ڕەبییەکاندا، بۆ دەرباز بوون لەو بۆسەیە بە خێراییەکی زۆر ڕایان کرد، دووبارە درانەوە بەر دەسرێژی گوللە و لە گەڵ ڕاکردندا عوسمان سێدەری قاچی لە کۆڵە پشتەکەی ڕزگار گیر بوو، کە هەڵیگرتەوە هەمووی

خوێن بوو، ڕزگاریش کەمێک خواروتر کەوتبوو بریندار بوو.

عوسمان سێدەری باوەشی بە ڕزگاردا کردوو سەرەو خوار ڕایکێشا، لە «کاوێک»دا گیر بوون و گیرسانەوە، ڕەوەزێکی سەخت و هەڵدێر و یاخی و تەبارێکی کەم و کەم دەست بوو، عوسمان سێدەری دەستی بە دارەبەنێکی کوورتە بنە «بنەوشەیەک» گرتوو گیرسانەوە، ئەگەر ئەو تەبارو دارە بەنە نەبوایە، سەر بەرەو خوار ڕەوەزێکی هەڵدێرو هەزار بە هەزار بوو، لە نێو ئەو ڕەوەزەدا گیریان خواردبوو، عوسمان سێدەری ڕزگاری لە باوەش گرتبوو، شەوێکی ساردوو بەفرێکی زۆر ئەو چیاو دەربەندەی پۆشیبوو، تەقە بەردەوام بوو، دەسڕێژی گوللە ڕێگەی جووڵەو ڕۆیشتن و دەربازبوونی بڕیبوو، عوسمان سێدەری زۆر هەوڵیدا بەڵام نەیتوانی ڕزگار بجوڵێنێ، بۆ دەرباز بوونی ڕزگار پێویستی بە کەسیتر هەبوو، چونکە دەرباز بوون بە مەسافەیەکی کورت و ترسناکدا جووڵەی خێراو تێپەڕینی خێراو ڕاکردنی گورجی دەویست تا بگەیتە ژێر ئەو ڕەوەزەی گوللە نەیدەگرتەوەو لە بۆسەکە ڕزگار دەبوویت، چ جای برینداریشت بە کۆڵەوە بێت کە زۆر قورس و ئەستەمە.

ڕزگار چونکە بریندار بوو قاچی شل ببوو دەبووایە کەسێک هاوکاریت بکات و قاچی بگرێت تا لەو ڕەوەزو «کاوە» دا دەربازیبێت و دایگرنە خوارەوە بەڵام کەس هاوکاری نەکردن.

هەر چەند برینەکەی قورس و بە ئێش و ئازار بوو، هەر چەند شەوێکی ساردوو کزەبایەکی تیژو بڕندەی هەبوو، بەڵام ڕزگار دەمی لە گۆ نەکەوتبوو، هێشتا لە قسە نەکەوتبوو چەند جارێک بە عوسمان سێدەری ووت، من شەهید دەبم بڕۆ جێم بهێڵە با تۆش شەهید نەبیت.

عوسمان سێدەری سێ جار ڕزگاری دا بە کۆڵیدا تا لەو ڕەوەزو بۆسەیە ڕزگاری بکات، ڕزگار شل دەبوو بە کۆڵیەوە دەهاتە خوارەوە، شوێن ڕەوەزەکە شوێنێکی تەنگبوو دەرفەتی جووڵەی کەمبوو، هەر چۆنبێت شوێن برینەکەی ڕزگاری پێچا،

تەقە بێپسانەوە بـەردەوام بوو، هەوڵدان بۆ دەربازکردنی ڕزگار تا ٤ی بەیانی خایاند بەڵام بێ ئەنجامبوو.

شەوێکی مانگەشەو، ئاسمانێکی ساماڵ، بەفری تا ئەژنۆ کەوتوو لە نێو ڕەوەزو چیادا، ویزەو سەرتیغی ساردی سەرما لە ویزەی گوللە تیژترو بڕندەتر بوو، سەرما و دەسڕێژی گوللە پێکەوە دەهاتن، کزەبایەکی سەربەفری کەلێنی لۆتەر گەلە گورگیشی دەتەزاند چ جای مرۆڤ، ڕزگار بە ئاستەم توانای قسەکردنی مابوو بە ئاستەم قسەی بۆ دەکرا، دەبوایە گوێ بەریتە نزیک دەمی تا لە قسەکانی تێبگەیت.

ڕزگار بۆ دواجار بە عوسمان سێدەری ووت جێمبهێڵەو بڕۆ تازە من شەهید دەبم با تۆش شەهید نەبیت.

ڕزگار بە دەم دوا هەناسەوە خەیاڵ بردییەوە دوا دیداری دایکی لە پیرەمەگرون، وشە بە وشەی ئەو شەوەی دایکی لە گوێیدا دەزرنگانەوە، دوا نیگاو دوا باوەش و دوا چرپەو دوا ماچی دایکی جوانترین وێنەو خەیاڵی پێش گیان سپاردنی بوون، یادەوەری هاوڕێکانی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی و پارتیزانی، دایک و باوک و خوشک و براو کەسوکاری وەکو شریتی فیلمێکی ڕابردوو یەک بە یەک دەهاتنە پێش چاو.

قەناسەکەی ڕزگار لە شوێنی بریندار بوونەکەی بە جێمابوو، عوسمان سێدەری قەناسەکەی هەڵگرتەوە، دووربین و تاقمەکەی لێکردەوە، هەرچی پێناسی پێشمەرگانە بوو لە گیرفانی دەریهێنا، بە ڕزگاری ووت من دەڕۆم و بە جێت دێڵم بەیانی کە هاتنە سەرت بڵێ قاچاخچیم و تەقەیان لێکردووم، من پێناسەکانم دەرهێناوە تا نەتناسن، دوا قسەی ڕزگار ئەوە بوو نەخێر هەر دەڵێم پێشمەرگە بووم، ئیتر ئەوە دوا قسەو دوا ماڵاوایی بوو، عوسمان سێدەری ناوچەوانی ڕزگاری ماچکردوو باوەشی پیادا کرد، ئیتر ئەوە دوا دیدارو ماڵاوایی بوو بە دڵێکی پڕ لە کەسەرو داخەوە ڕزگاری جێهێشت و ڕۆیشت، جێهێشتنێک هەرگیز لە بیر ناچێتەوە، برینێک هەرگیز ساڕێژ نابێت و چۆڕەی خوێنێک هەرگیز ناوەستێ و قەتماغە ناگرێ.

ئێستاش دەنگی دەسڕێژی گوللەی ئەو شەوە شریخەی دێ، ئێستەش برینەکەی ڕزگار خوێنی لێدێ، ئێستەش دوا چرپە و دوا قسەو دوا هەناسەی ڕزگار لەو

کێوانە دەگاتە گوێ، ئێستاش هەموو مانگی یەکێ، لە نێو ڕنووە بەفری ئەوێ، گوڵێکی سوور دەپشکوێت و هەرچی بەفری ئەو چیایەیە سوور دەبێ، تا ئێستاکەش لۆتەر بۆنی هەناسەی ڕزگارو دوا ڕوانینی ئەوی لێدێ.

عوسمان کاکی و ڕەسوڵ هەڵەدنی کاتژمێر ١١ی شەو ڕزگاریان بوو، بۆ ڕزگار بوون لەو بۆسەیە دەبوایە بۆ ٧٠–٨٠ مەتر بە بەردەم ئەو ڕەبییەدا ڕاکەیت، دیوی بنەوەی ڕەبییەکە ڕەوەزێک بوو، بکەوتیتایە بن ڕەوەزەکە گوللە نەیدەگرتیتەوەو ڕزگارت دەبوو، عوسمان کاکی و ڕەسوڵ هەڵەدنی ڕایانکرد تا دەرچن لە بۆسەکەو بگەنە ژێر ڕەوەزەکە، دەنگی سەربازە کوردەکان دەهاتە گوێ دەیانووت ئەوەشیان ڕزگاری بوو، سەربازە کوردەکانی ناو ڕەبییەکە دەیانوویست ناڕاستەوخۆ بە پێشمەرگەکان بڵێن ئەگەر ئەو ماوە کورتە ببڕن ڕزگارتان دەبێت، وەکو بەرچاو ڕوونیەک بۆ ئەوانەی لە بن ڕەوەزی ڕەبییەکەدا ماوون.

کاتژمێر ٤ی بەیانی ٢٧\٢٨/١/١٩٩١ بوو عوسمان سێدەری ڕزگاری جێهێشت، کۆڵە پشتەکەی و قەناسەکەی ڕزگارو کلاشینکۆفێکی پێبوو، لە هەوڵی دەرباز بووندا بوو.

بە سێ قۆناغ ڕایکردوو ڕۆیشت، هەر قۆناغە تا دەگەیشتە بن بەردێک، ڕەوەزێک تەبارێک، دەسڕێژی گوللەی لە سەر بوو، ماوەیەک دەمایەوە لە بن ڕەوەزو بەردێکدا تا سەربازەکانی ڕەبییەکە بگەنە ئەو قەناعەتەی کوژراوە، دەنگی سەربازە کوردەکان دەهاتە گوێ دەیانووت بووەتە هەزار پارچەوە، دوا قۆناغ ڕایکردوو ڕزگاری بوو لە جاسووسی تفەنگەکانی ڕەبییەکە، دووبارە سەربازە کوردەکە هاتەوە دەنگ و وتی ئەویش ڕزگارییوو.

دنیا بەرەو ڕووناک بوونەوە دەچوو، کەوتبووە شوێنێک، خوارەوەی لۆتەر فەوجی لێبوو، بن شاخەکە سریەی لێبوو، چنارنەو کانی توو مەقەڕ سریەی لێبوو، سەرکەڵکی کانی توو کوڕکوڕ ڕەبییەی لێبوو ڕۆیشتە سەرجادەی چنارنێ و ئاوەژێ، چووە شاخی چل بزنەو لە ڕکە شاخێکدا خۆی حەشاردا، تا بزانێ ڕزگار چی بەسەر دێ، شاخی چل بزنە ڕووەو ئەو ڕەبیە بوو کە ڕزگاری لێجێمابوو.

ئیسعافێکی جێبی میک زەمینی سەرکەوتە سەر ڕەبییەکە ڕزگاریان بە پشتی وڵاغ هێنایە خوار بۆ مقەڕ سریەکە لەوێشەوە خستیانە ئیسعافەوە بەرەو لیوایان برد.

دوای دڵنیا بوون لە لاشەی بەجێماوی ڕزگار، عوسمان سێدەری بەرەو خورخورەو یاخیان بەڕێکەوت شەوو ڕۆژێک بێ نان و ئاوو برسێتی مایەوە، ڕەزەکانی هەوارە بەرزە ترێی پێوەمابوو ترێیەکی زۆری خوارد تا گڕو تینی بۆ بگەڕێتەوە، ناو کۆڵەپشتەکەشی نانە وردەی تیامابوو، بەڵام ئاگری پێنەبوو تا ئاگر بکاتەوە، هەموو گیانی خوێن و تەڕی بوو، خوێنی شەهید ڕزگارو تەڕو تووشی ئەو چیایە.

لە هەوارە بەرزە ڕەتبوو کەسێکی بەدیکرد، دەشەلی، جارجارەش ئاوڕی دەدایەوەو سەیری ئەملاولای خۆیدەکرد، بە دووربین سەرنجی لێداو هاوارێکی لێکرد، خەریکە بوو ڕاکات بەڵام دەشەلی توانای ڕاکردنی نەبوو کە لێینزیک بوەوە مامە سالەی سێدەر بوو، یەکێک لەو سێ کەسەی لەودیوو کەلێنی لۆتەر مابوونەوەو دابڕابوون.

کە تەقە دەستیپێکردبوو مامە سالە بە شاخی چنارنەدا سەرکەوتبوو کوێستانێکی سەخت و یاخیبوو زیاتر لە مەترێک بەفری لێکەوتبوو، بە ناو ئەو بەفرە باڵا مەترییەدا هاتبوو، لە ڕەوەزەکانی ئەو کوێستانە هەڵدێرابوو، قاچەکانی ڕەش ببوون، بە چنارنەدا هاتبووە هەوارە بەرزە بەرەو ئەشکەوتی قوڵکەی یاخیان دەڕۆیشت، لە گەڵ عوسمان سێدەری یەکیانگرتوو بەرەو ئەشکەوتی قوڵلەی یاخیان بەڕێکەوتن.

٢٩ ڕۆژ بوو ئەشکەوتی یاخیانیان جێهێشتبوو، کە چوونە ناو ئەشکەوتەکە کەسیان ئاگریان پێنەبوو، خۆیان لەشیان تەڕ بوو ئەشکەوتەکەش ساردوو سڕ بوو، ناچار خۆڵی ناو قوڵکەکەی ئەشکەوتەکەیان هەڵدایەوە ئاگردان و جێگە ئاگری پێشوو بوو، بەڵکو پشکۆیەک لە ژێر خۆڵە مێشەکەدا مابێ و گڕوتینێکی تیا بێت هەرواش دەرچوو، لە ژێر خۆڵەمێشەکەوە چەند پشکۆیەکی تیامابوو، پشکۆکانیان گەشاندەوەو وردە گەڵایان خستە سەرو ئاگری گرت، دواتر دارو چیلکە و چەوێڵی

ناو ئەشکەوتەکەیان خستە سەرو ئاگرێکی گەورەو خۆشیان کردەوەو خۆیان وشک کردەوە.

بۆ بەیانی کە ڕۆژهەڵات بۆ سۆراغی برادەرەکانی تریان بەرەو یاخیان ڕۆیشتن، لە پڕ دەنگێکی دوور هاتە گوێ، کە هاتنە پێش عوسمان کاکی و ڕەسوڵ هەڵەدنی بوون، لە گەڵ فەریق هەڵەدنی و هەڤاڵەکانیشی لە دۆڵی بەهاراوی ئەو دیوی یاخیان یەکیانگرتەوە، مامە سالە وتی زرارو ساڵح بەرەو سەرتەنگ و دۆڵە گۆم گەڕانەوە، دڵنیام شەهید نەبوون، دوای پشودان و نانخواردن گەڕانەوە ئەشکەوتی یاخیان.

دەمەو ئێوارە بوو دەنگی تەقەی پێ دەهاتە گوێ، زرارو صاڵح بوون، بە ئاسۆس و بنگردا خۆیان گەیاندبوەوە شارستێن، دواتر بەرەو ئەشکەوتەکەی یاخیان هاتبوونەوە.

پێش ئەوەی مەفرەزەکان بەرەو لۆتەر بەڕێبکەون تەگبیریان کردبوو ئەگەر هەر دابڕان و لێک ترازانێک ڕوویدا لەم دیو لە ئەشکەوتی یاخیان، لەودیو ئەشکەوتی بێترخێ یەکبگرنەوە، ئەوەی بێ هەواڵ مابوەوە، مامۆستا هێمن چنارنەیی، تالیب چالاوایی، تەها جوبلاغی بوون، زۆر سۆراغیان کردن، بە دوای هەواڵێکیاندا وێڵ بوون، هەر یەکە هەواڵێکی پێدەدان، هەندێک دەیانووت شەهید بوون، لە ئۆردوگای پیرەمەگرون بۆیان گەڕان، سەرکردایەتیان ئاگادار کردەوە، ڕێکخستنەکانی شاریان تێگەیاند، ١٠ ڕۆژی بەردەوام بەدوایاندا وێڵبوون.

## ئەشـــــکەوتی کـــــوێرەکانی

عوسمان سێدەری، ئاکۆ سوور، شوان موغاغی، فەریق هەڵەدنی، بەختیار، ئاواتە ڕەش، بەکر، بەرەو بێترخێ بەڕێکەوتن بۆ هەواڵ و سۆراغی ئەو سێ پێشمەرگەیەی لە لۆتەر دابڕابوون بە نێو بەفرو ڕنوو سەرمادا ڕێگەیان بڕی، شەوەکەی لە ئەشکەوتی کوێرەکانی لایان داو ئاگریان کردەوە.

بەکر یەکێک لە پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە شارەزایی لە شوێن پێهەڵگرتنی سیخوڕدا هەبوو، وتی ئەم ئەشکەوتە سیخوڕی تیایە شوێن پێکانیان دیارە، بەکر دەمووچاوی جوان پێچا تا تیری سیخوڕەکەی بەرنەکەوێت، چونکە سیخوڕ تیری

تیژی هەڵگرتوە بۆ پارێزگاری کردن لە خۆی دەیهاوێت، چووە کونە سیخوڕەکەوەو دانەیەکی دەرپەڕاند، پێشمەرگەکانی دیکەش کونی ئەشکەوتەکەیان لێ گرتبوو هەر کە دەرپەڕی کوشتیان ئەو شەوە تا توانیان گۆشتی سیخوڕیان خوارد، ئەوەی مایەوە ڕۆژیی دوایی خستیانە ناو بەفرەوەو دایانپۆشی، هێشتا کونە ئەشکەوتەکە سیخوڕێکی تری تیا مابوو.

بۆ بەیانی بەرەو دووکانیان و بێترخێ و کانی گوێز بەڕێکەوتن، لە دوورەوە مەسافەی کۆمەڵە خەڵکێکیان هاتە بەرچاو، ڕێچکەیان بەستووەو دێنە خوارێ، بە دووربین سەیریانکرد بۆیان ساغ نەبووەوە جاشن یان پێشمەرگە، بۆیان دامەزران و خۆیان لە بۆسە نا، وردە وردە نزیک بوونەوە کۆڵەپشتیان پێبوو دیار بوو پێشمەرگەن، کە نزیکتر بوونەوە بە دووربین سەیریانکرد هەندێکیان لێناسین، کە لە یەکتر ئاشکرا بوون تەهایان لە گەڵ بوو کاک بێستون سابوراوایی و خاڵە کەریم سێکانیانی و ژمارەیەک پێشمەرگە بوون، بە فەرمانی کاک نەوشیروان هاتبوونە خوارێ، پەیامی سەرکردایەتیان پێبوو بۆ ڕاپەڕین، کاک بێستون لە لایەن کاک نەوشیروانەوە ڕاسپێردرا بوو لە گەڵ مەفرەزەکان کۆبێتەوەو لە جفرەو ڕیزبەندی نوێ ئاگاداریان بکاتەوە، لە دۆڵی کوێرەکانی یەکیانگرتەوە، بێستون سابوراوایی و مەفرەزەکەی لە بێترخێ تەهاو هێمن و تالیبیان بینیبوو هێمن و تاڵیب بریندار بوون ڕەوانەی ئێرانیان کردبوون بۆ چارەسەر، تەهایان لە گەڵ خۆیان هێنابوو لە دۆڵی کوێرەکانی لە گەڵ عوسمان سێدەری و هاوڕێکانی یەکیانگرتەوە.

هێواش هێواش ڕۆژ هەڵدەکشا و بەرەو لاوازی دەچوو، وەرزێکی سەخت و بەفرێکی زۆر ناوچەکەی داپۆشیبوو تازە دەرفەتی ئەوە نەبوو بەرەو پیرەمەگرون بڕۆن، بۆیە بڕیاریاندا لە هەمان ئەشکەوتی شەوی ڕابردوو ئەشکەوتی کوێرەکانی بمێننەوە.

چوونەوە ئەشکەوتی کوێرەکانی و ئاگریان کردەوە، گۆشتی سیخوڕەکەی شەوی پێشوو مابوو ژێر بەفریان دابوو، سیخوڕەکەی تریشیان دەرپەڕاندوو کوشت کە لە ناو ئەشکەوتەکەدا بوو سەریان بڕی و لە گەڵ گۆشتەکەی شەوی ڕابردو خواردیان،

کاک بێستون و هاوڕێکانیشی تازە لە سەرکردایەتیەوە هاتبوون، خواردنی زۆریان پێبوو، ئەو شەوە زیاتر لە ٢٠ پێشمەرگە لە ناو گەرووی ئەشکەوتی کوێرەکانی بە قسەی خۆش، هەواڵ و گۆڕانکاری، قسە کردن لە سەر پرسە گەرمەکانی ڕۆژ، نەخشەو پلانی ڕاپەڕین ڕۆژیان کردەوە.

ئەو شەوە لەوێ مانەوە،بۆ بەیانی کە ڕۆژهـەڵات دەستیان کرد بە ڕۆیشتن و بەفر شکاندن، بەرەو پیرەمەگرون بەڕێکەوتن، مەفرەزەکەی عوسمان سێدەری وتیان ئێمە لێرە دەمێنینەوە، تۆڵەی شەهید ڕزگار دەکەینەوە.

## لـــە تۆڵەی شـــــەهید ڕزگاردا

کاک نەوشیروان و مەکتەبی سیاسی هێزەکانیان ئاگادار کردبووەوە چالاکی و تۆڵە کردنەوە نابێت بە شێوەی تەقە کردن و لێدان بێت، دەبێت بە شێوازی هەندەسی بێت.

مەفرەزەکە دەورەی هەندەسییان بینیبوو بۆ لوغم چاندن و هەڵگرتنەوە، لە ناو مەفرەزەکەش «زرار شارستێنی» زۆر شارەزا بوو، لە «گامۆڵ» لە نێوان کانی توو خوڕخوڕە ئەڵغامی ڤارماراو شەخسی لێبوو هەڵیانگرتەوە.

سێ ئەڵغامی دەبابە و ١٥ ئەڵغامی شەخسیان بە بارووتی گوللەی ئار بی جی درووستکرد، بارووتی گوللە (ئار بی جی) یەکانیان خستە ناو سێ قوتوی پێنج کیلۆیی، هەر قتووە سێ گوللەی هاوەنیان لە سەر دانا، دەستیانکرد بە ئەڵغام دانان، لەو شوێنەی ڕزگاری لێ بریندار بوو ئەڵغامیان دانا، ئەڵغامی دەبابەکانیشیان لە خوار مەقەڕ سریەوە دانا، ئەڵغامێکیش لە نێوان جادەی خۆڵ و قیرەکە کە بەرەو ئاوەژێ دەچێ، ئەڵغامەکانی تریش چاڵیان بۆ هەڵکەندن و دایانپۆشینەوە، دەیان خستە چاڵەکانەوەو بە خۆڵ و پووش و پەڵاش دایان دەپۆشین، ئەڵغامێکی تری دەبابەیان لە نێوان مەقەڕ فەوج و مەقەڕ سریەدانا.

دوای دانان و چاندنی تۆڕی مەحکەمی لوغمەکان بەرەو هەوارە بەرزە ڕۆیشتن کە بە سەر ئەو شوێنە دەیڕوانی ئەڵغامەکانیان لێدانابوو، چاوەڕوانی چنینەوەی دەسکەوت بوون.

یەکەم ئەڵغام بە سەربازێکدا تەقییەوە لەو شوێنەی ڕزگاری لێبریندار بوو، ئیسعافێک هات بەرەو مەقەڕ سریەکە تا سەربازە پێکراوەکە بگوازێتەوە، ئەڵغامی دەبابەکە بە ئیسعافەکەدا تەقییەوەو هەپروونیکرد، دکتۆرێک و شەش ئەفسەرو سەربازی تیابوو،(٥) یان کوژران و دوانیان قاچیان پەڕی، هەمان ئەو ئیسعافە بوو کە شەهید ڕزگاریان پێگواستەوە، ئەڵغامێکی تریش بە ئیڤایەکدا تەقیەوە ئەڵغامەکان یەک بە دوای یەک دەتەقینەوە، ڕەبیەو مەقەڕ فەوجی ناوچەکە، کەوتنە تەقە لە ناوچەکەدا.

## بــــــەرەو بێتــــــوش

ڕاپەڕین لە ئان و ساتا بوو بەتالیۆنی (١٥) ش لە بێتووش بوون، عوسمان سیدەری و عەبدوڵڵا گەناوی چوونە بێتووش و هێزەکەیان لە گەڵ خۆیاندا هێنا کە ١٥٠ کەس بوون، ڕۆژێکی ساردوو سەرما بوو باران بە خوڕ دەباری، بە ناو تۆڕی چێنراوی ئەڵغامدا بەڕێکەوتن بەڵام دەبوایە بە شارەزایی بڕۆن و پێ لە شوێن پێی یەکتر بنێن، یەک بە دوای یەک شوێن پێی یەکتریان هەڵگرت، غەریب عەسکەری ڕۆیشت، غەریب هەڵەدنی ڕۆیشت، بەکری سێوێ تێپەڕی، عوسمان سیدەری بە دوایدا، پێنجەم کەس تەها سێکانیانی بوو ئەڵغامی پیاتەقیەوەو هەر لە جێدا قاچێکی لە دەستدا و لایەکیشی کەوتە سەر ئەڵغامی دەبابە، تەهایان گەڕاندەوە بەرەو بێتووش لەوێشەوە بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران.

بۆ ڕۆژی دوایی بەڕێکەوتنەوە، یەکەم ڕەبییەی کەلێنی لۆتەریانگرت، ئەو ڕەبییەی ڕزگار یاخیانی لێ شەهید بوو جل و بەرگی سووتاوی دوو سەرباز بە لێواری ڕێگاکەوە دیار بوون کە لوغمی چێنراوی پێشمەرگەیان پیادا تەقیبووەوە، ئەو لوغمانەی لە تۆڵەی شەهید ڕزگاردا چاندیان و لەوێوە بەرەو فەوجەکەی لۆتەر بەڕێکەوتن و گرتیان دواتریش بنگرد پاککرایەوە، دوای پاکردنەوەی ئەو ناوچانە دووکان و پیرەمەگرونیش ئازاد کران.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٨ هێزەکەی پیرەمەگرون و دووکان یەکیانگرتەوە.

## مـــــــەفرەزەی فـــــــەریق هـــــەڵەدنی شەش

لە گەڕانەوەی یەکەم مەفرەزەی پیرەمەگرون بەرەو ئێران لە سەر ئاوی سەفرە، یانزەهەمین کەس کە یانزەیەمینی ئەو مەفرەزەیە بوو ڕێچکەی بەستبوو بۆ پەڕینەوە، هەنگاوی یانزەمین لوغمی پیادا تەقییەوە کە ئەویش فەریق هەڵەدنی بوو.

فەریق گەیەندرایە ئێران و چارەسەری پێویستی بۆ کرا، قولە پێی بەر لوغم کەوت، دوای ماوەیەک تەقەڵەکانیان بۆ دەرهێنا و هەنگاوەکانی ئاسایی بوونەوە، هێواش هێواش برینەکەی سارێژ بوو.

هەر شەش مانگێک بوو دوای بریندار بوونی کاتێک کاک نەوشیروان ناردی بە دوایدا تا مەفرەزەیەکی بۆ پێکبهێنێ و عوسمان گێچێنەیی لە شاخی پیرەمەگرون ئاڵوگۆڕ بکات، کاک نەوشیروان پێیوت برینەکەت سارێژ بووە، دەتوانی مەفرەزەیەک بە ویستی خۆت هەڵبژێری و بڕۆیتە خوارەوە، فەریق وتی بەڵێ برینەکەم چاک بووە، من پێشمەرگەی ئەم شۆڕشەم، بۆ کوێ بمنێرن ئامادەم.

مەفرەزەکەی فەریق هەڵەدنی پێکهات، فەریق خۆی پێشمەرگەکانی هەڵبژارد، حەمە خدر گاپیلۆنی، ئەنوەر یاخسەمەری، تۆفیق، تەها یاخسەمەری، تۆفیق هەڵەدنی، صلاحی حەمە سوور، فەریق هەڵەدنی فەرماندەی مەفرەزە.

لە مانگی ١٩٩٠/٣ دا مەفرەزەکە هاتنە قاسمە ڕەش، لەوێ دەورەیەکی چەند مانگییان بینی، کەوتنە مانگی «٥» تێکڕای ئامادەکارییەکان بۆ مەفرەزەکە کرا، پێداویستیەکانی بۆ دابینکرا، هەر لە کۆڵەپشت و دووربین و جهازو چەک و ئازوقەو پارەی پێویست.

مانگی ٨ی ١٩٩٠ مەفرەزەکە هاتە دۆڵی جافەتی و مەفرەزەکەی عوسمان گێچینەیی ئاڵوگۆڕکراو گەڕانەوە ئێران.

غەریب هەڵەدنی خاوەنی تەجرووبەیەکی سەرکەوتووی پارتیزانی بوو، قاڵبووی بۆتەی خەباتی پێشمەرگانە بوو ڕێنمایی وردی فەریق هەڵەدنی کرد، کەچی بکات و چۆن بکات و چۆن ئاگای لە دۆست و دوژمن بێت.

## بـــــارەگای گـــــەورەدێ، کانی پـــەڵك

مەفرەزەکەی فەریق هەڵەدنی هاتنە دۆڵی جافایەتی بارەگایان لە (گەورەدێ) لە کانی پەڵک درووستکرد بۆ حەوانەوەی مەفرەزەکە، ئازوقەیەکی زۆریان لە ئێرانەوە لە گەڵ خۆیان هێنابووە بێترخێ، لەوێشەوە بۆ گەورەدێ، ئازوقەکەیان لە چەند بەرمیلێکدا جێگە کردەوەو سەریان داپۆشی.

دوای جێگربوونی مەفرەزەکە لە گەڕەدێ فەریق هەڵەدنی لە گەڵ دوو پێشمەرگە بەرەو چیای پیرەمەگرون بەڕێکەوتن، لەوێشەوە بۆ ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون بە مەبەستی بینینی ڕێکخستنەکان و دۆست و هاوکاری مەفرەزە پارتیزانەکان.

دوای داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە، ئەرکی مەفرەزەکان قورستر بوو، بەرنامەو پلانی ڕاپەڕین، هەنگاوی گرنگی ناو گۆڕانکاری لە بەرنامەو پلانی مەفرەزەکاندا کرا، پەیوەندی بە فەوجەکانەوە کرا بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین و کەسایەتیە کاریگەرو کۆمەڵایەتیەکان ڕێکخران و لە بەرنامەی ڕاپەڕین ئاگادار کرانەوە، ڕێکخستنەکان لە شانەی چەکداریدا ڕێکخران، مەفرەزەکەی فەریق هەڵەدنی لە ئۆردوگای پیرەمەگرون بەردەوام لە جووڵەو پەیوەندی دابوون بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین.

## فـــــواد قـــــەرەچەتانی

لە ئەنفالە بەدناوەکاندا ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە لە هەڤاڵەکانیان دابڕان، یەکێک لەو کادیرو پێشمەرگە دێرینانە فواد قەرەچەتانی بوو کە بە اختفا لە شاری سلێمانی گیرسابوەوە، عەودالّی سەرەداوی مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بوو تا خۆیان بگەیەنێتێ.

ئەنوەر قەرەچەتانی ڕێکخستن و هاوکاری مەفرەزە پارتیزانەکان بوو، خزمی فواد قەرەچەتانی بوو، فەریق هەڵەدنی زۆر شەو لە ئۆردوگای پیرەمەگرون دەچووە ماڵیان.

ئەنوەر قەرەچەتانی لە سلێمانی فواد قەرەچەتانی دیبوو فواد پێیوتبوو پێشمەرگە دێتە لاتان لە پیرەمەگرون، ئەنوەریش ووتبووی بەڵێ مەفرەزەیەک دێتە لامان فەرماندەکەیان ناوی شەماڵە (فەریق ناوی نهێنی شەماڵ بوو) فوادیش ووتبووی قسەیان لە گەڵ بکە دەمەوێ بگەڕێمەوە لایان.

ژوان دانراو فواد هاتە پیرەمەگرون و فەریق هەڵەدنی بینیوو تێکەڵ بە مەفرەزەکە بوو، فواد قەرەچەتانی کادێری دێرین و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی بە هاوڕێکانی شادبووەوەو گەڕایەوە کۆڕی خەبات.

مەفرەزە پارتیزانەکان لە ناوچەکەدا زیادو فراوان بوون بوونە چەند مەفرەزەیەک، تا لە ڕاپەڕین نزیک دەبوونەوە ژمارەیان زیادی دەکردو تەشکیلەی نوێ کرا.

## هـــاتنی بێســـتون سابووراوایی/ تەشـــکیلەی نـــوێ

لە گەڵ نزیکبوونەوە لە ڕۆژەکانی ڕاپەڕین، مەفرەزەکان لە زیادبووندا بوون، تا لە مەفرەزەی پیرەمەگرونەوە بوونە چەند مەفرەزەیەک و ناوی لێنرا «ڕستی سورداش».

دوای فراوانبوونی چالاکی پێشمەرگانەو گەورە بوونی بازنەی جمووجۆڵەکانی هێزی پێشمەرگە، تەشکیلەی نوێ کراو بەتالیۆنەکان درووست بوون بۆ سنووری دۆڵی جافەتی و پیرەمەگرون و سورداش و دووکان، بەتالیۆنێک پێکهات.

غەریب عەسکەری، فەرماندەی بەتالیۆن، غەریب هەڵەدنی، جێگری فەرماندەی بەتالیۆن بێستوون سابووراوایی، ڕێبەری سیاسی بەتالیۆن.

بێستون سابوراوایی لە گەڵ هێزێکدا بەرەو دۆڵی جافەتی و سنووری پیرەمەگرون هاتە خوار، نامەی بەتالیۆنی گەیاندە فەرماندەی مەفرەزەکان تیپەکانی ١٥١، ١٥٢، ١٥٣ تەشکیل کران و مەفرەزەکان بە سەر تیپەکاندا دابەشکران پێشمەرگەکانیش بە سەر مەفرەزەکاندا.

مەفرەزەکەی فەریق هەڵەدنی کە لە گەورەدێ بوو حەوت پێشمەرگەیان بۆ نارد، چەند پێشمەرگەیەکیش کە دەمێک بوو لە خوارەوە بوون، پشوویان پێدرا تا بگەڕێنەوە لای ماڵ و مناڵیان بۆ شارەکانی ئێران، مەفرەزەکەی فەریق هەڵەدنی فراوان بوو هەر بۆیە خانوویەکی تریان درووستکرد.

دوای کۆبوونەوە لە گەڵ مەفرەزەکانی ناوچەکە بێستوون سابووراوایی بەرەو پیرەمەگرون بەڕێکەوت.

لە تێکڕای هێزەکە یەک (بی کەی سی) یان لابو ئەویش کەوتە لای مەفرەزەکەی فەریق هەڵەدنی هەر مەفرەزەیە و برووسکەی خۆی لابوو، برووسکەی مەفرەزەکەی فەریق هەڵەدنی ئەوەبوو، (بەلاڵوکە گەورەکە بێننەوە، هەنارەکان بشارنەوە) بەلاڵوکە گەورەکە مەبەست لە (بی کەی سی) بوو، هەنارەکان بشارنەوە، مەبەست لە ئازوقەکە بوو کە بیشارنەوە.

بە ماوەیەکی کەم دوای ڕۆیشتنی بێستوون سابووراوایی فەریق هەڵەدنی، نامیق یاخسەمەری، خالید سێوکانی، ئەنوەر یاخسەمەری، بەرەو چیای پیرەمەگرون بەڕێکەوتن، بۆ دارشتنی بەرنامەی ڕاپەڕین.

مەفرەزەیەک لە دۆڵی جافەتی و لە بنکەی گەورەدێ مایەوە بە فەرماندەیی حمە سنگری، دواجار فەریق هەڵەدنی و هەڤاڵەکانی لە پیرەمەگرون بەشداری ڕاپەڕینیان کرد حمە سنگری و مەفرەزەکەی لە قۆڵی سلێمانی، مەفرەزە پارتیزانەکان بەرنامەی ڕاپەڕینیان پێبوو.

## مەفرەزەی فەریق هەڵەدنی

| | |
|---|---|
| ١/ فەریق ئەحمەد حەمە ئەحمەد | فەریق هەڵەدنی |
| ٢/ ئەنوەر عوسمان محەمەد | ئەنوەر یاخسەمەری |
| ٣/ نامیق محەمەد عەلی | نامیق یاخسەمەری |
| ٤/ صدیق ئەحمەد خالید | صدیق یاخسەمەری |
| ٥/ تەها عوسمان محەمەد | تەها یاخسەمەری |
| ٦/ عوسمان مەحمود عەزیز | عوسمان هەڵەدنی |
| ٧/ تۆفیق محەمەد قادر | تۆفیق هەڵەدنی |
| ٨/ صلاح محەمەد حەسەن | صلاح سەرگەڵویی |
| ٩/ حەمە خدر ئەحمەد مەحمود | حەمە خدر گاپیلۆنی |
| ١٠/ فواد محەمەد عەبدوڵڵا | فواد قەرەچەتانی |

## مـــــەفرەزەی مـــحەمەد ســـــنگری حـــەوت

دوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سنوورەکان و سەر لە نوێ خۆرێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سەرکردایەتی «ی ن ک» هێزی تایبەتی درووست کرد، بۆ تێکڕای ناوچەکانی کوردستان، گەرمیان، کەرکوک، هەولێر، پیرەمەگرون، شارباژێڕ، چەمچەماڵ و ناوچەکانی دیکە مەفرەزەی پارتیزانی درووستکردوو ڕەوانەی ناوچەکانی کردنەوە.

پێش دابەزاندنی مەفرەزە پارتیزانەکان، چەند مەفرەزەیەک بۆ پشکنین و تاقیکردنەوەی ڕێگەو کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر مۆڵگەو ڕەبیەو هێزەکانی داگیر کەر هاتبوونە خوارەوە، دوای گەڕان و پشکنینی ورد زانیاریەکانیان گەیاندەوە سەرکردایەتی و بەرچاو ڕوونیان دایە سەرکردایەتی یەکێتی و بە تایبەت کاک نەوشیروان.

مەفرەزە پارتیزانەکان لە دەورەیەکی ٤٥ ڕۆژی دا کە لە (زەڵێ) سازدرا، بە وردی لە سەر چۆنیەتی خۆپاراستن و ژیانی پارتیزانی و دانان و هەڵگرتنەوەی لوغم بە شێوەی هەندەسی ڕاهێنانیان کردوو وانەی نەزەری و عەمەلیان وەرگرت، دواتر ڕەوانەی ناوچەکان کران.

مەفرەزەکەی حەمە سنگری پێش ئەوەی بێنە سنووری دۆڵی جافەتی، ئەرکێکی گرنگ و هەستیاریان پێسپێردرا، لە سنووری مەرزی (بێدەلان) کە لە سنووری عێراق بوو، ڕاستەوخۆ کاک عبدالرزاق سەرپەرشتی دەکردن، دوای تەواو بوونی ئەرکەکانیان لە سەر سنوور، وەکو مەفرەزەی پارتیزانی دۆڵێ هاتنە ڕەتڵی سورداش.

مەفرەزەکە پێکهاتبوو لە محمد سنگری فەرماندەی مەفرەزە، بەکر گەورەدێیی، هیوا، شەوکەت کانی مێوی، ئەحمەد کوێخا ساڵح باڵخی، بورهان، هاوڕێ نوری، وەستا ساڵح، مام بەکر گاپیلۆنی.

مەفرەزەکەی حمە سنگری پێشتر پەیوەندیان لە گەڵ حمە دەمین گەورە دێی و کاک ساڵح سنگری و عوسمان سنگری درووستکردبوو، دوای هاتنە خوارەوەیان بۆ دۆڵی جافایەتی پەیوەندی و دیدارو چاوپێکەوتنەکان فراوانتر بوون.

دوای تەواوبوونی ئەرکەکانیان لە سنووری بێدەلان و ڕانیە مەفرەزەکە بەرەو دۆڵی جافەتی بەڕێکەوت پێشتریش چەند جارێک و بۆ ماوەی چەند مانگێک مەفرەزەکەی حمە سنگری هاتبوونە خوارەوە بۆ ناوچەکە بەڵام بە جێگیری نەبوو، دواجار لە کۆتایی مانگی ١٢ی ١٩٩٠دا بە یەکجاری هاتنە خوارەوەو مەفرەزەکەی فەریق هەڵەدنیان گۆڕی، بارەگاکانیان لە گەورە دێ لە دۆڵی زیندانان و بناری چیای گۆجاڕ دانا، لە سنگرو مێولاکە تا لێوارەکانی سلێمانی جەولەیان دەکرد.

هاوینی ساڵی ١٩٩٠ خواردەمەنییەکی زۆریان پەڕاندبووەوە بۆ بەری بێترخێ و لە گەڵ خۆشیاندا ئازوقەی تریان هێنابوو بە جۆرێک تا چوار مانگیش دوای ڕاپەڕین بەشی مەفرەزەکەی دەکرد.

ڕۆژ بە ڕۆژ ڕاپەڕین نزیک دەبوەوە، عێراق کوێتی داگیرکردبوو، هاوپەیمانان هەڕەشەی لێدانی سوپای عێراقیان دەکرد ئەگەر لە کوەیت نەکشێتەوە، ڕژێمی عێراق توانای بە سەر ناوچە کوردیەکان لاواز بوو، جەماوەر سازوو ئامادەی ڕاپەڕین بوو، مەفرەزە پارتیزانەکان لە پەیوەندی بەردەوامدا بوون لە گەڵ خەڵکیدا.

مەفرەزەکەی محمد سنگری پەیوەندیەکانی لە ڕێگەی صاڵح سنگری و حمەدەمین گەورەدێی و عوسمان سنگری فراوانتر کردبوو لە گەڵ ئەو پێشمەرگە دابڕاوانەی لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان بوون تا سەر لە نوێ ڕێکیان بخەنەوەو سازو ئامادەیان بکەن بۆ ڕاپەڕین.

صاڵح سنگری لە ئۆردوگای بازیان ڕاسپێردرا بو بۆ پەیوەندی کردن بە پێشمەرگەو خەڵکەوە کە ڕاستەوخۆ بەسترابوەوە بە مەفرەزەکەی حمە سنگریەوە.

حمەدەمین گەورەدێی و عوسمان سنگریش بۆ پەیوەندی لە گەڵ پێشمەرگە دابڕاوەکانی شارباژێرو جافەتی لە ناو شاری سلێمانی و بە تایبەت گەڕەکی کارێزە وشک.

دواجار لە ڕزگارکردنی سلێمانی پیرەمەگرون- دووکان- بازیان دا، تێکڕای مەفرەزە پارتیزانەکان و هێڵەکانی ڕێکخستنی شارەکان یەکیان گرتەوەو لە کەرکوکدا تاجی سەرکەوتنیان لە سەرنا.

## مەفرەزەی حەمە سنگری

| | |
|---|---|
| ١/ محەمەد ئیسماعیل محەمەد | حەمە سنگری فەرماندەی مەفرەزە |
| ٢/ ئەبوبەکر مەحمود ئەمین | مام بەکر گەورەدێی |
| ٣/ شەوکەت خدر حەمە ئەمین | شەوکەت کانی مێوی |
| ٤/ عومەر ئەحمەد سەعید | |
| ٥/ بورهان عبدالرحمن مەجید | |
| ٦/ ئەحمەد صالّح عەبدوڵلا | ئەحمەد باڵخی |
| ٧/ ئەبوبەکر محەمەد صالّح | گاپیلۆنی |
| ٨/ صالّح محەمەد صالّح | وەستا صالّحی گاپیلۆن |

## مـــــــــەفرەزەی بێستوون ســـــابووراوایی هەشـــت

هاوشانی مـەفرەزەکـەی دۆڵـەبـی پیرەمـەگرون چەند جارێکیش بێستوون سابووراوایی هاتۆتە خوارەوەو لە گەڵ هەڤاڵەکانی چەند مانگێک مانەوە لە چیای پیرەمەگرون لە تەنگەی دۆڵەبی پشتی گوندی بیران.

جاری یەکەم لە مانگی ٣ی ساڵی ١٩٩٠دا لە گەڵ مەفرەزەیەکدا هاتە خوارەوەو چەند مانگێک مایەوە، لەو ماوەیەدا ڕۆڵی دیاری بینی لە بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی سەرکردایەتی بە ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە، لە گەیاندنی ڕاسپاردەو ڕێنماییەکانی سەرکردایەتی بۆ ڕێکخستنەکانی ناو شارو ئۆردوگای پیرەمەگرون و گەیاندنی نامەو پۆستەکانی ڕێکخستنەکانیش بۆ سەرکردایەتی، هەروەک پتەوکردنی پەیوەندیەکانی پێشمەرگەو جەماوەرو ڕێکخستنی خەڵکی ئۆردوگاکان و درووستکردنی هاوکارانی مەفرەزە پارتیزانەکان.

جـاری دووەم لە مانگی ٧ی ساڵی ١٩٩٠دا هاتە خـوارەوەو هەمان کارو ئەرکی بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی سەرکردایەتی و جەماوەرو سەرکردایەتی و ڕێکخستنەکانی گەشە پێداو چەند مانگێکیتر لە ناوچەکە مایەوە، پەیوەندی بەهێزی لە گەڵ خەڵکی ناوچەکەدا درووستکرد بازنەی هاوکارانی مەفرەزە پارتیزانەکان لە سەر دەستی کاک بێستون فراوانتر بوو.

١٠بۆ ١٥ کەس لە هاوکارانی پارتیزانەکان ڕێکخرابوون و چالاک و چابووک بوون، محمد سێوکانی و مام هێمن و هیوا سوورداشی ڕەئوف دووکانی و قادر فەقێ و ئەمین سابوراوایی و عەلی سوور بەشێک لەو هاوکارانە بوون، کە ڕەسوڵ تەلانی پێشەنگ و سەرمەشقیان بوو.

یەکەم مەفرەزەی پارتیزان بە سەرپەرشتی غەریب هەڵەدنی لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ ١٩٨٩ دا لە سنووری پیرەمەگرون مابوونەوە، لە سەر کانی دۆڵەبی لە سەر چیای پیرەمەگرون کەپرێکیان بە نایلۆن درووستکرد لە پشتی دێی بیران کە تا ئێستەش ئاوی دۆڵەبی سەرچاوەی دابین کردنی ئاوی دێی بیرانەو لەو سەرچاوەیە ئاو دەخۆنەوە.

ئەو شوێنە لاچەپەک و لە بەر چاوان وون بوو، شوێنی شک و گومان نەبوو بۆ پارتیزانەکان شوێنێکی مەحکەم بوو، بێستوون سابووراوایی لە گەڵ کاک غەریب دا بە یەکەوە جاری یەکەم هاتنە خوارەوە بۆ پەیدا کردنی ئازوقەو پێداویستی و بینینی خەڵک و ڕێکخستن و هێڵەکانی پەیوەندی، شەوانە دەچوونە خوارەوە بۆ پیرەمەگرون، لە گەڵ ئەوەی چوار دەوری پیرەمەگرون بە جاش و ڕەبیە تەوق درا بوو.

جاری یەکەمی هاتنە خوارەوەی بێستوون سابووراوایی پەیوەندیان لە گەڵ چەند هاوکارێکی پارتیزان درووستکرد کە غەریب هەڵەدنی پەیوەندیەکانی درووستکردبوو بێستوون سابووراوایی زیاتر پەیوەندیەکانی لە گەڵ قادر فەقێ ئەمین سابووراوایی بوو.

مەفرەزەکەی بێستوون سابووراوایی زیاتر پەیوەندیان بە خەڵکەوە دەکرد، شەوانە دەچوونە ماڵەکانی پیرەمەگرون، لە حەوشەوە سەردەکەوتن، دەچوونە ژوور دادەنیشتن، خۆیان پێدەناساندن و قسەیان بۆ دەکردن، بەرنامەو پلانی شۆڕشیان بۆ سەردەم و بارودۆخی دوای ئەنفال بۆ ڕوون دەکردنەوە هیوایان پێدەبەخشین، ئومێدیان دەکردەوە بە بەری خەڵکدا، زۆر جار ئەو ماڵانەی دەچوون لە لایەن هاوکاری پارتیزانەکانەوە بۆیان دیاریدەکرا.

هەندێک جار ئەو ماڵانەی دەچوونە لایان وایاندەزانی چەکداری حکومەتن، سەرەتا دەیانووت برسیمانە نانمان بدەنێ دواتر کە لە دەم و دووی خاوەن ماڵ دەگەیشتن و دڵنیا دەبوون لێیان خۆیان پێدەناساندن و قسەیان بۆ دەکردن.

زۆر جار لە گەڵ جاشەکانی پیرەمەگرون لوتیان بە یەکا دەتەقی سڵاویان لە یەکتر دەکرد، هەندێک جار جاشەکان لێیان دەپرسین ئێوە چ فەوجێکن ئەمانیش ناوی فەوجێکیان دەوت چونکە ناوی فەوج و ڕەبییە و لێپرسراوەکانیان دەزانین، شارەزای تێکڕای ناوچەکە بوون، زانیاری وردیان لە سەر فەوج و سەرەک جاش و چەکدارەکانی ڕژێم لە ناوچەکە هەبوو.

هەر جارێک دەچوونە خوارەوە بۆ ناو پیرەمەگرون مەفرەزەیەکی ٤-٥ کەسی بوون، خۆیان دەشت و ڕیشیان دەتاشی، جلەکانیان ئووتوو دەکرد، شەوانە

جلەکانیان دەخستە ژێر ڕاخەرەکانیانەوەو بە سەریدا دەخەوتن، بۆ بەیانی دەقیان دەگرت و وەکو ئوتووکراویان لێدەهات، بە پاک و خاوێنی و سەرو سیمای شاریەوە دەهاتنە ناو پیرەمەگرون تا خەڵک نەزانێت پێشمەرگەن.

چەند جارێک چوونە ناو ڕەبییەی جاشەکان و لە گەڵیان دادەنیشتن، پەیامی شۆڕشیان پێدەگەیاندن، داوای هاوکاری و هاوهەڵوێستیان لێدەکردن بۆ ڕۆژی ڕزگاری و ڕاپەڕین، پەیوەندیان لە گەڵ خەڵکی نوێ دەکردەوە، خەڵکیان وریا دەکردەوەو هیوایان پێدەبەخشین.

جاری دووەم کە هاتنە خوارەوە بێستوون سابووراوایی و حەیدەر حاجی تانی و ئەنوەر تەلانی، مەفرەزەکەی ئاکۆ سووریان لە گەڵ خۆیاندا هێنا بوو تەسلیمی کاک غەریبیان کرد، لەوێشەوە بەرەو سنوورەکانی کەرکوک دابەزین، ئەمجارەش چەند مانگێک بێستوون سابووراوایی مایەوە، جیهازێکی ڕاکاڵیان پێبوو بۆ پەیوەندیەکانی مەفرەزەکە بە سەرەوە.

## بـــادان

بادان کاری ڕۆژانەی مەفرەزەکەی پیرەمەگرون بوو بە سەرەو هەر یەکە بە جۆرو شێوازی خۆی بایدەدا.

جیهازە ڕاکاڵەکە هندلی هەبوو دەبوایە ڕۆژانە بۆ پەیوەندی کردن بە سەرەوە بایدەن، جا هەر پێشمەرگەیە بە جۆرێک بایدەدا، هەبوو لە گەڵ بادانەکەدا بە گاڵتەوە خۆشی با دەدا، هەبوو بە گۆرانییەوە بایدەدا، ئیتر دەبوایە بای دەی، بای نادەم نەبوو.

چەند پۆستەرو بەریدێکی ناو شار هەبوو، کاک نەوشیروان داوای کرد بێستوون سابووراوایی بۆی بەرێتە سەرەوە بۆ سەرکردایەتی، هەندێک بڵاوکراوەو کتێبێکی حزبی بەعس کە نەهێنی بوو ئاڕاستەی ئەندامانی حزبی بەعسی کردبوو لە گەڵ چەردەیەک پۆست و نامەی چوکلێتی گەیاندە کاک نەوشیروان.

بۆ جاری سێیەم کە هاتە خوارەوە بۆ جێبەجێکردنی نەخشەو پلانی ڕاپەڕین بوو، نەقیب خەلیل دۆسکی بەرنامەی سەربازی بۆ ڕاپەڕین دانابوو، بە عەرەبی

نووسیبووی، لە سەر داوای کاک نەوشیروان بێستوون سابووراوایی کردی بە کوردی.

بە سەرپەرشتی کاک نەوشیروان کۆبونەوەیەک ئەنجامدرا تا سەرپەرشتیاری ڕاپەڕین لە ناوچەکان دابنێن، ناوچەی دۆڵی جافەتی و دووکانیش لەو بەرنامەیەدا بوو، سەرەتا هەر یەک لە عبدالکریم حاجی و غەریب هەڵەدنی لە بەرنامەدا بوون بکرێنە سەرپەرشتیاری ڕاپەڕین.

دواتر بەرنامەکە گۆڕا، غەریب هەڵەدنی لە کۆبوونەوەکە بە بێستوون سابووراوایی ووتبوو، تۆ بچۆرە خوارەوە با ئەو شەرەفە بەر تۆ بکەوێت.

مەفرەزەیەکی ٣٠ کەسی بەسەرپەرشتی بێستوون سابووراوایی هاتنە خوارەوە، یەکەم شوێن کە پێیگەیشتن دۆڵی بەهاراوو دۆڵەبی بوو، لە گەڵ مەفرەزەکەی عوسمان سێدەری یەکیانگرتەوە، کۆبوونەوەیان بە هێزەکان کرد، ناوی نەهێنی و جفرەیان بۆ دانان، وشەی هەنارەکان بۆ چەک و تفەنگ دانرا، وشەی شایی بۆ ڕاپەڕین، هەر کاتێک ئیزگە جفرەیەکی دەخوێندەوە دەیانزانی چیبکەن و لە گەڵ کێیانە، هەمانکات مەفرەزەکەی فەریق هەڵەدنیش بەسەرکرانەوە.

١٩٩١/٢/٨ بەڕێکەوتن، پەیوەندیان بە جاش و کەسایەتیەکانی ناوچەکەوە کرد، لە گەڵ بنکەی پیرەمەگرونیش کۆبوونەوە، بەرنامەو پلانی ڕاپەڕینیان دانا، تا کۆتایی مانگی ٢ هەموو شەوێک دەچوونە پیرەمەگرون، کاکە حەمەی مامە ڕەزا هاوکاریان بوو بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشەکان، بەڵێنیان بە پیاوانی ڕژێمدا هاوکاریانبن، لە بەرانبەردا سەرووماڵیان پارێزراوە.

هەر لەو ماوەیەدا لە بناری چیای پیرەمەگرون فیرارەکانیان کۆکردەوەو کردیانن بە چەند مەفرەزەیەکەوە، لە (٦)ی مانگەوە ئامادە بوون.

لە شەوی ٣/٧ پیرەمەگرون ئازاد کرا بەڵام ٣/٨ بووە ڕۆژی ڕەسمی، فەوجەکان ڕێکخرا بوون، کە پیرەمەگرون ڕزگار کرا دووکان قفڵ بوو.

## مـــەفرەزەی پـــارتیزانی تـــیپی (43) ی ئـــاسۆس عـــوسمان شـــارستێنی ـ زاهیر ســـێدەری نۆ

یەکێک لەو مەفرەزانەی تری (ی ن ک) کە ماوەی دوو مانگ بە پارتیزانی لە چیای پیرەمەگرون و تەنگی بێترخێ و دۆڵی جافەتی مانەوە، فەرماندەی تیپی (٤٣) ی ئاسۆس و ژمارەیەک پێشمەرگە بوون، کە پێکهاتبوون لە:

١- عوسمان شارستێنی

٢- زاهیر عەلی (زاهیر سێدەری)

٣- محەمەد دووکانی

٤- حەسەن بنگردی

٥- مەحموود ناسراو بە خولە شین

٦- کەمال مەرگەیی

٧- سیامەند

٨- مامە قالە

ئەم مەفرەزەیە ماوەی دوو مانگ لە ناوچەکە مانەوە لە نێو ئەشکەوت و پەناو پەسێری ناوچەکە دەژیان.

# پـــــارتیزانەکانـــی کـــــــۆیە
# (ســـــێ)

## مـــــەفرەزەی کـــــۆیە
## یــــەك

بارەگای تیپی ٩٣ی کۆیە لە سکتان بوو، پێش چۆڵکردنی دۆڵی هیران، نازەنین، سماقولی ١٠ پێشمەرگەی تیپی ٩٣ی کۆیە هاتنە ئاقاری دێیەکانی کۆیە.

سەرەتای جوولانی مەفرەزەکە چوونە خەلەکان، تەقەمەنی و داوودەرمانیان پێبوو لە ناوچەکە شاردیانەوە لە شێخ مەنصوریان چوونە ماڵی کاک ساڵح ئاگاداریانکرد سبەینێ بێتە شێخ قەلا تا وڵاخەکانیان بۆ بەرێتەوە سکتان، ئەو شەوە مامۆستا زیرەک لە سەر کەڵەکە بەردێک مار پێوەیدا، کە چوونە ماڵی کاک ساڵح مامۆستا زیرەک پێڵاوەکانی داناو سەیری قاچیکرد، وتی برادەران شتێک پێوەیداوم، هاوڕێکانی دەیانزانی مار پێوەیداوە ووتیان هیچنییە، کە چوونەوە لای برادەرانیان لە بناری حاجی قەلا بەرانبەر شێخ مەنسووریان مامۆستا زیرەک نەیدەتوانی بە باشی ڕێبکات بە هاوڕێکانی ووت ئێوە بڕۆن، تاقموو تفەنگیان لە مامۆستا زیرەک وەرگرت و ڕۆیشتن مامۆستا زیرەکیش دارێکی بەدەستەوە بوو وردە وردە بە دوایاندا ڕۆیشت.

چوونە ناو باخەکانی حاجی قەلا، پێشمەرگەکان دەیانزانی مامۆستا زیرەک مار پێوەیداوە ووتیان بابتنێرینەوە شاخ، مامۆستا زیرەک وتی ناچم ووتیان تەسلیمت دەکەینەوە، مامۆستا زیرەک وتی دەبێ لە گەڵ ئێوە بمرم.

پێشمەرگەکان دێیەکانی سوێرەڵەو پیبازۆک و سورەقەلا گەڕان، خواردنی بەجێماوی دێیەکانیان کۆدەکردەوە، بەشێکی زۆر لە خواردەمەنی دێهاتەکان کەوتبووە ژێر دارو پەردووی خانووە ڕووخاوەکان، خواردن و ئازوقەیەکی زۆریان کۆکردەوە، برنج و ڕۆن و ئاردو پێداویستیەکانیان لە ناو پەناو پەسێری دێیەکاندا شاردەوە، ئەو ئاژەڵ و گوێدرێژانەی بەجێمابوون دەیانگرتنەوە، بەشێک لە ئاردو برنج و ڕۆن و کەلووپەلەکانیان بردە بناری کۆسرەت و لەوێ شاردیانەوە، لە دەشتی کۆیەش، لە سورەقەلاو ناسراغا شوێنیان دیاریکردوو خواردنیان لێشاردەوە.

لەو ماوەیەدا لە ١٩٨٨/٩/٨ ڕژێمی عێراق لێبووردنی گشتی دەرکرد، مامۆستا زیرەک و مەلا دلشاد تەگبیریان کرد مەفرەزەکە ببنە دوو بەش، مامۆستا زیرەک

و صباح و ئەسوەدو کازم و لەتیف بوونە مەفرەزەیەک، مەلا دڵشادو جەوادو جەوهەرو ئەردەڵانیش بوونە مەفرەزەیەک.

مامۆستا زیرەک و هاوڕێکانی چوونە دۆڵی خەلەکان و شێخ خاجی، مەلا دڵشادو هاوڕێکانی لە کانی ڕەش و دەم زێ بوون.

مەفرەزەکەی دۆڵی خەلەکان زۆر برسیبوون هاتنە (کاولان) هەندێک گۆشتیان لە ناو ئاوەکەدا شاردبوەوە گەڕان بیدۆزنەوە، بەڵام نەمابوو، لە دەورووبەریان جێگەی ئاگر دیار بوو، زانیان پێشمەرگە هاتوونە ئەوێ و گۆشتەکەیان خواردووە، دوو گۆلک لەو سنوورە مابوون دێهاتییەکان نەیانتوانیبوو لە گەڵ خۆیان بیانبەن، بەجێمابوون، پێشمەرگەکان یەکێک لە گۆلکەکانیان گرت و سەریانبڕی و کردیانە قاورمە، گۆلکەکە سیری زۆر خواردبوو، گۆشتەکەی بۆنی سیری لێدەهات.

دوای شەڕی کونە کۆتر برادەرانی تیپی ٩٣ی کۆیە بە فەرماندەیی جەعفەر حەمە دەروێش هاتنە ناوچەی میر سەید و دەشتی کۆیە، لە گەڵ پێشمەرگەکانی دەشتی کۆیە یەکیانگرتەوە، بوونە سی و چوار پێشمەرگە لە ناسراغا کۆبوونەوەیەکیان کرد، داوایان لە بەشێک لە پێشمەرگەکان کرد تەسلیم ببنەوە، چونکە سی و چوار پێشمەرگە نەیاندەتوانی لە دەشتی کۆیە بمێننەوە.

تێکڕای هێزەکە مانەوە نۆزدە پێشمەرگە ئەوانیش بە سەر سێ مەفرەزەدا دابەش بوون، مەفرەزەیەک مامۆستا زیرەک، سەباحی بەکر مەلا، ئازاد حەمید، وشیار حاجی قەڵایی، کازم سلیمان، مەفرەزەیەکیتر جەعفەر حەمە دەروێش، ئەبو زەید، کاوە گجیل، قاسم حەمە گچکەل و چەند پێشمەرگەیەکیتر، مەفرەزەی سێیەم مەلا دڵشاد، خەلیل چاو ڕەش، هاوڕێ، ئەردەڵان، حەسۆ نەسرەدین، خالید حاجی مەلا، هەر مەفرەزەیە چوونە ناوچەیەک مەفرەزەکان بە دەشتی کۆیەدا دەگەڕان.

مەلا دڵشاد و هاوڕێکانی لە میرسەید لە گەڵ جاشدا ڕووبەڕووبوون، بەڵام زیرەکانە خۆیان ڕزگار کرد دوای ماوەیەک خۆیان کۆکردەوەو گەڕانەوە سەرکردایەتی، ئەو پێشمەرگانەی لە دەشتی کۆیە مابوونەوە چوونەوە بناری کۆسرەت، کاکەمین کەڵکە سماقی، بەکر کەڵکە سماقی، بەختیار کڵاو سۆرانی، ڕێبین

سەعید گردجانی چوار پێشمەرگە لە بناری کۆسرەت بوون.

پارتیزانەکانی دەشتی کۆیە مابوونەوە سیانزە پێشمەرگە گەڕانەوە بناری کۆسرەت لە گەڵ ئەو چوار پێشمەرگەیە یەکیان گرت، لە پشتی دێی شوشکە لە حەوزی گەورەی بناری کۆسرەت ژوورێکیان دروستکرد، زستانێکی سەخت بوو بەفرێکی ئەستوور باریبوو، کانیاوەکان بەفر داپۆشیبوون، ئاوی کانیاوەکانی بناری کۆسرەت بەستبووی ببووە شەختە، پێشمەرگەکان بەفریان دەتواندەوە بۆ خواردنەوەو چێشت و چا لێنان بەکاریان دەهێنا، مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی لە سەر کانی شەهیدان بوون لە بناری کۆسرەت پەیوەندیان لە گەڵ مەفرەزەکانی یەکێتی هەبوو، شوێن شاردنەوەی فیشەک و خواردەمەنی و حەشارگەکانی یەکتریان دەزانی، متمانەی تەواو لە نێوانیاندا هەبوو، لە هەر ڕووداوو گۆڕانکارییەک یەکتریان ئاگادار دەکردەوەو ڕاوێژیان دەکرد.

پێشمەرگە پارتیزانەکانی بناری کۆسرەت، لە کڵاو سوران و قەسرۆک خواردنیان پەیدا دەکرد، لە ناوچەی بیتوێن دۆست و هاوکاری زۆریان هەبوو، مەلا خدر بۆلی، حارس بۆلی، برایم کەلکانی، مەحمودی حەمە ڕوونی کەڵکە سماق، هاوکاری مەفرەزەکەی بناری کۆسرەت بوون، پێشمەرگەکان دەچوونەماڵیان بۆ چوارقوڕنە پشوویاندەدا، لە کاتی پێویستدا لە ڕەبییەکانیان دەمانەوە[٢٣].

لە ڕێکخستنەکانی ناو شار هەواڵ گەیشتە مەفرەزەکەی بناری کۆسرەت، ئاگاداری خۆتان بن (قاسماغا) بە نیازە پەلامارتان بدات ئاگاداری جمووجۆڵی ئێوەیە، لەو کاتەدا پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی تەسلیم ببوەوە، مەفرەزەکەی یەکێتی بارودۆخەکەیان بۆ ڕوون کردنەوەو ووتیان ئێمە بناری کۆسرەت جێدێڵین، برادەرەکەی ئێوە تەسلیم بووەتەوە هەواڵ هەیە لە ماڵی (قاسماغا) یە برادەرانی حزبی شیوعی ووتیان نەخێر لە عەربەت تەسلیم بووەتەوە، پێشمەرگەکانی یەکێتی پێیان ووتن ئێمە ئێرە جێدەهێڵین ئەوەی لە سەر شانی ئێمەیە ئاگادارمانکردنەوە.

دوای ماوەیەک (قاسماغا) چووە سەر مەفرەزەکەی حزبی شیوعی دوو

٢٣ ئەو بەڕێزانە چەکداری ڕژێم بوون لە دەوروبەری چوارقوڕنە ڕەبیەیان هەبوو، بەڵام سەر بە ڕێکخستنەکان بوون، کاریان لە گەڵ پێشمەرگە دەکرد

پێشمەرگەی شەهید کردن، پێشمەرگەیەکیان بە دیلگرت، شەهیدەکانیان هێنایە دووکان، مەفرەزەکەی یەکێتی چوونە چوارقوڕنە، لە ماڵی مەلا خدر و حاجی بابۆڵی و لە ڕەبییەکانی دەورووبەری چوارقوڕنە مانەوە، ئەبو زێدو مامۆستا زیرەک لە چوار قوڕنە بوون گەڕان و پشکنینی ماڵەکان دەستپێکرد بەڵام ڕزگاریانبوو.

ئەو ماوەیە پێشمەرگەکان لە چوارقوڕنە مانەوە، بە جاش و پیاوی ڕژێم خۆیان دەناساند، لە یەکێک لەو ماڵانەی لێیدەمانەوە ژنێک بەتانی و پێخەفی چڵکنی بۆ بردبوون پێیبخەون، مامۆستا زیرەک بە ژنەکەی ووتبوو بۆچی ئەو پێخەفە چڵکنانەمان بۆ دەهێنی، ژنەکەش ووتبووی من خزمەتی جاشم پێناکرێت، مامۆستا زیرەک خۆی ئاشکرا بوو کە پێشمەرگەیە، ئیتر ژنەکە خزمەتی باشیکردبوون.

## لە نـــــێوان قــــــوزلو خـــــەرابە

مەفرەزەکەی دەشتی هەولێر بەردەوام لە جووڵەو گەڕاندا بوون بناری کۆسرەت و دەشتی کۆیە، ببووە هەوارو حەشارگەی پێشمەرگە پارتیزانەکان.

لە نێوان قوزلوو کانی بی شوێنێکیان دۆزیـەوە برنج و ئاردی لێبوو، دوو کەروێشکیان کوشت و خستیانە سەر ئاگر، هەواڵیان پێگەیشت لە کانی بی جاشی لێیە، پێشمەرگەکان هەویریان شێلابوو بۆ ناو ساجی درووستکردن، ناچار جێیانهێشت و ڕۆیشتن، گەیشتنە نێوان جادەی قوزلو خەرابە قامیشەڵانێکی چڕ بوو، لە ناو قامیشەڵانەکە و دەورووبەری قامیشەڵانەکە پووش و پەڵاش بوو جاشەکان سووتاندیان، ئاگر تەشەنەیکرد گەیشتە نزیک قامیشەڵانەکە، پێشمەرگەکان ئاگر بڕیانکرد نەیانهێشت قامیشەڵانەکە بسووتێ، دوای سوتاندنی پووش و پەڵاشی دەم قامیشەڵانەکە جاشەکان گەڕانەوە پێشمەرگەکانیش گەیشتنەوە سەر تەشتە هەویرەکە، جاشەکان چووبوونە سەری، پێشمەرگەکان دوو دڵ بوون لەوەی هەویرەکە بکەنە ناو ساجی و بیخۆن چونکە دەترسان ژەهـراوی کرابێ، بۆیە بڕیاریاندا هەویرەکە بکەنە ناوساجی دوو کەس تاقی بکەنەوەو بیخۆن ئەگەر هیچ ڕووینەدا دواتر هەموویان بیخۆن، دوای ئەوەی دوو پێشمەرگە خواردیان، تێکڕا دەستیان کرد بە ناوساجی خواردن.

سەید حیکمەت و دوو پێشمەرگە بە هەمان شێوە جاش چووبووە سەریان بەڵام ڕزگاریان بوو، زۆر جار جاشەکان دەیانزانی لە ناو قامیشەڵان و پووش و پەڵاشدا پێشمەرگە خۆی حەشار داوە بەڵام چاویان دەپۆشی وەکو پێشمەرگەکان دەڵێن نانی ئەوانیش لە هەبوونی پێشمەرگەدا بوو دەنا حکومەت بەرەڵڵای دەکردن، جگە لەو دەستە بژێرەی چەکداری ڕژێم بوون و سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی بوون، دڵسۆزانە پشت و پەناو هاوکاری پێشمەرگە بوون.

دوای مانەوەی نزیک بە ساڵێک لە دەشتی کۆیە و بناری کۆسرەت گەڕانەوە قەندیل، لە لیوژێ و ئینزێ چوونە بارەگای حزبی دیموکرات، پێشمەرگەیەکیان لە گەڵ ناردن، کاتژمێر یەکی شەو بەڕێکەوتن، شەوو ڕۆژێک لە ناو بەفردا مانەوە، مامۆستا زیرەک لە سەر بەفر خزا بەڵام خۆی گرتەوە لەوێوە بەڕێکەوتن بۆ شێخ ئایش، لەوێشەوە بۆ بادیناوێ، لەوێشەوە بۆ مەکتەبی سیاسی.

## گـــــەڕانەوە بـــۆ ڕاپـــــەڕین

لە (زەڵێ)وە هاتنە دەشتی کۆیە، لە گەڵ مەفرەزەکانی دەشتی هەولێر لە بیتوینەوە هاتنە دۆڵی خەلەکان لەوێوە مەفرەزەکان دابەشبوون، هەر مەفرەزەیە بۆ سنووری خۆی، مەفرەزەکەی کۆیە هاتنە ناوچەکانی بیتوێن- کۆیە، کە تێکڕا (١٠) پێشمەرگە بوون.

١- مامۆستا باپیر لێپرسراو
٢- ئاشتی سابیر میرە
٣- کامەران ئەحمەد
٤- سەباح بەکر مەلا
٥- فریاد قەسرۆکی
٦- محەمەد هەڵدێر
٧- مامۆستا زیرەک
٨- بورهان شەوگێڕی
٩- شێرکۆ حەسەن

١٠- دلزار عەلی حەمە ڕەش

پێشمەرگەکانی کۆیە نامەی سەرکردایەتییان پێبوو گەیاندیانە دەستی ئەو کەسانەی لە سەرکردایەتییەوە دیاریکرابوون و نامەیان بۆ نووسرابوو لە مستەشارو پیاوانی ڕژێم و کەسایەتییە ناسراوەکانی کۆیە.

پەیوەندیان بە پێشمەرگە دابڕاوەکانەوە کرد ڕێکیان خستنەوە، ئامادەیان کردن بۆ ڕاپەڕین لە ناو شاری کۆیەدا شانەی چەکدارەکانی برووسک لە پێشمەرگە دێرینە دابڕاوەکان درووست کرابوون، مامۆستا وریا مەلا ساڵح، سەفین عومەر، ئەسوەد حاجی مەلا، نامیق حاجی مەلا، مامۆستا لادێیی ئیبراهیم، هەژار مەغدید، فایەق عومەر، کاوە گجیل، عەلی قادر جەرجیس، کۆچەر عەبدوڵڵا، موشیر جیهاز، وشیار حاجی قەڵایی، کاوە محەمەد و ژمارەیەکی دیکە هەوێن و لێپرسراوی شانە چەکدارەکانی برووسک بوون.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ مەفرەزەکە لە دێی کلاوسوران بوون لە بناری چیای کۆسرەت، شەو هاتنە قەمتەران، جیهازی ڕاکاڵیان پێبوو، لای مام قادر تیمارۆکی لە دەواجنێک دایاننابوو، لەوێوە پەیوەندیان لە گەڵ سەرکردایەتی دەکرد، لە گەڵ ڕزگارکردنی ڕانیەو چوارقوڕنەدا.

لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ بەرەو ڕانیە ڕۆیشتن لە دەروازەی ڕانیە تووشی کاک کۆسرەت بوون بە فەرمانی کاک کۆسرەت بەرەو کۆیە بەڕێکەوتن لە قەمتەران لە گەڵ کاک ڕەهبەری سەید برایم یەکیانگرتەوە بە دوو قۆڵ چوونە ناو کۆیە.

قۆڵی حەمامۆک بە فەرماندەیی کاک ڕەهبەر سەید برایم، قۆڵی ئازادی بە فەرماندەیی مامۆستا بەکر، ڕەتڵەکەی کاک ڕەهبەر چوونە ناو حەمامۆک، بە سەر ناو شاری کۆیەدا دابەشبوون، ڕەتڵەکەی مامۆستا بەکریش گەیشتنە کۆیە لە گەڵ شانە چەکدارەکان یەکیان گرتەوەو کۆیە ڕزگار بوو.

لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٩ لە ناو کۆیەو دەورووبەری پۆلێک پێشمەرگەو شانەی چەکدار شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

١- جەوهەر ناسکە
٢- ئەحمەد عوسمان حەسەن
٣- فەیسەڵ مەجید صادق
٤- ئاسۆ خالید حەمە کەریم
٥- عومەر ساڵح پیرۆت
٦- سوارە عومەر محەمەد
٧- جاسم فەرمان محەمەد
٨- نازم ساڵح شوان
٩- ئیبراهیم حەسەن مەلا
١٠- ئاکۆ کەریم محەمەد
١١- تۆفیق حەمەد ئەحمەد
١٢- صمد حەمید کاکەلاو
١٣- کامەران حەوێز
١٤- محەمەد عەبدوڵڵا ئەمین
١٥- کاوە محەمەد ئەمین
١٦- شیروان ئیسماعیل غەفور
١٧- میرزا فەتاح مەعروف
١٨- جەنگی ئەسعەد عەبدوڵڵا
١٩- دلێر محەمەد ئەحمەد

## مـــــەفرەزەی بـــناری کۆســـرەت پـــێشمەرگەکانی بـــیتوین دوو

دوای پاشەکشەی هێزەکان بۆ سەر سنوورو بەرگرییەکی سەختی سێ مانگی لە شەڕەکانی مەڵبەندی سێ بەشێک لە هێزەکان لە شێوەی مەفرەزەی بچوکدا لە ناوچەکاندا مانەوەو چۆڵیان نەکرد پێشمەرگەکانی تیپی (٩٩) بیتوین بە دوو مەفرەزە لە بناری کۆسرەت و کێوەڕەش مانەوە.

مەفرەزەی بناری کۆسرەت پێکهاتبوون لەم تێکۆشەرانە:

- ڕەفیق محەمەد خەلەکانی
- بەکر کەڵکە سماقی
- حەمەدەمین کەڵکە سماقی
- ڕەفیق کەڵکە سماقی
- کاوە کەندەکەوەیی
- ڕێبین حاجی سەعید گردجانی
- سابیرە ڕەش
- سەعدی کەڵکە سماقی
- کەمال
- سلیمان
- عومەر گردە سوورانی
- محەمەد شینە

ئەم مەفرەزەیە لە سەر کانی مەلەکان کۆبوونەوە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٣١ پەڕینەوە بناری کۆسرەت، مەفرەزەکە دوو شوێنی مانەوەیان هەبوو شوێنی یەکەم و سەرەکی مەفرەزەکە ئەشکەوتی کانی ئەسپانێ بوو لە بناری کۆسرەت، ئەشکەوتەکە بە بناری چیای کۆسرەتەوە هەڵواسرابوو شوێنێکی سەختی یاخی بوو، سەری ئەشکەوتەکە بەرز بوو بەشی خوارەوەی سەخت و هەڵدێر بوو.

شوێنی دووەم و ناسەرەکی مەفرەزەکە لە ئەشکەوتێکی سکتان بوو، دوای ماوەیەکی کەم مەفرەزەکە مانەوە شەش کەس:

- ڕەفیق محەمەد خەلەکانی
- بەکر کەڵکە سماقی
- ڕێبین حاجی سەعید
- کاکەمین
- سابیرە ڕەش
- کاوە کەندەکەوەیی

دوژمن بە مانەوەی مەفرەزەکەی زانیبوو هەفتانە هێزەکانی دوژمن لە سەر دەریاچەکەوە بۆ دیوی خەلەکان کێوماڵیان دەکرد بە دوای پێشمەرگەکاندا دەگەڕان بەڵام شوێنی پێشمەرگەکان پەناو نادیار بوو نەدەدۆزرانەوە.

ڕۆژێک کاکەمین کەڵکە سماقی چاوی بە دووربینەکەیەوە بوو ووتی هێز هات پێشمەرگەکان سەرو کولێرەیان خستە گیرفانیانەوەو چوونە دیوی خەلەکان لەوێش دەنگە دەنگ دەهات کە ڕۆژهەڵات سەربازەکانیان بەدیکرد بەرەو گردە سووران دەڕۆیشتن.

هەندێک جار مەفرەزەکە دەچوونە ئەشکەوتەکەی سکتان و لەوێ دەمانەوە دواتر دەگەڕانەوە بناری کۆسرەت لە سکتان ڕەبییەی جاشی لێبوو خەڵکی باش بوون داڵدەی پێشمەرگەکانیان دەدا لە بناری کۆسرەتیش بە هەمان شێوە بوو، شەوێک پێشمەرگەکان لە ڕەبییەیەک بوون لە سکتان هێزێکی سەربازی بەرەو ڕەبییەکە هاتن، لێپرسراوی ڕەبییەکە بە پێشمەرگەکانی ووت مەترسن ئەگەر شتێک ڕوویدا بە ئارەزووی خۆتان بکوژن.

ملازم ئەوەلێک هاتە ڕەبییەکە ووتی کێ عەرەبی دەزانێت، بەکر کەڵکە سماقی پێشمەرگەی مەفرەزەکە بە عەرەبی قسەی لە گەڵدا کرد دوای هەواڵ پرسینی دۆخی ناوچەکە ئەفسەرەکە ووتی موخەڕیبی لێنییە بەکر ووتی نەخێر ئیتر ئەفسەرەکە ڕۆیشت.

خدر بۆڵی ئامر سریە بوو لە بناری کۆسرەت ڕەبییەی هەبوو کەسێکی کوردپەروەر بوو بەردەوام لە خەمی پێشمەرگەکان بوو لە کاتی پێویستدا دەیبردنە ڕەبییەکانی خۆیی و پەنایەدەدان.

ڕۆژێک جاش چووبوونە پەناگەکەی سکتان هەرچی خواردن و پێداویستی هەبوو بردبوویان بەڵام پێشمەرگەکان لایان گرنگ نەبوو خواردنی زۆریان لە بناری کۆسرەت شاردبووەوە.

خدر ئیبراهیم کڵاو سوورانی هاوکاری پێشمەرگەکان بوو هەر چییەکیان پێویست بوایە نامەیان بۆ خدر دەنارد ئەویش کەلوپەل و پێداویستییەکانی بۆ دەکڕین و پێشمەرگەکان دەچوون دەیانبرد، مەفرەزەکە خواردنێکی زۆریان لابوو پەناگەیەکی حزبی شیوعی لە بناری کۆسرەت بوو خواردنیان لێبڕابوو مەفرەزەکەی یەکێتی فەردەیەک لە ئاردو برنجیان بۆ ناردن.

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە دەشتی کۆیە جێگەو ڕێگەیان لێشێوابوو ئەوانیش هاتنە بناری کۆسرەت ماوەیەک لای مەفرەزەکەی بناری کۆسرەت مانەوە.

مەفرەزەکەی کۆیە پێکهاتبوون لە جەعفەر حەمە دەروێش، مامۆستا زیرەک، ئەبو زێد، قاسمە سوور، سەید حیکمەت، دکتۆر هیمداد، هتد...

دوای ماوەیەک بەختیار کڵاوسوورانی و هەمزە ساڵح لە مەفرەزەکەی عەلی وەیس هاتنە لای مەفرەزەکەی بناری کۆسرەت.

## گـــــەڕانەوەی مـــــەفرەزەکە

ڕۆژی ١٩٨٩/٣/٢٠ لەماڵی عەبدوڵڵا تەها لە گەڵ پێشمەرگەکانیتر یەکیان گرتەوە، مەلا خدری بۆلێ هات بە دوایانداو بردنییە دۆڵێ بۆ ماڵی عەبدوڵڵا تەها.

مەفرەزەکە بێتەلیان نەبوو لە ڕێگەی مەلا خدری بۆلێ ئاگادار کرانەوە بگەڕێنەوە سەرکردایەتی.

١٩٨٩/٣/٢٠ لە ماڵی عەبدوڵڵا تەها بوون لە دۆڵێ دواتر چوونە دێی مەحباب پێنج شەو لەوێ مانەوە، دواتریش چوونە بارەگای حزبی دیموکرات ١٨ شەو مانەوە شەوی ١٩٨٩/٤/٨١٧ گەیشتنە کەوگەز لە سەری قەندیل لە دۆڵی نازاوا چەند ڕۆژێک مانەوە لە دوا قوناغدا گەیشتنەوە سەرکردایەتی، لە گەڕانەوەدا ڕێبین و بەختیار مانەوە لە مەفرەزەکەی بناری کۆسرەت.

# ڕزگـــــارکردنی شـــــەقڵاوە
# مـــــەفرەزەی تەحـــسین کـــــاوانی
# سێ

لە ناوەڕاستی مانگی (٢)ی ساڵی ١٩٩١ هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕاپەڕین، مەفرەزەکانی هەولێرو ناوچەکانی سۆران و ڕەواندزو کۆیە و شەقڵاوە بەیەکەوە دابەزین و گەڕانەوە ناوچەکانیان.

لە گەڕانەوەداو دوای تێپەڕبوون بە ناو ڕەبییەو مۆڵگەکانی دوژمندا مەفرەزەکان لە یەکتری جیابوونەوە هەر ڕەتڵ و مەفرەزەیەک بەرەو ناوچەکانی خۆیان بەڕێکەوتن تا ئامادەکاری بکەن بۆ ڕاپەڕین.

مەفرەزەکەی تەحسین کاوانی لە (سەردۆڵ) لە مەفرەزەکانی هەولێر- کۆیە جیابوونەوە، دوای جیابوونەوەی مەفرەزەکەی تەحسین کاوانی لە مەفرەزەکانی هەولێر، لە دێی (بەرەکە) ئەمانیش بوونە دوو بەش، جەلال سوورکانی بە فەرماندەیی چوار پێشمەرگە لە ئەشکەوتەکانی چیای هەورێ و ڕەشەدۆڵ و پشتی بەرەکەو ئەشکەوتی (شێرکی) و پشتی کونە فلوسە و کۆدەرەو چیوە مانەوە، تەحسین کاوانی و مامۆستا فەرهادی برای بەرەو کاوانیان بەڕێکەوتن.

مەفرەزەکەی جەلال سوورکانی لە ئەشکەوتەکانی ناوچەکە مانەوە، دەچوونە دێ ڕووخاوەکان، هەندێک جاریش دەچوونە ناو شاری شەقڵاوەو لە ناو شار دەمانەوە، لەو ماوەیەدا خەڵکیان دەبینی و شانەی چەکداریان لێدرووستدەکردن.

شەفیق و سەعید لە ڕێکخستنەکانی ناو شار بوون بە ئۆتۆمبێل دەهاتنە ناو دارەکانی (سپیگرە) لە گەڵ جەلال سوورکانی و هاوڕێکانی جێژوانیان ئەوێ بوو، لەوێوە بە ناو (سەیتەرەی) ی (بانەنۆک) دا بە ئۆتۆمبیلەکەی شەفیق دەچوونە ناو شاری شەقڵاوە لە ناو شاری شەقڵاوە دەچوونە ماڵی مام سلێمان سوورکانی و حاجی عەلی گەروەتەوە خەڵکانی دڵسۆزیتر، شەوانە لەو ماڵانە دەمانەوە خەڵکیان دەبینی، چەند شانەیەکی چەکداریان لێدرووستکردن بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین، حسەینی حاجی حەسەن، شەفیق، تەحسین مەلحی، فەرهاد ئەحمەد مەلا، عەبدولڕەزاق حاجی عەلی، سەفین، لە شانە چەکدارەکانی شەقڵاوە بوون.

جەلال سوورکانی و هاوڕێکانی لە ڕێگەی (بێتەل)ەوە پەیوەندیان لە گەڵ تەحسین کاوانی بەردەوام بوو لە گۆڕانکاریەکان یەکتریان ئاگادار دەکردەوە، تەحسین کاوانی و مامۆستا فەرهاد لە کاوانیان و کۆڕێ و شەقڵاوە سەرقاڵی ڕێکخستنی خەڵک و درووستکردنی شانەی چەکدار بوون.

ئەو پێشمەرگانەی لە گەڵ جەلال سوورکانی بوون:

١- جەلال سوورکانی

٢- بەشدار حسێن عوسمان

٣- ئەسعەد عەبدوڵڵا ڕەسوڵ

٤- کاوە سەلیم حەمەد

٥- بەڵێن سلێمان قادر

لەو ماوەیەی لە دەورووبـەری شەقڵاوە مانەوە چوونە (سـەر دەربـەندان) چەند ماڵێکی لێبوو سێ کەس لە خەڵکی (سەردەربەندان) مام ساڵح و دوو کەسی دیکە هاتبوونەوە سەر موڵک و زەویەکانیان، نان و پێخۆری زۆریـان پێبوو کە پێشمەرگەکانیان بینی، نان و پێخۆرەکانیان دایە پێشمەرگە، لەو ماوەیەدا خەڵکی تریش دەهاتنە ناوچەکە بۆ سەر موڵک و ماڵیان، ئەو خەڵکانەی جێگەی متمانە بوون پێشمەرگەکان خۆیان لێئاشکرا دەکردن و قسەیان لە گەڵ دەکردن.

جـەلال سوورکانی و هاوڕێکانی، نامەی مامجەلال، کاک نەوشیروان، کاک کۆسرەتیان دەگەیاندە پیاوانی ڕژێم، کەسایەتیەکان، ئەفسەری سەربازگەکانی ناوچەکە بە تایبەت ئەو ئەفسەرانەی کورد بوون لە نێوانیاندا ملازم خۆشەوی، ماڵی عوسمان بەگ، لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە نامەکانیان دەگەیاند.

## تـــــەحسین کاوانی – مـــامۆستا فـــــەرهاد

تەحسین کاوانی فەرماندەی یەکەمی مەفرەزەکەی خۆشناوەتی و مامۆستا فەرهادی برای دوای گەیشتنیان بە سەر دۆڵ و جیابوونەوەیان لە مەفرەزەکەی هەولێر لە دێی (بەرەکە) لە جەلال سوورکانی و هاوڕێکانیان جیابوونەوەو بەرەو کاوانیان بەڕێکەوتن.

دوای جیابوونەوەی تەحسین کاوانی و مامۆستا فەرهاد لە هاوڕێکانیان شەوەکەی هاتنە دێی (کاوانیان) چوونە ماڵی جەباری ئامۆزایان ڕۆژانی دواتر نامەو ڕاسپاردەکانی مەکتەبی سیاسیان لە ڕێگەی یاسین بالیسانی و عەبدوڵڵای ئامۆزای تەحسین کاوانی گەیاندە ئەو کەسانەی دەستنیشانکرابوون.

بە گەیشتنی تەحسین کاوانی بۆ کاوانیان خەڵکێکی زۆریان لە دەور کۆبووەوە، ئەو سەربازە هەڵاتوانەی لە سنوورەکە بوون پەیوەندیان بە تەحسین کاوانیەوە کرد، مام دارا برای تەحسین کاوانی پەیوەندی پێوەکردن، مام دارا لە ساڵی ١٩٨٨ ژمارەیەک چەکی لە ناو خەیلانیان شاردبووەوە چەکەکانی هێنایەوەو مەفرەزەیەکی درووستکرد مام واحید و کوڕەکانی، وەستا فەتاح و عەبدوڵڵا و خزم و دۆستانی کاوانی پەیوەندیان بە تەحسین کاوانییەوە کرد.

تەحسین کاوانی پەیوەندی بە حاجی مەسیفی و مامۆستا جەبارو مەلا قادرەوە کرد، هاتنە ماڵی مامی تەحسین کاوانی و لەوێ کۆبوونەوەیانکرد بۆ خۆئامادە کردن بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین.

نامەکان گەیاندرانە ئەو کەسانەی جێگەی متمانە بوون، حسێن ئاغاو قادر ئاغای سوورچی و چەندین کەسایەتی دیکە نامەیان پێگەیاندن، ڕۆژانە خەڵکی کاوانیان و شەقڵاوە پەیوەندیاندەکرد بە تەحسین کاوانی، ڕۆژی ١٩٩١/٣/٩ کاک کۆسرەت و عەبدولڕەزاق و هێزێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی شەقڵاوە بوون ناردیان بە دوای تەحسین کاوانیدا، زۆربەی هێزەکان هاتنە ناو کاوانیان و لەوێ دابەشبوون.

مام جەمیل کاوانی کەم ئەندام بوو قاچێکی نەبوو بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی پێشمەرگەی دەگەیاندە ناو شارو دابەشیدەکردن.

یەکەم تەقە لە سەیتەرەی کاوانیان درا لە ناو شەقڵاوە تەقە دەستپێیکرد، پیاوەکانی دائیرەی ئەمنی شەقڵاوە هەڵاتن، بەرەو سەیتەرەی کاوانیان، لە ناو کاوانیاندا کوژران، جەلال سوورکانی و مەفرەزەکەی لە ناو شار بوون، ئەوانیش لە قۆڵی خۆیانەوە دەستیان پێکرد، ئەو ڕۆژە شەقڵاوە ڕزگار کرا.

تێکڕای مەفرەزەکە:

١- تەحسین کاوانی

٢- جەلال سوورکانی

٣- مامۆستا فەرهاد

٤- بەشدار حسێن عوسمان

٥- ئەسعەد عەبدوڵڵا ڕەسوڵ

٦- کاوە سەلیم حەمەد

٧- بەڵێن سلێمان قادر

## مـــــــــەفرەزەی عـــــــەلی وەیـــــس
## بـــــنارەی کــــێوە ڕەش
## چوار

تۆفیق کانی وەتمانی لە مەلەکان کۆبونەوەی بە تیپی (٩٩) بیتوێن کرد پێیوتن بەشێک لەگەڵ عەلی وەیس بەپارتیزانی دەمێننەوە (٣٧) پێشمەرگەی تیپی (٩٩) بیتوێن ووتیان ئێمەش دەمێنینەوە، دەمەو ئێوارە بەسەر باری خەتێدا بەڕێکەوتن بۆ لای عەلی وەیس بۆ بارەگای مەڵبەند کە گەیشتنە بارەگای مەڵبەند چۆڵبوو عەلی وەیس لەوێ نەمابوو.

پێشمەرگەکان هەندێک ورکە نانیان هەڵگرتەوە و هاتنە نێو بالیسان و خەتێ مەلا عوسمان فەرماندەیان بوو خەڵکی دەشتی کۆیە بوو، عەلی بۆسکێنی، عەبدوڵڵا چاوشین، کەمالی حاجی حەمە سوور، شەماڵ لە هێزەکە جیابوونەوە بەڕێکەوتن بۆ چیوە و چیوان دواتر حەمە بۆلیش بەدوایاندا هات لەمەلەکان بە باری خەتێدا هاتنە چیوە و چیوان بە نووسەکدا سەرکەوتن شەماڵ لە نیوەی شاخەکە لە پەلو پۆکەوت، عەلی تاقمەکەی لێوەرگرت هەر نەیتوانی بڕوات تفەنگەکەیان لێوەرگرت نەیتوانی فیشەکی ناو مەخزەنەکانیان فڕێدا هەر نەیتوانی بڕوات چۆغەو پشتێن و و پاکەت و شقارەتەی فڕێدا هەر نەیتوانی بڕوات ورکە نانی دایە دەست شەماڵ خواردی مەتارەیەک ئاویاندایە هەر نەیتوانی ناچار لەشوێنی خۆیان خەوتن چاویان چووە خەوو لەخرو خۆی لەشیان بەخەبەر هاتن هەموو لەشیان مێرووله لیێدابوو.

شەماڵ ووتی ئیستا دەتوانم بڕۆم بەسەر نوسەکدا سەرکەوتن و شۆڕبوونەوە شەکەت و ماندوو هێلاک بوون ڕەشە ترێ لەناو کەڵەکێکدا هەبوو کەمال چووە ئەودیو کەڵەکەکە ترێی هێنا چوونە (سەر دۆڵ) ترێکەیان شتەوە و خواردیان و بەڕێکەوتنەوە دوای چوار کاتژمێر ڕێگا گەیشتنە کۆتەڵێ کانییەکی لەسەر مزگەوتەکە لێبوو لە خوار مزگەوتەکە خۆیانشاردەوە، هەرەوەزی گوڵەبەڕۆژەی لێبوو هەرەوەزی ماڵی ئایشە خان بوو.

دەمەوە ئێوارە لە هەرەوەزەکە خۆیان ئاشکرا کرد شەماڵیان لەگەڵ خەڵکەکەدا ناردە قۆڵی کانیماران ئەوانەی مانەوە چوونە ماڵی ئایشە خان قەلێکی بۆ سەربڕین

دوای نانخواردن بەرەوە قەرەنیاغا بەڕێکەوتن بۆ ماڵی خاڵی عەبدوڵڵا.

عەبدوڵڵا بەناو گوڵە بەڕۆژاندا پێشیانکەوت ملی بە ڕەبییەی جاشەوەنا عەلی پشتی ملیگرت ووتی ئەوە ڕەبییەیە جاشێکی ڕەبیەکە هەستیکرد وایزانی گامێشە ووتی ئەوا گامێشەکان هاتن. کاتژمێر (١٠) شەو لە ڕووبـاری نێوان قەرەنیاغا و کانیماران پەڕینەوە عەبدوڵڵا ووتی ماڵی خاڵم لەناو قەدی دێیە. هـەرەوەزی گوڵەبەڕۆژە بوو کوروڕ و کچ تێکهالابوون تەسجیل دەیکوتا زۆربـەی دێیەکە چەکداری حکومەت بوون، پێشمەرگەکان لە تەنیشت گوڵەبەڕۆژەکان دانیشتن پەنجا مەتر لە ماڵی جاشێکەوە دوور بوون نەیانزانی دوژمنایەتییان هەیە مانگاو گامێش لە تەنیشتیان بەسترابوونەوە.

عەبدوڵڵا چووە ماڵی خاڵی و گەڕایەوە پێشمەرگەکانیتر بەرێت بەلای ماڵە جاشەکەدا گەڕایەوە جاشەکە دوایانکەوت ووتی ئێوە کێن عەلی ووتی جەماعەتی ڕەسول مونەزەمەین جاشەکە وتی نابێت پێمبڵێن من دوژمندارم، عەلی ووتی من بۆ ڕاوە فیرار هاتووم دەتەوێت بچیت پێیان بڵێیت هاتوون بتانگرن.

پێشمەرگەکان بەوجۆرە ڕزگاریانبوو ووتیان با لێرە دەربچین عەبدوڵڵا ووتی نەخێر هەردەچینە ماڵی خاڵم، چوونە ماڵی خاڵی عەبدوڵڵا و بوو بە تەقە جاشەکان ماڵ بە ماڵ دەگەڕان بە دوایاندا. لەنزیک ئەو ماڵەی پێشمەرگەکانی لێدانیشتبوون شەماڵ کاسکێتەکەی لێجێمابوو لەسەر کاسکێتەکە نووسرابوو (شەماڵ کەرتی (١) تیپی ٩٩ بیتوێن)، دوای تەواو بوونی تەقەکان پێشمەرگەکان بە شوێنی خۆیاندا گەڕانەوە ئەو ماڵەی پێشمەرگەکان خۆیان لە نزیک ماڵەکەی حەشاردابوو ووتیان هاتنەوە بەڵام قسەیان نەکرد.

کۆتایی مانگی (٨)ی ساڵی (١٩٨٨) بوو لەنێوان گردجان و و چوار قوڕنە قوناوە زەوییەک کرابوو بە گوڵە بەرۆژە زەوییەکە ئاو درابوو بەڵام پێنەگەشیتبوو لە ناو گوڵە بەڕۆژەکاندا نووستن کاتژمێر (١) ی بەیانی لە دەنگی بەرغەل بەخەبەر هاتن نانەکەی پشتی سەریانی دەخـوارد دوای بەخەبەر هاتنیان خۆیان پەنادا ئێوارە چوونە ماڵی عەبدوڵڵا لەوێوە چوونە ماڵی عەلی بۆسکێنی چەند ڕۆژێک پشوویاندا

چوونە شووشکە لەگەڵ مەفرەزەکەیتری بناری کۆسرەت یەکیانگرتەوە. یەکەم شەو کە لە مەفرەزەکەی بناری کۆسرەت دابڕان بەرەو کڵاو سوران و بیتوێن هاتنەوە کۆپتەر هاتە سەریان و بوو بە تەقە، هێزێکی پارتی (٢٠٠) کەس بوون هاتبوونە خدران کۆپتەرەکەش لێیدابوون ژمارەیەکی لێ شەهید کردبوون.

مەفرەزەکەی عەلی وەیس پەڕینەوە هاتنە چوارقوڕنە بۆماڵی وریای کوێخا حەمەدی، قادری برای وریا سەر بەڕێکخستەنەکان بوو لەڕێگەی قادرەوە چوونە ماڵی وریا شەو لەوێ مانەوە، بەیانییەکەی ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان چوونە ماڵی محەمەدی برای وریا تەنها عەلی وەیس و عەلی بۆسکێنی مانەوە، دوانیوەڕۆ ئەوانیش چوونە ماڵی محەمەد. کەس و کاری عەلی وەیس هاتبوون بۆ لای، وریا لەگەڵ کاکە جوان هاتبووە خوارەوە ئەویش هاتە لایان. کوڕێک ناوی هیوا بوو هاتە لای عەلی وەیس ووتی چواردەورتان گیراوە، قوات خاسە و جاش هاتبوونە سەربانی ماڵەکە. مەفرەزەخاسەیەک بەتایبەتی لە سلێمانییەوە هاتبوون بۆ لێدانی مەفرەزەکەی عەلی وەیس مەفرەزەکە چوبوونە ماڵی وریا بەڵام کەسی لێنەمابوو.

دەوروبـەری ماڵەکە گیرابوو کەسووکارەکەی عەلی وەیسیان بەڕێکرد ژنی خاوەن ماڵەکە ناوی فاتم بوو بە عەلی وەیسی ووت جارێکیتر ماڵمان تەقیوەتەوە ئەمجارە ئیعدامان دەکەن لە خەمی ئێمە مەبن بە ماڵو منداڵەوە با بکوژرێین بەڵام بەسەربەرزی خۆتان بەشەهید کردن بدەن خۆتان تەسلیم مەکەن، عەلی وەیس ووتی دڵنیابن تا دوا فیشەک دەجەنگین، ئەو ماڵە ژوورێکیان هەبوو هەڵیانکەندبوو بۆ سیپەچا پێشمەرگەکان چوونە ناو چاڵەکەوە و فەرشیان بەسەردادان لەناوچاڵەکەدا ئۆکسجین نەبوو پێشمەرگەکان کەوتبوونە سەر یەکتری، عەلی وەیس و عەلی بۆسکێنی و وریا لەسەرەوە بوون سەریان بەدەرەوە بوو لەوانیتر باشتر بوون. لەناو چاڵەکەدا تەکبیریانکرد چیبکەن ووریا بە عەلی وەیسی ووت با خۆمان تەسلیم بکەین ناهێڵم خوێن لە پەنجەی کەستان بێت پێشمەرگەکان ووتیان نەخێر تەسلیم نابین تا دوافیشکەک شەڕ دەکەین، وریا ووتی وەعدی شەرەف ئەگەر ئێوە شەڕ دەکەن هەتا نەکوژرێم ناهێڵم بکوژرێن منیش وەک ئێوە شەڕ دەکەم.

## هـــــەڵوێستی فـــــــاتمەخان

هاوسێیەکی ماڵی فاتمە خان لەسەر ڕووباری ڕانیە بوو کڵاشینکۆفێکی لای ماڵی فاتمەخان جێیهێشتبوو، فاتمە خان تفەنگەکەی کردە شانی و تاقمەکەی بەست و چوونە سەربانی ماڵی هاوسێکەیان کە بەرامبەر ماڵی خۆیان بوو تا ئەگەر بوو بە شەڕ ئەویش تەقەبکات و بەرگری لە پێشمەرگەکان بکات. عەلی وەیس بە هاوڕێکانی ووت هەتا نەیەنە سەرمان فەرشەکان لانەدەن کەس تەقە نەکات من بۆ خۆم تەقە دەکەم، عەلی وەیس پێشمەرگەکانی کردە سێ بەش و ڕێینمای کردن چیبکەن و چۆن لەبناری کۆسرەت یەکبگرنەوە.

کات تیپەڕی و دووژمن نەهاتنە سەریان ڕۆژ بەرەو هەڵکشان دەچوو پێشمەرگەکان لە چاڵەکە هاتنە دەرەوە. مینە سێتە چەکداری ڕژێم بوو سەربەڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) بوو هەواڵی گەیاندبووە فەقێ حەسەن لە سەیتەرەی چوراقوڕنە تووشی ئەو مەفرەزەخاسەیە ببوون کە بەتایبەتی لەسلێمانییەوە هاتبوون فەقێ حەسەن مەفرەزەکەی گێڕابووەوە و ووتبووی ئەوانە جەماعەتی منن، من هێناومن بۆ ئێرە، دەمەوە ئێوارە مینە سێتە هاتەوە لای پێشمەرگەکان و پێیوتن خێرا بڕۆن جارێکیتر نەیەنەوە ناو شار.

محەمەدی خاوەن ماڵ تراکتۆرێکی هێنا و توتنی لێبارکرد پێشمەرگەکانی خستە ژێر توتنەکەوە و بردنیە سەر بەحر بۆ لای گوڵە بەڕۆژەکانی خۆی بەو جۆرە ڕزگاریان بوو.

## بـــــۆسەی دوژمـــــن
## گردی خـــــــرادا

پێشمەرگەیەک ناوی سەید عەزیز بوو لە مەفرەزەکەی عەلی وەیس بوو ماڵی لەگردی خرادای خوار حاجیاوە بوو مەفرەزەکە لە ماڵی عەزیز بوون دواتر چوونە ماڵی کەسێکیتر، ماڵەکە ژن و پیاوێکی هەولێری میوانیان بوو کە پێشمەرگەکان چوونە ئەوێ دوو زۆپایان دانابوو لۆکزیان هەڵکردبوو خەڵک هەستیکردبوو دوو زۆپا دەسوتێ شتێک هەیە. هەشت پێشمەرگە لەو ماڵەبوون خوشکی سەید عەزیز

خۆی بەماڵەکەدا کردوو ووتی هەستن چواردەورتان گیراوە، پێشمەرگەکان یەکسەر لۆکزەکەیان کوژاندەوە و چوونە دەرەوە بەرامبەریان باخی هەنجیر بوو چوونە ناو باخە هەنجیرەکە.

ماڵەکە لۆکزەکەیان هەڵکردەوە سێ دەقەی نەبرد جاشەکان گەیشتنە ماڵەکە ووتیان میوانتان هەیە ووتیان بەلێ ئەوانە میوانمانن ئامۆزامانن ووتیان ئەوانە نالێین، جاشەکان ماڵەکە گەڕان کەسی لێنەبوو، جاشەکان بە بەردەم پێشمەرگەکاندا گەڕانەوە بەلام لەبەر دێیەکە تەقەیان لێنەکردن ئەگینا دەیانتوانی هەومویان بکوژن.

## مـــــەرجەکانی قـــائید فـــــیرقە

قائید فیرقە دەیزانی عەلی وەیس لەگەڵ چەند مەفرەزەیەک لەناوچەکە ماونەتەوە سێ ڕێگەی بۆ عەلی وەیس دانابوو تا یەکێکیان هەڵبژێرێت

١- تەسلیم بە ڕژێم ببێتەوە و فەوجی دەوێت مەفرەزەی دەوێت دەیدەنێ.

٢- یان پەیوەندی بە ڕژێمەوە بکات و لە جێگەی خۆی بێت.

٣- یان بڕوات لێرە نەمێنێ

بۆ وەڵام دانـەوەی مەرجەکانی قائید فیرقە عەلی وەیس بڕیاریدا چالاکییەک ئەنجام بدەن.

## چـــــالاکی خـــرە جـــافە 1988/11/3

شەش پێشمەرگە بە هاوکاری ڕێکخستنەکانی ناو شار بەرنامەی چالاکییەکەیان دانا، لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەکەدا ڕێکخستەکانیان ناردە ڕێگەی خرەقوڵە ڕێکخستنەکان (ئاربی جی) یان لابوو بڕیار بوو بیدەنە پێشمەرگەکان بەڵام لە ڕێگەیەکیتر دانیشتبوون. پێشمەرگەکان لە ڕانیە بوون بە سواری ئۆتۆمبیل چوونە خوار بۆسکێن دابەزین نهێنی ئەوە بوو بەرد لێکدەن ڕێکخستەنەکان بە دەنگی بەردەکانیان بزانن پێشمەرگەکان هاتوون، بەردیان لێکدا دەنگ نەبوو بانگیانکردن دەنگ نەبوو ناچار ڕۆیشتن.

پێش ئـەوەی بگەنە سەر جادەکە لەئاستی گۆڕستانی بۆسکێن فلاتێک هات دەبابەی لەسەر بوو بەڵام فریانەکەوتن ئەگینا بە ساغی دەیانگرت چوونکە شۆفێرێک و کەسێکیتری لەگەڵدا بوو.

## بـــــەرەو خـــــڕی جـــافە

پێشمەرگەکان بەرەو خڕی جافە ڕۆیشتن و دامـەزران، هێندەی نەبرد جێب قیادەیەک هـات گڵۆپی ناوجێبەکە هەڵکرابوو پێشمەرگەکان بە چـوار شوێن دامەزرابوون جێبەکە هاتە بەردەمیان  هەرکەس لە ئاستی خۆی تەقەیان لێکرد جێبەکە ڕۆیشت لەبەردەم ڕەبییەیەکی سەربازی وەرگەڕا. دوای لێدانی جێبەکە گەڕانەوە بۆسکێن چوونە ماڵی دەروێش خدر هێلکەو ڕۆنێکی چاکیان خوارد. پێشمەرگەکان لە ڕێگەی ڕێکخستەنەکانەوە خەڵکیان نارد بۆ نەخۆشخانەی ڕانیە تا بزانن چەند کەس کوژراوە هەواڵیان بۆ هێنانەوە ضابط تەوجیهی سیاسی دەربەند کوژراوە لەگەڵ سەربازێکی عەرەب دوو سەربازیش بریندار بوون.

ناوی مەفرەزەکە

١- عەلی وەیس فەرماندەی مەفرەزە

٢- بەختیار کڵاو سورانی

٣- عەلی بۆسکێنی

٤- سەڵاح بۆگدی

٥- کاکە ڕەش بۆگدی

٦- مستەفا جیهاز

٧- کەمالی حاجی حەمە سوور

٨- سەید عەزیز

٩- شەماڵ ئەحمەد

١٠- عەبدوڵڵا چاوشین

ساڵی (١٩٨٩) مەفرەزەکە گەڕایەوە ئێران جارێکیتر هاتنەوە بۆسکێن مەفرەزەی هاشم شەمامکیان لەوێوە ڕەوانەکرد بۆ هەولێر. دواتر مەفرەزەکە گەڕایەوە ئێران تا ڕاپەڕین.

# وەحـــــــدەی پـــارتیزانەکانی
# کـــــارۆخ - خـــۆشناوەتی
# (چـــوار)

## وەحـــــدەی پـــارتیزانەکانی کـــاروخ
## حـــەسەن کـــوێستانی
## یـــــەك

کۆتایی ساڵی (١٩٨٧) (٧٥) کادێری فەرماندەی سەربازی چوونە ئێران بۆ دانیشگا، کۆلێژی سەربازی (ئیمام حسێن) لە تارانی پایتەختی ئێران، ماوەی شەش مانگ لەوێ مانەوە، کاتێک شاڵاوەکانی ئەنفال دەستیپێکرد ئەو کادرانە خوێندکار بوون لە دانیشگای (ئیمام حسێن).

لە گەرمەی شاڵاوەکانی ئەنفال و لە مانگی (٦)ی ١٩٨٨ گەڕانەوە چیای قەندیل و دۆڵی خانەقا و دۆڵی شاورێ، لەوێشەوە بۆ دۆڵی بالیسان، چونکە هەر دۆڵی بالیسان لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە مابوو، ناوچەکانی گەرمیان کەرکوک، کۆیە، قەرەداخ، دۆڵی جافایەتی بەر شاڵاوی دڕندانەی ئەنفال کەوتبوون، جگە لە هەندێک مەفرەزەی پارتیزان کە لە ناوچەکانیاندا مابوونەوە خەڵکیان تیانەمابوو.

ئەو هێزانەی لە سنووری مەڵبەندی سێ مابوونەوە، لە ناوچەکانی دۆڵی سماقوڵی، دۆڵی بالیسان، مەلەکان، گەرەوان، وەرتێ و دۆڵی باڵەییان سەنگەریان گرتبوو لەو ماوەیەدا سێ شەڕی گەورە لە ناوچەکە ڕوویدا دوژمن هێرشی دەکردوو تێکدەشکا، لە شەڕی هەڵەمووند، لە چیای کاروخ و شەڕی کێلکێل و سەری جوانەگا، شەڕی کەپکی حەمەد ئاغا لە چیای بەنی هەریر، دوژمن لووتی شکا.

ڕزگار هاودیانی جێگری تیپی ٩٩ی بیتوێن بوو کە بارەگایان لە سکتان بوو، بە برووسکەیەک داواکراو بە فەرماندەیی (٧٠) پێشمەرگە چوونە کەپکی حەمەد ئاغا، نزیک کۆتایی مانگی (٧) بە برووسکەیەکی تر داواکران بۆ کۆبوونەوە لە بارەگای ڕێکخراوی کۆمەڵە لە توتمێ، کە کاک عەبدولڕەزاق لێپرسراوی بوو.

بە ئامادە بوونی کاک کۆسرەت، مولازم عومەر، فەرەیدون عەبدولقادر کۆبوونەوە دەستیپێکرد، پرسیارو گفتوگۆی کۆبوونەوەکە ئەوە بوو، چیبکەین، چیبکرێت لەم قۆناغە هەستیارەدا، لەمەودوا هەموو ئاڕاستەکان بەرەو وەستاندنی شەڕی عێراق ئێران بوون، چۆن ڕووبەڕووی سوپای زەبەلاح و داگیرکەری عێراق ببینەوە، سەبارەت بە بارودۆخە تازەکە ڕاوبۆچونی فەرماندەو کادرو پێشمەرگەکانی

ئامادەبووی کۆبوونەوەکە وەرگیرا.

ڕزگار هاودیانی بابەتێکی زانستی، هەواڵگری، سەربازی هێنایە بەرباس و وتی (سەن تزو) گەورە ڕاوێژکاری چینی (٢٥٠٠) ساڵ لەوەوبەر ووتوویەتی بۆ بەشداری کردنی هەر شەڕێک ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەن.

١- ئەگەر زانیاریت لە سەر هێزی دوژمن نەبوو لە هەموو ڕوویەکەوە، لە سەر هێزی خۆشت نەبوو بە هیچ شێوەیەک بەشداری شەڕ مەکە.

٢- ئەگەر زانیاریت لە سەر هێزەکەی خۆت هەبوو لە سەر دوژمنت نەبوو، یان پێچەوانە بوو، ئەوە بڕیارێکی مەترسیدارە، ڕێژەی سەرکەوتنت مسۆگەر نییە.

٣- ئەگەر زانیاری تەواوت هەبوو لە سەر هەر دوو لایەکە بە هەموو ڕووەکانەوە ئەوسا بڕیار بدە.

مولازم عومەر ڕوویکردە ڕزگارو وتی ئەوە پلانی سەربازی و ستراتیژی ئێمەیە.

یەکەم: لە هەموو ناوچەکان هێز دەمێنێتەوە وەکو پارتیزان، ئەرکیان پەیوەندیکردن دەبێ بە جەماوەرو پێدانی زانیاری بە ڕێکخستنەکان و درێژە بە شۆڕش دەدەن و لە ناوچەکاندا دەمێننەوەو چۆڵی ناکەن.

دووەم: باقی هێزەکانی ترمان ئەڕۆین بەرەو سنوورەکانی ئێران، لەوێ بارەگا دەکەینەوە، خولی پەروەردەیی و مەشقی سەربازی دەکەینەوەو وانەی تیۆری دەخوێنین بۆ بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و ئامادەکردنیان بۆ گۆڕینی پارتیزانەکانی خوارەوە و چوونە شوێنەکانیان، خولی پارتیزانی، مانەوە لە شاخ و چیاکان، مەلەوانی، هەڵگرتن و دانانی مین، چۆنیەتی خۆپاراستن پەرەپێدەدەین.

بەمجۆرە کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هات، هەر دوو خاڵەکە چوونە بواری جێبەجێکردنەوە.

ڕەتڵی پارتیزانەکان، یان مەفرەزە پارتیزانەکان بە سەر ناوچەکەدا دابەش کران بەمجۆرە:

١- دۆڵی بالیسان مەلەکان، بە فەرماندەیی حەسەن کوێستانی، دواتر جەلال حاجی و یوسف گەلاڵی هاتنە جێگەیان.

٢- مەفرەزەی دەشتی هەریر بە فەرماندەیی دکتۆر ڕێبین.
٣- ناوچەی وەرتێ، صلاح دیلمانی، ڕەحمانی حاجی خدر.
٤- دەشتی هەولێر (ڕێباز)

## ڕەتـــڵی حـــەسەن کـــوێستانی بـــالیسان- مــــەلەکان

دوای بڕیاردانی مانەوەی مەفرەزە پارتیزانەکان لەو ناوچانەی بۆیان دەستنیشان کرابوو، مەفرەزەکەی حەسەن کوێستانی لە سنووری بالیسان مەلەکان، چیای کارۆخ مانەوە.

مەفرەزەکە دەستیانکرد بە کۆکردنەوەو دانانی ئازوقە و خواردەمەنی لە شوێنی نادیارو لاڕێ، لە بن کەلوەزو ئەشکەوت و شوێنە نادیارەکانی ناوچەکە، ئازوقەو خواردەمەنی زۆریان شاردەوە بۆ کاتی پێویست لە گەڵ تەقەمەنی و فیشەک و گوللەی هەمە جۆر.

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٨ شەڕی عێراق-ئێران وەستا، خومەینی پیاڵە ژەهرەکەی خواردەوەو عێراقیش سەرگەرمی گوایە سەرکەوتن بوو بە سەر ئێراندا، هێزەکانی داگیرکەر دەست بە تاڵبوون، لە ژێر باری شەڕێکی قورسی (٨) ساڵەی ماڵ وێرانکەر هاتبوونە دەر وەکو سەگی هار بەر بوونە دێهات و ماڵ و حاڵی کورد، ڕژێمی عێراق بەردەوام بوو لە ناردنی هێز بۆ سووتاندنی دێهات و سووتماکی خاکی کوردستان و کیموماڵی ناوچەکان، هێزەکانی دوژمن بە نیازی گەمارۆدان و لەناوبردن و وێرانکردن هاتبوون لە هیچ شوێنێک نەدەوەستان.

لە ڕێگای هاملتۆن- شەقلاوە و هەریرو سۆران و دۆڵی خانەقا و زارگەلی، لە سەنگەسەرو کۆمتان هێزەکانی پەرش و بڵاوکردبوون بە نیازی ڕێگە گرتن لە پەڕینەوەی هێزەکانی یەکێتی بۆ سنووری قەندیل تا نەهێڵن دەربازبن، بەڵام هێزی پێشمەرگە ئەڵقەو گەمارۆی هێزەکانی داگیرکەریان شکاند و پەڕینەوە، لە کۆتایی پەڕینەوەی هێزەکەدا لە دۆڵی خانەقا تووشی شەڕ هاتن، ژمارەیەک پێشمەرگە لەو

شەڕەدا بە دیلگیران و دواتر شەهید کران، لە چیای قەندیل و شاخی کونە کۆتر شەڕێکی سەخت لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی داگیرکەردا ڕوویدا چەندین پێشمەرگە شەهید بوون باقی هێزەکەی تر دەربازی ئێران بوون.

ڕەتڵەکەی حەسەن کوێستانی ژمارەیان (١٤) پێشمەرگە بوون لە سەر چیای سەرباری خەتێ بە دیوی دۆڵی مەلەکان دا مابوونەوە.

سێ فەوجی سەربازی عێراق لە سەر چیای سەرباری خەتێ نیشتەجێکرابوون، لە دۆڵی بلە، لە گـەرەوان، لە سەرچاوەی باران، ئاراستەو ئامانجیان دێی « مەلەکان» [٢٤] بوو.

کاتژمێر (٨)ی سەر لە بەیانی دوو سەربازی سوپای عێراق لە سەر چیای سەرباری خەتێ هاتنە خوار، پێشمەرگەکان سەربازەکانیان بەدیکرد، هەر دوو پێشمەرگەیەک لە ناو (تەڕاشی)[٢٥] داردا خۆیان حەشاردا، سەربازەکان هاتنە خوارەوە لە ناو پێشمەرگەکان دانیشتن، دوای کەمێک هەستیان کرد لە دەورووبەریان خەڵکی لێیە دەستیان کرد بە (کاکە منو، کاکە منو) سەربازێکیان کڵاشینکۆفێکی پێبوو، ئەوی تریشیان دەبەیەکی (٥) لیتری پێبوو.

سەربازەکەی کڵاشینکۆفەکەی پێبوو ڕۆیشت، ویستیان تەقەی لێبکەن، حەسەن کوێستانی نەیهێشت بەڵام سەربازەکەی تریان هاتە ناو پێشمەرگەکان و پێیوتن ئێوە دەتانتوانی بمانکوژن بەڵام نەتانکرد بۆیە ئێمەش خەبەرتان لێنادەین، سەربازەکە زۆری تینوو بوو پێشمەرگەکان ئاویان دایە بیخواتەوە، سەربازەکە هەر قسەی دەکرد دەیگوت ئێمە بە نیاز بووین تصریح بین، کەچی تووشی بەڵای خۆمان هاتین بەڵێن بێ خەبەرتان لێنادەم ئێستا ئەبو ماجدیش ڕازی دەکەم قسە نەکات، ئەو مشتومڕە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند، سەربازەکەیان ئێزندا بڕوات.

دوای ڕۆیشتنی سەربازەکە شوێنەکەی خۆیان گۆڕی، بارێکی سەخت و نالەبار بوو، ئەگەر سەربازەکان زمانیان لێبدەن، تووشی شەڕێکی نابەرابەر دەبن، ڕەنگە

---

٢٤ مەلەکان نەخۆشخانەیەکی گرنگی شۆرشی لێبوو، جبەخانەی ڕۆکێتی تۆڵەی لێبوو، شوێنێکی لە بار بوو بۆ خۆ حەشاردان.

٢٥ تەڕاش، چەند لکەدارێکی گەڵادارە مرۆڤ دەتوانێ خۆی تیا حەشار بدات.

هەموویان تیابچن، تازە ڕۆژ بەرەو نیوەڕۆ هەڵدەکشا هێشتا زۆری مابوو خۆر بنیشێ و شەودابێت.

پێشمەرگەکان کۆبوونەوە، بەڵێنیاندا هەر یەکە فیشەکێک لە مەخزەنەکان دەربهێنن و بیخەنە گیرفانیانەوە بۆ دوا شەڕو دوابەرگری و بینێن بە خۆیانەوە تا دەستی دوژمن نەکەون.

لە شوێنی خۆیاندا بە شێوەیەکی بازنەیی دامەزران و پشتیان لە یەک بوو، ناوە ناوە کۆپتەرێک دەهاتە سەر ئاسمانی ناوچەکە، پێشمەرگەکان دەیانووت ئێستە سەرباز دادەبەزێنێ، کات زۆر هێواش تێدەپەڕی ڕۆژێکی درێژ بوو، درێژتر لە ڕۆژەکانی ساڵ، ڕۆژ هەڵکشا کات بووە (٢)ی دوانیوەڕۆ هەناسەیەکیان هەڵمژی و لە مەترسی ڕزگاریان بوو، کات بەرەو ئێوارەو شەو دەڕۆیشت، (شەو قەڵای مێردانە) بە دووربین سەیری سەرووی خۆیانکرد، هەر دوو سەربازەکە دیار بوون دەستیان دەجووڵا خەبەریان لە پێشمەرگەکان نەداو بەڵێنی خۆیان بردە سەر.

دەمەو ئێوارە کۆبوونەوەیەکیان کرد حەسەن کوێستانی ڕای برادەرانی وەرگرت، چی بکەن، ڕزگار هاودیانی پێیوابوو بچنە چیای کۆڕەک، چونکە سەر شاخەکە هێزی عێراقی لێیەو بنارەکەشی پێشمەرگەی لێنەبووە تا ڕادەیەک جێیگومان نییە، بەرەو بناری چیای کۆڕەک بەڕێکەوتن.

(ئێوارەیەکی درەنگی شەوی پێشوو کۆپتەرەکانی عێراق هاتبوون خواردەمەنیەکی زۆری لە قوتوونراویان بۆ جاش و سەربازەکان فڕێدابووە خوارەوە، بەشێکی کەوتبووە نزیک پێشمەرگەکان، کە شەو داهاتبوو مەفرەزەیەک چووبوون بەشێکی زۆریان هەڵگرتبوو).

دوای ئەوەی شەوێک لە بەرانبەر بلەی خواروو مانەوە شەوی دواتر بە ناو دێیەکەدا ڕۆیشتن بەرەو بناری چیای کۆڕەک، هەستیان کرد لە ناو دێیەکەدا خەڵک هەیە بەڵام خۆیان لێئاشکرا نەکردن، بەرە بەیان بۆ دۆزینەوەی شوێنێک دەگەڕان، جەلال حاجی برادەرێکی لە گەڵ خۆی هێنابوو خەڵکی بلە بوو، بووە چاو ساغیان، لەوێوە چوونە (گەڵێ سولێ) کە دەکەوێتە پشتی دێی ئالانە لە بناری چیای کۆڕەک

شوێنێکی لە بار بوو، ئەشکەوتێکی تیا بوو ئاوی هەبوو جادەی ئالانە بالیسان هێندە هێزی دوژمنی لێبوو خێمەکانیان کەمتر لە مەترێک لە یەکتر دوور بوون، هەندێک جار لە یەک دەخشان.

شەوی دوایی دوو کەسی دێی (بلە) هاتنە لایان زۆر سوودیان لە شارەزایی ئەوان بینی، نزیکەی (١٨) شەو لەوێ مانەوە، لەو شوێنانە دەگەڕان کە ئازوقەی تیا شاردرابوەوە، ئاردو ڕۆنیان دۆزیەوە هەندێک شەکرو چایان هەبوو، ئاردەکەیان شێلاو کردیانە هەویرو دواتریش ناوساجی.

پێشمەرگەکان لقەدارێک یان گەڵایەکیان لە پێڵاوەکانیان بەستبوو بۆ ئەوەی دوای خۆیان جێ پێکانیان دیار نەمێنی و دوژمن هەستیان پێنەکات و شوێن پێیەکانیان نەبینێ.

ئەو ماوەیەی لە (گەڵی سولێ) بوون، حەسەن کوێستانی چەند نامەیەکی نووسی بۆ ڕێکخستنەکان، یوسف گەڵاڵی لە گەڵ ئەو دوو کەسەی دێی بلە، کە شارەزا بوون، نامەکانی گەیاندوو دوای چەند ڕۆژێک گەڕایەوە خواردنی زۆرو پێڵاوو (٤٠) پیلی گەورەی ڕادیۆی هێنا بوو لە گەڵ پێداویستیتر، هەواڵی پێشمەرگەکانیشیان گەیاندبووە ڕێکخستنەکان.

پێش کشانەوەی ڕەتڵەکە ڕزگار هاودیانی ناردبووی بە دوای حاجی سرێشمەیی و مەولود کە خەڵکی دێی (ماندان) بوون داوای لێکردن لە هەندێک ئەشکەوت و شوێنی نادیارو لاڕێ ئازوقەی پێویست بشارنەوە چونکە لەوانەیە پاش ماوەیەک بێن بۆ ئەو ناوچەیە کە ئەکەوێتە بناری شاخی برادۆست.

## جـــــیهاز، بـــــــێتەل

جیهازێکی ڕاکاڵیان پێبوو (٢٠) ڕۆژ بوو پەیوەندیان نەکردبوو دوای پرس و ڕاوێژ بە کاک حەسەن کوێستانی (١٠) پیلیان لە جیهازەکە بەست، زۆربەی جیهازەکان لە خەتبوون، ڕزگار بە ئیسماعیلی ووت مۆرسێک لێبدە بزانە کەس گوێی لێماندەبێت، بەڵام توانای ناردنی شەپۆلی نەبوو، دوای پرس کردن جارێکیتر بە کاک حەسەن کوێستانی (١٠) پیلی تریان لێبەست جیهازەکە کەوتە کار، هەموو

ئەو جیهازانەی لە خەتبوون یەکتریان ئاگادار کرد کە جیهازێکی نادیار لە خەتە، کاک ئیسماعیل جفرەکانی پێبوو لە گەڵ جیهازەکانیتر یەکتریان ناسی، کاک حەسەن کوێستانی ماوەی چارەکێک لە گەڵ (م.س) قسەی کرد، دیار بوو هەواڵ ڕۆیشتبوو کە مەفرەزەکە هەموویان شەهید بوون.

دوای هەژدە ڕۆژ مانەوە لە بناری چیای کورەک بەرەو دۆڵی مەلەکان و چیای ئاراسن و چیای کارۆخ بەڕێکەوتن، دوای چەند ڕۆژێک لە چیای کارۆخ لە گەڵ صلاح دیلمانی یەکیانگرتەوەو تێکەڵ بوون، دوژمن زۆر جار بە کۆپتەر کێومالّی ناوچەکەی دەکرد بەڵام هیچی بەردەست نەدەکەوت.

دوای نزیکەی چوارمانگ مانەوە بوون بە دوو بەشەوە لە چیای کارۆخ، ئەو مەفرەزەیەی گەڕانەوە بە سەرپەرشتی جەلال حاجی و یوسف گەلاڵی بوون، چوونە هەریرو لە ناوچەکە مانەوە.

## بــــوك و زاوایـــەكی نــــاكام<br>كــــۆتاییەكی تــــراژیدی

بوومەلێڵی بەیانی بوو کاتژمێر (٢-٤) ڕزگار هاودیانی لە یەکێک لە خاڵەکانی (گەلیێ سولیێ) پاسەوان بوو، ڕزگار هەستی بە جووڵەیەک دەکرد، دەبیێ با بیێ یان ئاژەڵی کێوی، یان چاوی خەواڵوی ڕزگار هەڵەی کردووەو لێڵ دەبینیێ، ڕزگار دڵنیا بوو جووڵەی دوژمن نیە بەڵام جووڵەیەکی ئاسایی بەدیکرد نەدەکرا تەقەیان لێبکات، کاتێک زیاتر نزیک بوونەوە، ڕزگار بە فیکە بانگی خوارەوەی کرد، پێش ئەوەی پێشمەرگەکان بگەن ئەمان گەیشتن، ڕزگار دەنگی دان کچ و کوڕێک بوون، دوای نزیک بوونەوەیان ڕزگار پێیوتن بە دوای چیدا دەگەڕێن خۆ ئەم وڵاتە کەسی لێناژی، هەندێک زمانیان تەتەڵەی کرد، کوڕەکە وتی ئەو کچە خزمی خۆمە چەند جار داخوازیم کردووە نەیانداومیێ ئێستاش ڕامانکردووەو هاتووین بۆ لای ئێوە، لە ناو ئەشکەوتەکەدا جێگەیان کردنەوە، لە گەڵ مەفرەزەکە مانەوە، پاش ماوەیەک مەفرەزەکە لەویێ ڕۆیشتن، دوای گەڕانەوەی جەلال حاجی و یوسف گەلاڵی بۆ سەر سنوور، یەکەم هەواڵ، هەواڵی ئەو کوڕو کچەیان لێپرسین، ووتیان کە گەڕاینەوە ئەشکەوتەکە ژن و پیاوەکەیان کوشتبوو تەرمەکەشیان لەویێ جێهێشتبوون.

## چـــاڵە بـــــەفرەکان

لە چیای کارۆخ ئاوی خواردنەوە کەم بوو، سوودیان لە چاڵە بەفرەکان وەردەگرت، بە پشتێن خۆیان دادەهێشتە ناو چاڵە بەفرەکان بە بەرد پێیاندا دەکێشاو بەفریان لێدەکردەوە و بە پشتێن هەڵیاندەکێشا، ئەو درزانەی لە ناو خۆڵەکە هەبوون، بە بەفر تەڕیان دەکرد وەکو گۆماو چاکیان دەکرد، دوو ڕیزە بەردیان لەملاولا دادەنا، چەند لقەدارێکیان بە سەردا دەدا، ئەوسا بەفرەکەیان دەخستە سەری، دواتر بە گیای (کیفار)[٢٦] بەفرەکەیان دادەپۆشی بۆ ئەوەی کۆپتەر یان سەربازو جاش هەست نەکەن شتێکی دەستکرد هەیە بەیانی چاوەڕێی هەڵاتنی خۆریان دەکرد کە بە تیشکەکەی بەفرەکە بتوێنێتەوەو وردە وردە ببێتە ئاو بڕژێتە ناو چاڵەکە، ئەوسا نۆرەیان دەگرت، یەکی یەک سەری دەبەی پێنج لیتری ئاویان دەخواردەوە.

٢٦ کیفار، گیایەکی کوێستانیە ڕەنگی خاکییە.

## یــــەکەی پـــــارتیزانی کـــــارۆخ
## ڕەحــــمانی حـــاجی خـــدر وەرتـــــی
## دوو

سێ مانگ شەڕی بەرەیی، بەرگری سەخت و بێئامان، تێکشکاندنی دەیان هێرش و پەلاماری دوژمن بۆ سەر هەڵەمووندوو گەروی مەنجەڵ و زنجیرە چیای کارۆخ، لە ماوەی سێ مانگ شەڕ لە زنجیرە چیای کارۆخ، سەدان کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران و بریندار بوون، هەر سەرو کەللەی قوات خاصە بوو لە ڕکە بەردوو تاشە بەردوو تاوێرەکانی هەڵەموندا دەپژان، خوێن پژان بوو لە هەڵەموونند، ئەو چیا ڕووتەنە هەڵدێرو هەورازە لە خوێنی دوژمندا سوور دەچووەوە، گابەردەکان سوور ببوون ڕکە شاخی تەورداس و خەنجەر ئاسای ئەو کێوانە ببوون بە چەک و سێدارەی داگیرکەرو کەلاک و لاشەی دوژمنی پیادا هەڵدەواسران، لە نێو ئەو ڕکە بەردە ڕەق و تەقانەدا لە سێدارەی گەل دەدران.

ڕەحمان سەیدە فەرماندەی تیپی کارۆخ و ڕەحمانی حاجی خدر وەرتی جێگری بوو، هێرشەکانی دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەستیپێکرد، شەڕگەکە دابەشکرا بە سەر کەرتەکانی تیپی کارۆخدا لە گەرووی مەنجەڵەوە تا دەرگەڵە هەر کەرتەو شوێنێکی پێسپێردرا.

کەرتی یەک لە سەری جاوەڵ بوون بە سەر سەرنەوسدا دەیانڕوانی، کەرتی (٢،٣) لە بێترخێن بوون کەرتی (٥) لە کەڵەتێن بوو، کەرتی (٦) لە دەرەداسن بوو، کەرتی)(٧) لە زینی وەرتێ بوو.

دوای سێ مانگ شەڕو بەرگری سەخت، هێزی پێشمەرگە بە بڕیاری سەرکردایەتی کشانەوە، وەرتێ دەستی بە سەردا گیرا، خەڵکی ناوچەکە بە بناری چیای کارۆخدا چوونە دۆڵی ساوسێکان، بەشێکی زۆر لە خەڵکەکە بە گوڵاندا چوونە ئێران، هەندێکیش چوونە خۆشناوان هەندێکیش مانەوە.

بەشێک لە سەرکردایەتی، کاک نەوشیروان، کاک کۆسرەت، کاک حەسەن کوێستانی لە دۆڵی ساوسێکان بوون، سەرپەرشتی پێشمەرگەکانیان دەکرد، ڕەحمانی حاجی خدر چووە سەرکردایەتی، دوای گەڕانەوەی، عەبدەی ڕاسپارد

مەفرەزەیەک لە گەڵ خۆی بەرێت هەرچی خواردن و ئازوقەی جێماوی خەڵک و بارەگای پێشمەرگە هەیە لە شوێنی سەخت و یاخیدا بیانشارێتەوە، چونکە شەڕگەکە چۆڵ دەبێت، ئێمەش بە پارتیزانی دەمێنینەوە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٩ شەڕگەکە چۆڵکرا پێشمەرگە پاشەکشەیان کرد لە بەردی کەمامەی بنکەیەکیان هەبوو چوونە ئەوێ.

ئێوارەکەی کاک کۆسرەت و کاک فەرەیدون هاتنە لای تیپی کارۆخ لە (گرد جۆگە) لە گەڵ کاک کۆسرەت ڕۆیشتن تا گەیشتنە زێوەی ناو وەرتێ، زەوییەکی گەورە بوو کاک کۆسرەت لە ناو زەویەکەدا ڕاکشا بوو دەیووت منیش لە گەڵ ڕەحمانی حاجی خدری دەمێنمەوە، کاک فەرەیدون زۆر فشاری خستە سەر کاک کۆسرەت و وتی تۆ بمێنیتەوە سبەینێ حکومەت هەر چواردەوری ناوچەکە دەگرێ دەزانێت تۆ ماویتەوە، بۆیە ناکرێت بمێنیتەوە، کاک کۆسرەتیان قەناعەت پێکرد نەمێنێتەوە، هێزەکە لە وەرتێ ڕۆیشتن پەڕینەوە بناری قەندیل.

جگە لەو هێزانەی لە گەڵ کاک کۆسرەت بوون، هێزەکانی پێشمەرگە لە سەرتاسەری کوردستان پاشەکشەیان کرد بۆ سنوور بەشێکی زۆریان لە سنووری کارۆخ و وەرتێ دەپەڕینەوەو پێشمەرگەکانی کارۆخ ڕێگەیان نیشان دەدان و هاوکارییان دەکردن بۆ پەڕینەوە، هێزەکان لە لوتکەی هەڵەمووندەوە قەتارەیان بەستبوو کۆتایی گەیشتبووە دۆڵی خانەقاو بەردگرکە، ڕەحمانی حاجی خدرو هەڤاڵەکانی ڕێنیشاندەری هێزەکە بوون تا لە بەردگرکەوە پەڕینەوە، پێشمەرگەکان ماندوو بوون توانای ڕۆیشتن و جووڵە سست بوو، قافڵەیەکی سەربازی هاتە سەر ڕێگای ڕێچکە بەستووی پێشمەرگەکان قافڵەکە وەستان لایتەکانیان کوژاندەوە تا پێشمەرگەکان پەڕینەوە ڕەحمانی حاجی خدرو هاوڕێکانی هێزەکەیان پەڕاندەوەو پەڕینەوە، لە گەڵی سوڵتەی هەورازی لە وەرتێ پۆلێک پێشمەرگە لە سەر ڕێگا خەوتبوون، ڕەحمانی حاجی خدر، نەهرۆی ناردە لایان تا پێیان بڵێ چیدەکەن لێرە، یان برۆن یان لە گەڵ ئێمە بە پارتیزانی بمێننەوە، نەهرۆ پەیامەکەی پێگەیاندن بەڵام وەڵامیان نەدایەوەو[٢٧] ڕەحمان و هاوڕێکانی هاتنەوە شوێن بارەگاکانیان لە بەردی

[٢٧] پێشمەرگەکان (١٤) کەس بوو بۆ بەیانی سەربازو جاش چوار دەوریان گرتبوون پێشمەرگەیەکیان

کەمامەی.

لە مەکێ و بناری کارۆخ پۆلێک پێشمەرگەی لێبوو بڕیار بوو لە گەڵ کاک ڕەحمان بمێننەوە، کاک ڕەحمان، کاک عەبدەی نارد ئەو هێزە بێنێ بۆ ئیلوونان، عەبدە گەڕایەوەو هێزەکەی لە گەڵ خۆی هێنایە ئیلوونان، هێزەکانی دوژمن نەیانزانیبوو کە هێزی پێشمەرگە لە زنجیرە چیای کارۆخ پاشەکشەیان کردووە، بە پشتیوانی تۆپ و هێزێکی زۆر هێرشی دەستپێکرد کە هیچ بەرگری و وەڵامدانەوەیەک نەبوو ئەوسا زانیان کارۆخ پێشمەرگەی پێوە نەماوە، بۆ ڕۆژی دوایی هێزی هێنایە کوێستانی مەکێ هێزەکەی تیپی کارۆخ لە ئەشکەوتی مێشەفا مابوونەوە، سەلاح دیلمانی کەوتبووە دیوی بەرۆژی نێوان کەڵێتە و وەرتێ، وەحدەیەکی پارتیزانیان درووستکرد، بە بڕیاری سەرکردایەتی ڕەحمان حاجی خدر بووە لێپرسراوی وەحدەکە، صلاح دیلمانی جێگری بوو.

ڕەتڵەکان بەم شێوەیە دابەش کران:

+ صلاح دیلمانی[٢٨] لێپرسراوی ڕەتڵێک

ڕەتڵەکان تێکڕا سەر بە یەکەی پارتیزانی کارۆخ بوون بە سەر ئەشکەوتەکانی زنجیرە چیای کارۆخدا دابەشکران.

سەلاح دیلمانی لە دیوی مەیدانان بوو، کاکە شێخ لە کەویەی بەردە سوور بوو لە بناری چیای کارۆخ، ڕەحمانی حاجی خدر لە گەرووی مەڕانە بوو لە گەڵی بێتواتیان[٢٩]، دوای جێگیر کردنی هێزەکان بەرنامەی خۆ بژێوییان دانا.

ڕایکردبوو بە شاخی دڕەبی دا سەرکەوتبوو دەربازی بوو، ڕەبیەیەکی جاشی لێبوو سرێشمەیی بوون ڕەبیەکە پێشمەرگەکەیان ڕزگار کردبوو خواردنیان دابویە و ڕێگایان نیشاندا گەڕایەوە سەرکردایەتی لای کاک کۆسرەت، ١٣ پێشمەرگەکەی تر دەستگیر کرابوون، کاک کۆسرەت بە بێ تەل قسەی لە گەڵ کاک ڕەحمان کرد بوو پێی وتبوو، ئەو پێشمەرگانەی ئێوە پێتان وتن یان بڕۆن یان لە گەڵ ئێمە بمێننەوە گیراون، پێشمەرگەیەکیان ڕزگاری بووە لای ئێمەیە.

٢٨ سەلاح دیلمانی لە وەحدەی پارتیزانی کارۆخ دابڕاو دواتر چووە لای کاک حەسەن کوێستانی و لە گەڵ ئەوان مایەوە

٢٩ بۆیە پێی دەوترێ گەروی مەڕانە مەڕوو ماڵاتی دێیەکان ڕوویان تێدەکردوو دەچونە ئەوێ.

هێزەکەی کارۆخ ژمارەیان ٤٠ پێشمەرگە بوو نەدەکرا هەموویان لە یەک ئەشکەوتدا بمێننەوە، لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەشکەوت و پەناگەیتردا بوون تا هێزەکەی بەسەردا دابەشبکەن.

نەهرۆ[٣٠] لە وەرتێ و بناری کارۆخ شوانی کردبوو شارەزای ئەشکەوت و کون و کەلەبەری زنجیرە چیای کارۆخ بوو شوێنی یاخی و سەخت و هەڵواسراوو نادیاری پێدەزانی لە تاتی سێوێ و لە گەلی بێتواتیان ئەشکەوتی دۆزیبوەوە، ڕەحمانی حاجی خدر داوای لە نەهرۆ کرد ئەشکەوتێک بدۆزێتەوە، نەهرۆ ئەشکەوتی دۆزیبووەوە پێشمەرگەکان چوونە ئەشکەوتەکەو لەوێ مانەوە[٣١]، هێشتا سەربازو جاش نەگەیشتبوونە شوێن ئەشکەوتەکان ڕەحمانی حاجی خدر لە گەڵ کەریم و نەهرۆ چوونە کۆزەکاری وەرتێ تا ئەشکەوتێکیتر بدۆزنەوە چونکە ناوچەکە هێزێکی زۆری دوژمنی لێبوو، هەر بنارێک ئاگرێکی لێکرا بوەوە، مۆڵگەو بارەگای سەربازی لە بناری کارۆخ و مەکێ هەبوون.

ڕەحمان و کەریم و نەهرۆ ئەشکەوتێکیان دۆزیەوە، پێشتر نەهرۆ ئەشکەوتەکەی پێدەزانی، ئەشکەوتی لەهەوایان پێدەوت، ناو ئەشکەوتەکە گەرم بوو نەهرۆ هاتبووە بەردەمی ئەشکەوتەکە خەریک بوو خەوی لێدەکەوت، ڕەحمانی حاجی خدر نەهرۆی بە خەبەر هێنا وتی هەستە سەرباز هاتن، ئەشکەوتەکە بەرز بوو، سەخت بوو، دەبوایە پێنج مەتر زیاتر لە سەر سک بڕۆیت تا دەگەیشتیتە زارکی ئەشکەوتەکە، لە ناوەوە دوو دەرگای هەبوو بۆ چوونە ژورەوە

بەڵام بە ڕووکاری دەرەوەدا یەک کونی هەبوو، ڕەحمان بە نەهرۆو کەریمی ووت هەر یەکە لە بەردەم دەرگایەکدا بوەستن، لە هەر دەرگایەکەوە هاتنە ژوورەوە بیانکوژن سەربازەکان دەنگیان نەما دیار بوو لە زارکی ئەشکەوتەکە دوور کەوتبوونەوە، کاتژمێر گەیشتە (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕەحمان، نەهرۆی نارد بچێتە

٣٠ نەهرۆ پێشمەرگەی پارتی بوو وەکو خزمایەتی هاتبووە لای کاک ڕەحمان.
٣١ ئەشکەوتەکە شوێن ڕاوی ڕاوکەرەکانی سنورەکە بوو کەمێک خۆشکرا بوو پێشمەرگەکان دەستکاریان کردوو خۆشتریان کرد.

ئێلوونان کولیچە درووست بکات[٣٢]، ڕێگای ئەشکەوتی لەهەوای تا ئێلوونان پڕ مەترسی بوو نەدەزانرا سەربازەکان ڕۆیشتوون یان لە دەورووبەری ئەشکەوتەکە خۆیان پەناداوە، نەهرۆ خۆی پێچایەوە لە ئەشکەوتەکە بێتە دەرەوە ڕەحمان پێیوت کە چوویتە دەرەوەو سەربازو جاش گرتیانی نەڵێی دوو کەسیترم لە گەڵدایە و لە ناو ئەشکەوتەکەدان.

نەهرۆ لە ئەشکەوتەکە هاتە خوارەوە[٣٣] گەڵاو داری لە خۆی هاڵاند تا نەبینرێت، چووە سەرووچاوی ڕەنگاڵێ، لێرەوارو چڕستانێکی بەیەکدا چوو بوو تەماشایکرد دوو سەرباز دانیشتوون عەلاگەیەکی نایلۆنیان بەدەستەوە بوو دەچوون لە ڕەزی حاجی سلیمان ترێ بڕنن، نەهرۆ سەیری دەورووبـەری خۆی کرد کۆمەڵێک سەرباز بە ڕێگایەک دەڕۆیشتن بە دوای ئەو ئازوقەیەدا دەگەڕان کە پێشمەرگەکان شاردبوویانەوە، نەهرۆ خێرا دەڕۆیشت تا سەربازەکان نەیگەنێ سەرکەوتە سەر قوتەی (گۆڕەی گاگۆلان) بە دووربین تەماشایکرد لە بـەردی کەمامەی حاجی سلیمانی بەدیکرد ئەملاولای دەکرد، حاجی سلیمان سەرەو خوار بووەوە بۆ گەلی سولێ، پێشتر قاپ و پێخۆریان شاردبوەوە نەهرۆ دەستیبرد قابلەمەیەک بێنێ دەستی بەر شتێکی نەرم کەوت سەیری کرد مارە، هێندە بە پەلە دەستیکشاندەوە دەستی بریندار بوو، هەر چۆنێک بێت ئاگری کردەوەو هەویری شێلا و ناوساجی درووستکرد.

سـەربازەکان لە نەهرۆ تێپەڕین چووبوونە ئەشکەوتی لـەهـەوای، هەرچی خواردنیان شاردبوەوە بردبوویان.

.نەهرۆ ناوساجی درووستکردوو دەمـەو ئێوارە گەڕایەوە ئەشکەوتەکە، لە

---

٣٢ئێلونان بنکەیەکی هێزەکە بوو ئاردوو ڕۆن و ئازوقەی لێبوو دێهاتیەکان کە چۆڵیان کردبوو ئازوقەی زۆریان جێهێشتبوو پێشمەرگە خواردنەکانیان کۆکردبوەوەو بە سەر بنکەو ئەشکەوتەکاندا دابەشیان کردبوو.

بردبویان

٣٣ کە سەربازەکان چوبوونە بەردەمی ئەشکەوتەکە ڕەحمانی حاجی خدر بە کەریمی وتبوو نەهرۆیان گرتوەو لە گەڵ خۆیان هێناویانە، سەربازەکان چوبوونە بەردەمی ئەشکەوتەکە لە بەر سەختی نەیانتوانیبوو خۆیانی پیاهەڵواسن.

بەرامبەر ئەشکەوتەکەوە تەماشای کرد کاک ڕەحمان لە زارکی ئەشکەوتەکەدایە، نەهرۆ پێیوتن بێم ووتیان نەیەیت، ڕەحمان و کەریم لە ئەشکەوتەکە هاتنە خوارەوە بۆ لای نەهرۆو سەربازو جاش هاتنەوە، نەهرۆ وتی هاتن، ڕەحمان وتی نەهێڵی بێن، جاش و سەرباز لە خوار ئەشکەوتەکەوە بە چەمێکدا دەڕۆیشتن لەو ناوچەیە پێی دەڵێن (دەنگاڵە) [34] پێشمەرگەکان بە سەر جاش و سەربازەکاندا زاڵ بوون.

سەربازوو جاش تێپەڕین، ڕەحمان و کەریم و نەهرۆش ئەشکەوتی لەهەوایان بەجێهێشت، بەرەو کارۆخ گەڕانەوە چوونە دۆڵە مەزن بەرانبەر ئەشکەوت و پەناگەی پێشمەرگەکان، کاک ڕەحمان، نەهرۆی نارد لە ڕەزی سەری سێ کووچکەی ترێ بێنێ کە ڕەزی خۆیان بوو، ڕەزەکان دڕکەزێ تیان هاڵابوو نەهرۆ دەستی شەقار شەقار بوو ترێی بۆ نەڕندرا بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە لای کاک ڕەحمان، لەوێشەوە چوونە لای پێشمەرگەکانی دیکە لە تاشی سێوێ لە بناری چیای کارۆخ.

لە دەوروبـەری کـارۆخ تەنها کانی بـەردە سـووری لێبوو شـەوانە دەهاتنە سەرکانیەکە دەبەی (٥) لیتریان لابوو شەوانە دوو پێشمەرگە دەچوونە ئاوهێنان لە گەردە مێشی بەردە سووری چوار دەبەی (٥) لیتریان ئاو دەهێنا، لە ئەشکەوتی گەرووی مەڕان شوێنێکیان درووست کردبوو بەیانیان و ئێواران کولێرە بە ڕۆنیان درووست دەکرد، هەر پێشمەرگەیەک ژەمی دوو کولێرەی بەردەکەوت.

عەلی هەمزەو عەبدە شەوانە دەهاتنە ناو کارۆخ ترێ و پەتاتە و تەماتەیان دەبرد، شەوانە بێ لایت و ڕووناکی دەستیان لە پەتاتە و تەماتەکە دەدا بەرزیان دەکردنەوە دەیانزانی تەماتەکە پێگەیشتوە یان نا، ئەگەر تەماتەکە ڕەنگی ڕەش دەربکەوتایە دەیانزانی سوور بوەو پێگەیشتووە، پەتاتەکەش بە هەمان شێوە بە دەست لێدان لە بەردەکانی ناو بێستانەکە جیایان دەکردەوەو لێیان دەکردەوە.

پێشمەرگەکان بۆ خۆشتن دەچوونە دیوی مێشەفایە تەنەکەیەک ئاویان دەکوڵاند، خۆیان دەشت، جلەکانیان دەخستە ناو ئاوە کوڵاوەکەوە ئەسپێ و مۆرانە سەر ئاو دەکەوتن وەکو کونە مێروولە ڕیزیان دەبەست.

[34] دەنگاڵە بەو چەمانە دەوترێت کە تەنها لە بەهاران دا ئاویان تێدەچێ خورەو هاژەیان دەگاتە گوێ و دەنا لە وەرزەکانی تردا وشکن.

## کـــــانی قــــــولەتێن[35]

لە مێژ بوو پێشمەرگەکان نانی باشیان نەخواردبوو هەر ترێ و ناوساجی و هەویریان دەخوارد، پێشمەرگەکان لە بناری کارۆخەوە دابەزینە سەرکانی قولەتێن، سەربازەکان لە سەر کانیەکە خواردنێکی زۆریان درووست کردبوو جێیان هێشتبوو تا ڕۆژی دوایی بێنەوەو لە سەر کانیەکە بیخۆن.

مەنجەڵەکان بەردیان لە سەر دانرابوو، کاک ڕەحمان وتی نابێت بیخۆن نەک دەرمانیان تێکردبێت، نەهرۆ وتی بشمرم هەر دەیخۆم، خواردنەکە شلەو برنج بوو بۆ ئەو دەمە خواردنێکی شاهانە بوو بۆ پێشمەرگە، پێشمەرگەکان خواردنەکەیان خواردو هیچ ڕووینەدا.

سەرچاوەی خواردن و خۆراکی پێشمەرگە هەر ئەو خواردنانە بوون کە لە چۆڵکردنی دێیەکان بەجێمابوون.

## مێش هەنگ

مێش هەنگەکانی مام شێخە لە سەر جۆگەی دەشوان بوو سەربازەکان دەهاتن هەنگەکانیان دەخستە ئـاوەوە تا هەنگەکان بـڕۆن و هەنگوینەکە بمێنێتەوە، هەنگوینەکانیان دەبرد، هەندێ جار پێشمەرگەش سوودیان لەو مێش هەنگانە دەبینی.

پارتیزانەکانی کارۆخ هەر چوار دەووریان گیرابوو دەرفەتی خۆ ڕزگار کردنیان کەم بـوو، هێزەکانی دوژمـن لە گۆجاڕەوە دەهاتنە ناو مەکێ، گوێزیان دەبرد، تاڵانیان دەکرد میوەی دارەکانیان دەڕنی. ڕەحمانی حاجی خدر هەموو هێزەکەی کۆکردەوە تا ڕێگایەک بدۆزنەوەو لە کارۆخ ڕزگاریان بێت، عەبدەو ئیسماعیل و شێخ محەمەدو عەلی بە نیازی دۆزینەوەی ڕێگەیەک ڕۆیشتن، لە ناو میشەفایە هەندێک کولێرەیان کردتا خۆراکی دوو شەویان پێبێ.

دەرەداسن و جادەی گەوانە و بەری ڕەشیان سەربازگەی لێبوو کاتژمێر (١٠)ی شەو گەیشتنە زێی چۆمانێ تووشی کەمینی سەربازی بوون، دەنگیاندان و تەقەیان

[35] قولەتێن جۆگەیەکە لە کوێستانی مەکێ حەوزێکیان لە سەر دروست کردبوو ئاوێکی سارد بوو، بەردە نوێژو تاتە نوێژی لێبوو، پێش ئەوەی ناوچەکە چۆڵ بکرێت، ئێواران خەڵکی لێ دادەنیشت، شەنگە بیەک لە سەر جۆگەو کانیەکە بوو، سێبەرێکی ناوازەی هەبوو.

لێکردن، شێخ محەمەد و ئیسماعیل گەڕانەوە کارۆخ عەبدەو عەلی مانەوە، (بێتەل) ێکی کۆڵە پشتی بچووکیان پێبوو، جفرەیان پێبوو لە دۆڵە ڕەقە تا دۆڵی شاوریێ، ناوی دێ و ڕێگەو دۆڵ و شاخ و چیاکان ژمارەیان بۆ دانابوو.

عەبدەو عەلی لە زێی چۆمانێ[٣٦] کاتژمێر مانەوە چاودێری ناوچەکەیان دەکرد، هێزەکانی دوژمن لە بن ڕەبییەکانی کەندووی گەورەو قۆپی ڕەشکان کەمینیان دانا بوو چاویان لێبوو کەمینەکەیان هەڵگرت و گەڕانەوە ڕەبییەکان، عەبدەو عەلی تا ئێوارە لە نێو لێڕەواری زینووی چۆمانێ خۆیان پەنادا، ئێوارە چاویان لێبوو سەربازەکان لە ڕەبییەکان هاتنە دەر کەمین دانێن، بە نێوان کاک عەبدەو عەلی دا تێپەڕین.

عەبدەو عەلی لە جادەی گەوان پەڕینەوە، ئێڤایەکی سەربازی بە بەردەمیاندا تێپەڕی، چوونە قۆپی سەری بارێ بۆ سەر کانی مەلا برایمی، پشوویەکیانداو لەوێ مانەوە نەیانتوانی بچنە دیوی دۆڵە ڕەقە و گۆڕە بۆتێ، چونکە ڕەبییەی سەربازی لێبوو، عەبدەو عەلی (بێتەل) یان کردەوەو قسەیان لە گەڵ ڕەحمان وەرتی کرد وتیان لە سەر ئاوی مەلا برایمین، ڕەحمان وتی بە هیچ شێوەیەک لەوێ نەمێننەوە ئاشکرا دەبن.

ئەو شەوە لە سەر کانی مەلا برایمی لە قۆپی سەری بارێ مانەوە، کاتژمێر (٩) ی بەیانی جارێکیتر (بێتەل)یان کردەوە قسەیان لە گەڵ کاک ڕەحمان کردوو وتیان لە ئاوی مەلا برایمین ڕەحمانی حاجی خدر وتبووی دوو مەڕم خێر بێت هیچیان لێنەیەت، عەلی و عەبدە لە ناو پەرچەشنێکدا مانەوە[٣٧].

شەوەکەی پەڕینەوە چوونە دیوی گۆڕە بۆتێ لەوێشەوە بەرەو دۆڵە ڕەقە ڕۆیشتن لە سەر ئاوی شوانۆکان مانەوە تا ڕۆژهەڵات.

---

٣٦ مێش هەنگەکانی مام شێخە لە سەر جۆگەی دەشوان بوو سەربازەکان دەهاتن هەنگەکانیان دەخستە ئاوەوە تا هەنگەکان بڕۆن و هەنگوینەکە بمێنێتەوە، هەنگوینەکانیان دەبرد، هەندێ جار پێشمەرگەش سوودیان لەو مێش هەنگانە دەبینی.
پارتیزانەکانی کارۆخ هەر چوار دەووریان گیرابوو دەرفەتی خۆ ڕزگار کردنیان کەم بوو، هێزەکانی دوژمن لە گۆجارەوە دەهاتنە ناو مەکێ، گوێزیان دەبرد، تالانیان دەکرد میوەی دارەکانیان دەڕنی.
٣٧ پەرچەشن بە داری گەورەو باڵا بڵند دەڵێن، ئەو دارانە باڵایان سێ مەتر دەبێت، بە یەکاچوون و چڕو پڕن.

بەهادین خزمی عەبدەو ڕەحمانی حاجی خدر بوو لە ڕانیە دادەنیشت، پیاوێکی کورد پەروەر بوو هەندێک چەکداری حکومەت دۆستی بوون ڕەبیەکانیان لە دۆڵی ساوسێکان بوو، بەهادین محەمەدی حاجی خدری نۆریَ و زاهیری ناردبووە کارۆخ تا هەواڵی ڕەحمان وەرتی بزانن، حەمەدەمین بۆلیَ و ڕەمەزان محەمەدی حاجی خدرو زاهیر وەرتیان بردبوو تا بیانگەیەننە هەڵەموونەد، محەمەدو زاهیر لە گەڵ چەکدارەکانی حەمەدەمین بۆلیَ هاتبوونە هەڵەموونەد تا شەو بە سەردا هاتبوو بە گۆجاڕیَ دا هاتبوونە (مەکیَ) زانیبوویان پێشمەرگەکان دێنە سەر کانی بەردە سووری بۆ ئاو بردن، ئەوانیش چووبوونە سەر کانیەکە و سڵاویان لە پێشمەرگەکان کرد دوای یەکتر ناسین بردیاننە لای کاک ڕەحمان لە چیای کارۆخ، محەمەدو زاهیر هاتبوون تا لە ڕێگەی

حەمەدەمین بۆلیَ کە چەکداری ڕژێم بوو بەڵام پیاوێکی نیشتمان پەروەرو دۆستی پێشمەرگە بوو پێشمەرگەکان لە کارۆخ ڕزگار بکەن.

ڕەحمانی حاجی خدر لە کارۆخ کۆبوونەوەی بە پێشمەرگەکان کرد، پێیووتن ئێمە دەچینە لای ئەو چەکدارانە تا ڕێگەیەکمان بۆ بدۆزنەوە لە کارۆخ دەربازمان بێت ڕەنگە خواردنی زۆریان درووست کردبێت سفرەیان ڕازاندبێتەوە، فەرمووومان لێبکەن بۆ سەر سفرە بەڵام کەستان نەچنە سەر سفرە بۆ نان خواردن، هەر یەکەو لە پەنا بەردێک بن خواردنتان بۆ دەهێنن.

حەمەدەمین بۆلیَ و چەکدارەکانی کەمینیان دەرکردبوو تا پشتی کارۆخ بۆ ئەوەی پێشمەرگەکان بە سەلامەتی بگەنە لایان، کە پێشمەرگەکان گەیشتن سفرەیەکی گەورەیان ڕاخستبوو زۆر ڕێزیان لێگرتن، پێشمەرگەکان نەچوونە سەر سفرە هەر یەکەی بابۆڵەیەکیان بۆ کردن، پێشمەرگەکان لەوە دەترسان لە سەر سفرە کۆببنەوەو پەلامار بدرێن، هەر چەندە چەکدارەکان دڵسۆزو خاوەن بەڵێن بوون بەڵام ڕەحمانی حاجی خدر هەموو ئەگەرێکی لە بەر چاو گرتبوو، حەمەدەمین بۆلیَ بە ڕەحمانی حاجی خدری ووتبوو لەوە دەترسم پێشمەرگەیەکتان تەسلیم بێتەوەو ماڵم کاول بکات، ڕەحمان وتبووی ئەوانە هەمووی خزمی خۆمن تەسلیم نابنەوە،

دوای نان خواردن و پشوودان بە چاوساغی حەمەدەمین بۆلێ هێزەکە بەڕێکەوتن.

مەولودی حاجی ئەحمەدی وەرتێ هەموو ئێوارەیەک لە سەر (کەڵە کرۆسک) ئاگرێکی گەورەی دەکردەوە قۆریەکی گەورەی بەر ئاگر دەناو چای دەخواردەوە پێشمەرگەکان ئاگرەکەیان بەدیکرد، گەیشتنە لای مەولودوو فەرموی لێکردن دانیشن و چایەک بخۆنەوە، ئازاد وەرتێ پێیوت ئێمە فەوجێکین لە کۆدێ هاتووین ئۆتۆمبێلمان بۆ هاتۆتە بۆتێ و دەڕۆینەوە، هێزەکە لە مەولود تێپەڕ بوون و گەیشتنە بەردانگێ، نەهرۆ لە کارۆخەوە تاکێ پێڵاوی لە پێدا نەمابوو هەتا گەیشتە بەردانگێ، دەیویست بە پەت بیبەستێ بەڵام نەدەبەسترا.

لە بەردانگێ پێشمەرگە دابەشبوون بە سەرماڵەکاندا خەڵک هێندە تامەزرۆی پێشمەرگە بوون لە ئامێزیان دەگرتن خزمەتی زۆریانکردن نانی باشیان بۆ درووستکردن، جلەکانیان بۆ شتن لە سەر چاوانیان دانان.

عەبدە و عەلی بێ ئاگا بوون لەوەی پێشمەرگەکان ڕزگاریان بووە بەڕێگەوە بوون تا بگەنە جێ و چارەیەک بۆ پێشمەرگەکان بدۆزنەوە، لە دۆڵە ڕەقە چوونە ماڵی مام محەمەد نان و چایان خوارد کاک عەبدە لە ماڵەکە هاتە دەر لە ڕێی (بێتەل) ەوە قسەی لە گەڵ ڕەحمانی حاجی خدر کردو وتی لە دۆڵە ڕەقەین هەواڵی مردنی زڕ دایکەکەی بە ڕەحمان گەیاند، ڕەحمان وتی دەزانم هەواڵم هەیە، عەبدە وتی هەواڵت لە کوێ پێگەیشت، ڕەحمان بە عەبدەی وت بچۆرە نۆرە تا ئێمەش دێین لەوێ هەموویت بۆ باسدەکەم، عەبدەو عەلی بەڕێکەوتن و لە نۆرە یەکیانگرتەوە.

حەسەن کوێستانی و هاوڕێکانی لە بەنی خەتێ لە دیوی خۆشناوان مابوونەوە دواتر چووبوونە باسکی بن هەوساری لە چیای کارۆخ، ڕەحمانی حاجی خدر کاک عەبدەو برایمە سووری دەلالانی ناردە لایان، لە نۆرێوە تاساوسێکان لە گەڵ چەکدارەکانی حەمەدەمین بۆلێ ڕۆیشتن، پێداویستیان بۆ بردبوون کە گەیشتنە لای حەسەن کوێستانی بەتانیەکی لە خۆی هالاندبوو لە چاڵە بەفرێک بوون، پاترییەکیان بۆ بردبوون بۆ (بێتەل)ەکەیان، دوای پشوویەکی کورت گەڕانەوە نۆرێ.

## چـــــالاکی مــــــــەکێ

پێشمەرگەکان لە نۆرێ مانەوە، ماوەیەک پشوویاندا، مۆڵگەو ڕەبیەکانی بناری کارۆخ و مەکێ و وەرتێ لە کزیدا بوو، هێزەکانی دوژمن بەشێکیان کشابوونەوە هێزێکی کەمی لێبوو، (١٢) پێشمەرگە لە پارتیزانەکانی کارۆخ گەڕانەوە کوێستانی مەکێ، شەو لە مەکێ مانەوە بە سەرە پاسەوانیان دەکرد، کاتژمێر (١٠)ی پێشنیوەڕۆ عەبدەو کاکە پاسەوان بوون تەماشایان کرد (٤) سەرباز هاتنە ناو (مەکێ) بەرەو شوێنی پێشمەرگەکان دەهاتن عەبدە بە کاکەی ووت ئێمە بۆ چالاکی هاتووین ئەوە خۆیان هاتنە بەردەستمان، کاکە بە عەبدەی ووت با برادەران ئاگادار بکەینەوە عەبدە ووتی تا برادەران ئاگادار دەکەینەوە ڕەنگە سەربازەکان بگەڕێنەوە، عەبدەو کاکە داگەڕانە ناو مەکێ بن گوێز بە بن گوێز بە دوایانەوە بوون تا گەیشتنە شوێنێکی بەرتەنگ، ڕێگایەک بوو پیایدا دەگەڕانەوە، پێش ئەوەی سەربازەکان بگەڕێنەوە عەبدەو کاکە بۆسەیان بۆ دانان، سەربازەکان گەڕانەوە کەوتنە نێوان عەبدەو کاکە میلیتفەنگیان لێ ڕاکێشان، سەربازەکان دەستیان بەرز کردەوە کاکە عەرەبی دەزانی قسەی لەگەڵکردن، سەربازێکیان ڕایکرد بەڵام چەکی پێنەبوو تەنیا دوو کەسیان چەکیان پێبوو چەکەکانیان فڕێداو عەبدەو کاکە هەڵیانگرتنەوە، سەربازە ڕاکردووەکە (٢٠٠) مەترێک دوورکەوتبووەوە عەبدە دوایکەوت و گەیشتە سەری و لە دواوە نیتاقەکەی گرت دای بە زەویدا و هێنایەوە لای سەربازەکانیتر، عەبدەو کاکە سەربازەکانیان پێش خۆیاندا بۆ لای پێشمەرگەکانیتر، پێشمەرگەکان دایان لە میلی تفەنگ، خۆیاندا بە زەویداو سەنگەریان گرت، هاواریانکرد لێیاندەن، عەبدە بانگیکردن تەقە مەکەن خۆمانین.

کاتژمێر لە (١١) لایدابوو، سەربازەکان ووتیان ئەگەر تا کاتژمێر (١٢) نەگەڕێینەوە هێزمان بۆ دەنێرن و دێن بە دواماندا، هێزەکە خۆیان کۆکردەوە بوونە دوو ڕەتڵ سەربازەکانیان لە گەڵ خۆیاندا برد، ژمارەیەک هاوولاتی هاتبوونەوە مەکێ ئەوانیشیان ئاگادار کردەوە مەکێ جێبهێڵن، ڕەتڵێک بە گەرووی مەڕانەدا چوونە گەرووی جاترەی[38] ڕەتڵێکیش چوونە کەوەتەی، سەربازەکان هەر دوانیان لای ڕەتڵێک بوون.

---

[38] گەروی جاترە شوێنێکە لە چیای کارۆخ جاترەی لێ دەڕوێت ڕێگایەکی تیایە لە گەلێ بیتواتیان دەتوانی بچیتە سەر چیای کارۆخ.

مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٨ پایزێکی درەنگ وەخت بوو، هەر دوو ڕەتڵەکە لە بناری کارۆخ بوون بڕیاریان دابوو ئەگەر هێزی دوژمن کێوماڵ بکات تا دنیا تاریک دادێت شەڕیان لە گەڵدا بکەن، ئاسمانی ناوچەکە پەڵە هەوری پێوە نەبوو، دوو کاتژمێر تێنەپەڕیبوو ئاسمان پەڵە هەورێکی ڕەش داپۆشی، گەواڵە هەورەکان یەکتر بڕبوون بەر یەکتری دەکەوتن و ڕەشتر دەبوون، ئاسمان تەواو ڕەش داگەڕا، هەورەکان وا چڕ بوون بوونە ڕەشاییەکی ئەستوور بە سەر سەری کارۆخەوە، هێندەی نەبرد کەوتنە گرمەو ناڵە و برووسکەی هەورەکان لە بەردوو ڕووتەنی کارۆخی دەدا لە گەڵ خۆیدا بارانێکی خوڕەم دایکرد تەموو مژ کارۆخ و مەکێی داپۆشی، هەورەکان هێند نزم بوون دەتووت دابەزیوونە سەر زەوی و دەیانەوێ سەروو پەرچەمی خۆڵاوی کارۆخ و درەختە شەنگەکانی مەکێ بشۆنەوە، کاتژمێر بووە (١٢) ی نیوەڕۆ دەنگی تەقە هاتە گوێ، هێزەکانی دوژمن هاتبوونە مەکێ بە دوای سەربازەکاندا دەگەڕان، پێشمەرگەکان لە چاوەڕوانی شەودا بوون، سەربازەکانیان بە تاشە بەردەکانی کارۆخ سپارد لە نێو تەموو مژی کوێستانی مەکێ و کارۆخدا بوونە تەرم بوونە چوار لاشەی ساردبووەوەی سەر تاشە بەردەکانی کارۆخ شەو داهات پێشمەرگەکان بە بناری کارۆخدا چوونەوە گەرووی مەنجەڵ و دیوی بێترخە لەوێشەوە بۆ دۆڵی شاورێ.

پێشمەرگەکان گەیشتنە دۆڵی شاورێ نەیانتوانی بگەنەوە (گوڵان) ناوچەی دۆڵی شاورێ لێڕو دارستانە لە نێو لێڕەوارەکاندا خۆیان پەنادا تا تاریک دادێت هەر چوار پێشمەرگەو لە پەنایەکدا بوون تا ئێوارە دادێ.

لە بن گابەردێک ئاوی لێبوو عەبدەو عەلی و دوو پێشمەرگەیتری لێمانەوە، عەبدە چووە لای ئاوەکە گۆرەوی بشوات لە سەر کانی و ئاوەکە گۆرەویەکەی جێهێشتبوو چوونە بن گابەردەکە دانیشتن، دنیا ڕووناک ببوەوە لە کەڵەکرۆسکێ ڕەبیەی جاشی لێبوو، ئێوارەکەی دوو جاش هاتبوون داویان دانابوو بۆ ڕاوەکەو، کاتژمێر (٨)ی بەیانی دوو چەکدار هاتنە سەر ئاوەکە، عەبدە بە خەبەر بوو سێ پێشمەرگەکەیتر خەوتبوون جاشەکان چوونە سەر گۆرەویەکان قسەیان دەکرد،

پێشمەرگەکان گوێیان لێیانبوو، جاشەکان سەرقاڵی داوەکان بوون کترییەکیان پێبوو پڕیان کرد لە ئاو دەیانویست بچنە بن ئەو بەردەی پێشمەرگەکانی لێبوو چا لێبنێن.

عەبدە عەلی خەبەر کردەوەو وتی هەستە دوو چەکدار هاتن، جاشەکان بەرەو لای ئەوان ڕۆیشتن عەبدەو عەلی تفەنگیان لێڕاکێشان ووتیان نەجوڵێن دەتانکوژین، یەکێکیان خەریک بوو ڕاکات عەبدە وتی ڕابکەیت دەتکوژم، هەر دوو جاشەکە چەکەکانیان دانا، نەیانهێشت بڕۆن تا ئێوارە، جاشەکان نان و خواردنیان پێبوو پێشمەرگەکان بێ نان و برسی بوون، چایان پێلێنان و نان و پێخۆری جاشەکانیان خوارد، لە گەڵ جاشەکان کەوتنە قسە، چەکدارێکیان ووتی گەر نەمانکوژن چیتان دەوێت بۆتان دەکەین، عەبدە ووتی چیمان بۆ دەکەیت دەتوانی بمانپەڕێنیتەوە بەری قەندیل، جاشەکە وتی ئەوەم پێناکرێت، ووتیان دەتوانی بچیت نان و خواردنمان بۆ بێنی وتی بەڵێ چیتان دەوێت بۆتان دێنم، جاشەکەیان نارد خواردنیان بۆ بێنێ بەڵام جاشەکەی تریان گلدایەوە لای خۆیان ووتیان باسمان نەکەیت پێش جەیش و جاش بکەویت ئێمە خۆمان تەسلیم ناکەین پێش هەر کەسێک تۆ دەکوژرێیت، جاشەکە ڕۆیشت و گەڕایەوە نان و خواردنی زۆری بۆ هێنان تا ئێوارە هێشتیاننەوە، ئێوارە چەکەکانیان دانەوەو ئازادیانکردن.

## کـــــاکەی شـــــۆڕێ

لە سەرەتای مانەوەی هێزەکە لە بناری کارۆخ پێشمەرگەکان بە سەر چەند ئەشکەوتێکدا دابەش بوون، کاکەی شۆڕێ لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەک لە ئەشکەوتێک بوون، کارۆخ ورچی زۆری هەبوو هاتبوونە دەورووبەری ئەشکەوتەکە، ورچێک چووبووە بەردەمی ئەشکەوتەکە، کاکەی شۆڕێ جوابی ناردبوو بە ڕەحمانی حاجی خدر بڵێن بێت ڕزگارم بکات ورچ خواردمی کاک ڕەحمان پێشمەرگەی ناردبوو حەبلیان لە ناوقەدی کاکەی شۆڕێ بەستبوو هەڵیان کێشا بووە سەرەوە.

## شـــــەڕی ڕەژی کـــــــەریان[39]

دوای پانزە ڕۆژ لە بەدیلگرتنی (٤) سەربازەکە پێشمەرگەکان هاتنە ڕەژی کەریان، بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا، ئیڤایەک و جیێب قیادەیەک کەوتنە بۆسەکەوە، ژمارەیەکیان لێکوژرا، دوژمن لە حافیزو خانەقاوە هات بە فریای ئیڤاو جیێب قیادەکەوە، پێشمەرگەکانیش هاتنە گەڵی (کەڵێتە) و چوونە کارۆخ لەوێشەوە گەڕانەوە دۆڵی شاوریێ. بە دۆڵە بەفرەدا ڕۆیشتنە قاسمە ڕەش ١٩٨٩/١/٣ گەڕانەوە بارەگاکانی سەرکردایەتی و پێشوازی گەرمیان لێکرا.

**لە گەڕانەوەدا ئەم تێکۆشەرانە لە گەڵ هێزەکە مابوونەوە:**

١- ڕەحمان حاجی خدر وەرتی لێپرسراو
٢- ئازاد ئەحمەد وەرتی
٣- ئیسماعیل حەمەد مام کاک
٤- ئیسماعیل حەسەن ئیسماعیل
٥- عەبدوڵڕەحمان ئیبراهیم مامە (کاکە عەبدە)
٦- حەسەن عومەر عەلی
٧- عەلی حاجی هەمزە
٨- ئازاد عەبدوڵڵا تەها
٩- مستەفا عەبدوڵڵا تەها
١٠- ڕەسوڵ عەبدوڵڵا تەها
١١- کاکە حسێن حسێن
١٢- مەلا ئەحمەد
١٣- ئیسماعیل مەلا محەمەد
١٤- ئیبراهیم وسوو
١٥- حەمەدەمین محەمەد حەمەد
١٦- محەمەد حەمەد حەسەن

[39] ڕەژی کەریان یان ڕەژوکەران واتە ئەوانەی خەڵوز دروست دەکەن، ڕەژی کەریان دەکەوێتە پێش خانەقا.

١٧- عەبدوڵڵا ڕەسوڵ مستەفا (شۆڕش چۆمانی)
١٨- خالید عوسمان محەمەد
١٩- شاڵاو عەزیز حەمەد
٢٠- حسێن حسێن ئەحمەد (کاکە شۆرەیی)
٢١- سلیمان بایەزید محەمەد
٢٢- کەریم ئیبراهیم حەمەد
٢٣- شاسوار حاجی کەریم
٢٤- عەبدوڵڵا حسێن عەبدوڵڵا
٢٥- عەبدوڵڵا تەها ئەمین
٢٦- عەبدوڵڵا سەعید ساڵح
٢٧- حەسەن حسێن محەمەد
٢٨- عەبدولقادر محەمەد عەبدولقادر
٢٩- محەمەد فارس محەمەد
٣٠- عومەر حاجی ڕەشید
٣١- ڕەمەزان ئەحمەد ڕەسوڵ
٣٢- حەمەدەمین حەمەدەمین عەلی

## مـــــەفرەزەی عـــــوسمان بـــــچکۆل سێ

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی عوسمان بچکۆل لە دوای ئەنفال و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بە پارتیزانی مانەوە.

(مانگی ١٩٨٨/٩ بۆ مانگی ١٩٨٩/٣)

عوسمان بچکۆل فەرماندەی مەفرەزە

خدر ئەستێرۆکەیی

شوان عەبدوڵڵا

حەمە سوور

سەید ڕەسو
محەمەد ئیسماعیل
هاوڕێ باپیر- کادر
سلێمان ئیبراهیم
حەسەن قرشە

مەفرەزەکە لە خۆشناوەتی دەچوونە دۆڵە ڕەقە، پشدرە ڕەقە، بێتەلێکی ڕاکاڵیان پێبوو لە سەر شاخی کێوەڕەش لە ئەشکەوتێکدا دایاننا بوو، شەوانە دادەبەزینە ئاوەدانی نان و پێداویستیان دەبرد، زانیاری ناو شاریان کۆدەکردەوە بەیانییەکەی سەردەکەوتنەوە سەر شاخی کێوەڕەش لە ناو ئەشکەوتی ڕۆژودا دەمانەوە، بارەگایەکی بچکۆلەیان لە ناو ئەشکەوتەکەدا درووست کردبوو.

لە ڕێگەی بێتەلی ڕاکاڵەوە پەیوەندییان لە گەڵ سەرکردایەتی هەبوو ڕۆژانە قسەیان لە گەڵ دەکردن.

## مـــــــەفرەزەی دووەم
## کـــــۆتایی ســــاڵی 1990

کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ مەفرەزەی عوسمان بچکۆل بۆ دووەم جار هاتنە خوارەوە:

- عوسمان بچکۆل فەرماندەی مەفرەزە
- سلێمان ئیبراهیم
- حەمە سوور
- محمد ئیسماعیل
- خدر ئەستێرۆکەیی
- سەید ڕەسو

مەفرەزەکە هاتنە ناوچەی دۆڵە ڕەقە بەفر زۆر کەوتبوو دەرچوونی سەربازی هەبوو شەوێک لە گوڵان لە ماڵی مام حەسەن بوون ڕۆژەکەی لەوێمانەوە کە نانی ئێوارەیان خـوارد لـەوێ ڕۆیشتن، هـەر ١٥٠ مەتر لە ماڵی مـام حەسەن دوورکەوتبوونەوە لە جادە پەڕینەوە ئار بی جی لەو ژورە درا کە ئەوانی تیا بوون مام حەسەن و کوڕێکی بریندار بوون.

بـەردەوام سـەربازو جاش بە ناوچەکەدا دەگـەڕان کابرایەک پارتی بـوو لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە داوای کردبوو پەیوەندییان پێوە بکات، عوسمان بچکۆل ڕەتیکردەوە ببیینێ ڕێکخستنەکان وتیان وازی لە پارتی هێناوەو بووەتە یەکێتی.

ژوانێکیان بۆ دانا لە جێگەیەک ببینن، مەحموودە ڕەش جێگۆڕکێی بە مەفرەزەکان دەکرد عوسمان بچکۆل پێیووت ئەو شوێنەی دیاریمان کردووە ناچینە ئەوێ دەچینە شوێنێکیتر.

کاتژمێر ٨ی بەیانی ژوانیان بوو لە دوورەوە چاوەڕێبوون ئەو کەسە بێت لە جیاتی هاتنی کەسەکە سەربازو جاش دەوری ماڵەکەیانگرت، باش بوو پێشمەرگەکان لەوێنەبوون لە ڕێگای سەروچاوە پەڕینەوە عوسمان بچکۆل گوللەیەکی بەرکەوت.

## مانگی (1)ی 1991

نەوشیروان مستەفا برووسکەی بۆ عوسمان بچکۆل کرد بە پەلە بگەڕێنەوە سەرکردایەتی، سێ ڕۆژ مۆڵەتیان دایە بچێتەوە لای ماڵ و منالی و دواتر بگەڕێتەوە (مین)ەکانی ڕێگای ڕەزگەو مارەدوو هەڵگرنەوەو ڕێگا بکەنەوە.

چوار پێنج شەو سەرقاڵی هەڵگرتنەوەی مینەکان بوون، ڕێگەیان کردەوە تا ڕەبییەی پیر سوار دواتر مەفرەزەکانیان هێنایە خوارەوە بۆ ڕاپەڕین.

## مەفرەزەی مستەفا عەبدوڵڵا
## 1989/6/18
## چوار

لە سەر بڕیارو ڕاسپاردەی سەرکردایەتی (ی ن ک) و حەسەن کوێستانی مەفرەزەیەک بە سەرپەرشتی مستەفا عەبدوڵڵا تەها لە ١٩٨٩/٦/١٨ هاتنە خوارەوە بۆ دۆڵێ.

**مەفرەزەکە پێکهاتبوون لە:**

١- مستەفا عەبدوڵڵا تەها فەرماندەی مەفرەزە
٢- مەلا حەمەدەمین محەمەد شەروێتی
٣- قوربانی حاجی عەبدوڵڵا (قوربانی نوری)
٤- شێخ محەمەدی پڵنگان (کێوە ڕەش)
٥- محەمەد حەمە حەسەن (حەمە بچکۆل) خەڵکی دەلالان
٦- حسێن محەمەد (کاکە)
٧- ئیبراهیم ئەحمەد ئیبراهیم (چالاک)
٨- عوسمان حاجی مستەفا (جوتیار) خەڵکی قەلا سەیدە
٩- ڕەسوڵ عەبدوڵڵا تەها
١٠- قاسمی حاجی خالی وەرتی

مەفرەزەکە نامەیەکی حەسەن کوێستانییان پێبوو بۆ حزبی دیموکرات تا هاوکارییان بکەن، بارەگای حزبی دیموکرات – قاسملو لە لێوژێ بوون هاوکاری

زۆریانکردن لە گەڵیان چوونە گەڵی لێوژێ خواردن و جلوبەرگیان بۆ هێنان مستەفا بە جلووبەرگی حزبی دیموکراتەوە چووە نزیک ڕەبییەی سەربازی ڕێگەکەیان پشکنی شوێن کەمینەکەیان بینی کە شەو داهات بەو ڕێگەیەدا هاتنە بێرمکەو دۆڵە ڕەقە.

لە نۆرە بارەگای حزبی دیموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ جەلیل گادانی لێبوو، مەفرەزەکە چوونە بارەگاکەیان، سەلیمە سوور لێپرسراوی پەیوەندییەکانیان هات ووتی ئێوە کێن، ووتیان پێشمەرگەی یەکێتین، سەلیم ووتی ئێوە دۆستی ئێمە نین پشتیوانی لە حزبی دیموکرات دەکەن، مستەفا بە سەلیمی ووت ئێمە پێویستمان بە دوو نانە ئەو پەیوەندییانە سەرکردایەتی لێی بەرپرسیارە.

ئێمە پێویستمان بە هاوکارییە تا دەستمان دەگاتە ڕێکخستنەکانمان، هاوکاریمان دەکەن هەر برای گەورەن نایکەن هەر برای گەورەن، سەلیم ووتی وەکو دۆست نایکەین بەڵام وەکو میوان بەخێر بێن.

حزبی دیموکرات خێوەتێکی گەورەیان لە سەیدە بۆ چۆڵکردن خزمەتی زۆریانکردن هەموو نیوەڕوان گۆشتی بەرخیان دەدانێ.

ڕۆژێک ووڕە ووڕی مودەڕەعە دەهات پێشمەرگەکان خۆیان پێچایەوە، پێشمەرگەیەکی دیموکرات هات ووتی خۆتان سڵ مەکەن ئەوە قائیدە شێتەیە دەعوەتی جەلیل گادانییە.

مستەفا ناردی بۆ شار ڕێکخستن و خزم و دۆست هاتن بۆ لایان، لیستێکی خواردنیان بۆ کردن بۆیان هێنان بۆ ئەشکەوتێک لە دۆڵەڕەقە خواردن و پێداویستیان بۆ هێنانە ئەشکەوتەکە.

مەفرەزەکە خێوەتەکەی حزبی دیموکراتیان بەجێهێشت، حزبی دیموکرات داوایان لە مستەفا کرد لە کاتی گەڕانەوەدا شەش پێشمەرگەیان تا شێخ شەرۆو دۆڵەنێ بۆ بەرن، مستەفا بەڵێنەکەی بردە سەر بەڵام پێشمەرگەکانی دیموکرات ئامادە نەبوون لەو کاتەدا.

هێزی دوژمن دەهاتە نۆرە، مەفرەزەکە دەچوونە پشتی دۆڵە ڕەقە، کە دوژمن دەهاتە دۆڵە ڕەقە ئەمان دەهاتنە سەر جادە، مەفرەزەکە لە ١٩٨٩/٦/١٨ هاتنە خوارەوە لە مانگی «١٢» گەڕانەوە سەرکردایەتی.

(جاری دووەم)

لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٩٠ مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی مستەفا عەبدوڵڵا تەها جارێکیتر هاتنە خوارەوە بۆ دۆڵە ڕەقە، ئەمجارەیان نامەیان بۆ خەڵک و کەسایەتی و ڕێکخستنەکان هێنابوو.

مەفرەزەکە پێکهاتبوون لە:

١- مستەفا عەبدوڵڵا تەها فەرماندەی مەفرەزە
٢- شێخ نەبەز حسێن عەبدولقادر (شێخ نەبەز)
٣- شالاوی مام حایز خەڵکی باڵەکایەتی
٤- ڕەسوڵ عەبدوڵڵا تەها
٥- ئیبراهیم ئەحمەد ئیبراهیم (چالاک)
٦- مەلا حەمەدەمین محەمەد
٧- سابیر وەسمان خدر (سابیر وەرتی)
٨- عوسمان مستەفا عوسمان (جووتیار)



ی.ن.ک

بۆ/ مەڵبەندی سێی

نووسینگەی ڕاگەیاندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان / بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

هەڤاڵی تێکۆشەرمان کاک سەرمەد عبدالرحمن ئەندامی [illegible]

تیپی ٧٨ [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] بەرەو پێشەوە

[illegible] [illegible] هێزی پێشمەرگەکانیان [illegible] [illegible] [illegible] پێشمەرگەکانی

[illegible] پێویستە [illegible] هاوکاری و [illegible] بکەن و [illegible]

[illegible] ئاگادارمان بکەنەوە . و [illegible] .

لەگەڵ ڕێزدا

١٩٨٩/٦/١٨

# شـــــەڕی شـــــێخان
# 1990/8/20
# پێنج

مەفرەزەیەک هاتنە خـوارەوە بۆ کاری پێشمەرگانە لە گـەڕانـەوەدا تووشی بۆسەی دوژمن هاتن، مەفرەزەکە دوو جار هاتنە خوارەوە جاری یەکەم دوای ٢٧ ڕۆژ گەڕانەوە سەرکردایەتی بۆ جاری دووەم گەڕانەوە ناوچەکانی وەرتێ، دۆڵی شاورێ، ماوەی ١٧ ڕۆژ لە ئەشکەوتێکدا مانەوە لە گەڕانەوەیاندا بۆ قەندیل تووشی شەڕ بوون، کاتێک گەیشتنە کۆیلە جێگە پێی سەربازی دوژمن لە سەر ڕێگاکە دیار بوو بۆیە هەڵوێستەیانکرد.

مەفرەزەکە پێکهاتبوو لە سەید ساڵح، کاکە شێخ، ئازاد عەبدوڵڵا تەها، مام عەبدوڵڵا، ڕەسوڵ، حەسەن سۆفی، محەمەد سۆفی و ئامۆزایەکی.

مەفرەزەکە گەیشتنە سەر شێخان تەقە دەستپێکرد بۆسەکەی دوژمـن لە پێشمەرگەکانیاندا لە گەڵ یەکەم تەقە ڕەسوڵ پێشمەرگەی مەفرەزەکە شەهید بوو.

شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو هێزی دوژمندا دامەزرا مەفرەزەکە هەڵمەتیانبردە سەر هێزەکەی دوژمن، هێزەکەی دوژمن شکان و گەڕانەوە شوێنی خۆیان، لەو هەڵمەتەدا حەسەن سۆفی کادیری پێشکەوتووی یەکێتی شەهید بوو.

مەفرەزەکە بەرەو سەرەوە هەڵگەڕان و دامەزران تا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ شەڕ بەردەوام بوو پێشمەرگەکان فیشەکیان پێنەما، هەناسە نەما، تینوو برسییان بوو، ناوچەکە ئاگری گرتبوو تەرمی حەسەن سۆفی لە بەر چاویاندا دەسووتا.

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە قەندیلەوە هاتن بە هانایانەوە، بیکەیسییەک تەقەی لە دوژمن کرد، شەش پێشمەرگە هاتنە خوارەوە سەید ساڵح و محەمەد شاوری هەستان دوو سەربازیان کوشت چوونە سەر لاشەکانیان دوو کۆڵەپشتیان پێبوو ١٤ مەخزەن فیشەک و ٦ نارنجۆک و مەتارەی ئاوو بسکیتی تیا بوو.

موورادی حاجی کوێخا لە گەڵ هێزێک، برایمی ئەحمەد حسێن لە گەڵ هێزێکیتر هاتن بۆ پشتیوانی مەفرەزەکە.

لەو شەڕەدا ١٣ سەرباز کەوتنە بەردەستی پێشمەرگە و گوللەبارانکران، (٥) سەرباز دیل بوون.

عەبدوڵڵا حەمەد حسێن کەوتە دەست دوژمن سەید عەبدوڵڵا وون بوو، دواتر عەبدوڵڵا حەمەد حسێن لە سێدارەدرا.

دەستکەوت:

١ جیهازی ڕاکاڵ

٥ جیهازی کۆڵە پشت

١ هاوەنی ٦٠ ملم

٥ کلاشینکۆف

فیشەکێکی زۆر کەوتە دەست پێشمەرگە

قوربانی پێشمەرگە (٣) شەهید بوو:

١- شەهید ڕەسوڵ

٢- شەهید حەسەن سۆفی

٣- شەهید عەبدوڵڵا حەمەد حسێن

## حــــــەسەن ســــۆفی
## چــــیرۆکێکی حــــەزین- عەشــــقێکی نــــاکام

حەسەن سۆفی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان-ئێران خۆشەویستێکی هەبوو داخوازی کچەکەی کردبوو بەڵام دەبوو مەبلەغێک پارە بداتە دەزگیرانی کچەکە تاوەکو تەڵاقی بدات و حەسەن بیخوازێت چوونکە کچەکە دەزگیراندار بوو.

حەسەن لە هاتنە خـوارەوەدا ١٠٠٠ دیناری لە کەسووکاری کۆکردبووەوە بەدڵێکی پڕ لە عەشق و ئومێدەوە گەڕایەوە تا بە دڵخوازەکەی بگات، بەڵام مەرگ بواری نەدا عەشقێکی ناکامی بێ ئەنجام بە شەهید بوونی حەسەن سۆفی کۆتایی هات.

(ئێستاش ئابی هەمووساڵێک سەرشێخان سوور دەچێتەوە شەڵاڵ دەبێ لە خوێنی حەسەن سۆفیدا و برینەکەی دەکولێتەوە).

## نـــێوان کەشـــــك و چـــەکوچ

چوار پێشمەرگەی تیپی کوڕەک لە نێوان کەشک و چەکوچ لە دۆڵاییەکەدا بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا.

جاش و سەرباز لەو دۆڵەوە هاتووچۆیاندەکرد پێشمەرگەکانی تیپی کوڕەک بۆیان دامەزران لێیاندان و ١٦ جاش و سەرباز کوژران.

## مـــــەفرەزەی جـــــەلال حــــاجی
## شەش

جەلال حاجی و دەستەیەک پێشمەرگەی قارەمان لە دوای شالاوەکانی ئەنفال شکستیان بە شکست داو گەڕانەوە ناوچەکانی ڕەواندزو خەلیفان و چۆمان و هەریر، لە ماوەی پارتیزانیدا چەند جارێک دابەزینە ناوچەکانی ڕەواندزو خەلیفان و چۆمان و هەریرو ناوچەکانی دیکە لە جوولەو چالاکیدا بوون.

**جووڵەی یەکەم**

مەفرەزەیەکی تیپی ٨٣ی هەورێ بە فەرماندەیی جەلال حاجی لە ١٩٨٩/٧/١٦ لە دۆڵە کۆگە و گوێزێ بەڕێکەوتن بەرەو سنوورەکانی مەڵبەندی (٣) بە چیای چەکوش و سادرو تاتی دۆدا بەرەو شێخ ئایش و ناوچەکانی باڵەکایەتی هەنگاویان هەڵگرت.

لە ڕۆژی ١٩٨٩/١٠/١ لە دەورووبەری شارەکانی چۆمان، گەلاڵە، ڕەواندز، سۆران، خەلیفان، هەریر، دۆڵەکانی سەرکردایەتی، گرتگ و ڕۆست، دۆڵی ئاکۆیان و بالیسان و خۆشناوەتی و دەشتی هەریر لە جووڵە و گەڕاندا بوون، لە هەوڵی ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە دابڕاوەکان و ئەو کەسانەدا بوون کە بە هۆی شالاوەکانی ئەنفالەوە دێیەکانیان چۆڵ کردبوو لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان و شارو شارۆچکەکاندا گیرسابوونەوە، لەو ماوەیەدا توانیان بەشێکی زۆر لە خەڵکی شارو شارۆچکەکان ڕێکبخەنەوەو پەیامی بەردەوامی شۆڕش و (ی ن ک) یان پێبگەیەنن و هیواو ئومێدیان بۆ بگەڕێننەوەو بۆ خەباتێکی نوێ سازیان بدەن جووڵەو گەڕانی مەفرەزەکە لە ناوچەکە پڕ بوون لە یادگاری خۆش و ناخۆش، تاڵ و شیرین.

**(١)**

+ مەفرەزەکە لە گەڕاندا بوون بە ناوچەکاندا لە نزیک دێی سەکران کەوتنە ناو کێڵگەیەکی (مین) کە لە شەڕی عێراق ئێراندا چێنرابوون، هەر چوار دەووریان مینی جۆری ڤالمارای فەرەنسی بوو، جەلال حاجی فەرمانی بە پێشمەرگەکان کرد لە شوێنی خۆیان نەجووڵێن پێشمەرگەیەکیان لە گەڵ بوو ناوی سەعدەدین بوو خولی هەڵگرتنەوەی مینی لە زەڵێ بینیبوو، هەر کە دەگەڕایەوە مقەڕ باسی جۆرەکانی

مینی بۆ دەکردن، جەلال حاجی پێیوت دەی سەعدەدین گێژت کردبووین هێندەت زانیاری لە سەر هەڵگرتنەوەی مین بۆ باسکردین فەرموو ئێستا دەربازمان بکە، سەعدەدین بزەیەکی کردوو وتی هاوڕێیان خۆتان مشەوەش مەکەن ئێستا چارەی دەکەم ڕووی کردە جەلال حاجی و پێیووت دەرنەفیزێک و پلایسێکم بۆ پەیدا بکە ئێستا زۆر ئاسانە، جەلال حاجی توڕە بوو هاواری کرد بە سەریداو وتی عەمری خۆت و دەورەکەشت نەمێنێ تۆ پێت وایە من فیتەرم دەرنەفیزو پلایس لە کوێ بێنم، هەموان دەستیان کرد بە پێکەنین هەر چۆنێک بێت خۆیان لە مینەکان ڕزگار کرد.

**(٢)**

مەفرەزەکە لە کەندە بۆری بلەی سەروو بوون، وەڕس ببوون لە خواردنی وردە نان و ئاو، مەلا وەسمان وتی من شوێنێک دەزانم ئازوقەی لێیە، پێشمەرگەکان بە پێکەنینەوە ووتیان خۆ پێویستی بە دەرنەفیزو پلایس نییە، مەلا وەسمان وتی نەخێر کەسێکم لە گەڵ بێت دەچین دەیهێنین، چوون هەندێک برنج و ڕۆنیان هێنا، هەڵۆ حەسەن لە برنج لێنان شارەزا بوو برنجەکەی لێناو هەر کەس بەشی خۆی بۆ کردە قاپەوەو دەیانخوارد، هەڵۆ لە برنجەکە ورد بووەوە کرمی سپی تیا بوو، برنجەکەی خواردو سەیری جەلال حاجی کرد، جەلال حاجی چاوێکی لێداگرت، مانای قسە مەکە با برادەران دەست لە خواردنەکە نەکێشنەوە.

**(٣)**

لە خوار دێی شیوەلۆکی باڵەکایەتی دانیشتبوون، جێب قیادەیەک و زیلێک لە چۆمانەوە هاتن، سەربازەکان لە خوار پێشمەرگەکانەوە لە ئۆتۆمبێلەکان هاتنە خوارو ئاگریان لە پووش و پەڵاشی ئەوێ بەردا، ئاگر لرفەو ناڵەی دەهات، وردە وردە نزیک دەبوەوە، باڵندە زەردۆڵەیەک لە سەر سەری پێشمەرگەکان دەهات و دەچوو تەنگە تاو بوو، پێشمەرگەکان چاودێریان دەکرد، زەردۆڵەکە هێلانەکەی بە سەر سەری پێشمەرگەکانەوە لە سەر دارێک درووستکردبوو، زەردۆڵەکە بۆ سەلامەتی بێچوەکانی هێلانەکەی بە داوو پەتی تێلیس شەکەت دابوو، تا دەهات

ئاگرەکە نزیک دەبووەوە، باڵندەکەش وەکو دایکێکی میهرەبان لە خەمی بێچوەکانیدا بوو، سەغڵەت و تەنگە تاو ببوو پڕ بە گەروی هـاواری دەکـردوو دەیقریشکاند، مرۆڤ لە قریشکەی زەردۆڵەکە دەگەیشت، کە داوای یارمەتی دەکاو دەڵێ فریام بکەون با بێچوەکانم نەسووتێن ئاگر لە دارەکـان بەربوو گەیشتە گەڵاکانیان، تا گەیشتە ئەو دارەی هێلانەکەی لە سەر بوو باڵندەکە زریکەیەکی بەهێزی کردوو بە سەر سەری پێشمەرگەکاندا فڕی نائومێد بوو لە دەرباز بوونی بێچوەکانی بەڵام لە مەرگیشدا بە تەنیا جێینەهێشتن خۆی فڕێدایە سەر هێلانەکەو لە گەڵ بێچوەکانی بەیەکەوە سووتان و لاشەکانیان کەوتنە بەردەمی پێشمەرگەکان.

دیمەنێکی خەمناک بوو، مرۆڤ لە ناخەوە دەسووتا جەلال حاجی ئەو دیمەنەی بینی وتی بەعس مرۆڤی کوردو باڵندەی کێوەکانی کوردستان بە یەکەوە دەسووتێنێ و دەیانکاتە قەرەبرووت، خاکی کوردستان دەسووتێنێ، ئاگر لە پوش و پەڵاش و دارو بەردی بەردەدا، بە کوڵ گریا، پێشمەرگەکانیش لە گەڵ (جەلال حاجی) دا دایانە پرمەی گریان، لێرەوە گەیشتنە ئەو بڕوایەی بەعس نەک هەر دوژمنی پێشمەرگەو خاک و خۆڵی کوردستانە، دوژمنی باڵندەکانیشە بۆیە لەو ڕۆژەوە بڕیاریاندا، مارو دووپشک و هیچ زیندەوەرێکی ئەم وڵاتە نەکوژن.

## ســــــــعەدەدیــــــن

سەعدەدین لە مێژ بوو باوک و کەسووکاری نەدیبوو کە لە ناو بەفری زستانی سەختی کوڕکوڕدا لە ڕەق بوونەوەو مەرگ ڕزگاریبوو ناردیانە ئێران بۆ چارەسەر دوای گەڕانەوەی بەشداری داستانی مێژوویی کێل کێلی کرد.

بەیانییەک لە مێگر بوون هەڵۆ حەسەن بە دووربین تەماشایکرد کەسێک خەریکی دار وورد کردنە پیاوێکی بە تەمەن بوو هەڵۆ حەسەن پیاوە بە تەمەنەکەی ناسییەوە باوکی سەعدەدین بوو.

هەڵۆ چووە لای پیاوە بە تەمەنەکەو قسەی لە گەڵدا کرد پرسیاری لێکرد کوڕەکەت لە کوێیە ووتی کوڕەکەم سەربازە لە بەسرەیە، هەڵۆ خۆی پێناساندوو ووتی من پێشمەرگەم کوڕەکەشت لە گەڵ ئێمەیە.

هەڵۆ گەڕایەوە لای سەعدەدین ووتی وەرە باوکت لێرەیە سەعدەدین چووە لای باوکی و باوەشی پێداکرد، باوکی سەعدەدین چۆڕەی فرمێسکی چاوانی جۆگەلەی هەڵبەستبوو فرمێسکی زەمەنێک لە غوربەت و پەژارە.

## مــــەرگی نـــــاوەختی بـــــەدرییە

هەواڵ گەیشت جاش و سەرباز ناوچەکە دەپشکنن سەعدەدین و هاوڕێکانی هاتنە ناو شاری ڕەواندز بە سەر چەندماڵێکدا دابەشبوون.

عوزێر فەقیانی، مەلا وەتمان، هەڵمەتە ڕەش چوونە ماڵی محەمەد قلۆی.

جەلال حاجی، سەعدەدین، یوسف هاتنە ماڵی سەعدەدین

هەڵۆ حەسەن و چەند پێشمەرگەیەک چوونە ماڵێکیتر

مەفرەزەکە دوو شەو لە ڕەواندز مانەوە.

لە ماڵی سەعدەدین بەدرییەی خوشکی سەعدەدین ئێشکگری بۆ دەکردن، عوزێر فەقیانی و هاوڕێکانی فشاری زۆریان لە سەر بوو ماڵی محەمەد قلۆیان جێهێشت و هاتنە ماڵی سەعدەدین.

ماڵی سەعدەدین دوو دەرگای هەبوو عوزێر فەقیانی خۆیدا بە دەرگاکەداو دەرگاکەی شکاند خوشکەکەی سەعدەدین زۆر ترسا ڕەنگی تێکچوو نەیاندەتوانی بیبەن بۆ نەخۆشخانە چوونکە شەو بوو هاتووچۆ قەدەغە بوو، هەر ئەو شەوە مەفرەزەکە لە ڕەواندز هاتنە دەرەوە.

بۆ بەیانییەکەی بەدرییان بردە نەخۆشخانە دوای چەند ڕۆژێک هەر دوو گورچیلەی وەستاو گیانی لە دەستدا، پاش ماوەیەک سەعدەدین هەواڵی مەرگی خوشکەکەی زانی.

ناوی مەفرەزەکە

١- جەلال حاجی

٢- هەڵۆ حەسەن

٣- هەڵمەتە ڕەش

٤- سەعدەدین عەزیز

٥- یوسف ئیبراهیم گەلالی
٦- مەلا وەسمان بلەیی
٧- محەمەد قادر گەلالی

## جـــــــوولـــەی دووەم
## بـــەرەو ڕاپـــــەڕین

کۆتایی مانگی (١)ی ساڵی ١٩٩١ کاک عەبدولڕەزاق ناردی بە شوێن جەلال حاجی و هەڵۆ حەسەن دا بێنە سەرکردایەتی لە زەڵێ، جەلال حاجی و هەڵۆ حەسەن چوونە سەرکردایەتی حەسەن کوێستانی و عەبدولڕەزاق پێیان ووتن یەکێتی بەرنامەی ڕاپەڕینی بە وردی داڕشتووەو هەموو ئەگەرەکانی لە بەر چاو گرتووە، ئەگەر لایەنەکانی تر هاوکارمان بن وەکو بەرەی کوردستانی بەرنامەکە جێبەجێ دەکەین، ئەگەر هاوکار نەبوون وەکو یەکێتی بەرنامەی خۆمان جێبەجێ دەکەین، کورتەیەکی بەرنامەکەیان بۆ جەلال حاجی و هەڵۆ باسکرد داوایان لێکردن ئامادەبن بۆ دابەزین بۆ دەورووبەری شارەکان نامەی سەرکردایەتی بۆ سەرۆک هۆزو سەرۆک جاشەکان بەرن، هەر ڕەتڵەو (بێتەل)ێکی ڕاکاڵ لە گەڵ خۆتان بەرن، ڕەتڵەکەی ئێوەش (بێتەل) لە گەڵ خۆتان بەرن، لای بەهادینی جیهاز خولێکی فێربوونی (بێتەل) و کارپێکردنی ببینن، لە ئێستاوە دەست بکەن بە ئامادە کردنی دوو مەفرەزە بۆ ناوچەکانی سۆران و ڕەواندز بەڵام تا پێتان دەکرێت وردبن لە هەڵبژاردنی پێشمەرگەکان بە شێوەیەک کە توانای جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە قورسەیان هەبێت.

جەلال حاجی و هەڵۆ گەڕانەوە نەغەدەو ئۆردوگای لاوێن، پێشمەرگەکانیان دیاری کردوو هەڵیان بژاردن کە ئەم تێکۆشەرانە بوون.

١- جەلال حاجی
٢- مام شوان
٣- خاڵە سیسۆ
٤- کاوە نەجیب

٥- سەید ڕەسوڵ
٦- هەڵمەتە ڕەش
٧- مەلا وەسمان
٨- ڕەسوڵ قادر
٩- ئامانج ڕۆستایی
١٠- جەمال کەڵێتەیی
١١- فەرهاد ماونی
١٢- عەبدولقادر ناوبەرگەیی
١٣- هەڵۆ حەسەن
١٤- بیلال
١٥- ساڵح کڵێتەیی

لە مـاوەی (٢٠) ڕۆژدا ئامادەکاریەکانیان تـەواو کـرد، دوای تەواوکردنی ئامادەکاریەکان و وەرگرتنی ڕێنمایی پێویست لە کاک نەوشیروان و کاک کۆسرەت و کاک حەسەن کوێستانی و عەبدولڕەزاق و وەرگرتنی نامەکانی سەرکردایەتی بە مۆری مەکتەبی سیاسی بۆ سەرۆک هۆزو مستەشارو پیاوانی ڕژێم لە سنووری ڕەواندزو سۆران و خەلیفان ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩١/٢/٢٢ لە بارەگای بەتالیۆنی (١٤) بەرەو پشدەر و ژەنگڵان و کێوەڕەش بەڕێکەوتن، بێتەل و پێداویستیەکانیان لە پشتی وڵاخێک نابوو، مەفرەزەکانی هەولێرو کۆیە و سۆران و شەقڵاوە بەیەکەوە دابەزین، پێشتر خواردن و ئازوقەیان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە ڕەوانەی ڕەواندز کردبوو، ئازوقەکەی مەفرەزەکەی شەقڵاوەشیان لە سەر داوای تەحسین کاوانی ناردە سنووری شەقڵاوە.

ڕۆژی ١٩٩١/٢/٢٣ گەیشتنە دێیەکانی جەلک و مەمکان شەو لە ئەشکەوتەکانی ئەوێ مانەوە، بەفر ناوچەکەی پۆشیبوو بۆ ڕۆژی دواتر بە ناو بەفردا سەرکەوتنە چیای کێوەڕەش، لەوێ مەفرەزەکان ماڵاوایان لە یەکتر کردوو جیابوونەوە، هەر مەفرەزەیە بۆ ناوچەی خۆی و بۆ ئەو شوێنەی سەرکردایەتی بۆی دەست نیشان کردبوون.

مەفرەزەکەی جەلال حاجی بەرەو شوێنی دیاریکراوی خۆیان ڕۆیشتن چوونە ئەشکەوتێکی گـەورە، محەمەد سەرکەپکانی یەکێک لە ڕێکخستنەکانی ئەوێ پاترییەکی بۆهێنان تا بێتەلەکە کارپێبکەن، بەڵام پاتریەکە شەحن نەکرابوو بردیانە بارەگای حزبی دیموکرات لە قەڵا سەیدەو پاتریەکەیان بۆ شەحن کردن (بێتەل) یان خستە کارو پەیوەندیان بە سەرکردایەتی  کرد، یەکەم پەیوەندیان لە گەڵ ڕابەر فەتاح شێخۆ لێپرسراوی (بێتەل)ی بەرەی کوردستانی بوو، ڕابەر بە قورگی پڕ لە گریانەوە لە هەڵۆی پرسی تو خوا کوردستان چۆنە بریا چاوەکانی منیشت لە گەڵ خۆت ببردایە.

دوای چەند ڕۆژێک لە نۆرێ و دەورووبەری بەرەو گولان ڕۆیشتن، لە ڕێگا توشی عەزیز بەگ و کوردەی کوڕی بوون، لە گولانیش تووشی چەند چەکدارێک بوون، ووتیان ئێمە پێشمەرگەی یەکێتین چەکدارەکان بە خۆشحاڵییەوە هاتنە لایان، ڕۆژی دواتر لە ڕێگەی کوڕکوڕی شاورێ بەرەو دۆڵی مەلەکان کەوتنە ڕێ، بەفرێکی زۆر باریبوو بەفرەکەیان شکاند تا ڕێگەی وڵاخ بکەنەوە بە زەحمەت وڵاخەکەیان سەرخست بەفرو تەموو مژوو دوکەڵ تێکاڵا بوون، شەپۆلی دووکەڵی سوتانی بیرە نەوتەکانی شەڕی عێراق-کوەیت گەیشتبووە کوێستانەکانی کوردستان و بەفری چیاکانیان لێڵ و خۆڵەمێشی کردبوو مەفرەزەکە بێوەستان ڕێگەیان دەبڕی ئێوارەکەی گەیشتنە دۆڵی مەلەکان شەویان لە ئەشکەوتێکدا ڕۆژ کردەوە، نیوەڕۆکەی گەیشتنە کوندەبۆر لە بلەی سەروو مەڕدارێک لە ناوچەکە بوو لە ڕێگەی ئەو مەڕدارەوە هەواڵیان بۆ ڕێکخستنەکانی خەلیفان نارد.

موزەفەر ئەحمەد کەسێکی دڵسۆزو تێکۆشەرێکی سەر ڕاست بوو بۆ سەر لە بەیانی ڕۆژی دوایی بارێک نان و خواردن و پێداویستی گەیاندە مەفرەزەکە، پێشمەرگەکان لە بلەی سەروو بوون بە دوو بەشەوە جەلال حاجی و هەڵمەت و مەلا وەسمان چوونە ناو شاری خەلیفان، هەڵۆ حەسەن و پێشمەرگەکانیتر بەرەو دەورووبەری ڕەواندز ڕۆیشتن، بەرنامەیان وابوو جەلال حاجی و هاوڕێکانی لە خەلیفانەوە بچنە سۆران و لەوێشەوە بچنە ڕەواندزو لەوێ یەکبگرنەوە.

جەلال حاجی لە ڕێگەی سەباح سەعیدەوە کە دڵسۆزی یەکێتی بوو نامەکانی سەرکردایەتی گەیاندبووە سەرۆک هۆزو چەکدارەکانی ڕژێم.

هەڵۆ حەسەن و هەڤاڵەکانی چوونە ناو شاری ڕەواندز ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ جەلال حاجی و هەڤاڵەکانی گەیشتنە شاری ڕەواندز لەوێ یەکیان گرتەوە چوونە گەلی کەڕەک و (بێتەل)یان کارپێکرد، فاروق جەبارو مام شێخ و جەبار موسا پاتری (بێتەل)یان فریاخستن یەکەم کەس لە گەلی کەڕەک بینیان مام عومەر باوکی مامۆستا هاوکار بوو، مام عومەر هەواڵی مامۆستا هاوکاری لە هەڵۆ پرسی، وتی زۆر باشە و ژنی هێناوە، مام عومەر دەستیکرد بە گریان وتی وەلاممان پێگەیشتووە هاوکار بزر بووە، بۆ ئێوارە مام عومەر خواردنێکی باشی بۆ هێنان، هەڵۆ بە مام عومەردا هەواڵی بۆ مام خاڵند نارد سبەی شەو دەچێتەماڵیان، دەمەو ئێوارە هەڵۆو فەرهاد ماونی و ڕەسوڵ قادر بەرەو ماڵی مام خاڵند ڕۆیشتن، کە گەیشتنە بەردەرگای ماڵیان فریانەکەوتن لە دەرگا بدەن دەرگایان کردەوەو لە ئامێزیان گرتن، شەوو ڕۆژێک لە ماڵی مام خاڵند مانەوە، پەیوەندیان بە (ئاور ئاکۆیی و محەمەد عەبدوڵلا و حسێن حاجی مستەفا) سێ پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیەوە کرد، نامەیەکی کاک کۆسرەتیان بە کاک حسێن دا بۆ بورهان بلەیی ڕەوانە کرد.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٠ هەڵۆ حەسەن و هەڤاڵەکانی لە ماڵی مام خاڵند بوون، هەواڵ بڵاو بوەوە ڕژێم زانیویەتی پێشمەرگە هاتوونەتە ناو شار بە نیازە ماڵەکان بپشکنێ.

نامەکانی سەرکردایەتی بۆ پیاوانی ڕژێم ئەو مەسەلەیەی یەکلاکردبووەوە کە ڕاپەڕین حەتمیە و گەڕانەوەی نیە، مستەشارو چەکدارەکانی ڕژێمیش ڕایانگەیاندبوو شەڕی پێشمەرگە ناکەن، شانە چەکدارەکان سازو ئامادە بوون، خەڵک لە ماڵ هاتنە دەر، بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگە دەستیانگرت بە سەر داموو دەزگاکانی ڕژێمدا، ئێشکگریان لە فەرمانگەی کارەباو نەخۆشخانەو نفوس دانا تا کەلووپەل و بەڵگەنامەکان بپارێزن، شاری سۆران و ڕەواندزو دەورووبەریان بە یەکجاری لە داگیر کەر پاککردەوە، لیژنەکانی بەرەی کوردستانی بۆ ڕایی کردنی ئیش و کاری هاوولاتیان کەوتنە گەڕ هێشتا پێشمەرگەی لایەنەکانیتر نەگەیشتبوون،

ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبانەیان بە شێوەیەکی کاتی لە لیژنەکان دانا، حاجی کەریم سەرانەییان وەکو نوێنەری پارتی لە لیژنەکان دانا چوونکە تا ئەو کاتە پێشمەرگەکانی پارتی نەگەیشتبوون.

ڕەحمان سەیدە برووسکەی بۆ هێزەکە کرد لە ڕەواندزەوە چوونە هەولێر و لەوێشەوە چوونە سەربازگەی دارەمان و چاویان بە کاک کۆسرەت کەوت، کاک کۆسرەت پێیڕاگەیاندن دەبێت ڕزگار کردنی کەرکوک بکەینە تاجی سەرکەوتنی ڕاپەڕین، هێزەکە گەیشتنە سەربازگەی خالید فڕۆکەکانی دوژمن لە جیاتی بەرگری لە ترسان هەڵفڕین و ڕایانکرد.

خاڵە سیسۆو مام شوان و حەمەدەمین خەزایی و سەردار محەمەد و مامۆستا ستار پێش هێزەکەی ڕەواندز کەوتبوون و چوبوونە ناو کەرکوک، هێزەکەی ڕەواندز بەرەو ناو کەرکوک دەڕۆیشتن لە ڕێگا ئۆتۆمبێلێکیان بینی دوو تەرمی بە سەرەوە بوو، خاڵە سیسۆو سەردار شەهید ببوون.

هەڵۆ بەرچاوی تاریک بوو، خاڵە سیسۆ خاڵی ڕاستەقینەی هەڵۆ بوو، سەرداریش هاوڕێی بوو لە هاتنە خوارەوەدا بەیەکەوە بوون، هەڵۆ خەیاڵ بردیەوە ئەو ڕۆژانەی لە (نەغەدە) لە گەڵ خاڵە سیسۆ چووبوونە (عەکاسی سیما) سەرو وێنەیان گرتبوو وتبوویان باسەرو وێنەی جوانمان هەبێت بۆ ناو پۆستەرەکە ئەگەر شەهید بووین.

هەڵۆ لە کەرکوکەوە تا هەولێر خاڵە سیسۆی لە باوەش گرتبوو، دوای بە خاک سپاردنی سەردارو خاڵە سیسۆ ئەم چەند دێڕەی بۆ خاڵە سیسۆ نووسی:

**(هۆ خاڵە گیان دوێنێ بە هەنگاوی زرنگ، بە هەڵدێری پرژانی ئازارو ئێشا، نازی کیژۆڵە شۆخەکەی وڵاتی زیندە بە چاڵ و لادێی سووتاوت دەکێشا، ئەوا ئەمڕۆش زۆر بە پەرۆش بۆ بووکی کەرکوکی چاوڕەش، گیانت دەکەیتە کەژاوەو دەینەخشێنی بە خوێنی گەش).**

## (وەحـــــــدە- یـــــەکەی) ســـــەلاح دیـــلمانی حەوت

دوای شەڕەکانی سەرکردایەتی وبڕیاری پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سەلاح دیلمانی بڕیاری مانەوەیدا لە کارۆخ، هەشت پێشمەرگەش لە گەڵی مانەوە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٠ نامەیەکی حەسەن کوێستانی گەیشتە دەستی دکتۆر ئاری تیایدا نووسیبووی ئێمە چەندین وەحدەی پارتیزانی درووست دەکەین، داوات لێدەکەین وەک پزیشک و کادری ڕێکخستن لە گەڵ سەلاح دیلمانی بمێننەوە ئێمە دنیا تاریک نابینین.

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢١ نامەیەکی کاک عەبدولڕەزاق گەیشتە دەستی دکتۆر ئاری، هەمان ناوەڕۆکی هەبوو، دوای گەیشتنی ئەو دوو نامەیە دکتۆر ئاری و سەلاح دیلمانی یەکتریان بینی، هەندێک کەلووپەل و پێداویستیان لە بناری چیای کارۆخ لە ڕووی ساوو سێوەکدا شاردەوە تا کاتی پێویست سوودی لێببینن.

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٤ لە ڕێگەی عەلی خەیات لە ڕێکخستنەکانی چوارقوڕنە زانیارییان پێگەیشت کە حکومەتی عێراقی هێزەکانی لە میحوەرەکانی ساوو سێوەک و دۆڵی خانەقا و دۆڵی باڵەییان و قەندیل زیاد کردووە تا گەمارۆی هێزەکانیان بدات و لە ناویان بەرێت.

ئەو ڕۆژە مەکتەبی سیاسی (ی ن ک) بڕیاری پاشەکشەیان دابوو ناوەڕۆکی نامەکەیان گەیاندە کاک کۆسرەت و فەرەیدون عەبدولقادر، لە نامەکەدا زانیاری ووردی تیابوو سەبارەت بە هێزەکانی داگیرکەر، ئاماژە درابوو بەوەی ٢١ کەتیبەی مەدەفەعی ئامادەکراوە لە گەڵ دوو فەیلەق تا گەمارۆی سەنگەرەکانی پێشمەرگە بدەن و ڕێگەیان لێبگرن، لە دۆڵی خانەقاوە هێرش بکەنە سەر کونە کۆترو دۆڵی باڵەییان، ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨ هێرشەکانیان لە چەندین قۆڵەوە دەست پێدەکەن.

ناوەڕۆکی نامەکە زانیاری گرنگ و بە سوود بوو بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٧ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە بەرنامەیەکی ڕێکوو پێک کشایەوە سەر سنوور، لە گەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگەدا

تۆپخانەکانی داگیرکەر تۆپبارانی هەڵەموونداوو گەروی مەنجەڵیان دەستپێکرد، کە ڕێگەی کشانەوەی هێزەکە بوو بەرەو وەرتێ و لەوێشەوە بۆ قەندیل و سەرسنوور.

ئەو پێشمەرگانەی لە وەحدەی کارۆخ بوون بڕیاریان وابوو دوای بەڕێکەوتنی هێزەکە بەرەو وەرتێ ڕۆژی دواتر لە ڕێگەی (گەلی لۆلکێ)[40] یەک بگرنەوە.

سەلاح دیلمانی و چەند پێشمەرگەیەکی شارەزا تا دۆڵی خانەقا لە گەڵ هێزەکە ڕۆیشتن، دکتۆر ئاری، عومەر ڕەشید و، محەمەد قادر لە (مەکێ) بوون، کاتژمێر (١٠)ی شەو دەنگە دەنگ پەیدا بوو حەمە سووری سەرنەوسیان نارد تا بزانن ئەو دەنگە دەنگە کێیە، خاڵە هێرش و مامۆستا زانا بوون[41]، حەمە سوور پێیوتبوون بڕۆن بۆ دۆڵی باڵەییان تا بگەنە هێزەکە.

دکتۆر ئاری و عومەرو محەمەد لە نزیک (گەلی لۆلکێ) لە پشتی نێوخانان لە بن سێبەری دار گوێزێک بەرانبەر (گەلی لۆلکێ) دانیشتبوون، هێندە ماندوو هیلاک بوون خۆیان بۆ ڕانەدەگیرا لە بن دارگوێزەکە خەویان لێکەوت، عومەر بە هێواشی دکتۆر ئاری خەبەر کردەوەو وتی دەورمان گیراوە، تەماشایان کرد نزیک بە (٥٠) مەتر لەو لایانەوە چەند سەربازێکی عێراقی و ئەفسەرێک سەرقاڵی هەڵچنینی کەڵەکە بەردوو دانانی بێتەل بوون.

دکتۆر ئاری و عومەر بانگی محەمەدیان کرد، بەردێکی گەورەی لێبوو چوونە پشتی بەردەکە، لە گەڵ سەلاح دیلمانی شوێن ئەشکەوتەکەیان دانابوو بۆ یەکتر بینین، کە ئازوقەو کەلوو پەلەکانیان لێشاردبووەوە، تەماشایانکرد هێزێکی دوژمن بەرەو دەمی ئەشکەوتەکە دەڕوات

سەلاح دیلمانی و هاوڕێکانیشی لە دیوێکی ترەوە بەرەو ئەشکەوتەکە دەڕۆیشتن ئاگادار نەبوون کە هێزی داگیرکەر هاتوونەتە ئەوێ، هێزەکەی داگیرکەر گەیشتنە سەر ئەشکەوتەکەو پێشمەرگەکانیش نزیکبوونەوە سەربازەکانی داگیرکەر بە هەموو جۆرە چەکێک دەستڕێژیان لە پێشمەرگەکان کرد.

---

٤٠ گەلی لۆلکێ لە نێو خانان، هاوینە هەوارێکی خۆش و دڵگیری وەرتێ یە.

٤١ خاڵە هێرش و مامۆستا زانا لە بەر ماندویەتی نەیانتوانیبوو بڕۆن بۆ دۆڵی باڵەییان و بگەنە هێزەکە، لە دۆڵی خانەقا خۆیان حەشاردابوو، ڕۆژیان بە سەردا هاتبوو دەستگیرکرابوون و ئەنفال کران.

مەفرەزەکەی دیلمانی ڕووەو پشتی (وەرتێ) بە ئاڕاستەی (مەکێ) ڕۆیشتن، دکتۆر ئاری و عومەر و محەمەدیش بەرەو ناو ڕەزە مێوەکان ڕۆیشتن، لە داروتەراشی ناو ڕەزەکاندا خۆیان حەشاردا تا شەو دادێت، لە بن ڕەزە مێوەکان دانیشتبوون سەیری دەورووبەری خۆیان دەکرد، تەماشایانکرد حەوت سەربازی عێراقی بەرەو ڕووی ئەوان دێن، هێند نزیک بوون دەنگی سەربازەکانیان بە ڕوونی دەبیست، سەربازێک بانگی هاوڕێکەی کرد (سعد تعال هژا خوش عنب) دارمێوێک بە ژوورو سەری پێشمەرگەکانەوە بوو، ئەگەر سەربازەکان بچوونایەتە سەر ئەو دارمێوە پێشمەرگەکانیان دەبینی.

پێشمەرگەکان تفەنگەکانیان سوارکردبوو، بەڵێنیاندا شەڕی مان و نەمان بکەن، هەر پێشمەرگەیە و گوللەیەک لە ناو گیرفانی دابنێت، تا نەکەونە دەست دوژمن و خۆیان بکوژن[٤٢]، سەربازەکان نیوو کاتژمێر لە دەوری دارمێوەکە مانەوەو ڕۆیشتن پێشمەرگەکانیان نەبینی.

کات بەرەو ئێوارە دەڕۆیشت برسیان بوو، تەنها دوو پارچە بسکیت و دوو نان لە ناو کۆڵە پشتەکەیان دابوو ئەو ئازوقەیەی لە ئەشکەوتەکە شاردبوویانەوە کەوتە دەستی دوژمن، لە ناو ڕەزەکاندا (ترێ) یان خوارد درەنگانی ئێوارە بەرەو ئەشکەوتەکە بەڕێکەوتن بۆ سۆراغی سەلاّح دیلمانی و برادەرەکانی، زۆر گەڕان نەیاندۆزینەوە تەنیا یەک (بێتەل) یان پێبوو ئەویش لای سەلاّح دیلمانی بوو، بیریان کردەوە تەنها دەتوانن لە سەرچاوە ئاوەکان بیاندۆزنەوە، پێشمەرگەکان چوونە دەورووبەری سەرچاوەی (مەکێ) لە نزیک کانیەکە خۆیان حەشاردا دوو کەس بەلایاندا ڕەتبوون یەکێکیان شۆڕش ڕەسوڵ چۆمانی بوو، دکتۆر ئاری سلاّوی لێکرد وتی من ئاریم، شۆڕش وتی سەلاّح دیلمانی نیگەرانی ئێوەیە پێیوایە کەوتونەتە بۆسەی دوژمنەوە ئەو شەوە بە شوێن پێی سەلاّح دیلمانی و هاوڕێکانیدا گەڕان نەیاندۆزینەوە، بەیانی لە گەڵ خۆرهەڵاتن چوونە سەر شاخی کوێستانی (مەکێ) نێوان دێی (کەڵێتە و وەرتێ) لە پاڵ گاشە بەردەکاندا دانیشتن و نانیان خوارد.

[٤٢] لەو کاتەی فیشەکەکانیان خستە گیرفانیان، عومەر ڕەشید بەردێکی هاویشتە دکتۆر ئاری و بە چرپەوە پێی وت، فیشەکەکەم خستە گیرفانم بەلاّم دەستم ناچێتە خۆم خۆم بکوژم، هەستێکی قوڵ و جوان بوو، دکتۆر ئاری دەستی کرد بە پێکەنین، وتی خوا گەورەیە کێشە نابێ.

کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ بوو ژمارەیەک سەربازی عێراقی بەرەو چیاکە ڕێچکەیان بەستبوو لە شوێنێکدا وەستان لاشەی سەربازێکیان بینی و پاشەکشەیان کرد[٤٣].

شەوی دواتر بە مەبەستی یەکگرتنەوەیان لە گەڵ سەلاح دیلمانی چوونە کانییەک لە بناری کارۆخ لە پشتی مەکۆ دۆخەکە ئاسایی بوو هیچ جوولەیەک نەبوو، ئاسەواری هێزەکانی داگیرکەر بە ناوچەکەوە دیار بوو، بەڵام لە ناوچەکە نەمابوون[٤٤].

لەگەڵ گەیشتنیان بۆ سەر کانییەکە میلی تفەنگیان لێراکێشان و ووتیان کێی کوژرای، دکتۆر ئاری دەنگی ڕەحمانی حاجی خدری وەرتێی ناسی، هاواری کرد کاک ڕەحمان منم ئاری، ڕەحمانی حاجی خدر دەنگی دکتۆر ئاری ناسی وتی باش بوو نەمکوشتی لە ژیانمدا یەکەمجارە میل ڕاکێشم و نەیتەقێنم، لای مەفرەزەکەی ڕەحمانی حاجی خدر پشوویانداو نانیان خوارد، لە ڕێگەی ڕەحمانی حاجی خدرەوە بە سەلاح دیلمانی و هاوڕێکانی شادبوونەوە، ماوەی (٨) ڕۆژ لە بناری چیای کارۆخ بوون، سەلاح دیلمانی لە ڕێگەی (بێتەل)ەوە پەیوەندی بە حەسەن کوێستانی کرد، بڕیاریاندا بچنە کارۆخ، بەڕێکەوتن بەرەو کارۆخ، پاشماوەی کەلوو پەلی (کلێتە)یان دۆزیەوەو لە گەڵ خۆیان بردیان لە ناو چاڵە بەفرێک گیرسانەوە، ڕۆژانە کۆپتەر بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەسووڕایەوە بە ڕۆژ نەیاندەتوانی جوولە بکەن چەند ڕۆژێک لە چاڵە بەفرەکان چاوەڕێ بوون بەردەوام پەیوەندیان بە (حەسەن کوێستانی)یەوە دەکرد، هێزەکەی حەسەن کوێستانی هاتنە کارۆخ لە چاڵە بەفرەکان یەکیانگرتەوە، هێزەکەی کوێستانیش خواردنیان کەم بوو، هەندێک گۆشتی لە قتوونراویان پێبوو کۆپتەر بۆ سەربازەکانی فڕێدابوو ئەمانیش هەڵیانگرتبوەوە، شەوانە چەند پێشمەرگەیەک دادەبەزینە دێیەکان، تا پاشماوەی خواردنە جێماوەکان بدۆزنەوەو سوودی لێببینن، هێندە برسیبوون چەند جارێک هەوڵیاندا ڕاوە ورچ بکەن.

٤٣ لە مانگی ٥ی ساڵی ١٩٨٨ سەربازێکی عێراقی لەوێ کوژرا بوو سەربازێک قاچی نزیک سەری سەربازە مردووەکە کردبوەوە، سەری لە لاشەی جیا ببوەوەو گل ببوەوە خوارەوە، سەربازەکان لە ترسا گەڕانەوە پێشمەرگەکانیش بە شاخەکەوە ڕزگاریان بوو.

٤٤ ئەگەر شەوی ١٩٨٨/٨/٢٨\٢٧ هێزی پێشمەرگە پاشەکشەی نەکردایە بۆ سنوری قەندیل ئێران، لە وەرتێ و دۆڵی خانەقا زیانێکی زۆریان بەردەکەوت.

**ناوی مەفرەزەکە:**

١- سەلاح ئیبراهیم دیلمانی، (سەلاح دیلمانی) لێپرسراوی مەفرەزە
٢- ئەحمەد نەجمەدین (دکتۆر ئاری)
٣- کاکەمین وەرتی (مام هەژار)
٤- عەبدولقادر ناوبەرگەیی
٥- عومەر ڕەشید کەوەرتی
٦- محەمەد قادر گەلالەیی
٧- خالید زرار ناو بەرگەیی
٨- ڕەمەزان سەرنەوسی
٩- عەبدوللا وەرتێ

## بـــــەرەو بادیـــــناوێ

لە بناری چیای کارۆخ لەزینی کەلێتە تا زێی وەرتێ (٢٩) سەنگەری دوژمنی لێبوو، هێزی تایبەت (قوات خاصە) بوون.

هەندێک شەو مەفرەزەیەک دەچوونە هاوینە هەواری کەلێتە کە هەندێ ئازوقەی لێبوو سەریان دەخست بۆ سەر شاخ، لە کارۆخ جارێکیتر بە جیهاز پەیوەندیان لە گەڵ سەرکردایەتی کردەوە، نزیکەی سێ هەفتە لەوێ مانەوە.

دوای ئەوەی لەوێ ڕۆیشتن بەرەو دۆڵی باڵەییان دوای چەند ڕۆژێک گەیشتنە ئەشکەوتی (نەدافان) سەر بە قیران لە بناری چیای قەندیل، ماندوو هیلاک و شەکەت بوون، برسیان بوو، شەو گەڕان هەندێک زەیت و ساوەریان دۆزیەوە، بەیانی زوو ئاگریان بۆ کردەوە، دوای ئەوەی لێیان خوارد هەموویان نەخۆشکەوتن، دوای چەند کاتژمێرێک هاتنەوە سەر خۆیان تەماشایان کرد ئەو زەیتەی بەکاریان هێناوە پاشماوەی زەیتی تفەنگ خاوێن کردنەوەیە نەک زەیتی خواردن درووستکردن.

دوای ئەوەی بە چەند ڕۆژێک بەرەو شێخ ئایش ڕۆیشتن لەوێشەوە گەڕانەوە دێی بادیناوێ کە دێی ئێرانە.

## (وەحـــــدە- یـــەکە)ی هـــەریر
## دکـــــتۆر ڕێبـــــین
## هەشت

پێش هێرشەکانی ڕژێمی داگیرکەری عێراق بۆ سەر مەڵبەندی (٣)ی (ی ن ک) بڕیاری مانەوەی پارتیزانەکاندرا.

مەفرەزەی هەریر بە سەرپەرشتی دکتۆر ڕێبین کە بەشێک بوون لە تیپی ٩٩ی کۆڕەک و ژمارەیان (١٥) پێشمەرگە بوو بڕیاری مانەوەیاندا.

لە ١٩٨٨/٢/٢٦ لە دێی (توتمە) حەسەن کوێستانی سەرکردەی پارتیزانەکان دوا ڕێنمایی پێدان، لە دەشتی هەریرەوە بە ناو هێزەکانی داگیرکەردا تێپەڕین و لە جادەی سپیلک شەقڵاوە پەڕینەوە دێیەکانی سەرکەند و خەیلانیان، دوو ڕۆژ دوای دابەزینی مەفرەزەکەی هەریر هێزە داگیرکەرەکانی عێراق پەلاماری دۆڵی بالیسان و بارەگای مەڵبەندی (٣)ی داو دەستی بە سەرداگرت هێزەکانی پێشمەرگە لە مەڵبەندی (٣) ڕۆیشتبوونە وەرتێ و دۆڵی باڵەییان.

جەلال حاجی فەرماندەی تیپی (١٩)ی کۆڕەک و مەفرەزەکەی، لە گەڵ صلاح دیلمانی و ڕزگار هاودیانی و دکتۆر ئاری و مەفرەزەکانیان کە تێکڕا (٤٠) پێشمەرگە بوون بە سەرکردایەتی حەسەن کوێستانی لە ناوچەکانی دۆڵێ باڵەییان و مەلەکان و وەرتێ و باڵەکایەتی مانەوە مامۆستا ڕێبوارو مەفرەزەکەی بەرەو ناوچەکانی وەرتێ و دۆڵی بۆتێ بەڕێکەوتن.

جەمال هەڕووتی بۆ ماوەیەک لە دۆڵی هەڕووتایەتی خۆیان حەشاردا، تەنها صباح توتمەرە لە مەفرەزەکە مایەوەو چووە لای مەفرەزەکەی هەریر.

مەفرەزەکەی هەریر بە فەرماندەیی دکتۆر ڕێبین لە ناوچەکەدا مانەوە، سەرقاڵی گرێدانەوەی ڕێکخستنەکان بوون، لەو ماوەیەدا تێکڕای دێیەکانی سنووری عەشیرەتەکانی خەیلانی و سوورچی و خۆشناوەتی لە دەشتی هەریرو دەوروبەری شەقڵاوەو شارۆچکەی هەریرو باتاس گەڕان و ڕێکخستنەکانیان بەسەرکردەوە، لە بڕیاری سەرکردایەتی و شێوازی کاری نوێی پارتیزانی ئاگاداریان

کردنەوە، ڕێکخستنەکانیش بە گوڕو تەوژمێکی نوێوە بەڵێنی هاوکاری و پشتیوانی پارتیزانەکانیاندا.

مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی بە سەرپەرشتی (د.ش) و مەفرەزەیەکی پارتی بە سەرپەرشتی (و.ی) لە ناوچەکەدا بوون، دوای ئەوەی ڕژێم بە بوونی پارتیزانەکانی زانی بەهێزێکی زۆرو بە پاڵپشتی کۆپتەر کێماڵی ناوچەکەیان دەستپێکرد، لە ژێر گوشاری کێماڵی هێزەکانی داگیرکەردا مەفرەزەکەی پارتی و حزبی شیوعی خۆیان نەگرت و ناوچەکەیان چۆڵکرد، تەنها مەفرەزەکەی یەکێتی مانەوە، لە سنووری هەولێریش ڕەتڵەکەی کاک (ڕێباز) ی لێبوو، هەر لە ژێر قورسی و گرانی بارودۆخەکەدا مەفرەزەکەی هەریری یەکێتیش لە کۆی (١٥) پێشمەرگە هەشت پێشمەرگەیان مانەوە.

جگە لە چالاکی و شەڕ، مەفرەزەکەی هەریر کەوتنە ناو کێڵگەی مینەوە، لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگەی پارتیزان بریندار بوون دکتۆر وەسمان کە دکتۆری مەفرەزەکە بوو بەرکەوت و چاوێکی دەرهات، بۆیە بە ناچاری و لە پێناو چارەسەرکردنی خێرا لە سەر جادەی خەلیفان بەجێیان هێشت تا تەسلیم بێتەوە.

ناوی مەفرەزەکەی هەریر

١/ ڕێبین محەمەد صۆفی

٢/ عەزیز بابەکر حسێن

٣/ صباح توتمەرە

٤/ شێخ نەبەز

٥/ کەریم بلباس دوای گەڕانەوەی بۆ سەر سنوور شەهید بوو

٦/ د. وەسمان پاش دوو مانگ پارتیزانی بە خەستی بریندار بوو تەسلیمیان کردەوە

٧/ نوری حسێن دوای دوو مانگ پارتیزانی گەڕایەوە ئێران تا ڕاپەڕین

٨/ ئاوارە مانگێک پارتیزان بوو تەسلیم بۆوەو ئەنفال کرا

٩/ دەشتی مانگێک پارتیزان بوو

١٠/ حەیدەر ماوەرانی (١٥) ڕۆژ پارتیزان بوو
١١/ حاتەم بناوی دوو مانگ پارتیزان بوو
١٢/ میران یەک مانگ پارتیزان بوو
١٣/ غازی ئەسعەد ماورانی (٤٥) ڕۆژ پارتیزان بوو
١٤/ جەعفەر ئەسعەد ماوەرانی (٤٥) ڕۆژ پارتیزان بوو
١٥/ عومەر دار السلامی لە دوای (٢) مانگ پارتیزانی گەڕایەوە سەر سنوور

دوای گەڕانەوەی حەسەن کوێستانی و هێزەکەی بەرەو سنوور جەلال حاجی و یوسف گەلاڵی لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەک گەڕانەوە لای مەفرەزەکەی هەولێرو لە پشتی دێی شارستێنەی هەڕووتایەتی یەکیانگرتەوە، بەشێک لە پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە هیلاک و ماندوو بون، بۆیە بڕیاریاندا ئەوانیش بگەڕێنەوە بۆ سەر سنوور.

پێش گەڕانەوەی حەسەن کوێستانی بۆ سەر سنوور هاوڕێیانی خەتی ڕێکخستنی شەهید ئیبراهیم عەزۆ (حاجی سرێشمەیی و سابیر جۆڵە مێرگی) لە ئەشکەوتی گەلی سولێ لە بناری چیای کۆڕەک بینیبوو ڕێنمایی کردبوون دکتۆر ڕێبین ببینن، ئەوانیش لە ڕێگەی مەجید ڕەحمان باتاسی هەواڵیان بۆ دکتۆر ڕێبین نارد، لە شەوی ١٩٨٨/١٠/٨ لە باتاس و لە ماڵی حسێن حەسەن یەکتریان بینی و بەرنامە و کاری نوێیان داڕشت.

حسێن بلۆک و عەزیز ئامۆکەیی لە سەر ڕاسپاردەی دکتۆر ڕێبین، جەلال حاجی و یوسف گەلاڵی و مامۆستا عەزیز و نوری و عومەر دارالسلامی و شێخ نەبەزو کەریم ئەلیاس و صباح توتمەرەییان لە دەشتی هەریرەوە گەیاندە دێی (سمیلان) لە دۆڵی ڕۆستێ و چاوساغیان بوون و دەلیلی ڕێگەیان بوون.

لەوێشەوە جەلال حاجی و هاوڕێکانی بەرەو سنوور گەڕانەوە، دوای بەڕێکردنی مەفرەزەکە جەلال حاجی و یوسف گەلاڵی لە قەندیلەوە بۆ ناوچەکانی گەلاڵە و دۆڵی ڕۆستی گەڕانەوە.

دکتۆر ڕێبین بە تەنها لە دەشتی هەریر مایەوە، بە هاوکاری ڕێکخستنەکان لە دێیەکانی ئامۆکان و کانی چرکان و باتاس و شارۆچکەی هەریر و سەر شاخی بەنی هەریر کۆبونەوەی لە گەڵ ڕێکخستنەکان ساز دەدا.
ڕێکخستنەکان هاوکاری سەرەکی پارتیزانەکان و سەرچاوەی دابینکردنی خواردن و پێداویستیەکانیان بوون، مەجید ڕەحمان لە دێی باتاس، دکتۆر وەسمان لە ئۆردوگای هەریر لە گەڵ ئەیوب حاجی ڕەشید بناوی و ئەیوب هەڕووتە کۆنی دەروازەی گەیاندنی خۆراک و پێداویستی پارتیزانەکان بوون، لە دێیەکانی دەشتی هەریر پێشمەرگەکانیان دەبینی و کۆبوونەوەیان لە گەڵ ڕێک دەخستن.
جگە لە ئەو خەت و هێڵانەی ڕێکخستن کە دوای ئەنفالەکان هاوکارو پشتیوانی پارتیزانەکان بوون، ژمارەیەک هاوڕێ و دۆستی دیکە یارمەتیدەری پارتیزانەکان بوون لە سنوورەکە کە ئەم تێکۆشەرانە بوون.

## نـــاوی ئەو خەتانەی ڕێکخستن و ئەو هەڤاڵانەی یارمەتی پارتـــیزانەکانیان دەدا لە دوای ئـــەنفالەکان

١- مەجید ڕەحمان باتاسی لێپرسراوی خەتی شەهید (هۆشیار) لە باتاس و دێیەکانی دەشتی هەریر.
٢- د. وەسمان حەمەد ئەمین لێپرسراوی خەتی شەهید (پێشڕەو) لە ئۆردوگای هەریرو چۆمان.
٣- حاجی سرێشمەیی لێپرسراوی خەتی (٦)ی شەهید (ئیبراهیم عەزۆ) لە خەلیفان و دۆڵی خەلان-بیاو.
٤- صابر جۆلە مێرگی لێپرسراوی خەتی (٥)ی شەهید (ئیبراهیم عەزۆ) لە خەلیفان و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی خەلیفان.
٥- عوسمان ئەحمەد کور لێپرسراوی شانەیەکی ڕێکخستن لە ئۆردوگای گەڵاڵە و دیانا.
٦- حسێن بلوک لێپرسراوی شانەیەکی ڕێکخستن لە خرواتان.

ناوی ئەو هاوڕێیانەی یارمەتی پارتیزانەکانیان دەدا هەر یەک لە ناوچەی خۆی

| | |
|---|---|
| ١- ئەیوب بناوی | (هەریر) |
| ٢- زێڕۆماندانی | (گوندی ماندان) |
| ٣- مەولود ماندانی | (گوندی ماندان) |
| ٤- حسێن حەسەن سپی | (باتاس) |
| ٥- مەلا تۆفیق ئاكۆیی | (گوندی باسرمە) |
| ٦- حەمەد ڕەزگەیی | (خەلیفان) |
| ٧- حاجی مەلا باتاسی | (باتاس) |
| ٨- عەزیز حاجی مەلا باتاسی | (باتاس) |
| ٩- فەرحان زانەویر | (گوندی باویان) |
| ١٠- خالید عومەر | (ئالسیدەک) |
| ١١- سەلام شێخ ڕەسوڵ | (گوندی باویان) |
| ١٢- خدر حاجی عەزیز | (گوندی باویان) |
| ١٣- مامۆستا (حویز) | (گوندی باویان) |
| ١٤- سەعید حامید هەڕووتە كۆنی | (گوندی كەلەكین) |
| ١٥- سلێمان محەمەد شەڕكانەیی | (گوندی شەڕكان) |
| ١٦- حسێن حەمەد شەڕكانەیی | (گوندی شەڕكان) |

مانگی (٨)ی ساڵی ١٩٨٨ حەسەن كوێستانی و عەبدولڕەزاق بەرنامەی نوێی ڕێكخستنیان دابووە خەتی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، دكتۆر ڕێبین لە سەر داوای ڕێكخستنەكان چووە خەلیفان و لە ماڵی (زرار مەلەكی) كۆبوونەوەی لە گەڵ خەتی (٥)ی ئیبراهیم عەزۆ كرد، لە دێی سریێشمەش لە گەڵ خەتی (٦)ی ئیبراهیم عەزۆ كۆبووەوە.

دكتۆر ڕێبین ماوەیەكی زۆر لە دێی سریێشمە مایەوە، عوسمان ئەحمەد لێپرسراوی ڕێكخستنەكانی سۆران و هەڤاڵەكانی بینی و لە گەڵیان كۆبووەوە.

حاجی سرێشمەیی یەکێک لە کادیرە پێشکەوتووەکانی سنوورەکە بوو، خۆشەویستی ناو خەڵک بوو، لە گەڵ دکتۆر ڕێبین زۆربەی دێیەکانی ناوچەکە گەڕان دکتۆر ڕێبین لە دێی (ماندان) وەکو مامۆستای دێ خۆی ناساندو خەڵک هاتنە پێشوازی، ئێوارە چووە ماڵی مەولودماندانی و زێڕۆی برای، درەنگانی شەو کۆبوونەوەی لە گەڵ شانەکانی ڕێکخستن کرد.

کۆمپانیای بێخمە

ژمارەیەک شارەزا و ئەندازیاری بیانی لە کۆمپانیای بێخمە کاریان دەکرد، دکتۆر ڕێبین پلانی دارشتبوو بە هاوکاری ڕێکخستنەکان ژمارەیەک شارەزاو ئەندازیار برفێنن، بیانبەنە دێی شێخ وەسان و شوێنەواری کیمیابارانکردنی ناوچەکەیان نیشان بدەن، پێشتر لە کۆبوونەوەیەکدا لە دێی سرێشمە قسە لە سەر ئەو بابەتە کرابوو کە بە هاوکاری (ج. چاوشین، ب، ن) کە سێ برا بوون و چەکداری ڕژێم بوون و پارێزگاری ئەندازیارەکانیان پێسپێردرا بوو، بەڵێنیان دابوو لە (دیانە) ئەندازیارەکان تەسلیم بە ڕێکخستن و دکتۆر ڕێبین بکەن، هەر سێ براکە لە گەڕانەوەیاندا لە ماندان بۆ سرێشمە لە ناو خۆیاندا بووە دەمە قاڵێیان.

دکتۆر ڕێبین هەستیپێکردن، حاجی سرێشمەیی ئاگادار کردەوە کە ئەوانە خەریکی کاری خراپن، بەڵام حاجی سرێشمەیی نەیسەلماند، پێیوابوو خەڵکی چاکن و خیانەت ناکەن.

دکتۆر ڕێبین زۆر بە نهێنی و بێ ئاگاداری حاجی سرێشمەیی ناوچەکەی بەجێهێشت و لە گەڵ مەجید ڕەحمان چوونە ماڵی (سەعید حامید) لە دێی کەڵەکینی سەرچیا کە شوێنێکی پارێزراو بوو، لەوێوە دکتۆر ڕێبین ئاگادار بوو (ب) یەکێک لە سێ براکە بە دوایدا دەگەڕێت، دکتۆر ڕێبین هەواڵی بۆ حاجی سرێشمەیی نارد (ب) لە ڕیزەکانی ڕێکخستن دوور بخاتەوە بەڵام بێسوود بوو، (ب) دوای ئەوەی زۆربەی ڕێکخستنەکانی ناسی هەموویانی دایە دەست ڕژێم و بە گرتیدان، دواتر ئاشکرا بوو (ب) نیازی وابووە دکتۆر ڕێبین لە سەیتەرەی (دیانە)تەسلیم بکات.

لە ئەنجامی خیانەتکردنی (ب) لە ڕیزەکانی ڕێکخستن ژمارەیەکی بەرچاو لە

هەڤاڵانی ڕێکخستن دەستگیرکران و لە (٤) مانگ تا ساڵێک زیندانیکران.

ژمارەیەک هەڤاڵیش توانیان خۆیان دەرباز بکەن و دەستگیر نەکرێن، لێرەدا ناوی هەڤاڵانی دەستگیر کراو لە لایەن داموودەزگاکانی بەعس و ئەو هەڤاڵانەش دەخەینە بەرچاو کە خۆیان دەرباز کردوو بەردەست نەکەوتن.

**ناوی ئەو هەڤاڵانەی دەستگیر کران**

١- حاجی سرێشمەیی لێپرسراوی خەتی (٢)ی شەهید ئیبراهیم عەزۆ.

٢- عەبدوڵڵا حەمەد ڕۆستەم

٣- فەقێ عەوڵا

٤- سلێمان عەباس مەحموود

٥- مستەفا ڕەسوڵ باپیر

٦- محەمەد حەمە ڕەزگەیی

٧- کەریم ڕەمەزان وسوو

٨- نادر عەبدوڵڵا چۆمانی

٩- عوسمان ئەحمەد کور لێپرسراوی شانەیەکی ڕێکخستن لە ئۆردوگای گەلاڵە

١٠- زاهیر صالح

١١- حیدەر محەمەد ئەشکەفتی

١٢- ڕەمەزان نوری محەمەد

١٣- فارس خدر

١٤- نوری سەعید تاهیر

١٥- حەمە سور

١٦- کەریم

١٧- دڵشاد کەریم

١٨- جومعە

١٩- مەرعان

ناوی ئەو هەڤاڵانەی فەرمانی دەستگیر کردنیان هەبوو خۆیان دەرباز کرد
١- مەجید ڕەحمان باتاسی و کوڕەکانی هەموویان دەرباز بوون
٢- صابر حەسەن جۆلە مێرگ
٣- محەمەد خدر تەها
٤- مەولودماندانی
٥- فەرهاد کانەبی ڕۆستەم چووە زەڵێ و پەیوەندی بە شاخەوە کرد
٦- نەزیر عەبدوڵڵا سریشمەیی لە بەر ئەوەی نەخۆش بوو دەستگیر نەکرا، دواتریش کۆچی دوایی کرد

دکتۆر ڕێبین ماوەیەک لە کەڵەکین مایەوەو لەوێوە سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی دەکرد، دوای مانەوەی ماوەیەکی زۆر لە کەڵەکینی چیا بەرەو سۆران ڕۆیشت، شەو لە ماڵی کاک عەبدوڵڵای مامی جەلال حاجی لە ئۆردوگای گەلاڵە، لە گەڵ جەلال حاجی و یوسف گەلاڵی یەکیانگرتەوەو بەرەو باڵەکایەتی بەڕێکەوتن.

زستانێکی سەخت و بەفرێکی زۆر ناوچەکەی داپۆشیبوو سەرماو زووقمی ئەو ساڵە لە ڕادەبەدەر بوو، بەفر مەودای چەند هەنگاوو شەقاوێکی نەدەدا، بۆیە لە گەڕانەوەدا نەیانتوانی خۆیان لە بەفری قەندیلدا تاقی بکەنەوەو ڕچەی ئەو زستانە ساردوو شەختە بەندە بە هەنگاوەکانیان بشکێنن، هەر بۆیە چوونە بارەگای حزبی دیموکراتی ئێران لە دێی (بۆڵێ) دوای ماوەیەک مانەوەو پشوودان و خزمەتکردنیان لە لایەن برادەرانی دیموکراتەوەو لە ڕێگەی قەلادزێوە گەیەندرانە (سونێ).

لە ١٩٨٨/١٢/٢٢ گەیشتنە قاسمە ڕەش و لە لایەن کاک نەوشیروان و کاک کۆسرەتەوە پێشوازیکران.

دوای گەڕانەوەیان بۆ قاسمە ڕەش دکتۆر ڕێبین ناوی لێپرسراوی خەتەکانی ڕێکخستنی دایە کاک حەسەن کوێستانی و ئەویش ناوەکانیدایە کاک نەوشیروان و لە گەڵ ڕێکخستنەکانی هەولێر گرێدرانەوە.

لە ڕاپەڕینی ئـازاری (١٩٩١)دا دکتۆر ڕێبین بۆ ئـازاد کردنی شارۆچکەی هەریر ڕاسپێردرا بوو، بە هاوکاری ڕێکخستنەکانی ناوچەکەو شانە چەکدارەکانی شارۆچکەی هەریریان لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەر ڕزگار کرد.

# مـــــەفرەزەی جـــەمال هــــــەرووتی شــــاخی ئـــــیرۆن نـــۆ

کاک کۆسرەت نامەیەکی بۆ جەمال هەرووتی ناردبوو نووسیبووی ئەگەر سەردانێکم بکەیت باشە، جەمال هەرووتی ڕۆژێک درەنگتر نامەکەی بە دەست گەیشت فریای کاک کۆسرەت نەکەوت ئەوان لە دۆڵی خانەقاوە پەڕیبوونەوە قەندیل جەمال هەرووتی لە گەڵ مەفرەزەیەک لە هەرووتایەتی مانەوە.

١٩٨٨/٨/٢٨ دوژمن پەلاماری کەپکی حەمەداغا، دۆڵی ئالانە، دۆڵی بالیسان، شاخی سوور- زینە تیر، بەنی هەریر، سەرووچاوەیدا سەرەتا بە کۆپتەر هێزیان لە سەر شاخی ئیرۆن، قۆپی کاری، سەرباری خەتێ لە سەر شاخی سوور دابەزاند، فەیلەقی سێ بە تەواوی هاتبوو سەدان دەبابەیان لە گەڵدا بوو لە بەنی هەریر دەبابە بەرەو کەپکی حەمەداغا دەڕۆیشت.

مەفرەزەکەی جەمال هەرووتی سێ شەو لە شاخی ئیرۆن پشتی هەرووتە مانەوە لە ناو قەدی شاخەکە بوون، بەردوو ڕەوەزە شاخ و کونە بەردوو ئەشکەوتی قایم و سەخت و یاخی لێبوون.

دوای شێ شەو مانەوە لە ناو ڕەوەزو دانە بەردوو کونە بەردەکانی ئیرۆن پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە داوایانکرد جێگەکەیان بگۆڕن، جەمال هەرووتی پێیووتن شوێنی لێرە سەخت و قایمتر دەزانن ووتیان بەڵێ دەچینە کوونە وورچ، کە شەو داهات گواستیانەوە چوونە کونە وورچ پشتی دێی شارسینە.

شەوی ١٩٨٨/٩/١ شەوێکی سارد بوو دەتووت ئەو شاخ و کێوانە بەستوویەتی یان لە ناو بەفر گردا ئەو ڕکە شاخانە چەقیون و داکوتراون بە ناخی زەویدا.

پێشمەرگەکان هەر یەکەی بەتانییەکیان پێبوو لە سەرمان خەویان لێنەدەکەوت، دەبەیەکی پێنج لیتری ئاویان پێبوو ساردی کردبوو، لە گەڵ خۆر ئاوا بووندا ڕەمەزان بەتەڵ و پێشمەرگەیەکیان نارد لە ڕەزەکانی ئەوێ ترێ بێنن نان و ترێ بخۆن دواتر بڕۆن چوونکە لەوێ نەیاندەتوانی بمێننەوە بە نیاز بوون جێگەکەیان بگۆڕن.

سەربازەکان هاتبوون سەر شاخەکەیان گرتبوو بەڵام نەیاندەزانی خوارەوە ئەشکەوتە دوو پێشمەرگە ڕۆیشتن بۆ تریێ هێنان بەڵام بە پەلە گەڕانەوە ووتیان هەر چوار دەورمان گیراوە.

جەمال هەرووتی بە پێشمەرگەکانی ووت خۆتان تێکمەدەن دوو دوو بڕۆنە خوارەوە ووریا بن بەرد لە ژێر پێتاندا نەخزێت گل نەبێتەوە.

هێزی دوژمن هەموو ناوچەکەی تەنیبوو، ناو ڕەزی تریێ، سەرکانی، ڕێگەو توولە ڕێ ئەوەی لە سەر نەخشە هەیە سەربازیان لێدانابوو.

پێشمەرگەکان گەڕانەوە چیای ئیرۆن لە ناو کونە بەردوو ئەشکەوتەکانەوە چاویان لە سووتان و هەڵقرچانی دێیەکان بوو چۆن بە دیار چاویانەوە دەسووتان چەڕە دووکەڵیان لێهەڵدەستا.

دەمەو بەیان بوو کۆپتەر بە سەر ناوچەکە دەسووڕایەوە دەنگێک هاتە گوێ ئەدهەم و جەمال هەرووتی بەخەبەر بوون، جەمال هەرووتی لە سەر ئیرۆنەوە تەماشای چەڕە دووکەڵی ماڵەکانی هەرووتەی دەکرد، دەنگێک لە سەرەوە ووتی (من انت) ئاوڕیدایەوە سەربازێک بوو جەمال هەرووتی بە ئەدهەمی ووت تفەنگێکم بۆ هەڵدە تفەنگەکەی گرتەوەو فیشەکی لێخوڕی و ووتی (سلم نفسک) سەربازەکە هەڵات جەمال بۆی نەگیرا.

جەمال هەرووتی پێشمەرگەکانی بە ئاگا هێناو ووتی سەربازێک لە دەستم هەڵات بۆم نەگیرا شوێنەکەمان ئاشکرا بووە هەستن بابڕۆین.

پێشمەرگەکان گەڵای داریان لە خۆیان هاڵاندبوو کۆپتەر بە سەر شاخەکەوە دەسوڕایەوە، کاتێک کۆپتەرەکە پشتی دەکردە پێشمەرگەکان تاوەکو جارێکیتر دەسووڕایەوە بۆ پەنا بەردێک بازیان دەدا بەو شێوەیە گەیشتنە نێوان کونە وورچ و گردۆڵکەیەک.

جەمال هەرووتی قسەی بۆ پێشمەرگەکان کردو پێیووتن برادەرینە ڕۆژ لەوە دەرچووە ئێمە ئەمڕۆ هەموومان شەهید دەبین شەڕ بکەین یان نەیکەین شەهید دەبین، ئەوەی خۆی تەسلیم بکات دەیکوژن دەبێت شەڕێک بکەین نەوە بۆ نەوەی

بگێڕێتەوە بڵێن لەو گردە ١٢ پێشمەرگە دوای تۆمار کردنی داستانێکی گەورە شەهید بوون.

پێشمەرگەکان مەخزەنەکانیان لە تفەنگەکانیان کردەوە هەر یەکە فیشەکێکیان دەرهێناو مەخزەنەکانیان خستەوە سەر تفەنگەکانیان ووتیان کاک جەمال ئەوە فیشەکی خۆکوشتنە بە هیچ شێوەیەک ناترسین بە دڵی تۆ شەڕ دەکەین وورەی پێشمەرگە هێندە بەرز بوو گریان و پێکەنین تێکەڵ ببوون.

ئەو سەربازەی لە بەر دەستی جەمال هەرووتی هەڵات هێزی هێنایە سەر شوێنی پێشمەرگەکان کەسیان نەدۆزییەوە بە لای مەفرەزەکەدا نەهاتن، مەفرەزەکە نان و ئاویان پێنەمابوو ئەو شوێنەش کەڵکی ئەوانی نەمابوو بۆیە بڕیاریاندا بپەڕنەوە دەشتی هەریر، شەوانە چاودێرییان کردبوو نێوان کەپکی حەمەداغا و زینە تیر ئاگری لێنەبوو چوونکە هێزەکانی دوژمن شەوانە ئاگریان دەکردەوە.

شەو لە نزیک فەوجێکی دوژمن پەڕینەوە ڕێگە (مین)ی هەبوو بە ووریایی پێیان لە سەر بەرد دادەنا کە سەرکەوتنە سەر شاخ و دیوی خوارەوەیان لێدەرکەوت دەبابە سەریان بەیەکەوە نابوو تا سەر زینە تیر لایتی دەبابەکان داگیرسابوون.

بنارەو بنار هاتنە خوار گەیشتنە گەلی زەنگرێنان و ڕۆژهەڵات ئەو ڕۆژە لە ناو گەلی مانەوە تەماشایانکرد بەرانبەریان لە باسرمە سەدان خێمەی سپی هەڵدراوە، کە ئێوارە هات لە جادەی قیر پەڕینەوە گەیشتنە شوانێک ناوی کەریم بوو جەمال هەرووتی خۆی لێ نەناسیاو کرد شوانەکە ووتی کاک جەمال من تۆ دەناسم جێی گومان نیم.

جەمال لە کەریمی پرسی ئەو خێمانە چین لەو بەرەوە، کەریم ووتی حکومەت کوردی شەبەکی ڕاگواستووە هێناوینیە ئێرە.

مەفرەزەکە لە دێیەکانی سیساواو باویان و خرواتان دەسووڕانەوە شەو دەچوونە ماڵە مەڕدارێک نانیان دەخواردوو دەچوونەوە شاخ نەدەچوونە گەلییەکان چوونکە جاش و مەفرەزە خاسە بۆسەیان بۆ دادەنان.

ئەدهەم خەڵکی دێی باویان بوو ئەشکەوتێکی پێدەزانی چوونە ئەشکەوتەکە،

پێش ئەوەی بچنە ئەشکەوتەکە لە گەری سوێران بوون پاش نیوەڕوان ماڵی مامی کاک ئەدهەم نانیان بۆ دەهێنان، شوێنیان دیاریکردبوون دەچوون نانەکەیان دەهێنا.

مەفرەزە دوانزە کەسییەکە مایەوە سێ کەس جەمال هەرووتی، سدیق شارسنەیی، ئەدهەم، لە گەلی سوێران هاتنە خوار لە سەر گەلییەکە چەکداری لێبوو، ئەدهەم و سدیق دامەزران جەمال هەرووتی چووە سەریان ئەگەر جاش بوون ئەوان بەرگری لێبکەن ئەگەر پێشمەرگەش بوون بچنە خوارەوە.

جەمال هەرووتی چووە سەریان تفەنگی لێڕاکێشان ووتیان کاک جەمال ئێمەین، مەفرەزەیەکی پارتی بوون ئەو نانەی بۆ جەمال هەرووتی و سدیق و ئەدهەم لەوێ دانرابوو ئەوان خواردبوویان.[٤٥]

کە تاریک داهات چوونە موتراوا جەمال هەرووتی بە مەفرەزەکەی پارتی ووت کە نانمانخوارد نە ئێوە دەزانن ئێمە لە کوێین نە ئێمە دەزانین ئێوە لە کوێن.

جێگەی جەمال هەرووتی و هاوڕێکانی ئاشکرابوو نەدەبوو بچنەوە ئەوێ شوێنەکەیان گواستەوەو چوونە گەلی بزنی لە باویان لە سەرووخواری ڕێگە نەبوو دەبووایە لە ناو قەدی شاخەکەوە بچنە ناو گەلییەکە.

ڕۆژی دواتر هاتن نان بخۆن دنیا بەرەو تاریکی دەڕۆیشت پێشی خۆیان دەبینی بپەڕنەوە چوونە ناو ماڵە ڕەشماڵەکان دانیشتن شوانێک هات ووتی کاک جەمال کە ئێوە هاتن لێرەدا دانیشتن مەفرەزە خاسە لەو جێگەیەی ئێوە لێیپەڕینەوە بۆسەیان دانا.

لە گەڕانەوەدا ڕێگەیان گۆڕی لە نێوان خرواتیان و هەریر پەڕینەوە چوونە گەلییەکە شەوی دواتر هاتنەوە لای ڕەشماڵەکان نانیان خوارد لە جادەی قیر پەڕینەوە بچنەوە گەلییەکە لە ناو پەرێزان[٤٦] (٢) کەسێک دەنگیدان، جەمال هەرووتی تفەنگەکەی داگرت ووتی ئێوە کێن؟ کەسەکە دەنگی جەمال هەرووتی ناسی ووتی

---

٤٥ مەفرەزەکەی پارتی شوانەکەیان بینیبوو خواردنی پێبوو لێیانپرسیبوو بۆ کوێی دەبەیت شوانەکە ووتبووی بۆ جەمال هەرووتیم هێناوە.

٤٦ پەرێز یان پەرێزان بەو شوێنە دەوترێت کە گەنمی لێ دەدورن گەنمەکە نامێنێت بەڵکو پووش و پەڵاشەکەی دەمێنێ، پەرێز لە کوردەواریدا بە پەرێزی مەڕوو ماڵاتیش دەوترێت یان حەوشە مەڕ، هەندێک جار بە یەکێک دەڵێن پەرێزی پاک نییە.

کاک جەمال من دلۆم کوڕی مام تۆفیقی شیوعیم مام ڕەسوڵمان لە گەڵە.

هەر دوولا لە یەکتری ئاشکرا بوون مام ڕەسوڵ ووتی شوێن نەماوە بۆی بچین، مەفرەزەکەی حزبی شیوعی ١١ کەس بوون سێ عەرەبیان لە گەڵ بوو لە گەڵ جەمال هەرووتی چوونە گەلی بزنان ئاگرێکی ڕاوکەرانەیان[٤٧] کردەوە چایەکیان لە ناو شووشەدا لێنا.

مەفرەزەکەی ڕێبین محەمەد سۆفی لە هەریرەوە هاتنە لای جەمال هەرووتی و مەفرەزەکەی حزبی شیوعی.

جەمال هەرووتی ناردی بە دوای ماڵ و منالێدا هاتنە خرواتان هەواڵیان دابووە ڕژێم کە پێشمەرگە هاتوونەتە خرواتان، جەمال هەرووتی و دوو هاوڕێکەی چوونە ناو تەویلەی ماڵێکەوە، تەویلەکە هەر دەرگای تیا بوو جاش هاتنە ناو تەویلەکە سەریان شۆڕکردەوە نەیانبینین جاشەکان گەڕانەوە.

جەمال هەرووتی، سدیق، ئەدهەم لە پەنا باویان بە کەڵەکە بەرد سەنگەریان هەڵچنی مەفرەزە خاسە هاتنە نزیک قوتابخانەی باویان، گەلی زەنگڵینان گەڕان بە لای پێشمەرگەکاندا تێپەڕین سوار ئۆتۆمبێلەکانیان بوون و ڕۆیشتن، پێشمەرگەکان چوونە دێی ئامۆکان.

(٢) دۆخەکە ئاڵۆز بوو، بە ناچاری گەڕانەوە شار لە باسرمە نیشتەجێبوون تفەنگەکانیان بە ئەمانەت لای کەسێک دانا بوو، دوای ئەوەی کەسێک ڕێکخستنەکانی هەریری ئاشکرا کرد جەمال هەرووتی بەڕۆژ دەچووە شاخ و بە شەو دەگەڕایەوە، لە ناو شاردا پەیوەندییان لە گەڵ ڕێکخستنەکان گرێدابووەوە، کاک کۆسرەت نامەیەکی نارد بۆ جەمال هەرووتی سازو ئامادە بوون بۆ ڕاپەڕین، لە ڕاپەڕیندا جەمال هەرووتی و هاوڕێکانی ڕۆڵی دیاریان بینی و دەستیان گرت بە سەر مونەزەمەی حزبی بەعسدا لە باسرمە.

---

[٤٧] ئاگری ڕاوکەران بە شێوەیەک دەکرێتەوە دوکەڵی بەرز نابێتەوە دارەکان بە شێوەیەک دادەنێن ئاگرەکە کڵپە ناکات.

**ناوی مەفرەزەکەی جەمال هەرووتی**

**دوای ئەنفال**

١- جەمال هەرووتی

٢- سەباح توتمەرەیی

٣- ئازاد توتمەرەیی

٤- کەمال توتمەرەیی

٥- نەجات توتمەرەیی

٦- سدیق شارسنەیی

٧- باویل شارسنەیی

٨- ڕەمەزان بەتەڵ

٩- ڕەحمان سارتکەیی

١٠- ئەدهەم

١١- غازی

## مــــــەفرەزەی ســـاڵح هــــــەولێری دە

دوای ئەوەی لە ١٩٨٨/٨/٢٦ کۆبونەوەیەک لە توتمەی دۆڵی بالیسان کرا بڕیاردرا بەشێک لە هێزی پێشمەرگە بە پارتیزانی بمێننەوە و بەشێکیتر بکشێنەوە سنورەکان، یەکێک لەو مەفرەزانەی بەپارتیزانی مانەوە مەفرەزەی حەسەن کوێستانی بوو.

حەسەن کوێستانی سەرپەرشتی ڕەتڵی پارتیزانەکانی کاروخی دەکرد مەفرەزەیەکیش لەگەڵ خۆیدامابوونەوە ئەو مەفرەزەیەشی کرد بە دوو بەشەوە.

**بەشی دووەمی مەفرەزەکە پێکهاتبوون لە (٨) پێشمەرگە**

١- ساڵح هەولێری (ساڵح حەمەدەمین نەبی)

٢- عەلی زەینەدین مەحموود

٣- عەبدوڵڵا چۆمانی (عەبدوڵڵا حەمە موراد)

٤- زوبێر ئەحمەد گەلاڵی (زوبێر ئەحمەد عەبدوڵڵا)

٥- ئەنوەر چۆمانی (ئەنوەر عەبدوڵڵا ڕەسوڵ)

٦- ئیبراهیم زاخۆیی (سەید ئیبراهیم ناسراو بەجفتۆ)

٧- مەحموود ڕەسوڵ محەمەد (مامۆستا خوله)

٨- مەریوان عەبدوڵڵا حەسەن

حەسەن کوێستانی ساڵح هەولێری ڕاسپارد سەرپەرشتی مەفرەزەکە بکات و پێیووت هەندێک خواردن لەگەڵ خۆتان بەرن و بچنە چیای کاروخ لە کوێستانی مەکێ لەگەڵ سەلاح دیلمانی و ڕەحمان وەرتی یەکبگرنەوە ئێمە مەڵبەند دەتەقێنینەوە دواتر لە چیای سەربازی خەتێ چاودێری جمووجۆڵەکانی دوژمن دەکەین پاش ماوەیەکی کەم ئێمەش دەگەڕێینەوە لاتان.

دوای ڕێنماییەکانی حەسەن کوێستانی مەفرەزەکە خواردن و کەلووپەلیان لە هێستری مقەڕ بارکردوو بەرەو چیای کاروخ بەڕێکەوتن، بەدرێژایی شەو بەڕێوە بوون تا چوونە ساوسێوەکان لەوێشەوە بۆ (گەلی دندێ و زینی سەران) لەوێش بۆ پشتی کەڵێتە، کەگەیشتە کەڵێتەی بناری چیای کاروخ زۆر ماندووبوون وویستیان لەسەر کانی و ئاوێک لابدەن بۆ نانخواردن.

هێسترەکە لای عەلی زەینەدین بوو بارەکەی لە شوێنێکی گونجاو لێکردەوە هێسترەکەی بردە شوێنێک بلەوەڕێ هێندەی نەبرد عەلی بە ڕاکردن گەڕایەوە ووتی هەستن خۆتان قایم بکەن جەیش بەرەو ڕوومانديێت.

پێشمەرگەکان خۆیان کۆکردەوە عەلی زەینەدین (٢٠) کیلۆ ئاردی لەسەر هێسترەکە هەڵگرتبوو هێنابووی پێشمەرگەیەک قتویەک ڕۆنی دوو کیلۆیی هەڵگرتبوو باقی کەلوپەلەکانیتریان لەگەڵ هێسترەکە جێهێشت بەرەو دواوە گەڕانەوەورۆیشتن چوونە بناری چیای کاروخ تووشی گابەردی گەورەبوون گابەردەکان بەناخی زەویدا ڕۆچووبوون، ئەوگابەردانە لە چیای کاروخ ترازابوون و بەوبنارەوە گیرسابوونەوە و هەڵواسرابوون گابەردەکان ببوونە زارکی ئەشکەوتێکی گەورە، پێشمەرگەکان لەوێ خۆیان پەناداو مانەوە.

هێزی دوژمن لە چیای کاروخ بڵاوبوونەوەو قوات خاسەی هار بنبەرد بە بنبەرد دەگەڕان پێشمەرگەکان لە ئەشکەوتەکە دامەزران تا بەرگری لەخۆیان بکەن، دەمەو عەسر هێزەکەی دوژمن جێگیر بوون بەڵام بەرەو لای پێشمەرگەکان نەهاتن، کۆڵەپشتی پێشمەرگەکان پڕبوون لەنان و گۆشتی لەقتونراو لەبنی مەتارەکەیاندا چایەکیان دەمکردو دەستیانکرد بەنانخواردن.

دوای نانخواردن ئیشگکرییان دەکردو خەوتن شەو لەو ئەشکەوتە مانەوە شوێنێک نەبوو بۆی بچن دووژمن هەموو لایەکی گرتبوو، نەیانتوانی سەڵاح دیلمانی، و ڕەحمان وەرتێی بدۆزنەوە، ئەوانیش پەرتەوازەو دابڕاو بوون.

بۆ ڕۆژی دوایی شەڕ لە کونە کۆترو سێکانیان لە بناری قەندیل دەستیپێکرد و پێشمەرگەکان لە کاروخ بە دووربین تەماشایاندەکرد. پێشمەرگەکان لە شوێنی خۆیان مانەوە نەیاندەتوانی بۆ هیچ لایەک برۆن تەنها بەشەو دەیانتوانی بێنە دەرەوە.

## ئـــــــاوهـــــــێنان

کانییەک پێنج سەد مەتر لێیانەوە دووربوو کانییەکە بەلای دەرگەڵە دابوو، مانگە شەوێکی خۆش بوو سالَح و زوبێر و عەبدوڵڵا چۆمانی مەتارەکانیان کۆکردەوەو ڕۆیشتن لەسەرکانیەکە ئاوبێنن زۆری نەمابوو بگەنە کانییەکە عەبدوڵڵا ووتی بووەستن گەلەگورگێک لەسەر کانییەکەن.

گەلەگورگەکە ٨-٩ گورگ دەبوون نەیاندەتوانی تەقەیان لێبکەن، چارنەبوو هەر دەبوایە مەتارەکان پڕبکەن ئاویتر لەوناوە نەبوو بەهەرسێکیان گورگەکانیان بەرد بارانکرد گورگەکان لەسەر کانییەکە ڕۆیشتن، پێشمەرگەکان مەتارەکانیان پڕکردوو گەڕانەوە لای هاوڕێکانیان.

خــواردن ورده ورده بـەرەو کەمی دەچـوو خـواردنـی لەقتونراو نانی ناو کۆڵەپشتەکانیان کۆتایی هات تەنها (٢٠) کیلۆ ئاردیان پێمابوو لەگەڵ قتووە ڕۆنەکە ڕۆژانـە عەلی زەینەدین لە بنی مەتارەکاندا ناوساجی بۆ دروست دەکردن بنی مەتارەکان لێدەکرایەوە بنێکی خڕی کەمێک گەورەبوو دەتوانرا ناوساجی تیادا درووستبکرێت و چاشی تیا لێبنرێت.

عەلی زەینەدین ئاگریدەکردەوە ڕۆنی لەبنی مەتارەکاندا دەقرچاند ئاردی تێدەکرد دەبووە ناوساجی و دەیانخوارد، هەر پێشمەرگەیەک شەکر و چای خۆی لەناو کۆڵە پشتەکەیدا بوو چایان لێدەنا و دەیانخوارد.

مەفرەزەکە جێهازێکی نوێی (پی ئاڕسی) یان پێبوو عەبدوڵڵا چۆمانی بەکاریدەهێنا پێویست بوو پەیوەندی بکەن، بۆ شەوی دواتر سالَح هەولێری و عەبدوڵڵا نان و چاو جیهازەکەیان هەڵگرت و ڕۆیشتن ڕێگەیەک هەبوو بەرانبەر دێی کلێسە سەردەکەوت لەگەڵ ڕۆژهەلاتن چوونە سەر چیاکە، سالَح دووربینی پێبوو تەماشای ناوچەکەیانکرد کەسیان نەبینی بێترس سەرکەوتنە سەر چیای کاروخ.

چیای کاروخ کەلەخوارەوە لێیدەڕوانی هەموو شاخی خەنجەر ئاساو تیژوو بڕندەیە لە شێوەی زنجیرەیەکی درێژ دەردەکەوێت، چیایەکی ڕووتەڵەی بەژن زراڤی قوچ و بەسالاچوو سەری لە هەورگیرکردووە بەلام کەدەچیتە سەر چیاکە

زۆر پان و بەرینە کۆسپ و قۆرت و گەرووی ئەشکەوت و تەختایی زۆرە، هەر قۆرت و کونە بەردوو ڕکەبەردوو تاوێرە کەلێی نزیک دەبیتەوە دەبێتە ئەشکەوت.

سالح و عەبدوڵلا چاوی تەماشایان تا دەیبینی تا دەیڕوانی نالەو گرمەو و دوکەڵ و زرەی زنجیری دەبابە و کۆپتەر و تەپوتۆزی تۆپ و هاڕەو هاژەی شاخ و گابەردی بن بناری چیاکەبوو دەهاتە گوێ و بەرچاو دەکەوت بەرانبەریان، چیای بێترخێ و ئاراسن بوو، ساوسێوەکان هەمووی سەرباز بوو کۆپتەر بە پۆل هەڵدەستان و بۆمبەکانیان لە سنگی چیاکاندا خاڵی دەکردەوە.

عەبدوڵلا و سالح لەسەر چیای کاروخ بوون چێشتەنگاو بوو نان و ئاوێکیان خواردوو جیهازەکەیان کردەوە بانگی حەسەن کوێستانی، یوسف، جەلال حاجی، مامۆستا ئەسعد، ڕزگار هاودیانی و سەلاح دیلمانییان دەکرد بەلام وەلام نەبوو جار جارە سالح بانگیدەکردن هەر وەلام نەبوو هەندێک جار دەنگی جیهازەکە دەهات بە عەرەبی قسەیدەکرد. لەدوای نیوەڕۆ پاتری جیهازەکە تەواو بوو لەکارکەوت عەبدوڵلا جیهازەکەی هەڵگرت بیدات بە زەویدا سالح نەیهێشت، نان و ئاوی ئێوارەیان خواردوو گەڕانەوە لای هاوڕێکانیان.

## کـــــونە بەفـــرەکانی کـــاروخ

چیای کاروخ وشک و بێ ئاوە هێچ کانیاوێک و هیچ سەرچاوەیەکی ئاوی لێنییە لەو چیایە بێتە دەرەوە وهەڵقوڵێت، تەنها چەند کانییەک نەبێت کە لە ئاستی ئەو چیا گەورەو پان و بەرینەدا زۆر کەمە و لەخواری چیاکەدان، کاروخ کوێستانی خۆشناوەکانی هەرتەل و بەرۆژوو ئەندێکو ئەنگۆزە سەرچاوەی ئاوپەیداکردن لەسەر چیای کاروخ تەنها کونە بەفرەکانە، شوانکارەکان خێوەتەکانیان لە تەنیشت کونە بەفەرەکان هەڵدەدەن دوو دیوار بە بەرد بە بەرزی مەترێک یان نیو مەتر درووستدەکەن سەر دیوارەکە بە چەپەری دار دەگرن لەسەر ئەملاولای دایدەنێن چەند کەسێک دەچنە ناو چاڵە بەفرەکە بە تێلیس بەفەرەکە دێنن لەسەر دارەکە دایدەنێن، بەفرەکە لەبەر گەرمی ڕۆژ دەتوێتەوە و دەبێتە ئاو ڕەوەندو شوانکارەکان ئاوەکە بۆ خواردنەوەی خۆیان بەکاردێنن و ئاژەڵەکانیشیان پی ئاو دەدەن.

ڕەوەند، کۆچەر، یان شوانکارەکان بزن و مەرەزوو مەڕ بەخێودەکەن تا پایزێکی دڕەنگ لەو کوێستانە دەمێننەوە.

سەر لووتکەو شاخی کاروخ ئاوی نییە بەڵام دامێنی چیاکە ئاوی سازگارو کانی سازگاری هەیە و هەڵدەقولێت کە گوێدەنییت بە چیای کاروخەوە گوێت لەهاژەو گوڕەی ئاوە بەڵام نارژێتە سەر چیاکە، لە دامێنی چیاکەوە هەڵدەقوڵێ و دەڕژێتە ناو کوێستانی مەکێ و زەوییەکانی ئەو کوێستانە ئاو دەدات و بۆ خواردنەوەش بەکاریدەهێنن.

ژمارەیەک کانی لە دامێنی چیای کاروخ هەڵدەقوڵێن هەر کانییەو ناوی خۆی هەیە

**ناوی کانییەکان**

*سەرووکانی دەشوان

*سەرووکانی گەردەمێش

*ئاوی مەیدان

*سەرووکانی کاولان

*سەرووکانی زیخۆڵان

*سەرووکانی ئاوەسپی

*سەرووکانی بیشی

*سەرووکانی کوران

*سەرووکانی پونگەڵان

*سەرووکانی مامەکۆست

عەبدوڵڵا و سالح هەولێری شەوەکەی گەیشتەوە لای هاوڕێکانیان چیرۆکی جیهازەکەو لەکارکەوتنی پاترییەکەی ودیمەنی دووکـەڵ و مۆڵینی سوپای داگیرکەریان لەساوسێوەکە بۆ گێڕانەوە، ئەو شەوە سالح و عەبدوڵڵا یان نەکردە ئێشکگر چوونکە ماندووبوون.

بەیانی لەخەو هەستان وەکو ڕۆژانی پێشوو عەلی زەینەدین لەبنی مەتەرەکاندا ناوساجی (زرۆبی) بۆ دروستکردن، چایان خستە سەر ئاگرێکی بێ دووکەڵ و نانی بەیانیان خوارد دواتر هەر هەشت پێشمەرگەکە لەسەر ئەو بارودۆخەی تێیدابوون کۆبوونەوەیەکیان سازدا تا چارەسەرێک بدۆزنەوە.

ماوەی چوار ڕۆژ بوو لەناو ئەشکەوت و بن گابەردەکانی بناری چیای کاروخ مابوونەوە خواردنیان پێنەمابوو تەنها بەشی یەک ژەم ئاردوو ڕۆن مابوو چونکە ئەو کەلوپەلانەی بەپشتی هێستر هێنابوویان کە پێک هاتبوو لە دوو فەردە ئارد، فەردەیەک برنج، شەکری وردوو کڵۆ و چاو ڕۆن و خواردنی لەقتونراو و قاپ و کەوچک و مەنجەڵی چێشت لێنان و تایت و سابوون کەوتە دەست دوژمن.

دوای ئەوەی پاتری جیهازەکە لەکارکەوت و پەیوەندییان لەگەڵ هاوڕێکانیان بۆ نەکرا دەبوایە ئەو سنوورە جێبهێڵن بۆ پەیداکردنی خواردن و پاراستنی خۆیان لەدوای ئاوەدانییەک بگەڕێن نەشیاندەتوانی بەڕۆژ بەدوای سەلاح دیلمانی و ئەوانیتردا بگەڕێن نەیاندەزانی لەکوێ گیرساونەوتەوە بۆیە بڕیاریاندا بەرەو گەلاڵە و لای رۆستێ برۆن، زوبێر و عەلی ئەو ڕێگەیەیان پێبیاش بوو تاکو بگەنە خزمەکانیان و لە ڕێگەی ئەوانەوە هەواڵی حەسەن کوێستانی و هاوڕێکانیان بزانن، بڕیاریاندا کە شەو داهات کاروخ بەجێبهێڵن.

ئێوارە بوو سێبەرە شەکەوت و ماندووەکانی چیای کاروخ بەرەو سەر هەڵدەگەڕان تا ئەو بنارە لەبەرگێکی ڕەش هەڵکێشن، تارمایی شەو دووکەڵی دێهاتی سووتاو داپۆشێ و لەبەرگێکی خۆڵەمێشی هەڵکێشێ.

مەفرەزەکە ئاگرێکی بێ دووکەڵیان کردەوە بەو ئاردو ڕۆنەی بەشی ژەمێکی دەکرد ناوساجیان درووستکرد و چایان دەمکرد

ڕۆژ بەرەو هەڵکشان دەڕۆیشت، ئەنگۆرەیەک جیهازەیەکەان لە بن بەردێک شاردەوە و مەتارەکانیان پڕ ئاو کردوو بەڕێکەوتن، عەلی زەینەدین لە هەموویان شارەزاتربوو پێشیانکەوت بەرەو کەڵێتە شۆڕبوونەوە سەر شاخ و قەت پاڵ و قەراخ دۆڵەکان سەربازو جاش بوو دەبووایە زۆر بە وریایی ڕێبکەن.

دوری نێوان چیای کاروخ  تاسەر ڕێگەی ڕەژێکەریان دوو کاتژمێرە، بەڵام پێشمەرگەکان لە ئێوارەوە تاوەکو پێش ئەوەی ڕووناک دابێت نەیانتوانی بگەنە ڕێگەی سەرەکی ناچار لە شوێنێکی زۆر سەخت لە خوار کەلێتە بەلای ڕۆژئاوادا لە ناو تەراش و چەقەرە بەردا مانەوەو لەسەر تەنیشت ڕاکشان.

بەدرێژایی شەو ئەو ئاوەی لە مەتارەکانیاندابوو خواردیانەوە کەس ئاوی پێنەمابوو لە دەورووبەریشیان ئاو نەبوو. کە ڕۆژ هەڵهات تەماشای دەورووبەریانکرد هەموو ڕەبییەو سەربازگەی دوژمن بوو دەبووایە زۆر بەهێمنی و شێنەیی قسە بکەن.

کات بەرەو نیوەڕۆ دەڕۆیشت تینوێتی هەراسانیکردبوون زمانیان نەدەگەڕا قسەیان بۆ نەدەکرا عەبدوڵڵا چۆمانی لە هەموویان دوخی خراپتر بوو لەناچاریدا میزی خۆی خواردەوە دواتر داوای لە هاوڕێکانی دەکرد میزی خۆیانی بدەنێ داوای لە هەر پێشمەرگەیەک دەکرد دەیوت میزم نایەت.

دۆخی عەبدوڵڵا چۆمانی بەرەو تێکچوون و ئاڵۆزی دەڕۆیشت دەیووت خۆم دەکوژم، ساڵح هەولێری قسەی بۆ دەکرد دڵیدایەوە بەڵام سوودی نەبوو، نەیدەتوانی بەسەر خۆیدا زاڵبێت ڕەنگی پەڕیبوو ساڵح لەسەر تەنیشت خۆی گەیاندە عەبدوڵڵا و ماچیکرد دەستی کردە ملی و قسەی بۆ دەکرد سوودی نەبوو هەر دەیوت خۆم دەکوژم، هەمووان تفەنگەکانیان فیشەکی لەبەر بوو وویستی زامنی تفەنگەکەی بترازێنێ و خۆی بکوژێت ساڵح هەولێری زللەیەکی لەبنا گوێیدا و تفەنگەکەی لێسەند عەبدوڵڵا یەکسەر پاڵیدایەوە خەوی لێکەوت، دوو لە پێشمەرگەکان لەگەڵ ساڵح هەولێری لەسەر تەنیش ڕایانکێشایە ژێر سێبەری تەراشێک تا دنیا تاریک بوو خەوی لێکەوت..

ئەو ڕۆژە دووردودرێژە بێ نان و ئاو لەسەر لا پاڵکەتبوون لەبەر تینوویەتی نەیاندەتوانی نانە ڕەقیش بخۆن قورگ و لێویان ووشک هەڵاتبوو، کاتێک عەبدوڵڵا خەبەری بووەوە ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو بەڵام دۆخی باشتربوو، عەبدوڵڵا وتی نەڕۆین ساڵح پێیووتن با دنیا تاریکدابێت، هەموویان بە ورەیەکی بەرزەو ووتیان باشە.

پێشمەرگەکان تاقموو فیشەکدانیان لە پشت دانەنابوو دنیا تەواو تاریک بوو هەستان و بەرەو ڕەژیکەریان بەڕێکەوتن زۆر دوور نەبوون لە دێیەکە لەماوەی کاتژمێرێکدا گەیشتنە دورووبەری (گوندە دۆڵەک) ی نزیک دەرگەڵە، لەجادە نزیک بوونەوە هەموی هێزی سەربازی بوو، بۆ ڕێڕەوی ئاوی بەستەکە بەرەو چۆمەکە پردێکیان کردبوو لەسەر کونە پردەکە ناقیلەیەک وەستابوو ئەمانیش دەبوو بەژێر پردەکەدا بڕۆن بە دووربین تەماشای کونە پردەکەیانکرد کەسی لێنەبوو جگە لە ناقیلەکە، تازەگەڕانەوە زەحمەت بوو ناچار زۆر بەوردی و هێمنی بەژێر پردەکەدا ڕیشتین چوونە ئەو پەڕی جادەکە ماوەیەکی کەم ڕۆیشتین گەیشتینە سەر چۆمەکە دەستیانکرد بە ئاوخواردنەوە ووردەنانیان لە کۆڵەپشتەکانیان دەرهێنا و بە ئاوەوە خواردیان پاش پشوویەکی باش لە ڕووبارەکە پەڕینەوە ئەو بەر بەرەو (حافز و پشتی بنەکاولوو پاش کۆز گەیشتنە بەرانبەر ناوکێلەکان فەوجێکی سەربازی لێبوو چورادەوری ڕەبییە بوو لە باکوری ناوکێلەکان) دەراوێکی لێبوو بەرەو ئەوێ بەڕێکەوتن چوونە سەر ڕووبارەکە ئاوەکە زۆربوو دەبوایە دەستییەکتر بگرن بپەڕێنەوە عەبدوڵڵا چۆمانی وتی یەڵڵا ساڵح هەولێری پێشمانکەوە تۆ مەسئولمان نیت زوبێر سەری لەبنا گوێی ساڵح ناو بەگاڵتەوە ووتی دەیەوێت بەڕووبار یتدا بێڵێ.

مەفرەزەکە دەستییەکیانگرت و پەڕینەوە بەرەو سەر چیای (ناوانان) کەوتنە ڕێ پشوویەکی باشیاندا دواتر چوونە (گەروێ ناوکێلەکان) بەلای دار و لسەلامدا لێیدانیشتن عەلی زەینەدین ووتی ئەوەی جگەرە دەخوات ئاگای لێبێت ناودێ هەمووی کەتیبەی تۆبخانەیە، کاتێک ڕۆژهەلات تەماشایانکرد سەربازگەی گەورە و چەندین کەتیبەی تۆپ لە دارولسەلام بوو.

پێشمەرگەکان شەکەت و ماندووی ڕێگە بوون لەژێر تەراشەبەردەکان جێگایان چاککردوو بڕیاریاندا بمێننەوە. پێشمەرگەیەک خەریکی جێگە خۆشکردن بوو بەردێکی هەڵدایەوە مارێک لەبن بەردەکە دەرپەڕی و بە نێوان و سەرقاچی پێشمەرگەکاندا ڕۆیی، سەید برایم کە جفتۆشیان پێدەووت ووتی تازە لەو مارە

ڕزگارمان بوو ئێمە بەتەواوی سەردەکەوین، پێشمەرگەکان ئێشکگرییان دەرکردوو نووستن.

دەمەو تاریکبوون خۆیان کۆکردەوە و بەرەو دۆڵی ڕۆستی بەرێکەوتن نانیان پێنەمابوو ئەوەی پێیان بوو خواردیان، بەرانبەر دارولسەلام تووشی ڕەزێکی ترێ بوون ترێیان خوارد بە ترێ وزەیان بەرهاتەوە چوونە سەر کانی سوولاوکە پشوویاندا و مەتارەکانیان پڕکرد لە ئاو، بەرەو چیای ڕەش بۆ دێیەکانی ماوانێ و گوێزلینگە لە دۆڵی ڕۆستێ بەرێکەوتن لەکانی (گۆل)ی ناوگەلییەکەی بناری چیای ڕەش پشوویاندا دواتر کەمێک لە کانییەکە دوورکەوتنەوە و حەرەسیاتیان دەکردوو نووستن.

بەیانی بوو ڕۆژ لەشاخ و کێوو قەدپاڵی چیاکانی دۆڵی ڕۆستی دەدا پێشمەرگەکان هەندێک نووستوو هەندێک دانیشتبوون سەرنجی دەشت و دەریان دەدا چاویان دەگێڕا ئاوەدانییەک جوڵەیەک مریشکێک ئاژەڵێک بەدیبکەن.

ڕۆژ بەرەو هەڵکشان دەچوو خۆی لە کێوەکان دەسوو پێشمەرگەیەک ووتی ئەوە مێردمنداڵێکە بەسواری گوێدرێژێکەوە مێگەلە ئاژەڵێکیش دەرکەوت. ئەو پێشمەرگانەی تا ئەو کاتە نووستبوون هەستان تەماشای شوان و مێگەلەکەیان دەکرد شوانەکە لە پێشمەرگەکان نزیک بووەوە عەلی زەینەدین و مامۆستا مەحموود چوون بۆلای شوانەکە ئەو مێردمنداڵە تەمەنی نزیکەی دوانزە ساڵێک دەبوو کە عەلی و مەحموودی بینی ترسا زوبێریش چوو بۆلای شوانەکە، کاتێک مێرد منداڵەکە زۆبێری بینی یەکسەر خۆی لە پشتی گوێدرێژەکە هەڵدایە خوارەوە بەرەو ڕووی زوبێر هات، شوانەکە زۆبێری دەناسی ڕەنگ و ڕووی گەش بووەوە ئەوسا زانی پێشمەرگەن. زوبێر و عەلی و مەحموود لەگەڵ شوانەکە هاتنەوە لای پێشمەرگەکانی هاوڕێیان شوانەکە یەکەیەکە چاکوچۆنی لەگەڵداکردن زوبێر چەند پرسیارێکی لە شوانەکە کرد.

*دەربارەی سنوورەکە
*کوڕی کێیە
*دوژمن هەیە یان نییە
شوانەکە وەڵامیدایەوە ووتی
*ئێمە تەنها سێ ماڵە مەڕدارین لەو سنورەدا
*دووان لەو ماڵانە هەرووتین، ئێمەش خەڵکی ناوەندەین
*کوڕی عەلی نەبی ئایشێم ناوم تۆفیقە

زوبێر باش دەیناسین بە توفیقی ووت من لەجیاتی تۆ ئاگام لە مەڕەکان دەبێت بڕۆ نانوچامان بۆ بێنە تۆفیق ووتی بەسەرچاو سواری گوێدرێژەکەی بو بەغاردان لەگەروێ ئاوابوو زۆری پێنە چوو بەغاردان گەڕایەوە پێنج نۆردووە نان، مەنجەڵێک ماستی مەڕووبزن، شەکر و چا، قۆری و چادانی هێنابوو.

تۆفیق بەشێوەزاری ناوچەی خۆیان بە پێشمەرگەکانی ووت (داکێ گۆتی باگیسکەکی بۆ خۆ بکوژنەوە) تۆفیق چووە ناو ڕانەکەی ملی گیسکێکی ڕەشی ناو قەد سپی گرت بیهێنێ گیسکەکە هێدە خورت و قەڵەو بوو تۆفیق قوەتی پێنەدەشکا ئەنوەر چۆمانی چوو گیسکەکەی هێنا پێشمەرگەکان دووبارە تۆفیقیان ناردەوە ماڵەوە چەقۆو مەنجەڵ و قاپ و کەوچکیان بۆ بهێنێت، تۆفیق گەڕایەوە مەنجەڵ و چەقۆ و تایت و سابوونی هێنا. گیسکەکەیان سەربڕی و گۆشتەکەیان وردکردوو لەسەر ئاگریان دانا عەلی زەینەدین سەرپەرشتی لێنانەکەی دەکرد.

تۆفیق سابوون و تایتی هێنابوو هەرجارەو بە نۆرە دوو پێشمەرگە دەچوون لەپەنا بەردێکی گەورە خۆیان و جلەکانیان دەشت.

بۆ نیوەڕۆ عەلی گیسکەکەی سوور کردەوە و تێرگۆشتیان خوارد زۆر هەوڵیاندا تۆفیق نانیان لەگەڵ بخوات بەڵام بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە. پێش گەڕانەوەی تۆفیق پێشمەرگەکانی ئاگادارکردەوە ووتی نەکەن بەرەو ئەو چیایە بڕۆن هەمووی ئەڵغامە. قۆریە چایەکیان لەسەر ئاگرەکە دانابوو تا ئێوارە چایان دەخواردەوە ئەو ڕۆژە ڕەنگیان ڕوون بووەوە وزەیان هاتەوە بەر.

دەمەو ئێوارە کەلوپەلەکانی ماڵی (تۆفیق) یان بردەوە و سەرێکیان لەماڵەکاندا لەوێش برنجو شلەیەکی بەتامیان خواردوو زۆر سووپاسیانکردن. چەند نۆردوویەک نانیان لەماڵە هەرووتەییەکان وەرگرتوو بەرەو گەڵاڵە ڕۆشتن نیوەشەو گەیشتنە گەڵاڵە لەسەر پانتاییەکەی گەڵاڵە لیوای (٢٣) مغاویری لێبوو زۆر دوور نەبوو لەکارگەی بەردی گەڵاڵە کابینەیەکی لێبوو حەرەسی کارگەکە لەو کابینەیە دەنووستن، حەرەسەکان دوو کەسی گەڵاڵەیی بوون کاک خوولەی ئامۆزای عەلی زەیندەین و مامی زوبێربوون.

## کـــانی و ئەشـــکەفتی دکـــنۆس

دوای ئەوەی گەیشتنە گەڵاڵە چوونە لای کابینەکە مام برایم (مام سەیدە) مامی جەلال حاجی لێبوو کەمێک لای مام سەیدە دانیشتن مام سەید بە بینیی پێشمەرگەکان گەشایەوە، دوای هەواڵپرسین زبێر بە مام سەیدەی ووت ئێمە دەچینە ئەشکەفتی (دکنۆس) هەوڵبدە بەیانی مامە سەعیدم بێت بۆ لامان هەندێک خواردنمان بۆ بێنێت، زۆر لای مام سەید نەمانەوە لیوای مغاویر نزیک بوو لێیانەوە بەرەو چیای سپی و ئەشکەفتی (دکنۆس) ڕۆیشتن کە دەکەوێتە بناری چیای سپی و خوار (بن پانکە).

## گـــــەشت و گـــەڵاو گـــوڵ

ناوچەی گەڵاڵە شوێنی دڵگیر و خۆشی هەیە مـەزرەی گەڵاڵە کوێستانێکی خۆش و دڵگیرە پانتاییەکی گەورەی هەیە خاوەن ئاوێکی سازو سازگارە وارداسن، گۆڕی مێرگێ، گۆڕەدێر، بەردەبووک، ماوەتان، کەوکانی، سۆرەکانی لەکوێستان و هەوارەکانی گەڵاڵەن.

## کـــــەوکانی و ســـــوورەکانی

کەوکانی و سوورەکانی هەوارگەی مەڕدارەکانی گەڵاڵە بوو، مەڕوو مەڕدارەکانی گەڵاڵە هەر ساڵە و دەچوونە شوێنێک ساڵێک بۆ کەوکانی و ساڵێک بۆ سۆرەکانی. هەردوو کوێستانەکە گەنمە بەهاری لێدەکرا و دەکرایە ئاردی سفر.کوێستانەکانی

بەردەپان، دەراو، کەپرە، غەربووک، بەردی کۆزێ ماڵی مام ئەحمەدی باوکی حەسەن کوێستانی دەچوونە ئەوێ بۆ مەڕداری. شاخی وارداسن، شنسن، شاخی ڕەش یان شاخی پاوانان، شاخی سپی لەشاخەکانی گەلاڵەن.

## کـــــانی پــشتێ ســـپی

کانی پشتێ سپی ئاوێکی سازگاری هەیە ئاوەکە کلسی نییە، شیرین و فێنکە دەرون خاوێندەکاتەوە ئاوێک لە بەفری کوێستانان.

## ڕواز

کوێستانی ڕواز، دارو بێداری کوێستانان، دێرێ نێوان دارو بێداران، کولک، کۆلکانان، گۆڕبەنان، ڕەزگە لەکوێستان و هاوینە هەوارەکانی گەلاڵەن.

## بـــەردی زاواو بـــووك – بـــەردە بـــووك

چیرۆکێکی ئەفسانەیی هەیە لە ناوچەکە دەڵێن سەردەمی کۆن بووک و زاوایەک چوونەتە ئەو کوێستانە و بوونەتە بەرد.

ماوەتان بەهارانی پڕ لەگیای بەهاری و کوردەواری لەگوڵو گوڵزاری دڵگیرە. ناوچەکە خاوەن میوەیەکی زۆر و زەبەندە و کانیاوی سازگارو ئاوو هەواوی فێنک مرۆڤ دەبەنەوە  بۆ سروشت.

پێشمەرگەکان لە ئەشکەوتی (دکنۆس) چاوەڕوانی مام سەعید بوون نیوەڕۆیەکەی مام سەعید بە مەنجەڵێک دۆڵمەو شەکرو چاو هەندێک کەلوپەل و پێداویستیترەوە دەرکەوت هاتە لای پێشمەرگەکان دوای دانیشتن و بەخێرهێنان  هەواڵی حەسەن کوێستانی وهاوڕێکانیان لێپرسی مام سەعید ووتی تا ئەو بەیانییەی هاتوومەتە ئێرە سەلامەتن  لە ڕێگەی شارەوە هەوڵیان دەزانین.

پێشمەرگەکان بەسەرهاتی دابڕانی خۆیان  بۆ مام سەعید گێڕایەوە و داوایانلێکرد هەواڵیان بگەیەنێتە حەسەن کوێستانی کە ئێمە لە گەلاڵەین چیبکەین و چۆنبکەین، بگەڕیینەوە کاروخ، مام سەعید بەڵێنیدا لەماوەی ٥-٦ ڕۆژ هەواڵیان بۆ وەرگرێت و

بگەڕێتەوە مام سەعید ووتی نایەمەوە هەتا هەواڵتان بۆ وەرنەگرم، دواتر مامۆستا خولە لەکارگەی بەردی گەڵاڵە کارمەندە ڕۆژانە سەرتان لێدەدات و خواردنتان بۆ دێنێت.

ڕۆژی دوایی مامۆستا خولە هات و خواردنی بۆ هێنان مامۆستا خولە کارمەندی کارگەی بەردی گەڵاڵە بوو ڕۆژانە دەیتوانی هاتوچۆی سنوورەکە بکات هەموو ڕۆژێک سەردانی پێشمەرگەکانی دەکردووخواردنی بۆ دەبردن هەواڵی تازەشی پێدەگەیاندن.

## گـــــەڕانەوەی مـــام ســـەعید

پێشمەرگەکان لە ئەشکەوتی (دکنۆس) چاوەڕوانی گەڕانەوەی مام سەعید بوون نزیکەی دوو کیلۆمەتر لە لیوای مغاویرەوە دوور بوون بەڵام نە لیواکە لە ئەشکەوتکەوە دیاربوو نە ئەشکەوتەکەش لە لیواکەوە دەبیندرا.

چیای سپی زنجیرەشاخێ بوو تا پردی گەڵاڵە درێژ دەبـووەوە بەهۆی ئەو زنجیرە شاخەوە ئەشکەوتی دکنۆس نادیاربوو. دوای ٦-٧ ڕۆژ چاوەڕوانی دوا نیوەڕۆیەک مام سەعید گەڕایەوە لای پێشمەرگەکان، پردی گەڵاڵە تا ئەشکەوتی (دکنۆس) هەوراز و کەڵەکە بەردو شاخە پووش و پەڵاشی دارستانە مام سەعید بەتەمەن بوو بەو هەورازەدا هەناسەی لێبڕابوو هەر هەشت پێشمەرگەکە بەرەو پیری چوون و سەریانخست بۆ زارکی ئەشکەوتەکە.

پێشمەرگەیەک شوێنێکی بەپوشو پەڵاش خۆشکردبوو شەوانە لەوێ دەنووست لەو شوێنە باشتریان نەبوو فەرمووی مام سەعیدیان کردوو لەو شوێنە دایان نیشاند چایەکیان دەمکردوو بەدەم چا خواردنەوە مام سەعید ووتی حەسەن کوێستانی بەخۆیی و جەماعەتەکەی لە (گەلی) دایە هەر هەموو وەکو ئێوە سەلامەتن پێشمەرگەکان لەخۆشیاندا گەشانەوە ووتیشی هەواڵی بۆ ئێوە ناردووە بگەڕێنەوە قەندیل پێویست ناکات بێنەوە چیای کاروخ ئێمە زۆر دواناکەوین دەگەڕێینەوە قەندیل.

دوای پشوویەک مام سەعید گەڕایەوە و زوبێری برازای مەسافەیەکی باش لەگەڵیدا ڕۆیشت، پێش ئەوەی بڕوات ووتیان بەیانی مامۆستا خولەمان بۆ بنێرە. بەیانی مامۆستا خولە هاتە ئەشکەوتەکە داوایان لێکرد بچێتە سۆران لە ئۆردوگای گەلاڵیان نانو پێخۆر و جگەرە یان بۆ بێنێت چوونکە دەگەڕینەوە قەندیل باتوێشوی ڕێگەمان پێبێت.

## تـــــەقەی تـــــفەنگ

پێشمەرگەکان بەردەوام بەئاگابوون ئێشکگریان هەبوو دەنگی یەک دوو تفەنگ لەقەد شاخی سەرەوە هات پێشمەرگەکان دابەشبوون بە دووربین تەماشایانکرد لەبن شاخەکە سێ چەکداریان بینی بەرەو خوارەوە دەهاتن عەلی زەینەدین زۆر بە ووردی بە دووربین تەماشایدەکرد هەرسێکیانی ناسی جاش بوون پێشتر پێشمەرگە بوون لەکەرتی (٥) ی گەلاڵە زوبێر وعەلی ووتیان بێنە لاشمان ناتوانن لەگەڵ ئێمە خراپە بکەن بۆسەیان بۆ دادەنێن بەڵام نایانکوژین.

پێشمەرگەکان لە چواردەوری کانی و ئەشکەوتەکە بۆسەیەکیان بۆ دانان ئەوانیش هاتنە سەر کانییەکە تاقم و تفەنگ و کلاشینکۆفەکانیان دانا زۆر بەئاسانی هەرسێ جاشەکەیان دەستگیرکرد، جاشەکان زۆر ترسان بەڵام کە عەلی و زوبێریان بینی گەشانەوە یەکتریان ماچکرد ماوەیەک لای پێشمەگەکان دانیشتن نان و چایان خوارد ووتیان چیتان دەوێت بۆتان بێنین.

لەسەر قسەی عەلی و زوبێر جاشەکانیان بەڕێکرد جاشەکان ووتیان بەلێن بێت لای خێزانی خۆشمان باستان ناکەین. دەمەو ئێوارە مامۆستا خولە گەڕایەوە کەلووپەلی پێویستی ڕێگەی بۆ هینابووون بڕیاریاندا شەو بەڕێبکەون لە ترسی (مین) یەک دوو داری درێژو ووشکیان بڕی بۆ ڕێگە بڕیاربوو عەبدوڵڵا چۆمانی پێشبکەوێت چوونکە لە هەموویان شارەزاتربوو. پێش خۆرئاوابوون زوبێر بەبێچەک چووە خوار مەزرەی تا ڕێگەکە تاقیبکاتەوە لەسەر ڕێگە پردێکی لێبوو گەلابەیەک بەردی بارکردبوو گەلابەکە پەنچەر ببوو، زوبێر زۆر هاوکاریکردبوو دواتر لێپرسیبوو دۆخی هەولێر چۆنە شۆفێری گەلابەکە ووتبووی لەوەتەی جەلالی نەماون دنیا هەمووی شامی شەریفە.

زوبێر گەڕایەوە ئەو چیرۆکەی بۆ پێشمەگەکان گێڕایەوە، ووتیان خۆزگە دەمانبرد کوردستانی وێرانمان نیشاندەدا تاکو بزانێت دوژمن چیکردووە بەم نیشتمانە.

خاکی گەڵالە و ئەشکەوتی (دکنۆس) یان ماچکردوو مەتارەکانیان پڕ کرد لە ئاو عەبدوڵڵا چۆمانی پێشکەوت لەتەنیشتی قوبەی گەڵاڵە شۆڕبوونەوە چوونە سەرجادە و لە ڕووباری چۆمان پەڕینەوە ئەوبەر بەرەو دێ ڕووخاوەکەی مێرگە سەرکەوتن بڕیاریاندا بەشەو لە سنووری مێرگە نەڕۆن لەبەر (مین) دواتر گەیشتنە نێوان (گۆرۆنێ و شێوەڵۆک) دنیا ڕووناک بووەوە دوو کۆپتەر هاتن ئەوان وردە وردە دەڕۆیشتن تا دنیا ڕووناک دابێت بەرپێی خۆیان ببینن چوونکە ڕێگەکە (مین) ی هەبوو.

ئەو سنوورە لەساڵی (١٩٧٧) ەوە ڕاگوێزارابوو سنوورێکی قەدەغەکراوبوو خەڵکی نەیدەتوانی بەئاشکرا هاتوو چۆی تیادابکات سنوورەکە تەنها سوپای عێراقی لێبوو لەشەڕی عێراق ئێراندا (مین) ێکی زۆر لەو سنوورە چێندرابوو، پێشمەرگەکان گەیشتنەخوار (گۆرۆنی) سەرووی (شیوەڵۆک) دنیا ڕووناک بووەوە ڕۆژ تاڵە تیشکەکانی دەرخست دوو کۆپتەر بەرەو پێشمەرگەکان دەهاتن، پێشمەرگەکان دوو دوو لەبن تەراش و دارو دەوەنی ناوچەکە خۆیان پەنادا کۆپتەرەکان بەرەو چۆمان ڕۆیشتن لەوێ نیشتنەوە.

دوای ڕۆشتنی کۆپتەرەکان پێشمەرگەکان دەستیان بەڕۆیشتن کردەوە عەبدوڵڵا چۆمانی لە پێشەوە دەڕۆیشت دارەکەی دەستی لەپێش خۆیەوە درێژ کردبوو تا ئەگەر (مین) هەبێت لەسیمەکەی گیربێت تابزانن کوێ (مین) ی هەیە، ساڵح هەولێری لەدوای عەبدوڵڵاوە دەڕۆیشت ئەوانیتریش بەدوای یەکدا دەهاتن.

## دوا هـــەواری مەحـــموود ســـەیدە

پێشمەرگەکان زنجیرەیەکی نەپساوە بوون بەدوای یەکدا ڕیزیان بەستبوو گەیشتنە سەر گۆڕستانی (مەلا زێندینانە) کە دەکەوتە پشت گۆڕاییەک پێیاندەوت (سەردەشت) گۆڕی فەرماندەی شەهید مەحموود سەیدە لە گۆڕستانەکەدا بوو هەشت پێشمەرگە لەسەر گۆڕەکەی وەستان و فاتیحایان خوێند پەیمانی درێژە دان بەڕێبازەکەیان دوو پاتکردەوەو بەڕێکەوتن،

جۆگەیەک لە ڕووبـاری سـەرەوەی حەساری سەکران دەهاتە خـوارەوە بەو جۆگەیەدا سەرکەوتن بۆ دێی سەکران کاتێک گەیشتنە (گەلی سەکران) بێشەیەکی چڕوو پڕ بوو ناو گەلییەکەی تاریک کردبوو زەمەنێک بوو دەستی جوتیارانی نەگەیشتبوویە پاکیبکەنەوە، سەرکەوتن لێیەوە ئەستەم بـوو، هەنگاو هەنگاو گەیشتنە بناری ئەو شاخە کانیاوێکی خۆشی لێبوو لەسەر کانییەکە خۆیان کردەوە چایەکیان لێنا نانی بەیانییان خوارد هەرکەسەێک لەبن بەردێک شوێنی خەوتنییان چاککردوو دوو پێشمەرگە بە نۆرە ئێشکگرییان دەگردت تا دوای نیوەڕۆ خەوتن نانی نیوەڕۆیەکی دڕەنگیان لەوێ خوارد دواتر بەڕێکەوتن، لە (ناو ڕووباران) بەرەو (وارشێخان) سەرکەوتن هەورازێکی سەختیان بڕی و گەیشتنە بناوێ لەوێشەوە بۆ (گۆمی بێکۆدیان).

گۆمی بێکۆدیان ئاوێکی سازگـار و سـازی هـەبـوو ئـاوەکـە بەچەند ڕەنگ خۆیدەگۆڕی، لەبن شاخەکە بەفری چەند ساڵە کەوتبووە سەریەک هەمووو ساڵێک بەفری نوێ دەکەوتەوە سەر بەفرە کۆنەکە.

بەلای ڕاستی گۆمەکەدا شوێنی ڕەشماڵی مەڕدار و ڕەوەندەکانی لێبوو کۆلیان دروستکردبوو، پێشمەرگەکان چوونە سەر غارە بەردەکان زۆریان سەرمابوو بەرەو شەو دەچوون دەبوایە ئاگر بکەنەوە بەدوای داردا دەگەڕان بەڵام ئەو کوێستانە جگە لە بنە گوێنی هیچیتری لێنەبوو چوار پێنج بنە پێڵاوە فڕێدراوی ڕەوەندەکانیان دۆزییەوە لاستیک بوون لەگەڵ بنە گوێنییەکان ئاگریان پێکردنەوە و چایان لێنا دەستیان بەنانخواردن کرد.

ساڵح هەولێری ئاگرەکەی خۆشدەکرد یەکێک لەبنە پێڵاوە لاستیکەکان بەدەستییەوە نووسا ئازاری زۆری بوو ئەو شەوە تا بەیانی لەبەر ئازارو سەرما خەونەچووە چاوی لەسەرما هەموویان پشتیانکردبووە یەک تا گەرم ببنەوە.

مانگی (٩) پلەکانی گەرما لە قەندیل دادەبەزن هەندێک جار دێنە ژێر سفر شەوانە دەیبەستێ ئەو شەوە پێشمەرگەکان لەتەنیشت گۆمی بێکۆدیان مانەوە شەوێکی ساردبوو ئاگرێکی کەمیان هەبوو.

ئەو شەوە تێپەڕی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٩/١٥ بوو هەستان ئاگریان کردەوە و چایان لێنا و نانی بەیانییان خوارد، دەستە سوتاوەکەی ساڵح هەولێری ئازاری هەبوو مێرگەکانی دەوری گۆمەکە پڕبوو لە گوڵی هەمەڕەنگ گوڵەکانی چنی و لەناو لەپی دەستی داینا بە پارچەیەک لە پشتێنەکەی بۆیان بەست دوای ماوەیەک ژانی شکا.

قەندیل تەپۆڵکەو دۆڵ و مێرگ و ڕووباری ناوخۆی هەیە زنجیرە چیاکانی دورو درێژوو سەر لەهەور گیرکردووی سەر بەتەمە هەتا درێژبێتەوە ناوەکانی زۆرتر دەبن. بەشێک لە قۆپەکانی قەندیل ناویان دیاروو ناسراون لەسەر زمانی خەڵک ئەو قۆپ و لوتکانە بەو ناوانە دەناسرێنەوە ناوەکان لەسەر زمان شیرن و دڵگیرن.

یەکەم لوتکەی قەندیل لەسەر دێی وەڵاشێ چیای کوخەیە، قۆپی سەنگەران لە بناری کوخەیە. سەری تاڵی، دولکە، پیر خێڵند، شێخ شەرۆ، قۆچ باش، شەمۆڵ، قەندیلە چکۆلەی مام ئاکویان، قۆپی قەندیل، کوڕەش، گەڵاڵە، مۆلی گەورە، مۆلی بچووک، کەوکەز بەشێک لەو لوتکەو قۆپە بەرزانەی قەندیلن.

لەتەنیشت گۆمی بێکۆدیان سەرنجت دەڕوات بۆ قۆپی قوچباش، شەمۆل، پیر خێڵند قۆپی قەندیل. ئەو قۆپانە هێندە بەرز و بڵندن گەر سەرکەویتە سەر لوتکەکانیان هەموو ئەو نیشتمانە جوانەی کوردستانت لێوە دیارە تا دەگاتە گڕی ئاگرەکەی بابەگوڕگوڕ.

لەگۆمی بێکۆدیان خۆیان ئامادەکرد بچنە شێخ ئایش، لە هەواری مزگەوتەو تەندورە یەک دوو ماڵە ڕەوەندمابوون چوونە لایان ماڵەکان میوانداریانکردن پیرێژنێک هاتە لای ساڵح هەولێری ووتی ئەوە دەستت چییەتی ساڵح ووتی پۆری دەستم سووتاوە پیرێژن دەرمانی گیراوەی کوێستانی قەندیلی بۆ هێناو جوان بۆی تەداویکرد ساڵح دەستی ماچکردوو سوپاسیکرد.

دوای ماڵە مەڕدارەکان لە هەواری (مزگەوتە و تەندورە) بەرەو شێخ ئایش بەڕێکەوتن زانیارییان هەبوو بارەگای پێشمەرگەی لێیە، شێخ شەرۆ لەبەرزاییەکەی بەرانبەر دووندی قەندیلە کە سەردەکەویت بۆ ئەو گەرووە زریان و باو بۆران

تێکدەهاڵێن و بەیەکدا دەچن ئەگەر شارەزاو گورجوگۆڵ نەبیت لەو گەرووە سەری سەلامەت دەرناکەویت و تیادەچیت.

ماوەی ڕزگاربوون لەو گەرووە نیوکاتژمێرە لە مانگی (١٠) بەدواوە بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات هاتووچو سەخت و دژواردەبێت، لە مێژووی دێرین و نوێدا چەندین کەس لە پێچی ئەو دەربەندە بێسەروشوێن بوون باو زریان و ڕەشەبا قوتیداون بوون بە ژێر زریان و ڕنوی بەفرەوە بوونەتە خۆراکی باڵندە و ئاژەڵەکێویەکان، ئەو شێخ شەرۆیە ئاوایە.

شێخ ئایش دەکەوێتە خواروتر لەباکوری شێخ شەرۆیە هەر چوار وەرزی ساڵ بەفری لێیە بەرەوخوارتر گۆڕاییە (تەختاییە) هەموو شاخ و بەردەلانە دەکەوێتە نێوان قۆپی قەندیل و شاخی تاتی دۆ. پێش خۆرئاوابوون گەیشتنە شێخ ئایش پڕبوو لە پێشمەرگە چەند خێمەیەک هەڵدرابوو لەبەرزاییەکەوە شۆڕبوونەوە بۆ لای پێشمەرگەکان پێشوازی گەرمیان لێکردن چوونە لای کاک کۆسرەت عەبدولڕەزاق و قادر خەبات لەوێ بوون پێشوازی گەرمیان لێکردن کاک کۆسرەت ڕوویکردە ساڵح هەولێری ووتی چیت دیتییە وەزع چۆنە هەواڵی کاک حەسەن کوێستانی هەموویم بۆ بگێڕەوە دوای گێڕانەوەی ڕووداوەکان کاک کۆسرەت بە پێشمەرگەکانی ووت خواردنیان بۆ بێنن.

ساڵح هەولێری بۆ نووستن چووە لای چادرەکەی عەبدولڕەزاق، بەیانی نان و چایان خواردو چوونەوە لای کاک کۆسرەت ماڵاواییان لێکردوو بەرەو بادیناوێ بەڕێکەوتن دوای هەشت ڕۆژ مانەوە لە بادیناوێ حەسەن کوێستانی و سەلاح دیلمانی لەگەڵ پێشمەرگە پارتیزانەکان گەیشتنەوە بادیناوێ و بەیەکتر شادبوونەوە.

## مــــەفرەزەی عـــــوزێر فــــــەقیانی
## مـــانگی (8)ی ســـاڵی 1989
## یانزە

(ساڵی ١٩٨٩ بارەگای تیپی (٨٣)ی هەوریێ لە «گوێزێ»ی پشتی دۆڵە کۆکە بوو، عوزێر فەقیانی فەرماندەی تیپ بوو).

سەرکردایەتی (ی ن ک) عوزێر فەقیانی ئاگادار کردەوە خۆیان سازدەن بچنە خوارەوە بۆ ناوچەکانی ڕەواندوز و کارۆخ و بناری هەندرێن و دێیەکانی ناوچەکە.

سەرکردایەتی (ی ن ک) سەرقاڵی دابینکردنی پارەو پێداویستی مەفرەزەکە بوو بەڵام پارە نەبوو، ناچار (٢٠٠٠) دیناریان لە هاووڵاتییەک قەرز کرد ناوی کاوە بوو خەڵکی کۆیە بوو، لە قاسمە ڕەش کەبابخانەی هەبوو، دوای دوو هەفتە چاوەڕوانی پارەکەیاندایە مەفرەزەکە و بەڕێکەوتن.

عوزێر فەقیانی، ڕێباز، مام شوان، ڕێبین، ئیبراهیم، حاجی ڕەشید، کارزان، لە «گوێزێ»وە بەڕێکەوتن، شارەزایەکیان لە گەڵدا ناردن کەڕووڵاڵ[٤٨] بوو، لە ڕێگا مەزهەر کەریم و کەسێکیتر لە گەڵیانکەوتن، بە قەندیلدا هاتنە (تەنگی سێ مانە) ئاوێکی سازگاری هەبوو شارەزاکەیان کە کەڕووڵاڵ بوو بە ئیشارەت ئاگاداری کردنەوە لایت هەڵ نەکەن ئێران تۆپ بارانیان دەکات، بەڵام بە قسەی شارەزاکەیان نەکرد لە سەر ئاوەکە لایتیان لێدا، تۆپخانەکانی ئێران چەند هاوەنێکیان هاویشت کەوتە ناو پێشمەرگەکان، چەند پێشمەرگەیەک بریندار بوون، خالیدە سور[٤٩]و شۆڕش و کارزان بەرکەوتن، بریندارەکانیان گەڕاندەوە ئێران، عوزێر فەقیانی و مەزهەر کەریم و مام شوان و ڕێبین و ڕێبازو ئیبراهیم حاجی ڕەشید مانەوە.

هەر پێشمەرگەیەو کۆڵە پشتی خۆی پێبوو، کۆڵەکان قورس و پڕ پێداویستیبوون، بە چیای قەندیلدا ڕۆیشتن ڕێگەیان هەڵەکرد، بە ناو پووش و پەڵاش و هەڵەتی ئەو چیا سەرکەشەدا ڕێگەیان بڕی، گژوگیای باڵاکردووی قەندیل لە قول و قاچ و

---

[٤٨] شارەزا و چاو ساغی مەفرەزەکە کەڕوڵاڵ بوو، مەزهەر لە دوایەوە دەڕۆیشت گیرفانی پڕ کردبوو لە بەرد، ئەگەر بیانویستایە پرسیاری لێ بکەن بەردێکیان دەکێشا بە پشتیدا و دەوەستا.

[٤٩] خالیدە سورو مەزهەر و چەند کەسێکیان لە مەفرەزەکە نەبوون لە ڕێگا تێکەڵیان ببوون.

لەشیان دەهالا، (کیفار)[٥٠] هەموو لەش و دەست و قاچی کردبوونە خوێن، بەدەم ڕێگەوە بە چیای قەندیلدا گەیشتنە (تادی دۆ) لەوێ پشوویەکیانداو مانەوە، کە ڕۆژهەلات لە هەر چوار لاوە دەنگیاندان، پێشمەرگەی حزبی دیموکرات[٥١] بوون، لەوێ یەکتریان ناسی، عوزێر فەقیانی لێپرسین چیدەکەن لێرە ووتیان بە دوای برادەرانی لادەردا[٥٢] دەگەڕێین تا بیانگرین و بیانکوژین عوزێر فەقیانی و هەڤاڵەکانی پێیانوتن ئێمە هەموو کوردین لە برا کوژی قازانج ناکەین.

مەفرەزەکەی عوزێر فەقیانی و هێزەکەی حزبی دیموکرات لە یەکتری جیابوونەوە، بەرەو ئاوی سپی قەندیل ڕۆیشتن، چوونە لای مورادی حاجی کوێخا و چەند ڕۆژێک لەوێ مانەوە.[٥٣]

دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە (ئاوە سپی) مالاواییان لە مورادی حاجی کوێخا کرد، بە هەورازی کونە کۆتردا سەرکەوتن و هاتنە (سلێ) کە بارەگای حزبی دیموکراتی لێبوو، مەفرەزەکە نامەی سەرکردایەتیان پێبوو بۆ تێکڕای حزبەکان، نامەکەیان نیشانی (حزبی دیموکرات) دا، هاوکاری زۆریان کردن و ڕێزیان لێگرتن، دوای چەند کاتژمێرێک ووتیان دەبێ لێرە بڕۆن، هەواڵمان پێگەیشتووە هێزەکانی عێراق دێنە ئێرەو ناوچەکە دەپشکنن.

لە قەندیل ئەحمەد هەرتەلی و عومەر (زێوەیی) یان بینی بە نیازی هاتنە خوارەوە بوون، تێکەڵ بە مەفرەزەکە بوون و ووتیان تا سەرکەپکان لە گەڵتان دێین، بابەکر فەقێ ئەحمەد پشدەری و عەلی قادرو عەبدوڵڕەحمان سێ پێشمەرگەی پارتی بوون، بە نیازی هاتنە خوارەوە بوون، ئەوانیش تێکەڵ بە مەفرەزەکەی عوزێر فەقیانی بوون.

دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ مەفرەزەکە لە (سلێ) وە بەرەو ناو سەرکردایەتی حزبی دیموکرات ڕۆیشتن، لە ناو قامیشەلان و پووش و پەلاشی نزیک بارەگاکانی حزبی دیموکرات پاڵیاندایەوە.

٥٠ کیفار، گیایەکی دڕکاویە، ڕەنگی خاکیە، لە بەشێکی تریشدا باسمان کردوە.

٥١ فەرماندەی هێزەکەی دیموکرات ناوی حەمە ڕەش بوو، فەرماندەی هێزی قەندیل بوو.

٥٢ گروپێک بە سەرکردایەتی جەلیل گادانی لە حزبی دیموکرات جیا ببوونەوە پێیان دەوتن لادەر.

٥٣ مورادی حاجی کوێخا، لێپرسراوی خاڵێکی گومرکی بوو لە (ئاوە سپی) قەندیل.

شەوێکی گەرم و دۆخێکی ناخۆش بوو، ئەحمەد هەرتەلی بزۆز بوو لە شوێنێک ستاری نەدەگرت بەردەوام دەجوولا، بەرانبەر ئەو شوێنەی پێشمەرگەکانی لێبوو خالێکی پاسەوانی حزبی دیموکرات بوو، شوێنەکەیان ئاشکرا بوو، پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات هاتنە لای مەفرەزەکە، عوزێر فەقیانی پێیوتن ئێمە پێشمەرگەی یەکێتین دەڕۆینە خوارەوە بۆ ناوچەکانی خۆمان.

پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات بە (بێتەل) پەیوەندیانکرد بە سەرکردایەتی خۆیانەوە لە بوونی مەفرەزەکەی یەکێتی ئاگاداریان کردنەوە، سەرکردایەتی حزبی دیموکرات وەلامیان دانەوە هاوکاری مەفرەزەکە بکەن، عەلی ئەشرەفی فەرماندەی هێزی سەرکردایەتی حزبی دیموکرات بوو هاتە لای مەفرەزەکەو خواردنیان بۆ هێنان نان و پەنیریان دایە پێشمەرگەکان، هێزەکەی حزبی دیموکرات مەفرەزەیەکیان لە گەڵ عوزێر فەقیانی و هەڤاڵەکانیان نارد تا لە جادە[٥٤] پەڕینەوە.

دوای پەڕینەوەیان لە جادە بەرەو چیای زێڕینکێو بەڕێکەوتن، لە ڕووبار پەڕینەوەو ئاویان پێنەما ڕێگەیەکی دوروو درێژ حەوت کاتژمێر بە ڕێگادا ڕۆیشتن، لە ڕێگەش ئاو نەهاتە ڕێیان، هیلاک و شەکەت و ماندوو قورگی ووشک هەلاتوو، لێوەکانیان وشک ببوون،

لە کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقەی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٩/٨/١٧ گەیشتنە زێڕینکێو، کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ تینوویەتی تینی بۆ هێنان، پێشمەرگەکان ماندوو هیلاک بوون، توانای جووڵەیان نەبوو، قاچەکانیان تێکهالا بوون، بە یەکجاری لە جووڵە کەوتبوون.

لە نزیک بارەگای حزبی دیموکرات پێش ئەوەی بەڕێبکەون بۆ چیای زێڕینکێو سێ ژەم بە دوای یەکدا پەنیریان خواردبوو ئەمە کاریگەری لە سەر تینوویەتی پێشمەرگەکان هەبوو.

تێکڕای پێشمەرگەکان لە ناو پووش و دارو دەوەنی بالا کردووی زێڕینکێودا، لە بەر سووره هەتاوی مانگی (٨) کەوتن و دۆخیان خراپبوو، بە تەواوی تێکچووبوون، هۆش و بیرو توانایان لە دەستدابوو، لە جووڵەو قسە کەوتبوون لێو بە بارو

[٥٤] مەبەست جادەی کورتەک تا دۆڵی خانەقایە.

هەناسە سوار، بە تەواوی هێزیان لە دەست دابوو پەکیانکەوتبوو، هەر نوزەیان تیا نەمابوو، خۆیان ڕادەستی مەرگ کردبوو، هەر یەکەیان چاوەڕوانی دواهەناسە و ڕۆح دەرچوون و گیان سپاردن بوون، ئیتر ئومێدێک نەمابوو بۆ ژیان، چرکە بە چرکە چاوەڕێی نزیکبوونەوەی مەرگ و گیان سپاردن بوون، تالاوی ناودەم و ووشکبوونی تفی ناودەم، بەیەکدا نووسانی لێوەکان و ووشکبوونەوەی قورگ و بۆری هەناسە، هەواڵی تاسەباری مەرگی دەگەیاند.

ناوچەکە تەواو بێ ئاو بوو، شاخی زێڕینکێو وشک و ڕەق و زەرد هەڵگەڕاو تەڕایی تیا نەبوو، زێڕینکێو خەریک بوو دەبووە شایەتی کارەساتێک، کارەساتی گیان سپاردنی پۆلێک پێشمەرگەی کۆڵ بە کۆڵی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان، خەریک بوو دەبووە شایەتی ڕووداوێکی کارەساتبار کە تەنها چەند قومە ئاوێک دەیتوانی ئەو تەمی کارەسات و مەرگەساتە بڕەوێنێتەوە.

چاوەکان کز ببوون، هێواش هێواش پیلۆی چاوەکان دادەخـران، دنیا کپ و کش و مات، نە دەنگی باڵدارێکی کێوی، نە دەنگی کەوی نساران، نە جریوەی باڵندەیەک، نە دەنگی هەناسەیەک، نە دەنگی پێ و نە دەنگی پرمەی وڵاخێک دەهاتە گوێ، دەتووت ئاسمان ئامادەیە شایەت و شین گێڕی گیانسپاردنی پۆلێک ڕێبواری ڕێگەی ئازادی بێت، هیوا نەمابوو هەموو چاوەکان لە چاوەڕوانی دوا ماڵاوایی دابوون عوزێر فەقیانی لە ژێر بەردێکدا ڕاکشا بوو، قاچ و قولی کەوتبووە ناو بەردەکەوە، ئیبراهیمی حاجی ڕەشید و بابەکری فەقێ ئەحمەدی پشدەر و ئەحمەد هەرتەلی دۆخیان خراپبوو لە کۆتایی دابوون، ئێستا نا کەمێکی تر گیان دەسپێرن.

عوزێر فەقیانی فەرماندەی مەفرەزەکە سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو، مام شوان ڕوویکردە عوزێر و پێیووت ئەمڕۆ دوا ڕۆژمانە مسوڵمانبە، عوزێر فەقیانی ووتی خوا لە ناومان ببات و کۆتایمان پێبێنێ، هەر هێندەی وەڵام دایەوە.

عوزێر فەقیانی کامێرایەکی (تۆماتۆ)ی پێبوو لە سـەر وێنەکان بـەرواری ڕۆژەکـەی دەنووسی، کامێراکەی دەرهێناو وێنەی هەموو پێشمەرگەکانی گرت، هەر پێشمەرگەیەو لە پەنایەکدا پاڵ کەوتبوو، تاقم و تفەنگ هەر یەک لە لایەک کەوتبوون، کەس نەیدەتوانی چەند هەنگاوێک بڕوات دەکەوت.

پێشمەرگەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی دوا هەناسەیان دەسپێرن عوزێر فەقیانی

کاغەزو قەڵەمی لە گیرفان دەرهێنا تا ناوی پێشمەرگەکان بنووسێ و بەروارو ڕۆژی گیان سپاردنیان تۆمار بکات تا لە گەڵ کامێرەکە بیانخاتە نایلۆنێکەوەو لە جێگەیەک دایبنێ، دوای گیان سپاردنیان ئەگەر ڕاوچییەک ڕێبوارێک ڕێیکەوتە زێڕینکێو هەڵیبگرێتەوە تا مێژوو ڕووداوی ئەو کارەساتە تاڵە بە زیندویی بۆ نەوەکانی داهاتوو بنووسێتەوەو نەوەکانی داهاتوو بزانن، پۆلێک پێشمەرگەی ڕێگای ڕزگاری کوردستان لە پێناو گەل و نیشتماندا گیانیان سپاردوو زێڕینکێو بووەتە ماڵە گۆڕو ئارامگایان، دوای ئەوەی دەیان و سەدان داستان و نەبەردیان تۆمار کردوو نەبەزین، تینوویەتی گیانی لێستاندن و لە هاوینێکی گەرمی زێڕینکێودا بوونە خەزان و هەڵوەرین، عوزێر قەڵەمەکەی لە ناو پەنجەکانی دانابوو دەیویست ناوی پێشمەرگەکان بنووسێ بەڵام پەنجەکانی لەرزین و قەڵەمەکەی کەوتە سەر زەوی و نەیتوانی هیچ بنووسێ.

پێشمەرگەکان لە دوا ساتدا دەستیان بۆ ئاسمان هەڵبڕی و لە خودا پاڕانەوە بەزەیی پیاندا بێتەوەو گیانیان ڕزگار بکات، ئەوەی پێشمەرگەکان لێیدەترسان مەرگ نەبوو بەڵکو مردنێکی لە سەرخۆ بوو لە تینواندا، دەنا ئەو پۆلە پێشمەرگەیە دەیان جار مەرگیان تاقیکردبوەوەو بەزاندبوو ئەوان دەیانویست خوێنیان تاشە بەردێک سوور بکات، ببێتە گەردەلول و لە سەر سەربازگەو مۆڵگەیەکی داگیرکەر هەڵبکات، ئەوان دەیانویست ببنە هەتوانی ئازادی و ڕزگاری گەلێک، نەک لە پووش و پەڵاشی زێڕینکێودا بە هێمنی چاولێک بنێن و گیان بسپێرن.

عوزێر فەقیانی لە ناو بەردێکدا ڕاکشا بوو، بڕوای هێنا ئەوێ گۆڕو قەبرو دوا ئارامگەیەتی و کۆتایی بە ژیانی هاتووە، چاوەڕێی فریشتەی مەرگی دەکرد پێشمەرگەکانیتریش بە هەمان شێوە لە گەڵ دوا ساتەکانی مردن و گیانسپاردن پەنجەیان نەرم دەکرد، هەندێک نیوە گیانیان سپارد بوو، لاشەیان ساردوو سڕوو شل ببوو چاوەڕێی شنەی شەماڵێکی ئەو کێوانە بوون بە پووش و پەڵاشی مەرگ دایانپۆشێ و بۆن و بەرامەی عەرەقی ناوچەوانیان بە نیشتمان دا پەرش و بڵاو بکات.

## ئـــــاسمان ژان دەیــــگرێ

ئاسمانی سەر زێڕینکێو ساماڵ بوو، هێندەی نینۆکی پەنجەیەک هەوری پێوە نەبوو، کاتژمێر ١٢:٢٠ دەقیقەی نیوەڕۆ گرمەگرمێک هاتە گوێ، عوزێر فەقیانی سڵەمییەوە لە خەیاڵی خۆیدا پێیوابوو تۆپخانەکانی عێراقەو بۆردومانی بەری کورتەک دەکەن.

عوزێر لە ناو بەردەکەدا ڕاکشابوو چاوی لێک نابوو، بە نیازی گیان سپاردن لە جووڵە کەوتبوو، بەڵام هێشتا دوا هەناسەی نەسپاردبوو، لە ناکاو هەستی کرد قاچی تەڕ بوو، ئەو بەردەی عوزێری لە ژێردا بوو سەرەو لێژ بوو، ئاو بە بەردەکەدا دەهاتە خوارەوە، سەری هەڵبڕی تەماشایکرد ئاسمانی سەر زێڕینکێو پەڵە هەورێکی ڕەش گرتوویەتی، بارانێکی بەخوڕ دایکرد، بارانێک لە زستان و بەهاردا بارانی لەو شێوەیە نەباریبوو.

بەردە لووسەکانی زێڕینکێو بە خوڕ ئاویان پیادەهاتە خـوارەوە، قوڵنکە و تەپۆلکە و ئەو چاڵ وقۆرتانەی کەمێک قوڵ بوون و لەو کێوەدا بوون پڕ بوون لە ئاو، پێشمەرگەکان شەلاڵی ئاو بوون،  تێکڕا لە ئاو هەڵکشان نان و جلو تاقموو تفەنگیان تەڕ بوو، هەر پێشمەرگەیەو مەتارەکەی پڕ کرد لە ئاو، دەمیان نا بەو چاڵ و قۆرتانەی بارانیان تیا کۆببووەوە، لە ئاوی تازە باریوی نێو قۆرت و سەر بەردە تیژو لێژەکانی زێڕینکێو گەروویان تەڕکرد، تاسەی مەرگ گۆڕا بە تاسەی خۆشی و پێکەنین، ژیانەوە جێگەی مەرگی گرتەوە، کۆڵەپشتەکانیان کردەوەو دەستیان کرد بە نان خواردن.

## ئـــــەحمەد هــــەرتەلی

کە باران باری ئەحمەد هەرتەلی خاولییەکی پێبوو لە بەر باران داینابوو توانای نەبوو هەستێ ئاو بخوات خاولییەکەی گوشییە دەمیەوە مەتارەکەی لە چۆڕاوگەی ئاوەکە پڕکرد.

پێش ئـەوەی داکاتە بـاران ئەحمەد هەرتەلی سێ جار ویستی میزی خۆی بخواتەوە بەڵام نەیتوانی.

شاخێکیان بەرانبەر بوو ئەحمەد هەرتەلی لە تینواندا دەیوت خوایە خۆ لە خوایەتیت کەم نابێتەوە پڕ بەو کونە ئاو بێتە دەرەوە.

کاتژمێر ١:٣٠ دەقیقەی دوانیوەڕۆ ملی هەورازیانگرت، شارەزای ڕێگە نەبوون، شەو بە سەردا هات هاتنە دیوی قەڵادزێ لە پشتی ماخ و بزنان بە سەر ئاوی (گۆڕ بەنێنان) دا کەوتن، ئاوێکی بۆگەن بوو بەڵام پێشمەرگەکان حەب و لەفافیان پێبوو بە لەفاف ئاویان خواردەوە، لە شوێنێک خۆیان پەنادا هەتا ڕۆژهەڵات، لە گەڵ ڕۆژهەڵاتندا هەنگاو هەنگاو هاتنە سەر ئاوی (وێجی پیرانان) خوار بەردە ڕەش و تەورە، گومان دەکرا خوار بەردە ڕەش و تەورە هێزی داگیرکەری لێبێ، چەند پێشمەرگەیەک سەر شاخ کەوتن تا دڵنیابن لە جمووجۆڵی هێزەکانی داگیرکەر.

دەورووبەری ئاوی (ویجی پیرانان) قامیش و گیا بوو عوزێر بە قەراخی ئاوەکەدا دەڕۆیشت بینی کەسێک لە سەر ئاوەکە ڕاکشاوە، میلی تفەنگی لێڕاکێشا دەنگی نەبوو، چوونە سەری دەستیان لە لاشەیدا تەواو ببوو[٥٥].

مەفرەزەکە لەوێ تێپەڕین بە (بەردە ڕەش)دا هاتنە خوارەوەو گەیشتنە (نورێ) بارەگای کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێرانی لێبوو، چوونە لایان بەڵام هاوکاری مەفرەزەکەیان نەکرد، لە ناو گۆڕستانی (نورێ) بارەگایەکی حزبی دیموکراتی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕی لێبوو، عوزێر فەقیانی نامەی مەکتەبی سیاسی (ی ن ک) ی دایە دەستیان، محەیدین و جەوهەرە بچکۆل دوو پێشمەرگەی دیموکرات، نامەکەیان بردە مەکتەبی سیاسی، زۆر ڕێزیان لێگرتن و هاوکاریانکردن.

کە گەیشتنە (نورێ) هەر سێ پێشمەرگەکەی پارتی (بابەکر فەقێ ئەحمەد، عەلی قادر، عبدالرحمن) لە گەڵ هەر دوو پێشمەرگەکەی یەکێتی (ئەحمەد هەرتەلی، عومەر زێوەیی) لە مەفرەزەکەی عوزێر فەقیانی جیابونەوەو هەر یەکە بە لایەکدا ڕۆیشتن

مەفرەزەکە مایەوە عوزێر فەقیانی، مام شوان، ئیبراهیم حاجی ڕەشید، ڕێباز، ڕێبین سەرانەیی، ماوەی هەفتەیەک لە دەورووبەری (نورێ) و بارەگای حزبی

[٥٥] دواتر ئاشکرا بوو ئەو کەسە ناوی صلاح بوو خەڵکی کۆیە بوو خزمی چەتۆ حەوێزی بوو، لە ڕێکخستنەکان کاری کردبوو ئاشکرا ببوو ڕایکردبوو لە زێڕینکێو کۆپتەر لێی دابوو، نەشارەزا ببوو لە سەر ئەو ئاوە گیانی سپاردبوو.

دیموکرات مانەوە، ڕۆژانە دەچوونە چیای ماکۆک تا ئێوارە، ئێوارەش دەهاتنەوە لای حزبی دیموکرات نان و خواردنیان وەردەگرت و دەچوونەوە شاخ، هەفتەیەک لە بناری چیای کۆڕەک مانەوە، ژمارەیەک لە هەڤاڵانی ڕێکخستنیان بینی، بڕیاریاندا بەرەو سنووری ڕەواندز بڕۆن، بە بناری چیای ماکۆکدا ڕۆیشتن لە (بێترخێ)وە سەرکەوتن چوونە ساوسێوەک.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو لە پەنا بەردێکدا گوێ دریژێکیان بینی، کەسێک لە پەنا گوێدرێژەکەوە دەرکەوت چەکێکی پێبوو، دەنگیانداو ووتیان تۆ کێی کابرا وەڵامی دایەوە (ئەنگۆ چ بن منیش هەوم) کەسەکە لە چاو وون بوو نەدەکرا تەقەی لێبکەن پێشمەرگەکان چوونە شوێنەکەی، هەندێک نانی جێهێشتبوو، داوی دانابوو بۆ ڕاو، بەشێک لە نانەکەیان لە گەڵ خۆیان بردوو داوەکەشیان هەڵگرتەوە.

بە ناو دڕک و داڵی ناوچەکە دا بەڕێکەوتن هاتنە (سەڵان) چوونە سەر (کێل)ی سەڵان، ئاوێکی سازگارو فێنکی لێبوو، بەڵام پێشمەرگەکان خواردنیان پێنەمابوو.

مام شوان خەڵکی (سەڵان) بوو، شارەزای ناوچەکە بوو عوزێر فەقیانی لێپرسی چیبکەین خواردن پەیدا بکەین، مام شوان وتی ئێرە ناوچەیەکی سەختە ئۆتۆمبێلی بۆ نایەت، ساڵانە خەڵکی ناوچەکە خواردەمەنییەکی زۆر لە ئاردو شەکرو چاو ڕۆن و برنج دەکڕن و لە ژووریێ دەکەن بۆ وەرزی زستان، مام شوان وەکو تێکڕای خەڵکی ناوچەکە ئاردوو شەکری شاردبووەوە، چوونە سەر شوێنەکەو شەکرو چا و ڕۆن و برنجیان هێنا، هەویریان شێلا.

ڕێبین سەرانەیی، وتی ئێرە شوێنێکی ئاشکرایە، هێزەکانی ڕژێم دێنە سەرمان بۆیە باشترە شوێنەکە بگوازینەوە، تەشتێ هەویریان شێلا بوو نەدەکرا جێیبهێڵن، ڕێبین تەشتە هەویرەکەی خستە سەر سەری و چوونە سەر چیای کارۆخ، (سێڵ) یان[٥٦] لە گەڵ خۆیان بردبوو لە سەری کارۆخ ئاگریان کردەوەو دەستیان کرد بە نان کردن.

تا برادەران هەموو هەویرەکەیان کردە نان، ڕێبین سەرانەیی پاسەوان بوو، دووربینەکەی لە چاو نابوو، بە چوار دەوری چیای (کارۆخ)دا چاوی دەگێڕا، تا لە

[٥٦] لەو ناوچەیە بە ساجی نان کردن دەڵێن (سێڵ).

هەر جمووجوڵێک ئاگادار بێت، ڕێبین دووربینەکەی لە چاو ترازاندوو چووە لای عوزێر فەقیانی و مام شوان وتی ئاگرەکە بکوژێننەوە سەد جاش و سەرباز بەرەو لای ئێمە دێن، عوزێر فەقیانی بە دووربین تەماشایکرد جەلال حاجی و مەفرەزەکەی بوون، بە دۆڵی شاوریێ دا هاتبوون بچنە (سەڵان) لەوێشەوە بۆ دەشتی هەریر، عوزێر فەقیانی بانگی جەلال حاجی کرد جەلال حاجی خۆی هەڵدایە پەنایەک، عوزێر هاواری کرد جەلال حاجی من عوزێر فەقیانیم، نهێنیەک لە نێوان جەلال حاجی و عوزێر فەقیانی هەبوو، جەلال حاجی داوای لێکرد نهێنیەکە بڵێ، عوزێر نهێنیەکەی ووت، جەلال حاجی و هاوڕێکانی (هەڵۆ حەسەن، سەعدەدین، هەڵمەتە ڕەش، محەمەد قادر، مام شۆڕش، سەید ئەحمەد، جەعفەر) سەرکەوتنە سەر کارۆخ و لە گەڵ مەفرەزەکەی عوزێر فەقیانی بە یەک شادبوونەوە، هاتنە خوارەوە بۆ سەر (کێل)ی سەڵانێ شوێن ئاوە سازگارەکە، سێ شەوو سێ ڕۆژ بە یەکەوە مانەوە، دواتر جەلال حاجی و هاوڕێکانی بەرەو دەشتی هەریر و عوزێر فەقیانی و هاوڕێکانی بەرەو ڕەواندز ڕۆیشتن.

عوزێر فەقیانی و هاوڕێکانی بەرەو چیای هەندرێن ڕۆیشتن لە پشتی (پیری کۆسە) لە سەر ئاوی (دڕەی لاروک) مانەوە ڕێبین پاسەوان بوو بە دووربین تەماشای ناوچەکەیدەکرد، هێندەی نەبرد  وتی هەستن سەدان جاش و سەرباز بەرەو لای ئێمە بەڕێوەن، تەماشایانکرد سەربازێکی زۆر دەرچووبوون بۆ کێومالێ ناوچەکە، ماوەی (٧٤) کاتژمێر لە ناوچەکە مانەوە بە سەرچاوەی (کێل)و گەڵی سەڵان و گەڕەوان و زۆربەی ناوچەکەدا گەڕان، گوماندەکرا (پیری کۆسێ)ش بگرێتەوە کە مەفرەزەکەی لێبوو بۆیە (پیری کۆسێ)یان جێهێشت و بە شوێنێکی سەخت و یاخی و هەزار بە هەزاردا ڕۆیشتن تا گەیشتنە سەر ئاوی (زیارەت) لە سەر ئاوەکە داری لێبوو، دارەکان سپی کرابوون، نیشانەی ئەوە بوو ئاوەدانی لێیە ئەوێشیان جێهێشت و چوونە (کۆرانی هەرسێ)[٥٧] سەرکەوتنە سەر شاخ و دوو شەو لەوێ مانەوە.

---

[٥٧] کۆرانی هەرسێ شوێنێکی سەختە لە بناری چیای هەندرێن.

سەید ئەحمەدو حسێن کە پێیاندەوت مام شۆڕش لە مەفرەزەکەی جەلال حاجی بوون
هاتبوونە گەڵ مەفرەزەکەی عوزێر فەقیانی، سەید ئەحمەد بە عوزێر فەقیانی ووت لەم ناوچەیە پیاوێک هەیە مەڕدارە ناوی مام حسێنە (حسێن سەیری) ئێمە لە گەڵ جەلال حاجی چووینە لای مەڕێکی بۆ سەربڕین بۆ نەچینە ئەویَ، سەید ئەحمەد یان بە تەنها نارده لای مام حسێن، ماست و نانی هێنا بوو، مام حسێن دۆستی دێرینی عوزێر فەقیانی بوو، بە سەید ئەحمەددا وەڵامی بۆ عوزێر فەقیانی نارد بوو بۆ نایەتە لام خۆی لەو شاخ و کێوە شاردووەتەوە.
بەیانییەکی زوو مام حسێن بە سواری وڵاخێکەوە هاتە لای مەفرەزەکە دەعوەتی کردن بۆ لای خۆی، مام حسێن لە (گەرە جۆیز) بەرانبەر بەرزێوە و جووندیان نزیک جادە بوو.
ئێوارە مەفرەزەکە چوونە خوارەوە بۆ لای مام حسێن، لە سەر ئاوێکی سارد بوو، گیسکێکی بۆ سەربڕین، مەفرەزەکە دوو ڕۆژ لای مام حسێن مانەوە، بە ڕۆژ دەچوونە شاخ و ئێواران دەهاتنەوە لای مام حسێن.
دوای دوو ڕۆژ مانەوە لای مام حسێن عوزێر فەقیانی داوایلێکرد پارەی بدەنیَ و بچێت گۆرەوی و جامانەو جگەرەو پێداویستیان بۆ بهێنیَ، مام حسێن ڕازی نەبوو پارە وەرگرێت، داوایکرد پێداویستیەکانیان بکەنە لیستێک و ڕۆژی دوایی بۆیان بێنیَ، مام حسێن چووە ڕەواندز هەموو پێداویستیەکانی دوو قات بۆ هێنابوون، مەفرەزەکە ماڵاواییان لە مام حسێن کردوو بەرەو ڕەواندز ڕۆیشتن.
ڕێبین سەرانەیی و سەید ئەحمەد و (مام حسێن - مام شۆڕش) گەڕانەوە دۆڵی شاوریَ، مام شوان و ڕێبازو ئیبراهیمی حاجی ڕەشید و عوزێر فەقیانی مانەوە.
ڕێگەی هەندرێن نابڕێتەوە، پڕە لە پووش و پەڵاش و دڕک و داڵ، لە هەورازوو پێچاو پێچی ڕێگە، چەندە شاخێکی مێژوویی و دڵگیرو بەسەفایە هێندەش تاقەت پڕوکێن و سەختە، بە
هەندرێن دا هاتنە دەرووبزنان بەرانبەر ڕەواندز، ڕۆژی هەینی بوو خەڵکی

ڕەواندز دەهاتنە سەیران، پێشمەرگەکان هیلاک و ماندوو بوون، ئاوی مەتارەکانیان گەرموو کوڵاو بوو.

چەند کەسێک بەرەو لای پێشمەرگەکان دەهاتن گوێدرێژێکیان پێبوو، ژنێک بە سواری گوێدرێژەکەوە بوو حاجی حەسەنە ڕەش، لە گەڵ کوڕو کچەکەی هاتبوون قەزوان بکەن، پێشمەرگەکان لای خۆیان ڕایانگرتن تا دنیا تاریک دەبێت، نەوەک هەواڵیان لێبدەن.

مام شوان لە ناوچەکە بە ڕەسوڵ قۆخە ناسرا بوو، حاجی حەسەن پێیوت کاکە ئەگەر زویر نەبیت تۆ زۆر لە ڕەسوڵ قۆخە دەچیت، مام شوان وتی نەخێر کاکە ئێمە مەفرەزە خاسەین بە دوای پێشمەرگەدا دەگەڕێین، بە هەمان شێوە ڕوویکردە عوزێر فەقیانی و وتی ئەگەرتۆش زویر نەبیت زۆر لە عوزێر فەقیانی دەچیت، عوزێر وتی نەخێر من ناوم خالیدە مەفرەزە خاسەین، حاجی حەسەن هەر دووکیانی ناسی، ڕۆژ بەرەو ئێوارە هەڵدەکشا، کاتژمێر (٥)ی تێپەڕاند بوو مام شوان و عوزێر خۆیان لە مام حەسەن ئاشکرا کرد، هەواڵی ڕەواندزیان لێپرسی، حاجی حەسەن وتی نەکەن بێنە ڕەواندز ڕێگا هەمووی کەمینە پڕە لە جاش و سەرباز.

دنیا تاریکی پۆشی پێشمەرگەکان بەرەو ڕەواندز بەڕێکەوتن جادەی نێوان ڕەواندز- ئاکۆیان- فەقێیان هەمووی جاش و سەرباز بوون، مەفرەزەکە پەڕینەوە بەری کۆڕەک، کە شەو داهات چوونە ڕەواندز بۆماڵی (حەمەمین) کانی قوڕەیی کە دۆستی عوزێر فەقیانی بوو لەوێ نانیان خواردوو پشوویان داو بەرە بەیان گەڕانەوە بناری چیای کۆڕەک لە « گەلی مێگر» لە پشتی ڕەواندز، خەڵکی ڕەواندز بۆ دارکردن دەهاتنە چیاکە، پێشمەرگەکان خۆیان پەنادا تا لە چاوی خەڵک وون بن، شەوی دووەم بۆ جارێکیتر گەڕانەوە ڕەواندز نان و پێداویستیان وەرگرت و گەڕانەوە (کێل کێل) لە تارین و مەلەکان چوونە دێی (بلەی ژێری)[58] خۆیان دایە بەری ئیرۆن عوزێرو ڕێباز لە بلەی ژێری چوونە ئەشکەوتێک خواردنیان

[58] مام سلێمان خەڵکی (بلەی ژێری) بوو لە شیناوێی ئێران گیرسابوەوە بە عوزێر فەقیانی وتبوو ئەگەر چونە خوارەوە لە بلەی ژێری شوێنێک هەیە پێی دەڵێن (ئەشکەوتە سور) خوار سەر شیوی، خواردن و ئازوقە و کەلوپەلی چوار ماڵی ئێمە لە ناو ئەو ئەشکەوتەیە، کونێکی بچوکی تیایە دەبێت بە شارەزایی بچینە ناوی- عوزێر فەقیانی کە چووە بلەی ژێری ئەشکەوتەکەی دۆزیەوەو خواردن و پێداویستیان لێ دەرهێنا.

دۆزیەوەو (شەکرو برنج و ڕۆن) یان هێنا، دوو شەو لەوێ مانەوە هەویریان شێلا و ناوساجیان درووستکرد، دوای دوو ڕۆژ لەوێ

گواستیانەوەو چوونە (ئیرۆن) سەر بناویە و بلەی بۆ شێخ (کاری) ئاوێکی سازگاری لێبوو ڕۆژێک لەوێ مانەوە.

لە بناویەوە کۆڵ بە کۆڵ هاتنە دەشتی هەریر چوونەماڵی مام ساڵح کە مەڕدار بوو لە ناوچەکە، جوابیان بۆ ئەیوبی حاجی ڕەشید نارد بێتە خوار باویانان لە نێوان هەر دوو دارتووەکەدا چواری ئۆتۆمبێلەکەی داگیرسێنێ دەیبینن، بۆ ڕۆژی دوایی ئەیوبی حاجی ڕەشید هاتە هەمان شوێن، مەنجەڵێک دۆڵمەی بۆ بردبوون نانیان خواردوو ئەیوبیان ڕاسپارد سبەی شەو بێتەوە هەمان شوێن تا بچنە ناو هەریر.

ئەیوب گەڕایەوە شارو پێشمەرگەکانیش چوونەوە بەنی هەریر، ئێوارەی ڕۆژی دوایی ئەیوب هاتەوە، ئۆتۆمبێلێکی بەڕازیلی پێبوو، پێشمەرگەکان لە گەڵی سەرکەوتن و هاتنە باتاس، چوونە ماڵی (مەجید ڕەحمان) هێندەی نەبرد جەلال حاجی و یوسف گەلاڵیش هاتنە ئەوێ، مەفرەزەکەی جەلال حاجی (هەڵۆ حەسەن، هەڵمەت، سەعدەدین، لە پشتی سیساوا مابوونەوە.

عوزێر فەقیانی ڕێکخستنەکانی ناوچەکەی بینی، دکتۆر (وەسمان)یان ڕاسپارد جل و پێڵاوو جامانەیان بۆ بکرێت بۆ ڕۆژی دوایی سەرجەم پێداویستیەکانی بۆ کڕین.

ئەیوبی حاجی ڕەشید پیکابێکی هێنا بوو مەفرەزەکەی پێبگوازێتەوە، بە جادەی دەشتی هەریردا ڕۆیشتن، جیّب قیادەیەکی سەربازی بە دوایانەوە بوو، پێشمەرگەکان لایاندایە مەتاری هەریر تا ئەگەر جێب قیادەکە بە دوای ئەوانەوە بێت لێیبدەن، بەڵام جێب قیادەکە لەوان تێپەڕی، مەفرەزەکە تا بناویان هاتن، لەوێشەوە چوونە لای مەفرەزەکەی جەلال حاجی، جەلال حاجی و یوسف گەلاڵی لە هەریر مانەوە.

دوای گەیشتنی مەفرەزەکەی عوزێر فەقیانی بۆ لای برادەرەکانی جەلال حاجی، باویان سەربازو جاش گرتبووی، هێزەکانی داگیرکەر کێوماڵی ناوچەکەیان دەستپێکردبوو، عوزێر فەقیانی بە (بێتەل) و جفرە جەلال حاجیان ئاگادار کردەوە

(بەری باویان ئاوەدان کراوەتەوە) واتە جاش و سەربازی لێیە ئاگادار بن.

دوای چەند ڕۆژێک جەلال حاجی و یوسف گەلاڵی گەڕانەوە لایان، بڕیاریاندا بگەڕێنەوە سنووری ڕانیە و دۆڵی شاورێ، جەلال حاجی داوای لە عوزێر فەقیانی کرد لە گەڵیدا بچێتە ڕەواندز، شەو چوونە ڕەواندز، جەلال حاجی بە نیاز بوو لە سنووری ڕەواندزو سۆران بمێنێتەوە بۆیە مەفرەزەکەی ڕادەستی عوزێر فەقیانی کرد، جەلال حاجی و یوسف گەلاڵی یان بەڕێکرد بۆ دیانەو سۆران، هەڵۆ حەسەن و هەڵمەتە ڕەش لە ناو ڕەواندز مابوونەوە، عوزێر فەقیانی چووە دوایان ئەوانیشیان لە گەڵ خۆیان هێناو هاتنە (ئارموشە)[٥٩] هەر دوو مەفرەزەکە تێکەڵ بوون و بوونە (٨) کەس.

لە دەورووبەری ڕەواندز دوو شەو مانەوە، هێزەکانی داگیرکەر کێومالی ناوچەکەیان دەستپێکرد، سێ شەوو ڕۆژ لە (ئارموشە) مانەوە، هیلاک و ماندوو برسی و بێ نان بوون، سەرچاوەی ئاوەکان هێزەکانی داگیرکەری لێبوون، ناوچەی «گەلی مێگر» هێزی لێبوو، لە سەر لوتکە و چیاکان ئاگریان دەکردەوە ناوچەکە یەکپارچە دەبووە ئاگر، دوای چەند ڕۆژێک هێزەکانی داگیرکەر لە ناوچەکە کەم بوونەوە مەفرەزەکە لە گەلی مێگر سەرکەوتن، بەدەنگە دەنگ چوونە سەر ئاوێک، ووتیان ئەگەر دوژمنی لێبێت لە دەنگە دەنگەکە دەسڵەمێنەوە، بەڵام کەسی لێ نەمابوو.

ئێوارە کاتژمێر (٥) دوو دوو مەسافەیان وەرگرت چوونە دۆڵی بلەی ژوروو خواروو، تارینان، بەردوک و کەندۆرو تارینی خواروو سەروو ڕووماوێژو مەلەکان هێزەکانی داگیرکەریان لێنەمابوو.

لە سەرووچاوەی مەلەکان سەربازەکانی داگیرکەر سەموونیان جێهێشتبوو، سەموونەکانیان هەڵگرتەوەو لە سەرووچاوەی مەلەکان تێپەڕین، کەسێک داوێکی نابوەوە کەوێکی پێوە ببوو کەوەکەیان ئازاد کرد، چوونە ناوچەی (ساوسێوەکان) خواردنی لە قتونراوی بەجێماوی ساڵی ١٩٨٨ ی لێبوو کە بە کۆپتەر هەڵیاندابوو بۆ سەربازگەو مۆڵگەکان، پێشمەرگەکان هەندێک خواردنی لە قتونراویان هەڵگرتەوەو خواردیان.

[٥٩] ئارموشە شاخێکی بەرزە بە سەر سەری ڕەواندزەوەیە سەخت و یاخیە.

مەفرەزەکە بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن، بە بناری چیای ماکۆک دا هاتنە سەرچاوەی گوڵان، عوزێر فەقیانی بە برادەرانی ووت بۆنی دوکەڵ دەکەم، هەڵۆ حەسەن هەڵیدایە وتی بۆنی دووکەڵی چی، مەلا وەسمانیش وتی بۆنی ساوەر دەکەم، لەو قسانەدا بوون گەیشتنە سەر ئاوێکی سارد سەرکەوتنە سەرچاوەی ئاوەکە ئاو بخۆنەوە تەماشایانکرد ئاگرێک دیار بوو، عوزێر فەقیانی دەنگیدان ئێوە کێن وەڵامیان دایەوە ئێمە (مولکین) عوزێر خۆی لێکردە مەفرەزە خاسە وتی بە دوای پێشمەرگەدا دەگەڕێین کابرای مولکی ناسنامەیەکی دەرهێنا چەکداری عەباس ئاغا بوو خەڵکی گوڵان بوو.

هەڵۆ حەسەن قسەی لە کاک عوزێر سەندەوەو بە چەکدارەکەی ووت کاکە ئەوە عوزێر فەقیانیە فەرماندەی تیپی ٨٣ی (هەورێ)یە ئێمەش پێشمەرگەی تیپی ١٢ (سۆران)ین عوزێر فەقیانی وتی ئێمە دەمانەوێت بچینە (کوڕکوڕ) ئەوێ ڕەبیەی لێنیە، کابرای چەکدار وتی دڵنیا بن، کاک عوزێر لێیپرسی چیتان لایە ئەو دووکەڵ و ئاگرەتان کردووەتەوە، کابرای مولکی وتی بێ ئێوە ناخۆش کەومان کوشتووەو ساوەر بە گۆشتمان لێناوە، کاک عوزێر ڕوویکردە هەڵۆ حەسەن و پێیوت کاک هەڵۆ دووکەڵەکەی من و ساوەرەکەی مەلا وەسمانیش بووە ڕاست.

لە کابرای مولکی ڕەتبوون بەو بنارەدا هاتنە سەرچاوەی (نورێ) برسی و هیلاک و ماندوو بوون، کاک عوزێر هەندێ نانی ووردی پێبوو لە ناو لەپی دەستیانکردوو خواردیان ئێوارە بە ناو باخچەکانی (نورێ)دا هاتن، شەو چوونە لای حزبی دیموکرات، ئەو شەوە عوزێر فەقیانی لای حزبی دیموکرات مایەوە، پێشمەرگەکان چوونەوە شاخ، بۆ بەیانی هێزەکانی ڕژێم هاتنە بارەگای دیموکرات، لەوێ عوزێریان شاردەوە، ئێوارە پێشمەرگەکان هاتنە خوارەوە، عوزێر فەقیانی پارەی دابووە پێشمەرگەیەکی حزبی دیموکرات بچێتە ڕانیە خواردن و مریشک و جگەرە و گۆرەوییان بۆ بکڕێت، پێشمەرگەکەی دیموکرات پێداویستیەکانی بۆ هێنان، شەو بەڕێکەوتن، بەشی هەفتەیەک نان و خواردنیان لە کۆڵنابوو، جگە لە تفەنگ و تاقم و دووربین، بە هەورازی کوڕە شاڵدا سەرکەوتن هاتنە بەردە ڕەش.

مام شوان پێشمەرگەیەکی بە تەمەن بوو، جگەرەی دەکێشا، لە هەورازی کوڕە شاڵ وەستا، پێشمەرگەکان تاقم و تفەنگەکەیان بۆ هەڵگرت گەیشتنە سەر ئاوی (وێجی پیرانان) ڕۆژێک لە سەر ئاوەکە مانەوە، خۆیان شت و پشوویاندا ئێوارەکەی بەڕێکەوتن هاتنە سەر ئاوی (گۆڕبەنێنان) قاچاخچی و وڵاخداری لێبوو ڕایانکرد پێشمەرگەکان بانگیانکردن ئێمە پیاو خراپ نین پێشمەرگەین، کۆڵە پشتەکانیان خستە سەر پشتی وڵاخی کاروانچییەکان تا لە جادە پەڕینەوە، دواتر کۆڵەکانیان لێوەرگرتنەوە، شەوەکەی گەیشتنە شێخ شەرەف لە ١٩٨٩/١٠/٥ بەفر باری دوای چەند ڕۆژێک لە ڕێی (دۆڵەنێ) گەیشتنەوە بادیناوێ، لەوێشەوە بۆ سەرکردایەتی.

پێش گەیشتنەوەیان سوپای پاسداران دەستگیریانکردن بەڵام لە ڕێگەی پەیوەندیەکانی (ی ن ک) ەوە ئازاد کران لە کاتی دەستگیرکردنیان ترسی ئەوەیان هەبوو بیانپشکنن چونکە نامەیەکی زۆری هەڤاڵانی حزبی دیموکراتیان پێبوو بیگەیەننە کەسووکاریان لە ئێران.

کاتێک مەفرەزەکەی عوزێر فەقیانی دابەزین دوو هەزار دیناریان لە سەرکردایەتی وەرگرت بۆ کڕینی پێداویستیەکانیان لە ناوچەکە کاتێک گەڕانەوە سەرکردایەتی هەزار دیناریان پێمابوو تەسلیمی سەرکردایەتیان کردەوە.

## مــــــەفرەزەی عـــــەبدوڵڵا بـــۆر
## دوانزە

لە سەر بڕیاری کاک نەوشیروان مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا بۆر ئەرکی دەرباز کردنی ئەو ڕێکخستنە نهێنیانەیان پێسپێردرا کە بە هۆی جمووجۆڵ و چالاکی زۆرەوە لە هێڵی ڕێکخستنی شەهید ئیبراهیم عـەزۆ ئاشکرا بوون، ژمارەیەکیان گیرا بوون و هەندێکیان خۆیان شاردبووەوە.

مەفرەزەکە قوماشی مغاویریان لە سەر شێوازی جلی کوردی دووریبوو لە ڕۆژی ١٩٩٠/٤/١٤ لە بادیناوا بەرەو شێخ ئایشی چیای قەندیل بەڕێکەوتن، هەر دوو ڕووەکەی قەندیل بەفر بوو هیچی ڕەش نەبووەوە، بۆ خۆپاراستن لە سەرما کیسی نایلۆنیان دووریبوو شەو دەچوونە ناوی، هەناسەکانیان دەبوونە هەڵم و دیوی ژوورەوەی نایلۆنەکەی تەڕ دەکرد.

سیخوڕو بەکرێگیراوەکانی عێراق لە ئۆردوگاکان و شاری سنە و پیرانشار پێشمەرگەکانیان خستبووە ژێر چاودێری پێش بە ڕێکەوتنی مەفرەزەکە هەواڵیان بە دەزگا سیخوڕیەکان دابوو کە ئەو مەفرەزەیە بە نیازن دابەزنە ناوچەکانی ڕەواندزو دەورووبەری.

شەوی ١٩٩٠/٤/١٦ مەفرەزەکە گەیشتنە بارەگاکانی حزبی دیموکرات، پاسەوانی بارەگاکە میلی ڕاکێشاو وتی لە شوێنی خۆتان نەجوڵێن و چەکەکانتان دانێن، هەڵۆ لێیچووە پێش و وتی هاوڕێ ئێمە پێشمەرگەین و نامەیەکی سەرکردایەتیمان بۆ هێناون بەڵام پێشمەرگەکەی دیموکرات سوور بوو لە سەر ئەوەی چەکەکانیان دانێن، چەند پێشمەرگەیەکی دیموکرات کۆبوونەوە، پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە ڕاوێژیان بە کاک عەبدوڵڵا بۆر کرد ئەگەر چەکەکانمان دانێین چیە، عەبدوڵڵا بۆر لێیان توڕە بوو وتی پێشمەرگەی یەکێتی و چەک دانان، یەکێک لە پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات پیاوێکی بە تەمەن بوو ناوی حەسەن بوو، بە هەڵۆی ووت تۆ وەرە پێشەوە لە گەڵم وەرەو نامەکەش بێنە، بیست مەترێک ڕۆیشتن و لە دەرگایەکیدا، پیاوێکی باڵا بەرز دەرگاکەی کردەوە و وتی ها کاک حەسەن، بەو شەوە چی ڕویداوە، حەسەن وتی جەنابی دکتۆر میوانمان هاتوون، دکتۆر وەڵامی دایەوە جا میوان هاتوون بە

خێربێن، با بفەرمون بێنە ژوورەوە نانیان بۆ ئامادە بکەن منیش خۆم دەگۆڕم و دێمە خزمەتیان حەسەن چووە دوای پێشمەرگەکانیترو لە ژوورێک داینان هەموو جەستەیان قوڕو لیتە بوو پێیان ناخۆش بوو ئەو ژوورە پاکە پیس بکەن، هێندەی پێنەچوو دکتۆر حسەینی خەلیقی هاتە لایان و دەستی بە نوکتەو قسەی خۆش کرد ڕوویکردە کاک مستەفا و لێیپرسی ناوت چییە، وتی مستەفا، دکتۆر بە مستەفای وت قسەیەک دەکەم پێی سەخڵەت نەبی، مستەفاش بە ڕێزەوە وتی فەرموو جەنابی دکتۆر، دکتۆر وتی دەزانی تۆ لە گورگ دەچی دەڵێی گورگی، پێشمەرگەکان هەموو دایانە قاقای پێکەنین، دکتۆر لە خۆی کەوتە گومان وتی چیبوو قسەیەکی هەڵەمکرد، هەڵۆ هەستی بە شڵەژانی دکتۆر کرد وتی نەخێر دکتۆر هەڵەت نەکردووە بەڵام بۆیە برادەران بە قسەکەت پێکەنین چونکە ئەو کاک مستەفایە لە ناو ئێمە و لە ناو دێ و ناوچەکەی خۆشی بە کاک مستەفای حەمەدە گورگی ناسراوە، دکتۆر ئاهێکی هاتەوە بەروو وتی هەڵۆ چما ئەو ڕیش و سەرەم لە بەر هەتاوێ سپی کردووە.

دکتۆر حسەینی خەلیقی نامەکەی سەرکردایەتی یەکێتی خوێندەوە، خۆی و پێشمەرگەکانی و شاناز خانی هاوسەری خزمەتی زۆریانکردن، حزبی دیموکرات بنکەیەکیان لە لاچەپەکێک هەبوو، دکتۆر پێیوتن بچن لەوێ پشوویەک بدەن، دواتر چ پێداویستیەکتان هەبوو بۆتان ئامادە دەکەین و بەرەو ئامانجی خۆتان بڕۆن منیش سەرتان لێنابرم، پێشمەرگەکان چەند ڕۆژێک لەوێ حەسانەوە دکتۆر سەردانی دەکردن قسەی خۆش، نوکتە، باسی شۆڕشی کوردی بۆ دەکردن دکتۆر دەیوت کوردو پاراستنی ناسنامە نەتەوەییەکەی ئەوە دێنێ نەک هەر ١٨٢ هەزار ئەنفال و خاپوور کردنی هەزاران دێ و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، نیوەی کوردیشی بۆ بکەیتە قوربانی.

پێشمەرگەکان نامەیان بە هەڤاڵانی حزبدا بۆ ڕێکخستنەکان نـارد، نامەکە گەیشتبووە دکتۆر وەسمان لە دەشتی هەریر دکتۆر وەسمان وەڵامی دابوونەوەو تکای کردبوو خۆیان لە چۆمان و ئەو ناوچەیە بپارێزن، چونکە چەند شەوێکە دوژمن لە دەورووبـەری ئەو شارانە کەمین دەردەکـات، هەواڵی دابەزینی ئێوە

گەیشتووەتە دەست داموو دەزگا سیخوڕیەکانی ڕژێم.

پێشمەرگەکان لە گەڵ عەبدوڵڵا بۆر ڕاوێژیانکرد، کاک عەبدوڵڵا بۆچوونی پێشمەرگەکانی وەرگرت، هەڵۆ لە جیاتی پێشمەرگەکانیتر قسەیکرد وتی مادام دوژمن زانیویەتی بە زەحمەت دەتوانین بگەینە شوێنی مەبەست وا چاکە چەند ڕۆژێک چاوەڕێ بکەین بزانین باروودۆخەکە چۆن دەبێ، عەبدوڵڵا بۆر دوای گوێگرتن لە پێشمەرگەکان بۆچوونەکەیانی ڕەتکردەوەو وتی هەمووشمان تیا بچین هەر دەبێ بچین و ئەرکەکەمان جێبەجێ بکەین.

جەنابی دکتۆر حسەینی خەلیقی پێداویستیەکانی بۆ ئامادە کردن و شەو پەڕینەوە چیای زێڕین کێو ویستیان بەرەو دۆڵی شاورێ بڕۆن بەڵام بە دووربین سەیریانکرد هەمووی سوپاو جاش و کەمین بوو، سێ شەوو ڕۆژ لەوێ مانەوە هەرچی کردیان ڕێگە نەبوو دەرچن، مەفرەزەکە کۆبوونەوە تەگبیرێک بکەن بە کۆی دەنگ بڕیاریاندا بچنەوە ناو حزبی دیموکرات، لە ڕێگەی ئەوانەوە نامەیەک بۆ کاک نەوشیروان و کاک کۆسرەت بنێرن، باروودۆخەکەیان بۆ ڕوون بکەنەوە، سەرکردایەتی بڕیاری چیدا وابکەن.

پێشمەرگەکان پەڕینەوە ناو بارەگای حزبی دیموکرات لەوێ هەواڵی تەسلیم بوونەوەی سەعیدی حەمە زیادیان زانی، ئەو بابەتی تەسلیم بوونەوانە هەڵوێست و ڕەفتاری حزبی دیموکراتی لە بەرانبەر داڵدەدان و هاوکاریکردنی پێشمەرگە گۆڕی.

نامەیەکیان بۆ سەرکردایەتی نارد، باروودۆخەکەیان بۆ شیکردنەوە، بۆ ڕۆژی دوایی وەڵامی نامەکە هاتەوەو ووتبوویان ئێمەش زانیاریمان هەیە کە خەبەرتان لێدراوەو دوژمن دەیەوێ بتانخاتە بۆسەوە بۆیە بە زووترین کات بگەڕێنەوە بۆ ڕۆژی دوایی بە چیای قەندیلدا گەڕانەوە بادیناوێ، ئەم جووڵەو دابەزینەش بێ یادگاری و قسەی خۆش نەبوو.

**(١)**

ڕۆژی هاتنیان بەرەو دیوی شێخ ئایش لە سەر گەروەکە بوون کردی بەکرێوە، عەبدوڵڵا بۆر پێیوتن دەست و برد بکەن خۆتان بگەیەننە ئەو شاخانەی دەستی

چەپ ئەوێ ئەهوەن ترە بۆ زریان و کڕێوە، بەخێرایی گەیشتنە ئەوێ، زۆر ساردی کرد، کیسە نایلۆنەکانیان دەرهێناو چوونە ناوی تەنها سەریان بە دەرەوە بوو، عەبدوڵڵا بۆر لە تەنیشت عوزێر فەقیانی دانیشتبوو، عوزێر لە عەبدوڵڵا بۆری پرسی سەرمات نییە، عەبدوڵڵا بۆر وتی نەوەڵڵا عوزێر خۆشە، عوزێر هاواریکرد کوڕە چەقەی ددانت لە سەرمان دەگاتە شێخ ئایش، دەشڵێی سەرمام نییە، هەموویان دایانە قاقای پێکەنین و سەرمایان بیرچووەوە.

**(٢)**

لە کاتی چوونە خوارەوەیان بۆ بۆڵێ، بەفری تازە باریبوو ڕێگە بەفر بوو، عوزێر فەقیانی لە سەر بەفرەکە خزی بیست مەترێک نەگیرسایەوە، هاوڕێکانی چوونە سەری کە گەیشتنە سەری هەستابووەوە دانیشتبوو بەڵام ئازاری پێگەیشتبوو، کە بینیان زیندوەو سەلامەتە هەڵۆ زەردەخەنەیەکی کرد، عوزێر ووتی باشە هەڵۆ پێمپێدەکەنی هەر چەند هەڵۆ پاساوی بۆ هێنایەوە بەڵام سوودی نەبوو، لە گەڕانەوەدا لە ڕێچکە بەفرێک لە نزیک گەرووی شێخ ئایش دەڕۆیشتن ڕێگایەکی زۆر تەسک بوو، هەڵۆ قاچی خزاو قاچاخچیەکی ئێرانی دەستیگرت دەنا هەپرون بە هەپرون دەبوو، کەمێکی بە سەرداچوو هەڵۆ لە ترسان هەڵدەلەرزی، سەیری کرد عوزێر پێیپێدەکەنی، هەڵۆ زۆر تورە بوو، عوزێر پێیوت هاوڕێ بۆ تورە دەبی تۆ بە من پێکەنیت و منیش بە تۆ پێکەنیم کەسمان لە کەس تورە بوونی بۆ چیە، عوزێر هەڵۆی لە باوەشگرت و ماچیکرد، هەڵۆ هیچی لە دڵدا نەما.

**(٣)**

ساڵح کلێتەیی جەستەیەکی لاوازی هەبوو بەڵام هێندەی چوار پێنج کەس نانی دەخوارد، نیوەڕۆیەک لە ژێر دار بەڕوویەک دانیشتبوون کاک مەزهەر وتی هەر کەس نانی خۆی دەربێنێ و نان بخۆین، پێشمەرگەکان نانەکانیان لەکۆڵە پشتەکان هێنایە دەر ساڵح دەستی بۆ نانەکەی مەزهەر برد پارووییەکی لێبخوات مەزهەر پەلاماری دەستیداو وتی بە خوای نایخۆیت بۆ من حەماڵی تۆم یەڵڵا نانی خۆت بێنە دەر، ساڵح کۆڵە پشتەکەی کردەوە هیچ نانی تیا نەمابوو، ساڵح لە ڕێگا برسی ببوو

نانەکەی خۆی خواردبوو، مەزهەر کەئەو دیمەنەی دی داوای لێبووردنی لێکردوو نانێکی خۆی دایەو وتی کەڵێتەیی بە خوا بەدبەختی ئێمەو کوردە ئەگینا ئەو ورگەی تۆو خەباتی پارتیزانی کوجا مەرحەبا.

١- عەبدوڵڵا بۆر
٢- عوزێر فەقیانی
٣- مام شوان
٤- مستەفا ئەحمەد
٥- مەزهەر کەریم
٦- ساڵح کلێتەیی
٧- هەڵمەتە ڕەش
٨- هەڵۆ حەسەن

## مـــەفرەزەی مـــامۆستا ڕێبـــوار
## کـــادیرەکانی ڕێکـــخستن لە دوای ئـــەنفال
## سانزە

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنووری مەڵبەندەکانی (٣، ٤) لە دۆڵی سماقولی، دۆڵی بالیسان، دۆڵی مەلەکان، دۆڵی گەرەوان و وەرتێ و باڵەکایەتی چڕ ببوەوە و کۆببوەوە.

لە گەرمەی شەڕو هێرشەکانی سەر هێزی پێشمەرگە، مەڵبەندی (٣) لە دێی (توتمێ) زنجیرەیەک کۆبوونەوەی ئەنجامدا، بڕیار درا بەشێک لە هێزی پێشمەرگە بە پارتیزانی بمێنێتەوە، باقی هێزەکەی تر بگەڕێنەوە سەر سنوور.

لە مانگی (٨)ی ساڵی ١٩٨٨ کۆبوونەوەیەکی دیکە لە دێی (بیرۆ) بە سەرکردایەتی کاک کۆسرەت و بە ئامادەبوونی حەسەن کوێستانی و لێپرسراوی هەر دوو ڕێکخراوی یەک و دووی کۆمەڵە ئەنجامدرا، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا چەند کادرێکی ڕێکخستن لە گەڵ پارتیزانەکان بمێننەوە، سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی ناوچەکان بکەن حەسەن کوێستانیش بە لێپرسراوی گشتی دەستنیشانکرا بەمجۆرە:

١-  وشیارە سوور بۆ دەشتی هەولێر

٢-  کاک بێستوون بۆ بەڕانەتی

٣-  ڕێبین محەمەد سۆفی بۆ ناوچەکانی ڕەواندز، دیانا، سۆران، خەلیفان، هەریرو باتاس.

٤-  مامۆستا ڕێبوار بۆ دۆڵی وەرتێ و بۆڵێ.

هەر کادرەش ئەرکی پێسپێردرا و شێوازی کارکردنی دیاریکرا بەمجۆرە:

١/ وشیار عەبدولکەریم (وشیارە سوور) بۆ دەشتی هەولێرو دەورووبەری، ئەرکی گەیاندنی بەرید بە ڕێکخستنەکانی شار بۆ کاک بێستوون و وەرگرتنی بەریدی سەرکردایەتی بۆ ناو شاری هەولێر بوو.

٢/ بێستوون خدر تایبەت بوو بە ناوچەی بەڕانەتی و زیارەت و دۆڵی سماقولی، بێستوون بەریدی ڕێکخستنەکانی ناو شاری لە وشیار وەردەگرت و دەیگەیاندن بە ڕێبین محەمەد سۆفی لە ناوچەی بالیسان و دۆڵی بالیسان.

٣/ ڕێبین محەمەد سۆفی ئەرکی گەیاندنی پەیوەندی نێوان بێستوون و مامۆستا ڕێبوار بوو سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی خەلیفان و بێتواتەی لە ئەستۆ بوو.

٤/ مامۆستا ڕێبوار ئەرکی گەیاندنی بەریدی سەرکردایەتی بۆ ڕێبین سۆفی و لە ڕێگەی (ڕێبین) ەوە بۆ بێستوون و لە ڕێگەی (بێستوون) ەوە بۆ وشیارە سوورو لە ڕێگەی وشیار یشەوە بۆ ڕێکخستنەکانی ناو شاری هەولێر، مامۆستا ڕێبوار لە ڕێگەی ڕانیە، قەلادزە، بۆ سەرکردایەتی لە قاسمە ڕەش، نامەو بەریدەکانی ئالوگۆڕ پێدەکرد لە نێوان سەرکردایەتی و هەڤالانیتردا.

## دەســـتەی مـــامۆستا ڕێبـــوار

مامۆستا ڕێبوار دەستەیەک پێشمەرگەی لە گەڵدا مابوونەوە بۆ ئەرکی سیاسی و پێشمەرگانە کە پێکهاتبوون لە:

١- مامۆستا ڕێبوار ئیسماعیل، لێپرسراو
٢- هاوڕێ باپیر
٣- عەلی زراعە
٤- وشیار صدیق
٥- عەبدولقادر ناو بەرگە

لە پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەدا ژمارەیەکی زۆر هێزو تەقەمەنی لە بەردەستی هێزی پێشمەرگەدا بوون دەبوو چارەسەریان بکەن و بیانشارنەوە بۆ کاتی پێویست.

مامۆستا ڕێبوارو هاوڕێکانی چەکەکانیان کردە سێ باروو لەو ولاخانەیان بەستن کە لە هێزەکانی پێشمەرگە جێمابوون، کاتژمێر چواری ئێوارە بەڕێکەوتن بەرەو (کانی کور کور) بۆ دۆڵی گوڵان، بەرەو گوڵان شۆڕبوونەوە ولاخێکیان هەڵدێرا، پێشمەرگەکان چەکەکانیان لە پشتی ولاخەکە کردەوە، باری پشتی ولاخەکەی دووەمیان لێکردەوە نەوەکو هەڵدێرێ، باپیر لە ژێر بەردێکدا چەکەکانی شاردەوەو خۆڵی بە سەردا کردن تا کەس نەیانبینێ، باری سێیەم گەیشتە خوارەوە بۆ دۆڵی گوڵان چەکەکانیان بە هاوکاری ڕێکخستنەکان شاردەوە.

لە کاتی کشانەوەی هێزی پێشمەرگەدا کاک کۆسرەت نامەیەکی بۆ باپیر نارد کە بە دۆڵی گوڵاندا بڕۆن و بچنە (بێرمکە) لەوێشەوە بۆ زارگەلی و دۆڵی باڵەییان وەکو شارەزا و چاو ساغ لە گەڵ تیپی (٢١)ی کەرکوکدا بن، بەڵام تیپی (٢١) هێندە هیلاک و ماندوو بوون لە سەر شاخی (بێرمکە) مانەوەو نەچوونە زارگەلی.

بۆ سەر لە بەیانی ڕۆژی دوایی لە گەڵ هێرشی هێزی سەربازیدا هێرشی فڕۆکەش دەستیپێکرد کۆپتەر پێشمەرگەکانی کەرکوکی بەدیکردو تەقەیان لێکردن و چوار پێشمەرگە بریندار بوون بریندارەکانیان بردە لای حزبی دیموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە (قەڵا سێوە) پێشمەرگەکانیان چارەسەر کرد.

مامۆستا ڕێبوارو هاوڕێکانی لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەکدا بوون هێزەکەی کەرکوک کە (١٢١) پێشمەرگە بوون بگەیەننە قاسمە ڕەش، بەڵام دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ دەرباز بوون ئاسان نەبوو، دوای (١٠) ڕۆژ مانەوە تیپی (٢١)ی کەرکوک بڕیاریاندا بگەڕێنەوە سنووری کەرکوک.

مامۆستا ڕێبوارو ڕێکخستنەکان ئۆتۆمبیلیان بۆ هێزەکەی کەرکوک پەیدا کرد لە (دۆڵێ) وە گەیاندیاننە (شوشێ) لەوێشەوە بۆ کانی وەتمان، لەوێشەوە بۆ لێوارەکانی کەرکوک.

مامۆستا ڕێبوارو هاوڕێکانی لە سنوورەکانیان مانەوە سەرقاڵی بە یەکەوە گرێدانەوەی ڕێکخستنەکان و کۆبوونەوەی شانەکان و خۆ ئامادەکردن بوون بۆ قۆناغی داهاتوو.

دوای مانگێک دەستکردن بە کاری ڕێکخراوەیی کادیرەکان لەو ناوچانەی پێیان سپێردرا بوو وشیارە سوور دەستگیر کراو بێ سەرو شوێن بوو.

دوای (٤٠) ڕۆژ مانەوە، لە ڕێگەی ڕەحمانی حاجی خدر وەرتی نامەیەکی حەسەن کوێستانی گەیشتە دەستی مامۆستا ڕێبوارو هاوڕێکانی داوای لێکردبوون بگەڕێنەوە قاسمە ڕەش، مامۆستا ڕێبوارو هاوڕێکانی لە سەر داوای حەسەن کوێستانی گەڕانەوە قاسمە ڕەش.

# مـــــەفرەزەی خـــــۆشناوەتـــی
# مـــحەمەد بـــیکەیسی
# چواردە

مانگی ٦ی ساڵی ١٩٩٠ مەفرەزە پارتیزانەکان خولێکی فێرکردنیان لە سەر چۆنیەتی خۆپاراستن، هەڵگرتن و دانانی مین، برین پێچی بۆ کرایەوە، خدر محمود جاف، غەریب هەڵەدنی، حەمە ڕەش و چەند کادرێکی دیکە وانەیان تیادادەوتەوەو مامۆستای خولەکە بوون.

دوای تەواوبوونی خولەکە، پێشمەرگە پارتیزانەکانی خۆشناوەتی پیرەمەگرون، کۆیە و بناری کۆسرەت بە یەک ڕەتڵ و بە یەکەوە هاتنە خوارەوە، مەفرەزەکانی پیرەمەگرون جیابوونەوەو بەرەو ناوچەکانیان ڕۆیشتن، مەفرەزەی خۆشناوەتی و بناری کۆسرەت بەیەکەوە مانەوە، لە پشتی قەڵادزێ لە ناو بێشەو توترکدا خۆیان حەشاردا هەر پێشمەرگەیەک لە ناو توترک و بن دارەکاندا مانەوە تا دەمەو ئێوارە، ڕۆژی ١٩٩٠/٨/١٠ بوو، هاوینێکی گەرم لە ناو توترک و بێشەڵانی بناری چیای مامەندە و قەڵادزێدا، لە بەر سووره هەتاوی ئەو هاوینە، چاوەڕێی خۆرئاوا بوون بوون، ڕۆژ بەرەو تاقی ئاسمان هەڵدەکشا دنیا بەرەو تاریکی دەڕۆیشت سێبەر داگەڕابوونە خوار خەریک بوو دارو بێشەو توترک و چقڵ و پووشە زەردەکانی بە سێبەرێکی ڕەش دادەپۆشی.

دنیا کپ و خامۆش و بێدەنگ بوو، دەنگی زەردە زیڕە و ویزەی مێش و مەگەز بە ئاسانی دەبیستران، خامۆشی بە تەواوی باڵی بە سەر پێشمەرگەکاندا کێشا بوو، پێشمەرگەکان بە نیازی خۆ پێچانەوەو ڕۆیشتن بوون لە ناکاو دەنگی زنجیرو وڕەی دەبابە و مودەڕەعە گۆمی خامۆش و بێدەنگی شڵەقاند، دەنگی سەرباز لە نزیکەوە دەهاتە گوێ[٦٠]، سەربازەکان هێندە نزیک بوون پێشمەرگەکان گوێیان لێبوو لە نزیک کانی و ئاوەکە کە هەر (٢٠) مەترێک لە پێشمەرگەکانەوە دوور بوو سەربازێک

٦٠ ئەو دارانـەی پێشمەرگەکان خۆیان تیا حەشاردابوو داری بەر بوون، میوەیان گرتبوو، سەنگەر پێشمەرگەی مەفرەزەکەی خۆشناوەتی بوو، هاوڕێیەکی پێی وتبوو پشتت دانێ بچمە سەری میوە لێ بکەمەوە، کە پشتی دانابوو پێشمەرگەکە چوبووە سەر پشتی، لە دووری (١٥٠) مەترەوە سەربازەکانی بینیبوو.

بە ئەویتری دەوت (جیب زمزمیە مالتکم) دەیویست لە کانیەکە مەتارەکەی بۆ پڕ بکات، پێشمەرگەکان لە شوێنی خۆیان نەجولان، هیوا ڕەش و حەمە بیکەیسی خۆیان ئامادە کرد ئەگەر سەربازەکان نزیک بوونەوەو ئاشکرا بوون بە دەست بیانگرن بۆ ئەوەی تەقە درووست نەبێت، پێشمەرگەکان چاوەڕوانیان دەکرد تا بزانن بارودۆخەکە چی لێدێت، دوای نیو کاتژمێر مانەوە لە سەرکانی و ئاوەکە سەربازەکان گەڕانەوە.

ئێوارە بوو، دنیا لە بەرگی ڕەشی شەو هەڵکێشرا بوو، سەربازەکان گەڕانەوە، دەنگی زنجیری دەبابە لە گوێ بڕا، پێشمەرگەکان نانی ئێوارەیەکی درەنگ وەختیان خواردوو پەڕینەوە (سوڵتانە دێ) لە باکوری ڕۆژئاوای قەڵادزێ، مەتارەکانیان پڕکرد لە ئاو، دەبەی گەورەشیان پڕکرد لە ئاوو لە گەڵ خۆیان بردیان، چوونە ناو جۆگە هەڵبەستراوەکان، جۆگەکان ئاویان پیادا نەدەهات، دەورووبەری جۆگەکان پووش و پاوان بوون، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لە ناو گژوگیای زەرد هەڵگەڕاو لە بەر سوورە هەتاوی مانگی ئابدا مانەوە، ئێوارە نانی کوڵەپشتەکانیان خواردوو گەڕانەوە سوڵتانەدێ، لە ئاوە سازگارەکانی ئەوێ، دەمووچاویان فێنک کردەوە، ئاویان خواردەوە مەتارەکانیان پڕکرد دوای پشوودانێکی کورت ڕێگەی سەنگەسەریان گرتە بەر لەوێشەوە پەڕینەوە کێوە ڕەش، ڕێگایەکی سەخت و هەوراز و درێژ بوو، بە نیاز بوون بچنە سەرکەپکان، حەمە بیکەیسی پێیووتن، هەر کەس دواکەوت یان دابڕا بێتە سەرکەپکان لەوێ یەکتر دەگرینەوە، پێشمەرگەکان گەیشتنە سەرکەپکان، ڕۆژی پێشووتر هێزەکانی داگیرکەر بە پشتیوانی کۆپتەرو دەبابە و مودەڕەعە ناوچەکەیان پشکنیبوو، جێگە زنجیری دەبابە بە سەر ڕێگەو بانەکانەوە جێمابوو.

هێزەکان لە سەر کەپکان پشوویاندا، کۆمەڵێک چەکدار لە سەرکەپکان بوون پێشمەرگەکان تا ئێوارە ڕایانگرتن، چەکدارەکان وتیان ئێوە لە کوێوە هاتوون، لە کوێوە باریوون، دوێنێ ئەم شاخ و کێوانە پڕ بوون لە سەربازو جاش بڕوامان نەبوو کەسی تیابێ.

پێشمەرگەکان شەوو ڕۆژێک لە سەرکەپکان مانەوە، خۆیان شت و جل و بەرگیان خاوێن کردەوە، مەفرەزەکەی هیوا ڕەش کە بە نیازی بناری کۆسرەت و دەشتی کۆیە و لێوارەکانی کەرکوک بوون، لە مەفرەزەکەی خۆشناوەتی جیابوونەوە، مەفرەزەکەی خۆشناوەتی چوونە دۆڵی پڵنگان، چەند ماڵێکی ڕەشماڵ نشینی لێبوو، حەمە بیکەیسی پارەی دانێ گیسکێکیان بۆ سەر برن، ئێوارە لەوێ نانیان خوارد، لە خوار ماڵەکانەوە چەمێکی لێبوو، مەنسورو مەلا سەفین چوون خۆیان بشۆن، فیشەک بە سەریاندا گیڤەی کرد، بە پەلە خۆیان لە بەرکردەوەو چوونەوە سەرەوە بۆ لای حەمە بیکەیسی پرسیان چیبووە، ووتیان مەفرەزەی جاشە.

ئێوارەی دوایی بەرەو بارەگای حزبی دیموکرات (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) بەڕێکەوتن بە نیاز بوون لەوێ پشوو بدەن لە ڕێگا بە سەر خێمەیەکدا کەوتن کۆمەڵێک خەڵک خەوتبوون[٦١] چرایان داگیرساندبوو، بە نیاز بوون بچنە لایان بەڵام ڕێگەیان گۆڕی و چوونە بارەگای حزبی دیموکرات خواردنیان دانێ و چوونە چیای ماکۆک لە ناو تاشە بەردوو دارەکانی چیاکەدا پشوویاندا، پێشمەرگەکانی دیموکرات پێیان وتن دوا نیوەڕۆ سەردانتان دەکەین بەڵام ئەگەر مەفرەزەی جاش و سەرباز هاتنە ئێرە، دوو فیشەک بەرەو ماکۆک دەتەقێنین، ئەو ڕۆژە پێشمەرگەکان لە چیای ماکۆک بوون، کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات دوو فیشەکیان تەقاند، ئەو ڕۆژە لە چیای ماکۆک مانەوە، ئێوارە نانیان خواردوو چیای ماکۆکیان بەجێهێشتووچوونە دێی (بێردبێ)[٦٢] لە ماڵی خاڵی حاجی شێخ وەسانی مانەوە، پشویاندا خۆیان شت و خواردنی باشیان خوارد، دوای چەند ڕۆژێک لە (بێردبێ) بەڕێکەوتن چوونە (گوڵان) لەوێشەوە بۆ ساوو سێوەک، حاجی شێخ وەسانی لە ناو بێردبێ لە ماڵی خاڵی مایەوە[٦٣]، دوای ڕۆیشتنی مەفرەزەکە لە ناو گوڵاندا تەقەیان بە سەرداکردن،

٦١ کە چونە بارەگای حزبی دیموکرات وتیان ئەو پێشمەرگانەتان لە ناو ئەو خێمەیەدا خەوتون ئاگایان لە خۆیان نیە، وتیان ئەوانە جاشن، پێشمەرگەی ئێمە نین، باش بوو نەچوونە خێمەکەیان ئینجا پێشمەرگەکان زانیان جاشن.

٦٢ حکومەت ڕێگەی بە جوتیارەکانی بێردبێ و گوڵان و دێیەکانی تردابوو بچن بەروبومی ساڵانەیان هەڵگرنەوە، تا پێشمەرگە سودی لێ نەبینێ و نەبێتە سەرچاوەی بژێویان.

٦٣ دوای ئەوەی تەقەیان بە سەرداکرا حاجی شێخ وەسانی وەڵامی بۆ ناردن ئاگایان لە خۆیان بێت زانیاری لە سەر مەفرەزەکە دراوەتە فیرقەی (٢٤) کە هەتا یەکێکیان بە شێوەی سلێمانی قسە دەکات.

پێشمەرگەکان ڕێگەیان گۆڕی و چوونە شاخی (ئاراسن) تینویەتی هەراسانی کردبوون گەیشتنە سەر زینووی ئاراسن، چەند ڕێگەیەکی جیاوازی لێدەبوەوە، ڕێگایەک دەچووە مەلەکان، ڕێگایەکیش دەچووە وەرتێ، ڕێگایەک دەچووە زێوێ و هەرتەل، لە سەرکانی زینووەکە پشوویاندا، نزیکی کانییەکەماڵێکی مەڕداری لێبوو لە ماڵەکە نانی بەیانیان خواردو ڕۆیشتن بۆ مەلەکان، چوونە مەلەکان و شێخ وەسان شەو لەوێ خەوتن، لە بالیسان و شێخ وەسان دەنگی تەقە دەهاتە گوێ، بۆ ڕۆژی دوایی هاتنە دەراشی بێراوێ بەردەم وەرێ کەسووکاری حەمە بیکەیسی لەوێ بوون، لە گوێ چەمی چیوە شوێنێکیان لە ناو تووتڕکەکاندا بۆ دۆزینەوە تیای بمێننەوە، بە قەمەی تفەنگ تووتڕکەکانیان دەبڕی و کوخێکیان درووست کرد بۆ مانەوە، حەمە بیکەیسی تەباخێکی بچووک و قۆری و پیاڵەی بۆ پەیداکردن.

دوای هەفتەیەک مانەوە لە کوخەکەدا خەڵک هەستیپێکردبوون بۆیە شوێنەکەیان گواستەوەو چوونە (دەراشی وەرێ) شەوێک لەوێ مانەوە ئەوێشیان بەجێهێشت و چوونە کانی کەوان لە چیای هەورێ، چەند ڕۆژێکیش لەوێ مانەوە، لەوێشەوە بەڕێکەوتن بۆ پشتی بیراوێ گاشەبەردێکی گەورەی لێبوو ژێرەکەی گەورەو فراوان بوو لە ژێر ئەو گاشە بەردەدا مانەوە، بەیانیەک مەنصور پاسەوان بوو سەیری ڕێگا وشاخەکانی دەورووبەری دەکرد بە بناری ئەو بەرەوە ژمارەیەک چەکدار ڕیزیان بەستبوو بەرەو لای ئەوان دەهاتن، مەنصور غازی بانگکرد، غازی بە دووربین تەماشایکرد چەکدارەکانی ناسی، پێشمەرگەکان خۆیان بەست و ئامادە بوون، بەڵام چەکدارەکان نەهاتنە لای ئەوان پێشمەرگەکان شوێنەکەیان گۆڕی چوونە ئەو لای بێراوێ لە سەرکانی و ئاوێک مانەوە، مەنصورو جەنگی و غازی بە یەکەوە بوون چەکدارێک کەوتە ناویانەوە، غازی پێیوت نەجوڵێی چەکدارەکە لە شوێنی خۆی وەستا تا ئێوارە لە گەڵ پێشمەرگەکان مایەوە، پێشمەرگەکان باسی شۆڕش و دۆخی کوردستانیان بۆ کرد داوایان لێکرد ئەویش بێتە بەرەی گەل و هاوکاری پێشمەرگە بێت، لە ئێوارەدا ئازادیان کرد، غازی چەکدارەکەی دەناسی داوای لێکرد کە گەڕایەوە ئامۆزاکەی ئاگادار بکات بێتە لای، چەکدارەکە ئامۆزاکەی

غازی ئاگادار کردبووەوە هاتبووە لای.

دوای ماوەیەک چوونە هیران و نازەنین ماوەی هەفتەیەک لە نازەنین مانەوە، بەراز هێرشیان دەهێنا پەلاماری پێشمەرگەکانیان دەدا، ئەوانیش نەیاندەتوانی تەقە بکەن بە دارو بەرد لە خۆیان دوور دەخستنەوە.

ئەو ماوەیەی مەفرەزەکە لە دەراشی وەرێ بوون لە ناو کوخەکەدا خۆیان حەشاردابوو، دوو چەکدار هاتنە نزیکیان، خەریکی ماسی کوشتن بوون فیشەکیان دەنا بە چەمەکەوە، پێشمەرگەکان لەوە دەترسان فیشەک بنێن بە ناو تووترکەکاندا کە کوخەکەیان تیادا درووستکردبوو، حەمە بیکەیسی چووە لای ماڵی خاڵی پێیوتبوون ئەو جاشانەمان لێدوور بخەنەوە.

دوو ژن لە ماڵە خاڵانی حەمە بیکەیسی سەروو مەنجەڵیان هەڵگرتبوو بە ناوی جل شتنەوە لە جاشەکان تورە ببوون، پێیان وتبوون عەیب ناکەن دێنە ئێرە، ئێرە شوێنی ژنانە، جاشەکان ملیان شۆڕکردبوو چووبوونەوە ناو ڕەبیەکەیان، ڕەبیەی جاشەکان هەر (٥٠) مەترێک لە کوخی پێشمەرگەکانەوە دوور بوو.

## عـــــەلی نـــــەبی

عەلی نەبی هاوکاری مەفرەزەکەی خۆشناوەتی بوو محەمەدی ناردبوو بۆ لای مەفرەزەکە تا هەر پێویستیەکیان هەبێ بۆیان دابینبکات، پێشمەرگەکان کامێرایان پێبوو وێنەیان گرتبوو، فیلمەکەیان بە محەمەدی (عەلی نەبی)دا دەنارده ڕانیە بۆیان بشواتەوە، پێشمەرگەکان ڕێبازی نوێ و شەرارەیان پێبوو بە محەمەددا ناردیان بۆ عەلی نەبی.

سەنگەر پێشمەرگەی مەفرەزەکەی خۆشناوەتی بوو نەخۆش کەوتبوو لەڕێگەی(عەلی نەبی) یەوە ناردیانە نەخۆشخانەی حزبی دیموکرات بۆ چارەسەرکردن.

ڕژێم خەڵکی دەنارده چیای هەورێ و خۆشناوەتی تا شوێن پێی پێشمەرگەکان هەڵگرن، لە چیای هەورێ لە گەڵ پێشمەرگەکان ڕووبەڕوو بوون، حەمە بیکەیسی دەچووە لایان دەیوت ئێمە خەڵکی ناوچەکەین هاتووین بۆ مازوو کردن و بنێشت کردن، (ڕ) یەکێک لەو ئامر مەفرەزە جاشانە بوو بە دوای پێشمەرگەدا دەگەڕا،

ڕۆژێک بە نیازی ماڵی مەلا ساڵح بەرەو زێویٚ ڕۆیشتن، چوونە نزیک مەڕوو ماڵاتەکەیان، شوانی مەڕوو ماڵاتەکە خەوتبوو بە خەبەر هات و کردی بە هات و هاوار وتی چەکدارن و تەقەیان لێکردن، پێشمەرگەکان تەقەیان نەکرد ناچار گەڕانەوە.

مەفرەزەکە شەوی پێشووتر لە ماڵی عومەر زێوەیی بوون ووتبوویان سەردانی مەلا ساڵح دەکەین، عومەر زێوەیی بە مەلا صاڵحی ووتبوو تەقە مەکەن ئەوانە پێشمەرگە بوون هاتبوونە لاتان.

## جـــــیابوونەوەی مـــــــەفرەزەکە

وەرزی زستان و سەرماو سۆڵە بەڕێوەبوو، مەفرەزەکە بوونە دوو بەش، سیٚ کەسیان لە خۆشناوەتی مانەوە چوار کەسیان گەڕانەوە قەندیل:

مەنصور، جەنگی، مەلا سەفین، سەنگەر، گەڕانەوە قەندیل، لەوێشەوە بۆ ئێران.

محەمەد بیکەیسی، غازی، حاجی شێخ وەسانی، لە خۆشناوەتی مابوونەوە.

حەمە بیکەیسی و غازی و حاجی شێخ وەسانی لە بێردبیٚ چووبوونە سەرکەپکان، لە دۆڵی پڵنگان و دێیەکانی خۆشناوەتی مابوونەوە.

لە ئەنجامی پەلاماری جاش و پیاوانی ڕژێم بۆ سەر حەمە بیکەیسی و غازی و شێخ وەسانی، غازی شەهید بوو، حەمە بیکەیسی فیشەکێک بەر قۆڵی کەوتبوو.

غازی فیشەکێک بەر سکی کەوتبوو لە هاوڕێکانی دابڕابوو، بۆ ڕۆژی دوایی شوانێکی بینیبوو پێیوتبوو من ناوم غازیە خەڵکی بیراوەم، وەڵام بنێرە بۆ کەسووکارم بێن بە دەنگمەوە، غازی لە بناری چیای ماکۆک شەهید بوو، کەسووکاری چوون تەرمەکەیان بردەوە.

**مەفرەزەکە**

١- محەمەد شێخ وەسانی (حەمە بیکەیسی) فەرماندەی مەفرەزەکە.
٢- حاجی شێخ وەسانی
٣- غازی بیراوەیی
٤- مەلا سەفین
٥- مەنسور کەریم
٦- سەنگەر
٧- جەنگی

# مەفرەزەپارتیزانەکانی گەرمیان
# (پێنج)

## «مـــەفرەزە پـــارتیزانەکانی گـــەرمیان»
## یـــەك

ئەنفالی (٣) فراوانترین و پڕ قوربانیترین پرۆسەی ئەنفال بوو کە ڕووبەرێکی فـراوان و پانتاییەکی گـەورەی لە خۆگرتبوو، ژمارەیەکی یەکجار زۆریـش لە دانیشتوانەکەی بەر شاڵاوی دڕندانەی ئەنفال کەوتن، دەیان ئاوایی لە گەڵ زەویدا یەکسانکران.

پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی گەرمیان بەرگری کەم وێنەیانکرد، دوای ئەنفالیش ناوچەکەیان چۆڵ نەکردوو بە پارتیزانی لە گەرمیاندا مانەوە.

عوسمانی حاجی مەحمود، عەدنانی حەمەی مینە، حەمە ڕەش، سەید جەوهەرو مەلا ئەحمەد و حەمە ئاخە و کەریم چاو ڕەش و شێرکۆ جدی و ژمارەیەکیتر لە پێشمەرگەکانی گەرمیان، لە ناو جەرگەو قوڵایی گەرمیاندا مانەوەو ناوچەکەیان جێنەهێشت.

## ئازادی سەگرمە[64]

دوای ئەنفالی گەرمیان و قـەرەداغ و مانەوەی ئەو دەستە پێشمەرگەیە لە گەرمیاندا، بە فەرمانی سەرکردایەتی کاک ئـازادی سەگرمە وەکو لێپرسراوی وەحدە پارتیزانەکانی گەرمیان نێردرایەوە گەرمیان و مەفرەزەکان بە سەر چەند ناوچەیەکدا دابەشکران.

پێش شاڵاوی دڕندانەی ئەنفال و لە کاتی ئەنفالەکاندا ئازادی سەگرمە لە ناوچەی گەرمیان و قەرەداغ بوو، دوای شاڵاوەکانی ئەنفالی قەرەداغ و گەرمیان، کاک ئازاد بانگکرایە مەڵبەندی سێ بۆ لای کاک کۆسرەت بە ئامادە بوونی ملازم عومەرو عبدالڕەزاق و حەسەن کوێستانی باس لەوە کرا دەبێ شان بدەینە ژێر باری بارودۆخەکە و لە خەبات و بەرگری بەردەوام بین، هەر لەو دیدارەدا کاک ئازاد بەڵێنیدا بگەڕێتەوە گەرمیان و خەباتی پارتیزانی درێژە پێبدەن.

---

٦٤ئـازاد غەریب، ناسراو بە ئـازادی سەگرمە، پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ و فەرماندەی قارەمانی تیپەکانی (٢٣) ی سورداش و تیپی (٥٧) ی سەگرمەو فەرماندەی دەیان شەڕو داستان و نەبەردی بوە.

دوای دیداری نێوانیان کاک ئازاد چووە دۆڵە کۆکە بۆ لای کاک نەوشیروان و نامەیەکی کاک کۆسرەتی گەیاندە کاک نەوشیروان، دواتر بەرەو ناوزەنگ بەڕێکەوتن.

لە دۆڵە «گوێزێ» ی بناری قەندیل گیرسانەوە، کاک نەوشیروان، کاک ئازادی سەگرمە، مام ڕۆستەم لە ژێر خێمەیەکی (دۆڵە گوێزێ) دابوون کە شەڕی عێراق - ئێران ڕاوەستا.

لە بن ئەو خێمەیەی دۆڵە گوێزێ نەخشەو پلان و تەکبیری درێژەدان بە شۆڕش داڕێژرا و باس لەوە کرا دەبێ درێژە بە شۆڕش بدرێت، دەبێ مەفرەزەکان چۆن بن و چەند بن تا بتوانن لە ناوچەکاندا دابەشببن بۆ ئەوەی بەرگریبکەن.

کاک ئازادی سەگرمە لە گەڵ مەفرەزەکەی چوونە قەندیل و سنووری مەڵبەندی «٣» و دەشتی هەولێر لەوێوە لە (زێ) پەڕینەوەو چوونە سنووری گەرمیان، بۆ سنووری مەڵبەندی یەک، مام ڕۆستەمیش گەڕایەوە سنووری کەرکوک، بۆ ناوچەکانی مەڵبەندی دوو.

مەفرەزەکە جیهازیان پێبوو، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لە گەڵ سەرکردایەتی هەبوو، لە ڕێگەی جیهازەوە کاک عوسمانی حاجی مەحمودوو هێزەکەی گەرمیانیان دۆزیەوە، لەو هەردەو هەڵەتانەی گەرمیان شوێن جێو شوێن پێی خۆیان کردەوە، لە ناوچەکانی گەرمیانیش خواردەمەنی پێویستیان شاردبووەوە.

لەگەڵ دابەزینی مەفرەزەکەی کاک ئازاد بۆ گەرمیان کاک نەوشیروان برووسکەی بۆ هێزەکەی گەرمیان کردبوو، کە ئازادی سەگرمە وەکو لێپرسراوو فەرماندەی مەفرەزەکانی گەرمیان دێتە خوارەوە.

مەفرەزەکان جیهازی بێتەلی (ۆکی تۆکی)[٦٥] یان پێبوو عوسمانی حاجی مەحمود بە (بێتەل) قسەی لە گەڵ مەفرەزەکانکرد بۆ کۆبوونەوە لە گەڵ کاک ئازاد، حەمە ڕەش، سەید محەمەدی دوزی، شێخ کەریم، حەماخە، کاکە ڕەش، هەڵکەوتی موهەندیس، شیرکۆ جدی، عەدنانی حەمەی مینە، سەید جەوهەرو ژمارەیەک پێشمەرگەیتر هاتنە شوێنەکەی کاک عوسمان نزیک (دێی خان) و کاک ئازاد کۆبوونەوەی پێکردن

٦٥ (ۆکی تۆکی) واتە بە ڕۆشتنەوە قسە کردن، جۆرە جیهازێکی بچوکە.

و ووتی (خۆتان دەزانن شالاوی درندانەی ئەنفال ڕوویداوە، دێیەکان نەماون، ئێمە دەبێ بەرگریبکەین، بەردەوامی بە شۆرش بدەین، نابێ کۆڵبدەین، ئەم بارودۆخە هەروا نامێنێ و ئەگۆڕێ کێ ناتوانێ یان نەخۆشە با بگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی من نامەیان بۆ دەنووسم، بۆ مامجەلال یان کاک نەوشیروان) دوای قسەکانی کاک ئازاد هەموو بە تێکڕا بڕیاری مانەوەیاندا لە گەرمیان، مەفرەزەکان ڕێکخران و دابەشکران بە سەر ناوچەکاندا.

+ شێرکۆ جدی لێپرسراوی دارایی، وەحدەکان، مەفرەزەکان.

+ شێخ کەریم و سەید جەوهەر بۆ سنووری قادر کەرەم بناری گل.

+ حەمە ڕەش ناوچەی قەراخ - سەنگاو.

+ عوسمانی حاجی مەحمود -کفری - دوزخورماتوو.

+ عەدنانی حەمەی مینە و مەلا ئەحمەد - کەلار.

+ شێخ مەحمود - چەمچەماڵ- قەرەهەنجیر.

+ مەحمودی مامە عەزە - قەراخ- بەمۆ.

کاک ئازادیش مەفرەزەیەکی لە گەڵ دابوو بە سەر هەموو دەستەکاندا دەگەڕا.

مام ڕۆستەم لە سنووری کەرکوک بوو، فشاریان لە سەر بوو هاتنە سنووری گەرمیان بۆ لای کاک ئازادو هەڤالانیتر.

کاک ئازاد ڕۆژانە لە کاتژمێر ١١:٣٠ دەقیقە و ٦ی ئێوارە- بە جیهازی (ۆکی تۆکی) قسەی لە گەڵ مەفرەزەکان دەکرد، جیهاز (بێتەل) ێکی ڕاکاڵی لابوو، لە گەڵ کاک نەوشیروان و مەکتەبی سیاسی قسەیدەکرد، هەر زانیاری و ڕووداوێک هەبوایە دەیدایە سەرکردایەتی.

(پێش ئەوەی لە دۆڵە گوێزێ بەڕێبکەون بۆ گەرمیان کاک نەوشیروان بە کاک ئازادی ووتبوو تۆ عەقڵی سیاسی و عەسکەریت باشە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان شتێ بکەین بە شتێ، تۆ دەبێ لێپرسراوێکی گەورە بیت لە ناو (ی ن ک)دا.

کاک ئازادیش ووتبووی من پێشمەرگەی کوردستانم، سوور بزانم دەکوژرێم دەڕۆم، بەڵام ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان کورد شتێکی کرد بە شتێ من لە ماڵی خۆم دادەنیشم).

## پـــەیوەندی ناو شـــار

مەفرەزەکانی گەرمیان پەیوەندییان لە گەڵ ڕێکخراوی سلێمانی و ڕێکخستنەکانی ناو شار هەبوو لە کاتی دابەزینی کاک ئازاد بۆ گەرمیان کاک نەوشیروان تەڕەدوودی جیهازێکی دابوویە و ووتبووی ئەم جیهازە ڕاکاڵە لە ماڵی کاک جەباری حاجی ڕەشیدە، بەڵام ئێوە بۆ کاتی پێویست بەو تەڕەدودە قسەیان لە گەڵدا بکەن، ئەگەر ئیشتان پێیان هەبوو.

کاک نەوشیروان نامەی بۆ جەباری حاجی ڕەشید نووسیبوو، کاک ئازادیش بە جیهاز پەیوەندی کردبوو تەنها بە چەند وشەیەک ووتبووی (ئێمە لەوێین).

(کاک حەمە ڕەشید باریکەیی و کاک حەمە نوری ئەندامی ڕێکخراوی سلێمانی بوون، لە ڕێگەی ئەوانەوە هاوکاری مەفرەزە پارتیزانەکان دەکرا).

صاڵح ئامر سریە بوو خەڵکی دەربەندیخان بوو، لە هەنارەی شاخی سەگرمە بوو، بەڵام پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە هەبوو، لە ڕێگەی (صاڵح) ەوە حەمە ڕەشید باریکەیی دەهات بۆ لای پارتیزانەکان، هەر چییەک هەبوایە لە نامە و ڕاسپاردە دەیهێناو هەر چییەکیش هەبوایە لە نامەو داواکاری و پێداویستی دەیبردەوە بۆ ڕێکخراوی سلێمانی، مەفرەزەو بارگەو بنەی کاک ئازاد لە دێی ژاڵەی نزیک سەگرمە بوو، حەمە ڕەشید باریکەیی دەهاتە ئەوێ بۆ لایان.

## شەترەنج، شفتە، شوتی

کاک ئازاد نامەیەکی نووسیبوو بە (حەمە ڕەش) دا ناردبووی بۆ حەمە ڕەشید باریکەیی، لە نامەکەدا نووسیبووی شەترەنج و شوتی و شفتەمان بۆ بێنێ، حەمە ڕەش پێکەنیبوو ووتبووی ئاخر چۆن شتیوا دەبێ، کاک ئازادیش ووتبووی تۆ حەقت چییە بڵێ ئازاد وادەڵێ  حەمە ڕەش نامەکەی گەیاند بوو.

پاش ماوەیەک کاک حەمە نوری هاتبوو، شەترەنج و شوتی و شفتەشی هێنابوو، هەندێک ڕۆژنامەشی هێنابوو، کاک ئازاد داوای کردبوون، هەر لەو سەردانەدا قسە لە سەر کردنەوەی ڕێگای تەکیە، چەمچەماڵ، کەلار- کفری کرا، تا چەند ڕێگایەک هەبێ، نەوەک ڕێگەیان لیبگیرێ.

ڕێکخراوی سلێمانی بەشێکی زۆر لە پێداویستی پارتیزانەکانی دابینەدەکرد، جارێک نامەیەکیان بۆ کاک ئازاد نووسیبوو ووتبوویان ئەگەر پێداویستی خۆمان فرۆشتووە ناهێڵین ئێوە پەکتان بکەوێت.

جارێک کاک ئازاد داوای قەمسەڵەی کردبوو لە ڕێکخراوی سلێمانی، نووسیبووی شەست قەمسەڵەمان بۆ بنێرن باشە، پاش ماوەیەک لە گەڵ نامەیەکی کاک جەباردا دوو قەمسەڵەیان ناردبوو، کاک ئازاد ووتبووی دوو قەمسەڵە چیلێبکەم، کە نامەکەی کاک جەباری خوێند بووەوە، نوسیبووی ئەوە دوو قەمسەڵەمان بۆ ناردن وەکو نموونە بزانە بە دڵتانە، کاک ئازادیش ووتبووی چی بە دڵمان بێت، هەر قەمسەڵە بێ و لە بەر بکرێ و سەرمامان نەبێ.

لە دەرمانی ددان، هەتا فڵچە، بسکیت، دەرمـان، خواردنی لە قوتوو نراو لە ڕێکخراوی سلێمانییەوە دەگەیشتە پارتیزانەکان، ئەو خواردنانەی لە دێهاتەکانیشدا مابوونەوە کۆیان دەکردەوەو بە کاریان دەهێنا.

ڕێکخستنەکانی ناو شار قەڵای نەبەزین و بەرگریبوون، لە خراپترین دۆخی دوای ئەنفالدا ئەوان سەریان لە هەورگیر کردبوو، ماندوو نەبوون و کۆڵنەدانیان کردبووە توێشەبەرەی ڕێی ئازادی و سەرفرازی.

بە تولە ڕێ و شوانە ڕێ و هێڵی خوارو پێچاو پێچی شوانە ڕێ، بە دەربەندا بە نێو زێدا، بە شاخ و لوتکەو کەڵوەزو بە ناو دێدا، هەنگاو هەنگاو دەڕۆیشتن، بۆ دیدارو بۆ سۆراخ و بۆ هەواڵی ئەو پێشمەرگە پارتیزانانەی کۆڵەپشتیان ماڵ و جێبوو، تا نامەی چوکلێتی شارو نان و خواردنیان بۆ بەرن، ئەو پێشمەرگە جەربەزانەی هەر خۆیان توێشووی ڕێگان و خۆیان مەشخەڵ و سەنگەرن.

## (شەهید بوونی شێرکۆ جدی، هەڵکەوتی موهەندیس، شێرزاد عەریف ڕەمەزان، بریندار بوونی ئازادی سەگرمە 1988/10/11)

(UN) لە ناوچەی بەمۆ بوون، لێپرسراوەکانیان دەهاتن و دەچوون، کاک ئازاد نامەیەکی بۆ ڕێکخراوی سلێمانی نووسیبوو کە چاودێری بناری هەزار مێردوو جێشانەیان بۆ بکەن، شەوێک دێین ئەیدەین  بە سەر (ئەبو سەنا)دا هەندێک لەو

لێپرسراوە گەورانەی (UN) دەگرین وەکوو بارمتە دەیانبەین، بۆ ئەوەی مەسەلەی ئەنفال بناسێنین بە دنیای دەرەوە، داواش بکەین ئەو ژن و منالانەی گیراون ئازادیان بکەن.

کاک ئازاد وەڵامی بۆ مەفرەزەکەی چەمچەماڵ ناردبوو کە ڕۆژی ١٥ی مانگ لە مێولی بن لەویَ یەک بگرن و بچن چالاکیەکە بکەن.

کاک ئازادو مەفرەزەکەی بە مەبەستی کۆبوونەوە لە بنکەکەی حەمە ڕەش بوون، لە (قولیجان) دوای کۆبوونەوەکە کاک ئازاد و دەستەکەی بەڕێکەوتن بۆ بنکەکەی خۆیان، لە ڕێگاو لە چەمی(لاهێز)[٦٦] کۆپتەر هاتە سەریان و تووشی شەڕ بوون.

کۆپتەرەکان هێند نزیک بوون لە جامی کۆپتەرەکانەوە سەرنشینەکان دەبینران، هەشت کۆپتەر کە سریەیەک مغاویریان هەڵگرتبوو بە سەر سەری دەستەیەک پێشمەرگەی دوانزە کەسیەوە بوون، بە

نیازی خۆیان واهاتبوون کە سریە مغاویرەکە دابەزنە سەر زەوی و هەموویان بکوژن یان دەستگیریان بکەن.

یەکێک لە کۆپتەرەکان دابەزییە سەر زەوی کاک ئازادی سەگرمە بە (BKC) لێیدا، دوو لە سەرنشینەکانی ناو کۆپتەرەکەی بریندار کرد یەکێک لە بریندارەکان عمید ئیسماعیل عبدالقادر جبوری، بوو.

لە کاتی لێدانیدا، چاویان لێبوو کۆپتەرەکە سوڕا دیار بوو فیشەک بەر سنگیان کەوتبوو، کاک ئازادو سەرنشینی کۆپتەرەکان چاویان لە یەکتری بوو هێندە نزیک بوون.

کۆپتەری دووەم بەرەو ڕووی پێشمەرگەکان هات، ساروخێکی نا بە شوێنەکەی کاک ئازادەوەو بریندار بوو.

بە پێی بەڵگەنامەکانی حزبی بەعس کە لە ڕاپەڕیندا دەست کەوتوون بریندارەکانی کۆپتەرەکەیان بردبووە نەخۆشخانەی کەرکوک، هەر لە بەڵگە نامەکەدا هاتووە (سریە مغاویر محمولە جوا) لە ناو ڕەوە کۆپتەرەکاندا بوون، بەڵام دوای لێدانی

[٦٦](چەمی لاهێز) لە شۆڕشی ئەیلول بارەگای هێزی لێ بووە بۆیە پێی دەڵێن (چەمی لاهێز).

کۆپتەری یەکەم گەڕانەوە کەرکوک و بەرنامەکەیان شکستی هێنا.

لە کاتی دەستڕێژی کۆپتەرەکان، شێرکۆ جدی، هەڵکەوتی موهەندیس، شێرزاد عەریف ڕەمەزان، لە گەڵ کاک ڕۆستەم ڕۆیشتبوون دوور بوون لە دەستەکەی کاک ئازادەوە، فڕۆکەکان دەستڕێژیان لەوانیش کردوو شەهیدیانکردن.

جگە لە کاک ئازاد، تەها غەریب و سەرکەوت ئەحمەد بریندار بوون،

چەند ڕۆژێک بەر لە بریندار بوونی کاک ئازاد لەوبەر ئاوە سپی و دێی خانەوە لە بن کەلۆەزێک بارەگا و جیهازە ڕاکاڵەکەو بەشێک لە دەستەکەی کاک ئازادی لێبوو، ڕەوە کۆپتەرێک چووبوونە سەر بارەگاکەی ئاوە سپی (خان) بە شەستیرو ساروخ لە کەلۆەزەکەیان دابوو، پێشمەرگەکان خۆیان مات کردبوو تەقەیان نەکردبوو تا نەزانن پێشمەرگەی لێیە.

عوسمانی حاجی مەحمود و مام ڕۆستەم و حەمە ڕەش کاک ئازادیان لە دێی (عەبدولکەریم سورە) بردە کوونە (سوچڕێک) کە شوێنێکی لاچەپەک بوو، یەکەم کەس هاتە سەر کاک ئازاد بە برینداری چالاک بوو، چالاک بیست مەترێک کۆڵی کرد بەڵام نەیتوانی، دواتر حەمە ڕەش هاتە سەری و وتی کاک ئازاد حەزم نەکرد وابتبینم، چونکە کاک ئازاد قاچ و سەری شکا بوو هەموو گیانی خوێن بوو، کاک ئازاد بە حەمە ڕەشی ووتبوو قەیناکە حەمە ڕەش بەس مەهێڵە دەست ئەو سەگبابانە بکەوم.

حەمە ڕەش کاک ئازادی دا بە کۆڵیداو چوار سەد مەترێک دووری خستەوە، دواتر کاک عوسمان و مام ڕۆستەم و حەمە ڕەحیمی جیهاز نەقالەیەکیان هێناو لە گەڵ خۆیان خستیانە سەر نەقالەکە، دواتریش کاک عەدنانی حەمەی مینە و مەلائەحمەد هاتن، کاک عەدنان لەفافی پێبوو تەداویکرد، لەوێشەوە بردیان بۆ کوونە (سوچەڕ) ەکە[٦٧] و مەحمودی مامە عەزە و مام ڕۆستەم و عوسمانی حاجی مەحمود و کاک عەدنان لە گەڵی مانەوە.

کاک نەوشیروان برووسکەی کردبوو بۆ جەباری حاجی ڕەشید دەڵێ لە

[٦٧](سوچەڕ)، گیانداریکە تیری ڕەنگاوڕەنگی هەڵگرتووە و دیهاویژێ و گۆشتی دەخورێت.

فەتاحەوە بۆ ڕەنج، پەیوەندی بکەن بە باوکی (تایلان)ەوە[٦٨]، بیگەیەننە سەرکردایەتی، ڕێکخراوی سلێمانی هاتنە لای کاک ئازاد، دکتۆر مەحمود، شێخ صدیق، نزیکەی دوو هەفتە تەداوی کاک ئازادی کرد لە کونە سووچەڕەکەدا، دواتر ڕێکخراوی سلێمانی کاک ئازادیان برد بۆ سلێمانی.

## دەواجـــــــنەکە

لە نێوان کەلار- دەربەندیخان دەواجنێک هەبوو کاک (حەمەی وەلی) خاوەنی بوو، کاک عەدنان و کاک عوسمان و حەمە ڕەش، کاک ئازادیان بە سواری وولاخێک بردە دەواجنەکە، کاک حەمە ڕەشید باریکەیی وەک نوێنەری ڕێکخراوی سلێمانی هاتبوو.

دوای نان خواردن کاک ئازاد سوپاسی کردن و ووتی هیوادارم بچوکترین ناکۆکی نەکەوێتە نێوانتانەوە، چونکە لەم کاتەدا بچووکترین ناکۆکی گەورەترین زیانمان لێدەدات.

کاک عوسمان و کاک عەدنان و حەمە ڕەش ڕۆیشتن، کاک ئازاد ئەو شەوە لە دەواجنەکە مایەوە، بەیانی زوو کەسێک بە ناوی کارزان ئیسماعیل بە ئۆتۆمبێلەوە هات، کاک حەمە ڕەشید و کاک حەمە نوری و حەمە لەتیف هەورامی بە ئۆتۆمبێلێک لە پێش و پاشی ئەو ئۆتۆمبێلەوە دەڕۆیشتن کە کاک ئازادی تیا بوو، گەیشتنە سەیتەرەی تونێلی دەربەندیخان کارزان جگەرەی ڕۆزمەنی دا بە سەیتەرەکە، ڕایان نەگرتن، ڕۆیشتن بۆ سلێمانی و چوونە ماڵی جەباری حاجی ڕەشید لەوێ دەرزی ئازاریان بۆ بەکارهێنا، ماوەیەکیش لە ماڵی کاک سامان مەولود بوو، دواتر گەڕایەوە ماڵی کاک جەباری حاجی ڕەشید.

ڕێکخراوی سلێمانی بۆ چارەسەر کاک ئازادیان بردە لای دکتۆر ئازاد حەقی، پێشتر شاسوارو ئاکۆ وەهبی یان نارد بوو چاودێری ڕێگاکە بکەن.

لای دکتۆر ئازاد ووتیان لوغمی پیا تەقیوە، دکتۆر ئازاد ناردی بۆ ئەشیعە « تیشک» دواتر بە ئینگلیزی بە جەباری حاجی ڕەشیدی ووتبوو بارودۆخی خراپە

[٦٨] (تایلان)، تایلە ناوی دارێکە، ئازادی سەگرمە کوڕەکەی ناو نابو تایلان.

ئەگەر نەشتەرگەری بۆ نەکریت دەمریت، هێنایانەوە بۆ ماڵی کاک جەبار، کاک ئازاد بە جەباری حاجی ڕەشیدی ووتبوو باوەکو خۆی بێ بە هەڵە دەستکاریم کرد ئەگەر ئەزانی ئەمرم لێرە لە شوێنێکدا بمنێژن، کاک جەباریش ووتبووی ئێمە برادەرمان هەیە دەتبەینە بەغدا بەیانی زوو کاک حەمە ڕەشید و کاک حەمە نوری، کاک ئازادیان بە جزداشەوە لە دوای ئۆتۆمبێل داناو بردیانە بەغدا.

لە سلێمانی تا بەغدا کەس نەیپرسی، لە سەیتەرەی بەغدا جەیشی ناشەعبیەک پرسیبووی چییە؟ ووتبوویان کەم ئەندامی سەربازییە (معوق عسکری) ئیتر چوونە ناو شارەوە.

لە بەغدا بردیانە ئوتێلێک بە ناوی (شط العرب)، ئوتێلەکە بەس عەرەبی لێبوو، کاک ئازادیان لەوێ داناو ووتیان ئێمە دەچین بۆ لای (باوکی زانا)[٦٩].

جەباری حاجی ڕەشید و هاوڕێکانیتری ڕێکخراوی سلێمانی پێشتر لە گەڵ باوکی زانا قسەیانکردبوو وەرەقەی دکتۆریان بۆ بڕیبوو، چوونە نەخۆشخانەیەک بە ناوی (مستشفی نینوی للکسور) بۆ لای دکتۆر (مظفر کرکجی) کە دکتۆرێکی موصڵاوی بوو، دوای سەیرکردنی شوێن برینەکەی قاچی کاک ئازاد، ناردیان بۆ ئەشیعە، دواتریش ناردیان بۆ نەشتەرگەری.

دوای پێنج ڕۆژ دەرزی لێدان و تەداوی بردیانە ژووری نەشتەرگەری، دوای نەشتەرگەریش گەڕاندیانەوە ژوورەکەی خۆی.

پێش نەشتەرگەری جەباری حاجی ڕەشید بە کاک ئازادی ووتبوو وڕێنە نەکەیت، بە هاوڕێکانی ڕێکخراوی سلێمانی ووتبوو ئەگەر وڕێنەی کرد بیکەن بە دەنگە دەنگ با تێی نەگەن کاک جەبار بە گاڵتەوە ووتبووی نەکا لێت بپرسن بڵێن (هسە وین) تۆش بڵێی (هسە بلقۆپی[٧٠]).

کە بەنجەکە بەریدا سەیری قاچیکرد، کاک حەمە نوری و کاک حەمە ڕەشید پێیان ووت قاچت ماوە، لە کاتی نەشتەرگەریدا شەش شیش خرابووە قاچی کاک ئازاد، تا ئێسقانەکانی قاچی ڕاگرێ و ڕێکی بکاتەوە.

---

٦٩ (باوکی زانا)- ناوی نهێنی دکتۆر خەسرەو گوڵ محەمەد بوو کە ئەو سەردەمە لە بەغدا دەژیا.
٧٠ قۆپی – مەبەست لە قۆپی قەراخە.

وردە وردە بەنجەکە بەریدەدا دکتۆر هاتبووە ژوورەکەی لێیپرسی (هسە وێن) کاک ئازاد وەڵامی دایەوە (هسە بلغرفە).

دوای ماوەیەک مانەوە لە نەخۆشخانە بردیانە ماڵی باوکی دکتۆر خەسرەو لە (مدینە الثورە) دوو هەفتە جارێک دەیانبرد بۆ تەداوی و دەیانهێنایەوە، ماوەیەک بردیانە ماڵی خوشکی دکتۆر خەسرەو لە ناحیەی (کەنعان).

دواجار بردیانەوە نەخۆشخانەو شیشەکانیان بۆ دەرهێنا و لە گەڵ کاک جەبارو شەمام خان گەڕایەوە سلێمانی و چووە ماڵی کاک جەبار.

دوای پشوویەکی کورت لە گەڵ کارزان سوار ئۆتۆمبێل بوو گەیاندیانە لای (سەید حاجی)[71] ئەویش گەیاندیە قەڵادزێ و نزیک ماڵی شاسوار دایانبەزاند، کاک ئازاد چووە ماڵی شاسوارو لەوێ مایەوە.

دوای ماوەیەک مانەوە لە قەڵادزێ چووە نەخۆشخانەی حزبی دیموکرات لە (بۆڵێ) دکتۆر قاسملوو دکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی سەردانی نەخۆشخانەیانکرد دوای سڵاوو چاک و چۆنی، دکتۆر قاسملو چرپاند بووی بە گوێی دکتۆر سەعیددا ووتبووی ئەم بریندارە دیموکرات نییە، دکتۆر سەعیدیش ووتبووی پێشمەرگەی یەکێتی یە، دواتر جلی حزبی دیموکراتیان لە بەرکردوو بردیانە (سونێ)

لەوێشەوە بۆ قاسمە ڕەش- ملازم عومەر پێشوازی لێکرد، جەنابی مامجەلالیش سەردانیکرد، لە قاسمە ڕەش مایەوە، تا دواتر چووە ئێران و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا- بەم شێوەیە سەرەتای مانگی ١ی ١٩٨٩ بردیانە بەغداو تا کۆتایی مانگی (٣) لە بەغدا مایەوە.

[71](سەید حاجی)، ئامر سریەی ڕژێم بوو، بەڵام پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە هەبوو

## مـــــــەفرەزەی حـــــەمە ڕەش
## دوو

شالاوی ئەنفالی یەک بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی سەرکردایەتی و دۆڵی جافەتی دەستیپێکرد بوو، پێشمەرگە قارەمانەکانی (ی ن ک) بەرگری بێ وێنەیانکرد، لە قۆڵی دووکان و لە شارستێن بەرگری گەورەو بێئامان کرا، بەشێک لە هێزەکانی گەرمیان هاتبوونە ناوچەی دۆڵی جافەتی و سەرگەڵوو بەرگەڵوو بۆ بەرگریکردن لە سەرکردایەتی، دوای بەرگریەکی کەموێنە هێزەکانی داگیرکەر بە زەرەرو زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی توانییان ناوچەیەکی بچوک بە باجێکی گەورە دەست بە سەردا بگرن.

دوای شالاوەکانی ئەنفالی یەک لە دۆڵی جافەتی و ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەراخ، هێرش و پەلامارەکانی سوپای داگیرکەری عێراق بۆ سەر ناوچەی گەورەو فراوانی گەرمیان دەستیپێکرد، هێزەکانی گەرمیان لە سەرکردایەتی گەڕانەوە گەرمیان، تیپی ٥٣ی شێروانەش بە فەرماندەیی حەمە ڕەش لە ناوچەی کوڵەجۆ لە شەڕدا بوون، هێزەکانی داگیرکەر لە هەر چوار لاوە هێرشیان هێنابوو، پێشمەرگە بەرگری دلێرانەیان کرد، بەڵام ناچار بڕیاری پاشەکشەیاندا، چونکە هێزەکانی داگیرکەر شالاوی کوللە بوون و بەر ببوونە ناوچەکە، هێزی پێشمەرگەش ناهاوسەنگ و نابەرانبەر بوون.

حەمە ڕەش بڕیاری مانەوەیدا، سەرەتا سێ پێشمەرگە لە تیپی ٥٣ی شێروانە، حەمە ڕەش، هونەر شێخ عەلی، حسێن ئەحمەد مروەت مابوونەوە، دواتر مانەوە حەمە ڕەش و هونەر.

هێزێکی زۆر لە ناوچەکە کۆببوونەوە، تیپەکانی ٥١، ٥٣، ٥٧ و مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی و ئیسلامییەکان لە ناوچەکە بوون ڕۆژ بە ڕۆژ پانتایی ناوچەی گەرمیان بەرتەسک دەبووەوە دەبوایە دەروازەیـەک بدۆزرێتەوە هێزەکان دەرباز بکەن جگە لە هێزەکانی پێشمەرگە، ماڵ و خێزانی پێشمەرگەش لە گەڵ هێزەکان بوون.

هێزەکان لە پشتی ژاڵەی سەنگاو کۆببوونەوە، حەمە ڕەش خێزانەکەی خۆی ناردە پشتی دێی (ڕەبات) تا لەوێ بمێنێتەوە.

هەر لەو چەند ڕۆژەدا حەمە ڕەش و عوسمانی حاجی مەحمود یەکتریان بینی، هەر دوولا بڕیاری مانەوەیاندا لە گەرمیان.

حەمە ڕەش، هونەر، حسێن، لە گەڵ هێزەکە ڕۆیشتن بۆ سنووری هەمەوەند، سیروان (دێڕەشەیی) و هەڤاڵەکانی هاتنە پیریانەوە، هێزەکە تەسلیمی سیروان دێڕەشەیی کرا ئەوانیش پەڕاندیانەوە سنووری کەرکوک و خاڵخالان، حەمە ڕەش و هەڤاڵەکانی گەڕانەوە.

خێزانەکەی حەمە ڕەش نێردرایە قەلادزێ بۆ ماڵی کاک هەباس، لەوێشەوە بەرەو تۆسوران و قەندیل، دواتر بۆ ئێران، باقی پێشمەرگەکانیتر لە گەرمیان مانەوە.

## مـــــەفرەزەی خـــــاڵخالان

٢٢ پێشمەرگەی تیپی خاڵخالان لە گەڵ مام ڕۆستەم هاتبوونە بەری گەرمیان، دواتر بە چاو ساغی هونەر شێخ عەلی چوونە تەپە عەرەب تا خواردنیان بۆ پەیدا بکەن و بچنەوە سنووری خۆیان.

لە ئاوە سپی پەڕینەوە دەنگی کۆپتەر دەهات، وردە وردە کۆپتەرەکان نزیک دەبوونەوە، دوو وولاخیان پێبوو کۆپانەکانیان لیکردنەوەو بەرەڵلایانکردن تا لە نزیک پێشمەرگەکان نەبیندرێن، کۆپتەرەکان لای ئەوانەوە تێپەڕین، پاش ماوەیەک دەنگی تەقەو دەسڕێژی کۆپتەر گەیشتە گوێ، زانیان کە لە هەڤاڵەکانیان دراوە.

ئێوارە لە گەڵ حەمە ڕەشی فەرماندە بە جیهاز قسەیان کرد، هونەر هەواڵی پرسین، حەمە ڕەش بە هونەری ووت بڕۆ بۆ ئاژداخ، جیهازە ڕاکاڵەکە بهێنە، هونەر لە حەمە ڕەشی پرسی هەواڵ چییە، حەمە ڕەش وەڵامی دایەوە گوڵاڵەمان هەیە، مانای شەهیدمان هەیە، هونەر مەفرەزەکەی خاڵخالانی بەڕێکردوو گەڕایەوە.

هونەر بەڕێکەوت، شارەزای ڕێگە نەبوو، تاریکی شەوو هەردەو هەڵەتی گەرمیان هێندەیتر ڕێگەی سەختکردبوو، هونەر بەدەم ڕێگاوە خەیاڵ بردیەوە لای هاوڕێکانی، ئاخۆ کێ شەهید بووە، کێ بریندار بووە چییان بە سەر هاتووە.

هونەر چووە سنووری دێی (جامڕێز) تا بەرەو ئاژداخ بڕوات، شەکەت و ماندوو هیلاک بوو، بڕستی لێبڕابوو، لە خوار چیای (ئـاژداخ) ەوە خەوی لێکەوت، کە بە خەبەر هات ڕۆژهەڵاتبوو، سەر شاخ و دەوروبەری ڕەبییە بوو تا دەمەو عەسرێکی درەنگ لەوێ مایەوە، دوای ئەوەی دنیا تاریک بوو بەرەو پێنج ئەنگوست بەڕێکەوت، دەبەیەکی پێنج لیتری پەیدا کرد پڕیکرد لە ئاوو لە گەڵ خۆیدا بردی، چووە ئەشکەوتی هـەژاراوە[72] لە ئاژداخ بە جیهازە ڕاکاڵەکە قسەی لە گەڵ حەمە ڕەش کرد، حەمە ڕەشی فەرماندە پێیوت لە ئاژداخ بمێنەرەوە بەهادین و حەمە ڕەحیم دەنێرمەلات.

هونەر شەوان لە ئەشکەوتەکە دەمایەوەو بەیانیان ئەشکەوتەکەی جێدەهێشت و دوور دەکەوتەوە، بەهادین و حەمە ڕەحیم هاتبوونە ئەشکەوتی هەژاران لە ئاژداخ بانگی هونەریان کردبوو وەڵام نەبوو، ئەوانیش لە ئەشکەوتەکە دوور کەووتبونەوە.

هونەر بە دووربین سەیری شاخەکەی دەکرد، بەهادین و حەمە ڕەحیمی بینی، یەکیان گرتەوەو جیهازو پێداویستیەکانیان بردوو گەڕانەوە لای حەمە ڕەش.

## بـــــەربوونەوەی ســــــەرکەوت

دوای ماوەیەک حەمەڕەش و مەفرەزەکەی گەڕانەوە (ئاژداخ) لە شاخەکە چوونە خوارەوە بۆ ناو ئەشکەوتێک کە لە ناو شاخەکەدا هەڵکەوتبوو بەڵام زۆر بەرز نەبوو، بەشێک لە پێشمەرگەکان چوونە ناوی بەشێکیشیان نەیاندەتوانی.

سەرکەوت یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو، بەر بووەوە ناو ئەشکەوتەکە هەر دوو قاچ و دەستی شکا، سی و چوار مەتر لە بەرزی شاخەکە کەوتە خوارەوە بۆ ئەشکەوتەکە کە ئەشکەوتی (بزن و کارەکە) یان پێدەوت.

لە خوار ئەشکەوتی بزن و کارەکە ئەشکەوتێکی گەورە هەبوو ئاشکرا بوو، لە پێش ئەنفال مەڕو ماڵاتی دێیەکانی دەوروبەر دەهاتنە ئەوێ، ئەشکەوتەکە لە پێنج ئەنگوستەوە دەبینرا، بەڵام ئەشکەوتی بزن و کارەکە (٣٤) مەتر بەرز بوو.

٧٢ بەردەوام جێگەی حەوانەوەی پێشمەرگە و داڵدەدانیان بووە بۆیە ناویان لێنابوو ئەشکەوتی هەژاران

ئـاژداخ بنکەی سـەرەکی مـەفرەزەکـەی حەمە ڕەش بـوو، لـەوێـوە سـەردانی مەفرەزەکانی تریاندەکرد، پەیوەندیەکانی لەوێوە بە جیهاز جێبەجێدەکرد.

جگە لە پەناگاکانی چیای ئاژداخ لە کەڵوەز لوقمان و چەمی قولیجان شوێن و جێگەیتریان هەبوو، بەڵام زۆر درەنگ دەچوونە ئەوێ و زۆر کەمیش لەو شوێنانە دەمانەوە.

سوپای عێراق بەردەوام لە دەرچووندا بوو بۆ کێومالْکردنی ناوچەکە، کۆپتەر بـەردەوام بە سـەر ئاسمانی ناوچەکەوە بوو، کۆپتەر دەهاتنە « پێنج مووس» سەربازیان دادەبەزاند، لە پشتی چیای ئاژداخ ڕەبییەی ئیستخباراتی عەسکەری لێبوو.

لـەو کـاتـانـەی جیـهـازیـان کـار پێدەکرد بـۆ پـەیـوەنـدی بـە مـەفـرەزەکـان و سەرکردایەتییەوە، کۆپتەر دەهاتە سەریان دیار بوو لە کاتی کارپێکردنی جیهازەکەدا شەپۆلەکانی هەست پێدەکرا، بەڵام ئەشکەوتەکە هێندە سەخت و یاخیبوو نەیاندەتوانی بیدۆزنەوە.

پانتایی چیای ئـاژداخ چەند کیلۆ مەترێک بوو، بەڵام لە بەر سەختی چیاکە، حکومەت نەیدەتوانی زەفەر بە شوێنی پێشمەرگەکان بەرێت.

## شــــەڕی پـــــشتی ژاڵـــــە

نەورۆزی ساڵی ١٩٨٩، ١٩\١٩٨٩/٣/٢٠ مەفرەزەکەی حەمە ڕەش تووشی شەڕ هاتن مقەڕ فەوجێک لە هەنارە هەبوو ویستیان لە ڕۆژی نەورۆزدا لەو مقەڕ فەوجە بدەن، گەلە جاشێک لە پشتی ژاڵەوە هاتبوون پێشمەرگەکانیش لەوێ بوون لە گەڵ جاشەکان تووشی شەڕ بوون، جاشێک کوژراو دوانیان بریندار بوو، ئەوانیتریش هەڵهاتن، لە سەنگاوەوە هێزێکی زۆر هاتە ناوچەکە، کۆپتەر ئاسمانی ناوچەکەی تەنی، پێشمەرگەکان پاشەکشەیان کردووە گەڕانەوە.

## لــــێدانی ڕەبــــیەی ئـــــاژداخ

صدام حسێن سەرۆکی ئەو کاتی عێراق هاتبووە دهۆک لە تەلەفزیۆن بە جلی کوردییەوە دەرکەوتبوو، خۆی بادابوو، فیشەکی بڕنەوی تەقاندبوو، بە لەخۆبایبوونێکی شۆڤێنیانەوە ووتبووی ئیتر دەنگی تەقە لە کوردستان نابیسترێت، بەو مانایەی شۆڕشی کوردیان خامۆش کردووە و کۆتایی هاتووە.

کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٨٩ مەفرەزەکەی حەمە ڕەش لە ڕەبییەی چیای (ئاژداخ) یاندا.

حەوت پێشمەرگەی قارەمانی ڕۆژانی سەخت و پارتیزانی بە فەرماندەیی حەمە ڕەش لە ڕەبییەکەیانداو گرتیان حەوت جاشی تیا کوژراو دوو جاشیش بریندار بوون.

هەر لەو ماوەیەدا مەفرەزەکەی عوسمانی حاجی مەحمود لە ڕەبییەکانی باوە شاسواری نزیک «کفری» یاندا هەر دوو چالاکییەکە دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو لە گەرمیان و ناوچەکەدا، پەیامێکی گرنگ بوو بۆ داگیرکەران و خەڵکی کوردستان کە پێشمەرگە ماوەو نامرێ و نابەزێ و شۆڕش خامۆش نابێ تەقەش لە کوردستان نابڕێ.

ئەو ڕەبییەی (ئاژداخ) کە لێیدرا کێشەی بۆ فەوجە خەفیفەکان درووستکرد، ناوچەکە دوو فەوجی جاشی لێبوو، دوژمنایەتیان هەبوو لە ناو خۆیاندا، کە لەو ڕەبیە درابوو وایان زانیبوو فەوجەکەیتر لێیداون کە دوژمنایەتییان لە گەڵیان هەیەو مەبەستیان تۆڵە کردنەوە بووە.

## پــــێداویستی و خـــــۆراك

مەفرەزەکان پێویستیان بە پێداویستی و خواردن بوو بۆ مانەوەو بەردەوام بوون.

لە دوای ئەنفال، خواردنی جێماوی دێیەکانیان کۆکردەوە لە ناو ئەشکەوت و بن کەڵوەزی ناوچەکەدا شاردیانەوە، هەڤاڵانی ڕێکخستن و دۆستەکانی پارتیزانەکانیش، هاوکاری پێشمەرگەیان دەکرد لە دابینکردنی خۆراک و پێداویستی مەفرەزەکان.

حەمە ڕەشید باریکەیی، کاک حەمە نوری، هاوڕێ سوپا، لە سوپای ڕزگاری

کوردستان لە گەڵ کاک صاڵح حەمە خان[٧٣]، هاوکاری پێشمەرگەکان بوون، خۆراک و پێداویستی و داوو دەرمانیان بۆ پەیدا دەکردن و دەیانگەیاندە دەستیان.

جووڵەی پێشمەرگەکان شەوانە بوو، بە تایبەت ئەو شەوانەی مانگە شەو بوو، مەفرەزەکەی حەمە ڕەش تا بەیانی بەڕێوە بوون دەچوون بۆ لای مەفرەزەکانی شێخ کەریم و سەید جەوهەر و عوسمانی حاجی مەحمودو سەید محەمەد و ئەوانیتر.

حەمە ڕەش جگە لەوەی مەفرەزەی تایبەت بە خۆی هەبوو لە چیای ئاژداخ دەمایەوە، لێپرسراوی تێکڕای مەفرەزە پارتیزانەکانی گەرمیانیش بوو، بۆیە بەردەوام لە ڕێگەدا بوو بۆ سەردان و بە سەرکردنەوەی مەفرەزەکانیتری گەرمیان و ئاگادار بوون لە بارودۆخیان.

خواردنی پێشمەرگەکان نان و چاو هەندێک جار برنج ئەگەر هەبوایە و دەست بکەوتایە، ئەو ئاردەی دەیانکردە نان زۆر جار کەڕوو لێیدەدا، دەیانبێژایەوەو دەیانکردە نان، ئاردوو ڕۆنەکەیان زۆر کۆن بوو بە سەر چوو بوو بەڵام ناچار دەیانخوارد، هەندێک جار شەکرو ڕۆن و ئاردیان تێکەڵ دەکرد دەیانکردە هەویر، پەنجەیان بە سەر هەویرەکەدا دێنا تا نەخشی لە سەر

دەربچێت، دواتر دەیانبرژاند تا دەبووە کولیچە، دەیانکردە ناو کۆڵە پشتەکەیانەوە، بەو جۆرە بەرگری زۆرتر بوو.

## ئەشکەوتی کارو بزنەکە

ئەشکەوتی بزن و کارەکە لە پشتی ئەشکەوتی هەژاران (٣٤) مەتر بەرز بوو، ئەشکەوتی هەژاران جێگەکەی دیار بوو، پێشمەرگە بە قەمەی تفەنگ جێگەیان چاک کردبوو بۆ خەوتن، شەو لەوێ دەخەوتن، بەیانی زوو سەردەکەوتنەوە ئەشکەوتی بزن و کارەکە.

٧٣ ساڵحی حەمە خان ئامر سریە بوو، ڕەبیەکانی لە نزیک هەنارە بوو، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و پارتیزانەکانەوە هەبوو پێشمەرگە پارتیزانەکان دەچوونە نزیک ڕەبیەکان، ئەوانیش دەهاتنە خوارەوە، هەرچی پێداویستی هەبوایە بۆ پێشمەرگەکانیان دەهێنا، لە نێوان پێشمەرگە و ڕەبیەکانی ساڵح حەمە خان دا نهێنی هەبوو، ئەگەر ناوچەکە کەمینی لێبوایە ڕەبیەکان دوو فیشەکی گرداریان دەتەقاند مانای ئەوە بوو کەمین هەیە و مەیەنە خوارەوە، ڕەبیەکانی ساڵح حەمە خان لە سەر ڕێگا گڵەکەی کربچنە بوو.

ئەشکەوتی بزن و کارەکە (٣٤) مەتر بەرز بوو، شوێنێکی زۆر یاخی و سەخت بوو، ئەشکەوتەکە لە ناوخۆیدا لە چەند قاتێک پێکهاتبوو.

هێزەکانی داگیرکەر وەکو پیشەی هەمیشەییان دەستیانکردبە گەڕان و پشکنینی ناوچەکە، نزیک بە شەش جاش ڕوویان کردە ئەشکەوتەکە.

خەبات، ئاری ڕەئووف، هونەر، موکەڕەم، نازم کەرکوکی لە ئەشکەوتەکە بوون، جاشەکان هاتنە ئەشکەوتەکە، چیای ئاژداخ هێلانەی (قووش)ی لێبوو لەو کاتەدا قووش پارەی زۆری دەکرد، جاشەکان بیری ئەوەیان نەبوو پێشمەرگە لەوێ هەیە بەرەو بنکەو ئەشکەوتی هەژاران هاتن کە پێشمەرگەکان چاکیان کردبوو بۆ خەوتن.

ئەو بەیانیە هونەر پەرداخێکی شووشەی لە دەست کەوتبووە خوارەوە وورد ببوو، دیار بوو کە تازە شکاوە، جاشەکان هاتنە سەر ئەشکەوتەکە بنچکێک (بایەف) [٧٤] لە بەردەم کونی ئەشکەوتەکە ڕووابوو، پێشمەرگە لە بن ئەو بنجە بایەفەدا ڕۆژانە بەدووربین سەیری خوارەوەیاندەکرد.

جاشەکان هاتنە ناو ئەشکەوتەکەوە، پێشمەرگەکان لە ئەشکەوتەکەی سەرەوەدا بوون خۆیان حەشاردابوو ئەشکەوتی (بزن و کارەکە) گوێیان هەڵخستبوو یەکێک لە جاشەکان

دەیوت، بە گۆڕی شەهیدان پێشمەرگە لەم سنوورە هەیە، پەرداخە شکاوەکەو شوێن خەوتنەکان کە بە حەربە هەڵیان کەندبوو پووش و پەلاشەکەیان لادا بوو نیشانەی ژیان و ئاوەدانی بوون، ئەوەیان نیشان ئەدا کە پێشمەرگە لێرە هەیە، جاشەکان بە شوێنی

خۆیاندا گەڕانەوەو چوونەوە ناو پێنج مووس لە سەر کانی و ئاوەکەی ئەوێ بوون، پێشمەرگەکان زۆر ترسان کە هێز لە گەڵ خۆیان بێنن بەڵام هیچ ڕووینەدا.

دواتر هەواڵیان زانی ئەو کەسەی ووتی بە گۆڕی شەهیدان لەم سنوورە پێشمەرگە هەیە کوڕی حاجی حەمە تالیبی جنۆکە بوو، کە خێزانێکی تێکۆشەرو کوردپەروەرو دۆستی حەمە ڕەش بوون.

[٧٤] بایەف گیایەکی گەورەی سەوزە لەو ناوچانە شین دەبێ.

## ســـــاڵح حـــەمە خان

دوای ڕەوینەوەی تەموو مژی ئەنفال و خۆڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەکانی شار، ساڵح حەمە خان سەر لە نوێ پەیوەندی گرێدایەوەو بووە هاوکاری سەرەکی پارتیزانەکانی گەرمیان و بە تایبەت حەمە ڕەش.

یەکەم دیداری ساڵح حەمە خان لە گەڵ حەمە ڕەش لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالی گەرمیان لە دێی پێنج ئەنگوست بوو، بە بیانووی چوونە سەر مەرقەد و چارەسەری نەخۆش لە ڕەبییەکان تێپەڕبوون، حەمە ڕەش و ساڵح حەمە خان بەرنامەی کاریان دانا، پەیوەندی نێوان ڕێکخراوی سلێمانی و پارتیزانەکان لە ڕێگەی ساڵح حەمە خان و گەیشتنی بە حەمە ڕەشید باریکەیی گرێدرایەوە، ساڵح حەمە خان، حەمە ڕەشید باریکەیی وەکو نوێنەری ڕێکخراوی سلێمانی بردە لای حەمە ڕەش و پەیوەندییەکان نوێکرانەوە.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٨ تا ١٩٩١، ساڵح حەمە خان، کاک حەمە نوری و حەمە ڕەشید باریکەیی لە ڕێکخراوی سلێمانی تێکڕای پێداویستیەکانی پارتیزانەکانیان دابیندەکردوو هێڵی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوی سلێمانی و پارتیزانەکان بوون.

ئـەو ڕۆژانــەی جاش و سووپا کێوماڵی ناوچەکانیان دەکـردوو بـە دوای پێشمەرگەدا دەگەڕان، ساڵح حەمە خان پێشمەرگەکانی ئاگادار دەکردوو دەیبردنە ناو ڕەبییەکانی خۆی.

سریەکەی ساڵح حەمە خان سەرجەمیان براو ئامۆزاو خووشکەزای خۆی بوون، ڕەبییەکانی ساڵح لە سنووری ئاژداخ، سەنگاو، هەزارکانی، هەنارەو سەگرمە بوون بە سەر شاخی ئاژداخ دا دەیانڕوانی لە کاتی گۆڕینی ڕەبییەکاندا ساڵح حەمە خان حەمە ڕەشی ئاگادار دەکردەوە لەوەی دەچنە کام شوێنیتر، بۆ یەکتر بینین لە گەڵ پێشمەرگەکان هێمایان هەبوو تا بڵێن بێن یان نەیەن، ئەگەر کەمین هەبووایە ڕەبیەکانی ساڵح حەمە خان فیشەکێکی گڕداریان دەتەقاند کە هێما بوو بۆ ئەوەی کەمین دەرچووەو مەیەن، هەر کاتێک دەرچوونیان هەبووایە بۆ گەڕان و کێوماڵی ناوچەکە و پێشمەرگەکان ئاگادار نەبوونایە قووماشێکی سووریان پێبوو هەڵیان

دەکردوو بەرزیان دەکردەوە تا پێشمەرگەکان ببینن و بزانن دەرچوون هەیە.

پێشمەرگەکانی مەفرەزەکەی حەمە ڕەش لە بن شاخ و ئەشکەوت و لە کوڵێتدا خۆیان دەشـاردەوە، ساڵح حەمە خان هەندێک جار دەچـووە سـەر کوڵێتەکەو دادەنیشت دەستیدەکرد بە قسە کردن، هەر زانیارییەک یان ڕاسپاردەیەک هەبووایە بە دەنگی بەرز دەیووت تا پێشمەرگەکان گوێیان لێبێت، زۆربەی جاریش دەچووە سەر کوڵێت و بنکەکانی پێشمەرگە، خواردن و کەلووپەلی بۆ بەجێدەهێشن تا دوایی پێشمەرگەکان بیبەن.

ساڵح بە سواری لاندکرۆزەرێک کە براکەی خۆی لێیدەخوڕی بەرەو سلێمانی دەڕۆیـشـت، چەند کەسێکی نەناسراویشی لە گەڵ خـۆی هەڵگرتبوو، ژمـارەی لاندکرۆزەرەکەی ساڵح لای حەمە ڕەش هەبوو، بە بینینی لاندکرۆزەرەکە حەمە ڕەش هاتە سەر ڕێگاکەیان و دەستی ڕاگرت، ساڵح حەمە خان بە شۆفێرەکەی ووت بوەستە ئەوە چەکداری ئێمەیە لەو ڕەبیەیە بزانم ئیشی چییە، ساڵح لە لاندکرۆزەرەکە دابەزی و بەرەو ڕووی حەمە ڕەش ڕۆیشت و پێیوت چیدەکەی لێرە، حەمە ڕەش وتی پاتری جیهازەکەمان پەکی کەوتووەو پیلمان لێبڕاوە، ساڵح حەمە خان حەمە ڕەشی لە گەڵ خۆی سەرخست و ئەو نەفەرانەی دابەزاند کە هەڵیگرتبوون پێیوتن ڕەبییەکەم کێشەی بۆ درووست بووەو دەبێ بچم چارەسەری بکەم.

فرۆشگایەکی سەربازی (حانووت) لەوێ هەبوو لە دەرزی و دەزوو هەتا سەری کوێرە ماری تیا بوو ساڵح حەمە خان حەمە ڕەشی بردە فرۆشگاکە پێداویستیەکانیان کڕی، ساڵح پاتری ئۆتۆمبێلەکەی خۆی دایە حەمە ڕەش بۆ (بێتەل) ە ڕاکاڵەکە و حەمە ڕەشی بردە ڕەبییەکەی خۆی تا شەو پێشمەرگەکان دێن، حەمە ڕەش لە ڕەبییەکە مایەوە، شەو پێشمەرگەکان هاتن و لە گەڵیان گەڕایەوە.

کاتێک کاک ئازادی سەگرمە هاتە خوارەوە نامەیەکی بە (حەمە ڕەش) دا ناردبوو بۆ ساڵح حەمە خان تا یەکێک لە ڕێکخراوی سلێمانی ببینێ، ساڵح حەمە خان نامەکەی گەیاندە ڕێکخراوی سلێمانی و حەمە ڕەشید باریکەیی لە گەڵ خۆی هێناو چوونە لای کاک ئازاد، لە دووری بنکەی پێشمەرگەکان کەپرێکیان بۆ ساڵح حەمە

خان و حەمە ڕەشید باریکەیی درووستکردبوو تا پێشمەرگەکانیتر نەیانبینن، ماوەی دوو ڕۆژ مانەوەو ماڵاواییانکرد، کاک ئازاد پێیوتن هیچ ئیشێکتان نییە، حەمە ڕەشید باریکەیی بە گاڵتەوە بە کاک ئازادی ووت ئێمە ئیشی چیمان بە ئێوەیە بەم شاخ و کێوەوە، هەر ئێوە ئیشتان بە ئێمەیە.

دوو فەرماندەی پێشمەرگە تەسلیم ببوونەوە بە ساڵح حەمە خانیان ووتبوو دەمانەوێ پەیوەندی بکەینەوە بەڵکو داوا لە کاک ئازاد بکەیت وەرمانگرێتەوە، ساڵح بابەتەکەی بۆ کاک ئازاد باسکرد حەمە ڕەشید باریکەیی هەڵیدایەو ووتی ساڵح پێم نەوتی لەوانە نزیک مەبەرەوە بە گەرداوێکماندا دەدەیت، ئازادی سەگرمە ووتی ئێمە هەر حسابی پێشمەرگەکەی جارانیان بۆ دەکەین بەڵام ناتوانین وەریان گرینەوە با لە گەڵ ئێوە کار بکەن، ساڵح داوایکرد سەروو نامەیان بۆ بنووسێ و مۆری بکات، کاک ئازاد دوو نامەی بۆ نووسین و ساڵح حەمە خان گەیاندیە دەستییان، بەڵام یەکێک لەو دوانە نامەکەی گەیاندبووە دەست حەمە خانی حاجی دارا، حەمە خان، ساڵحی بانگ کردبوو ووتبووی ئەمانە ئەمەن، نامەکەی لە بەرچاوی ساڵح دڕاندبوو.

پێشمەرگەیەک لە کەندێک وەرگەڕابوو، لە پێبازەوە هێنایانە دەواجنەکەی حەمەی وەلی لەوێشەوە گواستیانەوەو گەیاندیانە دەستی ساڵح حەمە خان، ساڵح بە تونێلەکەی دەربەندیخان داو بە بەردەم بازگەی ئیستخباراتدا گەیاندیە سلێمانی بۆ چارەسەر.

ساڵح حەمە خان بە هاوکاری کەسووکارەکەی هاوکاری زۆری پارتیزانەکانیکرد، لە بەردەم مەترسیدا بوو بەڵام کۆڵی نەدا دەیان چالاکی لە پێناو پاراستن و مانەوەی پارتیزانەکاندا ئەنجامدا.

## جـــــــیهازەکە

جیهازە ڕاکاڵەکە، هونەرو (حەمە ڕەش) ی فەرماندەی پارتیزانەکان بەکاریان دەهێنا، هونەر لە تەپەگەڕوس لە ڕێگەی بەرزانی حەمەی مینە فێری بەکارهێنان و کارپێکردنی جیهاز ببوو.

(حەمە ڕەش) یش شارەزایی لە بەکارهێنانی جیهازەکە هەبوو.
ناوی مەفرەزەکە

| | |
|---|---|
| ١- محەمەد کەریم عیسا | (حەمە ڕەش) |
| ٢- هونەر عەلی مەحمود | هونەر شێخ عەلی |
| ٣- نازم کەرکوکی | |
| ٤- ئاری ڕەئووف سابیر | (ڕزگار) |
| ٥- موکەڕەم ڕەشید برزو | |
| ٦- محەمەد حسێن سلێمان | (حەمە ئاخە) |
| ٧- خەبات | (خەباتە سور) |

دوای نزیکەی ساڵ و نیوێک مانەوە لە هەردەو هەڵەتی گەرمیان، مەفرەزەکانی گەرمیان کە حەمە ڕەش فەرماندەیان بوو گەڕانەوە سەرکردایەتی، دوای پشوودان و خۆڕێکخستنەوە جارێکیتر گەڕانەوە گەرمیان.

## گـــــەڕانەوە بۆ گەرمــــیان مــــانگی 1990/8

دوای ئەوەی مەفرەزە پارتیزانەکانی گەرمیان گۆڕدران، مەحمود سەنگاوی و چەند مەفرەزەیەکیتر جێگەیان گرتنەوە، دووبـارە بیر لە گۆڕینی ئەوانیش کرایەوە دوای مانەوەیان بۆ ماوەی (١٠) مانگ لە هەردەو هەڵەتی گەرمیاندا، چەند مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی حەمە ڕەش هاتنەوە گەرمیان.

لە هاتنە خـوارەوەدا حەمە ڕەش چەند هەفتەیەک دواکـەوت ئەویش بە هۆی کاروباری تایبەت بە شۆڕش و لە سەر داوای سەرکردایەتی دوای تەواو بوونی کارەکانی لە سەرکردایەتی گەڕایەوە گەرمیان.

مەفرەزە پارتیزانەکان پێکهاتبوون لە چەند مەفرەزەیەک:

١- مەفرەزەی حەمە ئاخە
٢- مەفرەزەی ئەحمەدی حاجی ڕەشید
٣- مەفرەزەی شێخ کەریمی باخی سەروو

٤- مەفرەزەی (ڕەئیس)
٥- مەفرەزەی عەلی سوور
٦- مەفرەزەی عوسمان حاجی مەحمود

لەگەڵ دابەزینی مەفرەزەکان (حەمە ڕەش) مشووری ئازوقەی بۆ خواردن، لە ئێرانەوە تا تیلەکۆ بە ئۆتۆمبێل سێ تەن خواردەمەنیان گواستەوە، لەوێشەوە بە کۆڵی (٩) وڵاخ خواردنەکەیان گواستەوە دەم زێی سیروان.

لە سیروان بەلەمێکیان بە چووپ درووستکردبوو، پێشمەرگەکانیان پێدەپەڕاندەوە ووڵاخەکانیشیان لە یەک دەبەست و بە زێیەکەدا دەیانپەڕاندەنەوە بەمجۆرە دوو تەن ئازوقەیان پەڕاندەوەو یەک تەن ئازوقەش لەوبەری سیروان مایەوەو حەشاریاندا حەمە ڕەشی فەرماندە تا دەم سیروان لە گەڵیان هات، دوای چەند هەفتەیەکیش بە یەکجاری گەڕایەوە گەرمیان و سەرپەرشتی تێکڕای مەفرەزەکانی دەکرد تا ڕاپەڕین.

لە ڕاپەڕیندا مەفرەزەکانی گەرمیان لە کفری و کەلارو دەربەندیخان، خورماتوو ڕۆڵی گرنگیان بینی، بە فەرماندەیی حەمە ڕەش.

مخابن کوڕە ڕەشتاڵە ماندووە تێکۆشەرو فەرماندەکەی گەرمیان، لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/١١ و لە ناو شاری خورماتوو شەهید بوو گیانی سپارد.

## مـــــەفرەزەی شـــێخ کـــــەریم
## ســـــێ

تیپی (٥١) ی گەرمیان لە تیپە باراندیدەکانی یەکێتی بوو لە دەمە دەمی ئەنفالدا لە «٦» کەرت پێکهاتبوو.

پێکهاتەی تیپەکە بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| عادل شکور | فەرماندەی تیپ |
| شێخ کەریم | جێگری تیپ |
| نازم بچکۆل | فەرماندەی کەرت |
| مامجەلال | فەرماندەی کەرت |
| عومەر سەنگاوی | فەرماندەی کەرت |
| شینەی حەمە ڕەش | فەرماندەی کەرت |
| سەید جەوهەر | فەرماندەی کەرت |
| عوسمان حاجی مەحمود | فەرماندەی کەرت |

لە شاڵاوی ئەنفالی (١) دا بۆ سەر دۆڵی جافەتی و سەرکردایەتی (ی ن ک) لە یاخسەمەر، سەرگەڵوو بەرگەڵوو، تیپی (٥١) ی گەرمیان لە شەڕی بەرگری کردن لە سەرکردایەتی و بەرپەرچدانەوەی شاڵاوەکانی ئەنفالی (١) دا ڕۆڵی دیارو بەرچاویان بینی.

بەشێکی کەم لە تیپی (٥١)ی گەرمیان بە فەرماندەیی شێخ کەریم لە ناوچەکە مابوونەوە، لە گەڵ دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالی (٣)دا بۆ سەر ناوچەی گەرمیان هێزەکەی تیپی (٥١) ی گەرمیان گەیشتەوە گەرمیان و بەشداری چالاکیان لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی هێزەکەی داگیرکەردا کرد.

ئەنفالی «٣» لە گەرمیان قورسترین قۆناغی ئەنفال بوو کە تیایدا هێزی گەورەی سەربازی لە ڕووبەرێکی فراوان بەکارهات.

دوای شەڕو بەرگری بێئامان، ناوچەکە لە دانیشتوانەکەی چۆڵکرا، ئەوەی ڕزگاری بوو سەری سەلامەتی بردە ئێران و ئەو ناوچانەی هێشتا ئاوەدان بوون، ئەوانەشی دەستگیر کران لە عەرعەرو نوگرەسەلمان لە نێو چاڵەکانی مەرگدا بێدەنگکران.

مەفرەزەکانی گەرمیان لە ناو قولایی گەرمیاندا مانەوە، مەفرەزەکەی شێخ کەریم چاو ڕەش یەکێک لەو مەفرەزانە بوو ناوچەکەیان چۆڵ نەکردوو درێژەیان بە ژیانی پێشمەرگایەتیدا، لە وێرانە ماڵی گەرمیاندا.

## بـــــەرەو تەکیە کـــــۆن

شێخ کەریم و نازم کەرکوکی بەرەو تەکیە کۆن ڕۆیشتن دووکەڵی سووتانی ماڵەکانی دێیەکە لە دوورەوە سەرنجی مرۆڤی ڕادەکێشا، لە تەکیە کۆن نزیک بوونەوە تا بزانن هێزی داگیرکەری تیایە، چەند چەکدارێکیان بەدیکرد وایانزانی جاشن خەریک بوو تەقەیان لێبکەن دەستیان هەڵبڕی و ووتیان خۆمانین.

ناسرو ئاسۆ پێشمەرگەی مەفرەزەکەی سەید جەوهەر بوون ئەوانیش شێخ کەریم و نازم کەرکوکیان بەدیکردبوو سەید جەوهەر ناردبوونی تا بزانن کێن، شێخ کەریم و نازم کەرکوکی چوونە لای مەفرەزەکە کە لە دەوروپشتی تەکیە کۆن بوون.

شوێنی مەفرەزەکەی شێخ کەریم لە (خوڕخوڕ) بوو ماڵ و منالی لە گەڵدا بوو، خواردەمەنی و کەلو پەلیان لابوو، گوێرەکەیەکیشیان دەستکەوتبوو، لە گەڵ مەفرەزەکەی سەید جەوهەر کردیانە قاورمەو خواردیان.

مەفرەزەکەی سەید جەوهەر لە دەووری تەکیە کۆن مانەوە، مەفرەزەکەی شێخ کەریم لە دەورووبەری بەکرە کەڕ مانەوە، پەیوەندیان لە گەڵ مەفرەزەکانی تر پچڕا بوو.

دوای ماوەیەک لە ناوچەی خان و بەکرە کەڕ عوسمان تلیشانی و صباح شێخ حەمیدییان بینی لە مەفرەزەکەی عوسمانی حاجی مەحمود بوون لە ناوچەی قولیجان و خانی ڕۆستەم ئاغا مابوونەوە، شێخ کەریم چووە لای مەفرەزەکەی کاک عوسمان، لەوێ زانی کاک عەدنان و حەمە ڕەش و مەلا ئەحمەدو سەید محەمەد ماونەوە.

## کۆبوونەوەی مەفرەزەکان

شێخ کەریم، ئەحمەدی حاجی ڕەشید، عەدنانی حەمەی مینە، مەلا ئەحمەد، سەید محەمەد، مەلا سەعید، عوسمانی حاجی مەحمود، حەمە ڕەش کۆبوونەوەیەکیان ساز کردوو هێزەکەیان ڕێکخستەوە، شوێنی مەفرەزەکانیان دیاریکرد، حەمە ڕەش وەکو لێپرسراوی مەفرەزەکان دەستنیشانکرا، دوای ماوەیەک کاک ئازادی سەگرمە هاتە خوارەوە، کرایە لێپرسراوی مەفرەزەکان، ئەویش کۆبوونەوەیەکی بە مەفرەزەکان کرد.

١٩٨٨/٩/٦ ڕژێمی عێراق لێبووردنی گشتی دەرکرد شێخ کەریم کۆبوونەوەی بە پێشمەرگەکان کردوو سەر پشکی کردن لە ڕۆشتنەوە یان مانەوە لە ڕیزی پارتیزانەکاندا بەشێک لە هێزەکە تەسلیم بوونەوە، مەفرەزەکان بژار کران.

مەفرەزەکەی شێخ کەریم ئەم پێشمەرگانە بوون:

١- کەریم ئەحمەد خدر (شێخ کەریم)

٢- فازیل ئەحمەد خدر

٣- بابە محەمەد سەعید (سەی بابە)

٤- یاسین عەبدولکەریم (یاسینە بچکۆل)

٥- محەمەد حسێن (حەمە ئاخە)

٦- نازم نەجم ئەحمەد) (نازم کەرکوکی)

٧- عەبدوڵڵا نامیق (عەبدوڵڵا قەیتولی)

٨- عادل عەبدولقادر (عادل پیرەمۆنی)

٩- جەعفەر لەتیف محەمەد

مەفرەزەکان بە گشتی خۆیان ڕێکخستەوە، شوێنەکانی مانەوەیان دیاریکرد، خواردنی دێیەکانیان کۆکردەوەو لە چەند شوێنێکی جیا شاردیانەوە.

لە دوای تەواوبوونی وادەی لێبووردنی گشتی لە ١٩٨٨/١٠/٦ ڕژێمی عێراق فشاری زۆری کردە سەر ناوچەکانی گەرمیان، بـەردەوام هێزەکانی داگیرکەر دەردەچوون بۆ پشکنینی ناوچەکانی گەرمیان، کۆپتەر بەردەوام بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕایەوە.

شێخ کەریم و مەفرەزەکەی لە نزیک قادر کەرەم بوون بە دووربین سەیری قادر کەرەمیان دەکرد، ٨ کۆپتەر بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا باڵە فڕەیان بوو ڕوویانکردە ناوچەی زەنگنە.

مەفرەزەکە هێستریکیان پێبوو لە ناو قامیشەڵانێکدا بەستبوویانەوە، کۆپتەرەکان هێسترەکەیان بینی دووجار بە سەر سەریاندا سووڕانەوە، بەڵام لەوێ تێپەڕین بۆ چەمی لاهێز، دوای بیست دەقەیەک دەنگی تەقینەوە، ناڵەو گرمەیەکی گەورە کەوتە گوێ دواتر زانییان کاک ئازادی سەگرمە بریندار بووەو سێ پێشمەرگە شەهید بوون.

مەفرەزەکەی شێخ کەریم لە ناوچەکانی قادر کەرەم، ناو زەنگنە، شاخی زەنوور، هەڕێنە دەژیان، لە تەکیە کۆن، بەگزادە، قادر کەرەم، خدر ڕەیحان، لەک، خواردنیان دانابوو.

کەریم عەلی قادر (کەریمی عەلە مەنە) ئامر سریە بوو، پەیوەندی لە گەڵ مەفرەزەکەی شێخ کەریم بەستبوو لە ماوەی پارتیزانیدا چوار جار هاتە لایان، خواردن و پێڵاوو جل و بەرگی بۆ دەهێنان.

جارێک هاتبووە لایان بۆ برایم غولام، ژوانیان لەوێ دانابوو بۆ یەکتر بینین، بەڵام یەکتریان نەبینی، جارێکیتر هاتبووە (لەک) پاتری جیهازو گۆرەوی و تاقمی ڕیش تاشین و (١٠) قات جلی بۆ پێشمەرگەکان هێنابوو، بڕیار بوو لە کەڵوەز گەلە یەکتری ببینن بەڵام یەکتریان نەبینی، کەریم پێداویستیەکانی لە شوێنی دیاریکراو بۆ دانابوون و نامەیەکیشی بۆ جێهێشتبوون.

بۆ دانانی کات و شوێنی یەکتر بینین لە گەڵ هاوڕێیانی ناو شار، لە بناری شاخێک لە نزیک گەڕاوی کونێکی تیا بوو، ئەو کونە شوێن و جێگەی دانانی ژوانەکانیان بوو.

هەر کاتێک کارێک یان پێداویستیەکیان هەبوایە نامەیان دەخستە ئەو کوونەوە، دواتر وەڵامی نامەکەیان لە هەمان شوێن دادەنایەوەو شوێنی یەکتر بینین دیاریدەکرا.

یەکێکیتر لەو کەسانەی پەیوەندی لە گەڵ شێخ کەریم و مەفرەزەکان هەبوو

(شێخ معتصم) ی مستەشار بوو، چەند ڕۆژێک پێش شاڵاوەکانی ئەنفالی سێ بە شێخ کەریمی ووتبوو ئەگەر تەقەمەنیتان دەوێ یان پارەتان دەوێ بۆتان دەنێرم، ئەگەر دەچنە سنووری سەرکردایەتی بە ئۆتۆمبێل دەتانگوازمەوە، شێخ کەریم پێیوتبوو بڕیارمانداوە بمێنینەوە، ئەگەر خواردن نەمابێ گیامان خواردبێ لە گەرمیاندا دەمێنینەوە، نە تەسلیم دەبینەوە نە دەچینە ئێران.

خێزان و دایکی شێخ کەریم لە گەرمیان مابوون لە گەڵ هێژای کوڕی کە تەمەنی شەش مانگان بوو، لە ١٩٨٨/٦/٢٠ ناردیاننەوە بۆ چەمچەماڵ لەوێشەوە بۆ مەڵبەندی (سێ).

## شـــەڕی تـــەکیە کـــۆن- خـــان

١٩٨٨/١١/٢٠ سەید جەوهەر، شێخ کەریم، نازم کەرکوکی، چوونە سەردانی مەفرەزەکەی عوسمانی حاجی مەحمود لە ناوچەی خان، کاک عوسمانیش چوو بو بۆ سەردانی مەفرەزەکەی مەلا ئەحمەد، بەڵام مەفرەزەکە لە شوێنی خۆیان بوون.

ئێوارە پێش خۆرنشین، لای مەفرەزەکەی کاک عوسمان نان و چایان خواردوو گەڕانەوە، هاتنە نزیک ئاوەکەی باوەکر، هێزەکانی دوژمن دەرچووبوون بۆ پشکنینی ناوچەکە ئەمان بێئاگابوون، چوونە سەر ئاوەکە بپەڕنەوە هێندەیانزانی چەند ئۆتۆمبێلێکی جاش هاتنە ناویان، هێزێکی دوژمن هاتبوونە نێوان خان و باوەکر، لە ناکاو خۆیانکرد بە ناو پێشمەرگەکاندا.

جاش خەفیفەکان دوو سەد کەس دەبوون، ئەمانیش شێخ کەریم، سەید جەوهەر، نازم کەرکوکی، سێ کەس بوون، بەڵام سێ باوەڕی کەڵەگەت، سێ ورەی نەنەویوو، سێ چیای ئاگرین بوون.

نێوان جاش و پێشمەرگەکان تەنها (٢٠) مەتر بوو، شێخ کەریم و نازم کەرکوکی تەقەیان لە جاشەکان کرد، سەید جەوهەر تفەنگەکەی کردبووە ناو نایلۆنێک تا تەڕ نەبێ جاشەکان ویستیان پشتیان لێبگرن.

سەید جەوهەر تفەنگەکەی لە نایلۆنەکە دەرهێناو گەیشتە سەر بەرزایی سەرەوە، تەقەی لە جاشەکان کرد، هێزەکەی شکاند، شێخ کەریم و نازم بە شەڕو بەدەم

تەقەکردنەوە هاتنە دواوە، بە سەرە تەقەیان لە سەر یەکتری دەکرد، بە دەم تەقە و شـەڕەوە گەڕانەوە لای مەفرەزەکەی کاک عوسمان لە نێوان عەلیانی کۆن و خان، لە گەڵ مەفرەزەکەی کاک عوسمان بوونە (١١) کەس هێزەکەی دوژمن بە دوایاندا هاتن، پێشمەرگەکان لێیاندان و چەند جەنازەیەکیان پێجێهێشتن، چەند جاشێک بریندار بوون، هێزەکەی دوژمن شکاو گەڕایەوە دواوە، کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکە بە BKC، RBG لێیاندان و چوونە قولایی ئاسمان، کلاشینکۆفێک دەسکەوت بوو، هەر ئەو شەوە پێشمەرگەکان شوێنەکەیان چۆلکردوو، چوونە قادر کەرەم بۆ لای کانی شیرینەکە کە نزیک جادە بوو تا دوژمن هەستیان پێنەکات کە بەیانی خۆر هەلات، هەردەو هەلەتی گەرمیان بە جاش و کۆپتەر تەنرابوو.

## چـــەند چـــــالاكييەك

مەفرەزەکانی گەرمیان لە بەهاری ساڵی ١٩٨٩ بڕیاریاندا چەند چالاکیەک ئەنجام بدەن، تا دوژمن وانەزانێ ناوچەکە چۆل بووەو پێشمەرگەی لێنەماوە.

+ مەفرەزەکەی حەمە ڕەش لە خوار هەزار کانی سەنگاو پەلاماری ڕەبیەیەکیانداو دەستیان بە سەردا گرت، ڕەبییەکە چەند جاشێکی تیابوو، دیلەکانیان نەهێنابوو، دەستکەوتەکانیان گواستەوەو گەڕانەوە ئاژداخ.

+ مـەفـرەزەی شێخ کەریم نزیک پردی قـەلای میکائیل تەقەیان لە ڕەبییەو فەوجەکانی نزیک پردەکە کرد.

+ مەفرەزەی سەید جەوهەر لە خورماتوو پەلاماری ڕەبییەی سەر مەشروعەکەو خوێکەیاندا.

+ مەفرەزەی عوسمانی حاجی مەحمود لە ناوچەی کفری چالاکیان ئەنجامدا.

+ لە مانگی (١٢)ی ساڵی ١٩٨٨ و ساڵی(١٩٨٩) ش کێوماڵی ناوچەکە بەردەوام بوو، لە مانگی (١٢) تێکڕای مەفرەزەکان لە گەڵ هێزەکانی داگیرکەر ڕووبەڕوو بوون، بەڵام بێزیان لێیدەرچوون.

هێزەکانی داگیرکەر هەموو مانگێک دەردەچوون بۆ کێوماڵی ناوچەکە بەڵام هەر یەکەم ڕۆژ تا نیوەڕۆ گرووتینیان هەبوو لە دوانیوەڕۆ بەدواوە شەکەت دەبوون و

لە کێومالّکردن خاو دەبوونەوە.

مانگانە دوو فەیلەق و حەفتا فەوج جاش لە گەڵ ڕەوە کۆپتەری زۆر، لە قۆڵی قادر کەرەم دەربەندیخان، سەنگاو، کەلار، صمود، سەرقەڵا، کفری، دووز دەردەچوون، دۆڵ و شیوو گردوو یاڵی ناوچەکەیان دەپشکنی.

## تـــێکچوونی جـــیهازە ڕاکـــاڵەکە

ماوەی سێ مانگ بوو جیهازی مەفرەزەکان کە لای حەمە ڕەش بوو تێکچوو بوو، پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی و مەفرەزەکان- ڕێکخراوی سلێمانی و مەفرەزەکان پچڕا بوو، بۆیە حەمە ڕەش و شێخ کەریم چوونە چەمچەماڵ بۆ بینینی ڕێکخراوی سلێمانی و چاککردنەوەی جیهازەکە.

حەمە ڕەش، حەمە ئاخە، کەمالە خڕە، مەریوان حاجی حسێن، هونەر، بە بناری سەنگاودا هاتن لە هەنارە پەڕینەوە، دەربەند ژاڵە بەفرێکی زۆر گرتبووی سێ ڕۆژ بەڕێگاوە بوون، بەو بنارەدا هاتنە تەکیە، لەوێشەوە چوونە چەمچەماڵ بۆ ماڵی شێخ عەزیز، لەوێ ڕێکخراوی سلێمانیان بینی، جیهازەکەیان نارد بۆ چاکردن و پەیوەندیەکانیان درووستکردەوە.

شێخ عەزیز پێیوتن بۆ نیوەڕۆ چیئەخۆن، حەمە ڕەش بە شێخ کەریمی ووت شەرم مەکە ماڵی خۆمانە، شێخ کەریم ووتی حەزم لە کەباب و گۆشت و ترشیاتە، شێخ عەزیز چوە بازاڕی چەمچەماڵ سینیەک کەباب و گۆشتی بۆهێنان، هەر چەند پاروویەکیان خوارد شێخ ڕەشید باوکی شەهید وریا دەستی بە لاشیپانی دەرگای ماڵی شێخ عەزیزەوە گرت ووتی ماڵتان بە قوڕ نەگیرێ چیدەکەن لێرە، خەبەریان لێداون، هێزێکی گەورە لە مقەڕ لیوای چەمچەماڵ کۆکراوەتەوە.

حەمە ڕەش و شێخ کەریم وەڵامیان نارد بۆ شێخ معتصم ی موستەشار لە چەمچەماڵ نەبوو، فەوجەکەیان ڕۆیشتبووە قەڕناقاو پشت ئاشان، وەڵامیان بۆ کەریم نارد لەوێ نەبوو، ناردیان بە شوێن (حەسەن حەمە خان) دا، حەسەن هات بۆ لایان، ناردیانە دائیرەی ئەمنی چەمچەماڵ زانیاری وەرگرێت تا بزانێ ئەم هێزە کۆکراوەتەوە بۆچی و بۆ کێیە.

نیوو کاتژمێری پێنەچوو حەسەن حەمە خان هاتەوە وتی خەبەرتان لێدراوە بەڵام ئەو هێزەی کۆکراوەتەوە بۆ گۆپاڵەو باینجان دەچن دەرچوونیان هەیە، خەبەریان لێداون بەڵام نازانن لە بازیانن یان لە تەکیەو چەمچەماڵ و شۆڕش.

شێخ عەزیزیان نارده چەمچەماڵ پێداویستیەکانیان بۆ بکڕێ، دواتر حەسەن حەمە خان بۆیان بگوازێتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان.

دنیا بەرەو تاریکی دەچوو، هێندەی نەمابوو خۆر بنیشێ، ناردیان ئۆتۆمبێلێک هاتە بەردەم ماڵی شێخ عەزیز، حەمە ڕەش و شێخ کەریم سەرکەوتن و دەرچوون چوونە تەکیە ڕێکخراوی سلێمانی جیهازەکەی بۆ چاک کردبوون لە گەڵ خۆیان بردیان، دوای نیوو کاتژمێر لە دەرچوونی ئەوان قوات خاصە دابوویان بە سەر ماڵی شێخ عەزیزدا.

مەهاباد خوشکی شێخ عەزیز، پێداویستی و کەلوپەلی پێشمەرگەکانی فڕێدابووە ناو بیری حەوشەکەیانەوە، تا قوات خاصەکان نەیبینن و نەزانن  حەمە ڕەش لەوێ بووە، هەر ئەو ڕۆژە سەرجەم خێزانەکەی شێخ عەزیز دەستگیر کرابوون.

مەفرەزەی حەمە ڕەش لە ئاژداخ بوو، مەفرەزەی شێخ کەریم لە زەنور، هەر دوو مەفرەزەکە لە ئاژداخ یەکیان گرتبوو، تا شێخ کەریم و حەمە ڕەش دەگەڕێنەوە.

شێخ کەریم و حەمە ڕەش گەڕانەوە هاتنە هەڕاوە، بەفرێکی زۆر دەباری کرێوەو سەرمایەکی بێئامان بوو دوژمن کێوماڵی ناوچەکەی کردبوو بەشێک لە ناوچەکەی سوتاندبوو، ماڵێک لە هەڕاوە خانوویەکیان هەبوو، ژێر زەمینەکەی مابوو، چوونە ژێر زەمینەکەوە ناچار تا بەیانی مانەوە، بۆ دەمەو بەیان ئاگریان کردەوە، تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە لەوێ مانەوە ئێوارە لە باسەڕەوە پەڕینەوە بۆ شاحەسەن، بەفرێکی سەخت دەباری نەیانتوانی بگەنە شاخی زەنور دووبارە ئاگریان کردەوە، چوار بەرمیلیان دۆزیەوە دەرگایەکیان لە سەر چوار بەرمیلەکە دانا، چیلکە و داریان کۆکردەوەو بەرمیلەکانیان گڕدا، لەشیان تەڕ بوو لە ئاوی دێلێژەو دەربەند باسەڕەیان دابوو لە بەر تەوژمی ئاگرەکە لەوێ مانەوە، کە دنیا تاریکی پۆشی بەڕێکەوتن بۆ زەنور، ئەو شەوە لەوێ مانەوە، بۆ بەیانی چوونەوە ئاژداخ بۆ لای

پێشمەرگەکان، جیهازەکە کەوتەوە کارو پەیوەندیەکان دەستیپێکردەوە تا هاوینی ساڵی ١٩٨٩ لەو شوێنانە مانەوە.

ساڵی ١٩٨٩ خواردن کەمیکرد، پەیوەندیان بە ڕێکخراوی سلێمانی کرد خۆراکیان بۆ پەیدا بکەن.

حەمەی وەلی پیاوێکی نیشتمان پەروەر بوو، دەواجنێکی هەبوو لە باوەنور، ڕێکخراو پێداویستیەکانیان دەهێنایە دەواجنەکەی کاکە حەمەی وەلی، لەوێ دایان دەنا، دواتر دەگوازرایەوە بۆ مەفرەزەکانی گەرمیان.

دەواجنێکیش لە ناوچەی کارێز و کنگربان هەبوو،ماڵێکیان لە دەواجنەکە دانابوو دۆستی یەکێتی بوون، دەواجنەکەش یەکێتی بەکاری دەهێنا چییان بویستایە لەوێ وەریاندەگرت، بە وڵاخ دەیانهێنایە خۆرنەوازان، لەوێشەوە دابەش دەکرا بە سەر مەفرەزەکاندا.

لە ماوەی ساڵێک و شەش مانگ مانەوە لە هەردەو هەڵەتی گەرمیان مەفرەزەکە توشی برسێتی و نارەحەتی زۆر بوون.

مەفرەزەکەی شێخ کەریم و سەید جەوهەر بۆ ماوەی (٧) مانگ گۆشتیان نەخواردبوو، تا ڕێکخراوی سلێمانی (١٠) گیسکی نارد بۆ مەفرەزەکان.

لە ماڵی مەلا ڕەحیمی مەلا ڕەشیدی سەرقەڵا دایاننابوو لەوێشەوە بۆ مەفرەزەکانیان نارد، هەواڵ گەیشت مەحمود سەنگاوی دێتە خوارەوە دەیانگۆڕێت.

حەمە ڕەش شێخ کەریم و هونەری ناردە سەر شاخی سەگرمە تا بە جیهاز لە گەڵ کاک مەحمود قسە بکەن سێ ڕۆژ بە سەگرمەوە بوون، بەڵام جیهازەکەی کاک مەحمود نەکرابووەوە. کە جیهازەکەی کاک مەحمود کەوتە کارو هاتە خەت بە شێخ کەریمی ڕاگەیاند لە بناری شارەزوورین و بەرەو لای ئێوە دێین، ئەوان گەیشتن و شێخ کەریم و سەید جەوهەر گەڕانەوە بۆ ئێران.

مەفرەزەکەی شێخ کەریم و سەید جەوهەر گەڕانەوەو گەرمیانیان بەجێهێشت، لە گەڕانەوە هاتنە تانجەرۆ، بە سەر شوتیدا کەوتن لەو دەم چەمی تانجەرۆیە، دەستیان کرد بە شوتی خواردن، لە تانجەڕۆش بەرەو خەراجیان ڕۆیشتن لەوێش

بە سەر کاڵەکە دێمیدا کەوتن کۆڵەکانیان پڕ کرد لە کاڵەک، لە خەراجیانیش تێپەڕ بوون بەرەو پوشێن، لە پوشێن توشی هەندێ دێراوی تەماتەو بامیە هاتن، تەماتەیان لێکردەوەو بامیەکانیان چنی.

دارتوویەک لە ناو دێیەکەدا هەبوو، لە ناو قەدی دارتووەکە برنج و ڕۆنی تیا بوو، لە ناو دێیەکەدا گەڕان ساجێکی ژەنگاویان دۆزیەوە برنجەکەیان لە ناو ساجەکەدا لێنا، تەنەکەیەکیان دۆزیەوە شلەکەشیان لە ناو تەنەکەکەدا لێنا، کەوچک و پێخۆرو قاپیان پێنەبوو برنجەکەیان بە دەست دەخواردو شلەی بامیەکەشیان کردبووە ناو پەرداخەوەو بەو جۆرە دەیانخوارد.

چاوەڕێی مەفرەزەکەی حەمە چاو جوان بوون بەڵام دیار نەبوون، شێخ کەریم و حەمە سیاسی جیهازەکەیان بردوو چوونە بەرزییەک جیهاز بکەن، بە دووربین تەماشای ناوچەکەیان دەکرد دوو چەکدار بەرەو لای ئەوان هاتن، فازیل شیرەمەڕی و مام ڕەئوف بوون ئەوانیش دوو ڕۆژ بوو لە ناوچەکە بوون بەڵام لە چالاییدابوون جیهاز کارینەدەکرد، مەفرەزەکەی حەمە چاو جوان هاتنە پوشێن تا ئێوارە لە گەڵ مەفرەزەکەی سەید جەوهەرو شێخ کەریم مانەوە.

فازیل شیرەمەڕی و مام ڕەئوف چاو ساغی مەفرەزەکەی حەمە چاو جوان بوون، کە ئێوارە داهات مەفرەزەکەی حەمە چاو جوان بەرەو گەرمیان داگەڕان مەفرەزەکەی شێخ کەریم و سەید جەوهەریش بەرەو ئێران گەڕانەوە.

لە ڕێگا لوغمێکی زۆر چێنرا بوو، وشیار بیاوڵەیی لوغمەکانی بۆ هەڵگرتنەوە، بەدەم ڕێگاوە گەیشتنە تەنکە بوار لە پشتی بلەکێ و چەمپاراو، گەیشتنە سەر چەمەکە و ڕۆژهـەڵات، هەر لەوێش ڕاوە ماسییەکیانکرد، بەرزانی حەمەی مینە ئۆتۆمبێلی بۆ هێنان و چوونە مەڵبەندی دوو.

## مـــەفرەزەی گـــەرمیان- چـــەمچەماڵ- قـــادرکەرەم
## مـــەفرەزەی ســـەید جـــەوهەر
## چـــــوار

تیپی (٥١)ی گەرمیان یەکێک لە تیپە چەلەنگ و چالاکەکانی (ی ن ک) بوو لە سنووری گەرمیاندا.

بناری سەنگاوو ئاژداخ تا خورماتوو- کفری- قادرکەرەم- سنووری جوڵەو چالاکی تیپی (٥١)ی گەرمیان بوو، تیپە قارەمانەکەی گەرمیان لە بەرەو دەمی ئەنفالدا لە شەش کەرتی قارەمان پێکهاتبوو.

فەرماندە کەرتەکانی پێکهاتبوو لە سەید جەوهەر- عوسمانی حاجی مەحمود، مامجەلال مەسۆیی، سەلام شوشە، عومەر (عومەرە کەڕ)، نازم بچکۆل، عادل شکور فەرماندەی تیپ و شێخ کەریم جێگری بوو.

لە هەر ناوچەیەکی کوردستان پێویستی بکردایە تیپی (٥١) لەوێ بوون، هەر داستان و نەبەردییەک ئەوانی بویستایە ئەوان هەڵۆی هەڵمەتی ئەوێ بوون.

ئەو دەمەی سوپای ڕەوە کوللەی بەعس لە شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالی یەکدا ڕوویکردە دۆڵی جافەتی، سەرگەڵوو، بەرگەڵوو تیپی (٥١) ی گەرمیان بۆ بەرگری لەو ناوچانە، لە سەنگەرەکانی قزلەر- مێوڵاکە، کونە کۆتر، چۆخماخ بەرگری دلێرانەیانکرد دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە لە ئەنفالی یەکدا چوونە شاناخسێ، لەوێشەوە بەرەو شاری سەردەشت، لەوێشەوە هەنگاو هەنگاو گەڕانەوە ناوچەی گەرمیان.

لە گەڕانەوەدا کە ٢٢ ڕۆژی خایاند لە دۆڵی قاسمەڕەش هاتنە وەرتێ، لەوێشەوە بۆ نێوان کۆیە هەولێر لە (زێ) پەڕینەوەو هاتنە ناو شوان، لەوێشەوە بۆ ناوچەی جەباری (قەرەحەسەن) دوا وێستگەش گەیشتنەوە دێی گۆبان عەرەب لە گەرمیان.

ئەنفالی بەدناوی «سێ« لە ناوچەی گەرمیان لە ڕووبەرێکی بەرفراواندا دەستپێکردبوو، هێزەکەی تیپی (٥١) ی گەرمیان کە لە شەڕی بەرگری لە سەرکردایەتی گەڕابوونەوە لە گەرمیان ڕووبەڕووی لەشکری زۆرو بۆری داگیرکەر بوونەوە، شەڕی گەورەو دەستەو یەخەیان لە گەڵ هێزەکانی داگیرکەردا

کرد، بە سەدان دەبابەو ناقیلە، بە هەزاران جاش و سوپای داگیرکەر، بە دەیان کۆپتەری جەنگی بەردەوام بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا، بە سەر هەردەو هەڵەتی گەرمیاندا باڵەفڕەیان بوو گڕو دووکەڵ و بارووت و کیمیاییان دەباراند بە سەر خەڵکی ستەمدیدەی گەرمیان و هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا.

شاڵاوی بەربەریانەی ئەنفالی «٣» بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت، دانیشتوانی دێیەکانی گەرمیان بەشی هەرە زۆریان ڕاپێچی چاڵەکانی مەرگکران، دووکەڵی دێهاتی سووتاوو ڕەزو باخی گڕ گرتوو لە سەر ئاسمانی گەرمیان پێچی دەخواردوو هێمای دڕندەیی بەعسی دەنەخشاند.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان پەرتەوازە بوون، هەر کەرت و مەفرەزەیەک کەوتە ناوچەیەکەوە، بەڵام ورەیان بەرنەداو لە قوڵایی گەرمیاندا مانەوە، خۆیان لە شێوەی مەفرەزەی پارتیزانی ڕێکخستوو هەردەو هەڵەتی گەرمیانیان کردە مەیدانی پارتیزانی.

سەید جەوهەر لە گەڵ بیست و دوو (٢٢) پێشمەرگەدا کەوتنە سنووری قادرکەرەم، ماندوو هیلاک و برسی بوون، چەند ڕۆژێک بە برسێتی بە ناوچەکەدا گەڕان، لە نێوان تەکیە کۆن و ڕەمگان لە ژێر کەلوەزێکدا خواردنێکی زۆر بەجێمابوو، ئاردو برنج و شەکر، پێدەچوو خواردنی قاچاخی کاروانچیەکان بووبێ، نەیانتوانیبێ بیگوازنەوە، چوونە سەر شوێنی خواردنەکەو دەستیان کرد بە ناو ساجی کردن دوای چەند ڕۆژ لە برسێتی توانیان وزەیان بۆ بگەڕێتەوە.

ئاسۆ پێشمەرگەی مەفرەزەکەی سەید جەوهەر ئێشکگر بوو، بە خێرایی هاتە لای سەید جەوهەرو پێیووت دوو زەلام لە دوورەوە دیارن، سەید جەوهەر، ئاسۆو جەلال و مستەفای سەعید شورتەی نارد چاودێرییان بکەن، بەڵام تەقەیان لێمەکەن، هەوڵبدەن بیانگرن، تا هەواڵی ناوچەکە بزانن، چونکە بێ هەواڵبوون لە ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو، ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان وەرنەدەگیرا، تەنها ڕادیۆی عێراق وەریدەگرت ئەویش هەر سرودوو شایی و لۆغانی سەرکەوتنیان پەخشدەکرد.

دوای نیوو کاتژمێر پێشمەرگەکان گەڕانەوە (شێخ کەریم و نازم کەرکوکی)

یان لە گەڵ بوو، زۆر خۆشحاڵبوون بە بینینەوەی سەید جەوهەرو هاوڕێکانی، شێخ کەریم ماڵومناڵی لە بن کەلوەزەکانی سپێ سەرو بەکرە کەڕ مابوونەوە، بۆ ئێوارەش هێزەکە دەعوەتی شێخ کەریم بوون و گوێرەکەیەکی گلدابووەوەو بۆی سەربڕین ئێوارە گۆشت و قاورمەیان خوارد.

دوای نان خواردن و پشوودان شێخ کەریم و سەید جەوهەر تەگبیری مانەوەیان لە ناوچەکەو بەرنامەی مانەوەیان دانا بڕیاریاندا ئازوقەو خۆراکی بەجێماوی دێیەکان کۆبکەنەوەو لە شوێنی گونجاو بیشارنەوە.

زۆربەی فەرماندەکانی گەرمیان لە ناوچەکە مابوونەوە عوسمان حاجی مەحمود، حەمە ڕەش، سەید جەوهەر، شێخ کەریم، مەلا ئەحمەد گەرمیانی.

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/١٣ فەرماندەکانی گەرمیان لە دێی (قەوالێ) کۆبوونەوە، گفتوگۆو ڕاوێژیان سەبارەت بە مانەوەو ئەرکەکانی داهاتوو کردوو مەفرەزەکانیان بە سەر ناوچەکەدا دابەشکرد، حەمە ڕەش وەکوسەرپەرشتیاری مەفرەزەکان دەستنیشانکرا، پەیوەندیان بە سەرکردایەتیەوە کردوو جیهازی ڕاکاڵ و (ۆکی تۆکی) یان بۆ ناردن.

دوای کۆبوونەوەی (قەوالێ) و دابەشکردنی مەفرەزەکان سەید جەوهەر و مەفرەزەکەی گەڕانەوە ناوچەکەی خۆیان و دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی ئازوقەو حەشاردان و شاردنەوەیان لە بن کەلوەزەکانی ناوچەکەو لە تەنکی و بەرمیلدا، گوێ درێژیکیشیان پەیداکرد تا ئازوقەو خواردنەکانی پێبگوازنەوە.

هێشتا حکومەتی عێراق سەرقاڵی شاڵاوەکانی ئەنفالی ٤،٥،٦،٧ بوو، مەفرەزەکانی گەرمیان هەرچی ئازوقەو خواردەمەنی بەجێماوی ناوچەکە بوو کۆیان کردەوەو لە ناوچەکە قایمیانکرد.

مەفرەزەکەی سەید جەوهەر (٢٢) کەس بوون، چەند کەسێکیان هێزی پشتگیری بوون گەڕانەوە ناوچەکانیان پێنج پێشمەرگەش تەسلیم بوونەوە، مانەوە (١٣) پێشمەرگە.

سنووری مانەوەی مەفرەزەکەی سەید جەوهەر، بناری گل، ناوداوێ، ناوزەنگنە بوو، چەند شوێنێکیان هەبوو بۆ مانەوەو حەوانەوە تیایدا، لە (دوراجی) دوو شوێنیان

هەبوو، لە (کانی باقی- گەرمک) دوو شوێنیان هەبوو لە هەر شوێنێکیش لەمانە لە هەفتەیەک زیاتر نەدەمانەوە، لە هەر شوێنەش خواردنی پێویستیان دانابوو.

## کـــــوشتنی گـــــوێدرێژ

پێشمەرگە پارتیزانەکان سوودی گەورەیان لە گوێدرێژ دەبینی بۆ گواستنەوەی کەلوو پەل و پێداویستیەکانیان جاش و سوپای عێراق دەهاتنە ناوچەکە بۆ کێومالْ، گوێدرێژەکانیان دەکوشت، ئەو گوێدرێژانەی جاش دەستی نەیاندەگەیشتێ کۆپتەر دەیکوشتن، کوشتنی گوێدرێژەکان بۆ ئەوە بوو پێشمەرگە سوودیان لێنەبینێ، هەر بۆیە پێشمەرگە لە هەر ناوچەیەک بوونایە دەبوایە شوێن بۆ شاردنەوەی گوێدرێژەکان پەیدا بکەن، تا نەکەونە بەر دەسترێژی جاش و کۆپتەر.

## عـــافوات، لـــــێبووردن
## 1988/9/6

مـەفرەزەکـەی سـەید جـەوهـەر چووبوونە سنووری داوێ، بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک لە شاخی قاجر بوون.

ئازاد عەبدوڵلا ڕادیۆی کردبووەوەو گوێ قوڵاغ بوو بۆ دوا هەواڵ و زانیاری، کاتێک ڕادیۆی عێراق هەواڵی لێبووردنی گشتی خوێندەوە ئازاد چووە لای سەید جەوهەرو هەواڵەکەی گەیاند.

سەید جەوهەر کۆبوونەوەی بە مەفرەزەکەی کرد، باسی لێبووردنی گشتی حکومەتی عێراقی بۆ کردن و پێیووتن، هەر کەس دەڕواتـەوە ئازادە، ئێمە هەر حسابی پێشمەرگەی بۆ دەکەین دۆخی ئێمە سەختە بۆیە هەر کەس بەرگەی مانەوە ناگرێت، ئازادە لـەوەی چیدەکات، ئێمە شەهیدبوونمان هەڵبژاردووە هەر کەس پێیدەکرێت بمێنێتەوە، هەر کەسیش پێیناکرێ ڕێگەی لێناگرین، دوای کۆبوونەوەکە (٥) پێشمەرگە تەسلیم بوونەوەو مانەوە (٨) پێشمەرگە.

(٨)پێشمەرگەکە دەستیان خستە سەر دەستی یەکتر بەڵێنیان بە خوێنی شەهیداندا خیانەت نەکەن ئەوەی پێیاندەکرێت لە پێناو خاک و وولاتدا درێغی نەکەن.

مەفرەزەکە

١- جەوهەر لەتیف محەمەد (سەید جەوهەر)

٢- محەمەد کەریم محەمەد (حەمە چەوری)

٣- جەمال موحسین جەعفەر (جەمال وارانی)

٤- نادر مەجید جوامێر

٥- موحسین مەدحەت (موحسین لەکی)

٦- ئازاد عەبدوڵڵا بەرغەش (مامۆستا ئازاد)

٧- تاهیر عەبدولقادر (ئاسۆ کەرکوکی)

٨- جەلال جەبار ساڵح

هەشت پێشمەرگە، هەشت بڕواو بیروباوەڕی کەڵەگەت، مانەوە، بۆ دوژمن هەشت کێوی ئاگرین، هەشت خەنجەری هەڵکێشراو بوون.

دوای تـەواو بوونی مـاوەی لێبووردنە گشتیەکەی ڕژێم کە مانگێک بوو، بڕیاریاندا لە شەوی ٥-١٩٨٨/١٠/٦ چالاکییەک ئەنجامبدەن تا پەیامێک بگەیەننە داگیرکەر کە پێشمەرگە هەر زیندووەو شۆڕش بەردەوامە و کۆڵدان مەحاڵە.

مەفرەزەکە چوونە دەورووبەری خورماتوو، بوونە دوو بەش:

مەفرەزەی یەکەم کە پێکهاتبوون لە سەید جەوهەر، حەمە چەوری، نادر و جەلال لە ڕەبییەی تەنکی ئاوەکەی سەروی خورماتوویاندا.

مەفرەزەی دووەم کە پێکهاتبوون لە ئاسۆ، جەمال وارانی، موحسین لەکی، ئازاد، لە ڕەبیەکەی (خوێ) کەیاندا.

لە هەر دوو قۆڵەکەوە زەرەرو زیانی گیانی و مادییان بە دوژمن گەیاند، مەبەست لەو دوو چالاکییە گەیاندنی پەیامی بەردەوامی شۆڕش بوو بە دوژمن.

ڕۆژی ١٩٨٨/١٠/٦ هاتنەوە نێوان دووڕاجی و غەرەو پەڵکانە، دوژمن هاروو پەشۆکا بوو، دەستیکرد بە کێماڵکردنی ناوچەکە، لە خورماتوو هەتا ناوزەنگنە، هەر هێزی داگیرکەر بوو دەجووڵا.

کۆپتەرەکانی ڕژێم بەردەوام دەهاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکەو هێندە دادەنەوین

بۆ زەوی درەختەکانیان بە هەوای پەروانەکانیان ڕادەژەند.

ڕۆژی ١٩٨٨/١٠/٧ مامۆستا ئـازادو ئاسۆو جـەلال ڕووخسەتیان لە سەید جەوهەر وەرگرتوو چوونە ناوچەکانی کفری تا هەواڵی کەسووکارو خەڵکی ناوچەکە بزانن تەگبیریان کرد لە خۆرنەوازان یەکبگرنەوە، ئەگەر نەیانتوانی لەوێ بمێننەوە، دارتوویەک هەیە لە سەر ڕێگای خۆرنەوازان کۆشک، نامەیەک بکەنە ناو دارتوەکەوەو پێیانبڵێن بۆ کوێ دەچن، بڕیار بوو لە ١٠ تا ١٢ی مانگ چاوەڕێی یەکتر بکەن.

سەید جەوهەرو هاوڕێکانی چوونە خۆرنەوازان چاوەڕێیان کرد کەس دیار نەبوو.

سەید جەوهـەر جیهازی کرد بۆ مـەفرەزەکـەی عوسمانی حاجی مەحمود، ئەحمەدی حاجی ڕەشید وەلامیدایەوە، سەید جەوهەر کە هەواڵی ئاسۆو ئازادو جەلالی لێپرسی، ئەحمەدی حاجی ڕەشید وتی نەهاتوونە لای ئێمە، بەلام ڕۆژی ١٠ی مانگ لە نێوان بەلەکە و قۆریچا کۆپتەر بۆردومانی ناوچەکەی کردووە، ڕەنگە لەوانیدابێ دواتر هەواڵیان پێگەیشت ئاسۆو ئازاد و جەلال بە دەستڕێژی کۆپتەر شەهید بوون، کۆپتەر دانەویوەتە سەریان، تەرمەکانی هەڵگرتوونەتەوەو بردوویانن بۆ خۆرماتوو.

دوای شەهید بوونی ئەو سێ پێشمەرگەیە مەفرەزەکەی سەید جەوهەر مانەوە (٥) کەس، جاش و جەیش بەردەوام لە دەرچووندا بوون بۆ ناوچەکە، کۆپتەر بە سەر ئاسمانی گەرمیاندا باڵە فڕەی بوو، کات هەبوو ٧٢ کاتژمێر لە ناوچەی سەنگاو تا خورماتوو دەمانەوە.

ساڵ درەنگ بوو، زستان بەڕێوە بوو، چوونە ساڵی ١٩٨٩ و ماڵاواییان لە ساڵی ١٩٨٨ کرد، ساڵی نەهامەتی و ژەهرو کیمیایی بۆ خەڵکی کوردستان.

زۆر جار مەفرەزەکەی سەید جەوهەرو شێخ کەریم یەکیاندەگرت کە لە سنووری زەنگنەو بناری گل بوون، عەبدوڵلا قەیتولی لە مەفرەزەکەی شێخ کەریم هاتە لای سەید جەوهەرو بوون بە ٦ کەس.

لەگەڵ هاتنی وەرزی زستاندا سنگی زەوییان دڕی و چەند ژووریکیان بە چینکۆ دروستکرد، گیایان لە سەر ژوورەکە دەڕواند تا ئاسەواری دیار نەبێ، دەرگایەکی بچووکیان لە دەمەکەیدا دروستکردبوو، بنچکی گەورەیان دەبڕی، کە دەچوونە ژوورەوە بنچکەکەیان ڕادەکێشا بۆ بەردەمی کونەکە، ئازووقەو خواردنەکانیان خستبووە ناو تەنکی و دایانپۆشی، لەم شوێنانە ژوورو جێگەیان دروستکرد:

١- لە نێوان دووڕاجی و پەلکانە
٢- کانی باقی
٣- لە کوڕە سێپا لە زەنگنە

## بـــــرووسکەی مـــــامجەلال
## 1989/3/5

سەید جەوهەر چوو بووە سەرگردێک جیهاز بکات، بانگی حەمە چەوری کرد وتی قەڵەم و کاغەز بێنەو وەرە برووسکەی مامجەلال هەیە، حەمە چەوری برووسکەکەی نووسی:

**لە مـــــامجەلالەوە بۆ پێشمەرگە پارتـــــیزانەکان**

ئێوە ئاشبەتاڵتان بە ئاشبەتاڵ کرد، ئێوە دووبارە کوردتان زیندوو کردەوە، توانیتان درێژە بە شۆڕش و خەبات بدەن، تەعبیر لە گەورەیی ئێوە ناکرێت، هیچ زمانێک ناتوانێ وەسفی ئێوە بکات.

ئێمە هەموو جارێ وتومانە شۆڕش ماسییە و میللەت دەریایە ئەگەر لە دەریا دەریبکەیت دەخنکێ، بەڵام لە مێژووی شۆڕشەکانی دنیادا یەکەم جارە هێزێک بتوانێ دوور لە خەڵک بژی یان ماسی بێ ئاو بژی، لە پاشەڕۆژدا ئەگەر کورد سەرکەوت هەقە پەیکەری ئاڵتونتان بۆ درووست بکرێت.

## چـــــالاکی نـــــەورۆزی 1989

بڕیار بوو لە ١٩٨٩/٣/١٦ لە یادی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا چالاکییەک بکەن بەڵام نەکرا، بۆیە ١٩٨٩/٣/٢١ لە خورماتوو چالاکیەکیان ئەنجامدا.

ڕەبییەی ئیمام عەلی ڕەبییەیەکی دیار بوو لە ناوچەکە، پێشمەرگەکان لە کەلی هەنجیرە و شاخی ئیمام عەلی سەیری هەنجیرەیان دەکرد، خەڵکی خورماتوو ئاگریان کردبوەوە جاشەکان دەگەڕان و نەیاندەهێشت، ئاگرەکانیان پێدەکوژاندنەوە.

سەید جەوهەر چوار RBG لە سەر یەک نا بە ڕەبیەی (ئیمام عەلی) یەوە، پێشمەرگەکانیتر جاشەکانی خوار ڕەبیەی (ئیمام عەلی) یان دایە بەر دەستڕێژ نزیک بە نیوو کاتژمێر شەڕ بەردەوام بوو، دوای لێدانی ڕەبییەکە گەڕانەوە دوڕاجی.

مەفرەزەکەی سەید جەوهەرو شێخ کەریم تا مانگی (٧)ی ١٩٨٩ لە گەرمیان، قادرکەرەم- بناری گل مانەوە، لە گەڵ مەفرەزەکەی شێخ کەریم یەکیانگرتەوە کولیچەیان درووستکرد بۆ ڕێگا، دوای ساڵ و نیوێک مانەوە لە گەرمیان گەڕانەوە سەرکردایەتی، مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی مەحمود سەنگاوی هاتە ناوچەکە.

## مـــــەفرەزەی دووەم (ســـەید جـــــەوهەر)
## 1990

دوای گەڕانەوە سەرکردایەتی و پشوویەک کە ماوەی ساڵێکی خایاند، بۆ جاری دووەم مەفرەزەی سەید جەوهەر گەڕایەوە سنووری چەمچەماڵ.

مانگی (١) ی ١٩٩٠ کاک نەوشیروان کۆبوونەوەی بە پێشمەرگەکانکرد، سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان و ئەگەرەکانی داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوەو مانەوەو گەڕانەوەی پارتیزانەکان قسەی بۆ کردن.

مانگی (٦)ی ١٩٩٠ سەید جەوهەر بانکرایە سەرکردایەتی و داوایانلێکرد جارێکیتر بگەڕێتەوە خوارەوە بەڵام بۆ سنووری چەمچەماڵ- کەرکوک.

مانگی (٧)ی ١٩٩٠ سەید جەوهەرو مەفرەزەیەک دابەزینە سنووری چەمچەماڵ- کەرکوک. مەفرەزەکە

١- سەید جەوهەر
٢- جەمال وارانی
٣- حەمە چەوری
٤- غائیب حسێن

٥- دکتۆر ئاتێلا
٦- جەمیل شێخ لەنگەری
٧- ئەنوەر
٨- بەرزان
٩- یاسینە بچکۆل

مەفرەزەکە هاتنە گەرمیان، سەردانی عوسمانی حاجی مەحمودیان کرد ئازوقەو پێداویستیان لێوەرگرت.

ڕۆژی ١٩٩٠/٨/٣ چوونە ناوچەی قادرکەرەم، لە لەک و بنەکە لە ناو کەلوەزێکدا ئازوقەیان شاردەوە، هەندێک خواردنیان بە سەر پێشمەرگەکاندا دابەشکرد، هەر پێشمەرگەیەک (٧) پەرداخ برنجی پێدرا، حەمە چەوری نانی بۆ کردن، هەر پێشمەرگەی (٧) نانی بەرکەوت، تێکڕا (٦٣) نانیان پێبوو، دابەزینە سنووری چەمچەماڵ (١٧) ڕۆژ بەو حەوت نانە بەڕێوەچوون، چوونە نزیک گۆلەمە - شاخی سەڵباتوو دیوی بەکر باجەلان.

## ڕاوە بـــــــەراز

جاش و سوپا دەرچوون بۆ کێومالکردنی ناوچەکە، پێشمەرگە لە نێو قامیشەلان و بێشەلانی سەڵباتوو خۆیان حەشاردابوو، کاتژمێر ١١ بوو جەمیل شێخ لەنگەری بە سەید جەوهەری ووت کۆمەڵێک بەرازم بینی لە ناو قامیشەکان.

تا نیوەڕۆ گوێیان هەڵخست بزانن دەنگی تەقە هەیە لە ناوچەکە، کاتژمێر (١)ی دوانیوەڕۆ بەردێکیان هەڵدایە ناو قامیشەلانەکە یەکانەیەک دەرپەڕی، جەمیل دوو فیشەکی پێوەنا هەردوو دەستی شکاند، سەید جەوهەریش فیشەکێکیدا لە سەری، حەمە چەوری چەقۆی لە ملیداو سەریبڕی و پاکیانکرد.

دکتۆر ئاتێلا لە سەرەوە دانیشتبوو قورئانی دەخوێند ڕوویکرد سەید جەوهەرو وتی، جەوهەر خوا لە قورئاندا دەفەرموێ گۆشتی بەراز حەرامە، سەید جەوهەر وتی ڕاستە حەرامە بەڵام ئێمە خەریکە دەمرین لە برسا چارمان چییە، بمرین لە برسا یان بیخۆین دکتۆر ئاتێلا وتی من ناخۆم، جەمیلیش وتی دکتۆر نەیخوات منیش ناخۆم.

ئاگریان بە قامیش کردەوە، داری وشکی سەر ئیمامێکی نزیک لە خۆیان هێناو گڕیاندا، پشکۆ کەوت، دەستیانکرد بە گۆشت برژاندن، هەتا توانیان گۆشتیان لێداو خواردیان.

دکتۆر ئاتێللا دەهات و دەچوو، برسێتی هەراسانی کردبوو، ڕووی کردە سەید جەوهەرو وتی هەر جێگایەک خۆر بیگرێ، خۆر لێیبدات، حەرام نییە سەید جەوهەر بۆ ئەوەی هانی دکتۆر ئاتیللا بدات گۆشتەکە بخوات وتی سەرپشتی زیاتر خۆر لێیئەدات وەکو قولوقاچی نییە، سەید ئیشارەتی بۆ حەمە چەوری کرد، لە سەر شان تا پشتی بەرازەکە گۆشتی لێکردەوەو بۆی برژاند، هێندە گۆشتی بەرازیان خوارد کەوتن.

## گـــــەڕان بە دوای (نـــــان) دا

سەید جەوهەرو بەرزان و حەمە چەوری برادەرانیان لە شاخی سەڵباتوو بەجێهێشت بەرەو دەورووبەری چەمچەماڵ ووتیان ئەگەر تا سێ شەو نەگەڕاینەوە مانای وایە ئێمە نەماوین، مشوری خۆتان بخۆن.

نزیک چەمچەماڵ چاویان بە چەند ڕانە مەڕێک کەوت ڕانە مەڕێک بە جیا بوو دوور بوو لە ڕانەکانی ترەوە چوونە لای ڕانە تەنیاکە.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو زۆری نەمابوو خۆر بنیشێ، لە ڕانە مەڕەکە نزیک بوونەوە بە پارێز لێی چوونە پێش ڕانە مەڕەکە هەشت سەگی لابوو، هێند بە وریایی ڕۆیشتن نەیانهێشت سەگەکان بوەڕن، لەشوانی ڕانەکە نزیکبوونەوە حەمە چەوری باوەشی پیاکردوو وتی مەترسە، سەید جەوهەرو بەرزان سڵاویان لێکرد، شوانەکە هەر بە دەنگیدا بەرزانی ناسیەوە، باوەشی کرد بە بەرزانداو لە ئامێزی گرت.

دوای دانیشتن و قسەکردن وتیان کێت لە گەڵە، حەمیدی شوان وتی سەلام تەپە دێی و خاڵۆم عیزەدینم لە گەڵە، سەید جەوهەر وتی ئیشیان چییە حەمید وتی جاشی تەحسین شاوەیسن، سەید جەوهەر سەیری بەرزانی کرد، بەرزان وتی ئەمانە خزمی منن جێگەی متمانەن.

حەمیدی شوان چای خستە سەر پشکۆو ئاگرێکی خۆشی کردەوە، شوتییەکی لابوو لەتیکردوو لە گەڵ دەستەیەک نان خستیە بەردەستی پێشمەرگەکان تا توانیان نان و شوتیان خوارد.

هێندەی نەبرد سەلام و عیزەدین بە سواری گوێدرێژێکەوە دەرکەوتن، بەدەم گۆرانی ووتنەوە دەهاتنەوە لای ڕانە مەڕەکە، نزیک بوونەوە و پێشمەرگەکانیان بینی سڵاوێکی ساردیان کرد، لە گوێ درێژەکە دانەبەزین ووتیان خێرە، حەمید وتی دابەزن میوانمان هەیە، حەمید وتی خاڵە دەیانناسی وتیان نەخێر، سەید جەوهەر وتی ئێمە پێشمەرگەین هاتووین بۆ لای ئێوە، وتیان پێشمەرگەی چی، پێشمەرگە نییە، سەید جەوهەر وتی مەترسن، من سەید جەوهەرم، ئەوەش حەمە چەورdیە، ئەویشیان بارزان قایش پاشاییە، کە وتی بەرزان، باوەشیان کرد بە بەرزانداو سەید و حەمە چەوریان لە باوەش گرت.

سەید جەوهەر پێیوتن مەفرەزەیەکین لەم ناوچەیەین خواردنمان لا نییە، دەتوانن هاوکاریمان بکەن، ووتیان ئەوەی پێمانبکرێ بۆتان دەکەین.

سەید جەوهەر وتی ئێوە لە ئێستاوە پێشمەرگەن، مووچەتان بۆ دەبڕینەوە، سەرکردایەتی ٢٥٠٠ دیناری دابوو بە مەفرەزەکە، سەید جەوهەر بە حەمە چەوری وت هەر یەکەیان مووچەی دوو مانگیان پێبدە، هەر مانگی (٥٠) دینار، (١٠٠) دیناریشیان دانێ شەکرو ئاردوو برنجیان بۆ بکڕن مەوعیدیان بۆ دانان بۆ کاتژمێر (٤)ی ئێوارەی ڕۆژی دوایی و شوێنیان بۆ دەستنیشان کردن تا پێداویستیەکانیان بۆ بهێنن.

سەیدو حەمە و بەرزان ڕۆیشتن، هەر چەند متمانە درووستبوو، بەڵام هەر خۆیان پاراست، لە پێچێکدا گەڕانەوە سەر شاخێک بەرانبەر چەمچەماڵ و بە سەر ئەو شوێنەدا دەیڕوانی کە بڕیار بوو سبەی ئێوارە ئازوقەیان بۆ بێنن.

بۆ ڕۆژی دوایی چاوەڕێی سەلام و عیزەدین بوون، بەڵام کاتژمێر (٦) ی ئێوارە دەرکەوتن، خواردنەکانیان لە گوێ درێژێک بارکرد بوو، کوڕێکیان لە گەڵ خۆیان هێنا بوو ناوی ئەحمەد بوو برای حەمە تەپە دێی بوو.

دوای گرتنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە گرانی ڕووی لە بازاڕەکان کردبوو خەڵکی ئازوقەیەکی زۆریان کڕیبوو پەنایان دابوو، بۆیە لە بازاڕی چەمچەماڵدا نەیانتوانیبوو تێکڕای پێداویستیەکان بکڕن، تەنها ٥٠ کیلۆ ئاردوو ٣٠ کیلۆ ساوەرو ١٥ کیلۆ شەکرو چەند پارچە جگەرەیەک و پاکەتێک پسکیت و نەستەلە و پارچەیەک سابوونیان هێنابوو.

بەرزان ڕادیۆیەکی ٩ مەوجی پێبوو تێک چووبوو، بە ئەحمەددا ناردی بۆ چەمچەماڵ چاکی بکاتەوە وێنەیەکی خۆشی دایە ئەحمەد بیداتە دەستی دایکی لە چەمچەماڵ.

ئەحمەد چوو بووە چەمچەماڵ، ڕادیۆکەی لە پشتی تەلەفزیۆنەکە دانابوو، حەمە تەپەدێی برای ئەحمەد ڕادیۆکەی بینیبوو بە ئەحمەدی ووتبوو ئەمەت لە کوێبوو، ئەحمەد ووتبووی دۆزیومەتەوە، حەمە سەیری پشتی ڕادیۆکەی کردبوو، بەرزان لە قایشی پشتەکەی ناوی خۆی نووسیبوو، ئیتر حەمە تەپە دێی ئەحمەدی برای ناچار کردبوو شوێنی بەرزانی پێبڵێ.

سەید جەوهەر و حەمە چەوری و بەرزان، گوێدرێژەکەیان لە گەڵ خۆیاندا برد کە ئازوقەی لێبارکرابوو، لە شاخی سەڵباتوو ڕێگەیان لێشێوا، چوار جار چوونە سەر شاخی سەڵباتوو هاتنە خوار، ماندوو شەکەت بوون، هێزیان لێبڕابوو.

ڕێگەی دێی سوێسکەو جافانیان دۆزیەوە، چوونە سەر بیرێکی ئاو سەدان کرم و حەشەراتی تیا بوو، چوار دەوری حەوزەکە قەوزە گرتبووی، ئاوێکی پیس و چەور بوو، بە ناچاری ئاوەکەیان خواردەوە، بەڵام تووشی ژانە سک و ئازارێکی زۆری کردن، ئاوەکە وەکو تێزاب وابوو، کەچی دوای دەرچوونیان لەوێ تووشی ئاوێکی سازگار بوون.

بڕیار بوو ئەگەر لە سێ شەودا نەگەڕێنەوە لای هاوڕێکانیان ئەوان شوێنی خۆیان بگوازنەوە، بۆیە هەنگاوەکانیان خێراتر کرد، شەوێکی مانگە شەو بوو، چوونە سەر شاخی سەڵباتوو، لەوێوە شۆڕ بوونەوە خوار، پێشمەرگەکان لە بەر تریفەی مانگە شەوی ئەو شەوەدا خەوتبوون لە دەنگی قاچی گوێدرێژەکە بەخەبەر هاتن.

گەیشتنە لای پێشمەرگەکان و حەمە چەوری بسکیت و نەستەلەی بە سەردا دابەشکردن، ئەو شەوە پڕ بوو لە نوکتەو پێکەنین، نەستەلەو پارتیزانی کوجا مەرحەبا.

بۆ بەیانی ئەو شەوە، ساوەرێکی بەلەزەتیان لێناو خواردیان، دوای هەفتەیەک چوونەوە نزیک چەمچەماڵ، سەلام و عیزەدینیان بینی، حەمە تەپە دێی وەڵامی ناردبوو دێم بۆلایان، ئەوانیش وتبوویان بابێت.

بۆ دیدارێکیتر، یاسین و حەمە چەوری و بەرزان چوونەوە نزیک چەمچەماڵ، حەمە تەپە دێیی هاتبوو دوو عەلاگە خورمای لە گەڵ خۆیدا هێنابوو ١٢ کیلۆ بوو، حەمە تەپە دێی بەڵێنیدا چیان بوێت بۆیاندابین دەکات دوای پێنج ڕۆژیتر ئازوقەیەکی زۆریان بۆ دێنێ، حەمە تەپە دێیی ئازوقەیەکی زۆری هێنابوو.

سەید و جەمال و ئەنوەر چوون ئازوقەکەیان هێنایە بناری سەڵباتوو، چەند جارێکیتریش حەمە تەپە دێی ئازوقەی بۆ هێنان، سەید جەوهەر لە مەترسی ئەو هاتوچۆیە ئاگاداری کردەوە ئازوقەو خواردەمەنییەکی زۆر هاتبوو، بۆ زستانی ساڵ لە شوێنی جیاجیا شاردیانەوە.

هەر لە ڕێگەی حەمە تەپە دێیی چەند مەفرەزەیەکی چەکداریان لە ناو چەمچەماڵ دا درووستکرد، ڕەشید موەفەری و شێرزاد خاڵۆ بازیانی لەو مەفرەزانە بوون.

## نــــــوکتەو خــــــورما

نۆ پێشمەرگە دوانزە کیلۆ خورمایان کردە خورماو ڕۆن و خواردیان، سەید جەوهەر بە بەرزانی ووتبوو تێرت خوارد، بەرزان ووتبووی باش بوو، سەید پێیوتن باوەڕتان بێت کەستان تێرتان نەخواردووە.

جەمال وارانی هەڵیدایەو وتی، کاکە جەوهەر من ئێستا ئامادەم تێر خورمام بکەن و ڕەمیم بکەن.

## کـــــێوماڵی نـــــاوچەکە

١٩٩٠/١٠/١٨ مەفرەزەکەی سەید جەوهەر لە چیای سەڵباتوو پشتی دێی گۆران بوون، هێزەکانی داگیرکەر کێومالّی ناوچەکەیان دەستپێکردوو هاتبوونە نزیک ئەو کەڵوەزەی مەفرەزەکەی لێبوو.

کاتژمێر ٤ی بەیانی جەیش و جاشیان بەدیکرد بەڵام لە شوێنی خۆیان نەجووڵان، سەید جەوهەر و پێشمەرگەکان لە نێو کەڵوەزەکەدا مانەوە، دەستیان لە سەر بەلەپیتکەی تفەنگ بوو بۆ هەر پێشهاتێک کە ڕووبدات، بڕیاریاندا شەڕی مان و نەمان بکەن.

هێزەکەی داگیرکەر نەهاتنە شوێنی مەفرەزەکە، بەڵام ئەو خواردەمەنیانەی شاردبوویانەوە هەموویان دۆزیەوەو دەریان هێنا.

دوای کێوماڵکردنی ناوچەکە، پێنج پێشمەرگە لە مەفرەزەکەی سەید جەوهەر گەڕانەوە ئێران، تەنها سەید جەوهەرو حەمە چەوری و بەرزان قایش پاشایی مانەوە.

## شـــانە چـــــەکدارەکان

لە ناو شاری چەمچەماڵ و لە سەر داواو ڕاسپاردەی سەید جەوهەر ژمارەیەک شانەی چەکدار دروستکران، حەمە تەپە دێیی، سیروان دێڕەشەیی، سەلام تەپە دێیی، ڕەشید هەڕێنەیی، ڕەشید موەفەری، شێرزاد خالۆ بازیانی، عومەر موەفەری، واحید و عەباس و دەیانیتر لە لێپرسراوو ئەندامانی شانە چەکدارەکانی ناو چەمچەماڵ بوون.

## چـــالاکی چـــەمچەماڵ

حەمە تەپە دێیی داوای لە سەید جەوهەر کردبوو لە گەڵ شێرزاد خالۆ بازیانی و ڕەشید موەفەری لە ناو چەمچەماڵدا چالاکییەک ئەنجام بدەن.

سەید جەوهەر پێیوتبوو چالاکیمان ناوێت، ئێوە مەفرەزەی چەکدار درووست بکەن و گەشەی پێبدەن و ئێمە بژێنن، جارێ هیچیترمان ناوێت، بەڵام ئەوان هەر سووربوون لە سەر ئەنجامدانی چالاکییەکە.

بەرانبەر پۆلیسی چەمچەماڵ وێنەی صدام حسێن هەڵواسرابوو، نەوت و ڕۆنی ڕەشیانکرد بە وێنەکەی (صدام حسێن) داو تەقەیان لە پۆلیسی چەمچەماڵ کردو ژمارەیەک پۆلیسیان بریندار کرد.

دوای ئەنجامدانی چالاکییەکە، حەمە تەپە دێیی گیرا، شێرزاد خالۆ بازیانی و ڕەشید موەفەری لە ڕێگەی نامەی سەید جەوهەرەوە چوونە سەرکردایەتی بۆ لای کاک نەوشیروان.

مەفرەزەکەی سەید جەوهەر لە نێوان بنەکەو لەک، شوێنێکیان درووستکرد بۆ مانەوە، هەندێک گەنمیان دۆزییەوە کردیانە ساوەر، چەند قەدێک تەماتەشیان لە ناوچەکە دۆزیەوەو لە گەڵ ساوەرەکە دەیانخوارد.

## هــــاتنی ســــەید بابا، جەلال، هــــەژار

سێ چەکدار لە بنەکەوە بەرەو لەک دەهاتن، حەمە چەوری چاودێریدەکردن، ئەوان گەیشتنە بنەکە، حەمە چەوری چەند فیکەیەکی بۆکردن ئاوڕیاندایەوە سەید باباو جەلال و هەژار بوون، ئەوانیش هاتنە لای سەید جەوهەرو مەفرەزەکە بوونەوە شەش کەس.

## نــــامەی مــــەکتەبی ســــیاسی

دوای داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە، سەرکردایەتی (ی ن ک) هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین، نامەی تایبەتیان سەبارەت بە دۆخی ناوچەکە بۆ کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکان و موستەشارو مەفرەزە خاسە و پیاوانی ڕژێم نووسی هەندێک نامەشیان گەیاندە خێڵە عەرەبەکانی نزیک کەرکوک، لە نامەکاندا داوای هاوکاری و هەماهەنگی کرابوو لە گەڵ هێزی پێشمەرگەو سەرکردایەتی ڕاپەڕین و بەرەی کوردستانی.

زۆربەی نامەکانی سنووری چەمچەماڵ لە ڕێگەی سەید جەوهەرو مەفرەزەکەیەوە دەگەیەندرایە لایەنی دەستنیشانکراو.

نامەکان لە ڕێگەی حەمە ڕەشـەوە گەیشتە دەستی سەید جەوهەر ئەوانیش گەیاندیانە شوێنی مەبەست لە نێو ئەو نامانەدا نامەیەکیشیان بۆ تەحسین شاوەیس ناردبوو، لە ڕێگەی جاشەکانی لای خۆیەوە بۆیان فڕێدابووە ژوورەکـەی، کە نامەکەی بینیبوو جاشەکانی کۆکردبوەوە وتبووی کێ ئەم نامەیەی هێناوە هیچی پێنالێم، بەڵام دەمەوێت وەڵامەکەی بۆ بنووسمەوە، ئیتر کەس نەیوێرا بوو بڵێ من هێناومە، ئەوەی گرنگ بوو گەیشتنی پەیامەکەی سەرکردایەتی ڕاپەڕین بوو.

## ڕاپـــــەڕینی چـــەمچەماڵ
## 1991/3/8

بڕیار بوو ڕۆژی ١٩٩١/٣/٩ ڕاپەڕین لە چەمچەماڵ دا بکرێت، ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٨ سەید جەوهەرو بەرزان چووبوونە ناو شاری چەمچەماڵ، کەسێک سەید جەوهەری بینیبوو هاواری لە خەڵک کردبوو پێشمەرگە گەیشتە ناو شار، ئیتر خەڵکی چەمچەماڵ و شانە چەکدارەکانی ناو شار پەلاماری داموو دەزگاکانی ڕژێمیاندا لە ناو شاری چەمچەماڵدا.

خۆر ئاوا بوون حەمە چەوری و سەید بابا و هەژارو جەلال گەیشتنە ناو شاروو چوونە ماڵی ڕەشید هەرێنەیی، ڕۆژی ١٩٩١/٣/٩ بە تەواوی چەمچەماڵ ئازاد کرا، شێخ کەریم و مەفرەزەکەی گەرمیانیش گەیشتنە ناو شاری چەمچەماڵ.

## مـــــــەفرەزەی
## مـــــــەلا ئـــــەحمەد ســـــەید مـــحەمەد
## پـــــــێنج

ئەنفالی «سێ« کۆتاییهات لە گەڵ خۆیدا هەزاران ڕۆحی ڕاپێچی بیابانەکانی مەرگکرد، کەواو سەڵتە و فەقیانەی پیاوە ڕدێن سپیەکانی گەرمیان، ڕەسەنایەتی و مێژووی دێرین، هۆرەو قەتارو ئەڵڵا وەیسی، ژێر چەنە و کولێنجەو لاگیرەو دەسماڵی ژنان، مەشکەو لای لایەو تەدارەکی ماڵ، هەتا گۆڕی باپیرە گەورەکانی گەرمیانیش، مەمەی مناڵ و یادگارییەکانی چاو شارکێ و ماڵە باجێنەش بوون بە ژێر پۆستاڵی ڕەشی داگیرکەرو بە سەر نووکی شمشێری عروبەوە خوێناویان لێدەچۆڕا.

وەکو تێکڕای مەفرەزەکانی دیکە، مەفرەزەکەی مەلا ئەحمەدو سەید محەمەد لە گەرمیان دا مانەوە، سنووری مانەوەو خۆ حەشاردانیان لە ناوچەی بنەی جاف بوو، لە جەوەڵی داری خلە هەتا جەوەڵی سەرکەل و نزیک فەقێ مستەفاو کوردە میرەکان مەفرەزەکە دەجووڵاو بەردەوام لە گەڕاندا بوو، لە شوێنێک نەدەمایەوەو لە شوێنێکیش جیگیر نەدەبوو.

وەکو مەفرەزەکانی تر ئەمانیش سوودیان لە خۆراکی بەجێماوی دێهاتە ئەنفالکراوەکان دەبینی، کۆیان دەکردەوەو لە ناو بەرمیلدا دەیانشاردەوە، قۆناغێکی سەخت و دژوارو سرک بوو، ڕاهاتن لە گەڵ ئەو قۆناغە تازەیەدا کاتی دەویست هەتا لە گەڵیڕادەهاتن، بەڵام هێندەی نەبرد ڕاهاتن و لە گەڵ تەنیایی و شاخ و ئەشکەوت بوونە هاودەم.

ڕووداوەکانی کارەساتی ئەنفال، بە بیرو هزری پێشمەرگەدا گوزەریان دەکردو دەهاتنە پێش چاو زنجیرەیەک ڕووداوی لێک دانەبڕاوو پێکەوە بەستراوبوون، لە تەلی خەیاڵیان دەداو دەدوان.

لە بەهارو هاوینی ساڵی (١٩٨٨) دا ئەو شیوو لاشیوو قەدپاڵ و هەردەو هەڵەتەی گەرمیانیان کردبووە لانەو نوا، بەڵام لە گەڵ هاتنی وەرزی سەرماو سۆڵە دەبوو مشوری خۆیان بخۆن.

سەرەتای پایزی ساڵی ١٩٨٨ دەستیانکرد بە دروستکردنی خانووی زستانە، بە شێوازێکی سەرەتایی و لە شێوەی پەناگەی سەربازیدا.

سەردەم تاڵ و تفت و پڕ گومان بوو، پێشمەرگە بە ژمارە کەم و مەفرەزەکان لە پەنجەی هەر دوو دەست هەندێ جار زیاتر یان کەمتر مابوونەوە، جاش، خۆفرۆش، بەعسی، زۆڵە کورد هێندەی گەڵای دارستانێکی چڕ چڕترو زۆرتر بوون، بۆیە مانەوەو خۆپاراستن نەبوونی و برسیەتی و بێخۆراکی سەخت بوون، لە ژێر پەردەی دڵسۆزی و هاوکاریدا هەندێک کەسی خۆفرۆش زەفەریان لە پێشمەرگە دەبینی و شوێنەکانیان ئاشکرا دەکردن.

لە ژێر پەردەی دڵسۆزی و هاوکاریدا متمانەیان دروستکرد، تا وای لێهات پێشمەرگە بخەنە داوەوەو بێکەس کوژیان بکەن.

ڕۆژێکی سەخت و تۆفان، بەفرو زریان و ڕەهێڵە ئەو شەوانەی خەڵکی لە ناو نوێنی گەرما لە خەوی شیریندا بوون، پێشمەرگە پارتیزانەکان بە خەوی ساردوو سڕی ناو پەناگەو ئەشکەوتەکان ڕازی بوون کەچی خائینان ئەوەشیان پێڕەوا نەدەبینین و لە پێناو مشتێ پارەدا خۆیان دەفرۆشت، بە نیازی دەستگیرکردن و بە زیندوویی گرتنیان ڕەوە کۆپتەرێکی ڕژێم لە بەیانیەکی زوودا هەڵیان کوتایە سەر بنکەی پێشمەرگەکان لە نێوان کانی کەوی باشکەو زاوت لە خۆرئاوای داری خلە.

بەشێک لە مەفرەزەکەی مەلا ئەحمەدو سەید محەمەد لە شەوی ١٩\٢٠/١/١٩٨٩ چوونە سەر جادەی کەلار باوەنوور نزیک تازەدێ، چالاکییەکە سەرینەگرت هاتنەوە بۆ ئەشکەوتی داری خلە، حەڤدە پێشمەرگەی لێبوو، دوو پێشمەرگە میوانیان بوون، لە ژێر ئەشکەوتەکە جێگەیان نەدەبوەوە، چوار پێشمەرگە، موکەڕەم، حیسام، ئەحمەد زەرداوی، نەوزاد، بڕیاریاندا بچنە پەناگەکان بخەون، کە بنکەیەکی خۆحەشاردان بوو، لە ژێر زەوی چەند ژوورێکی بچووکیان تیادروستکردبوو، دوو کاتژمێر لە ئەشکەوتی داری خلەوە دوور بوو.

شەوێک چاو چاوی نەدەبینی، باران بەلێزمە دەباری بۆ ساتێکیش دانەئەسەکنا، شەوێکی تارو ئەنگوستە چاو هەندێک جار لاچوونی گەواڵە هەورە ڕەشەکان و

کردنەوەی دەلاقەیەکی بچووک هەر هێندەی لەپی دەستێک، دەرکەوتنی گۆشەیەکی نیوە ڕووناک و نیوە لێڵی مانگ لەو شەوەدا، لە گەڵ دەنگی پێ و چرپەی گەڵا و خوڕەی باران، وێنەی تابلۆیەکی حەزینی دێنایە بەرچاو، سەمفۆنیایەکی غەمگین بوو، غەمگین وەک باڵندە تەریوەکانی گەرمیان، سەمفۆنیایەک هەر پێشمەرگەکانی ئەو شەوە دەیانبیست و تابلۆیەک هەر ئەوان تانوو پۆیان دەبینی.

چوار پێشمەرگە، مەسافەیان وەرگرتبوو بە نێو شیوو دۆڵی ناوچەکەدا دەڕۆیشتن، لە ناکاو قاچیان لە قتوویەک هەڵەنگوت ئاوی تەماتە و نۆکی تیابوو، پێشمەرگەکان گومانیان لا درووست بوو، ئەم قتووە تەماتەیە چیدەکات لێرە.

بە ناو چەمێکدا تێپەڕین بەرەو شوێن خانووەکان، بە وریایی یەک لە دوای یەک، هەتا لە چرپەی گەڵاو لە خزینی وردە بەردیش دەسڵەمینەوە، شۆڕبوونەوە بۆ ناو چەمەکە و لایتیان لێدا تا بپەڕنەوە، شوێن پێی پۆستاڵ ئەو گوێ چەمەی پیسکردبوو دواتر زانییان سەربازەکانی داگیرکەر چوونە شوێن پەناگەکەیان، مەفرەزەکان دەیانزانی ئەو پەناگانە ئاشکرا بوون بە ناچاری نەبوایە نەدەچوونە ئەوێ.

ئەو گروپە خیانەتکارەی لە ژێر ناوی ڕێکخستندا سەردانی مەفرەزەکانیان دەکرد بە تایبەت (ج) بە پیلانی ئەمنی عامە و بە تایبەت (حاجی عەبد) کەسی نزیکی صدام چاودێری جمووجوڵ و شوێن حەشارگەی پێشمەرگەکانیان دەکرد تا بیانخەنە داوەوەو بە زیندوویی دەستگیریان بکەن، پێشمەرگەکان بە وریایی چوونە نزیک حەشارگەکە، تفەنگەکانیان بە دەستەوە بوو سەیریانکرد لە ناو حەشارگەکەدا ڕووناکی هەیە، لە چوار دەوری حەشارگەکە دابەش بوون، لە ناو سووچێکی حەشارگەکەدا قتوویەکی ڕۆنی ڕاعیان وەکو لولەکێش دانابوو بۆ نەفەس دان، سەرقاپی قتووەکەیان قوڕدابوو، بە شەو قوڕەکەیان لادەبردو بە ڕۆژ قوڕیان دەدایەوە حسام چووە سەر کونی قتوەکە لولەی تفەنگەکەی کردە ناو کونەکەوە تا مەخزەنێک بکات بە ژوورەکەدا، ئەحمەد زەرداوی و موکەڕەم و نەوزاد لە بن ژوورەکە بوون، پێش ئەوەی تەقە بکەن ئەحمەد زەرداوی دەنگیدان و داوایلێکردن تەسلیم بن کە وەڵامیان دایەوە دوو برادەری خۆیان بوون (کەریم و حەیدەر)

ووتیان کە ئێوە هاتوون بۆ ئێرە ئێمەش هاتووین لە ڕێگەیەکی نزیکترەوە کە ئێوە نایزانن، ئێمە لەو ڕێگایەوە هاتووین، باسی شوێن پۆستاڵەکانیان بۆ کەریم و حەیدەر کرد بۆیە بڕیاریاندا بەیانی زوو بڕۆن و ئەو شوێنە جێبهێڵن.

پێش ئـەوەی بخـەون هـەندێ فاسۆلیایان کـردە ئاو خستیانە سـەر تـەباخێکی بچووک کە بە کزی دەهایسا تا بەیانی برنج و فاسۆڵیایەک بخۆن ئەوسا دەرچن.

بوومەلێڵی بەیانی تاریک و ڕوون حیسام هەستا سەر ئاوێک بکاو دەمووچاوێک بشوات لە چەمەکە، ویستی دانیشێ و ورە هات، تەماشایکرد لە کەلی سەرکەلەوە حەوت کۆپتەر بە نزمی هاتن حیسام برادەرانی خەبەر کـردەوە، RBG و سێ گوللەیان لە حەشارگەکەدا هەبوو لە بەر شپرزەیی گوللەکانیان بیرچوو، پێشمەرگەکان ڕایانکرد کۆپتەر گەیشتە سەر سەریان خۆیاندا بە زەویدا، کۆپتەرەکان سووڕانەوە لە کاتی سووڕانەوەی کۆپتەرەکاندا پێشمەرگەکان چەند مەترێکیتر ڕایان کرد تا لە حەشارگەکە دوور بکەونەوە، تۆقێکی ژاڵە لە تەنگێکدا بوو، تەوقێکی ژاڵەی چڕ بوو، هەر چۆنێک بێ خۆیان گەیاندە ئەو تەوقە ژاڵەیە، شوێن تەوقە ژاڵەکە چاڵ بوو، چوونە ناو ژاڵەکانەوەو دامەزران.

لە کۆی (٧) کۆپتەرەکە (٥) کۆپتەریان بارهەڵگر بوون لە سەر بەرزاییەکانی دەورووبەر سەربازیان دابەزاند ئەو ڕۆژە تا ئێوارە کۆپتەر حەڤدە کاروانیان کرد بۆ بەرزاییەکانی شاخی داری خلە و سەرکەل و دێیەکانی کەوە و زاوت و حەمەی عەبدولکەریمە سوورە هەر چوار دەوری پێشمەرگەکانیان گرت.

ڕۆژ بـەرەو نیوەڕۆ هەڵدەکشا، سەربازێک بانگی کرد ئەبوعەلی، بە سەر بەرزاییەکەوە بوو قەناسێکی پێبوو، هەر ژاڵەیەکی بدیایە، فیشەکێ دوو فیشەکی دەکرد بە ناو تۆقە ژاڵەکان و زەبەن و زەلی ئەوێدا.

شەش پێشمەرگە لە ناو تەوقە ژاڵەیەکدابوون، سەربازەکە بە قەناس لە هەموو ژاڵەکانیدا تەنها ئەو تەوقە ژاڵەیە نەبێت کە پێشمەرگەکان خۆیان تیا حەشار دابوو.

کەریم پێشمەرگەیەکی مەفرەزەکە بوو لە ناو چڕی و پڕی ژاڵەکاندا لە بەیانی تا ئێوارە لە سەر ئەژنۆ، بە چیچکانەوە دانیشتبوو، هەر پێشمەرگەیە پشتی لەویتر

بوو، فیشەکیان سوارکرد بوو، لە کۆڵە پشتەکانیاندا نانیان پێبوو بەڵام نەیانتوانی نان بخۆن، چوونکە دەستیان ببردایە بۆ کۆڵە پشتەکانیان ژاڵەکان دەجووڵانەوە، ئەوە جگە لەوەی تەنگاو بوون، تا تاریک داهات نەیانتوانی جووڵە بکەن.

لە کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی بەیانی تا کاتژمێر شەشی ئێوارە، هێزەکانی داگیرکەر بە سەر بەرزاییەکانی ناوچەکەوە بوون، تەقەیان دەکرد دەنگە دەنگ و هات و هاواریان بوو نیوەڕۆ بە بەرچاوی پێشمەرگەکانەوە نانیان خوارد.

سەربازەکان چووبوونە سەر حەشارگەکانی پێشمەرگە بەڵام دەستکاری هیچیان نەکردبوو تا پێشمەرگەکان هەست نەکەن چوونەتە حەشارگەکانیان.

دنیا بەرەو تاریکی دەڕۆیشت، ڕۆژ هەڵکشاو خۆر نیشت، ناوچەکە بەرگی تاریکی پۆشی، پێشمەرگە لە گەمارۆی هێزەکەی داگیرکەر ڕزگاریان بوو، دزەیان کردوو خۆیان دەرباز کرد، بەڵام هێزەکانی داگیرکەر سێ شەوو ڕۆژ لە ناوچەکەدا مانەوە، تراکتۆرێکی جێماوی دێهاتیەکان لە سەر بەرزاییەک جێمابوو بووە نیشانەی دەستڕێژی کۆپتەرەکان، دوای ڕزگاربوونیان لە بۆسەو داوی داگیرکەر گەڕانەوە ئەشکەوتی داری خلە بۆ لای برادەرەکانیان.

بەفرێکی ئەستوور باریبوو، زریان و ڕەشەبا هەڵیکرد بەفر بێئامان بوو لە شاخی خلەوە تا حەمرینی داپۆشی بە جیهاز لە عوسمانی حاجی مەحمودوو سەید جەوهەریان پرسی لە سنووری داوێ و خورماتوو بەفر باریوە، ووتیان بەفر حەمرینی گرتووەو سنووری دیاریکرد، واتە بەفریش سەلماندی تا حەمرین کوردستانە، لە مێژ بوو لە گەرمیان بەفریوانەباریبوو.

هێزەکانی داگیرکەر لە بەرزاییەکانی ناوچەکەدا لە ناو بەفردا تەزیبوون، لە سەرمادا پۆستاڵ و کیسە خەوو بەتانیان سوتاند بوو، دوای گەڕانەوەیان خواردنێکی زۆری لەقتوو نراویان (معلبات) جێهێشتبوو، کە ئەوەش پێشمەرگەکان سوودی زۆریان لێبینی.

بەفری زستانی ئەو ساڵە (١٩٨٩) گەلە گورگیان دەتەزاندو دەبەزاند چجای سەربازێکی عەرەبی دەشتەکی، ئاخر ئەوان لە خەونیشدا بەفرو زریان و تۆفانیان نەبینیبوو.

سەید محەمەدو مەلا ئەحمەدی گەرمیان لێپرسراوی مەفرەزەکە بوون، دوو کەس و دوو هاوڕێ بوون لە یەک ڕۆح و جەستەدا،

**پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە لەم تێکۆشەرە گیان بەخشانە پێکهاتبوو:**

١- ئەحمەد محەمەد حەمە ئەمین، ئەحمەدی حەمە تورکە (مەلا ئەحمەد)

٢- سەید محەمەد سەید محی الدین

٣- دارا قادر سەمین (دارا سوور)

٤- سەلام محەمەد حسێن (سەلام مامە عانە)

٥- نوری قادر ڕەحیم (پۆڵا نارێنی)

٦- ڕەحیم ڕەشید ئەحمەد

٧- حەیدەر حەمید خورشید

٨- حەمید قادر کەریم

٩- حسێن حەمە صالّح کاکە خان (مامۆستا حسێن)

١٠- موکەڕەم ئەحمەد ڕەشید

١١- ئەحمەد سالّح (ئەحمەد زەرداوی)

١٢- حیسام عەلی فەرەج

١٣- نەوزاد کەریم فارس

١٤- حەمە کادر ڕەشید کەریم خاسە

١٥- حەیدەر محەمەد کەریم

١٦- سۆران غازی سالار (حەمە سۆران)

## ســـەید مـــحەمەد دێـــوانەی کـــوردایەتی

سەید محەمەد سەید محەیدین، پیاوێکی تێکۆشەر، کۆڵنەدەر لە ئەنفالدا سامان و شاخەوانی کوڕی، تێکڕا (٥) مندالّ و خێزانەکەی کە دووگیان بوو بێ سەرو شوێنکران.

حکومەت بەرانبەر سەید محەمەد قین لە دلّ بوو، سەید فەلسەفەی خۆی هەبوو بۆ ئەوانەی دەبنە پێشمەرگە، سەید دەیوت هەر کەس هات بۆ پێشمەرگایەتی

یان دەبێ قومبەلەیەک بخاتە ماڵی خائینێکەوە یان سەربازو چەکدارێکی حکومەت بکوژێ و چەکەکەی بهێنێ ئینجا دەیکەمە پێشمەرگە بۆ ئەوەی نەتوانێ تەسلیم بێتەوە.

سەید محەمەد کۆبوونەوەی بە پێشمەرگەکانی مەفرەزەکەی کردبوو ووتبووی ئەگەر ئێوە پشتیوانم بن ئەم حکومەتە دەڕوخێنم، ئەوانیش ووتبوویان ئاخر چۆن دەڕوخێ، سەید ووتبووی پەتی زوڵم و زۆر لە ئەستووری دەپسێ، درێژە بە خەبات دەدەین هەتا ئەم حکومەتە تووشی مەراق دەکەین، ووتیان ئاخر چۆن درێژە بە خەبات بدەین، سەید دەیووت هەتا خواردن هەبوو خواردن دەخۆین، نەبوو گیا دەخۆین بۆق دەخۆین هەر شتێ پەیدا بکەین، ساڵێک خۆمان مات دەکەین لە ئەشکەوتێکدا دەژین، ئێوارەی نەورۆز دەچینە سەر شاخێک ئاگر دەکەینەوە ئەگەر هیچمان دەست نەکەوت کراسە شڕەکەی خۆمان یان قەمسەڵەیەک لە گەڵ هەندێ پوشدا ئاگر تێبەردەدەین، ڕەبییەو مۆڵگەکانی دوژمن دەیبینن، خەفەت دەخۆن دەڵێن ئەم موخەڕیبانە هەر ماون و بە هیچ لە ناو ناچن.

## بـــریندار بوونی ســـــەید مـــــحەمەد

سەید محەمەد بریندار بوو خۆڵی گەرمیانی کردبوو بە برینەکەیەوە، سوێندی خوارد بوو هەر کەسێ شیری پاکبێ بەرانبەر خاک و نەتەوە، بە فیشەکی ئەم بەعسیانە هیچی لێنایەت.

لە سەر جادەی کەلار باوەنوور نزیک ئاوە خوێڕی، دەورووبەری دەواجنەکەی (حەمەی وەلی) جاش خەفیفە کەمینێکیان دانابوو، سەید محەمەد بۆ هێنانی خۆراک بەرەو دەواجنەکەی حەمەی وەلی ڕۆیشتبوو، مامۆستا حسێن و حەمە سۆران و حەمە کادری لە گەڵدابوو، جاشەکان تەقەیان نەکردبوو تا چووبوونە نزیک جسرەکە، کە گەیشتنە نزیک جسرەکە جاشەکان تەقەیان لێکردن، حەمە سۆران هاتبووە دەست و هەژدە فیشەکی تەقاندبوو، لە بۆسەکە دەربازیان بوو کە دوورکەوتبوونەوە ئەوسا زانیبوویان سەید محەمەد بریندارە.

مامۆستا حسێن کارێزی دەیتوانی دەرزی لێبدات و حەب و دەرمان بەکاربهێنێ،

چارەسەری بۆ سەید محەمەد دەکرد.

سەید محەمەد چاوی کز بوو عەینەکەکەی لەو شەڕەدا لێکەوتبوو، سەید نەیدەتوانی بێ عەینەکە «وبییەکەی ڕێ بکات، بۆیە ناچار چووە ناو شارو ئیتر نەگەڕایەوە.

## هـــــەواڵە خــــــەو

کامەرانی مامۆستا هیدایەت پێشمەرگەی مەفرەزەکەی عوسمانی حاجی مەحمود بوو، هاتبوو بۆ سەردانی هاوڕێیانی ئەشکەوتی خلە.

بەیانی کە هەستان لە خەو کامەران وتی خەوێکم بینیوە، خەو هێزی هەواڵی هەبوو لەو سەردەمە، چونکە پێشمەرگە کەسیان نەدەبینی، پێشمەرگەکان لە دەوری کۆبوونەوە وتیان خەوەکەت چیبوو، کامەران وتی ئەمشەو کەوتینە کەمینەوە، سەید محەمەد گیرا بوو، سەید محەمەد وتی ئەم خەوە دەکەینە کۆبوونەوەیەک، سەید ڕوویکردە برادەران و وتی ئەوەی شیری پاکبێ، ئەوەی خائین نەبێ بەرانبەر ئەم نیشتمانە ئەگەر دەستگیر کرا لە جیاتی ئەوەی ناوی دۆست و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بداتە دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت ئەبێ پیاوەکانی حکومەت دەستنیشان بکات بڵێن ئەمانە هاوکارمان بوون، تا لە جێگەی دەستگیرکردنی ڕێکخستنەکانمان، پیاوانی ڕژێم دەستگیر بکرێن، سەید وتی من دەستگیر بکرێم وادەکەم.

## ڕمـــــانی ئەشـــــکەوتی داری خـــــلە

ڕۆژی ١٩٨٩/٢/١٦ (دارا، سەلام، نەوزاد، حیسام) لە شاخی داری خلەوە بەڕێکەوتن بۆ بناری چیای سەگرمە نزیک تەپە گەڕوس و دەواری حاجی شاسوار تا لە ملەی دالان ڕەبیەیەکی حکومەت بگرن.

شەوێکی تووش، بەفرو باران و تۆفان، کرێوە بوو لە بەر سەختی زستان ڕەبییەکە چۆڵی کردبوو گەڕابوونەوە بارەگای فەوج، پێشمەرگەکانیش گەڕانەوە ئەشکەوتی داری خلە، لەوێوە جارێکیتر ناردیانەوە دەواجنەکەی کاکە حەمەی وەلی لە سەر جادەی کەلار باوەنور.

حیسام وتی ئێمە ئێستا گەڕاوینەوە من پێڵاوم نیە ووتیان پێڵاوت دەدەینێ، حیسام وتی سەرەی من نییە ئێوە چەند ڕۆژێکە لێرە پشوو دەدەن، سەید محەمەد وتی لە بەر من برۆ، حیسام بە نابەدڵی ڕۆیشت.

حیسام، نەوزاد، حەمە کادر، مامۆستا حسێن کارێزی ڕۆیشتن بۆ دەواجنەکە، پێداویستیەکانیان وەرگرت ماوەی سێ شەویان پێچوو، خاوەنی دەواجنەکە (٧) مریشکی دانێ وتی لێرە دەیخۆن یان دەیبەن لە گەڵ خۆتان، پێشمەرگەکان ووتیان بۆمان بکوڵێنە لە گەڵ خۆمان دەیبەین لە گەڵ هاوڕێکانمان دەیخۆین، چونکە شەش مانگە گۆشتمان نەخواردووە، خواردنەکانیان لە گەڵ خۆیان هێناو گەڕانەوە، نزیک ئەشکەوتەکە بوونەوە گوێدرێژەکە هەڵوەستەی کردوو گوێ قوڵاخ بوو.

دنیا کەمێک ڕووناک بوو، وەرز بەرەو بەهار دەچوو، مانگ لە نێو گەواڵە هەورەکاندا سەریدەردێناو ون دەبوو، سەرەتاتکێی دەکرد، هەندێک جار ڕووناکی دەداو جاریش هەبوو دەچووە باوەشی هەورەوەو دیار نەدەما، تەنها خاڵێک یان خاڵێکی لە نێو هەورەکەدا درووست دەکرد ئەویش لە تارمایی دەچوو.

مانگەکە خۆی دەرخستەوەو بەردەمی ڕووناک کردنەوە لە دوورەوە دوو جووڵە یان بەدیکردوو دەنگیاندان هاوڕێکانی خۆیان بوون، لێیان پرسین بۆ هاتوون بۆ ئێرە ووتیان ئەشکەوتەکە کەشف بووە حکومەتی لێیە، ئەی وتیان باشە چۆن گوێیان لە میل هێنانەوەی ئێمە نەبووە.

لەوێوە ڕۆیشتن بۆ شوێنێک ناویان نابوو کوونی دەم شیتەک، لە ڕێگا ئەحمەد زەرداوی دەستی حیسامی گوشی و پێیوت کاکە حکومەتی لێنییە هاوڕێکانمان شەهیدبوون، ئەشکەوتەکە ڕووخاوە بە سەریاندا، کارەساتێکی ناخ هەژێن و دڵ تەزێن بوو.

ئێوارەی ١٩٨٩/٢/١٩ سەید محەمەد لە ئەشکەوتەکە دەچێتە دەرەوە تا بە جیهاز پەیوەندی لە گەڵ مەفرەزەکانیتردا بکات، سەید محەمەد بانگی سۆران دەکات بچێ لە گەڵی، سۆران دووربینێک و حەربەیەک لە گەڵ خۆی دەبات کەسیان چەک نابەن. دەچنە سەر لوتکەی یاڵەکە پەیوەندی بکەن لەناکاو دەنگێکی گەورە دەگاتە

گوێ، بە پەلە دێنە خوارەوە کە تەماشا دەکەن ئەشکەوتەکە ڕووخاوە بە سەر پێشمەرگەکاندا لە نێو ئەشکەوتەکەدا حەوت پێشمەرگە شەهید بوون:

١- ئەحمەد محەمەد حەمە ئەمین (مەلا ئەحمەد)

٢- نوری قادر ڕەحیم

٣- حەیدەر محەمەد کەریم

٤- ڕەحیم ڕەشید ئەحمەد

٥- حەمید قادر کەریم (حاجی حەمید)

٦- سەلام محەمەد حسێن (سەلامە ڕەش)

٧- دارا قادر سەمین (دارا سوور)

ئەشکەوتی داری خلە جگە لەوەی جێگەی حەوانەوەی ئەو مەفرەزەیە بوو، کتێبخانەیەکی بچکۆلەشی تیا بوو، ببووە شوێنێکی مەعریفی و فیکری بۆ پارتیزانەکان، کتێبەکانی یەشار کەمال و مەکسیم گۆرکی و بابەتی مێژوویی و ئەدەبی تیا بوو.

مەلا ئەحمەد، ئەحمەد زەرداوی و موکەڕەم ئەحمەد ڕەشیدی ناردبوو خۆیان بشۆن، پێنج مانگ بوو خۆیان نەشتبوو، مەلا ئەحمەد وتبووی ئێوە نەتوانن خۆتان بشۆن تەسلیم ببنەوە باشترە، بە زۆر ناردبوویانن خۆیان بشۆن، ئەوانیش بەو هۆیەوە ڕزگاریان بوو.

لە نێوان مانگی (٢) بۆ مانگی (٣) لە گەرمیان دەتوانرێت بە ئاوی چەم خۆت بشۆیت.

پێشمەرگە ڕۆژژمێری ڕۆژانەیان تۆمار دەکرد پێش ڕووخانی ئەشکەوتەکە بە ماوەیەکی کەم مەلا ئەحمەد لە ڕۆژژمێرەکەی خۆیدا دەنووسێ ئەمڕۆ ١٩٨٩/٢/١٩ برنج و نیسکمان هەبوو.

ئەشکەوتی داری خلە بە زەمەنێکی زۆر ئاودایدڕیبوو بە بەرزی چل مەتر سێ تاقگەی درووستکردبوو، جێگەی چەند کەسێک دەبوو تیای بخەوێ بەڵام پێشمەرگەکان گەورەیان کردبوو سێ قاتیان تیا درووستکردبوو.

## کـــەوتنە داوی ســەید مـــحەمەد

سەید محەمەد لە کەوتنە کەمینەکەی سەر جادەی کەلار باوەنور عەینەکەکەی لێکەوتبوو، بۆ پەیداکردنی عەینەک و بینینی ڕێکخستنەکانی شارو پەیداکردنی خواردن و ئازوقەو پێداویستی پارتیزانەکان چووبووە کەلار لە ماڵی (ج) هەندێک کەس دەبینێ، (ج) لە ناو نوێنەکاندا کامێرای بۆ سەید محەمەد دانابوو تا هەموو ئەو قسانە تۆمار بکات کە لە گەڵ ڕێکخستنەکاندا دەیکات، دەرمانیشیان بۆ کردبوەوە ناو پەرداخی شەربەتەوە، دوای ئەوەی بێهۆشی دەکەن دەست و قاچی دەبەستن دەیبەنە ئەمنی عامە لە بەغدا.

لە ئەمنی عامە ڤیدیۆکەی پیشان دەدەن دەڵێن تۆ لە گەڵ ئەمانەدا کۆبوویتەوە، سەید دەڵێ ئێمە کۆمەڵەین دژی دەرەبەگ و سەرمایەدارین ئەمانەم بە زەبری چەک هێناوە و هەڕەشەی کوشتنم لێکردوون، ئەوانە هیچ پەیوەندیان بە منەوە نییە، ئەوانە دەرەبەگ و سەرمایەدارن بۆیە هەڕەشەم لێکردوون، بەم جۆرە ڕێکخستنەکان و دۆستەکانی ڕزگار دەکات و ناوی پیاوانی ڕژێم دەداتە ئەمن دەڵێ ئەمانە هاوکاری ئێمەیان کردووە، سەید محەمەد لە ئەمنی عامە بەند دەکرێت، مەفرەزەیەک لە سورێنەوە دێنە سلێمانی و دەکەونە بۆسەی دوژمنەوەو دەستگیر دەکرێن، سەید محەمەد زانیبووی مەفرەزەیەک لە سورێنەوە دێنە سلێمانی، مەفرەزەکەش ناوی سەید محەمەدیان بیستبوو کە فەرماندەی پارتیزانەکانە لە گەرمیان.

پێشمەرگە دەستگیرکراوەکان دەبەنە ئەمنی عامەی بەغدا، لە گەڵ سەید محەمەد یەک دەبینن، سەید دەڵێ لە سەر چی گیراون، ئەوانیش دەڵێن ئەی تۆ لە سەر چی گیراویت، سەید دەڵێ من فەرماندەی کۆمەڵێک پێشمەرگەی پارتیزانی گەرمیانم خرامە داوەوەو گیرام ئەوانیش دەڵێن ئێمەش هەموومان فەرماندەین و هاتووینە ناو شارو گیراوین.

سەید محەمەد ئامۆژگاریان دەکات دەڵێ من تازە کۆتایم هاتووە و منەتیشیان نەبێ، با گولله بارانم بکەن بەڵگەی زۆرم لە سەرە، بەڵام ئێوە ئیعتراف نەکەن، بڵێن هاتووین تەسلیم ببینەوە.

دوای کارەساتی ڕووخانی ئەشکەوتی داری خلە و دەستگیر کردنی سەید محەمەد، ئەو پێشمەرگانەی مابوونەوە دابەشی سەر مەفرەزەکانی تر بوون.

# مـــــەفرەزەی مـــەحمود ســـــەنگاوی
# 1990/4/15 1989-/6/24
# شـــــەش

مەفرەزە پارتیزانەکانی گەرمیان لە ماوەی ساڵ و نیوو، ساڵێک و شەش مانگ لە هـەردەو هەڵەتی گەرمیان، لە بناری گل و قادرکەرەم و چیای سەڵباتوو تا دەگاتە خورماتوو کفری و دەشتە کرکەکانی گەرمیان، لە دەشتی دەسماڵ و گردی گوڵێنجەڕێ ڕێ لە مەملەکەتی سوتاوو ڕەنجاوو غەمگین و ئەنفالکراوی گەرمیان مانەوە.

ساڵ و نیوێک لە مانەوە لە نێو مەترسی و برسێتی و کێماڵ و پشکنینی هێزەکانی داگیرکەر، سەرکردایەتی (ی ن ک) بیری لە گۆڕینی مەفرەزە پارتیزانەکان کردەوە تا بگەڕێنەوە سەرکردایەتی و پشوو بدەن.

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی مەحموود سەنگاوی هاتە گەرمیان و جێگەی مەفرەزەکانی گرتەوە.

بە گەیشتنی مـەفرەزەکـەی مەحمود سەنگاوی بۆ گەرمیان مەفرەزەکانی سەید جەوهەر، شێخ کەریم، عوسمان حاجی مەحمودو ئەوانی دیکە گەڕانەوە سەرکردایەتی.

**(١)**

مەفرەزەکەی مەحمود سەنگاوی خۆیان کۆکردەوەو ئامادە بوون بۆ هاتنە خوارەوە، کاک مەحمود لە گەڵ کاک کوردۆو مەفرەزەکەی چوونە شاری مەریوان و پێداویستیەکانی پارتیزانیان کڕی، ئۆتۆمبێلێکیان گرت و هاتنە سەروی دزڵی لەوێشەوە بۆ چیای سورێن.

**(٢)**

ڕۆژی ١٩٨٩/٦/٢٤ لە کانی ڕەنگینەوە بەرەو شارەزور دابەزین، بە ناو کێڵگەو ڕێگای مین ڕێژدا تێپەڕین و ڕێگەیان کردەوە، ڕێگا سەخت و ئاستەم بوو، مینێکی زۆر لە سەر ڕێگاو قەراخ ڕێگا چێنرا بوو، سەرە ڕێ و قوتەو ناوچە بەرزەکانی ناوچەکە ڕەبییە و مۆڵگەی دوژمن بوون.

فازیل شیرەمەڕی، ڕەئوفی حاجی سابیر، حەمە سیاسی و کەماله خڕە، چاو ساغ و شارەزای ناوچەکە بوون.

ناوچەکە کپ و مات و خامۆش، تەنها دەنگی مەلەکان و سریوەی باو خشەی گەڵا لەو هەڵەتە ڕەشپۆشانە دەهات، ئەو شاخ و کێوو هەردانە لە مێژ بوو هەناسەی مرۆڤ و هەنگاوەکانی پێشمەرگەی لێبڕابوو بە هەناسە و ترپەی دڵی پێشمەرگە حەسانەوە.

بە هەنگاوو شەقاوی خێرا لە جادەی سەید صادق هەڵەبجە پەڕینەوەو گەیشتنە کەلاوەکانی تەپەزێڕینە نزیک ڕەبییەکانی دوژمن کەوتنەوە، سەربازی ڕەبییەکەیان بەدیکرد بەڵام خۆیان لێلادا، لە دێی تەپە سەرقوڵە لایانداو لەوێ مانەوە.

**(٣)**

ڕۆژی ١٩٨٩/٦/٢٥ لە تەپە سەرقوڵەوە بەڕێکەوتن بە جادەدا پەڕینەوەو کەوتنە پشتی شانەدەری، دڕک و داڵێکی زۆر لە ناوچەکە هەستابوو، گژوگیا تا باڵای پێشمەرگە هاتبوو، پێشمەرگەکان تینوویان بوو گەیشتنە سەر چەمی چەقان، بینیان نا بە ئاوەکەوە.

دوای پشوویەکی کورت لە سەر ئاوی چەقان پەڕینەوە دۆڵی گەڵاڵ، دوژمن دەرچوو بو بۆ کێومالّ و پشکنینی ناوچەکە، چوونە قەڵای سروچک و لە بن گاشە بەردەکانی ئەوێدا خۆیاندا بە زەویداو خەویان لێکەوت، ڕێگای پڕ دڕک و داڵو شەکەتی ڕێگا هێزی لێبڕیبوون، قولو قاچیان بە دڕکو داڵی ناوچەکە خوێناوی بـوون، کاتێک بە خەبەر هاتن خۆر کەوتبوو، تینویەتی هەراسانی کردبوون، بەرانبەر قەڵای سرۆچک ئەشکەوتێکی لێبوو، مەحمود سەنگاوی سەرکەوتە سەر ئەشکەوتەکە بۆ دۆزینەوەی ئاو، ئەشکەوتەکە حەوزێکی پڕ ئاوی تیابوو، کۆترێکی زۆر لە سەر حەوزەکە هەڵنیشتبوون، کاک مەحمود جیهازی بۆ برادەران کردو سەرکەوتنە لای ئەشکەوتەکە هەتا ئەوان گەیشتن کاک مەحمود خۆی شت و هەندێ چیلکەو چەوێڵی کۆکردەوە بۆ چا لێنان، دوای پشوودان و دەمکردنی چایەک بە دۆڵی گەڵاڵدا ڕۆیشتنە بەرزنجە، لەوێشەوە چوونە دێی ئەشکەوت، ئەشکەوتێکی

فێنکی لێبوو لەوێ حەسانەوەو بەرەو دەشتی زەڵێ و خواروی ناحیەی بەرزنجە بەڕێکەوتن، دیسانەوە تینوویەتی هێرشی هێنا، لە تینواندا هەڵوژەی کاڵی دێیەکانی سەرە ڕێیان دەخوارد، فازیل شیرەمەڕی و حەمە سیاسی چوونە سەر حەوزی دێی کاژاوو مەتارەکانیان پڕکرد لە ئاو، خەڵکی ناوچەکە هاتبوونەوە بۆ کشتوکاڵ کردن تەماتەیان کردبوو تا کاتژمێر (٥)ی ئێوارە لەوێ مانەوە.

فازیل شیرەمەڕی و مامە ڕەئوف و کەماله خڕە بەرەو ئێران گەڕانەوە، حەمە سیاسیش لە گەڵ مەفرەزەکەی مەحمود سەنگاوی مایەوە، مەفرەزەکە بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن لەوێوە چوونە پوشێن، لە سەر شاخی پوشێن حەمە پاریاوڵە پەکیکەوت نەیتوانی بڕوات، ناچار گەڕانەوە دارستانەکەی پووشێن، کاک مەحمود میقدادو سوهادوو برایمی نارد بۆ ئاو، کە هاتنەوە ووتیان خەڵکی لێیە.

**(٤)**

لە پوشێن تا کاتژمێر (٥)ی ئێوارە مانەوە، خەڵکی ناوچەکە هاتبوون بۆ کشتوکاڵکردن و ئێواران دەچوونەوە عەربەت، چوون خەڵکەکە ببینن بەڵام ڕۆیشتبوون چوونە سەر کانی و ئاوەکە خەڵکەکە چای عەلەمیان جێهێشتبوو دەمێک بوو چای عەلەمیان نەخواردبوو ئاگریان کردەوەو چایەکیان دەمکرد.

دوای پشودان بەرەو چیای پشتی ئەشکەوتە ڕەش ڕۆیشتن، خۆیان مات کرد تا دنیا تاریکبێ و لەوێوە شۆڕبنەوە بۆ دووکانیان.

شۆڕبوونەوە بەرەو دۆڵەکە دەنگە دەنگ دەهات، ڕەبییەکە لە سەر جادە بوو، سەربازەکان دیار بوون، خۆیان پەنادا تا بە تەواوی خۆربنیشێ و زەردە خۆی ڕادەستی شەو بکات، لە جادەکە پەڕینەوەو بەرەو دیوی کەلاوەکانی کۆزە ڕەقە هەنگاوەکان هەڵیگرتن، لەوێشەوە لە جادەی سلێمانی عەربەت پەڕینەوەو چوونە دێی یەخیماڵی، لە ئاوی تانجەڕۆش پەڕینەوە بۆ بناری باخچە، شەکەت و ماندوو هیلاک بوون لەوێ خەویان لێکەوت، کاتێ بە خەبەر هاتن سەر چیاکان سەربازی لێبوو، دیار بوو هاتبوون بۆ کێوماڵی ناوچەکە، دەورووبەریان بە ڕەبییە و مۆڵگە تەندرا بوو، بەرەو دێی میریاسی قەراخ بەڕێکەوتن لە سەر چەقی ڕێگاکە سەربازەکانی

دوژمن چادریان هەڵدابوو، ناچار گەڕانەوە دێی (شەممە) لەو کاتەوەی لە ئێران ترازابوون جیهازیان نەکردبوەوە، کاک مەحمود جیهازەکەی کردەوەو کاک بەرزانی حەمەی مینە لە سەرخەت بوو بانگی حاجی دەکرد، کاک مەحمود وەڵامی دایەوەو وتی فەرموو حاجیت لە گەڵە، بۆ ئەوەی یەکتری بناسنەوە دەبوایە کاک مەحمود بڵێ سەعیدم لە گەڵدایە لە جفرەکە دێی (شەممە) بوو، ژمارە (٢٥) بوو ژمارەکەی پێداو دڵنیا بوو لە گەیشتنیان.

ئێوارەیەکی درەنگی ڕۆژی ١٩٨٩/٦/٣٠ بەڕێکەوتن بۆ دێی نەوتی قەرەداخ، قەرەداخ بێدەنگ بێچرپە، تەپ و تۆزی ئەنفال بە سەروسیمایەوە مابوو، کانیاوەکان لە خوڕە کەوتبوون نە قاسپەی کەوی نسارو نە دەنگی بەرغەلی ئاوایی لەو دەشت و دەرو شاخ و نزارە دەهات، غەمبارو مەل و مات، نیشتمانێکی زامدارو تەنیا.

لە لاشانەکانی قەراخەوە سەیری بازیان و دەربەندیخانیان کرد، قەدپاڵ و لاپاڵی ئاگر دەگریێ، هێزەکانی داگیرکەر کێوماڵی ناوچەکەیان دەست پێکردبوو ئاگریان بەردابووە پوش و پەڵاشی ناوچەکە.

مەفرەزەکە بە نیاز بوون بچنە پشتی ئەستێڵی سەروو بەڵام لایتی دەستی سەربازەکان دەبینرا کە کێوماڵی ناوچەکەیان دەکرد بۆیە ڕوویانکردە ئەستێڵی خواروو تا ئێوارەیەکی درەنگ لەوێ مانەوە و لەوێشەوە چوونە کۆشکی سەروو.

**(٥)**

ڕۆژی ١٩٨٩/٧/٢ بەرەو سێوسێنان ڕۆیشتن سەربازی لێبوو، کاک مەحمود جیهازی کردەوە کەریم چاوڕەش هاتە سەرخەت، کاک مەحمود هەواڵی ناوچەکەی لێپرسی، کەریم چاوڕەش وتی هیچ ڕێگایەک نەماوە تەنیا ڕێگەی کانی مامشەی پشتی دێی بەڵخە نەبێ ئەتوانن بۆ ناو قۆپی زەردە سەرکەون، لەوێوە چوونە دێی بەرزەوانی خوارووی سەوسێنان، لەوێشەوە بەرەو عەلیاواو بەڵخە، نزیک سەرچاوەی کانییەکەی بەڵخە بوونەوە، حەمە پاریاوڵە چوو ئاو بێنێ کەوتە خوارەوە بۆ ناو ئاوەکە، پێشمەرگەکان مەتارەکانیاندایە و بۆی پڕکردن لە ئاو، دواتر بە پشتوێن هەڵیان کێشایەوە سەرەوە، لەوێوە چوونە ناو قۆپیەکە.

حەمە پاریاوڵی ساڵی ١٩٨٨ شەکرو چای لەو ناوچەیە شاردبوەوە، شەکرو چاکەی دۆزیەوەو دەری هێنایەوە مەنجەڵ و کترییەکی شکاویان دۆزیەوەو چایان تیا لێنا.

دەمەو ئێوارە بەرەو زەردە هەڵکشان گەیشتنە سەر شاخ و پشوویەکیاندا، هەموو گەرمیانیان لێدەرکەوت، گەرمیان لە نێو پووش و پەلاشی مەراقدا زەرد هەڵگەڕابوو، هەر نووزەشی تیا نەمابوو، ئەو پێدەشتانە گوڵی مەراقیان گرتبوو، هێشتا دەشت و دەری ئەوێ بۆنی گڕوو دووکەڵی ئەنفالیان لێدەهات، هێشتا دەنگی زریکەی مناڵ و لاواندنەوەی دایکان و هۆرەو قەتار لەو گەرمیانە ڕەشتاڵە سکسوتاوە دەهات، گەرمیانی جوامێران و کەڵە پیاوان لە مەراقدا ببووە خەڵوز هێندە دڵسووتاوو جەرگ بڕاوو کەساس بوو، بێدەنگ و چرپە و کۆست کەوتوو.

لە نێو خەیاڵ و بیرەوەریەکانی گەرمیاندا بەرەو زەردە لیکاو شۆڕبوونەوە، لە پشتی زەردە لیکاو چاویان بە کەریم چاوڕەش کەوت کە لە ساڵی (١٩٨٨) ەوە یەکتریان نەبینیبوو، ئەو شەوە لایان مانەوە.

**(٦)**

بەیانی ڕۆژی ١٩٨٩/٧/٤ بەڕێکەوتن بۆ شۆڕاوەکەی پشتی قەلای تەپە گەڕۆس تا ئێوارە لەوێ مانەوە، شەوەکەی چوونە چیای ئاژداخ و لە بەردەکەی لالە شەریف حەمە ڕەش و حەمە ئاخەیان بینی دوو ڕۆژ لە لایان مانەوە، دواتر چوونە لای مەریوانی حاجی حسێن و مەلا سەعید لە دێی مەلا هۆمەر دوای ئەوانیش بوونە میوانی ئەحمەدی حاجی ڕەشید لە نێوان مەلا هۆمەر و تیلەکۆی زەنگنە دا شەو لایان مانەوە.

ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١٠ چوونە لای عوسمانی حاجی مەحمودوو هاوڕێکانی، لە خۆرهەلاتی دێی کۆبان عەرەبی سەرووی کفری بوون.

ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١١ لە گەڵ حەمە ڕەش و عوسمانی حاجی مەحمود چوونە دەواجنێک لە ڕۆژئـاوای کفری بۆ بینینی هەڤاڵانی ڕێکخراوی سلێمانی کە سەرپەرشتی دابینکردنی پێداویستی پارتیزانەکانیان دەکرد، دوای تەواو کردنی

کارەکانیان گەڕانەوە حەشارگەکانی سێ قازانەی نزیک باوە شاسوار.

ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١٧ لە گەڵ حەمە ڕەش لە سێ قازانەوە بەڕێکەوتن شەوەکەی چوونە نزیک دێی هەزار کانی شێخ کاکە حەمە لەوێشەوە چوونە پەناگەی هاوڕێ سەید محەمەد کە بە قەدپاڵی چیای خلەوە بوو سێ ڕۆژ لای سەید محەمەد مانەوە، سەید محەمەد بە نیازی دابەزین بوو بۆ شار مەحمود سەنگاوی پێیوت باشترە بچیتە ئێران بۆ لای برادەران پشوویەک بدەیت پێم باشنییە بچینە شار.

دوای سێ ڕۆژ مانەوە لای سەید محەمەد بەرەو دێی قولیجان ڕۆیشتن، لەوێشەوە بۆ بنکەکەی خۆیان لە ئاژداخ، مەفرەزەی دووەم لە ئێرانەوە بەڕێکەوتبوون گەیشتبوونە دێی زەردەلیکاو.

بەردەوام کۆپتەرەکانی ڕژێم بە ناوچەکەدا باڵەفڕەیان بوو کێوماڵ و پشکنینی ناوچەکەش بەردەوام بوو.

ڕۆژی ١٩٨٩/٧/٣٠ مەفرەزەکەی حەمە ڕەش و سەید جەوهەرو کەریم چاوڕەش دوای ساڵ و نیوێک مانەوە لە هەردەو هەڵەتی گەرمیان گەڕانەوە سەرکردایەتی.

چەند ڕۆژێک مەفرەزەکەی کاک مەحمود ئازوقەیان لێبڕابوو، حەمە ئاخە ساڵی ١٩٨٨ لە مەسۆیی چەند قتوویەک ڕۆنی شاردبوەوە، قتووە ڕۆنەکەی دۆزیەوە هەر چەند کەڵکی نەمابوو بەڵام چێشتێکیان پێکرد بۆ ژەمی دووەم کە کەوچکێکیان لێدا جرجێک دەرکەوت، هەموان هێڵنجیان ئەدا، کاک مەحمود پێیوتن تازە ڕۆنەکەتان خواردووە هێڵنجی چی.

## ڕانـــــی جـــــرجەکە

ئازوقەیان نەمابوو پێشمەرگەیەکیان ناوی موکەڕەم بوو پێیانووت ئازوقەتان شاردووەتەوە لە کوێدایە.

موکەڕەم لە گەڵ سەید محەمەد ئازوقەیان شاردبووەوە مەحموود سەنگاوی لە ڕێگەی بێتەلەوە قسەی لە گەڵ دەکرد موکەڕەم هاتبووە سەر داڵانی بە مەحموود سەنگاوی ووت بچن بۆ دێی تەپە سپی بە سەر شانێکدا دەڕۆن دارتوویەکی بچووک لە بەرانبەرتان دیارە بە دیوی لای چەپەدا سەیر بکەن جێگەیەکی ئاوایە،

مەحموود سەنگاوی لە سەر گردێک قسەی لە گەڵدا دەکرد لایکردەوەو سەیریکرد لایەکی بەرمیلەکە دەرکەوتبوو ووتی ئیتر بەسە دۆزیمەوە خوات لە گەڵ.

کە چوون یەکێک لە بەرمیلەکان برنج بوو دوو جرج چووبووە ناویەوە یەکێکیان ئەویتری خواردبوو ئێسک و پرووسک و کلکی مابوو ئەویتریان ساخ بوو کوشتیان هەندێک لە برنجەکە خوێناوی ببوو دڵیان نەهات بە تەواوی پاکی بکەنەوە بۆ ئەوەی خەسار نەبێت، برنجەکەیان هێناو بۆ ڕۆژی دواتر برنجیان لێناو خواردیان.

بەدەم نانخواردنەوە مەحموود سەنگاوی قسەی بۆ پێشمەرگەکان دەکرد شتێکی ڕەق هاتە بن دانی تامی گۆشتی ئەدا زۆر بەلەزەت بوو سەیریکرد قاچی جرجەکە بوو کە لە ناو بەرمیلەکەدا تۆپیبوو.

ڕۆژی ١٩٨٩/٨/٧ چوونە کانی دڕکە، لەوێوە چوونە سێ قازانەی لای عوسمانی حاجی مەحمود بۆ هێنانی ئازوقەو کەلوپەل کە لە شارەوە بۆیان هاتبوو دوای سێ ڕۆژ گەڕانەوە (دەڵەکە) دوژمن بە سەربازو کۆپتەرو سەگی سەربازی کێومالّی ناوچەکەی دەست پێکرد بوو، تا کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ مانەوە لە ناوچەکە ژمارەیەکی زۆریش خواردنی لە قتوونراویان جێهێشتبوو، بۆ ڕۆژی دوایی لە دەڵەکەوە گواستیانەوە بۆ هـەژاراوا کە ئەشکەوتێکی قایم بوو کەس نەیدەتوانی بچێتە ناویەوە، دوژمن پەی پێنەبردبوو.

ڕۆژی ١٩٨٩/٨/١٤ عوسمانی حاجی مەحمود بە جیهاز هەواڵی دەستگیرکردنی سەید محەمەدی پێدان کە لە ١٩٨٩/٨/٢ دەستگیر کرابوو.

کێومالّی ناوچەکە و سووڕانەوەی کۆپتەر بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا ببوە کاری ڕۆژانەی داگیرکەر، بەردەوام کۆپتەر بە سەر ناوچەکانی گەرمیاندا دەسووڕایەوە.

## مــــــــردنی گــــــوێدرێژەکە

کاتژمێر ٨ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٩/٩/٦ حەمە ئاخە چوو سەیری گوێدرێژەکە بکات کە لە دووری شاردبوویانەوە نەبا کۆپتەرو سەربازو جاش بیدۆزنەوە، حەمە ئاخە گەڕایەوەو وتی گوێدرێژەکە خەریکە دەزێ، بۆیە بڕیاریاندا کە گوێدرێژەکە زا، بچن بیکوژن، چونکە کێشەی درووستدەکرد دەبووە مایەی ئاشکرا کردنی مەفرەزەکە.

پێشمەرگەیەک چوو بوو لە بەرچاوی گوێدرێژەکە فیشەکێکی بە بەچکە کەرەکەوە نابوو، دواتر کە چوون سەیری گوێدرێژەکە بکەن، لوتی نابوو بە سەر لاشەی بەچکە جاشولکەکەیەوەو گیانی دەرچوو بوو.

(٧)

ڕۆژی ١٩٨٩/٩/١٣ مەحمود سەنگاوی و برادەرانی بەڕێوەبوون بۆ لای پەناگاکانی کاک کوردۆو هاوڕێیانیتر، برووسکەیەکی مامجەلالی بە جیهاز وەرگرت.

### لە مـــــامجەلال

### بۆ مـــــــەحمود ســــــــەنگاوی

هەندێ میوان دێتە لاتان، ئەوانە میوانی منن، هەرچی لە تواناتاندا هەیە بۆیان بکەن میوانەکان لە لەشکری بەدر بوون، ئەچوونە خوارو ناوەڕاستی عێراق، کاتژمێر ١٢ی شەو گەیشتنە لای کاک کوردۆ لە ئەشکەوتی سەلاجەکە نزیک پاریاوڵە، میوانەکان کە ژمارەیان (٥) کەس بوو لە لایەن سەلامی کوێخا عەزیز و مەحمودی مامە عەزەوە گەیەندرانە سەرووی باوەنوور.

دەمەو بەیانی ڕۆژی ١٩٨٩/٩/١٤ حەمە پاریاوڵە گوێدرێژەکانی بردە شوێنێکی دوور بیانشارێتەوە، پێش خۆرکەوتن گەڕایەوە شڵەژابوو بە کاک مەحمودی ووت هەستە خۆت بپێچەرەوە دەورمان گیراوە.

شەو هێزێکی دوژمن بە چەندین زرێپۆشەوە هاتبوونە ناوچەکە بۆ کێوماڵکردن، دەنگی کۆپتەر دەهاتە گوێ، لە بەرزاییەکانی دەورووبەر سەربازەکان بەدیدەکران

پێشمەرگەکان دەست لە سەر بەلەپیتکەی تفەنگ فیشەکیان سوار کردبوو ئامادە بوون بۆ هەر پێشهاتێک.

میوانەکانی لەشکری بەدریش چەکدار بوون ئەوانیش خۆیان ئامادە کردبوو کۆپتەرەکان بە سەر سەریانەوە هێندە نزم دەفڕین و دادەنەوین، هەوای پەروانەی کۆپتەرەکە دەیدا لە زیخی سەر شاخ و کەڵوەزەکانی دەورووبەریان و بە سەر سەری پێشمەرگەکاندا دەکەوتنە خوارەوە هێزەکانی ڕژێم ناوچەکەیان کێوماڵکرد بەڵام شوێن پێشمەرگەکانیان نەدۆزیەوەو سەلامەت بوون.

کاتژمێر چواری ئێوارە لە گەڵ کاک کوردۆ و میوانەکان بەرەو سنووری کفری ڕۆیشتن، شەوەکەی گەیشتنە لای (هۆمەر مل) و لەوێ مانەوە، بۆ ئێوارەی ڕۆژی دوایی لە گەڵ خۆر ئاوا بووندا بەرەو سێ قازانە ڕۆیشتن و شەو گەیشتنە ئەوێ.

## گـــــەڕانەوەی عوســـــمانی حـــاجی مـــەحمود

ڕۆژی ١٩٨٩/٩/١٧ عوسمانی حاجی مەحمود فەرماندەی پارتیزان لە گەڵ مەفرەزەکەی دوای ساڵ و نیوێک مانەوە لە گەرمیان بەرەو ئێران گەڕانەوە.

هەمان ڕۆژ کاک مەحمود و برادەرانی چوونە شوێنی تایبەت و چاویان بە ڕێکخستنەکانی ناو شار کەوت و گفتوگۆیان لە سەر ناوەڕۆکی برووسکەکەی مامجەلال کرد سەبارەت بە گواستنەوەی میوانەکان.

ڕۆژی ١٩٨٩/٩/١٩ کاک (حەمە نوری) و (صدیقی حاجی ڕەشید، هاوڕێ سوپا) لە ڕێکخستنەکانی ناو شار هاتن و میوانەکانیان لێوەرگرتن، پێشمەرگەکانیش گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان.

## ڕاوە مــــــــــاسی

سێ مانگ بوو گۆشتیان نەخواردبوو، ئازوقەش لە کەمیدابوو، حەمە ئاخە و دکتۆر هاوڕێ چوونە قولیجان بۆ دۆزینەوەی ئەو خۆاردەمەنیانەی لە ساڵی ١٩٨٨ شاردبوویانەوە.

لە سەر چەمی ئاوە سپی و نزیک کۆیک، سێ گوللە هاوەن و یەک مینی (کەسی) یان لە نێوان فەقێ مستەفا و مەسۆیی دانا تا بە ئۆتۆمبیلەکانی دوژمندا بتەقێتەوە، TNT و ترەقەیان لێکداو فڕێیاندایە ناو گۆمەکەوە هەندێک ماسی کوشت و بەرەو کۆیک گەڕانەوە، لە ڕێگا توشی بەرازێک بوون ئەویشیان کوشت، ئەو ڕۆژە گۆشتی ماسی و بەرازیان خواردو ئێسقانەکەشیان کردە شلەی فاسۆلیاوە بۆ ئەو دەمە گۆشتی ماسی و بەراز خواردنێکی شاهانە بوو.

کۆپتەرو جاش هاتنە سەر دێیەکانی کۆیک و فەقێ مستەفا، جاش هاتبوونە سەر قەڵای سەنگاوو حەسەن کەنوش و درۆزنە، سەربازو جاش هاتبوونە قولیجان و حاجی ڕۆستەم ئاغا و هێزێکیش چوبووە بەکرە کەڕە و نێوان فەقێ مستەفا و مەسۆیی و خان و کانی عوبێد.

ڕۆژی ١٩٨٩/١١/٢٤ عوسمانی حاجی مەحمود بە جیهاز هاتە خەت و مەفرەزەکەی کاک مەحمودی ئاگادار کردەوە تا پەناگای هەژاراوا چۆڵبکەن، لە سەر قسەی کاک عوسمان پێشمەرگەکان پەناگەکەیان چۆڵکردو گواستیانەوە، کاک مەحمودو حەمە ئاخە لە پەناگەکە مانەوەو چاودێری ناوچەکەیان دەکرد، کە دیقەتیاندا لە ڕۆژئاوای چیاکەوە هێزێکی دوژمن زۆر بە نهێنی بەرەو هەژاراوا دێن، کە شەو داهات کاک مەحمود و حەمە ئاخەش ئەوێیان بەجێهێشت.

ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/١ ڕۆژێکی سارد بوو، ئازوقەش نەمابوو زۆریشیان برسیبوو، بە جیهاز پەیوەندیانکرد بە کاک کوردۆوە، ئەویش بە حەمە پاریاوڵەو هەڵکەوتدا خواردنی بۆ ناردن.

برسێتی بە جۆرێک هەراسانیکردبوون لەو شاخ و کێوانە بەری داربەڕوەکانیان لێدەکردەوەو دەیانخوارد بەڕووی بەری داربەڕووەکان.

ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/١٩ لە گەڵ کاک عوسمانی حاجی مەحمود قسەیان کرد، کاک عوسمان پێیوتن ڕۆژی ١٢/٢٦ دێین دەتانگۆڕین، بەڵام ئەو برادەرانەی کە هاتبوون بۆ گۆڕینیان لە پشتی کانی کەڵەوە کەوتبوونە حەقلی ئەڵغامەوە، وشیار بیاوێڵەیی قاچێکی پەڕیبوو بۆیە گەڕانەوە بۆ ئێران.

لە ناوچەکە سەرماو سۆڵەیەکی زۆر بوو، بەفر دەباری برسێتی و سەرماو سۆڵە گوزەرانی پێشمەرگەکانی سەختکردبوو.
دوژمن لە هۆمەرە خەجان چوبووە سەر ئازوقەی پێشمەرگەکان و ڕژاندبوویانە سەر زەوی، بە هاوکاری حەمە ئاخە لە پەناو پەسێردا هەندێ خواردنیان دۆزیەوە باوەڵێک ئاردی تیا بوو، مشک تێیدابوو، برسێتی ناچاری کردن ئاردەکە لە گەڵ خۆیان ببەن، ئاردەکەیان کردە هەویر، ئاگریان بۆ کردەوە، بەردێکیان خستە سەر ئاگرەکەو لە سەر بەردەکە برژاندیان، بۆنی لاکی تۆپیوی لێدەهات.
لە چەمی فەقێ مستەفا (٥٩) خواردنی لە قتونراویان دۆزیەوە، ئاگریان کردەوە، گەرمیان کردەوەو خواردیان.

بـــــــــروسکەی م.س

ماوەی سێ مانگ بوو پەیوەندیان لە گەڵ ڕێکخراوی سلێمانی پچڕا بوو لە ١٩٩٠/١/٩ بروسکەیەکی مەکتەبی سیاسیان پێگەیشت.

لە حـــــــەسەن حـــسێن[٧٥]

بـۆ مـــــەحمود ســــــەنگاوی

شەوی ١/٢٠ لە خوار شاری کفریەوە یەکەم تاوەری کارەبا کە لە ڕۆژهەڵاتی جادەکە بۆ ڕۆژئاوای جادەکە ئەپەڕیتەوە کە بەردێکی سپی لە ژێر دانراوە، لە ژێر ئەو تاوەرە کارەباییەدا ئامادەبن بۆ پەیوەندی کردن لە گەڵمان.
ئێوارەی ١٩٩٠/١/٢٠ چوونە خوارەوە بۆ ئەو شوێنەی بۆیان دیاریکرابوو، نزیک تاوەرەکە بوون تا کاتژمێر (١٠)ی شەو دانیشتن کەس دیار نەبوو.
حەمە ئاخە ئۆتۆمبێلێکی بەدیکرد ڕەنگی سوور بوو، کاک مەحمود دەیزانی ڕێکخراوی سلێمانی ئۆتۆمبێلێکی لەو جۆرەیان هەیە، چوونە سەر ئۆتۆمبێلەکە ڕاوەستان کەس
دیار نەبوو، خەریک بوون پاتری ئۆتۆمبێلەکە داگرن بۆ جیهازە ڕاکاڵەکە، پاتریەکەیان بردوو هاوڕێ سوپا دەرکەوت وتی پاتری کەسێک بەرن بۆتان بخورێ

[٧٥] حەسەن حسێن ناوی نهێنی جەباری حاجی ڕشید لێپرسراوی ڕێکخراوی سلێمانی بوو

هاوڕێ سوپا نزیک ئۆتۆمبێلەکە خۆی حەشار دابوو کە زانی پێشمەرگەن ئەوسا خۆی ئاشکرا کرد.

کاک مەحمود باسی دۆخی خۆیانی بۆ کرد چەند بێ خۆراکن هاوڕێ سوپا وتی ئەگەر چاوەڕێ بکەن دەچمە ناو شارو خواردنتان بۆ دێنم، هاوڕێ سوپا ڕۆیشت پاش ماوەیەک گەڕایەوە لە تەنەکەیەکدا گۆشتی مریشکی بۆ هێنابوون، دوای ئەوەی پێداویستیەکانیان بۆ هاوڕێ سوپا باسکرد وتی برۆن بەیانی وەرنەوە شەوی دوایی گەڕانەوە شوێنی دیاریکراو هاوڕێ سوپا پێداویستیەکانی بۆ هێنابوون.

## مـــــەحمود ســـەنگاوی وەســـێت دەکات

لە ئەنجامی تەڕبوون و بەرێدا ڕۆیشتنی زۆرو بارانی بـەردەوام، مەحمود سەنگاوی نەخۆش کەوت هەندێک جار باش دەبوو، ئەو ماوەیە بەفرێکی ئەستوور باری، سەرماو ڕەشەبا شاخ و کێوی تەزاندبوو کاک مەحمود گوێی لە بەرادەران بوو دەیانوت وەزعی خراپە ئەویش پێی وتن (ئەم ژیانە پڕ لە مەینەت بارییە کۆتاییەکەی مردنە، مادام لە وڵاتەکەی خۆمداموو لەم خاکەدا ئەمنێنە گۆڕ هیچ دڵگران نیم تەنیا وەسیەتم ئەوەیە بمبەنە دێی زستانە لە تەنیشت گۆڕی شەهید حەمە ئەمین ئێرانیەوە (حەمەمین لەرزانە) بمنێژن کە شەهیدێکی شۆڕشی ئەیلولەو تاکو ئێستا خاوەنی دیار نییە پیاوێکی گومناوی ئەم کوردەیە بە گەورەیی دەزانم لە تەنیشت پیاوێکی شۆڕشگێڕی ئاوادا بمنێنە گۆڕ) زۆری نەبرد کاک مەحمود چاک بووەوەو کۆتایی بە نەخۆشیەکەی هات.

١٩٩٠/٣/١ مەفرەزەکە ئاگاداری برادەرانیان کردەوە مشوری گۆڕینیان بخۆن، ڕۆژی ١٩٩٠/٣/٢٨ لە گەڵ عوسمانی حاجی مەحمود لە سەر هاتنە خوارەوەیان و چوونە پیریانەوە قسەیانکرد.

کاک عوسمان و برادەرانی لە سنووری (بلەکێ) ی ئێرانەوە بەڕێکەوتن، بەردەوام لە سەرە سەعاتەکاندا کاک مەحمود قسەی لەگەڵدەکردن، نەوەک ڕێگە ونکەن.

ڕۆژی ١٩٩٠/٤/٣ کاک عوسمان و مەفرەزەکەی گەیشتنە لای کاک مەحمودوو برادەرانی بەیانی ڕۆژی ١٩٩٠/٤/٤ کاک مەحمود وو کاک عوسمان چوون بۆ

پەناگەی دەڵەکە و بە پێشمەرگەکانیان ووت ئەوانیش دوانیوەڕۆ بەڕێبکەون، پەناگەکە دوو ڕێڕەوی hamووشۆی هەبوو، هێندە قایم کرابوو کەس دەمی چوونە ژورەوەی پەناگەکەی نەدەبینی.

ڕۆژی ١٩٩٠/٤/١٢ مەفرەزەکەی کاک مەحمود بەرەو قۆپی ڕۆیشتن و شەوەکەی گەیشتنە هەرەسەکەی وێڵەکە.

١٩٩٠/٤/١٤ بەرەو پوشێن ڕۆیشتن، بە جادەی سلێمانی عەربەتدا پەڕینەوە، بڕیار بوو دلاوەر عوسمان بێتە پیریانەوە، دەمـەو بەیان لە گەڵ کاک دلاوەر یەکیانگرت و لە تەنکە بوار پەڕینەوە، کاتژمێر (٣) ی نیوە شەو خەوتن، دوای سەرخەو شکاندنێک بەرەو سەر ئاوی بەوزان ڕۆیشتن، کاک دلاوەر مینەکانی سەر ڕێگای هەڵدەگرتەوە.

کاتژمێر (٦)ی ئێوارە پەڕینەوە بەرەو سیرین و بەرەو چیای سورکێو سەرکەوتن، ڕێگاکە بە ڕووی ئێراندا هەمووی (مین) ڕێژکرابوو، ناچار بە سەر بەردا ڕۆیشتن تا گەیشتنە بلەکێ.

ڕۆژی ١٩٩٠/٤/١٧ چەتۆ حەوێزی بە نوێنەرایەتی کاک نەوشیروان هاتە لایان، دوای سێ ڕۆژ حەسانەوە بە ڕێگای سەر شیوی سەقزدا بەرەو مەریوان و کانی دینار کەوتنە ڕێ.

ڕۆژی ١٩٩٠/٤/٢٩ چوونە قاسمە ڕەش، لە لایەن کاک نەوشیروان پێشوازیان لێکرا.

(٩)مانگ مانەوە لە ناو هەردەو هەڵەتی گەرمیان، هەروا ئاسان نییە، ئەوان نەچووبوونە گەشت، نە لە لێواری چەمی ڕۆخانە لە پشوودا بوون، بەڵکو ئەوان ئێشگری نیشتمان بوون، ببوونە ڕەوەزەکانی ئاژداخ و سەگرمە، ببوون بە داربەڕووی ئەو کێوانە لە گەرمیاندا داکوترا بوون، ئەوان بۆ گەل هێزو بڕواو خۆرە تاو بوون، ئەوان خەمی نیشتمانیان لە کۆڵنابوو، خەمی گەلیان لە سەردا بوو ئەوان بەڵێنیان بە شەهیدان دابوو ئاوا بژین، یا خود دەمرین، یا خود دەگەینە ڕاپەڕین سەردەکەوین.

## مـــــــەفرەزەی حـــــەمە ئـــــاخە
## مـــــانگی 1990/8
## حــــــەوت

مانگی (٨)ی ساڵی ١٩٩٠ جارێکیتر مەفرەزەکان بە فەرماندەیی حەمە ڕەش گەڕانەوە گەرمیان بۆ گۆڕینی مەفرەزەکانی خوارەوەو جێگرتنەوەیان.

پێش دابەزین مەفرەزەکەی حەمە ئاخە خولێکی پارتیزانیان بینی، مەفرەزەکانیتریش کە هاوشانی مەفرەزەکەی حەمە ئاخە گەڕانەوە گەرمیان پێکهاتبوون لە مەفرەزەکانی ئەحمەدی حاجی ڕەشید، عەلی سوور، شێخ کەریمی باخی سەروو، مەفرەزەی ڕەئیس.

مەفرەزەکان ٣ تەن ئازوقەیان پێبوو، لە گەڵ حەمە ڕەش چوونە بارەگاکانی تیپی (١٥)ی شارەزور لە (پاوە) چەند شەوێک مانەوە، قسەیان لە گەڵ ڕەبییەی پاسدارەکان لە (تیلەکۆ) کرد بۆ پەڕاندنەوەی ئازوقە و پێداویستییەکان بە ئۆتۆمبێل ئازوقەیان هێنایە نزیک ڕەبییەکانی تیلەکۆ لەوێشەوە بە پشتی (٩) هێستر کە حەمە ڕەش کرێیبوونی ئازوقەکانیان گواستەوە بەری سیروان نزیک قۆرەتوو مەیدان دەیانشاردەوە.

مەفرەزەکانی گەرمیان ئازوقەیان ڕووی لە کزیکردبوو بۆیە دەبووایە مشووری ئازوقە بخۆن و لە ئێرانەوە ئازوقە بهێنن.

حەمە ڕەش هەندێک چووپی هێنابوو بۆ پەڕینەوە، سەلامی کوێخا عەزیز و شێخ عەبدوڵڵا لە چووپەکان چەند بەلەمێکیان درووستکرد، پێشمەرگە و ئازوقەکانیان بە ئەو بەلەمە چووپانە دەپەڕاندەوە، هێسترەکانیشیان بە یەکەوە دەبەستەوەو لە زێی سیروان دەیانپەڕاندەوە ئەو بەر بۆ پاریاوڵەو لە پاریاوڵە هەر مەفرەزەیەو ئازوقەی خۆی باردەکردوو دەیبرد بۆ شوێن مەفرەزەکەی خۆی هێسترەکان زۆر ماندوو هیلاک بوون لە ماوەیەکی کەمدا (٨) هێستریان مردن و تەنها یەک هێستر مایەوە ئەویش بە بارێک پەتاتەوە کە پارتیزانەکان دەیانگواستەوە کەوتە کەمینەوەو دەستگیرکرا، دوای ڕاپەڕین لە کەلار لە جاشەکانیان سەندەوە.

## شـــــوێن مـــــەفرەزەکەی حـــەمە ئاخە

مەفرەزەکەی حەمە ئاخە لە سنووری خورماتوو ناوچەی داوێ دەمانەوە، چەند شوێنێکیتریشیان هەبوو بە ناوی (غازەکە[٧٦]، هەردەی تاوێرکەوە) هەندێک جار لەوێش دەمانەوە.

مام برایم پیاوێکی مەڕدار بوو خەڵکی خورماتوو بوو، بنەڕانی هەبوو بەخێویدەکرد، ڕۆژانە دەهاتە لای بنەڕانەکانی و دەگەڕایەوە خورماتوو، شەوانەش کوڕەکانی دەمانەوە، مام برایم پەیوەندی لە گەڵ حەمە ئاخە هەبوو، مەفرەزەکە هەر چیان پێویست بوایە مام برایم لە دووز بۆی دەهێنان، خێمەیەکی لای بنەڕانەکە هەڵدابوو ببووە شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە.

شوێنێکیتریان هەبوو بۆ مانەوە ناوی (دیوەخانەکە)[٧٧] بوو، نزیک دێی تەکیەی ناوزەنگنە بوو، شوێنێکی تریشیان هەبوو پێیان دەوت (دەڵەکە)[٧٨].

ناوی مەفرەزەکە

١- محەمەد حسێن سلێمان (حەمە ئاخە)
٢- بەهادین مەحمود ئەحمەد
٣- لوقمان عەزیز کەریم (لوقمان چاوڕەش)
٤- ئازاد حەسەن تۆفیق
٥- نادر مەجید جوامێر
٦- سەلام حەمید ئەحمەد

مەفرەزەکەی حەمە ئاخە لەم ناوچەیەدا مانەوە، بۆ هێنانی خواردەمەنی دەگەڕانەوە بەری سیروان بۆ خوڕخوڕەو خواردنیان دەهێنا بۆ مەفرەزەکە کە لە بەری سیروان شاردبوویانەوە.

## کـــــێوماڵی نـــــاوچەکە

٧٦ هەندێک فیرار لە هەیەرەسور غازێکیان جێهێشتبوو ناویان نابوو شوێنی غازەکە.

٧٧ دیوەخانەکە شوێنێکی تەخت و خۆش بوو بەتانی و زۆپای تیابوو ناویان نابوو دیوەخانەکە.

٧٨سەگێک لەوێ ترەکیبوو، پێشمەرگەکان دەریان کردبوو چوبونە شوێنەکەی، بۆیە پێیان دەوت دەڵەکە.

زستانی ساڵی ١٩٩٠، بەیانیەکی سارد لە پەناگەی دیوەخانەکە بوون بەیانی زوو حەمە ئاخە وتی هەستن چوار دەورمان گیراوە، بە پەلە خۆیان کۆکردەوەو چوونە شوێنی ئێشکگرییەکە، بە بنچک دەوریان گرتبوو تا دیار نەبێت.

چەمێک لە کەریم باسامەوە دەڕۆی بەرەو کوڕەو سێپا، هێزەکانی داگیرکەر چەمەکەیان گرتبوو، ئازوقەی پێشمەرگەکانیان دۆزیبوەوە تێکەڵ و پێکەڵیان کردبوو، بەڵام نەهاتنە شوێنی پێشمەرگەکان لە پەناگەی دیوەخانەکە.

چەند جارێکیتر هێزەکانی داگیرکەری عێراق کێوماڵی ناوچەکەیان کردبوو، مەفرەزەکەی حەمە ئاخە چووبوونە نزیک ئەشکەوتی داری خلە بۆ هێنانی ئازوقە، هێزەکانی ڕژێم کێوماڵی سنوورەکەیان دەستپێکرد، لە پەناو پەسێری ناوچەکە خۆیان حەشاردا تا هێزەکەی داگیرکەر کشانەوە، جارێکیتریش ڕژێم کێوماڵی ناوچەکەی دەستپێکرد بۆ سنووری پەناگەی دیوەخانەکە، بەڵام پێشمەرگەکان سەلامەت دەرچوون.

## هـــاتنەوە ســـــــلێمانی

بەهادین و لوقمان هاتنەوە سلێمانی، نزیک تانجەڕۆ تا چاویان بەکەسووکاریان بکەوێت، لە نزیک تانجەڕۆو شاخەکانی ئەوبەری سلێمانی دوو فەوجی خەفیفەی لێبوو، بەشێک لە ڕەبییەکان چۆڵیانکردبوو، مەفرەزەکەی شێخ کەریم کە لە سنورەکە بوون چووبوونە ناو ڕەبیەیەک کە لە ناوەڕاستی دوو ڕەبییەی، دوو فەوجە خەفیفەکەدا بوو، هەر ڕەبییەیەک وایان دەزانی ڕەبییەی فەوجەکەیترە.

لە پشتی شێخ وەصاڵ کانیەک هەبوو، پێشمەرگەکانی مەفرەزەکەی شێخ کەریم و جاشەکانی ڕەبیەکان لەو کانیە ئاویان دەبرد.

بەهادین لە سلێمانیەوە گەڕابووەوە لای مەفرەزەکەی شێخ کەریم کە لە ڕەبییەکەدا بوون، بەڵام هێشتا لوقمان چاوڕەش لە سلێمانی بوو، بەهادین لای مەفرەزەکەی شێخ کەریم چاوەڕێی لوقمانی دەکرد تا بگەڕێتەوەو بە یەکەوە بڕۆنەوە لای مەفرەزەکەی خۆیان لە داوێ.

دووربینەکەی حەمە ڕەش لای مەفرەزەکەی شێخ کەریم بوو، کاتژمێر (٨) ی بەیانی بەهادین ئێشکگربوو، بە دووربین تەماشای سەربازگەی کانی گۆمەی دەکرد، لاندکرۆزێک و دوو ئیڤاو جێب قیادەیەک بەرەو تانجەرۆ دەهاتن و پەڕینەوە شێخ وەسالْ.

بەهادین شێخ کەریم و مەفرەزەکەی لە بارودۆخەکە ئاگادار کردەوە، هەستان و خۆیان کۆکردەوە، تەماشایانکرد لە شێخ وەسالْ فیرارەکان خۆیان پەنادا بوو لە ترسی هێزە سەربازییەکە بەرەو ڕەبییەکەی شێخ کەریم هەڵکشان، جاش و سەربازەکان بەرەو دارۆغا و گۆپتەپە ڕۆیشتن، تا دوای نیوەڕۆ لە سنوورەکە مانەوە.

دوای کشانەوەی هێزەکە، فیرارەکان بەرەو ڕەبییەی شێخ کەریم هاتن، شێخ کەریم بەهادینی نارد تا بزانن چیاندەوێت، فیرارەکان وایان دەزانی ڕەبییەی جاشە، بۆیە داوایاندەکرد لای خۆیان وەریانگرن، شێخ کەریم هاتە خوارەوەو پێیوتن میلاکمان تەواوە کەسیتر وەرناگرین.

بۆ ڕۆژی دواتر لوقمان چاوڕەش گەڕایەوە و لە گەڵ بەهادین گەڕانەوە لای مەفرەزەکەی خۆیان، سەرحەد دۆڵانی لە مەفرەزەکەی شێخ کەریم بەهادین و لوقمانی بەڕێکرد تا دۆڵانی سەروو، ناونیشانی مەفرەزەکەی ڕەئیسی پێدان، شەوێک لەوێ مانەوە، بۆ ڕۆژی دوایی گەڕانەوە لای حەمە ڕەش، لەوێشەوە گەڕانەوە لای حەمە ئاخە.

ڕۆژی ڕزگاری و ڕاپەڕین نزیک بووەوە مەفرەزەکانی گەرمیان بە فەرماندەیی حەمە ڕەش دابەزینە کفری، کەلار، خورماتوو ئەو شارانەیان ڕزگارکرد.

بەهادین و ئاری لای جیهازە ڕاکاڵەکە مانەوە، تێکڕای هەواڵ و چالاکییەکانی پێشمەرگەیان لە ڕێگەی جیهازەوە دەگەیاندە کاک نەوشیروان و ئیزگە.

# مـــــەفرەزەی مەحمـــــــودی مامە عـــــەزە هەشـــــــت

تیپی ١٧ی زمناکۆ بە فەرماندەیی جەمیل هـەورامـی بـەشـداری شـەڕەکانی سەرکردایەتیانکرد، مەحمودی مامە عەزە جێگری تیپ بوو دوای بەشداری لە شەڕەکانی سەرکردایەتی هاتنەوە دۆڵی قەرەداخ.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤ لە دێی دەرەوار کۆبوونەوە، ئەنفال لە قەرەداخ و گەرمیان دەستیپێکردبوو، دۆخێکی نائارام هاتبووە ئاراوە، پێشمەرگە سەر پشککران لە مانەوە، تەسلیم بوونەوە، چوونە ئێران، مەحمودی مامە عەزە بە پێشمەرگەکانی ووت من نارۆمە ئێران لە دیوی قەرەداخ دەمێنمەوە، هەر کاتێک فشارمان کەوتە سەر لە لایەن ڕژێمەوە دەتوانین لە دیوی گەرمیان بمێنینەوە، هەر لەوێدا چواردە پێشمەرگە بڕیاریاندا لە گەڵ مەحمودی مامە عەزەدا بمێننەوە، خێزانەکەی و دوو مندالی، فاتمە خان، شێرکۆ و شادی لە گەڵی مانەوە.

حەمە لەتیف پێشمەرگە بوو لە شەڕەکاندا بریندار ببوو داوای لە مەحمودی مامە عەزە کرد جێینەهێڵن، کاک مەحمود حەمە لەتیفی جێنەهێشت و لە گەڵ خۆیاندا بردی.

مەفرەزەکە دوو وولاخیان پێبوو حەمە لەتیفیان سـواری وڵاخێک کردوو بەڕێکەوتن چوونە دێیەک لەولای دەرەوار، شەو لەوێ مانەوە بۆ بەیانی بەرەو قۆپییەکانی قەراخ ڕۆیشتن لە نزیک قۆپی حەمەی هەواس پشوویاندا دەنگی تەقە دەهاتە گوێ، بەشێک لە هێزەکانی مەجلیسی ئەعلا لە قۆپی حەمەی هەواس و شاخی زەردە بوون لە گەڵ هێزەکانی داگیرکەر تووشی شەڕ هاتبوون، پێشمەرگەکان خۆیان لە شەڕەکە لاداو تێکەڵی نەبوون.

دنیا تاریکداهات مەفرەزەکە بەڕێکەوتن تەقە تەقی پێی وولاخەکان دەهات تەقەیەکی زۆریان لێکردن، ئەو شەوە لە دۆڵێکدا مانەوە بەیانی کە ڕۆژ هەڵات تەماشایانکرد لە ناو ڕەبییەکانی دوژمندان، خۆیان لە دۆڵەکەدا پەنا داو دەمی وڵاخەکانیان بەستەوە تا دەنگیان لێنەیەت و نـەزەڕن، ئەو ڕۆژە بارانێکی زۆر لێیدان لە کۆڵە پشتەکانیاندا ناو ساجیان پێبوو نانیان خوارد، خواردنێکی زۆر لە

قۆپییەکان و شیوو دۆڵەکانی (قەراخ) دا جێمابوو، خواردنەکان و هەندێک بەتانییان هەڵگرتەوەو کە شەو داهات دەرچوون بەڵام شارەزا نەبوون، مەحمودی مامە عەزە چووە کانی مامشە لە بناری شاخی مەڕۆگە لە پشتی دێی بەڵخە، هێزەکە بەڕێکەوتن و گەیشتنە ئەوێ و کردیانە بنکەی مانەوە، هێزەکە لە بناری شاخی مەڕۆگە بوونە دوو بەشەوە لەمبەراوبەری ئەشکەوتەکە مانەوە.

+ مەحمودی مامە عەزە و خێزانەکەی لە گەڵ قارەمانی مامە عەزە و صدیقی عەلی تۆفیق، +محەمەدی حاجی فایەق و حەمە لەتیف لە ئەشکەوتێک بوون.

+ کەمال بەڵخەیی، بەکر ئاڵیاوایی، حەمە سەعید حاجی تۆفیق، حەمەی عەبەی سەمین، جەزا عەلی محەمەد پەنچەرچی، حەمە شوان، حەسەن ئاربیجی لە ئەشکەوتەکەی بەرانبەر بوون.

مەفرەزەکە لەو دوو ئەشکەوتەدا مانەوە بە دووربین چاودێری جمووجۆڵی سەربازەکانیاندەکرد، ئەو شوێنانەی کەلووپەلیان لێبەدیبکردایە شەوانە دەچوون دەیانهێنا، لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا ئازوقەیەکی زۆریان کۆکردەوە، زیاتر لە (٥٠) فەردە برنج و ڕۆن و شەکرو فاسۆلیا و چاو دۆشاوی تەماتە و ئاردیان کۆکردەوەو لە ئەشکەوتەکاندا دەیانشاردەوە، خواردنەکانیان بە سەر (١٠) ئەشکەوتدا دابەشکردبوو.

دوای (١٠) ڕۆژ مانەوە (٢٠) سەر ئاژەڵیان لە دەشتی ئاوە سپی دۆزیەوە، هەموو ڕۆژێک ئاژەڵێکیان سەر دەبڕی، ئاژەڵەکان زابوون کاریان لە گەڵدا بوو ئەگەر بزنێکیان سەر بڕیایە کارەکە دەیباڕاند بۆیە بزن و کارێکیان بەیەکەوە سەر دەبڕی.

حەمە لەتیف بریندار بوو لە گەڵ مەفرەزەکە هاتبوو پێش ئەوەی بێنە ئەشکەوتەکان، دکتۆرێک کە لە گەڵ هێزەکاندا بوو جانتایەک حەب و دەرزی و لەفافی دابووە محەمەدی حاجی فایەق فێری دەرزیلێدان و تەداویکردبوو، ئەو ماوەیە محەمەدی حاجی فایەق ببوو بە دکتۆر چارەسەری حەمە لەتیفی دەکرد، ئەگەر حەمە لەتیف بیوتایە ئازارم هەیە محەمەد دەیوت هەر ئەوەندەی لێدەزانم، هەر ئەوەیە، هەر جارێک بزنێکیان سەر دەبڕی جگەرەکەیان دەدایە حەمە لەتیف،

محەمەدی حاجی فایەقیش دەیوت لەو جگەرەم نەدەنێ دکتۆریم پێناکرێت، حەمە لەتیف بەشێک لە جگەرەکەی دەدایە.

پێشمەرگەکان هەویریان دەشێلا، خواردنیان دروستدەکرد چێشتیان لێدەنا، ناوساجییان دروستدەکرد شەوانە لە بەر ڕووناکی ئاگرەکە نەیاندەتوانی ئاگر بکەنەوە ڕۆژانەش لە بەر دووکەڵ، مەحمودی مامە عەزە دارێکی دۆزیبووەوە ناوی (قەرەقاج) بوو ئاگری هەبوو بەڵام دووکەڵی کەمبوو، ئاگردانیان لە شوێنی نەوی و پەنا دروستکردبوو ئەگەر دووکەڵیش هەبوایە تا دەگەیشتە ئاستی شاخەکان و بەرز دەبووەوە پێچی دەخواردوو نەدەما.

شەوانە دەچوونە سەر کانی بۆ ئاو هێنان لە چوون و گەڕانەوەدا لقی داریان بە دوای خۆیاندا ڕادەکێشا تا جێپێیەکان دەرنەچن، هەندێک جار ڕۆژانە دەچوون بۆ ئاو هێنان گەڵایان لە خۆیان دەپێچا تاوەکو درەخت دەرکەون دەوەستان و دەجوولان، دەبەی ئاوەکەیان بە گوێنی پێچابوو تا ڕەنگی خاکەکە بگرێ و ڕەونەق نەداتەوەو نەبریقێتەوە.

مەفرەزەکە تا ماوەی (٢٠) شەو (بێتەل) یان نەکردەوە، نەبا شەپۆلەکانی ئاشکرایان بکات، لەو ماوەیەدا پەیوەندیان لە گەڵ هیچ لایەک نەمابوو.

شەوێک حەمە شوان پاسەوان بوو گوێی هەڵخستبوو لە ناکاو دەنگێک لە دوور هاتە گوێ بانگیدەکردن، حەمە شوان هاتە لای مەحمودی مامە عەزە و پێیوت دەنگێک لە خوارەوە دێت بانگمان دەکات، کاک مەحمود بە پێشمەرگەکانی ووت وڵاخەکان بەرن و ڕووبەڕووی دەنگەکە بەرەڵڵایان بکەن با بڕۆن ئەگەر دوژمن بێت تەقەیان لێدەکەن، هەر دوو وڵاخەکەیان بەرەڵڵا کرد بەڵام کەس تەقەی لێنەکردن.[٧٩]

حەمە شوان ئەو شەوە نەخەوت، تاریک و ڕوونی بەیانی بە دووربین لە دەورووبەری دەڕوانی کەسێکی بەدیکرد وتی کاک مەحمود دەنگەکەم دۆزیەوە، تەماشایانکرد کەسێک بەرەو شاخەکە دێت، کۆڵێکی پێیە بانگی قارەمان و صدیقی

٧٩ وڵاخەکان هۆگری پێشمەرگەکان بوو بوون، بەڕۆژ بەرەڵڵایان دەکردن کۆپانەکانیان لێ دەکردنەوە، شەوانەش دەیانگرتنەوە کۆپانەکانیان دەخستەوە سەر پشتیان و باریان پێ دەهێنان، بۆیە مەترسیان لە بەرەڵڵا کردنی وڵاخەکان نەبوو.

دەکرد کە نزیک بووەوە صدیق وتی ئەوە ماممە، صدیق بانگی مامیکرد بانگمان مەکە لێرەین با پێمان نەزانن، محەمەدی حاجی فایەق و قارەمان و صدیق و حەمە شوان بەرەو پیری ڕۆیشتن لە دۆڵێکدا بوو کۆڵە پشتەکەی پێڵاوو پاتری بێتەل و جگەرەو کیلۆیەک پاقلاوەی تیابوو، پێشمەرگەکان ئەو ڕۆژەیان کردە ئاهەنگ. [80]

سەرەتای پەیوەندی پێشمەرگەکان لە گەڵ شاردا لە دوای ئەنفالەکانەوە لێرەوە درووستبوو، پاش ماوەیەک مامۆستا هادی ئەحمەد ڕەسوڵ، ئیسماعیل سۆفی مەحمود، محەمەد سۆفی مەحمود، جەمالی حاجی عەلی، عەبدوڵڵای حاجی عەلی خەلیل ئەحمەد ڕەسوڵ هاتنە لای مەفرەزەکەو پێداویستییان بۆ هێنان و پەیوەندیەکانیان درووستکردەوە.

حەمە لەتیف تەندرووستی بەرەو باشتر دەچوو، محەمەدی حاجی فایەق تەداویدەکردوو دەرزی لێدەدا، خواردنی باشی خواردبوو بوژابووەوە، هەر بۆیە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی شارەوە حەمە لەتیفیان ناردەوە شار، تا وای لێهات پێشمەرگەکانیش هەندێک شەو دەچوونەوە شار.

دوای دوو مانگ مانەوە لە کانی مامشە شوێنەکەیان گواستەوە چوونە قۆپی دەربەند مەسوران لە سەرووی ئاوە سپی، پەیوەندیەکان لە گەڵ ناو شار بەردەوام بوو، شوێنی یەکتر بینینی مەحمودی مامە عەزەو ڕێکخستنەکان لە سەرچەمی دێوانە بوو، مەحمودی مامە عەزە، صدیقی عەلی تۆفیق، کەمال و بەکر دەچوونە شار.

## شـــــەوی تـــــاریکی خـــیانەت

شەوێک بە ئارامی چاوەکانیان چووبووە خەو، پێخەفی ئەوان ئەشکەوت و بن کەلۆەزو گابەردەکانی قەراخ بوو، خەمی گەلێکی ستەمدیدەیان لە کۆڵ نابوو ئەوان لە خەودا بوون گیانی خۆیان سپاردەی ئێشکگری شەو کردبوو، ئێشکگری شەو بە چەند دەستڕێژێک کۆتایی بە ژیانی چەند پێشمەرگەیەک هێنا.

[80] سێ پێشمەرگەی مەفرەزەکە تەسلیم ببوونەوە، کەسوکاری پێشمەرگە هەواڵی کوڕەکانیان لێ پرسیبوون، ئەوانیش وتبوویان لە هیچ شوێنێک باسی نەکەن با حکومەت نەزانێت، ئەوان لە دۆڵی قەرەداخن، بۆیە مەلا مەحمود مامی صدیق ملی ڕێگەی گرتبوو تا سۆراخی صدیق و هاوڕێکانی بکات.

لە شیرین خەودا هاوڕێکانی دایە بەر دەستڕێژی گوللەو تەسلیم بە داگیرکەر بووەوە.

لەو گەورە تاوانەدا:

+ قارەمان مامە عەزە

+ شێرکۆ مەحمود مامە عەزە

+ حەمە شوان عەلیاوایی دەستبە جێ گیانیان سپاردوو شەهید بوون، فاتمەی خێزانی مەحمودی مامە عەزەو محەمەدی حاجی فایەق بریندار بوون.

چوار پێشمەرگەی مەفرەزەکە چوو بوون بۆ دیداری ڕێکخستنەکان، لەو چوار پێشمەرگەیەش دوانیان تەسلیم بوونەوە، دوانەکەیتریش پاش ماوەیەک تەسلیم بوونەوە تەنها صدیقی عەلی تۆفیق لە گەڵ مەحمودی مامە عەزە مایەوە.

لە ڕێگەی ئەنوەری مەجید قادر زەهاوی کە لە ناو شاردا کاری بۆ پێشمەرگە دەکرد، محەمەدی حاجی فایەق و فاتمەی خێزانی مەحمودی مامە عەزەیان بردە دەربەندیخان لەوێشەوە بۆ سلێمانی و پیشانی دکتۆریاندان دوای چارەسەری سەرەتایی و چەند ڕۆژێک مانەوە لە سلێمانی بردیاننە ڕانیەو تۆسووران لەوێشەوە بۆ قرناقاو پشت ئاشان.

مەحمودی مامە عەزە لە قەراخ مایەوە شەهیدەکانیان لە ئەشکەوتێکدا شاردەوە تا دەست داگیرکەر نەکەون دواتر گواستیانەوە شوێنێکیترو لەوێ بە خاکیان سپاردن، لە گەڵ زانینی هەواڵی کارەساتەکە ڕێکخستنەکانی دەربەندیخان گەیشتنە لایان دوای چەند مانگێک مەحمودی مامە عەزە گەڕایەوە ئێران.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٨ تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ چەندین پێشمەرگە لێرەو لەوێ بە دەستی هاوڕێکانیان و پیلانی دەزگا جاسووسییەکانی ڕژێم و مەفرەزەی خاصە شەهید کران، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە کردنە شەهید کردنی پێشمەرگە بە دەستی هاوسەنگەرەکانی خۆیەتی کە لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینە بەرچاو، کورد وتەنی (چەم بێ چەقەڵ) نابێت، شۆڕشێکی گەورەو فراوانیش بەدەرنابێت لەو ڕووداوانە، نموونەی شۆڕشەکانی دنیاش زیندوون و دەیان وێنەی لەو جۆرە دەخەنە بەرچاو.

+ شەهید کردنی پۆلێک پێشمەرگەی حزبی شیوعی ملازم سەعید و هاوڕێکانی.
+ +شەهید کردنی (حسێن ڕەحیم) ناسراوو بە (هـەژار) و هاوڕێکانی، دوای شەهیدکردنیان سوتاندنی لاشەکانیان کە بکوژەکانیان نەناسراوو بوون.
+ شەهید کردنی ئەحمەد حاجی محەمەد کادێری کۆمەڵە و بردنی کەللە سەری بۆ داموو دەزگاکانی ڕژێم.
+ خستنە داوی هاشم شەمامکی و ئیسماعیل مۆرتکەیی
+ لە داوخستنی (حەسەن حەمید) کادیری ڕێکخستن لە لایەن مەفرەزەی تەواری کفری.
+ شەهید کردنی هاوار، کەریم کۆمەڵە، نوری بان ئاسیاوی لە نزیک کەلار.
+ شەهید کردنی قارەمان مامە عەزە، شێرکۆ مەحمود مامە عەزە، حەمە شوان، بریندار بوونی محەمەدی حاجی فایەق و فاتمە خان.
+ خستنە داوی نامیق لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و وشیاری کادر لە تیپی ٨٧ی قەرەچوخ

## مـــــەفرەزەی سەلام کوێخا عـــــەزیز، مەحمود مامە عـــــەزە مــــانگی 1989/6

ساڵی ١٩٨٩ دوو مەفرەزە بە فەرماندەیی سەلامی کوێخا عەزیزو مەحمودی مامە عەزە هاتنە خوارەوە لە دیوی بەمۆ هاتنە کانی (وەیسکی) ڕۆژێک لەوێ مانەوە دواتر هاتنە سەرتەک لە سەرتەک هاتن بە دیوی (دەربەندیخان) دا، بە گەیشتنیان بۆ ناوچەکە هەر دوو مەفرەزەکە لە یەکتری جیابوونەوە، ڕۆژانە لە ڕێگەی (بێتەل)ەوە پەیوەندیان لە گەڵ یەکتر هەبوو.
مەفرەزەکەی سەلامی کوێخا عەزیز هاتنە (قەواڵی) مەحمودی مامە عەزە لە بناری چیای خۆشک لە داڵەلیان مانەوە.
چەند جارێک هێزەکانی داگیرکەر کێوماڵی ناوچەکەیانکرد بەڵام پێشمەرگەکان خۆیان دەپاراست تا تووشی شەڕی نابەرابەر نەبن، هەر دوو مەفرەزەکە ماوەی

چوار مانگ مانەوە.

لە ڕۆخی سیروان پێشمەرگەکان بە چووپ دەپەڕینەوە بۆ بەری دەربەندیخان هەندێک دەواجـن و شـوان و کرێکاری غەسالەی لێبوو خـزم و کەسووکاری پێشمەرگەکان بوون لە ڕێگەی ئەوانەوە ئیش و کاری ناو شاریان جێبەجێدەکرد، خواردن و پێداویستیان بۆ دەهێنان و بە کۆڵ دەیانبردە بنکەکانیان.

## دکـــــــتۆر قـــــاسم

شەوێک ڕێگەیەکی دووریـان بڕی چوونە باخی ماڵی سەلامی کوێخا عەزیز، نزیک مانگی (١١) بـوو هەنار خۆش ببوو، باخەکە هەناری گـەورەی گرتبوو، پێشمەرگەکانیش ماوەیەک بوو میوەیان نەخواردبوو هەر پێشمەرگەیەک کۆڵێ هەناری لێکردەوەو هەنارێکی زۆریان خوارد، دکتۆر قاسم هەناری زۆر خواردبوو سکی هاتە ژان، بە پێشمەرگەکانی دەوت چیبکەم، پێشمەرگەکانیش ووتیان تۆ دکتۆری ئێمەیت، ئەگەر ئێمە شتێکمان لێبێ دەبێ تۆ چاکمان بکەیتەوە بۆ بە ئێمە دەڵێی چیبکەم، ئیتر بوو بە پێکەنین کۆڵەکەیان بۆ هەڵگرت و ڕۆیشتن، دکتۆر تەندروستی باشتر بوو.

مەفرەزەکە لە سەر داوای سەرکردایەتی پێنج کادیری مەجلیسی ئەعلایان لە ئێرانەوە هێنایە گەرمیان و تەسلیمی کاک کوردۆیان کرد.

دوای سێ مانگ عەرەبەکان گەڕانەوە، هەمان مەفرەزە چوونەوە بە دوایاندا لە بەری سیروان لە کاک کوردۆیان وەرگرتن، هاتنە بووکاو لە شاخی خۆشک لەوێ مانەوە برنج و ڕۆن و خواردنیان شاردبوەوە، دەیانویست خواردن درووستبکەن بەڵام قاپ و قاچاخیان نەبوو، سەر شاخەکە جێگەی ڕەبییەو مۆڵگەی دوژمن بوو چۆڵیان کردبوو، سەلامی کوێخا عەزیز گەڕا سێ خودەی سەربازی دۆزییەوە برنجیان لە خودەکاندا لێنا، عەرەبەکان سەریان سوڕما بوو خودەو برنج پێکەوە.

**ناوی ئەو پێشمەرگانەی بە کلافەی یادەوە ماون:**

١- مەحمودی مامە عەزە

٢- سەلامی کوێخا عەزیز

٣- ئەحمەد ئاربیجی
٤- صدیقی سۆفی مەجید
٥- صدیق عەلی تۆفیق
٦- فەلاح کوێخا عەزیز
٧- ئاپۆ
٨- ئەحمەدی حاجی عەزیز
٩- ڕەحمانی میمکە یاسە
١٠- صلاح تاڵەبانی
١١- دکتۆر قاسم
١٢- حسێن حامید

## بـــــەرەو ڕاپــــــەڕین

سەرکردایەتی (ی ن ک) لە پاوە کۆبوونەوەیەکیان بە هێزی پێشمەرگە کرد، شارو شارۆچکەکانی کوردستانیان بە سەر هێزەکاندا دابەشکرد، هەر فەرماندەو هێزێک ناوچەیەکیان ڕووبەڕووکردنەوە، ڕزگار کردنی دەربەندیخان بە سەلامی کوێخا عەزیز سپێردرا، هێزەکە پێکهاتبوو لە (٣٥) پێشمەرگە، سەلامی کوێخا عەزیز فەرماندەی بوو مەحمودی مامە عەزەش جێگر بوو هێزەکە هاتنە (بانی بی) پێشمەرگە دابڕاوەکان هاتنە لایان، سەلامی کوێخا عەزیز و مەحمودی مامە عەزە نامەیان دانێ بۆ خەڵکی دەربەندیخان و پیاوانی ڕژێم تا هاوکاریان بکەن لە ڕاپەڕین دا لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٩ دەربەندیخان ڕزگار کرا.

******

ڕزگار کردنی تێکڕای ناوچەی گەرمیان و گەرمەسێر بە سەر چەند یەکەو قۆڵێکدا دابەش کرابوو بەم جۆرە:

+ ڕزگار کردنی دەربەندیخان سەرەتا بە مەحمود سەنگاوی سپێردرا، بەڵام کاک مەحمود گواسترایەوە بۆ میحوەر، ڕزگار کردنی دەربەندیخان بە سەلامی کوێخا عەزیزو مەحمودی مامە عەزە سپێردرا.

+ ڕزگار کردنی باوەنور بە کوردۆ قاسم سپێردرا.
+ ڕزگار کردنی کەلار بە عەدنانی حەمەی مینە سپێردرا.
+ رزگارکردنی خانەقین بە عەلی شامار سپێردرا.
+ ڕزگارکردنی صمود بە مامۆستا عەلی سپێردرا.
+ ڕزگارکردنی کفری بە حەمە ڕەش سپێردرا.
+ ڕزگارکردنی خورماتوو بە عوسمانی حاجی مەحمود سپێردرا.
+ ڕزگارکردنی زەنگاباد بە عادل شکور سپێردرا، دواتر عادل شکور گواسترایەوە بۆ کفری بورهانی حەمەی مینە هاتە شوێنی، هەر لەوێش شەهید بوو.

## مـــــــەفرەزەی شـــــــاهۆ
## شـــــــاهۆو بـــراکانی
## نـــــــۆ

هێندە نەبوو ئەنفالی دۆڵی جافەتی کۆتایی هاتبوو سەر پاکی سەرگەڵو بەرگەڵۆ، دوانزە دێی دۆڵێ، دۆڵی جافەتی و ناوچەی دووکان کەوتبوونە دەستی داگیرکەر، هێندە نەبوو سوپای ڕەشی داگیرکەر ماڵ و حاڵ و داروو پەردووی دێیەکانی دۆڵی جافەتی یەکسانی خاک کردبوو، هێشتا دووکەڵی سەر ماڵەکانی سەرگەڵوو، شەدەڵە و هۆمەر قەوم هەر پێچیدەخوارد، هێشتا کارو کاژۆڵەکانی هەڵەدن لە بارە نەکەوتبوون، ناوچەی قەرەداخی جوان و دڵگیر لە ژێر سەردێڕی ئەنفالی (دوو)دا کەوتە بەر شاڵاوی دڕندانەی حزبی بەعس و سوپاکەی.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شاخی زەردە بەرگری دلێرانەیانکرد دەیان کەلاکیان لە هێزەکانی داگیرکەر خست تا دوا هەناسە بەرەنگاری داگیرکەر بوونەوە، شاهۆو براکانی لەو بەرگرییە کەم وێنەیەدا ڕۆڵی کاریگەریان بینی و چۆکیان بە داگیرکەر دا، بەڵام شاڵاوەکانی ئەنفال لە ناوچەی (قەرەداخ) دا هێند بەرفراوان بوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناچار بە پاشەکشە کرا.

شاهۆ فەرماندەی کەرت بوو لە مەڵبەندی یەک، لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال لە قەرەداخ مایەوە، شاهۆو چوار برای تری (٥) پێشمەرگەی قارەمان لە توونی بابا عەمرەو قۆپی حەمەی هەواس و شاخی زەردەو بناری بەمۆ بنکەو حەشارگەیان بنیادناو بە پارتیزانی مانەوە.

شوێنی سەرەکی مەفرەزەکە لە شاخی زەردە بوو ئەشکەوتێک ببووە ماڵ و پەناگەیان کە هەر خۆیان پێنج براکە ڕێگەیان پێدەزانی و ڕێگەیان دەبردەوە سەر.

**پێنج براکە:**

١- حەمە کەریم ئەحمەد مەحمود (شاهۆ)

٢- هادی ئەحمەد مەحمود

٣- حەسەن ئەحمەد مەحمود

٤- عەتا ئەحمەد مەحمود

٥- جوامێر ئەحمەد مەحمود

پێنج برا مەفرەزەیەک بوون هەندێک جار لە یەکتر دادەبڕان دواتر یەکیان دەگرتەوە، جوامێر دەچووە نزیک ئۆردوگای نەسر لە ناوباخ و بێستانی خزمەکانی دەمایەوە.

خزموو کەسووکاریان هاوکاریان دەکردن خواردن و پێداویستیان بۆ دابین دەکردن، تالیب حاجی حەمە ساڵح، مامە قالە، ساڵحی حاجی عەلی قۆپی، فەریق حاجی حارس، کامیل حاجی عەبدوڵڵا حەمەی ئەحمەد، خواردن و کەلووپەلیان بۆ دەهێنان بۆ چەمی دەرەدوێن و[٨١] تونی بابا عەمرە[٨٢] بۆیان دادەنان ئەمانیش دەچوون خواردنەکانیان دەهێناو بە کۆڵ دەیانگواستەوە هەر چەندە ووڵاخیان هەبوو بەڵام زۆر پێویست نەبوایە بەکاریان نەدەهێنا، لەوە دەترسان جێ سمی ووڵاخەکە جێبمێنێ و ئاشکرا بن.

شاهۆو براکانی لە شاخی زەردە و قۆپیەکانی قەرەداخ بوون، دوای ماوەیەک لە

[٨١] چەمی دەرەدوێن چەمێکی قوڵەو ئەکەوێتە دیوی گەرمیانەوە، بە نزیک شاخی زەردەدا دادەگەڕێتە سیروان.
[٨٢] تونی بابا عومرە شاخێکی سەخت و یاخیە لە نزیک دەربەندیخان.

تەنیایی و دابڕان عوسمانی حاجی مەحمودیان بینی، مەفرەزەکەی ڕەیس هاتبوونە خوارەوە بۆ قەرەداخ کاک عوسمان هاتبوو بە پیر مەفرەزەکەوە لەوێ جوامێرو شاهۆی بینیبوو.

جوامێر ٢٢ ڕۆژ لە براکانی دابڕا دواتر یەکیانگرتەوە شاهۆ کەوتە لای کاک عوسمان ماوەیەک لە گەڵ کاک عوسمان و عەدالەت و ڕەیس لە سەر چەمی ئاوە سپی مایەوە.

لە سەر داوای ڕەیس شاهۆ پەیوەندیکرد بە براکانیەوە خواردن و کەلوپەل بۆ مەفرەزەکەی ڕەیس بکڕن کە ئەو کات کاک عەدالەت و دوو پێشمەرگەیتر لە گەڵ کاک عوسمان هاتبوونە ئاوە سپی، ڕەیس ئەو کاتە بۆ چارەسەر گەڕابوەوە سلێمانی و دواتر گەڕایەوە لایان.

دوای کڕینی خواردن و پێداویستیەکان عەدالەت و هاوڕێکانی گەڕانەوە قەرەداخ و بنکەیان لەوێ دانا.

عوسمانی حاجی مەحمود، جوامێری بینیبوو پێیوتبوو وەرە بۆ ئەشکەوتی زەلەکە نێوان قۆپی و زەردە لیکاو، جوامێر بەڕێکەوت بۆ ئەشکەوتی زەلەکە بۆ لای کاک عوسمان، ملازم عەباس چاوی بە جوامێر کەوت هاواریکرد بۆ شاهۆ، جوامێر دەنگی هەڵبڕی و پێیوت من جوامێرم برای شاهۆ، شاهۆ لە ئەشکەوتەکە بوو بە ملازم عەباسی ووت ئەوە جوامێرە برای منە.

## گـــــرتنی خـــــــێزانەکەیان

شاهۆو براکانی پێشمەرگە بوون بەڵام دایک و منداڵ و خێزانەکانیان لە ناو شار بوون لە هەوڵی ڕزگارکردنیانبوون تا بەرەو ئێران بەڕێیان کەن.

کاک نەوشیروان (٧) وولاخی بۆ ناردبوون خێزانەکانیان دەرکەن بەڵام کابرایەک پێی ووتبوون وولاخ مەهێنن بە تراکتۆر ماڵ و منداڵتان بۆ دەگوازمەوەو لە مەترسی دەریاندەکەم بەڵام خیانەتی لێکردن و بەگرتیدان، دوای دەستگیر کردنیان بردیاننە ئەمنە سوورەکە، لە لایەن ئەمنی سلێمانیەوە بڕیاری گوللە بارانکردنیان دەرچوو بەڵام ڕاپەڕینی بە سەردا هاتوو ڕزگاریانبوو.

دایکی پێنج براکە لە بەندیخانەوە ئاگاداری کردنەوە بە هیچ شێوەیەک تەسلیم نەبنەوە فێڵتان لێبکەن بڵێن خێزانەکەتان بەردەدەین نەخەڵەتێن بە قسەیان بکەن، بەڵام حەقمان وونەکەن لە سەر ئەو کەسەی بەگرتیداین.

## چـــــوونە نـــاو زەڕایـــــــەن

دەستگیرکردنی خێزانەکەیان ئازارێکی بە سوێ بوو لە دڵی شاهۆو براکانیدا، جوامێر بۆ سۆراخی خێزانەکەیان چووە زەڕایەن، خۆر بەرەو ئاوا بوون دەچوو زەردەپەڕیبوو ڕووبەڕووی مەفرەزەیەکی جاش بووەوە، جوامێر فیشەکی لێخوڕیبوو سازو ئامادە بوو، جاشەکان لێیانپرسی چیدەکەیت لێرە جوامێر پێیوتن ڕەبییەکەمان لێرە بوو بەڵام چۆڵیان کردووە، بەڕیکەوت ڕەبییەیەکی جاشەکان چۆڵکرابوو بووە هۆی ڕزگار بوونی جوامێر ئەو شەوە جوامێر چووە ماڵی خزمێکی هەر چەندە خزمەکەی زۆر ترسا بەڵام جوامێر پێیوت زەڕایەن وێران بکەن ئەمشەو ناڕۆم ئەو شەوە لەوێ مایەوە دوو ڕۆژ دواتر چووە ماڵی ئەحمەدی حاجی حەمە سەعید، نازەنینی خوشکی جوامێریش هاتە لایان.

جوامێر لە ماڵەکە دانیشتبوو پۆلیس و ئەمن چواردەوری ماڵەکەیانگرت، ژن و پیاوێکی حزبی دەعوە هەڵاتبوون خەبەر درابوو هاتوونەتە زەڕایەن، خاوەن ماڵەکە چوو دەرگاکە بکاتەوە جوامێر دەستی لە سەر بەلەپیتکەی تفەنگ بوو بڕیاریدابوو بکوژرێت بەڵام بەدیلی نەکەوێتە دەستی دوژمن، خاوەن ماڵەکە سوێندی بۆ خواردن کەسی لێنییە جگە لە ژن و مناڵ هێزەکەی دوژمن نەهاتنە ژورەوەو گەڕانەوە.

هەر ئەو شەوە جوامێر زەڕایەنی بەجێهێشت و گەڕایەوە، شەوێکی تووش و تەڕ بوو، بارانێکی بەخوڕ دەباری، جوامێر سەرتاپای لەشی تەڕ ببوو، ئەو شەوە گەیشتە سۆڵەو لەوێ مایەوە، جوامێر نەخۆشکەوت تووشی گرانەتا هاتبوو، بۆ بەیانی گەڕایەوە شاخی زەردە.

جگە لە هاوکاری و خزموو کەسوکار ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی سلێمانی هاوکاریان بوون، حەمە ڕەشید باریکەیی و هاوڕێ سوپا دەهاتنە لای مەفرەزەکە لە ئۆردوگای نەسر لە گەڵ شاهۆ یەکتریان دەبینی خواردن و پارەو کەلوپەلیان بۆ دەهێنان.

## جـــــگەرەکەی حــــــەسەن

حەسەن یەکێک لە براکانی شاهۆ بوو جگەرەی لێبڕابوو هەراسان ببوو براکانی ناڕەحەت کردبوو، هەمووشی لە بێ جگەرەیی بوو، شاهۆ بە جوامێری ووت بڕۆ گیانداریێک بکوژە بیدەرە حەسەن با بڕواتەوە شار، ئەگەر گیرا لە کۆڵمان دەبێتەوە، ئەگەر نەشگیرا گەڕایەوە توتن بۆ خۆی دێنێ و لە کۆڵ بۆڵە بۆڵی دەبینەوە.

جوامێر لە بەردەمی کونی سووچڕێک دانیشت سووچڕێک دەرپەڕییە دەرەوەو جوامێر تەقەیلێکردوو کوشتی، جوامێر سووچڕکەی پاککردوو دایە دەست حەسەن بیباتەوە بۆ ماڵی خوشکی بۆ ئۆردوگای نەسر.

پاییزی ساڵی ١٩٩٠ بوو حەسەن بە نیازی گەڕانەوە شار سووچڕەکەی لە جوامێر وەرگرتوو چووە ئۆردوگای نەسروو لەوێشەوە بۆ دەربەندیخان کە لەو سەرەوە گەڕابووەوە گەیشتبووە سەیتەرەی دەربەندیخان سەیری جل و بەرگیان کردبوو لە خەڵکی شار ناچێت لە ئۆتۆمبێلەکە دایانبەزاندبوو دۆستێکی خۆیان لەوێبوو کە زانیبووی برای شاهۆیە ڕزگاریکردبوو.

حەسەن بە گوێنییەک تووتن و پەڕە سیغارەوە گەیشتەوە شاخی زەردە جوامێرو هادی لە دوورەوە حەسەنیان بینی جوامێر بە هادی ووتبوو شتێکی پێیە ئەگەر تووتن بێت ڕزگارمان بووە لە دەستی.

## کـــــێومــــاڵ

شاهۆو جوامێر چووبوونە (تونی بابا عومرە) هێزێکی زۆری دوژمن بە چاوساخی جاش بەرەو تونی بابا هاتن شاهۆ بە (بێیتەل) قسەیدەکرد بە جوامێری ووت گوێم لە دەنگی عەرەبە بچۆرە سەر بەرزاییەکە بزانە چییە، جوامێر چووە سەر بەرزاییەکە تەماشایکرد هێزێکی زۆر بەرەو لای ئەوان دێن تونی بابا ڕێگەی ترینەبوو تەنها ئەو ڕێگەیە بوو کە جاش و سەربازەکان پێیدا هاتبوون، پشتیشیان زۆر بەرز بوو.

شاهۆو جوامێر گوێدرێژێکیان پێبوو چوون ئەو خواردن و پێداویستیانە بەرن کە لەوێ شاردبوویانەوە، چواللویەکیان کوشتبوو پاکیانکردبوو، شاهۆ ئاگری

کردبوەوە بیکوڵێنێ، بەڵام ئاگرەکەی بە شێوەیەک کردبووەوە دووکەڵی نەبوو.
شاهۆ وریاو شارەزا بوو کەسێکی قاڵ و بە ئەزموون بوو، بە جوامێری ووت سەربازەکان نزیکدەبنەوەو تەقە لەم چاڵە دەکەن کە ئێمەی تیاین بەڵام نایەنە ناو چاڵەکە، تەقە نەکەیت هەتا نەیەنە بەردەممان، ئەگەر ئاشکرا بووین لێیان دەدەین، ئەگەر نا تەقە ناکەین.

سەربازەکان هاتن نزیک بوونەوە هەر سەد مەترێک مابوو پێیانبگەن، گوێدرێژەکەیان خستە ناو برێک ژاڵەوە چوار پەل و دەمیان بەست تا نەجوڵێ و نەزەڕێ، شاهۆو جوامێر سازو ئامادە بوون، سەربازەکان چەند دەسرێژێکی گوللەیانکرد بە چاڵەکەدا بەڵام شاهۆو جوامێر سەلامەت بوون.
شاهۆو جوامێر چاویان لە ئەفسەرێک بوو بە سەر بەرزاییەکەی سەریانەوە وەستا بوو، ئەفسەرەکە سەیری دەورووبەریکردوو بە سەربازەکانی ووت (کل شی ماکو ارجع لی ورا) هیچی لێنیە بگەڕێنەوە دواوە، هێزەکەی دوژمن پاشەکشەیکردوو شاهۆو جوامێریش گەڕانەوە زەردە.

## ڕاپـــــــــەڕین

ڕژێمی عێراق کوەیتی داگیر کردبوو پەلاماری کوەیتی دابوو، خەڵک ترسی لە دوژمن شکا بوو، یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕێگەی ئێزگەوە خەڵکی هوشیار دەکردەوە، پارتیزانەکان لە بن لوت و هەناسەی داگیرکەردا بوون، پەیوەندیان لە گەڵ جەماوەر پتەو کردبوو.
شاهۆو براکانی دەیان نامەیان بۆ پیاوانی ڕژێم و دۆست و ناسیاوەکانیان نارد بوو داوای هاوکاریان لێدەکردن بۆ ڕۆژی ڕزگاری و ڕاپەڕین.
لە ڕاپەڕین بەشداریان لە ڕزگار کردنی ئۆردوگای نەسردا کرد، مەخفەرو ئەمنی ئۆردوگاکە لە لایەن شاهۆو براکانی و سەردار ناوتاقی گیرا.
دوای ڕزگار کردنی ئۆردوگای نەسر بەشداریان لە ڕزگارکردنی دەربەندیخان و خانەقیندا کرد.

## مـــــەفرەزەی عوســـمان حـــاجی مـــەحمود
## دە

گەرمیان بە هێمنی دەسووتا، چەڕە دووکەڵی دێیە سووتاوەکان تەمێکی ئەستورو ڕەشی لە نێوان ئاسمان و زەویدا درووستکردبوو، تەمێک لە سوتانی ڕۆح و لە هەڵقۆچانی دڵی هەزاران دایک.

ئەنفالی دوو، سێ، پانتایی قەراخ و دەشتی کرک و کولێنجە ڕێ ڕێی گەرمیانی کردبووە پارچەیەک لە ئاگر، لە دووکەڵ لە سووتان، لە ڕەشایی، شالاّوی بەربەریانەی ئەنفال کیمیابارانکردنی سێوسێنان، سوتاندنی دێ بە دێی گەرمیان، دەستە گوڵ و دیاری جەللادەکانی دوا دواییەکانی سەدەی بیست بوون بۆ وولاّت و نیشتمانی کورد، ئەنفال هەرچی کانییە کوێریکردەوە، هەرچی ئاوەدانییە سڕییەوە، هەرچی دارگوێزو دارەبەن و دارچناری کەڵەگەت و شۆڕە بییە لە ڕەگەوە بڕییەوە، ئەنفال قەنارەی کچە سەربەرزو ڕووسوورەکانی گەرمیان بوو، لێکدابڕانی عاشقان بوو.

ڕژێمی فاشیستی عێراق داخ لە دڵ بوو بەرانبەر گەرمیانیەکان چونکە کوڕانی گەرمیان ئەو پێدەشتانەی گەرمیانیان بۆ دوژمن کردبووە دۆزەخ، قارەمانەکانی یەکێتی هەردەو هەڵەتی گەرمیانیان بۆ داگیرکەر کردبووە فەڕشی پشکۆ.

دێیەکانی گەرمیان چۆڵیان دەکرد، بەرەو چارەنوسی نادیار دەڕۆیشتن، هێرشی دوژمن هێندە بەرفراوان و چڕ بوو، هێندە تۆقێنەر بوو بە سەدان تۆپ لە ئاسمان بوون سەدانیش دەیدا لە زەوی، دوژمن هێندە خێرا دەگەیشتنە جێ دەرفەتی ڕزگاربوونی خەڵکی گەرمیانیان بەرتەسک کردبووەوە، هەر هەنگاوێک جێگە پۆستاڵی سەربازی داگیرکەر بوو، شاخ و دارو بەرد ڕەنگیان لە دوکەڵ هەڵکێشرابوو، دەبابە ڕیزیان بەستبوو، ڕەوە کۆپتەر بە سەر ئاسمانی گەرمیاندا دەسوڕانەوە مەرگیان دەچاند، ئیتر دارو بەردو شاخ و هەردوو باخچە و کێڵگە و ڕەزو باخ و گوڵ و مەل و ئاوایی و منارەی مزگەوت و پەڕەی قورئان بەیەکەوە دەسووتان و گڕیاندەگرت.

هێزی پێشمەرگە بەرگری گەورەو بێ ئامانیکرد، بەلاّم هێرشی گەورەو فراوانی داگیرکەر لە توانای پێشمەرگەدا نەمابوو ڕێی لێبگرێ، پێشمەرگە بێ نان، بێ فیشەک و بێ هاوکاری ئەوەندەی پێیکرا پێدەشت و هەردەو هەڵەتی گەرمیانی بۆ داگیرکەر

کردە گۆڕستانێکی گەورە، هەر سەربازی داگیرکەر بوو، هەر جاش و خۆفرۆش بوون لە ناو خوێنا دەتلانەوە ڕەنگ و ڕووخساری پێشمەرگە نائومێدی پێوە دیار بوو، دەچوونە هەر دێیەک خەڵک دەهات بە پیریانەوە هەواڵی شەڕگەکانیان لێدەپرسین، بەڵام کە ڕەنگ و ڕووخساری ماندوو شەکەتی پێشمەرگەیان دەبینی دەیانزانی هێزی پێشمەرگە لە پاشەکشەدایە، خەڵکی دێیەکان پێشیان بە پێشمەرگە دەگرت بە گریان و شین و ڕۆ ڕۆوە بەدڵی شکاوو بریندارەوە هاواریان دەکرد بۆ کوێ دەڕۆن بۆ جێمان دێڵن ئێمە ڕوو لە کوێ بکەین ئەو دیمەنانە ناخی مرۆڤیان دەهەژاند، قوڵپی گریان گەرووی دەتاساند.

کچێکی گەنج لە کوردە میر سەرتاپای خۆی لە قوڕنابوو بە چاوی پڕ لە فرمێسک و گریانەوە هاواریدەکرد بۆ جێماندێڵن، کچە گەنجەکەی کوردە میر تا دەرەوەی ئاوایی بە چاوی پڕ لە فرمێسک و گریانەوە دوای پێشمەرگەکان کەوت، ئەو کچەو سەدان کچیتر بوونە خۆراکی سەگە ڕەشەکانی عەرعەر، گڵ ڕەنگ و ڕووخساری داپۆشین بێبەزەییانە کران بە ژێر خۆڵی بیابانەوە، لە بەردەم عەرەبێکی پێپەتی نەزان و جاهیلی بیاباندا لێوی بێکەسیان دەکرۆشت لە چاوەڕوانی لەتێک ناندا گیانیان ئەسپاردەی لمی بیابان دەکرد.

ئەو ڕۆژانە پڕ بوون لە حوزن، لە قەتارو ئەڵڵا وەیسی، ئەو هەردانە پڕ دەبوون لە بەیت و هۆرەو دەهاتنەوە ناو یادەوەری پێشمەرگەو خەڵکی گەرمیان ئەو بەیت و هۆرانەی لە مەینەتی و کاولکاری دەیەکانی ڕابردوو، لە کۆچ و دەربەدەری و کۆڵ بە کۆڵی گەرمییانیەکان سەرچاوەی گرتبوو، لەو ئازارو برینانەوە هەڵدەقوڵان کە دەیووت **(ئێلێ باری کرد ئێلێ جێماوە- کچان چاو بە فرمێسک دڵ بە دوعاوە).**

دێیەکانی گەرمیان مەڕوومالاتێکی زۆریان سەربڕیبوو کردبوویانە خێر، هێشتا ترووسکەی هیوایەک مابوو بەڵام ئەویش کوژایەوە، کەلاک و گۆشتی ئاژەڵەکان بەدارەوە هەڵواسرا بوون کەس نەدەچوو بەلایاندا.

دوژمن هەرچی ڕقی هەبوو بە سەر گەرمیاندا باراندی دەیان هەزار ژن و پیاوو منداڵ و پیری ڕاپێچکرد بۆ چاڵەکانی مەرگ، گەرمیانییەکان هێندە جەربەزە بوون

داخیان کردبووە دڵی دوژمنەوە، هۆمەر مل یەکێک لەو سەدان دێیەی گەرمیان بوو کە هێمای خۆڕاگری و بەردی سەر دڵی داگیرکەران بوو، هۆمەر مل بە جۆرێک ناوبانگی خۆڕاگری و ئازایەتی ڕۆیشتبوو دوژمن سڵی لێدەکردەوە، چەندین جار سوپای داگیرکەر لە سەر دەستی پێشمەرگەکانی یەکێتی لە (هۆمەرمل) دا شکابوو بۆیە لە کفری ئەگەر یەکێک خۆی با بدایەو بە سەر خەڵکدا خۆی ڕاوەشاندایە لە زمانی تورکمانەکانەوە نوکتەیەک درووستکرابوو دەیانوت ئەگەر ئازایت و خۆت بە پیاو دەزانی (بچۆ لە عومەر بل فیشە فیش بیکە).

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤ بڕیاری کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندرا، بەرەو ناوچەکانی کەرکوک و لەوێشەوە مەڵبەندی سێ و سەرکردایەتی پاشەکشەیانکرد.

عوسمان حاجی مەحمود، حەمە ڕەش، شێخ کەریم، سەید جەوهەر، ئەحمەدی حاجی ڕەشید، مەلا ئەحمەدی گەرمیان، سەید محەمەدوو دەیان پێشمەرگەیتر بڕیاری مانەوەیاندا لە گەرمیاندا.

عوسمانی حاجی مەحمود لە گەرمەی کشانەوەی هێزی پێشمەرگەدا کۆبوونەوەی بە پێشمەرگە پارتیزانەکان کردوو پێیوتن، ڕاستە شۆڕشەکەمان توشی شکستی گەورە هاتووە بەڵام شکستەکە سەربازییەو هەموو شۆڕشێک توشی دەبێت شکستی ئەم جارە وەکو ساڵی ١٩٧٥ نییە دڵنیابن شۆڕش بەردەوام دەبێ، بەڵام ڕێگە سەخت و دژوار دەبێت، دەبێ خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، کێ دەتوانێ بەرگەی ناخۆشی و سەختی پارتیزانی بگرێت با بمێنێتەوە کێش ناتوانێت با فریای هێزەکان بکەوێ و لە گەڵ ئەواندا بڕوات.

پێشمەرگەکان لە مەسۆیی بەرگەچ لە گەڵ کاک عوسماندا مانەوە (ج) فەرماندەیەکی پێشمەرگە بوو نارەزایی دەربڕی بە کاک عوسمانی ووت چۆن دەبێت ئەو هەموو پێشمەرگەیە بمێنێتەوە، ئەگەر وابێت من نامێنمەوە.

کاک عوسمان حەمە ڕەشید توکنی و جەمال شێخ حەمیدی و ساڵح فەرتەنە و حەمە چاو جوانی جیاکردەوەو وتی هێزەکان بەڕێکەوتون بۆ بناری سەنگاو ئەکشێنەوە بۆ سنووری تیپەکانی (٢٥)ی خاڵخاڵان و (٢١)ی کەرکوک لەوێشەوە بۆ

سەرکردایەتی، بڕۆن تا زوو بگەنە هێزەکەو لە گەڵ ئەواندا یەکبگرنەوە.

هێزەکان زوو کەوتبوونە ڕێ، ئەو چەند پێشمەرگەیە لە هێزەکە دابڕان، شەو کەوتنە ناو پێشمەرگەکانی تیپی (٥٥)ی قەرەداخەوە، لە گەڵ بەشێک لە هێزەکانی گەرمیان یەکیانگرتەوە، تێکڕا مانەوە (٣٥) پێشمەرگە بەشێکی زۆری هێزەکەش تەسلیم بوونەوە.

پێشمەرگەکان هەفتەیەک بوو بەڕێوە بوون نانیان پێنەمابوو لە دەربەندی کانی خاکی بوون، هیلاک و ماندوو برسیبوون گوێدرێژێکی یەک ساڵە (جاشۆلکە) یەکیان بەرچاوکەوت، (غایب حسێن و عەلی غایب) یان نارد گوێدرێژەکە بهێنن سەریبڕن و گۆشتەکەی بخۆن تا لە برساندا نەمرن و ڕێگەیەک دەدۆزنـەوە بۆ پەڕینەوە غایب و عەلی گوێدرێژەکەیان گرت و بردیان، شێخ جەعفەرو هێمنە ڕەش و جەلال کولکنی لەو دیوی قەرەداخەوە دەهاتن، هێزێکی زۆریان لە گەڵدا بوو بۆ پەڕینەوە، گوێدرێژەکەیان بە دەستی (غایب و عەلی) یەوە بینیبوو لێیان پرسیبوون ئێوە پێشمەرگەی کوێن، ووتبوویان پێشمەرگەی گەرمیانین لەم دەربەندە داین خواردنمان پێنەماوە ئەم گوێدرێژە دەبەین سەریدەبڕین و دەیخۆین، شێخ جەعفەر ووتبووی گوێدرێژەکە بەردەن ئێمە هێزێکمان لە گەڵدایە دێنە ئێرەو لێرەوە دەپەڕینەوە وەرنە خـوارەوە و تێکەڵی هێزەکەی ئێمە بن هەموومان بەیەکەوە دەپەڕینەوە، حەمە ڕەشید و پێشمەرگەکانیتر هاتنە خوارەوە تێکەڵاو هێزەکە بوون زۆر برسیان بوو، حەمە ڕەشید وەستا موئمینی ناسی چەخماخ ساز بوو لە گەڵ هێزەکە کەوتبوو، بە وەستا موئمینی ووت برسیمانە و نانمان پێینەماوە، وەستا موئمین دوو سێ کیلۆ ئاردی پێبوو لە ناو کۆڵە پشتەکەیدا دەریهێنا کیلۆیەک ئاردی دانێ خستیانە ناو جامێکەوەو ئاویان تێکرد ئاگریان کردەوە، ئاردەکەیان کردە لوقمەو دایان لە شیشی تفەنگەکانیان و برژاندیان و خواردیان، لەوێ تێپەڕین کەوتنە ناو پەڵە پاقلەیەکەوە تا توانیان پاقلەیان خوارد، لەوێ ڕۆیشتن شەو گەیشتنە سەر ئاوی باسەرە لە ئاوەکە پەڕینەوە، پشیلەیەک لە کانی خاکییەوە بە دوایانەوە بوو لە گەڵ هێزەکەدا هاتبوو تا سەر ئاوی باسەرە، ئاو هاتبوو دەگەیشتە ناو قەدی پێشمەرگەکان،

منالێک بە باوەشی دایکیەوە کەوتبووە ناو ئاوەکەوە کەس بۆی نەگیرابوەوە، قافڵەو قەتارەی پێشمەرگەکان ڕیزیان بەستبوو جگە لە هێزەکانی یەکێتی ماڵ و خێزانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی تێکەڵ ببوو[٨٣]، پشیلەکە تا سەر باسەڕە هاتبوو نەیدەتوانی بپەڕێتەوە هاواری دەکردو دەیقیژاند وەکو بڵێ جێم مەهێڵن.

هێزەکە بە خێرایی ڕۆیشتن تا فریای پەڕینەوە لە ڕێگای چەمچەماڵ بکەون، ڕۆژ هەڵنەیەت و بتوانن بپەڕنەوە[٨٤] هێزەکە دەمەو بەیان چوونە (خاڵدان) فریای پەڕینەوە نەکەوتن، خاڵدان نەڕووخا بوو ئاوەدان بوو، لە خۆر کەوتندا هاواریانکرد هێز هات، چوونە سەربانەکان سەیریانکرد هێزێکی زۆر لە چەمچەماڵەوە دەرچووە بە سەر ڕێگاکەدا دەهاتن، پێشمەرگەکان لە پێش دێیەکەوە دامەزران، هێزەکە نەهاتنە لای ئەوان بەرەو سەنگاو ڕۆیشتن، ئێوارە لە جادەپەڕینەوە، قۆناغ قۆناغ چوونە قەندیل، لە سەر داوای سەرکردایەتی چوونە مەڵبەندی سێ و بەشداری شەڕەکانی گەرووی مەنجەڵ و شاخی پێ بۆو ڕەواندزیان کرد.

هێزێکیتریش لە سەر بڕیاری سەرکردایەتی چووبوونە مەڵبەندی سێ و بەشدارییان لە شەڕەکانی سەرکردایەتیدا کرد، دواتر بەشێک لەو هێزانە گەڕانەوە گەرمیان و درێژەیان بە خەباتی پارتیزانیدا.

پێویستە بوترێت لە پەڕاندنەوەی هێزەکانی (گەرمیان و قەراخ) دا بۆ سنووری تیپەکانی کەرکوک و دواتریش گەیشتنیان بە قەندیل، شێخ جەعفەر، حەمە ڕەش، سیروان دێڕەشەیی ڕۆڵی گەورەو دیاریان بینی.

دەستەکەی عوسمانی حاجی مەحمود لە گەرمیان مانەوە، خۆیان ڕێکخستەوە سەرەتا (١٢) پێشمەرگە بوون دواتر بوونە (٢٣) پێشمەرگە (١٢) پێشمەرگەی سەرەتا ئەم تێکۆشەرانە بوون:

١- عوسمان حاجی مەحمود لێپرسراو

٢- جەلال ئەمین کاکە (مام جەلال)

[٨٣] مەجلیسی ئەعلا و حزبی دەعوە بارەگایان لە بناری سەنگاو بوو لە دەربەندی بانی مۆردو دەرەوار، ماڵ و خێزانیان لە گەڵدابوو منالی یەکێک لەو خێزانانە کەوتە ئاوی باسەڕەوە.

[٨٤] نەقیب کاوە ئەفسەرێکی عێراقی بوو لە ناوچەی نەوجول لە شەڕێکدا دەستگیرکرابوو، لە کاتی پەڕینەوە لە ئاوی باسەڕە خۆی ون کردبوو خۆی حەشاردابوو تا پێشمەرگەکان تێپەر بوون.

٣- جەلال مەجید (جەلال مەسۆیی)
٤- حەمە ئاخە
٥- عوسمان عەلی سەمین (عوسمان تلیشانی)
٦- جەمال مەدحەت غەفور (جەماڵە سوور)
٧- صباح عومەر وەلی (صەباح شێخ حەمیدی)
٨- صالح مەلا جەمیل (صالح فەرتەنە)
٩- شکور ڕەشید (شکور دوانزە ئیمامی)
١٠- بورهان (بورهانە قەڵەو)
١١- کەریم حسێن
١٢- شکور محەمەد سلیمان (شکور قەرەبڵاخی)

دوای وتووێژو ڕاگۆڕینەوە لە سەر کەمکردنەوەی هێزەکە، باس لەوە کرا کە نابێت کەس بە مانەوەی هێزەکە بزانێت، لەو قسانەدا بوون پێشمەرگەیەکی تیپی (٥١)ی گەرمیان بە ناوی (س) پەیدا بوو، (س) قاچی تەواو نەبوو دەشەلی نەیتوانیبوو لە گەڵ هێزەکەدا بپەڕێتەوە لە بەر بارودۆخی قاچی نەشی دەتوانی لە گەڵ پارتیزانەکاندا بمێنێتەوە، هەندێک لە پێشمەرگەکان لەوە نیگەران بوون کە (س) بە مانەوەیانی زانیوە، کاک عوسمان ئامۆژگاری (س) ی کرد لە گەڵ خەڵکی تاک و تەرا کە لە گەرمیاندا ماون بچێتە شار یان ئۆردوگاکان لە ڕێگەی کەسووکاریەوە چارەسەری خۆی بکات، دوا ڕۆژ هەروەکو پێشمەرگە هەژماری دەکەن، داواشی لێکرد نهێنی مانەوەیان بپارێزێت، ئەگەر ئەو نهێنیە بدرکێنێت خیانەتێکی گەورە تۆمار دەکات، دوای ئەوەی (س)[٨٥] یان بەجێهێشت بەڕێکەوتن بۆ ئاوە سپی[٨٦].

٨٥(س) تا ئێستا چارەنووسی نادیارەو بێسەروشوێنە، پێدەچێت بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتبێت، یان کەوتبێتە بۆسەی دوژمن و گیانی سپاردبێت.

٨٦ ئاوە سپی چۆمێکی گەرمیانە، سەرچاوەی ئاوەکەی لە ژێر شاخی ئاژداخەوە هەڵدەقوڵێ، لە خوار ئاژداخ زۆر کونی گەورەی لێیە، ئاوی ئاژداخ بە ناو ئەو کونانەدا دەڕژێتە چەمی ئاوە سپی، کونێکی گەورەتر لە باکوری ڕۆژئاوای کونەکانی ترەوەیە پێی دەڵێن گەڕاوەکە ئاوەکەی ترشە خەڵکی ئاوو قوڕەکەی بە کاردێنن بۆ چارەسەری (خوران) ئاوی چەمەکە لە نزیک سەرچاوەکەی لە شیر دەچێت تا زیاتر سەرەو خوار بێتەوە ڕەنگی ئاوەکە ئاسایی دەبێتەوە، لە بناری ئاژداخەوە شۆڕ دەبێتەوە بە ناو بەشێک لە دێهاتەکانی زەنگنەدا دەڕوات لەوێشەوە چیای خۆرنەوازان دەکات بە دوو لەتەوەو دەگاتە ناوچەی داوێ.

لە دێی دەرزیلە نیو کیلۆ خوێیان لە کۆڵ نابوو، ئەو شـەوە لە نزیک ئاوە سپی خەوتن، بەیانییەکەی لە ناو بەردەڵانی ئاوە سپیدا خۆیان حەشاردا، لە گەڵ گزنگی بەیاندا دەنگی کۆپتەر دەهاتە گوێ، مام جەلال بە دەنگی بەرز هاواری کرد (س) هـاوردی، پێشمەرگەکان ووتیان ئەرێ (س) ی بەستەزمان، کوێڕا تەسلیم بووەوەو جێگەی ئێمەی ئاشکرا کرد مام جەلال دەیوت دنیا قسەم بۆ بکات هەر (س) هاوردوویەتی دەزانم وێنەیەکی بە گەورەیی لە پێش لوتی کۆپتەرەکان دراوە، تا دوانیوەڕۆ کۆپتەرەکان ئاسمانی ناوچەکەیان چۆڵ نەکرد، زۆربەی دێیەکانی دەورووبەر دووکەڵی لێهەڵدەستاو دەسووتا، پێشمەرگەکان وەڕس ببوون، شوکرو جەماله سوور جارجار لە ناو بەردەڵانەکەوە سەریان هەڵدەبڕی، حەمە ئاخەش بە توڕەبوونەوە دەیوت هەی لە کوڕی (اختفا) ئەوانیش دەیانوت جا ئەگەر بەو شێوەیەی تۆ بێت هەر یەکە گۆڕێک هەڵکەنین و بچینە ناوی.

ئێوارەکەی هـەر یـەک لە جـەلال مەسۆیی و حەمە ئاخە و مـام جـەلال کاک عوسمانیان بانگکردە لاوەو هەندێک قسەیانکرد، دوای تەواو بوونی قسەکان کاک عوسمان خەمبار بوو لێیانپرسی بۆچی بێتاقەتیت، وتی ئەو برادەرانە پێشنیاریان کرد لە بەر زۆری پێشمەرگەکان چەند ڕۆژێک  لە ئێوە جیابینەوە لە بەر ترسی لەناوچوون، تا ماوەیەک بارودۆخەکە ڕوون دەبێتەوە،

منیش پێشنیارەکەم ڕەتکردەوەو دڵنیامکردن کە تەنها شەهید بوون دەتوانێ لەوانم جیا بکاتەوە.

کات بەرەو ئێوارە دەچوو، ڕۆژ خەریک بوو ئاوا دەبوو، کاک عوسمان جێگەیەکی بۆ حەمە ئاخەو جەلال مەسۆیی و مام جەلال دیاریکردوو ژوانی یەکگرتنەوەیان دانا، ئەوانیان بەجێهێشت و بەرەو دێی فەقێ مستەفا بەڕێکەوتن شەوی ١٩٨٨/٤/١٦ لە نزیک فەقێ مستەفا خەوتن بەیانییەکەی لە چەم و شیوەکانی فەقێ مستەفادا خۆیان حەشاردا، ئەو ڕۆژانە زۆر سەغڵەت و بێتاقەت بوون کات نەدەڕۆیی، چارەنووس نادیار بوو، لە نێوان مان و نەماندا تەنها تاڵە موویەکی باریک بوو، ئێوارە تاریک داهات ڕۆژ بەرەو تاقی ئاسمان هەڵکشاو و لە چاو وون بوو، بە ڕێگایەکی سەخت

و ئاستەنگدا تێپەڕین، هەنگاوەکان بەرەو دێی قولیجانی ئەمین قارەمان هەڵگرتن، ڕۆژ لە ڕۆژانیتر زووتر ئاوا بوو، دنیا تاریک، هەورێکی ڕەش و چڵکن بەری ئاسمانی گرتبوو ماوەی دوو کاتژمێرو نیو ڕێگەیان بڕی، هێند تاریک بوو چاو بەر چاو نەدەکەوت هەر دەتووت شەوی دەیجورە پێشمەرگەکان بە یەکڕیز دەڕۆیشتن پشتێنی یەکتریان گرتبوو، ماوەی دوو کاتژمێرو نیو ڕێگەیان بڕی لە دێی قولیجان نزیک بوونەوە، زۆربەی خانووەکانی قولیجان ئاگری لێهەڵدەستاو دەسووتا، دەنگی سەگوەڕ لە ناو قولیجان و دەورووبەری دەهاتە گوێ، گومانیان لا درووست بوو جاش و سەرباز لە دێیەکەدا بن، هەورەکان چڕبوونەوەو توڕە و توند بوون لە ناکاو بارانێکی بەخوڕ دایکرد.

خۆیان گەیاندە بن کاچ و کەڵوەزێک، سەرتاپای لەشیان تەڕببوو، نیوو کاتژمێر لە ناو کەڵوەزەکەدا مانەوە، باران بڕاو کۆتایی هات، بیریان لەوە دەکردەوە بۆ سبەینێ خۆیان لە کوێ بشارنەوە، شوکر دوانزە ئیمامی پێشنیاری دێی قولیجانی سەرحەدی کرد وتی باوکم دڵنیای کردوم لەوێ دەمێنێتەوە، بە بینینی ئەوان بەرچاویان ڕوون دەبێ و لە بارودۆخەکە تێدەگەن، عوسمانی حاجی مەحمود پشتگیری شوکری کردوو بەڕێکەوتن بۆ قولیجانی سەرحەد، لە دێیەکە نزیک بوونەوە چەند خێوەتێک لە دەورووبەری دێیەکە مابوو، خێوەتەکان بوونە کۆسپ، گەیشتنە ناو دێیەکە و ئاسمان ساماڵ بوو هەور نەما و مانگ هەڵات، ماوەیەک بە بێدەنگی چاودێری ناو دێ و دەورووبەریانکرد، هەستیان بە هیچ جووڵەیەک نەکرد، چەند پێشمەرگەیەک لە خێوەتەکان نزیک بوونەوە، خێوەتەکان چۆڵبوون، هێزەکانی دوژمن جێیان هێشتبوون.

پاش دڵنیابوون لە خێوەتەکان چوونە ناو دێیەکە، هەموو خانووەکان سووتا بوون، لە پەنا دیوارێکی ڕووخاودا دوو کەسیان بینی نایلۆنیان دابوو بە خۆیاندا وایانزانی کوژراون، کە دەستیانلێدان دەجووڵانەوە و کەوتنە قسە کردن، هەر دووکیان ناسیاو بوون، مام ڕەشید باوکی شکور دوانزە ئیمامی و ئیبراهیم عەلی درێژ ئامۆزای کاک عوسمان بوون دوای سڵاوو هەواڵپرسین، پرسیاری هێزەکانی

دوژمنیان لێکردن، پاش سووتان و ڕووخانی دێیەکان هێزەکانی دوژمن کشابوونەوە بۆ بەرزاییەکانی چوارملان و گامەخەل و توکن و عەزیز قادر، ئەو شەوە تا نیوەڕۆ بە ئاسوودەیی و بێترس خەوتن، بۆ ڕۆژی دوایی مام ڕەشید و برایم عەلی شوێن خواردەمەنییەکی زۆریان نیشاندان لە ئەشکەوت و پەناو پەسێری ناوچەکە لە نێوان قولیجانی سەرحەدو ئەمین قارەماندا حەشار درابوو، بەوەش کێشەی گەورەو سەرەکی پێشمەرگەکان چارەسەر بوو، دەستیانکرد بە کۆکردنەوەو شاردنەوەی خواردنی بەجێماوی دێیەکان، لە نزیکی زۆربەی دێیەکان خواردنیان شاردەوە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٨ قولیجانی سەرحەدیان جێهێشت و بەرەو دێی سەر ڕەش ڕۆیشتن کە دەکەوێتە باشوری قولیجانەوە، شکورو پێشمەرگەیەک هەنگاوەکانیان خێراتر کرد کاک عوسمان و هاوڕێکانیان بەجێهێشت بە تولە ڕێکانی نێوان هەردوو قولیجاندا شۆڕبوونەوە دنیا کش و مات و بێدەنگ بێچرپە، تەنها دەنگی پێ و هەناسەی پێشمەرگە، هەندێک جاریش کڵاو کورە هەڵدەفڕین لە بەردەمیاندا، دوو کاتژمێر شکورو هاوڕێکەی بەڕێوە بوون بێ ئەوەی قسەیەک، چرپەیەک لە دەمیان بێتە دەرێ، هەر دووکیان چوونە قوڵایی خەیاڵەوە، خەیاڵی ئەو دەشت و هەردوو ئاواییانەی دوژمن خاپوریکردبوون، خەیاڵی ئازیزان و یاران، گەیشتنە نزیک دێی سەر ڕەش دیمەنێک خەیاڵی پەرتکردن، دیمەنی وەرگەڕانی تراکتۆرێک بە ساروخی کۆپتەر پێکرابوو، تراکتۆرەکە سووتا بوو، عەرەبانەکە پڕ بوو لە خواردن و کەلوو پەل، دوو جووت پێڵاوی بەجێماوی مناڵانە لە ناو تراکتۆرەکەدا تابلۆیەکی غەمگینی دەنەخشاند.

## مــــــانەوە لە گـــــــەرمیان
## کـــونە گـــورگی دزگـــیراو
## یـــــەك

دوای ئەوەی لە شەڕی باوەکر مەلا سەعید بریندار بوو بە برینداری هاتە بانی مۆرد لە گەڵ عەلی فەقێ مستەفایی و هاوڕێکانی یەکیانگرتەوە.

لە بانی مۆردەوە بەرەو ژاڵەی ئەودیو ڕەبات بەڕێکەوتن مەلا سەعید بە سواری گوێدرێژێکەوە بوو ووتی من ناتوانم بێم لە گەڵتان دەمێنمەوە، هاوڕێکانیشی ووتیان ئێمەش دەگەڕێینەوەو دەمێنینەوە، گەڕانەوەو هاتەوە بانی مۆرد هیچ خواردنێکیان پێنەبوو ئەکرەمی برای حەمە ڕەش هەندێک برنجی بۆ هێنان بە بێ ڕۆن و خوێ کوڵاندیان و خواردیان.

شەو سەید محەمەد هاتە لایان چوار پێشمەرگە بوون ووتیان برسیمانە مەلا سەعید ووتی برنجی بێ خوێمان هەیە، دوای نانخواردن گەڕانەوە بۆ هەردەی نێوان کەڵوەز لوقمان و فەقێ مستەفا سەید محەمەد ڕۆیشت بۆ سنووری ناوجاف، مەلا سەعید و هاوڕێکانی هاتنە سەرچەمی ئاوە سپی خوار فەقێ مستەفا و نێوان خان ڕۆستەم ئاغا ماوەیەک لە سەر ئەو چەمە مانەوە کە ئەم تێکۆشەرانە بوون:

١- مەلا سەعید
٢- عەلی فەقێ مستەفایی
٣- سمکۆ
٤- عومەر هۆمەر ملی
٥- مامۆستا جەلال

لەو پێنج کەسە مەلا سەعید و مامۆستا جەلال بریندار بوون، مامۆستا جەلال پێشتر بریندار بوو قاچی لە گەچدا بوو.

سەرەتا لە کونە گورگی (دزگیراو) سەرچەمی ئاوەسپی بوون ماوەیەک لەوێ مانەوە، مەلا سەعیدیان دەخستە ناو کونەکەوە، کونە گورگەکە تیژ بوو ڕۆژێک باران باری دەم کونەکەی گرت مەلا سەعیدیان لە سەرەوە هەڵکێشا ئەگینا ئاو دیبردە ناوچەمی ئاوەسپی.

سمکۆ خەڵکی دێی خان بوو شارەزای ئەو هەردەو هەڵەتە بوو، عەلی فەقێ مستەفایش شارەزای ناوچەکە بوو.

پێش ئەوەی بێنە کونە گورگی دزگیراوی سەر چەمی ئاوە سپی لە ناوچەی مەسۆیی بەرگەچ بوون، خەڵک کەلووپەلی هێنابووە دۆڵ و ئەشکەوتەکان شاردبوویانەوە، ئەو خواردنانەو کەلوپەلی بەجێماوی خەڵکیان هەڵگرتەوەو چەند بەتانییەکیان دۆزییەوە، جل و بەرگیان بۆ مەلا سەعید پەیدا کرد چوونکە جلەکانی خوێناوی بوو لە گەڵ ئەوەشدا ئەسپێ لێیدا بوو.

شەوانە کورتانی گوێ درێژەکەیان دەدایە سەر مەلا سەعیددا هەتا سەرمای نەبێت، دوای کۆکردنەوەی خواردن و کەلوپەل هاتنە کونە گورگی دزگیراوی سەرچەمی ئاوەسپی.

لە کونە گورگی دزگیراو جێگیر بوون، مەلا سەعیدو مامۆستا جەلالیان لە کونە گورگەکە جێدەهێشت و دەڕۆیشتن بۆ ئازوقە کۆکردنەوە، لە کاتی گەڕانەوەدا هەندێک کەپسولی ئەمپیسیلینیان دەستکەوت و دایانە مەلا سەعید دوای ماوەیەک مەلا سەعید چاک بووەوە.

لە یەکێک لەو ڕۆژانەی کە بە ناوچەکەدا دەگەڕان عەلی فەقێ مستەفایی و سمکۆ، عوسمانی حاجی مەحموودیان بینی هەواڵی مەلا سەعیدی لێپرسین، پێشتریش سەید محەمەد لە ڕێگەی بێتەلەوە پێیووتبوو مەلا سەعید ماوەتەوە.

دوای چاکبوونەوەی مەلا سەعید لە چەم قامیش لە گەڵ عوسمانی حاجی مەحموود مەلا سەعیدی بردە لاوەو لێیپرسی نیازت چییە، دەمێنییتەوە، دەڕۆیتە سەرەوە، تەسلیم دەبیتەوە مەلا سەعید لە وەڵامدا ووتی بڕیارمداوە بمێنمەوە نایکەم بە منەت بە سەر کەسەوە بەڵام من کادر بووم ئەوەندەم قسە بۆ خەڵک کردووە کەسێک بە توانجەوە پێم بڵێ کاک مەلا چۆنی ڕەنگە تووشی سەرەتان بم ئیتر کە مردن هەر مردنێک بێت پیاو لەم دۆڵ و هەردانەدا بمرێت سەربەرزانەترە نەوەک لە سەر جێگا.

عوسمانی حاجی مەحموود بە مەلا سەعیدی ووت منیش هەمان بڕیارمداوە ئەگەر کەسیش بەدەورمانەوە نەمێنێت هەردووکمان بەیەکەوە دەمێنیینەوە.

# گـــــــــەڕانەوە

هێزەکانی گەرمیان بەشێکی چووبوونە سەرکردایەتی بۆ بەشداری لە شەڕەکانی مەڵبەندی سێ و بناری قەندیل بەشێکیش لە گەڵ پاشەکشەی هێزەکانی گەرمیان و قەرەداخ چوو بوونە بناری قەندیل، مانگی ١٩٨٨/٨ گەڕانەوە گەرمیان و چوونەوە مەفرەزەکەی عوسمانی حاجی مەحمود.

دوای (٤٥) ڕۆژ مانەوە لە مەڵبەندی سێ حەمە ڕەشید توکنی و (١١) پێشمەرگە گەڕانەوە گەرمیان، لە گەڕانەوەدا لە دەشتی کۆیە لە سەر زێی بچووک پەڕینەوە بەری کەرکوک خەڵکی دێیەکان حکومەت ڕێگەیدابوون بگەڕێنەوە سەر بێستانەکانیان، پێشمەرگەکانیان بینی، پێشمەرگەکان لە سەر زێی بچووک مانەوە، بۆ بەیانی هێزی دوژمن هاتە سەر زێی دووکان پێشمەرگەکان لە ناو لێڕەوارو بێشەلانی ناوچەکە خۆیان حەشاردابوو سەربازو جاش لە بەرانبەریان لەو بەری زێ دەگەڕان و ناوچەکەیان دەپشکنی، لە شەوگێڕو پەلکانە کۆپتەر نیشتەوە هێزێکی زۆریان دابەزاند بەڵام نەهاتنە سەر زێیەکە، ئەو شوێنەی پێشمەرگەکان خۆیان تیا حەشاردابوو، پێشمەرگەکان لە بەیانییەوە نانیان نەخواردبوو برسیان بوو تینوویان بوو، ڕەشید توکنی لە شوێنێکی بەرزەوە مەتارەکەی بە پشتوێن خستە ناو چەمەکەوە بەڵام ئاوی تێنەچوو، قامیشێکی خستە ناو مەتارەکەوەو خستیە ناو ئاوەکەوە پڕ بوو لە ئاو، ئاوەکەیان خواردەوەو لە زێی بچوک بەڕێکەوتن بەرەو گەرمیان، بەیانی زوو گەیشتنە کوچیک نەخشین، دنیا ڕووناک بووەوە، نان و چایان خواردوو خەویان لێکەوت، لە تەقەی تفەنگ خەبەریان بووەوە، دوو جاش بە سەر سەریانەوە بوون لە دووری (١٥٠) مەتر، پێشمەرگەکان لە ناو چەمێکدا بوون، جاشەکان پێشمەرگەکانیان نەبینی، گوێدرێژێکیان پێبوو دایان بە زەویدا دەست و قاچیان بەستەوە لە بن تاوێرێکدا دایاننا تا جاشەکان نەیبینن، هەر پێشمەرگەیەکیش چوونە بن بەردێکەوە، محەمەد خورشید و کاکە تازە ببوونە پێشمەرگە، دوو سێ جار بانگیانکرد برادەران ماون حەمە ڕەشید بە هێواشی دەیوت ماوین، وس بن، نەخێر بەردیان تێگرتن، حەمە ڕەشید دووبارە وتی ماوین با هاوار نەکەم بەرد

مەهاوێژن، شکور سمایل بە حەمە ڕەشیدی ووت زوو نەگەیتە حەمە و کاکە ئاشکرامان دەکەن، جاشەکان بە سەر سەریانەوە بوون، حەمە ڕەشید بە سکە خشکێ بە بن بەردەکاندا ڕۆیشت چووە لایان، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە بەو جۆرە مانەوە، لە مانگی ٨ گەیشتنەوە گەرمیان.

حەسەن هۆمەر ملی و عەلی هۆمەر ملی و عەلی حەمە حەسەن، لە گەڵ کاک ئازادی سەگرمەدا گەڕانەوە گەرمیان، دوای یانزە ڕۆژ بەڕێوە بوون گەیشتنە گەرمیان، (عەلی هۆمەر ملی) یان لای کاک ئازاد جێهێشت و حەسەن هۆمەر ملی و عەلی چوونە بنەکە، ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٥ هێزەکانی داگیرکەر کێوماڵی گەورەی گەرمیانیان کردبوو ئاژداخ و مشکی بان و هەڕێنەو گوڵەباخ و داوێ و ناو جاف و زەنگنە گەڕابوون، جێگەی زنجیری دەبابە و شوێنی حەوانەوەیان دیار بوو.

حەسەن و عەلی لە دوورەوە سێ کەسیان بەدیکرد کە هاتنە پێش عوسمانی حاجی مەحمود و مامە قالەو مەجید دوزی بوون باسی هاتنی کاک ئازادو گەڕانەوەی هێزەکەیان بۆ کردن، عوسمانی حاجی مەحمود چووە سەر بەرزایی حوشتر مل نێوان عەزیز قادر و بنەکە، بە بێتەل قسەی لە گەڵ مەلا سەعیددا کرد، بە جفرە هەواڵی هاتنی کاک ئازادی سەگرمەی پێگەیاند، داوایکرد چەند پێشمەرگەیەک بچن لە گەڵ خۆیاندا بیانهێنن، کاک عوسمان و حەسەن هۆمەر ملی و پێشمەرگەکانی لە گەڵیان بوون ڕۆیشتن بۆ چەمی قامیش و قولیجان، هەتا ئەوان گەیشتبوونە پێشمەرگەکانی لای مەلا سەعید، کاک ئازادو پێشمەرگەکانی گەیشتبوونە ئەوێ و بە یەکتری شادبوونەوە.

کاک ئازادی سەگرمە لە چەمی قامیش کۆبوونەوەی بە پێشمەرگەکان کرد، دۆخی کوردستانی بۆ ڕوونکردنەوە هەڵوێستی سەرکردایەتی بۆ شیکردنەوە، ڕژێمی عێراق لێبووردنی گشتی دەرکردبوو سەرپشکی کردن لەوەی کێ تەسلیم دەبێتەوە کێ دەمێنێتەوە کێ دەگەڕێتەوە سەرکردایەتی، بەشی هەرە زۆری پێشمەرگەکان مانەوەیان هەڵبژارد.

## پــــــــەناگە دوو

دوای هاتنە خوارەوەی کاک ئازادی سەگرمە بۆ گەرمیان بڕیاری دروستکردنی پەناگە درا بۆ زستان نەدەکرا هەر لە ئەشکەوت و کونە گورگا بمێننەوە.

مەلا سەعید و هاوڕێکانی کونە گورگی دزگیراویان جێهێشت و هاتنە ناوچەی هۆمەرمل پەناگەیان دروستکرد، دوای ماوەیەک ئەشکەوتی ژاڵەیان دۆزییەوە شوێنێکی گونجاوو لاچەپەک بوو ئاوی باشی هەبوو.

هەندێک شوێنی لاوەکی دروستکرا بۆ ئەوەی کاتێک دوژمن کێومالّی ناوچەکان دەکات بچنە ئەوێ، ئەو شوێنانە ناسراو نەبوون لە لایەن کەسەوە هەتا ئەو کاتەی هێزی دوژمن لە ناوچەکە دەمایەوە لەو شوێنانە دەبوون دواتر دەگەڕانەوە پەناگە سەرەکییەکانیان.

جارێک ڕژێم کێومالّی ناوچەکەیکرد بۆ ماوەی ٧٢ کاتژمێر مانەوە، مەلا سەعید و هاوڕێکانی چوونە لای مەفرەزەکەی حەمە ڕەش لە ئەشکەوتی ئاژداخ.

## لــــــێبووردنی گـــــشتی

حکومەتی عێراق لە ١٩٨٨/٩/٦ لێبووردنی گشتی دەرکرد، لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنی عێراقەوە، لە ڕۆژنامەکانی سەردەمی بەعسدا دەقی لێبووردنەکە بڵاوکرایەوە لە ناوەڕۆکی ڕاگەیاندراوەکەدا هاتبوو، بۆ هەموو کوردێکی عێراق لە ناوەوەو دەرەوە، ئەوانەی لە ڕیزی سەربازی هەڵاتوون و لە خزمەتی سەربازی دواکەوتوون دەتوانن بگەڕێنەوە باوەشی عێراق و سوود لە لێبوردنەکە وەرگرن، تەنیا کەس کە لێبوردن نایگرێتەوە جەلال تالّەبانییە، چونکە چەندین جار دەرفەتی بۆ ڕەخساوەو سوودی لێوەرنەگرتووە.

ئەو مانگە دەرفەتێکی باش و زێڕین بوو بۆ پێشمەرگە، کاکڵەی هێزەکە مایەوە، ٣٠ ڕۆژ کێومالّکردن و ورەی کۆپتەر نەمابوو، پێشمەرگە بە ئاسانی جمووجۆڵیان دەکرد.

دۆخی پێشمەرگە خراپ و ناجێگیر بوون هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا دەژیان، کەس لە ئەویتر دڵنیا نەبوو، چەند حاڵەتێکی کوشتن و تەسلیم بوونەوە ڕوویدابوو لە ناو هێزی پێشمەرگەدا، بۆیە پێشمەرگەکان نائارام و ناجێگیر بوون لە ڕووی دەروونییەوە، بەڵام لێبووردنی گشتی ئەو تەمەی ڕەواندەوە هێزە ساخەکە مایەوە.

لەو ماوەیەدا پێشمەرگەکان کەوتنە ئازوقە کۆکردنەوەو بەدێیەکاندا دەگەڕان، پێشمەرگەکان ببوون بە سێ گروپەوە.

دێیەکان دەگەڕان دیمەنی هەمە جۆرو غەمگین دەهاتە بەرچاو، چەمی سەرکانی چەمێکی قوڵ و ئاودارو بژوێن بوو چەند ئەشکەوتێکی تیابوو چەمەکە نزیکترین شوێنی سەخت بوو لە گەرمیانی خوارەوە خەڵکی دێیەکانی هۆمەر مل و چوارشاخ و توکن و عەزیز قادرو تەپە سپی و هەر دوو عەلیان و سماق، هاتبوون لە ناوچەکەدا کۆببوونەوە، کەلووپەلەکانیان لەو چەمەدا بوو، ئەشکەوتەکان پێداویستی تەواویان تیابوو، هەندێک دیمەن دەهاتە بەرچاو مرۆڤ ناخی دەسووتا.

**+ بێشکەی منداڵێک لە ئەشکەوتێک جێمابوو، چۆن دایکەکەی دەسترازەکەی بەستبوو، سەرینەکەی لە سەر بێشکە بوو، سەرین و دەسرازەکەی نەخشێنرا بوون ئەتووت ئێستا منداڵەکە لە بێشکە دەرهێنراوە، بێشکەکە بە بەتاڵی جێمابوو.**

**+ باوەڵی بووکێنی دانرابوو، دەرگاکەی کرابوەوە، جلی بوکێنی و شانەو کل و کلدان و ئاوێنە لە ناو باوەڵەکەدا بوون، کە سەیری باوەڵەکەت دەکرد، سیمای بووکێکی لادێی لە شەوی خەنەبەنداندا خۆی ڕازاندۆتەوەو جلی بووکێنی کردۆتە بەری و بەرەو ماڵی تازەو نوێ دەڕوات و ژیانێکی نوێ دەستپێدەکات.**

**+ دەیـان کتێبی ئاینی، قورئان، تەفسیری قورئان، میعراج نامە، دیوانەکانی شاعیرانی کورد، لە ئەشکەوتەکاندا کەوتبوون، جل و بەرگی منداڵ و ژنان و پیاوان، مەمەی شیر، خواردەمەنی و نەوت لە ئەشکەوت و چەمەکەدا کەوتبوون.**

**+ لە ناو چەمی سەرکانی تراکتۆرێکی مام فواد توکنی وەرگەڕابوو، هەموو جلەکانی مام فواد لە ناو تراکتۆرەکەدا کەوتبوو، جلەکانی فایەقی کوڕی بڵاوببوونەوە، جلەکانی هەنارەی کچیان کراسی زەردوو سوورو پەمەیی و خاڵدارو نارنجی لەو ناوە کەوتبوون.**

ئەو دیمەنانە دڵیان دەهێنایە کوڵ، هەتا ئێستەش لە پەردەی دڵ دەدەن، دەبنە زاموو دەکولێنەوە هۆرەو قەتار دەڵێنەوە.

هەر سێ گروپەکە کەلووپەل و خواردنێکی زۆریان کۆ کردەوە، خواردن، قاپ و قاچاخ، بەتانی، لە ماوەی ئەو مانگەدا، لە ناوچەی خان و جەوەڵی هۆمەر مل، خانوویان لە ژێر زەویدا دروستکرد، ئەو بیرە ئاوانەی کوێر ببوونەوە، پاکیان کردنەوە، سوودیان لێدەبینی، درەنگانێکی شەو بە پشتی وڵاخ ئاویان دەهێنا، زۆر بە ئاگاوە بە ناو خڕە بەردوو ڕکە بەردا دەڕۆیشتن تا شوێن پێیان دەرنەکەوێت، ماوەیەکی زۆر لەو خانوانە مانەوە، هەر لەو دەورووبەرە سەرقاڵی دروستکردنی خانوویتر بوون چەند خانوویەکیان دروستکرد[٨٧]، لە نێوان بەلەگە و هۆمەر مل لە شەق شەریف سێ خانوویتریان دروستکرد بۆ مانەوەو حەسانەوەی پێشمەرگەکان.

ماوەی لێبووردنی گشتی تا کۆتایی هاتنی ئەو مانگە پارتیزانەکانی گەرمیان و بە تایبەت

مەفرەزەکەی عوسمانی حاجی مەحمود ئازوقەو خواردەمەنیەکی زۆریان حەشارداو شوێنی مانەوەو خۆ حەشاردانیان دروستکرد، خواردەمەنیەکانیان بە سەر چەندین بنکەی جیاجیادا شاردبوەوە، خواردنەکانیان دەکردە ناو بەرمیلەوە، چاڵیان بۆ هەڵدەکەندو دایان دەپۆشی تا دوژمن نەتوانێت بیاندۆزێتەوە.

ڕۆژانی پارتیزانی سەخت بوون، ئیرادەو پشوو درێژی و خۆڕاگری دەویست، پێشمەرگە پارتیزانەکان بێبەش بوون لە خواردنی خۆش، لە ژیانی خۆش، بەردەوام لە ڕۆیشتن و خۆ شاردانەوەدا بوون، هەموو ساتێک چاوەڕوانی شەهید بوون بوون، بەڵام سەریان بەرز بوو هیوای گەلێک و نیشتمانێکی سوتاوو ئەنفالکراو بوون.

ڕۆژی ١٩٨٨/١٠/٧ لە چەمی سەرکانی سەرقاڵی کۆکردنەوەی ئازوقە بوون هێزێکی دوژمن بەرەو ڕوویان هات، پێشمەرگەکان ڕۆیشتن و چوونە قولیجان

٨٧ هەندێک لە کەسوکاری پێشمەرگەکان هاتبوونە لایان گەنج بوون لەوە دەترسان بگیرێن و بە زۆر ناچاریان بکەن شوێنی پێشمەرگەکان ئاشکرا بکەن بۆیە خانوی تریان دروستکرد بۆ کاتی پێویست، ئەگەر ئەو شوێنانە ئاشکرا بوون بچنە ئەوێ.

بۆ ئێوارە هێزەکە گەیشتە ئەوێ، بۆ بەیانی چوونە بان چەرموو پشتی قولیجانی سەرحەد، ئێوارەکەی هێزێکی دوژمن هاتە ناو قولیجانی سەرحەد، حەمە ڕەشید گوێی هەڵخستبوو جاشێک بەویتری دەوت حەمید هەستە حەرەسیت، جاشەکان هێندە نزیک بوون بە ئاسانی دەبینران، پێشمەرگەکان ویستیان شوێنەکە جێبهێڵن عەلی غایب وتی ئێوە لە هیچ شوێنێک خۆتان ناگرن دوا بڕیاریاندا بڕۆن حەمە ڕەشید کەوت بە قیندا وتی بە گۆڕی شەهیدان نایەم، ناچار لە بانە چەرموو پشتی قولیجانی سەرحەد مانەوە، چوونە کونێکی خوارتر دەمی کونەکە باشتر بوو زۆر کراوە نەبوو.

ڕۆژی ۱۹۸۹/۱۰/۹ لە گەڵ شەبەقی بەیانیدا نان و چایان خوارد، ئەوەی لە کتریەکەدا مابووەوە کردیانە سەر ئاگرەکە تا بکوژێتەوە، گوێنیەک پاکەتی جگەرەیان پێبوو لە نزیک کەندێکدا شاردیانەوە، هەندێک نانیان پێبوو ئەویشیان شاردەوە، سندوقێک فیشەکی زیادەیان خستە تاشە بەردێکەوەو هەندێ بەردیان خستە سەر تا دیار نەبێت، جیهازێکی ڕاکاڵیان پێبوو زەویان بۆ هەڵکەندو خستیانە ناویەوە، پێشمەرگەکان چوونەوە ناو کونەکە، بە حەربەو زمەی تفەنگ ناو کونەکەیان هەڵکەندو فراوانیانکرد، خۆڵەکەیان فڕێدەدایە زالکی کونەکەوە، مەترو نیوێک درێژو دوو مەتر پان بوو، (کاکە) پێشمەرگەی مەفرەزەکە لە دەرەوە بوو ووتیان شوێن پێیەکانت بسڕەوەو لە بەردەم کونەکەدا دانیشە بۆ ئەوەی ئاگات لە دەرەوە بێت، هەرچی ڕوویدا وەرە ژورەوە، کاتژمێر ۷ی بەیانی بوو کاکە وتی هات بە پەلە هاتە ناو کونەکەوە، هێندە بە پەلە چووە ناو کونەکە ڕادیۆکەی لە بەردەم کونەکەدا بیرچوو، کەمێکی پێچوو گوێیان لە دەنگە دەنگ بوو بە کوردی قسەیان دەکرد چوار جاش بە سەر سەریانەوە هاتنە خوارەوە بۆ ناو شیوەکە، چوونە بەرانبەر ئەو کونەی پێشمەرگەکان خۆیان تیادا حەشار دابوو وەستان جاشێکیان سەیری شیوەکەی دەکرد کەڵەکە بەرد کرابوو هاواریکرد ئەوە شوێنی پێشمەرگەیە، زۆر نەمانەوە بەرەو کوردە میر ڕۆیشتن، دوای ڕۆیشتنی جاشەکان دەستیانکردەوە بە هەڵکەندنی کونەکە زیاتر لە (۳۰) سم یان هەڵکەند، حەمە ڕەشید توکنی و

عوسمان تلیشانی و سەباح تفەنگیان سوار کردبوو لە دەمی کونەکەدا دانیشتبوون بڕیاریاندابوو هەتا هێزەکەی دوژمن نەچنە سەر کونەکە شەڕ نەکەن، کە جاشەکان ڕۆیشتن سەباح وتی با بەرەو چەمی لاهێز بڕۆین، هاوڕێکانی ووتیان دەرناچین لێرە ناڕۆین، دوای نیو کاتژمێر دووبارە گوێیان لە دەنگە دەنگ بوو لە سەریانەوە لە سەر کونەکەی پێشمەرگەکانی تیابوو (بێتەل) یان کردەوە، ئەفسەرەکە لە گەڵ سەرووی خۆی قسەیدەکرد دەیوت (سەیدی تەمام) سەربازەکان هاتنە خوارەوە بۆ ناو شیوەکە خڕەی پۆستاڵەکانیان دەگەیشتە گوێ، پێشمەرگەکان وایانزانی دەنگی ناڵی گوێدرێژەکانی خۆیانە کە لەو دەورووبەرە شاردبوویانەوە هێزەکانی دوژمن دۆزیویاننەتەوەو هێناویاننەتە سەر کونەکە، سەربازەکان لە دەورووبەری کونەکە گوێنییە پاکەتەکەیان دۆزیەوە کە پێشمەرگەکان شاردبوویانەوە، لە ناو تاشە بەردەکەشدا سندوقە فیشەکەکەیان دۆزیەوە سەربازێک لە هێزەکە جیابوەوەو هاتە کونەکە سەربازەکە نزیکبوەوە دەنگی پێی زیادیدەکرد، پێشمەرگەکان دەستیان لە سەر بەلەپیتکەی تفەنگ بوو، لە ناکاو دەنگ نەما، دوای چەند دەقیقەیەک دەنگی پێ دەستیپێکردەوە بەڵام دوورتر دەهاتە گوێ، گوێیان لێبوو سەربازەکە هاواری بۆ سەربازەکانیتر کردوو وتی (یا جماعە رادیۆ) گەڕایەوە ناو چەمەکە بۆ لای سەربازەکانیتر، ئەفسەرەکە بانگی سەربازەکانیکرد کۆبنەوەو بە چەمەکەدا بردنی، پێشمەرگەکان لە ناو کونەکە هەڵکووڕما بوون، کوڕ ببوون ووتیان ڕزگارمان بوو هێندەی نەبرد ڕەوە جاشێک لە سەریانەوە هاتن، پاکەتە جگەرەکانیان بینی کە سەربازەکان لە ناو گوێنیەکەدا هەڵیان تەکاندبوو شوێن چایەکەیان بینی کە بەیانی چایان خواردبوو پاشماوەکەیان ڕشتبووە سەر خۆڵەکە، خۆڵەکەیان لابردوو دەستیان خستە سەر تڵپە چاکە جاشێک بەویتریانی ووت سەمە سەمە خۆ تا ئێستە چایەکە تەڕە ئەم بەیانیە لێرە بوون، جاشێکیان وتی خۆزگە منیش لێرە بوومایە، عوسمان تلیشانی قەمسەڵەیەکی ئەمریکی لە نزیک کونەکە شاردبوەوە هەندێک گڵی کردبوو بە سەریدا جاشەکان قەمسەڵەکەیان دۆزیەوە گەیشتنە بەردەمی کونەکە، ئەفسەرەکەیان حەفتا مەترێک دوور کەوتبووەوە بانگیکردن یەڵڵا یەڵڵا، جاشەکان بەڕاکردن ڕۆیشتن بۆ ناو شیوەکە.

کاتژمێر ٨ی بەیانی بوو، ئەو هەموو هاتوچوونەی جاش و سەربازەکانی دوژمن کاتژمێرێکی خایاند، هێندەینەبرد سێ کۆپتەر هاتن، بە ناو شیوەکەدا زۆر بە نزمی دەڕۆیشتن ئەمسەراوسەری شیوەکەیان دەکرد، سەباح بە هاوڕێکانی ووت ببمە قوربانتان بەس نەبوو بە قسەی منتان نەکرد خۆ ئێستا کۆپتەر هەڵیدەگرتین لەم دەشتە، کۆپتەرەکان ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە سەریان، پێشمەرگەکان لە کاتژمێر ٧ی بەیانی تا ٨ی ئێوارە لە ناو کونەکەدا مانەوە، کە ئێوارە لە کونەکە هاتنە دەر کوڕ ببوون، قاچیان سڕ ببوو جووڵەی نەدەکرد نیوو کاتژمێرێک وەرزشیان بە قاچەکانیانکرد تا خوێنی تێزایەوە.

ڕۆژی ١٩٨٨/١١/٢٠ شێخ کەریم و سەید جەوهەر و نازم کەرکوکی هاتبوونە لای مەفرەزەکەی عوسمانی حاجی مەحمود کاتژمێر ٣:٣٠ دەقیقەی بەیانی گەڕانەوە بۆ بنکەکانی خۆیان، بنکەی مەفرەزەکەی کاک عوسمان بە سەر چەمی ئاوە سپییەوە بوو لە نێوان خان و باوەکر (سەید جەوهەرو شێخ کەریم) ڕۆیشتن، کاک عوسمان و سەباح و عەلی فەقێ مستەفایی ڕۆیشتن هەندێک چەک بشارنەوە تەنها حەمە ڕەشید و کامەران نەڕۆیشتبوون گوێیان لە دەنگی تەقەیەکی زۆر بوو، حەمە ڕەشید توکنی و کامەران خۆیان بەست و (بیکەیسی) یان بردە سەرەوە، هێندەی نەبرد سەید جەوهەرو شێخ کەریم و نازم کەرکوکی بەڕاکردن بە ناو شیوەکەدا هاتن، پێش ئەوەی بگەنە لای حەمە ڕەشید و کامەران لە دوورەوە هاواریانکرد دامەزرێن هاتن بە دواماندا، ڕەشیدو کامەران دامەزران ئەوانیش گەیشتنە لایان، کاک عوسمان و پێشمەرگەکانی کە ڕۆیشتبوون چەک بشارنەوە گوێیان لە دەنگی تەقەکان ببوو ئەوانیش گەڕانەوە لایان و دامەزران، چاویان لێبوو (١٢) ئۆتۆمبێلی سەربازی هاتنە بەرانبەریان بە چەم و شیوو هەڵەتەکاندا بەرەو لای پێشمەرگەکان دەهاتن، چەند جاشێک بە شیوەکەدا هاتنە سەرەوە گەیشتنە نزیک پێشمەرگەکان تەقەیانلێکردن و کوشتیانن شەڕ دەستپێکرد، بە بیکەیسی تەقەیان لە ئۆتۆمبێلەکان کرد کە هاتبوونە بەرانبەریان، هەر جاش و سەرباز بوون دەپێکران و دەکەوتن، ئۆتۆمبیلەکانیان جێهێشت و ڕایاندەکرد، ماوەی (١٥) خولەک شەڕ بەردەوام بوو،

شەش کۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی شەڕەکە، پێشمەرگەکان لە سەر گردەکانەوە ڕایانکردە خوارەوە بۆ ناو تاوێرو خانووەکان، کۆپتەرەکان زۆر نزم نەبوون کەمێک تەقەیانکرد لە پێشمەرگەکان سەریدەکرد، سەید جەوهەر لە بن تاشە بەردێک بوو وتی برادەران وەرنە دەرەوە ئێوە ئەو پێشمەرگانە بوون کۆپتەر نەیدەتوانی بە ئاسمانی گەرمیاندا بڕوات تەقەتان لێدەکرد، هەر ئەو کۆپتەرانەی حکومەتی عێراقن ئێوەش هەر ئەو پێشمەرگانەن، سەید جەوهەر لە بن تاشە بەردەکە هاتە دەروو ئاربیجیەکی نا بە کۆپتەرێکەوە، عوسمان تلیشانیش ئاربیجیەکی نا بە کۆپتەرێکەوە، کۆپتەرەکان چوونە قوڵایی ئاسمان، پێشمەرگەکان لە بن بەردەکان هاتنە دەرو چوونە سەر گردەکان تەماشایانکرد لە نزیکی پێنج مەترەوە جاش دەهاتنە سەر گردەکە، حەمە ڕەشید تەقەیلێکردن سەباح و غالبیش گەیشتنە لای حەمە ڕەشید، شێخ کەریم و عوسمان تلیشانی لەولاتر بوون صباح و غایب و حەمە ڕەشید وا ڕیکەوتبوون دابەزنە خوارەوە بچنە سەر ئۆتۆمبیلەکان، شێخ کەریم ڕێگەی پێنەدان بچن وتی ئێمە دوو کاتژمێرو نیو لە گەڵ جاش و سوپا و کۆپتەردا شەڕمان کردووە بریندارمان نەبووە، ئێوە دەتانەوێت بە خۆڕایی شەهید بن.

دوای ڕەوینەوەی شەڕەکە پێشمەرگەکان شوێنەکەیان جێهێشت، نیو گوێنیە فیشەکی کلاشینکۆفیان پێبوو مەخزەنەکانیان لێپڕکردەوە، ئەویتریان شاردەوە ئەو شەوە هاتنە قادر کەرەم چەند ڕۆژێک لەوێ مانەوە دواتر چوونە خوارەوە بۆ لای ئەحمەدی حاجی ڕەشید و کاک حەسەن و هاوڕێکانیان.

مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٨ بارانێکی زۆر باری تێکڕای کەلووپەلەکانیان و خواردنەکانیان، چەکەکانیان تەڕ بوون، لە جەوەڵی هۆمەر مل خانوو درووستکرابوون، ماڵەکان نەسووتێنرا بوون کەلووپەل و خواردنی تیا مابوو دوای ئەوەی لافاو خانووەکانی بردن چوونە ئەو خانوانە، ئاگریان کردەوە، گیسکێکیان مابوو سەریان بڕی و خواردیان خۆیان وشک کردەوەو بووژانەوە[٨٨] لەو لا ماڵەکانی جەوەڵی

٨٨ ڕێکخستنەکانی سەرقەڵا (١٠) گیسکیان بۆ پێشمەرگەکان هێنابوو سێ گیسکیان مابوو ئەوانی تر ئاو بردبوونی لە جیسری قۆری چای ئاوەکە لایدا بوون ڕێکخستنەکان بینیبویان وتبویان ئەوە گیسکەکانی ئێمەن کە بۆ پێشمەرگەکانمان بردبوو.

هۆمەر مل شوێنێکی تریان دۆزیەوە (کەڵهڕ) دەیڕوانییە بەلەکەی سەروو ناویان نابوو قەندیل[٨٩] چوونکە شوێنێکی سارد بوو ساڵی ١٩٨٩ بەفری لێباریبوو.

## لـــێدانی ڕەبیـــەی پـــەڵکانە و نـــەوتەکە

ڕۆژی ١٩٨٩/١/١٧ دوو مەفرەزە بە فەرماندەیی عوسمانی حاجی مەحمود بۆ لێدانی هەر دوو ڕەبییەی پەلکانە و دەرووی نەوتەکە جووڵەیان کرد، لە ماوەیەکی کورتدا هەڵمەتیان بردە سەر هەر دوو ڕەبییەکەو گەڕانەوە ژێر زەمینەکانی قەندیل.

سەید جەوهەرو حەمە چەوری و سەید باباو جەمال وارانی و چەند پێشمەرگەیەک هاتنە لای مەفرەزەکەی عوسمانی حاجی مەحمود بۆ ژێر زەمینەکانی قەندیل سەید جەوهەر پێیوتن ئەم شوێنە ڕووتەنە فڕۆکە بێتە سەرتان و لێتان بدات بە هیلاک دەچن، برادەرانی لای کاک عوسمان ووتیان ئەم شوێنەمان بۆیە هەڵبژاردووە دوورە لە ئاوەوە بڕوا ناکەین حکومەت بزانێت پێشمەرگە لەم شوێنە بژی، بۆ ڕۆژی دوایی سەید جەوهەر و هاوڕێکانی گەڕانەوە.

## پـــەناگەی گـــۆبان عـــەرەب سـێ

لە سەروودێی گۆبان عەرەب پەناگەیەکیان درووستکردبوو، پێشمەرگەکان نەیانزانیبوو لە خوار ئەوانەوە چەند خانوویەک درووستکراوە، کاتی خۆی کە ڕژێمی عێراق تۆپبارانی دێیەکانی دەکرد خەڵکی دێیەکان دەچوون چەند پەناگەیەکیان لە دەرەوەی دێیەکان درووستدەکرد بۆ خۆپەنادان.

پەناگەکەی مەلا سەعید و هاوڕێکانی لە هەردەی هۆمەر مل بوو نزیکی هەندێک خانوو کە عەلی حاجی فەرەج درووستیکردبوو بۆ خۆپاراستن لە تۆپبارانی دوژمن، تا ئەو ڕۆژەی کۆپتەر هاتە سەر هەردەی هۆمەر مل پێشمەرگەکان نەیانزانی لەو دیویانەوە خانوو هەیە بەڵام ئاگادار بوون کە هێزی دوژمن هاتووەتە ناوچەی فەتاح هۆمەرو هۆمەر مل.

[٨٩] یەکەم خانوو کە دروستیان کرد ناویان نابوو برزوت، دووەم مریشکەکان سێ یەم قەندیل.

پەناگەکەی مەلا سەعید بە سەر شوێنێکەوە بوو ناویان نابوو پەناگەی تەپکەکان، پەناگەی تەپکەکان گردێکی بەرزی هەبوو بە سەر گردەکەوە چاڵێکی باشیان کردبوو بۆ چاودێری، تەرویان هێنابوو پەناگەکەیان پێدادەپۆشی بۆ ئەوەی نەبیندرێت.

ڕۆژی ١٩٨٩/١/٢١ مەلا سەعید بێ چەک ڕۆیشت ووتی من دەچم ئێشکگر دەبم هێندەی نەبرد دوو کۆپتەری حەماڵ و سێ کۆپتەری جەنگی هاتن.

کۆپتەرە حەماڵەکان دەسووڕانەوە کۆپتەرە جەنگییەکان نزمتر دەسووڕانەوە سەری پەروانەی کۆپتەرەکان دەبیندران.

پەناگەی تەپکەکە دوو گوێدرێژیان هەبوو یەکێکیان ناوی کەرە گوێ لەق بوو پەنایەکی بچووکیان بۆ درووستکردبوو لە پەناگەکەدا بوو.

گوێدرێژەکەیتر کە پێیاندەوت کەرەکەی عەلی فەقێ مستەفایی ڕەشمەی لێکرابووەوە بەرەڵڵا بوو بەڵام پەناگەکەی جێنەدەهێشت کە لەو سەرەوە کۆپتەرەکان دەهاتن گوێدرێژەکە ڕایدەکرد هەتا بن پەناگەکە عەلی فەقێ مستەفایی تێیدەخوڕی جارێکیتر ڕایدەکردەوە دەچووە ئاودڕێک لەو سەرەوە، کۆپتەرەکان دەهاتنەوە جارێکیتر دەهاتەوە ئەمسەر.

دوای نیو کاتژمێر سووڕانەوە کۆپتەرەکان ڕۆیشتن لەو خانووانەی عەلی حاجی فەرەج درووستیکردبوون هێزیان دابەزاند، دواتر چوونە سەر پەناگەکەی قەندیل کە عوسمانی حاجی مەحموودو مەفرەزەکەی لەوێبوون، دوو گوێدرێژیان هەبوو کوشتیانن دواتر دەستڕێژیان لە پەناگەکە کرد.

بۆ ڕۆژی سێیەم ١٩٨٩/١/٢١ چوار کۆپتەری باری و جەنگی لە خورماتووەوە هەڵسان بۆ پشکنین هاتنە سەر پەناگەکانی قەندیل شوێنەکەیان ئاشکرا کرد، بە سەر خانووەکاندا سووڕانەوە، سیانزە پێشمەرگە بە سەر سێ خانووی نزیک لە یەک دابەشببوون، دەنگی دەسرێژی کۆپتەر لە دوورەوە دەهاتە گوێ، پێشمەرگەکان دوو وولاخیان پێبوو لە دووری خۆیان بەستبوویانەوە، کۆپتەر وڵاخەکانی کوشتبوو کۆپتەرێک لە ئاستی هەر سێ خانوەکە وەستا[٩٠]، چەند فیشەکێکی نا

[٩٠] خانووەکان گڵەبان کرابوون گڵی سەر خانوەکان ڕەنگی جیاوازتر بوو لە گڵی زەویەکە، پێشمەرگەکان بەردەمی خانوەکەیان بە گوێنیەک گرتبوو کردبویانە پەردە کە دەچونە ژورەوە بە حەبلێک پەردەکەیان ڕادەکێشا کەس بڕوای نەدەکرد خانوو بێت، سەربانەکە قتوی ڕۆنیان تێکردبوو بۆ گۆڕینی هەوا.

بە ژێر زەمینەکانەوە تا بزانێ کەسی تیایە، قتووی گۆڕینی هەوای ژێرزەمینەکان چوون بە ئاسماندا، عەلی میلی تفەنگی ڕاکێشا تا تەقە لە کۆپتەرەکان بکات، حەسەن هۆمەر ملی نەیهێشت تەقەی لێبکات، عوسمانی حاجی مەحمود لە ژێر زەمینێکی تردا میلی بیکەیسی ڕاکێشا بوو تەقە بکات ڕەشید توکنی ووتبووی کاک عوسمان نەکو کۆپتەرەکە کوێرانە تەقە بکات کەمێکی تر ئارام بگرە، خانوەکان هەر چەند مەترێک نێوانیان بوو پێشمەرگەکان دانیان بە خۆیاندا گرت، کۆپتەرەکان ڕۆیشتن و دیار نەمان، دوای ڕۆیشتنی کۆپتەرەکان تێکڕا لە ژێر زەمینەکان هاتنە دەر، عوسمانی حاجی مەحمود بە حەسەن هۆمەر ملی ووت شوێنێک شارەزایت بمانبەرە ئەوێ، کاتژمێر (٩)ی بەیانی بوو چوونە بەردەمی ئەو شوێنە کونێک بوو جێگەی چوار کەسی تیا دەبوەوە پێشمەرگەکانیش سیانزە کەس بوون، کاک عوسمان کۆبوونەوەیەکی خێرای بە مەفرەزەکە کرد، وتی ئەم ڕێگەیە خۆمان هەڵمان بژاردووە، داوام وایە بە مەخزەنی پڕەوە نەگیرێین، هەمووومان شەڕ بکەین خۆمان بدەینە کوشت، مەخزەنەکانمان لە دوژمنەکانماندا بەتاڵ بکەینەوە بۆ ئەوەی خەڵک شایەدیمان بۆ بدات بڵێن ئەوانە خەباتگێڕو شۆڕشگێڕ بوون، سوێندیان بە سەری ئەنفالەکان خواردبوو گەرمیان چۆڵنەکەن هەتا خوێنیان تێکەڵ خاک و ئاوی گەرمیان نەبێت.

دەمی کونەکە بچوک بوو جێگەی چوار کەسی تیا دەبوەوە مەفرەزەکە لە بەردەمی کونەکەدا وەستا بوون، عوسمانی حاجی مەحمود بە حەسەن و عەلی ووت پێشمانکەون بۆ شەق شەریف، عەلی و حەسەن پێش مەفرەزەکە کەوتن گەیشتنە شەق شەریف[٩١]، دۆڵی سەخت و یاخی بوو هەردەو هەڵەت بوو، دەرفەتی شەڕکردن و خۆپاراستنی زیاتر بوو لە شوێنەکانیتر، بە گەیشتنیان بۆ شەق شەریف بە ئاڕاستەی گۆبان عەرەب دا لە بیری قازی گوێیان لە دەنگی تەقە بوو، کاک عوسمان حەسەنی لە گەڵ خۆیبرد بچنە سەر شاخێکی بەرز تا بزانن ئەو

[٩١] حەسەن هۆمەر ملی جگەرە خۆر بوو هێندە بە خێرایی دەڕۆیشت تا بگەنە شەق شەریف و لە دوژمن ڕزگاریان بێت جگەرەکانی گیرفانی دەکەوتنە سەر زەوی، کامەران لە دوایەوە هەڵی دەگرتنەوە دوای ئەوەی لە مەترسی ڕزگاریان بوو حەسەن دەستی کرد بە گیرفانیدا جگەرە بکێشێ دوو جگەرەی پێمابوو، کامەران جگەرەکانی دایەوە.

تەقانە چییە، بە دووربین چاودێری قۆری چایی و گۆبان عەرەبیان دەکرد تا بزانن دەرچوون و پشکنین لەو ناوە نییە، لە چەمی گوڵم کەوە ئەفسەرێک دیار بوو هێزی لە گەڵدا بوو دەهاتنە نزیک شەق شەریف کاک عوسمان حەسەنی ناردەوە لای پێشمەرگەکان تا دابەشبن.

هیچ دەرفەت نەماوەو شەڕ دەکەین، هێزی دوژمن لە پێشمەرگەکان نزیک دەبوەوە یەکتریان دەبینی، ئەفسەرەکە ڕێنمایی دەدا بە سەربازەکان، هێزە سەربازییەکە دوو جاش شارەزاو چاوساغیان بوون، عەلی و مەجید دوو جاشە کورد پێش لەشکری داگیرکەر کەوتبوون بۆ سەر مەفرەزەی پێشمەرگەکان، هێندە نزیک بوون پێشمەرگەکان گوێیان لە قسەکانیان بوو بەڵام نەیاندەویست تەقەیان لێبکەن دەیانویست بە چەمەکەدا بێنە بەردەمیان و بە دەست بیانگرن، سیانزە پێشمەرگە بەڵام (سیانزە قەندیل و ئاسۆس) چاویان لە سەر قەرەوڵی تفەنگە و چاوەڕێن بەلەپیتکە بترازێ ئەوان بەلێنیان بە شەهیدان دابوو ئەو هەردەو هەڵەتەی گەرمیان بکەنە گۆڕستانی داگیرکەران عوسمانی حاجی مەحمود بە پێشمەرگەکانی ووت من دەچمە ئەو گردە تەقە دەکەم، با تەقە لە من بکەن و بکوژرێم تا ئێوە ڕزگارتان بێ، بەڵام پێشمەرگەکان ڕازی نەبوون ووتیان دەبێ هەمومان بە یەکەوە شەهید بین.

ئەفسەرەکە پێشمەرگەکانی بەدیکرد بوو هەر چەند مەترێک لە یەکەوە دوور بوون بەڵام پێچەوانەی چاوەڕوانی پێشمەرگەکان جاش و سەربازەکانی بەرەو بەلەگە و چەمی کەرخنکێنەدا سەرخست، پێشمەرگەکان بە دووربین تەماشای ڕێچکەی سەربازەکانیان دەکرد

(٨٠) سەربازو جاش بوون گەیشتنە ناو بەلەگەی سەروو پێشمەرگەکان نانیان خواردوو کەمێک بوژانەوە، کە شەو داهات لە شەق شەریف ڕۆیشتن بۆ لای مەلا سەعید بۆ ژێر زەمین و خانووی تەپکەکان کە بە گۆمی (سلیمان ساڵح) ناسراوە شەو لەوێ مانەوە، هەویریان شێلاو نان ساجیان درووستکرد، بۆ بەیانی ئەوێشیان چۆڵکرد بچنە دەربەند تاڵە هەندێک تەنویری دەمانچە تەقێندرا، هێزەکە بوونە (٣) بەش بە سەر سێ مەفرەزەدا دابەشبوون عوسمان تلیشانی، عوسمان مەلا جەمیل،

کامەران، مامۆستا هیدایەت، جەمال شێخ حەمیدی، ڕۆیشتن بۆ زەنگاباد، مەلا سەعید، ئەحمەدی حاجی ڕەشید و چەند پێشمەرگەیەک ڕۆیشتن بۆ دەربەند تاڵە، عوسمانی حاجی مەحمود، حەسەن، شوکر، بورهان زەرداوی ڕۆیشتن بۆ تەنگ شەرەف، دوژمن کێومالّی ناوچەکەی دەستپێکرد کۆپتەر دەسوڕایەوە، پێشمەرگەکان تەنگ شەرەفیان جێهێشت بەرەو کفری ڕۆیشتن بنچک و گەڵایان لە سەریانەوە هاڵاند بوو تا سەریان دیار نەبێت، جلەکانیشیان خاکی بوو، بە نێوان ڕەبییەکانی سەر قەڵای کفری- برایم خان و ناساڵح دا ڕۆیشتن تا گەیشتنە نزیک باوە شاسوار، عوسمانی حاجی مەحمود پێیوتن شوێن نەماوە بۆی بچین ئەگەر هاتن بە دوامانداا دەچینە ناو کفری با هەموومان بکوژرێین.

کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ تا کاتژمێر (٣) مانەوە کەس نەهات بە دوایاندا ڕاشی و دۆشاویان پێبوو لە کۆڵەپشتەکان دەریانهێناو نانیانخوارد، ڕۆژی دواتر گەڕانەوە خانووی تەپکەکان بڕیار بوو لە گەڵ مەلا سەعید و ئەحمەدی حاجی ڕەشید لەوێ یەکبگرنەوە، بەڵام مەفرەزەکەی زەنگاباد لە شوێنی خۆیان مانەوە، بۆ بەیانی لە گەڵ مەلا سەعیدو ئەحمەدی حاجی ڕەشید چوونە دەربەند تاڵەو لەوێ مانەوە، ئێوارە گەڕانەوە بۆ خانوەکانی قەندیل بامێی وشک و مریشکیان هەبوو وتیان با نانێکی باش بخۆین بە سکی برسی نەکوژرێین، لەوێشەوە ڕۆیشتنە کانی جاناغا[٩٢]، کە نزیک بوو لە خانووی تەپکەکان، ماوەیەکی زۆر لە خانوەکانی کانی جاناغا و شەق شەریف و هەردەی دوراجی و گوڵم کەوە مانەوە جگە لەو شوێنانە لە هەردەی زەنگنە و مەلا هۆمەر و چەمی ئاوە سپی و خۆرنەوازان و خانووی بەرازەکان و هەیەرە سوورو تایەر کەوەو شۆراوو ناو جاف و قەڵا لوت و توکن و عەزیز قادر جێگەیان هەبوو، مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی لە ناوچەکە هەبوو پەیوەندیان لە گەڵ مەفرەزەکەی یەکێتی هەبوو.

ڕژێم بـەردەوام کێومالّی ناوچەکانی گەرمیانیدەکرد، پێشمەرگە خۆیان پەنا دەداو لە شیوو دۆڵ و پەناگەکانی ناوچەکە لە ناو خانوو ژێر زەمینەکاندا خۆیان حەشاردەدا.

٩٢ خانوەکانی کانی جاناغا پێش ئەنفال فیرارەکانی گۆبان دروستیان کردبوو تا خۆیانی تیا حەشار بدەن.

لە یەکێک لەو کێومالٚ و گەڕانانەی هێزەکانی داگیرکەر بە دوای پێشمەرگە، دوای دەرباز بوون و خۆپەنادانی پێشمەرگەکان مەلا سەعید وێنەیەکی مامجەلالی لە گیرفان دەرهێنابوو ماچیکردبوو، ووتبووی ئەم وێنەیە بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر شەحنم دەکاتەوە.

# مــــام عـــــەلی
# چـــــوار

پێشمەرگەکانی گەرمیان دەچوونە دێی ئاوایی سەید لە خوارووی شاری کفری و لە ماڵی برایم حەسەن تەنکەو ئەحمەد حەسەن تەنکە دەمانەوە، ئەو دوو ماڵە زۆر خزمەتیان دەکردن.

بەشێک لە ماڵە عەرەبەکان پەیوەندییان لە گەڵ پێشمەرگەکانی گەرمیاندا خۆشبوو عەرەبی دڵسۆزو دۆستی بەوەفای پارتیزانەکان بوون، پێشمەرگەکان دەچوونە (مەعدانەکان) لەوێ مام تەها دۆستیان بوو پێشمەرگەکان مام تەهای عەرەبیان ناونابوو عەمید تەها.

عەلی حەسەن (مام عەلی) پیاوێکی بەتەمەن بوو پێشمەرگەی مەفرەزەکەی عوسمان حاجی مەحموود بوو، مانەوە بە پارتیزانی لە ژێر ئەو بارودۆخە قورس بوو ئەرکی پێشمەرگەی پارتیزان گران بوو هەر بۆیە عوسمانی حاجی مەحموود مەلا سەعیدی ڕاسپارد قەناعەت بە مام عەلی بکات تەسلیم بێتەوە مەلا سەعید زۆری لە گەڵ مام عەلی ووت تەسلیم بێتەوەو ڕازی نەدەبوو.

شەوێک عوسمانی حاجی مەحموود و مەلا سەعید و ژمارەیەک پێشمەرگە لە بەعدانەکان بوون، مەلا سەعید بە عەرەبی بە مام تەهای ووت بزانە قەناعەت بە مام عەلی ناکەیت تەسلیم بێتەوە.

مام تەها دەستیکرد بە قسەکردن لە گەڵ مام عەلیدا پێیووت من و تۆ کێ پرسیارمان لێدەکات بۆ کوێت دەوێت کێ پرسیار لە ئێمە دەکات ئێمە لە ڕێی هیچدا نەماوین.

مام عەلی بزەیەک گرتی و سەیری مام تەهای کردوو ووتی بابە تۆ نازانیت من حکومەت حسابی نەوشیروانم بۆ دەکات، لە گەڕانەوەدا مەفرەزەکە بوونە دوو بەش مام عەلی لە گەڵ مەفرەزەیەک ڕۆیشتن، جاش هاتە سەر ڕێگەیان ماتۆڕ سوارەکانی عەلی خەڵەف ڕزگاریان کردن مام عەلی دوای ئەوە بڕیاریدا بگەڕێتەوە.

مام عەلی لە ڕێکخستنە دێرینەکانی کەرکوک بوو پێشمەرگەیەکی تێکۆشەر بوو بەڵام هەلوومەرجی پارتیزانی قورس بوو مام عەلیش پیاوێکی پیر بوو بەرگەی ئەو هەموو ناڕەحەتییەی نەدەگرت بۆیە حەزیان دەکرد تەسلیم بێتەوە.

## حـــــەسەن نـــــەخۆش کـــەوت

مانگی (٥) ی ساڵی ١٩٨٩ کاک عوسمان لە چەمی دڕکەوە حەسەن و فایەق کەلاری و هەڵکەوتی نارد بۆ دیدارێک، لە ڕێگا حەسەن نەخۆشکەوت شەوو ڕۆژێک بە دیار حەسەنەوە دانیشتن چاکنەبوو، ناچار لە نێوان وارە قوڵەو کاکەبرا حەسەنیان جێهێشت تا بگەنە شوێن دیدارەکە، حەسەن سێ شەوو سێ ڕۆژ بە تەنها مایەوە (بێتەل)یان لا جێهێشتبوو، کۆڵە پشتەکەی دۆینەی تیابوو لە گەڵ دوو سێ نان دوای (٤٨) کاتژمێر دۆخی باشتر بوو شەوانە لە شوێنی دوورە دەست و لاڕێ دەخەوت، ڕۆژانە مەلا سەعید و شیروانی حاجی ئەحمەد پەیوەندیان پێوە دەکرد دوای سێ ڕۆژ هەڵکەوت و فایەق گەڕانەوەو لە گەڵ (حەسەن) دا ڕۆیشتنەوە خۆرنەوازان.

لە ماوەی مانەوەی مەفرەزەکەدا لە گەرمیان ڕێکخستن و کەسانی نیشتمان پەروەر هاوکاری مەفرەزەکەی کاک عوسمان بوون، بەشێک لەو تێکۆشەرانە:

+ ئەبو عەلی هاوکاری سەرەکی بوو
+ مەجید ڕەوانی
+ شەهابی حاجی ئەحمەد
+ مام ئەنوەر
+ ماڵی خەلیل کارێزی
+ ماڵی مەلا ڕەشید لە سەر قەلا
+ مامۆستا محەمەد
+ سمکۆ
+ نازمی سەید جەژنی
+ ساڵح فەرتەنە
+ عەزیز توکنی
+ مام خورشید
+ فایەق حاجی حەسەن

**پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە:**

١- عوسمان حاجی مەحمود لێپرسراو
٢- ئەحمەد ڕەشید عەباس (ئەحمەدی حاجی ڕەشید)
٣- سالّح محەمەد حسێن (کاکە توکنی)
٤- قادر محەمەد فەرەج (مامە قالە)
٥- کامەران هیدایەت فارس (کامەران مامۆستا هیدایەت)
٦- کامەران سەعید دارا (کامەرانە ڕەش)
٧- مەجید ئیبراهیم لفتە (مەجید دوزی)
٨- عەلی حەمە کەریم (عەلی فەقێ مستەفایی)
٩- جەمال ڕەشید سالّح (جەمال شێخ حەمیدی)
١٠- سەعید ئەحمەد محەمەد (مەلا سەعید)
١١- شکور محەمەد سلیمان (شکور قەرەبلاخی)
١٢- عەلی حەمە ڕەشید (عەلی غایب)
١٣- سەباح عومەر وەلی (صباح شێخ حەمیدی)
١٤- غایب حسێن (غایب نەلبی)
١٥- ڕەشید عەلی سەعید (حەمە ڕەشید توکنی)
١٦- حەسەن مەجید حەمە عەلی (حەسەن هۆمەر ملی)
١٧- بورهان عەبدولڕەحمان (بورهان زەرداوی)
١٨- محەمەد سابیر (جەمال مەلا هۆمەری)
١٩- عوسمان جەمیل سالّح (عوسمان مەلا جەمیل)
٢٠- ڕەحیم ڕەشید محەمەد (مەلا ڕەحیمی سەرقەڵا)
٢١- شکور ئیسماعیل حسێن
٢٢- عەلی نوری دەروێش (عەلی هۆمەر ملی)
٢٣- عوسمان عەلی سەمین (عوسمان تلیشانی)

دوای ساڵ و نیوێک مانەوە لە گەرمیان لە ڕۆژی ١٩٨٩/٩/٢٨ گەڕانەوە ئێران.

## مـــــــەفـــــرەزەی دووەم
## 1990/4/1

دوای گەڕانەوەی مەفرەزەی یەکەم بۆ سەرکردایەتی لە ١٩٨٩/٩/٢٨، مەفرەزەیەک بۆ جاری دووەم بەڕێکەوتن، عوسمان حاجی مەحمود لەگەڵیان هاتبوو تا دڵنیا بێت لە سنوور تێپەڕ دەبن.

وشیار لە گەڵیان هاتبوو (مین)یان بۆ هەڵگرێتەوەو ڕێگەیان بۆ پاک بکاتەوە، (مین) ێکی پیاتەقی و قاچێکی لەدەستدا، گەڕانەوەی مەفرەزەکە بۆ گەرمیان شکستیهێنا و گەڕانەوە بارەگاکانیان.

مانگی ٢ی ١٩٩٠ بۆ جارێکیتر لە (بلەکێ)وە بە نیازی چوونە گەرمیان جووڵەیانکرد بەفرێکی زۆر باریبوو ڕێگەینەدا، ئەمجارەش گەڕانەوە بارەگاکانیان لە کانی دینارو مەرگەوان و لەوێمانەوە تا لە ڕێکەوتی ١٩٩٠/٤/١ و جارێکیتر لە گەڵ کاک عوسمان بەڕێکەوتن، عەبەڕەق و دلاوەری حاجی عوسمان تا شارباژێڕ لە گەڵیان هاتن، لەوێ گەڕانەوە، مەفرەزەکە هاتنە پوشێن کانی و ئاوێکی لێبوو چینکۆی لە سەر بوو چینکۆکە ڕووخابوو، ئاگرێک لە بەردەمیاندا دەگەشایەوە، چوونە سەر ئاگرەکە دوو پیاوی بەتەمەن خەوتبوون، خەڵکی سلێمانی بوون بۆ ڕاوە کەو هاتبوون، پێشمەرگەکان هەڵیانساندن، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە نەیانهێشت بڕۆن، کاتژمێر (٣) ی ئێوارە ڕێگەیاندان بڕۆنەوە سلێمانی، مەفرەزەکەش کەوتنە ڕێ بەرەو گەرمیان ڕۆژ ئاوا بوون گەیشتنە داری حسک، لەوێوە بەڕێکەوتن لە گەڵ شەبەقی بەیانیدا گەیشتنە هەرەسەکە بۆ بەیانی گەیشتنە دۆڵی قەرەداغ، ڕۆژی ١٩٩٠/٤/٥ گەیشتنە قەڵا لوت و لە گەرمیان مانەوە.

مانگی ١١ی ساڵی ١٩٩٠ لە سەرکردایەتییەوە داوای عوسمانی حاجی مەحمودیان کرد، کاک عوسمان گەڕایەوە سەرکردایەتی و حەمەڕەش سەرپەرشتی مەفرەزەکەی دەکرد، ئەو ماوەیە لە خانوەکانی بەرازەکەو هۆمەرمل بوون، دوای سێ مانگ کاک عوسمان گەڕایەوە، ژمارەیەک نامەی سەرکردایەتی پێبوو بۆ پیاوانی ڕژێم و نامەکانیان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە گەیاندە کەسانی دیاریکراو.

مەفرەزەکە لە خانوەکانی برزوت بوون لە هۆمەرمل، حەمەڕەش، ئەحمەدی حاجی ڕەشید، خەبات، مەلا ڕەحمان، سەیوان هاتبوونە لای مەفرەزەکەی کاک عوسمان، بە نیازی گەڕانـەوە بـوون بۆ شوێنەکانی خۆیان مەفرەزەکەی کاک عوسمان پێویستیان بە ڕۆن بوو، بـرادەران ووتیان لە توکن ڕۆنی لێیە لە ناو بەرمیلدا شاردراوەتەوە حەسەن و عەزیز لە گەڵ حەمەڕەش و هاوڕێکانی ڕۆیشتن تا لە توکن ڕۆنەکە بهێنن و بگەڕێنەوە.

حەسەن و حەمەڕەش لە پێشەوە بـوون عەزیز لەدوایانەوە بـوو، خەبات و سەیوان و هیدایەت لە چەمی توکن پەڕینەوە، ئەمانیش گەیشتنە ناو توکن، هەر سەد مەترێک نێوانیان بوو ئەحمەدی حاجی ڕەشید لە پێشیانەوە بوو.

کاتژمێر (٨)ی بەیانی بوو چەند مەفرەزەیەکی جاش لە قەواڵی و بنەکە و قەڵا چەرمەڵی و پیرە هۆنیەوە هاتن کەوتنە نێوان پێشمەرگەکانەوە، ئەو بەیانییە ڕەشەبایەکی بەهێزی هەبوو، حەسەن گوێی لە میلی تفەنگ بـوو، حەمە ڕەش ماڵاوایی لە حەسەن کرد هەر چەند مەترێک دوور کەوتەوە، حەسەن تفەنگەکەی لە شان داگرت و چووە سەر گردێک تەماشای کرد (١٢) جاش بـەرەو ئەوان دێن حەسەن بانگی کرد جەلال[٩٣]، حەمە ڕەش ڕایکرد هاتە لای حەسەن و میلی تفەنگی ڕاکێشا، ئەحمەدی حاجی ڕەشید هاتە لایان، خەبات و پێشمەرگەکانیتر کە لەچەمەکە پەڕیبوونەوە ئەوانیش تفەنگیان ڕاکێشاو ڕوویان کردە جاشەکان و ووتیان چەکەکانتان دانێن، حەمە ڕەش و حەسەن ووتیان ئەوەی بجوڵێتەوە دەیکوژین.

حەمە ڕەش و حەسەن و ئەحمەدی حاجی ڕەشید ڕوویانکردە جاشەکان و پێیانوتن ئێمە ژمارەمان زۆرە دڵنیابن یەک فیشەک بتەقێنن دەربازنابن، ئەوە حکومەتی عێراقی لە ڕووخاندایە داواتان لێدەکەین ئاوڕ لە خۆتان بدەنەوە، واز لە کەلوپەلی بەجێماوی خوشک و دایکتان بێنن لەو هەردەو هەڵەتانە، واز لە دزی بێنن، ئێمە بە نانە ڕەق دەژین ئێوە لە شاردا دەژین، خراپە مەکەن، پیاو بن، هەر

---

[٩٣] جەلال مەبەست لە حەمە ڕەشە، چونکە حەمە ڕەش لە جیهازدا ناوی جەلال بوو، بۆیە حەسەن بانگی کرد جەلال تا ئاشکرا نەبێت چونکە هێزەکانی دوژمن بیانزانیایە حەمە ڕەشە کێشە بوو.

چەند ڕۆژێکی ماوە.

جاشەکان ئەفسەرێکی ئیستخباراتیان لە گەڵدا بوو، لێیان تێنەدەگەیشت حەپەسا بوو، حەمە ڕەش و هاوڕێکانی بە جاشەکانیان ووت یەکێکتان بێتە پێشەوە، یەکێک لە جاشەکان تفەنگەکەی فڕێداو وتی من دێم، جاشەکە هاتە پێشەوە، حەسەن وەکو پاسەوان لە پشتی حەمە ڕەشەوە وەستا بوو جاشەکەش (٨٠) چەکداری لە پشتەوە وەستا بوو جاشێکیان ناوی تەها بوو ئاربیجیەکی خستبووە سەر شان بە حەسەنی دەوت ئێستا بە یەک ئاربیجی دەتکەمە دوولەتەوە، دوو جاش هاتنە لای حەسەن، حەسەن وتی نەیەنە پێشەوە، جاشەکان بە حەسەنیان ووت بڕۆن لێرە ئەمانە مونافیقن، هێزتان بۆ بانگ دەکەن.

هیدایەت و مەلا ڕەحمان بە بڕیاری حەمە ڕەش ڕۆیشتبوون حەمە ڕەش و حەسەن و ئەحمەدی حاجی ڕەشید و خەباتیش گەڕایەوە لایان، جاشەکان پێیانوتن ئێوە هەندێ تەقەمان لێبکەن ئێمەش تەقە دەکەین بە ئاسماندا بۆ ئەوەی بڕوا بەو ئەفسەرە بێنین لە گەڵ ئێوەدا شەڕمان کردووە، پێشمەرگەکان تەقەیانکرد بە ئاسماندا، بەڵام جاشەکان بە نییەتی کوشتن تەقەیانلێکردن، بە پێ دزە بەو شیوو دۆڵانەدا دوور کەوتنەوە تا نزیک بنەکە بوونەوە هیدایەت و مەلا ڕەحمان و سەیوان وولاخەکانیان شاردبووەوە قەمسەڵەیەکی کاک ئەحمەد بە سەر وولاخەکەوە بوو (٥٠٠) دیناری تیا بوو، گۆشتی نیوە ئاسکێک لە سەر وولاخەکە بوو لە گەڵ وولاخێکی مەفرەزەکەی عوسمانی حاجی مەحمود کە حەسەن هێنا بووی کەوتە دەست جاشەکان.

جانتایەک لە سەر پشتی وڵاخی مەفرەزەکەی کاک عوسمان بوو، لە سەر جانتاکە نووسرابوو حەسەن هۆمەرملی، جاشەکان جانتاکەیان بردبوو لە ئۆردوگای سمود ووتبوویان حەسەن هۆمەر ملیمان کوشتووە ئەوە جانتاکەیەتی، زۆری نەبرد ڕێکخستنەکان سۆراغی پێشمەرگەکانیان کرد هەواڵەکە بەدرۆ خرایەوە.

دوای ڕزگار بوونیان لە بۆسەی دوژمن، حەمە ڕەش و هاوڕێیانی ڕۆیشتنەوە شوێنی خۆیان، حەسەن هۆمەر ملیش گەڕایەوە جەوەڵی هۆمەرمل.

## بـــــەرەو ڕاپـــەڕین

لە ڕاپەڕین نزیک بوونەوە ڕەتڵی کفری حەمەڕەش لێپرسراوی بوو، ڕەتڵی خورماتوو عوسمانی حاجی مەحمود، هەر دوو ڕەتڵەکە کرایە یەک ڕەتڵ بۆ ڕزگارکردنی کفری، هەر دوو ڕەتڵەکە بەرەو کفری بەڕێکەوتن.

کاتژمێر ٤:٤٥ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٠ چوونە ناو شاری کفری، لە ماوەی کاتژمێرێکدا هێرشیان بردە سەر منظمە، شورتە، ئەمن، قاطعی جەیش ناشەعبی و دەستیان بە سەردا گیرا، بە بڵندگۆ لە ناو شاردا دەگەڕان و داوایان لە خەڵک دەکرد بێنە دەرەوە شار ڕزگار کرا، خەڵکێکی زۆر هاتنە سەرجادە، قەرەباڵغیەکی زۆر درووست بوو (شوکری حەمەی هەیەر) قسەی بۆ خەڵک دەکردو هوتافی دەکێشا، کاتژمێر (٢)ی دوانیوەڕۆ بەڕێکەوتن بۆ ڕزگارکردنی خورماتوو.

**مەفرەزەی دووەمی پارتیزانەکان**

١- عوسمان حاجی مەحمود
٢- عەلی فەقێ مستەفایی
٣- مەجید دوزی
٤- کامەران هیدایەت
٥- ڕەمەزان کوڵەجۆیی
٦- مەلا سەعید ئەحمەد
٧- جەلال مەلا هۆمەری
٨- مولازم عەباس
٩- نەوشیروان ئەحمەد
١٠- سەباح شێخ حەمیدی
١١- جەمال شێخ حەمیدی
١٢- حەسەن هۆمەرملی
١٣- حەمە ڕەشید توکنی
١٤- جەمیل شێخ لەنگەر

## ئـــــەبو عــــەلی (هـــاوڕێ ســـــوپا)
## یانزە

ئەبو عەلی کە ناوی نهێنی هاوڕێ سوپا بوو یەکێک لە ڕێکخستن و کادیرە دێرینەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و مانەوەی پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان هاوڕێ سوپا هاوکاری سەرەکی و بەهێزی پارتیزانەکان بوو.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالی (٣) لە گەرمیان و مانەوەی حەمە ڕەش و عوسمانی حاجی مەحمود و سەید جەوهەرو پۆلێک پێشمەرگەو فەرماندەی قارەمان، هاوڕێ سوپا بووە هێڵی پەیوەندی نێوان پارتیزانەکان و ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵە.

عوسمانی حاجی مەحمود لەو ڕۆژانەی دوای ئەنفالدا نامەیەک بۆ هاوڕێ سوپا دەنێرێ و دۆخی خراپی خۆیانی بۆ دەنووسێ، هاوڕێ سوپا وەڵامی دەداتەوەو شوێنی یەکتر بینین لە دار چنارەکەی نێوان کنگربان و کفری دیاری دەکات، لێرەوە سەرەتای پەیوەندیەکان دادەڕێژن.

دوای دیاریکردنی شوێن و ژووانی دارچنارەکە، حەمە ڕەش و عوسمانی حاجی مەحمودوو هاوڕێ سوپا لە شوێنی دیاریکراو یەکتریان بینی پەیوەندیەکانیان گرێدایەوە، پێداویستیەکانیان و جۆرو چۆنیەتی هاوکاریکردنی پارتیزانەکانیان باسکردوو شوێن و ژووانی داهاتوویان دیاریکرد.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٨ تا ١٩٩١ هاوڕێ سوپا (١٠٧) جار پارتیزانەکانی بینی، پەیوەندی و ڕایەڵەی نێوان پارتیزانەکان، ڕێکخراوی سلێمانی، سەرکردایەتی بوو تێکڕای نامەو زانیارییەکان لە ڕێگەی ئەبو عەلی (هاوڕێ سوپا) ئاڵوگۆڕ دەکران و دەگەیەندرانە شوێنی مەبەست، ئەو پێشمەرگانەی بریندار بوون و پێویستیان بە چارەسەر هەبوو لە ڕێگەی هاوڕێ سوپاوە چارەسەر دەکران و دەگەیەندرانە سلێمانی.

(بێتەل)ی پارتیزانەکان لە کارکەوتبوو پەیوەندیەکانی نێوان سەرکردایەتی و پارتیزانەکان پچڕابوو، پارتیزانەکان داوایان لە هاوڕێ سوپا کرد بۆیان چاکبکاتەوە، هاوڕێ سوپا داوایکرد (بێتەل)ەکە بگەیەننە کفری بەڵام ئەوان بردیانە عەربەت و

تەسلیمی هاوڕێ سوپایانکرد، (بێتەل)ەکەیان لە ناو دوو کارتۆندا دانابوو هاوڕێ سوپا لە چەمەکەی خوار عەربەتەوە لایداو (بێتەل)ەکەی لە ناو لاداکەیدا شاردەوە، ڕۆنی پیسی کردبوو بە سەر جولێنەری لاداکەدا کە گەیشتە نزیک سەیتەرەکە دووکەڵی دەکرد نەیانوەستاندوو دەربازیبوو.

هەفتەی جارێک هاوڕێ سوپا دەچووە ژووانی پێشمەرگە پارتیزانەکان، هەموو جارێک دەبووایە بە ناو ڕەبییەکانی دوژمندا بڕوات و بپەڕێتەوە.

هاوڕێ سوپا لادایەکی پرتەقاڵی پێبوو هێندەی لە هەردەو هەڵەتی گەرمیان دابوو ژێری کون ببوو، هامووشۆی پارتیزانەکان قورس بوو، ڕێگا پڕ مەترسی بوو، هیچ جارێک بە نیازی گەڕانەوە نەبوو، خاوەنی خێزان و حەوت منداڵ بوو هەموو جارێک کە دەچووە لای پارتیزانەکان بە حوزنەوە بە سۆزێکی گەرم و پڕ تاسەی باوکانەوە سەیری مناڵەکانی دەکردوو لێیدەڕوانین هەروەکو ماڵاواییان لێبکات و دوا جاری بێت بە دیداریان شاد بێت، ئیتر بڕواو نەگەڕێتەوە.

هاوڕێ سوپا یاریدەدەری پزیشک بوو لە تەندروستی کەلار هەر پێداویستیەکی پزیشکی هەبوایە دەیگەیاندە پێشمەرگە پارتیزانەکان، پێشمەرگەکان تووشی گرانەتا ببوون دەرمانی پێویستی بۆ ناردن، کاتێک ئازادی سەگرمە بریندار بوو هاوڕێ سوپا لە نەخۆشخانەی کەلار تەبەڵەی فەرمی بۆ درووستکرد تا بیگەیەنێتە بەغدا.

ڕێگەی هاتووچۆ سەخت بوو، یەکتر بینینەکانیش زۆر بوون، جارێک لە ژێر دارچنارەکەو جارێک لە ژێر تاوەری کارەباکە، بۆیە دەبوو شوێنێک بدۆزنەوە تا پەیوەندیەکان بە ڕێکوپێکی بەڕێوە بچێت و پارێزراو بێت.

لەو دیو ڕەبییەکانی کفری دەواجنێک هەبوو شوێنەکەی گونجاو بوو دەرەوەی شار بوو، هاوڕێ سوپا بە جەباری حاجی ڕەشیدی ووت ئەو دەواجنە بگرین بە کرێ زۆر باشە دەتوانین بیکەینە بنکەیەکی پتەو بۆ گواستنەوەی کەلووپەلەکان چوونکە بە بیانووی دەواجنەکەوە دەتوانین بڕۆینە دەرەوەی شارو بگەڕێینەوە، ڕێکخراوی سلێمانی دەواجنەکەی بە کرێگرت، هاوڕێ سوپا هاتووچۆی دەواجنەکەی دەکردوو چەند کرێکارێکی جێی متمانەیان لە دەواجنەکە دانا.

ڕەبییەکان نزیک لە دەواجنەکە بوون هاوڕێ سوپا هەفتەی (١٥) مریشکی دەدانێ، پێشمەرگەکان دەهاتنە نزیک دەواجنەکە، هاوڕێ سوپا کەلووپەل و پێداویستیەکانی بۆ دەبردنە دارچنارەکە.

دار زەیتونێک لە نزیک دەواجنەکە بوو کاک کوردۆ بە هاوڕێ سوپای ووت نامەیەکت لە ژێر دار زەیتونەکە بۆ دادەنێم، هـاوڕێ سوپا چـووە نزیک دار زەیتوونەکان، لە ژێر هەموو دار زەیتوونەکان گەڕا زەویەکەی ژێریانی شیکردەوە نامەکەی نـەدۆزیـەوە، بەمجۆرە پەیوەندیەکان پچڕان هـاوڕێ سوپا چـووە لای جەباری حاجی ڕەشید بۆ سلێمانی و دۆخەکەی بۆ ڕوونکردەوە، جەباری حاجی ڕەشید بەڵێنیدا پەیوەندیەکانیان بۆ ڕێکبخاتەوە، بۆ هەفتەی داهاتوو هاوڕێ سوپا گەڕایەوە سلێمانی، جەباری حاجی ڕەشید وتی هەموو یەکی مانگ و ١٥ی مانگێک بچۆرە شوێنی دیاریکراو.

دوای دوو مانگ دابڕان لە ١٩٩٠/١/١٥ هاوڕێ سوپا چووە ژێر تاوەری کارەباکە لە کفری، ڕێکخراوی سلێمانی لە ڕێگەی (بێتەل)ەوە ژوانەکەیان ڕێکخستبوو، هاوڕێ سوپا چاوەڕێی مەحمود سەنگاوی دەکرد، نیو کاتژمێر چاوەڕێیکرد کەس دیار نەبوو، هاوڕێ سوپا لاداکەی لە ژێر تاوەری کارەباکە جێهێشتوو دوورکەوتەوە، بە هەردەو هەڵەتی ناوچەکەدا گەڕا، شەوێکی ساردوو درەنگ، مەترسی گورگ و دڕندەی کێوی هەبوو، کاتژمێر ١٢ی شەو گەڕایەوە لای تاوەرەکە، لە دوورەوە تارماییەکی بەدیکرد خۆیدا بە زەویداو لە سەر دەست چووە پێشەوە وڵاخێکی بینی ڕەشمەکەی بە دەست کەسێکەوە بوو هاوڕێ سوپا هەستایە سەرپێ و دەنگیاندا تۆ کێی هاوڕێ وتی من هاووڵاتیم ئاژەڵمان ونبووە بۆ ئاژەڵەکان دەگەڕێم ئەویش وتی من پێشمەرگەم، لە قسە کردن دابوون هاوڕێ سوپا سەیریکرد پاتریەک بە سەر ووڵاخەکەوەیە لێیپرسی باشە تۆ پێشمەرگەیت ئەو پاتریەت بۆ چییە، پێشمەرگەکە وتی بۆ (بێتەل)ەکەمان دەوێت، هاوڕێ سوپا لێیپرسی تۆ بە تەنهایت پێشمەرگەکە وتی نەخێر کاک مەحمودیش لێرەیە، هاوڕێ سوپا خۆی ئاشکرا کردوو وتی ئەوە پاتری لاداکەی منە دەرتانهێناوە، هاوڕێ سوپا باوەشیکرد بە کاک مەحمودداو

پێیوت وەزعی معیدەتان چۆنە، کاک مەحمود وتی خراپە، کاتژمێر لە دووی شەو لایدا بوو هاوڕێ سوپا گەڕایەوە کفری نان و مریشکی کوڵاوی بۆ هێنان خۆشی لە گەڵ ئەواندا نانیخوارد.

دیدارەکانی هـاوڕێ سوپا لە گەڵ عوسمانی حاجی مەحمود، حەمە ڕەش، مەحمود سەنگاوی و کاک کوردۆ بوو.

## هــــێنانەوەی ســـــــــەرکەوت

سەرکەوت لە مەفرەزەکەی حەمە ڕەش پێشمەرگە بوو لە شاخی ئاژداخ کەوتبووە قوڵایی ئەشکەوتێکەوە دەست و قاچی شکابوو، عوسمانی حاجی مەحمود لە دیدارێکدا بە هاوڕێ سوپای ووتبوو سەرکەوت دەست و قاچی شکاوە بەڵکو چارەسەرێکی بکەیت، سەرکەوت خزمی کاک ئازادی سەگرمە بوو، مامۆستا یاسین ناسیاوی ئازادی سەگرمە و هاوڕێی لە مێژینەی هاوڕێ سوپا بوو، هاوڕێ سوپا چووەماڵیان بۆ سلێمانی، لە ڕێگەی مامۆستا یاسینەوە ماڵی براکانی سەرکەوتی دۆزیـەوە و دۆخـی سەرکەوتی بۆ ڕوونکردنـەوە، هـاوڕێ سوپا گەڕایـەوە لای پارتیزانەکان و داوایلێکردن سەرکەوت ئامادە بکەن، ڕۆژێک پێش هێنانی سەرکەوت هاوڕێ سوپا گەڕایەوە سلێمانی و مامۆستا یاسینی لە گەڵ خۆی هێنایە ماڵی خۆیان لە کفری و لەوێ داینا، هاوڕێ سوپا مۆڵەتی نەخۆشی لە نەخۆشخانەی سەربازی بۆ درووستکردبوو پێشمەرگەکان سەرکەوتیان هێنایە نزیک کفری هاوڕێ سوپا چووە لایان و تا بەرەبەیان لە لای سەرکەوت مایەوە، کە دنیا ڕوون بووەوە سەرکەوتی هێنایە کفری بە (١٣) سەیتەرەی دوژمندا گەیاندیە سلێمانی، سەیتەرەی تونێلەکەی دەربەندیخان داوای مۆڵەتی لە سەرکەوت کرد، هاوڕێ سوپا بە پێکەنینەوە پێیوتن ئەوە بریندارێ قادسیەی صدامە کەچی تۆ داوای ناسنامەی لێدەکەیت، هاوڕێ سوپا سەرکەوتی گەیاندە ماڵی براکانی لە سلێمانی و گەڕایەوە کفری.

## گـــــەڕاندنەوەی تـــــەها

کاتێک کاک ئازادی سەگرمە بریندار بوو، تەهای براشی لە گەڵیدا بریندار بوو، برینەکەی کاریگەری لە سەر دانابوو، توانای ڕۆیشتنی کەم ببوو دەبوایە نیو کاتژمێر بڕوات و پشوو بدات عوسمانی حاجی مەحمود داوای لە ئەبو عەلی کرد بیباتە سلێمانی، پێشمەرگە تەهایان هێنایە نزیک دەواجنەکەی کفری و لەوێشەوە گەیاندیانە سلێمانی.

لە ژوانێکیتردا مەحمود سەنگاوی و هاوڕێکانی لە نزیک دەواجنەکە چاوەڕێی هاوڕێ سوپا بوون، هاوڕێ سوپا لاداکەی پڕ کردبوو لە کەلووپەل، سپێری لاداکەی داگرتبوو تا جێگەی کەلوپەلی زۆری تیابێتەوە، حاکم نوری براشی لە گەڵدا بوو گەیشتنە نزیک ڕەبییەکان و ئۆتۆمبێلی تەواریەکان بەرەو ڕوویان هات، هاوڕێ سوپا وەستاو دابەزی مەشغوڵی کردن و وتی میوانمان هەیە هاتووین مریشک بەرین لە دەواجنەکە تایەی لاداکە تەقیبوو سپێریشی داگرتبوو تا ناو کفری لە سەر ویل بردیانەوە.

ئەمە مشتێک بوو لە خەرواری چالاکی و گیان بازییەکانی هاوڕێ سوپا.

## ڕێـــــکخستن و هـــــاوکاری پـــــارتیزانەکان

جەلال عەبدوڵڵا و هاوڕێکانی کە هاوڕی سووپا لێپرسراویان بوو دوای کارەساتی ئەنفال و کیمابارانی خەڵکی کوردستان و مانەوەی پێشمەرگە پارتیزانەکان لە قوڵایی گەرمیاندا هاوکاری سەرەکی پارتیزانەکان بوون لە پەیداکردنی پێداویستی و خواردن و حەشاردانیان لە کەلار و کفری و صمود و سەقەڵا، جەلال عەبدوڵڵا پردی نێوان پارتیزانەکان و ڕێکخراوی سلێمانی بوو بە چاودێری حەمە نوری و حەمە ڕەشید باریکەیی کە سەرپەرشتی سنوورەکەیان دەکرد.

*لەم سەر وەختەدا نامەیەک لە سەرکردایەتی کۆمەڵەوە هات بۆ حەمە وەلی و حەسەنی برای کە دەواجینیان هەبوو، سەرکردایەتی کۆمەڵە داواییلێکردبوون کە هاوکاری پارتیزانەکان بن لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە ئەوانیش کوردانە و پیاوانە ئامادەیی خۆیان دەربڕی.

*هەریەک لە صدیق حاجی سەعید ناسراو بە هاوڕی سوپاو جەلال عەبدوڵڵا، مامۆستا ئەحمەد شەوکەت، ئیسماعیل ئیبراهیم مەردان، نەجم ئەحمەد باجەلان، کامەران عەبدوڵڵا، مەجید سالح، هاوکاری پارتیزانەکان بوون لە کەلار.
*هەریەک لە صالح حەمەخان و براکانی حەمەدەمین ئەمین فازیل ناسراو بە حەمید سۆیسکەو حسێن مینا لە دەربەندیخان.
*خەلیفە محەمەد، ئیسماعیل ئیبراهیم مەردان، ئەحمەد شەوکەت، نەجم ئەحمەد باجەلان، کامەران عەبدوڵڵا، نەریمان عەبدوڵلا و چەند هەڤاڵێکیتر لەگەڵ حەسەن ژاڵە یدا بوون لەباوەنوور. چەند دهەڤاڵێک لەگەڵ هاوڕێ سووپا بوون لە کفری بەڵام سەرجەم هەڤاڵەکان هاوڕی سووپا (ئەبو عەلی) سەرپەرشتیدەکردن.

## نـــــامەی ســــــەید مــحەمەد

سەید محەمەد نامەیەکی دایە جەلال عەبدوڵڵا بیگەیەنێتە دەستی حەمەی ئەحمەدی خاڵی کە دەواجینی هەبوو تاکوو هاوکارییان بکات، ئەویش بووە هاوکارێکی باشی پارتیزانەکان، عوسمانی خوشەکەزایی و کوڕەکەی لە دەواجنەکە کاریاندەکرد ماڵی مام زۆراب و مام حسێن لە دەواجنەکەی حەمەی وەلی بوون هاوکاری زۆری پارتیزانەکان و ڕێکخستنەکانیان دەکرد.
*کامەران ئەحمەد باوەنوری پێشمەرگە بوو لەبەر نەخۆشی گەڕابوەوە ناو شار لە ئۆردوگای ڕزگاری بوو جەلال دعەبدوڵڵا و مامۆستا ئەحمەد شەوکەت سەردانیانکرد نامەیەکی حەمە ڕەشیان پێبوو، کامەران باوەنوری لەگەڵ جەلال و مامۆستا ئەحمەد چووە لای حەمە ڕەش کامەران و حەمە ڕەش لەیەکتری زویربوون لە دەواجینەکە حەمە ڕەشیان بینی و ئاشتبوونەوە.
جەلال عەبدوڵڵا و مامۆستا ئەحمەد نامەیەکی حەمە نوری و حەمە ڕەشید بارییکەیان پێبوو بۆ حەمە ڕەش، ئەوان حەمە ڕەشیان نەدەناسی، حەمە ڕەش خۆی پێیناساندن و ووتی من شێخ محەمەدم جەلال ووتی من کارم بە شێخ محەمەد نییە حەمە ڕەشم دەوێ، حەمە ڕەش بە جەلالی ووت نەیانووت حەمە ڕەش پیاوێکی چوونە جامانەکەی لادا و ووتی شێخ محەمەد و حمە ڕەش هەر خۆمم جەلال ماچیکروو داوای لێبوردنی لێکرد.

*جارێک ژووانێکیان لەپاریاوڵە هەبوو جەلال و کامەران چوون بۆ ژوانەکە. جەلال دوو گوێنی کەلوپەلی پێبوو لەناو شارەوە هێنابووی کامەران ووتی ئەو گوێنیانە مەهێنە ڕێگە دوورە من هاوکاریت ناکەم جەلال ووتی هەر دەیهێنم لە ڕێگە زۆر هیلاک بوو کامەران هاوکاریکردوو گوێنییەکانی لەگەڵ هەڵگرت چوونە سەرکانی پاریاوڵە حەمە ڕەش و عوسمانی حاجی مەحوود لەوێبوون کەلوپەلەکانیان ڕادەستی ئەوان کردوو گەڕانەوە، عوسمانی حاجی مەحموود هەمو جارێک لە شوێنان دەیووت جەلال عەبدوڵڵا کۆڵەکەی زۆر لەخۆی گەورەتربوو.

*حمە ڕەشید نامەیەکی دایە جەلال عەبدوڵڵا بیگەیەنێتە پێشمەرگەیەک کە گەڕابووەوە ناو شار تا سەردانیبکات، دوای گەیاندنی نامەکە چوون بۆ بینینی حەمە ڕەش بەڵام ئەو شەوە نەهاتبوو، سەید محەمەد و مەحموود سەنگاوی هاتبوون لەگەڵیان کۆبوونەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ناو شار.

## گـــــرتنی ســـەید مـحەمەد

سەید محەمەد یەکێک لەکادر و پێشمەرگە و فەرماندەکانی گەرمیان و پارتیزان بوو بێپرسی ڕێکخستنەکان دەهاتەوە ناو شار خۆی پەیوەندی کەسی لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکان و پیاوانی ڕژێمدا دروستکردبوو بەمەبەستی سوود وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری.

سەید محەمەد هاتوو چۆی ماڵی جوامێری دەکرد لەکەلار جوامێر سەر بە ئیستخبارات و قوە طواری بوو وای نیشانی سەید محەمەد دابوو کە پیاوێکی کورد پەروەرە و چی بوێت ئەنجامی دەدات. سەید محەمەد بە جوامێری ووتبوو بۆ ئەوەی باوەڕت پێبکەین پیاوێکی بەعسیمان بۆ بکوژە، جوامێر چووبوە ئیستخبارات ووتبووی سەید محمەد داوای کوشتنی بەعسییەکمان لێدەکات.

لەپێناوی ئەوەی سەید محەمەد متمانەی تەواو بە جوامێر بکات حزبی بەعس بڕیاریدا بەکوشتنی ڕەفیق حزبییەکی بەساڵچووی خۆیان کە ناوی قالە سایەق بوو، بۆ ئەوەی لە دواجاردا هەموویان بەشێک لە ڕێکخستنەکان و پارتیزانەکان بخەنە داوو دەستگیریان بکەن یان بیانکوژن.

حزبی بەعس هەستا بە کوشتنی قالە سایەقی ڕەفیق حیزبی بەسالاچوو ئیتر سەید محەمەد متمانەی تەواوی بە جوامێر کردوو لە مالی مایەوە.

*جارێک سەید محەمەد داوای لە جەلال عەبدوڵلا کرد ڕێکخراوی سلێمانی (٦٠٠٠) دیناریان بۆ بنێرن تا ژێرزەمینێکی گەورە لە ناومالی جوامێر درووست بکەن بۆ ئەوەی مەفرەزە پارتیزانەکان بێنە ئەو ژێر زەمینەوە بە شەو چالاکی بکەن و بەڕۆژ لەوێ خۆیان حەشاربدەن، دیارە ئەوە بەرنامەیەکی حزبی بەعس بووبۆ خستنە داوی پارتیزانەکان و ڕێکخستەنەکان، جەلال عەبدوڵلا بەسەید محەمەدی ووت ئەوە ناکرێت تۆ هەڵەیت برۆ دەرەوە لەو ماڵە خۆت ڕزگاربکە.

*جارێک لەمالی جەلال عەبدوڵلا لە کەلار هاوڕی سووپاو کامەران و ئەحمەد شەوکەت لە کۆبوونەوەدابوون تایەر فارس کەیەکێک بوو لە تەتەرەکان هات ووتی سەید محەمەد دەڵێت با یەکێکیان ببینم کاری گرنگم پێیانە کەس ئامادە نەبوو بچێت جەلال عەبدوڵلا ووتی من دەچم، هاوڕێ سوپا کە لێپرسراویان بوو ڕازی نەبوو بچێت جەلال وتی دەچم هەولی لەگەڵ دەدەم بڕوات لەو ماڵە نەمێنێ سەید زۆر خۆشباوەڕە.

جەلال عەبدوڵلا چووە لای سەید محەمەد پییووت برۆ لەو ماڵە مەمێنەرەوە ئێرە شوێنی تۆ نییە، دوای کاتژمێرێک گەڕایەوە. پاش مانگێک تایەر فارس هاتەوە ووتی سەید محەمەد دیار نەماوە کەس نازانی چیلێهاتووە ڕەنگە ڕۆیشتبێت لە نێوان کەلار و ئاوایی سەید خەلیل کوژرابێت هەواڵیان نارد بۆ عوسمان حاجی مەحموود تا بزانێت سەید محەمەد گەڕاوەتەوە لای پارتیزانەکان، کاک عوسمان وەلامیدانەوە نەخێر پێموایە سەید محەمەد خیانەتی لێکراوە لەناو شارداگیراوە، دواتر زانرا لە ماڵی جوامێر دەستگیرکراوە تەسلیم بە حاجی عەبدی مودیری موخابەرات کراوە.

*عوسمان حاجی مەحموود داوای (٣٠٠٠) فیشەکی کردبوو بۆیان پەیدابکات، جەلال عەبدوڵلا، مامۆستا ئەحمەد شەوکەت (محەمەد حسێن مینە و حەمیدە سوێسکەکە ئامر سریە بوون دوو پیاوی تێکۆشەر و دڵسۆز و هاوسەنگەری ڕێکخستنەکان بوون) لەگەڵ خەلیفە محەمەد فیشەکەکانیان لەناو مەکینەی ئۆتۆمبێلدا

شاردەوە بردیانە صمود فیشەکەکان لەناو مەکینەی ئۆتۆمبێلەکەدا گەرم ببوون لەسەیتەرەی نێوان کەلار و صمود تەقینەوە سەیتەرەکە وایانزانی ئۆتۆمبێلەکە ئاگر دەگرێت ووتیان بڕۆن، لەسەیتەرەکە دوور کەوتنەوە فیشەکەکانیان بردە ماڵی نوری فاتە ڕادەستی عوسمانی حاجی مەحموودیان کرد، لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا (٣٠٠) فیشەکیان تەقیبوونەوە.

*حەمە ڕەش نامەیەکدایە جەلال عەبدوڵڵا بیگەیەتێتە دەستی پێشمەرگەیەکی هاوڕێی کە گەڕابووە ناو شار دەمانچەیەکی حەمە ڕەشی لابوو لێی وەرگرێتەوە بەڵام ئەو برادەرە دەمانچەکەی نەدایەوە، جەلال نامەکەی بە ئەحمەد حەلاقدا ناردبوو.

*حەمە ڕەش نامەیەکیدایە جەلال عەبدوڵڵا و بەرزان خورشید و مەجید ساڵح مۆر و ئیمزای خۆی لێدا تابیگەیەننە برایمە سوور ئەو (١٢) چەکەی لایەتی تەسلیمی بکاتەوە، برایمە سوور لە وەڵامدا ووتی چەکەکانم لە چەمی سیروان شاردۆتەوەو ئاو بردوونی.

جارێکیتر چوونە ماڵی مەلا ڕەشید باوکی مەلا ڕەحیم لەوێ چاویان بە عوسمانی حاجی مەحموود کەوت قسەیان لەسەر ئەوە کرد ڕێگەیەکیتر بکەنەوە لەسەر قەڵا.

دوای گرتنی سەید محەمەد لەناو شاردا جەلال عەبدوڵڵا سەردانی ماڵی سەعیدی ئامۆزای کاک عوسمانیکرد لە صمود دەرگای ماڵی سەعید داخرابوو، چووە ماڵی نوری فاتە، نوری ووتی بڕۆ خۆت دەربازبکە وەزع زۆر خراپە سەعید گیراوە، پێشتر جەباری پورزای سەعید گیرابوو هەردووکیان گولله بارانکران.

جەلال عەبدوڵڵا گەڕایەوە کەلار لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاریاندا کەلار جێبهێڵن و بەرەو باشووری عێراق بڕۆن، جەلال چووە ڕوومادی لە ڕێگەی مامۆستا ئەحمەد شەوکەتەوە (١٠٠) دیناریان بۆ نارد بۆ بژێوی ماڵ و منالی، ئەو (١٠٠) دینارە مانگانە بوو.

ماڵی نەجیبەی ئامۆزای جەلال عەبدوڵڵا وەکو بنکەیەکی یەکێتی بوو لە ناو شاردا زۆربەی ئیشوکارەکانیان لەوێ جێبەجێدەکرد نامەکانیشیان بە نەجیبەدا

دەنارد، دایکی مەلا ڕەحیم خزمەتی زۆری پێشمەرگەیدەکرد، هاوکاری ڕێکخستن و پارتیزانەکان بوو.

جەلال عەبدوڵڵا لەلایەن مونەزەمەی شەرقییەی بەعقووبەوە داواکرابوو نەک ئیستخباراتی کەلار بۆیە بەردەوام دەهاتەوە کەلار تا ڕاپەڕین بەردەوام بوو لەکاری ڕێکخستن.

# ڕەتڵی پارتیزانەکانی هەولێر
# (شەش)

## ڕەتـــڵی پـــارتیزانی هـــەولێر ســـــەرپەرشتی ڕەتـــڵ (ڕێباز) مـــــەفرەزەی (ڕێباز) یـــــەك

ئەنفالی کوردستان لە دوا قۆناغیدابوو، شالاوی ئەنفال لە دۆڵی جافەتی لە ژێر سەردێڕی ئەنفالی (یەک) دەستیپێکرد شالاوەکانی ئەنفال قۆتاغ بە قۆناغ قەرەداخ و دەشتی کۆیەو گۆپتەپە و عەسکەرو خۆشناوەتی و ناوچەکانی دیکەی گرتەوە، شەڕی قورس و بێئامان و بەرگری توند لە مەڵبەندی (سێ) دا کرا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان پاشەکشەیکردە سنوورەکان، لە دەشتە کرکەکانی کەرکوک و هەردەو هەڵەتی گەرمیان، پێشمەرگەکانی تیپەکانی ٢١ی کەرکوک و ٥١ی گەرمیان و سەگرمە ناوچەکەیان چۆڵنەکردوو بە پارتیزانی مانەوە.

لە سنووری هەولێر- تیپەکانی بەڕانەتی و دەشتی هەولێرو قەرەچوخ، لە سنووری کۆیەش تیپەکانی کۆیە و باواجی گەڕانەوە ناوچەکانیان و بە پارتیزانی مانەوە، مەفرەزەکانی هەولێر- دەشتی هەولێر- بەڕانەتی- ڕۆژهەلاتی هەولێر بە فەرماندەیی (ڕێباز)ی فەرماندە بۆ ماوەی (١٤) مانگ بە پارتیزانی لە سنووری بەرفراوانی هەولێر مانەوە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥ ڕۆژێکی غەمگین و پڕسوێ بوو لە مێژووی چەند ساڵەی پێشمەرگەکانی هەولێرو دەشتی هەولێرو قەرەچوخ و بەڕانەتی دا.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو سنوورەکانی ئێران دەگەڕانەوە پێشمەرگە پارتیزانەکان بە نیازی گەڕانەوە بۆ دێهاتە چۆلکراوەکان یەکتریان لە ئامێز دەگرت و فرمێسکی مالاوایی و لێک جیابوونەوەیان دەڕشت، هەڤالانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بەتاسەوە لە ئامێزیان گرتن و مالاواییان لێکردن، کاک کۆسرەت، کاک فەرەیدون، ملازم عومەر بە دلێکی پڕ تاسەوە مالاواییان لە ڕێبازو جەلال ئیلنجاغی و بورهانی سەعید سۆفی و پێشمەرگەکانی هێزەکە کرد.

ڕێباز بە دلێکی غەمگین و گەروی پڕگریانەوە لە ژووری مەڵبەند هاتەدەر، دنیا تاریکبوو، تاریکی شەو باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشابوو، مالاوایی لە یەک بە یەکی هاوڕێکانیکرد، مامۆستا بەکر، مامە غەفە، فاقە مەخموری و هاوڕێکانیتری لە ئامێزی

پڕ سۆزو خۆشەویستی گرت، یەک بە یەکیانی ماچکرد بەڵام تاسەی دووری ئەوان لە دڵ و دەروونی ڕێبازدا بە هەزاران باوەشی پڕسۆزو ماچ نەدەشکا.

ڕێگە نادیار بوو چارەنووس نادیار، نەک هەر ئەو شەوە بەڵکو تەواوی خەیاڵ و بیرەوەریەکان لە بەرگێکی خۆڵەمێشی هەڵکێشرابوون، سەدان دەست و تفەنگی دوژمن تۆقێن لە لێواری چارەنووسێکی نادیاردا دۆش دامابوون، دیمەنی ماڵاوایی و یەکتر لە ئامێز گرتنی پێشمەرگەکان بە جۆرێک بوو نە کامێراو نە تابلۆ، نەیدەتوانی گوزارشتیان لێبکات چونکە کامێراو تابلۆ ناتوانن ڕۆح بنووسنەوە، وێنەی بگرن و بکێشن، ماڵاوایی ڕێباز لە هاوڕێکانی هەر بە تەنها ماڵاوایی ڕێباز نەبوو، بەڵکو ماڵاوایی سەدان بیرەوەری و یادگاری و شەنخوونی و دەیان چالاکی و شەڕی دەستەو یەخە و پێکادان و نەبەردی بوو، ئەوەی دەڕۆیشت و جێدەما و لێکدەترازان هەر بە تەنها ڕێبازو مامۆستا بەکرو بورهان و جەلال و مامە غەفە و فاقە نەبوون، بەڵکو هەزاران ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی پاکوو بێگەردی نیشتمان بوون لە ژێر پەڵە هەورێکی ڕەشدا خەریکبوون دادەپۆشران و لەزریوە دەکەوتن، دابڕانی ئەوان وەکو دابڕانی مانگە شەوو خەرمانە، ئاوو ماسی بوون لە یەکتر، ئاخر ئەوان کوڕە شۆڕو بەژن زراڤەکەی بناری قەرەچوخ و بەڕانەتی و دەشتی هەولێر بوون شاڵاوی ڕەوە کوللەی بەعس پەرتەوازەی کردبوون، لە بەردەم دووڕیانی مان و نەماندا لە ئێوارە شەوێکی مەڵبەندی (٣) دا دوا ماچ و دوا ماڵاوایی و دوا ئامێزیان بەیەکدا کرد، ئەوان نەیاندەزانی دابڕان دەیانگەیەنێتە کوێ، دەچنەوە کەناری ئارام بە یەکتر شاد دەبنەوە یان ئەوە دوا نیگاو دوا ماچ و دوا ئامێزی گەرم و گوڕی ماڵاوایی و شەهید بوون و بە یەکتر نەگەیشتنەوەیە، نەیاندەزانی ئاخۆ جارێکیتر بۆنی عەرەقەی نێو چەوانی یەکتر دەکەن یا خود دەبنە گڵکۆیەک و گۆڕ غەریب لەو پێدەشتانە سپاردەی خاک دەکرێن، کەس دوا هەوارو گڵکۆیان پێنازانێ، دەبنە یادگاری و بیرەوەری هاوڕێکانیان یان دەبنە دوا وێنەی هەڵواسراوی سەر سنگ و تاقم و تفەنگی هاوڕێکانیان، دەبنە چیرۆکی شەوانەی ئەو پێشمەرگانەی هێشتاکە پەنجەیان لە سەر بەلە پیتکەی تفەنگەو لە سەنگەردا بە دیار سنوورەکانی نیشتمانەوە هەڵکوڕماون.

دوای دوا ئامێز و ماڵاوایی بەڕێکەوتن گەڕانەوە دێیە چۆڵەکان، پێشمەرگەکانی یەکێتی ئەو فەلسەفەیەیان پێچەوانە کردەوە کە دەیوت پێشمەرگە و خەڵک یان پێشمەرگەو جەماوەر وەک ماسی و ئاون بێ یەکتری هەڵناکەن و ناژین پارتیزانەکان ماسی بوون و بێ ئاو ژیان، بێ ئاوەدانی و بێ خەڵک.

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٦ گەیشتنە هیران، خەڵکی تیا نەمابوو بۆ ئێوارە گەیشتنە زیارەت و سولاوک لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٧ تێکڕای پێشمەرگەکان لە قەڵاسنج کۆبوونەوە کاک ڕێباز کۆبوونەوەی پێکردن و بە سەر ناوچەکاندا دابەشیکردن.

**ڕەتڵی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی کاک ڕێباز لەم تیپانە پێکهاتبوون:**

١/ تیپی ٨٥ی بەڕانەتی کاک ئاسۆ فەرماندەی بوو، کاک بورهانی سەعید سۆفی جێگری لێپرسراوی بوو.

٢/ تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کاک جەلال ئیلینجاغی فەرماندەی بوو کاک سەفین ئیبراهیم جێگریبوو.

٣/ تیپی ٨٧ی قەرەچوخ کاک بێستون فەرماندەی بوو کاک هاشم جێگرییبوو.

٤/ تیپی ٩٠ی باواجی کاک ئازاد چاوشین فەرماندەی بوو.

٥/ تیپی ٩٣ی کۆیە جەعفەر حەمە دەروێش فەرماندەی بوو مامۆستا زیرەک جێگری بوو.

+ تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و تیپی ٨٧ی قەرەچوخ بە ڕێگای کۆڕێ مەسیف بەرەو بەڕانەتی ڕۆیشتن تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو دەستەکەی کاک ڕێباز بۆ دەشتی هەولێر، تیپی ٩٠ی باواجی و تیپی ٩٣ی کۆیە بەرەو دەشتی کۆیە و ناوچەکانی خۆیان ڕۆیشتن بڕیار بوو ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٦ لە گەڵ فەرماندەکان یەکتر ببیننەوە.

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٧ لە ڕێگەی سارتکەوە ڕۆیشتنە هەنارە، شاخەکانی دەورووبەر بە هێزی دوژمن تەنرا بوو، بە ئاستەم گەیشتنە هەنارە، کاتژمێر (١٢) ی شەو گەیشتنە شەرەبۆت، دوو ماڵی کۆچەری لێبوون مەڕوماڵاتیان هەبوو، ناوچەکە بژوێن بوو لەوەڕگایەکی باشبوو بۆ لەوەڕاندنی ڕانە مەڕەکانیان، ڕێباز و پێشمەرگەکان لە ژێر دەوارو باخچەکانی شەرەبۆت نانیان خواردو لەوێ

خەوتن، بەیانی لە دەنگی کۆپتەر بەخەبەر هاتن (٥٠) کۆپتەر بەرەو خۆشناوەتی دەڕۆیشتن، تا ئێوارە لە ناو باخچەکانی شەرەبۆت مانەوە، ئێوارە لەوێ نانیان خواردو بەڕێکەوتن بۆ دەشتی هەولێر کاتژمێر ١١ی شەو گەیشتنە دێی (باخچە) پێشمەرگەیەکی پارتی شەهید کرابوو، هاوولاتیەکی دڵسۆزو دۆستی کاک ڕێباز هەواڵەکەی پێگەیاند ڕێباز داوایلێکرد بە خاکی بسپێرێ و بیشارێتەوە چونکە پێشمەرگەیەکی دڵسۆزی پارتییە، دوای شاردنەوەی، ڕێباز چووە سەر گۆڕەکەی و چاکتر گۆڕەکەیان ڕێکخست.

## هـــــێرش و کـــــێوماڵی دوژمـــــن

ڕۆژی ١٩٨٨/٩/١٣ هێزەکانی دوژمن لە چەند لایەکەوە هێرشیانکردە سەر ناوچەکانی دەشتی هەولێر بۆ کێوماڵی ناوچەکەو بە ئومێدی دۆزینەوەی پێشمەرگە پارتیزانەکان پێشتر ڕێباز پێشمەرگەکانی بە سەر چەند مەفرەزەیەکدا دابەشکردبوو ئەو مەفرەزەیەی لە گەڵ ڕێباز بوون (٨) پێشمەرگە بوون، هێزەکانی دوژمن بە پشتیوانی کۆپتەر کێوماڵیان دەستپێکرد، کۆپتەر بە سەر سەری ڕێبازو هاوڕێکانیدا دەسووڕانەوە دەرفەتی ئەوەیان نەدا وولاخەکان لە شوێنێک ببەستنەوە خۆیان پەنادا، هێزێکی زۆری دوژمن بڵاوەی پێکرابوو.

مەفرەزەکە لە ناو چەمێکی بچووکدا خۆیان حەشاردابوو لە بەیانییەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ نەیانتوانی لە ناو چەمەکەدا بجوڵێن، وولاخەکان خواردن و کەلووپەلی پێشمەرگەکانیان لە پشتبوو، ڕۆیشتبوون و لە چاو وون بوون هێزەکانی دوژمن لە بەیانی تا ئێوارە هەزاران گوللەیان بە چەمەکەوە نا، بەشێک لە گوللەکان دەکەوتنە نزیک پێشمەرگەکان، مەفرەزەکە بە زەحمەت لە چەمەکە دەرچوون ملی ڕێگەیان گرتە بەر بێئەوەی بزانن بە کام ڕێگەو بەرەو کوێ دەچن، تا لە دوژمن دوور بکەونەوە، لە سەر لە بەیانی ئەو ڕۆژەوە نانیان نەخوارد بوو، چوونە ئەشکەوتی (مام خدرۆکە) لە بناری چیای دێدەوان لەوێش بێ نان و چاو خواردن بوون ڕێباز بە دووربین سەیری شاخ و گردۆڵکەکانی دەورووبەری دەکرد دوژمن هەر لەوێ مابوون، برسێتی بڕستی لێبڕیبوون تەواو هیلاک و ماندووی کردبوون،

ڕێباز بیری مەرگ و مردنی لە خەیاڵدا بوو، کاوەو محەمەد دوو پێشمەرگەی مێر منداڵی مەفرەزەکە بوون لە برسا ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕا بوو، لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٨ ڕژێم لێبووردنی گشتی دەرکردبوو، ڕێباز دەستی کردە ملی کاوەو محەمەدو پێیوتن پێمباشە لەو لێبووردنە کەڵک وەرگرن ئێوە دوو لاوی بە جەرگن بۆ دوا ڕۆژ سوودتان دەبێ بۆ گەلەکەتان، کاوەو محەمەد بە دەنگی بەرز وتیان خۆ ئێمە لە تۆ زیاتر نین با هەموان بەیەکەوە لە برسا بمرین، کەوتنە ڕۆژی سێهەم و هێشتا بێ نان بوون، پێشمەرگەکان لە برسا پەکیان کەوتبوو کاک ڕێباز شۆڕشی نارد بە دووربین سەیری دەورووبەر بکات  تا بزانێت هێزەکانی دوژمن لە ناوچەکە ماون، شۆڕش چووە سەر گردێک تەماشای چواردەوری خۆیکرد بە دەنگی بەرز هاواریکرد دوژمن ئاشبەتاڵی کرد، پێشمەرگەکان خۆیان کۆکردەوەو ڕۆیشتنە دێی (بانە مۆرد) ڕێباز ماندووی ڕێگاو برسی بوو توانای ڕۆیشتنی نەبوو کاوە تاقم و تفەنگەکەی لێوەرگرت، بە بن بەردوو پەناگەو ناودێی بانەمۆردا گەڕان هیچ خواردنێکیان نەدۆزیەوە، دەبوایە بچنە (سێگردکان) بەڵام چوار کاتژمێر ڕێ بوو، لە ناکاو دەنگی پێشمەرگەیەک هاتە گوێ هاواری  کرد وەرن شینایە، کە چوونە سەر شیناییەکە بیبەر بوو، وردە  تەماتەی کاڵیشی پێوە بوو دەستیان کرد بە بیبەر خواردن، بۆ ماوەیەک تێر بوون، بەرەو سێگردکان ڕێگەیان گرت چوونە (میرکە) پشیلەیەک لە برسان نوزەی دەهات دوای پێشمەرگەکان کەوت شۆڕش ئاوڕی دایەوەو بە پشیلەکەی ووت وەڵلا لە تۆ برسیترم بڕۆ بۆ لای خوا چارەیەکت بکات، بۆ ڕۆژی دوایی دەستیان گەیشتە خواردن و کاوڕێکیان کڕی تێریان خواردوو بوژانەوە، هەر جارێک پێشمەرگەکان برسیان دەبوو نان و خواردنیان چنگ نەدەکەوت ڕێباز پێیدەوتن:

**بە سەر بەرزی و ژیانی سەر حەسیری**

**بە قوربانی بێ تەخت و تاجی میری**

دوای ئەوەی خواردنیان دەستکەوت و بووژانەوە بڕیاردرا هەر پێشمەرگەیەک نان و خواردنی چوار ژەم لە کۆڵەپشتەکەی هەڵگرێت، چوونکە کەلووپەلی سەر

پشتی وڵاخەکە ئەگەری هەیە وەکو ڕوویدا، ووڵاخەکە وونبێت و لە دەست دەرچێت.

ڕۆژی ١٩٨٨/١٠/٣ دووبارە دوژمن هێرشی کردەوە سەریان، تێکڕای ناوچەکە دووکەڵی لێهەڵدەستا دەنگی دەسرێژی گوللە پەردەی گوێی دەسمی.

جاش و سەرباز بن دارو کەڵوەزو دەوەن و بست بە بستی دەشتی هەولێر دەگەڕان تا پێشمەرگەیەک بخەنە داوو دەستگیریبکەن، ئەو ڕۆژە ڕێباز و هاوڕێکانی لە نزیک دێگەڵە بوون، شوانەکان ڕانە مەڕیان پێشخۆ دابوو، لە گەڵ ڕەوینەوەو پەڕینەوەی مەڕەکان یەکتریان بینی، پێشمەرگەکان لە گەڵ شوانەکان یەکتریان ناسی خەڵکی سماق شیرینی سەیدان بوون، هەرچی نان و پێخۆریان پێبوو دایانە پێشمەرگەکان، بۆ بەیانیش نان و خواردنیان بۆ هێنان.

## ژنـــــێکی بەهـــــــەڵوێست

ژنێک ماڵی لە دارە توو بوو ڕێبازی دەناسی، زۆر جار بە ڕێبازی دەوت منیش وەکو تۆ کوردم، شوانەکان باسی مەفرەزەکەیان بۆ کردبوو، ئەو ژنە سەنگین و مەردوو خاوەن هەڵوێستە، لە دارەتوەوە لە گەڵ پیاوێکی دێی (بەلەبان) دە کاتژمێر ڕێگەی بڕی و هاتە لای پێشمەرگەکان، خواردنی زۆری بۆ بردبوون، لە گۆشتی ئاژەڵ و مریشک و شەکرو چا وتەماتە و جگەرەو پێداویستیتر، دوو شەو لای ڕێبازو هاوڕێکانی مایەوە، چەند جارێکیتریش هاتەوە لایان و سەردانیکردن.

دایرەی ئەمنی هەولێر لە ڕێگەی سیخوڕو خۆ فرۆشەکانەوە زانیبوویان ئەو ژنە هاتووچۆی پێشمەرگەکان دەکات چەند جارێک بانگیانکردبوو، داوایان لێکردبوو ژەهر بکاتە خواردنەوەو دەرخواردی ڕێبازی بدات و بیکوژێت، بەڵام ئەو خانمە شۆڕشگێڕە ڕەتی کردبوەوە، تێکڕای قسەکانی پیاوانی ئەمنی هەولێری گەیاندەوە ڕێبازو ئاگاداریکردەوە کە دەیانەوێت بە هۆی ژن و کچەوە بتکوژن، ئەو ژنە سەلارە هەموو جارێ کە دەچووە سەردانی پێشمەرگەکان پێیدەوتن خەمتان نەبێ لە هەولێر هەر باس باسی ئێوەیە.

مـەڕدارەکـان- شوانەکان- دێهاتیەکان، ژنە سـەلارو تێکۆشـەرەکان خزمـەتی گەورەیان بە پێشمەرگە کردووە، ڕاستگۆترین و سەر ڕاسترین مرۆڤی کورد بوون

لە تەنگانەدا پشت و پەنای پێشمەرگە بوون، ئەو خاتوونە ژنە نمونەی دەیان ژن و کچی کوردستانە، کە لە پێناو گەلەکەیاندا گیانی خۆیان خستووەتە مەترسییەوە.

## هـــێرشی بەرفـــراوان و گـــــەمارۆ ڕزگـــار بوونی پـــــێشمەرگەکان

بوونی پێشمەرگە پارتیزانەکان لە دەشتی هەولێرو بەڕانەتی و ڕۆژهەڵاتی هەولێر و قەرەچوخ، دوژمنی هەراسان کردبوو زۆر نەبوو ڕژێمی عێراق لە میدیاکانەوەو لە دوا ئەنجامی شاڵاوەکانی ئەنفالدا بەیانی کۆتایی هاتنی هێزی پێشمەرگەی ڕاگەیاند بوو ناوی لێنابوو بەیانی بەیانەکان قورس و گران بوو بۆ ڕژێمی عێراق کە لە خەیاڵی خۆیدا خۆی بە براوەی جەنگ لە گەڵ ئێران و پێشەنگی نەتەوەی عەرەب و پارێزەری بەوابەی شەرقی دەزانی بەڵام هەر چەند کیلۆمەترێک لەولا هەولێرەوە پێشمەرگە لە جووڵەدا بوون و پەیامی نەبەزین و نەنەوینی شۆڕشیان ڕادەگەیاند و شکستیان بە شکست دەدا، بۆیە لە هەوڵی بەردەوام دابوو بۆ کۆتایی هێنان بە پارتیزانەکان هەموو هەوڵەکانیان بۆ لە ناو بردنی مەفرەزە پارتیزانەکان چڕ کردبووەوە، هەندێ فەرماندەی سەربازی فشۆڵی سوپای عێراق لە ناو ژووری گەرمەوە بەڵێنیان بە سەرە گەورەکانیان دابوو کە لە ماوەی هەفتەیەکدا کۆتایی بە پێشمەرگە پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر دێنن.

هەواڵەکە گەیشتە کاک ڕێباز، ڕێباز پیاوێکی ژیرو وریاو بە سەلیقە بوو، هەواڵەکەی بە ڕاست وەرگرت پێشمەرگەکانی بە سەر چەند مەفرەزەیەکدا دابەشکرد مەفرەزەکەی ڕێباز (١٠) پێشمەرگە بوون، دوژمن بە دوایانەوە بوو، چونکە پێیانوابوو شەهید کردن و لە ناوبردنی ڕێباز کۆتایی هێنانە بە تێکڕای پارتیزانەکانی دەشتی هەولێرو بەڕانەتی، ڕێباز لێپرسراوی یەکەی پارتیزانەکان بوو، (بێتەل)ی پارتیزانەکان لای ئەو بوو، بۆیە هێزەکانی دوژمن بە دوای شوێن پێی ڕێبازو مەفرەزەکەیەوە بوون، ڕێباز نامەی بۆ بورهانی سەعید سۆفی فەرماندەی مەفرەزەکەی بەڕانەتی نووسی بێتە لایان و لە گەڵیان بڕۆنە ناوچەی بەڕانەتی، بەڵام هێزەکانی داگیرکەر لە تێکڕای ناوچەکانی بەڕانەتی، دەشتی هەولێر، باواجی،

خۆشناوەتی، هێرشیان دەستپێکرد، بەوەش دەرفەتی ڕۆشتنیان نەما، دوژمن لە تێکڕای قۆڵەکان هێرشیکرد بەڵام لە قۆڵی مەفرەزەکەی ڕێبازەوە نەکشایەوەو لە دوانزە قۆڵەوە هێرشی دەست پێکرد بەمجۆرە:

١- قەشقە- خوڕخوڕ- کانی سلێمانی- بەردە سپی- نێرەگین.

٢- دێدەوان- بانەمۆرد- نێرەگین

٣- بێستانە- ڕەسوڵ بسکۆڵ- شیوە پیران

٤- چەمرگە- کانی سوسکە- ئاخوڕە- بەردبڕ

٥- حاجی وسو- باخچە- جادەی کۆیە

٦- دێگەڵە- سماق شیرین- بانەقەڵات

٧- گورزەیی- کانی دەربەند- بانی ماران

٨- گۆمەشین- شاخە سپیکە- بانی ماران

٩- گۆپتەپە- شیواشۆک- داربە سەری عەلی مەولود

١٠- گۆمە شین- داربە سەری گەورە- سماقە

١١- تاڵەبان- مەرزان- ئیلینجاخ

١٢- شەیتان- قەمبەر- ئاوماڵ- سارتک

پێشمەرگەکان نەیاندەتوانی بجولێن، جاش و سەربازەکان هەر چەند مەترێک لە دەورووبـەری پێشمەرگەکان لە جووڵە دابوون و دەڕۆیشتن، ڕادەوەستان و قسەیان دەکرد، نانیان دەخوارد، بانگی پێشمەرگەکانیان دەکرد، پێشمەرگەکان بڕیاریان دابوو تا لە یەکتر ئاشکرا نەبن تەقە نەکەن.

هێرشەکانی دوژمن لە دوانزە قۆڵەوەو لە ڕۆژی ١٩٨٨/١٠/٣١ دەستپێکرد، ڕۆژانێکی سارد بوون، ناوچەکە زوقم و شەختە گرتبووی بە پێچەوانەی ساڵانی تر سەرما زوو هاتبوو، پێشمەرگەکان دوو شەو لە دەشت مانەوە، نەیاندەتوانی ئاگر بکەنەوە چونکە دەبینران، لە کاتی ڕۆیشتندا نەیاندەهێشت شوێن پێیان دیار بێت چونکە دوژمن دەیبینی و شوێن پێی هەڵدەگرتن، دوو پێشمەرگەی حزبی شیوعی باوک و کوڕ بوون کەوتبوونە گەڵ مەفرەزەکە، بەو دوانەوە بوونە ١٢ کەس.

دوژمن تێکرای ناوچەکە گەڕا پێشمەرگەکان خواردنیان نەمابوو نانە ڕەقەی ناو کۆڵە پشتەکانیان دەخوارد، ئاردی پڕ لە ئەسپێیان دۆزیەوەو کردیانە نان، لە هەوڵی خۆ دەرباز کردن و شکانی بۆسەی دوژمندا بوون، بەڵام نەیانتوانی، چاو وردە نان[٩٤] و پەنیری کۆنیان لا بوو، بەڵێنیاندا پێکەوە بن، یەکتری جێ نەهێڵن، هەر چەند بارودۆخەکە ناخۆش بێت، تەسلیمبە ڕژێم نەبنەوەو خیانەت لە یەکتری نەکەن، ئاردوو نان و چاکەیان بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت.

ڕۆژی ١٩٨٨/١١/١٨ کاک ڕێباز لە گەڵ پێشمەرگەکان کۆبووەوە، پێیوتن ئاردوو نانمان بەرەو تەواو بوون دەچێ دەبێت بە هەر جۆرێک بێت لێرە بڕۆین، وا بڕوات ڕۆژێک دوژمن دەماندۆزێتەوە، دەبێت ڕێگایەک بۆ دەرباز بوون و دەرچوون بدۆزینەوە، بڕیاریاندا بڕۆن لە کوێ تووشی دوژمن بوون شەڕ بکەن یان خۆیان لێلادەن، لەو قسانەدا بوون پێشمەرگەیەک

وتی سەیر کەن ئەوە دوو بزنە لە بناری دێدەوان دەلەوەڕێن، ئێمە هەر دەڕۆین با بچین بیانکوژین ڕێبازو دوو پێشمەرگە ڕۆیشتن بزنەکان بگرن نزیک بە دوو کاتژمێر بە دوایانەوە بوون بۆیان نەگیران.

پێشمەرگەکان ملی ڕێگەیانگرت، سەر گردوو یاڵەکانی ناوچەکە دوژمنی لێبوو، بەڵام پێشمەرگەکان خۆیان لێپاراستن و بەر چاوی هێزەکانی دوژمن نەکەوتن، شەوێکی پایزی دوروو درێژ بەڕێوە بوون تا بەیانی، ڕۆیشتن و نەوەستان، لە گەمارۆی دوژمن ڕزگاریان نەبوو بەڵام لە شوێنێکی گونجاوو لاڕێ مانەوە.

ئێوارەی ١٩٨٨/١١/١٩ بەڕێکەوتنەوە لە جادەی دێگەڵە بێستانە پەڕینەوە دوژمنی لێبوو بەڵام هەستیان پێنەکردن، سێ کاتژمێر ڕۆیشتن، لە ئاقاری[٩٥] حاجی وسوو نووستن، بەیانی کە خۆرهەڵات ڕێباز بە دووربین ڕوانی دوژمن لە ناوچەی حاجی وسوو نەمابوو، هەستان و لە کانی سەگان شۆڕبوونەوە، هێشتا لە دیوی حاجی وسوو بوون ڕێچکەی مەڕیان بەدیکرد پشقلی تازەی مەڕ لە سەر ڕێگا بوو، زانیان

[٩٤] هەموو جارێ پێشمەرگەکان بۆ گاڵتە دەیانوت، بەیانی چاو نان دەخۆین، نیوەڕۆ نان و چا، ئێوارەش هەر دووکیان بە یەکەوە.

[٩٥])لە ناوچەکانی هەولێر بە سنوری دێیەکان دەڵێن ئاقار بۆ نمونە لە ئاقاری حاجی وسوین، یان لە ئاقاری شەرەبۆت بوین

ئاوەدانی لێیە، بە دووربین تەماشایانکرد دەیان مێگەل مەڕ لە ئۆردوگای بنەسڵاوە بەرەو لای ئەوان دێن، ڕێباز کۆبوونەوەی بە مەفرەزەکە کرد حەوت پێشمەرگەی ناردە ئۆردوگاکان خۆیان بشارنەوە ڕێبازو چوار پێشمەرگە مانەوە چوونە ناو شوانەکان، شوانەکان بە سەر سوڕمانەوە سەیریانکردن ووتیان حکومەت وتوویەتی هەمووتانیان کوشتووە شەفیق پێشمەرگەی مەفرەزەکە بوو شوانەکانی دەناسی شوانەکان لە شەفیقیان

پرسی کاک ڕێبازتان لە گەڵ نییە شەفیق چاوی لە ڕێباز نووقاندوو وتی ڕێباز لە خۆشناوەتی یە، لە شوانەکان تێپەڕین، ئەو شەوە (٥) جار لای شوانەکانی تر نانیان خواردو پەڕینەوە بەری شەرەبۆت، ئێوارە چوونە دێی (شاهۆمەر) کە (١١) کیلۆ مەتر لە هەولێرەوە دوورە، کۆچەرو مەڕداری عەشیرەتی (شێخ مەموندین) بوون.

هەر چەندە دێیەکە چەکدار بوون بەڵام ڕێزی زۆریان لێگرتن و جل و بەرگیان بۆ شتن، نانی باشیان بۆ ئامادە کردن، ماوەی (٢٢) ڕۆژ بوو لە گەڵ سەرکردایەتی قسەیان نەکردبوو، بە پاتری تراکتۆر کە دێیەکە هەیانبوو (بێتەل)ەکەیان خستە کار، ماوەی (٢) کاتژمێر لە گەڵ سەرکردایەتی قسەیانکرد، هەڤاڵانی سەرکردایەتی خەمی ڕێبازو هێزەکەیانبوو، وایان زانیبوو هەموویان شەهید بوون، ڕێباز بە هەڤاڵانی سەرکردایەتی دەوت وەزع زۆر باش دەبێت، جارجاریش بە عەرەبی دەیوت (لا دیر بال)[٩٦].

پێشمەرگەکان دوو ڕۆژ لە شائۆمەر مانەوە لە ١٩٨٩/٣/٢٢ گەیشتنە بەڕانەتی لە گەڵ برادەرانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و کاک بورهانی سەعید سۆفی یەکیانگرتەوە، کاک ڕێباز کۆبوونەوەیەکی بە هێزەکە کرد، دوژمن زانیبووی ڕێبازو هاوڕێکانی گەیشتوونەتە بەڕانەتی لە گەڵ هاوڕێیانی تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی یەکیانگرتووەتەوە هێرشێکی گەورەی کردە سەر دێیەکانی (زێبارۆک) دێیەکانی زرگەو[٩٧] سەرکەندی سوتاند، پێشمەرگەکان لە هێرش و پەلاماری دوژمن ڕزگاریان بوو، ڕێبازو هەڤاڵانی تیپی بەڕانەتی چوونە دەواجنەکانی (بانەمان) لە نێوان مەسیف و خانزاد تەنیشت

٩٦ مام مارف ڕیش سپی شائۆمەر بوو حکومەت بانگی کردبوو پرسیاری ڕێبازی لێکردبوو کە گەڕابووەوە شائۆمەر وتبووی لادیر باڵەکەی ڕێباز حکومەتی بە خەبەر هێنا.
٩٧ ناوچەی بەڕانەتی ئاوەدان بوو، دێیەکانی نەڕوخا بوون تەنها زرگەو سەرکەند لەو هێرشەدا ڕووخان.

قەلاتی خانزاد، چوونە ماڵێک ماڵەکە زۆر باسی ڕێبازیان دەکرد، لە (بورهانی سەعید سۆفی) یان پرسی ڕێباز لە کوێیە پیاوەکانی ڕژێم زۆر مەبەستیانە بیدۆزنەوە، بورهانیش وتی وابزانم لە خۆشناوەتییە، پاش کەمێک لە کاک بورهانیان پرسی ئەو برادەرە ناوی چیە(مەبەستیان ڕێباز) بوو کاک بورهان وتی ناوی (مام خدرە)، شەفیق و دوو پێشمەرگەیتر لە ماڵێکیتر بوون هاتبوونەوە لە کچەکەی مام محەمەدیان پرسی بوو ڕێبازو و بورهان لێرەن کچەکەش وتبووی کوا ڕێبازی لێیە، هەر بورهان و مام خدرن شەفیق تێگەیشتبوو کە ڕێباز ناوی گۆڕاوە، دەیویست قسەکەی بخواتەوە، بەڵام کچەکە تێگەیشتبوو کە ڕێباز لەوێیە[٩٨].

مام محەمەد زۆر جار بانگدەکرا بۆ ئەمن پرسیاری ڕێبازیان لێدەکرد ئەویش سوێندی دەخوارد کە ڕێبازی نەدیوە، مام محەمەد بە ڕێبازی دەوت هەتا ڕێبازەکەی دەشتی هەولێر نەکوژرێ ئێوە هیچتان بۆ نابێ هەرچی هەیە بۆ ئەو دەچێ ئەویش خۆی لێبزر کردوون سیخوڕو خۆفرۆشەکان هەواڵیان دابووە ئەمنی هەولێر کە مام خدر هەمان ڕێبازە و ناوی خۆی گۆڕیوە، هەر بۆیە هێزێکی گەورەی دوژمن هێرشیکردە سەریان بە ئاستەم ڕزگاریان بوو، مام محەمەد و مام خدر و کاک سەعدی سێ تێکۆشەری ناوچەکە بوون چەندین مانگ خزمەتی پێشمەرگەکانیانکرد، هێرشەکەی دوژمن هەموو ناوچەکەی گرتەوە بۆیە بۆ خۆ لادان لە دوژمن مەفرەزەکانیان بە جۆرێکی تازە ڕێکخستەوە دەبوایە هەر مەفرەزەیەک مشوری خۆیان بخۆن، ڕێباز چووە ئۆردوگای بەستۆرە لە ماڵی هاوڕێیەکی دڵسۆز مانەوە، هەر لەوێ هەواڵی کوژرانی (سەلاح شینە) یان بیست، لە شەوی ٦/٥ /١٩٨٩ چوونە ئۆردوگای پیرزین لە ماڵی تێکۆشەرێک مانەوە.

ڕێکخستنەکانی ناو شار ڕۆڵی گرنگیان بینی لە هاوکاری و یارمەتیدانی پێشمەرگە، پشت و پەنای پێشمەرگە پارتیزانەکان بوون، مستەفای سەید قادر، کاکە زیاد، کاکە زیادی گەورە،

٩٨ (٥) کچەکەی مام محەمەد زانیبووی (مام خدر) ڕێبازە، بەڵام کچێکی ژیر بوو بە باوکیشی نەوتبوو کە مام خدر ڕێبازە، بەڵام هەموو جارێ کە چای دەدایە دەستی ڕێباز دەیوت فەرموو مام خدرۆکە و پێدەکەنی جارێک ڕێباز بە تەنها لە حەوشەکە ڕاوەستا بوو کچەکە پێی وتبوو کاک ڕێباز ماستاو دەخۆی، ڕێباز قوڵی گرت و وتی چیتر باسی ڕێباز نەکەی.

عەبدولواحید ئیدریس، هاوکارو پشتیوانی پێشمەرگە بوون، کاکە زیادو مستەفای سەید قادر دەستگیرکران، عەبدولواحید ئیدریس دەربازی بوو گەیشتە سنورو بووە پێشمەرگە، جگە لە ڕێکخستنەکانی ناو شار، خەڵکی دێیەکان و شوانەکان هاوکارو پشتیوانی پێشمەرگە بوون.

ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ناو شاردا ڕۆڵی گرنگیانبینی لە دابینکردنی جل و بەرگ و پێڵاوو پێداویستی و خواردن، لە کاتی تووش هاتنی پێشمەرگەکان بە نەخۆشی مەلاریا داوو دەرمانیان گەیاندنێ تا چارەسەری خۆیانی پێبکەن.

وەرزی زستان و سەرماو سۆڵە هاتبوو، دوژمن هێرش و کێوماڵی ناوچەکانی دەورووبەری هەولێری دەستپێکرد چەند شوانێکی دڵسۆز (کانەبی و عەبدوڵلا) لە سەر جادەی گشتی بەستۆرە کۆنە خانوویەکیان هەبوو کە ئێوارە دادەهات دەچوونە ئەوێ، خواردن و جگەرەیان دەدانێ بەردەوام چا لە سەر ئاگر بوو، دوو منداڵی بچووکیان هەبوو عیسا تەمەنی دە ساڵان بوو، لە ڕێبازی دەپرسی تو خوا مام خدر تۆ ناوت چیە، ڕێباز دەیوت عیسا بۆ پرسیار دەکەیت، عیسا دەیوت پێمخۆشە بزانم چونکە ئەو ناوە بە هی تۆ ناچێ، کانەبی چەکداری ڕژێم بوو، هەموو جارێ ڕێباز دەیترساند دەیوت تەسلیم دەبمەوە، کانەبی بە ڕاست وەریگرتبوو، بە بورهانی سەعید سۆفی دەوت ئەم مام خدرە لە زیندانم دەچێنێ، ڕێباز چای زۆر دەخوارد، تا بێدار بێت و خەوی لێنەکەوێ عیسا چای دەمدەکردو بۆی تێدەکرد، عیسا چاوی دەچووە خەوو ڕادەچڵەکی بە ڕێبازی دەوت دیسان چایە، ڕێبازیش دەیوت عیسا گیان حەریقی شاعیر دەڵێ:

تاڵو شیرین پێکەوە نەمدیوە چا بێ چا نەبێ
هەر کەسێ هەمنشینی چا نەبێ پێت چا نەبێ

ڕێبازو بورهان و هاوڕێکانیان ماوەی (٤٥) شەو لای کانەبی و عەبدوڵلا مانەوە، هاوکاریانکردن و ڕێزیان لێگرتن، ڕێبازو شەش پێشمەرگە لە ئۆردوگای بەستۆرە بە ڕۆژی ڕووناک چوونە ماڵی کانەبی حاجی سابیر خاڵی کانەبی میوانیان بوو، حاجی سابیر ڕێبازی دەناسی باوەشی پێداکردوو ماچی کردوو وتی ڕێباز ئەوە ماوی،

کانەبی لەویزانی کە (مام خدر) ڕێبازە، زۆر گلەیی کرد کە خۆی پێ نەناساندووە.

زۆر بوون ئەو ژن و پیاوە تێکۆشەرانەی هاوکاری پێشمەرگە و پارتیزانەکان بوون، مام محەمەدو سەعدی و حاجی خدر و لالە حەمەو کاک حەسەن، مام عارف و مام عەولا، مام قادر و سەعدون، کاک عەزیز و دەیانیتر لەو پیاوە تێکۆشەرانە بوون، دوژمن کۆڵی پێنەدان و لە هاوکاری و پشتیوانی پێشمەرگە ساردی نەکردنەوە.

عایشە، ئەستی، غەزال، قەسپێ، بەسێ، ئاواز، فەخریە، لەو شێرە ژنە و شەنگە ژن و سەلارو سەنگینانە بوون هاوکارو دڵسۆزو هەواڵدەرو خەمخۆری پێشمەرگە بوون.

## تــــەقەو پـــــلانی دوژمـــــن

پێشمەرگەیەک بە ناوی (ش) حەزی لە کچێک کردبوو لە ئۆردوگای دارەتوو، هاتوچۆی ماڵە دۆستەکەی دەکرد، هێزەکانی دوژمن لە شەوی ١٢\١٣/٧/١٩٨٩ دەوری ماڵەکەی گرتن و (ش) بە ئاستەم ڕزگاری بوو کچە وباوکی لە دائیرەی ئەمن گیران، کچەکە نامەی بۆ (ش) نووسیبوو ئەگەر پەیوەندی لە گەڵ ئەمن نەکات وازی لێدێنێ، (ش) بەڵێنیدابوو ئەگەر کچەکە و باوکی ئازاد بکەن کاریان بۆ دەکات و ڕێباز دەکوژێت، لە ڕێگەی هێڵی تایبەتەوە سەرکردایەتی ئاگادار بوون لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە ڕێبازیان ئاگادار کردەوە شوێنی خۆی جێبهێڵێ بگاتە لای مەفرەزەکەیتر.

## دەقـــی ئـــاگاداریەکە
## بۆ ئــــاگاداری بۆ ئـــــاگاداری
## لە مــــەکتەبی ســــــیاسی بۆ ڕێـــــباز

تکایە زۆر زۆر بە پەلە بگەرە لای بورهان و ئاگاداری خۆت بە، ڕێباز وشیار بوەوەو ڕزگاری بوو (ش) نەگەڕایەوە لایان.

مانگی ٨ی ساڵی ١٩٨٩ ڕێباز پێشمەرگەکانی ئاگادار کردەوە هەر کەسێک دەیەوێت کەسووکاری ببینێ تا مانگێکی تر لێرە ناڕۆین، پێشمەرگەکان ناردیان

بە دوای دایک و باوک و خوشک و برایاندا، کەسووکاریان بینی، دوژمن خەریکی دارشتنی پیلانێکی گەورە بوو بۆ لە ناو بردنیان، ڕێباز لە گەڵ ڕێکخستنەکانی ناو شار سەرقاڵی ڕێگا دۆزینەوە بوون، لە ڕێگەی ڕێکخراوی سلێمانی ڕێکخستنەکانی ڕانیەیان ئاگادار کرد کە ڕۆژی ١٩٨٩/٩/٧ دەگەنە ناوچەی بیتوێن و لەوێ یەکتر دەبینن.

لە کۆتایی مانگی ٨ی ساڵی ١٩٨٩ دوژمن زیاتر لە چوار لیوا سەربازی هێنا بۆ دۆڵی هەنارە، تا لە ناکاو ناوچەکە گەمارۆ بدات و کۆپتەریش دەست بە پشکنین بکات، ئێوارەی ١٩٨٩/٨/٣١ کاک ڕێباز لە پەنا مەسیف کۆبوونەوەیەکی لە گەڵ پێشمەرگەکان ئەنجامداو داوایکرد بە زووترین  کات ناوچەکە جێبهێڵن، هەر ئەو شەوە دوو پێشمەرگەیان ناردە کۆڕێ، دوو هاوڕێی ڕێکخستنیش هاتن، بۆ ئێوارەی ١٩٨٩/٩/١ لە ئاژگە بەڕێکەوتن، زیاتر لە ١١ کاتژمێر بەڕێوە بوون تا گەیشتنە بناری چیای هەورێ، لە دەواجنەکانی نزیک شەقڵاوە نانیان وەرگرت، بۆ بەیانی هێزێکی گەورەی دوژمن هاتنە دەواجنەکە و لە گەڵ زەویدا یەکسانیان کردوو تەختیانکرد، دیسان بێ نان و خواردن مانەوە.

ئێوارەی ١٩٨٩/٩/٢ لە نزیک ڕەزەکانی ناوچەکە کە نزیک ڕەبییەکانی جاش بوون، زیاتر لە سەد سەمونیان دۆزیەوە کە جاشەکان جێیان هێشتبوو، دایان نابوو بۆ ڕۆژانیتر چونکە جاشەکان لە نێو ڕەزەکاندا کاریان دەکرد خەڵکی سنوورەکە بوون، پێشمەرگەکان ئەو ڕۆژەش لە لێوارەکانی چیای هەورێ مانەوە ڕۆژی ١٩٨٩/٩/٣ سەرکەوتنە سەر چیای هەورێ بۆ دۆڵی بالیسان، ناوچەکە هەمووی سەربازگە بوو چوونە نزیک چێوە لە (کانی کەوان) چایەکیان لێنا، دەنگی سەگێک لە دورەوە دەهاتە گوێ، دوو پێشمەرگە سەیریان کرد شوان بوو.

## شـــــوانەکانی شـــــۆڕش

شوانەکان هەمیشە پێشمەرگەیان خۆشدەویست نانی پشتی خۆیان دەخستە بەردەمی پێشمەرگە و هاوکاریان دەکردن، شیرو پەنیر و ماست، نان و خۆراکیان بۆ پەیدا دەکردن، پێشمەرگە بڕواو متمانەیان پێیان بوو لە لایان دەخەوتن، زۆر

جار شوانە مێر منداڵەکان تفەنگی پێشمەرگەکانیان دەکردە شان، ئەم شانەو شانیان دەکرد، دڵی پاک و بێگەردی شوانەکان دەبووە هێلانە و جۆلانەی پێشمەرگەکان، خەمەکانی ئەوانیان ڕادەژەند، شوانەکان زۆر جار لە ماڵەوە نانیان بۆ پێشمەرگەکان دەهێنا، ڕێباز پێیدەوتن باشە ئەگەر لە ماڵەوە ووتیان ئەو هەموو نانەتان چیلێکرد، شوانەکان بۆ بڕوا پێهێنانی دایک و باوکیان دەیانوت دەڵێین (سەگ نانەکەی خوارد) ڕێباز بە دەمیانەوە پێدەکەنی و دەیوت هەتیوینە ئەوە لە گەڵ ئێمەتانە، شوانەکان زوویر دەبوون ڕێباز دەستیدەکردە ملیانوو دەیلاواندنەوە.

پێشمەرگەکان لە کانی کەوان سێ ڕۆژو دوو شەو مانەوە شوانێکی مێرمنداڵ مەڕێکی بۆ سەربڕین، دەنگ و باسی دوژمنی بۆ دەهێنان، ئامادەیی دەربڕی ئەگەر لە ڕێگەی بیتوێن دۆڵە ڕەقەوە دەرنەچوون بە ڕێگەی ماکۆکدا ئاودیویان بکات، شوانەکە ژیرو ورد بوو خۆی بە پێشمەرگە دەزانی، برایەکی لە شۆڕشی نوێدا شەهید ببوو، کە باسی براکەی بۆ کردن پێشمەرگەکان ناسیان.

ڕۆژی ١٩٨٩/٩/٧ بە چیای ماکۆکدا هەڵگەڕان، دێیەکانی سەردۆڵ، نێوە، خەلیفەیان بڕی، لە ناڵەشکێن ڕێکخستنەکانی ڕانیە- چوارقوڕنە بە چەکەوە وەستابوون، پێنج چەکدار بوون پاش وتنی نهێنی یەکیانگرت، یەکێک لە ڕێکخستنەکان عەلی خەیات بوو لە ناڵەشکێن شۆڕبوونەوەو لە سەر ڕووباری قەشان پشوویاندا، ڕێکخستنەکان لەوێ خواردنیان ئامادەکردبوو.

یەکێک لە ڕێکخستنەکان وتی کاک ڕێباز کێیە، داوایکرد بە تەنها قسەی لە گەڵ بکات، وتی من لێپرسراوی ڕانیەم دەبێ ئەمشەو بچینە ئۆردوگای حاجیاوا بە ڕۆژیش لەوێ بمێنینەوە، ڕێباز وتی ئێمە سپاردەی ئێوە کراوین، ئێوە چیتان پێباشە وادەکەین لە ناو حاجیاوادا بە سەر (١٠) ماڵدا دابەشکران، کوڕێک هاتە لایان وتی کاک ڕێباز فەرموو، دەنگۆی ئەوە هەبوو ئەو کوڕە پیاوی ڕژێم بێت، ڕێباز وتی ناتوانم سەربەخۆ بێم تا برادەرانی ڕێکخستن ڕێگە نەدەن، ڕێباز بە هەڤاڵانی ڕێکخستنی وت قسەی خراپی لە سەرە، وتیان نا ئێمە چۆن بڵێین وادەکات، کاک ڕێباز لە گەڵ مەلا سلیمان لەوێ مانەوە، ڕێزی زۆری گرتن و خزمەتی زۆری کردن.

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٩/٩/٩ لە حاجیاوا دەرچـوون، بە دوو ئۆتۆمبێلی جێب چوونە دۆڵە ڕەقە، بە ناو ڕەبییەکانی سواراغادا ڕۆیشتن تا گەیشتنە بارەگای حزبی دیموکراتی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، سێ ڕۆژ لەوێ مانەوە ڕێزی زۆریان لێگرتن، لە ڕۆژی ١٩٨٩/٩/١٢ لە جادەی خانەقا پەڕینەوە، ڕۆژێک لای بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران مانەوە، نان و خواردنیان دانێ و بەڕێکەوتنەوە تەنها زنجیرە ڕەبییەکانی سەر کونە کۆتر مابوون ئەگینا دەکەوتنە بناری قەندیل، شەوانە دوژمن بۆسەی دادەنا، پێشمەرگەکان بە وریایی خۆیان لە بۆسەکە لادەدا، کاتژمێر ١١ی شەو لە مەترسی دەرچوون، کاتژمێر (٣) ی ئێوارە ڕۆژی ١٩٨٩/٩/١٤ گەیشتنە سەر لوتکەی قەندیل، ڕێباز ئاوڕێکی لە کوردستان دایەوەو وتی (وڵاتی جوان و دڵگیرم هەزار جار لە بەرت مرم) لە لایەن پێشمەرگەکانی (ی ن ک) و (پ د ک) بە گەرمی پێشوازیکران.

لە ڕۆژی ١٩٨٩/٩/١٥ زیاتر لە (١٠) کاتژمێر بە چیای قەندیلدا ڕۆیشتن لە نزیک گوێزێ تووشی دوو ڕەشماڵ بوون، لە ڕەشماڵەکان دابەشبوون ژنێک و دوو کچ بوون کوڕەکانیان لە بەر مەڕی بوون پیاوەکانیش بۆ هێنانی ئازوقەی زستانە لە دێیەکانی ئێران بوون، ئەو دوو کچ و ژنە تا بەیانی خزمەتیانکردن، زوو زوو دەیانوت خزمەتی کردنی ئێوە ئەرکی سەر شانمانە، چەند جارێک چایان دەمکردوو چای تازەیان خستەوە سەر ئاگر.

مانگی (٩) قەندیل زۆر ساردە بەرگی فەقیر دەدڕێت و ئاگر خۆش دەبێت[٩٩]، ئەو شەوە زۆر سارد بوو بەڵام بێ ئاگر نەبوون، لە بەر ئاگری ئەو شەوەی ماڵە ڕەشماڵەکانی قەندیلدا گەرم بوونەوە، ڕێباز (٢٥) دیناری لە گیرفان دەرهێنا تا خەرجیان بداتەوە، ژن و کچەکان بە خۆیاندا کێشا وتیان عەیب نییە، ئێوە چواردە مانگە لە کوردستانن هەق وایە لە سەر چاوی خۆمانتان دابنێین، ڕێباز زۆر هەوڵیدا بەڵام قبووڵیان نەکردوو خەریک بوو زوویر دەبوون، مناڵێکی بچوکیان هەبوو ڕێباز (٥) دیناری دایە مناڵەکە، ئەوەیان قبووڵکرد.

---

٩٩ شەهید مەلا عەلی لە هۆنراوەیەک دەڵێ:
قەندیل کوێستانی دڵگیری وڵات، هەر تاکو ئاب داڵدەتان دەدات واتە لە مانگی (٨) بەدواوە سەرماو سۆڵە دەست پێدەکات.

ڕۆژی ١٩٨٩/٩/١٦ کاتژمێر (١٠)ی بەیانی گەیشتنە بارەگای تیپی ١٩ی کۆڕەک، زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێکردن و چەند سەر ئاژەڵێکیان بۆ سەربڕین پێشمەرگەکان خۆیان شت و جلەکانیان خاوێن کردەوە.

ڕۆژی ١٩٨٩/٩/١٧ ئۆتۆمبێل هاتە دوایان و لە مەکتەبی سیاسی میوان بوون، لە لایەن ملازم عومەر، مامۆستا نازم، حەمە تۆفیق، مامۆستا عەبدوڵڵا، پێشوازیان لێکرا، پاش ماوەیەک جەنابی مامجەلال هاتە لایان و سووپاسیکردن، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆییان ئەنجامدا مامجەلال دەمانچەیەکی چواردە خۆرو دووربینێکی پێشکەش بە کاک ڕێباز کرد.

دوای چواردە مانگ پارتیزانی و مانەوەیان لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر و بەڕانەتی و قەرەچوخ و ڕۆژئاوای هەولێر، کۆیەو تەقتەق، ئاقارەکانی ئیلینجاخ و دێیەکانیتر، دوای دەیان جار کەوتنە بۆسەی داگیرکەرو دەرباز بوون، شەونخوونی و هەزاران میل ڕۆیشتن، برسیەتی و تینویەتی، لە لێواری مەرگ گەڕانەوە گەیشتنەوە سەرکردایەتی، کاتێک دابەزینە خوارەوە بۆ ناوچەکانی هەولێر نزیک بە (٢٥٠) پێشمەرگە بوون کاتێک گەڕانەوە سەرکردایەتی (١٩) پێشمەرگە مانەوە:

١- ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود (ڕێباز)

٢- ئاسۆ سابیر عومەر (ئاسۆ معلم)

٣- سلێمان عارەب ئیسماعیل (مەلا سلێمان)

٤- ئەحمەد عەبدول جەمە

٥- ئەحمەد خدر ئەحمەد

٦- ئازاد محەمەد عەبدوڵڵا

٧- ئیدریس ساڵح نەبی عەزیز

٨- غازی عەبدوڵڵا حەبیب

٩- ئەبو زێد تەها

١٠- بێستون خدر

١١- کاوە ئەنوەر قادر

١٢- ڕەنجدەر فەتاح
١٣- ڕەحمان عوسمان حەمەد
١٤- عەباس حەمەد ئەمین
١٥- غەوسە جەلال
١٦- حەمەد تاهیر حەمەد
١٧- بورهان سەعید سۆفی
١٨- جەلال خورشید ڕەشید
١٩- هاشم جیهاز

## مـــــــەفرەزەی ئـــــــاسۆ مـــــــامەند دوو

دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەند مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر، بەڕانەتی، کۆیەو زرارەتی بە پارتیزانی مانەوە.

ئاسۆ مامەندو بورهانی سەعید سۆفی لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بە پارتیزانی مانەوە دواتر بوونە دوو مەفرەزە هەندێکجار یەکیاندەگرتەوەو دواتر جیا دەبوونەوە.

مەفەرزەکەی ئاسۆ مامەند لە چیای سەفین، بەڕانەتی، ئەوبەری ئاژگە، تەوسکە، گۆڕە شێر دەمانەوە.

لە شەوی پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە مەفرەزەکە چوونە بناری چیای سەفین، دوای ماوەیەک بناری چیای سەفینیان چۆڵکردوو چوونە ئەو بەری جادەی مەسیف شەقڵاوە چوونکە کەمتر گوماندەکرا پێشمەرگە لەوێ بمێنێتەوە، پێشمەرگەکان شوێنێکیان دروستکردبوو بۆ مانەوە ناویاننابوو (ئەتماراوا).

پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە نەیاندەتوانی بە بەردەوامی لە چیای سەفین بمێننەوە هەندێک جار نەبێت، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ شەوێک لە بن شاخێک خۆیان حەشاردابوو نیوەیان لە ناو شاخەکەدا بوو نیوەکەیتریان لە دەرەوە بوو ئەو شەوە تا بەیانی باران لێیدان نەیاندەتوانی ئاگر بکەنەوە تا بەیانی ئاگریانکردەوەو خۆیان ووشککردەوە.

پێشمەرگەکان خواردنی جێماوی دێیەکانیان کۆکردبووەوەو لە بناری سەفین و تەوسکەو گۆڕەشێرو ڕەزگە و ئەوبەری بەڕانەتی بەرانبەر ئاژگە لە ناو کونێکی ئاودرڕدا شاردبوویانەوە.

چەند دێیەک لە ناوچەکە مابوونەوە حوجران و کۆڕێ نەڕووخابوون ژمارەیەک ماڵە مەڕدار لە ناوچەکە مابوون لەو دیوی سەفین هەندێک دەواجن مابوون، پێشمەرگەکان سوودیان لەو شوێنانە دەبینی، بەشێک لەو ماڵ و دەواجنانە سەر بە ڕێکخستنەکان بوون.

هەندێکجار کە دوژمن ناوچەکەی دەپشکنی پێشمەرگەکان لە کۆڕێ لە ناو ماڵی ڕێکخستنەکان دەمانەوە هەندێک جاریش لە پیرزین و بەستۆرە دەمانەوە.

ڕێکخستنەکان چالاک بوون هاوکاری ڕاستەوخۆی پێشمەرگەکان بوون کاتێک سەرکردایەتی بە برووسکەیەک مەفرەزەکەی ئاگادار کردەوە چالاکی بکەن ڕێکخستنەکان چالاکییەکەیان ئەنجامداو چەند پیاوێکی ڕژێمیان بەسزا گەیاند.

## خـــــەوتنەکەی عـــــیزەت

ڕۆژێک مەفرەزەکە لە ناو باخە هەنارەکانی ئاژگە خۆیان حەشاردابوو تەماشایانکرد پێشمەرگەیەک دیار نەماوە، عیزەت پێشمەرگەی مەفرەزەکە بوو لە ترسی مێش و مەگەز لە شوێنێک خۆیشاردبووەوەو خەویلێکەوتبوو دیار نەمانی عیزەت لەو کاتەدا جێگەی مەترسی بوو ناچار شوێنەکەیان جێهێشت، دواتر عیزەتیان دۆزیەوەو زانییان خەویلێکەوتووە.

مەفرەزەکەی ئاسۆ مامەند ماوەی دە مانگ مانەوەو گەڕانەوە سەرکردایەتی بەڵام مەفرەزەی بورهان سەعید سۆفی تا درەنگ مانەوە.

**ناوی مەفرەزەکە**

- ئاسۆ مامەند فەرماندەی مەفرەزە
- ئارام چاوشین
- ئاوات
- سۆران
- فەرهاد
- عیزەت

## مـــــەفرەزەی بـــــورهان ســـەعید ســۆفی ســـــێ

دوای شەڕەکانی مەڵبەندی (٣) و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ قەندیل و سنورەکانی ئێران، وەحدەکانی بەڕانەتی، قەرەچوخ، دەشتی هەولێر بۆ پارتیزانی درووستکرا لە خەتێ کۆبوونەوەیەک ڕێکخرا، ڕێباز کرا بە لێپرسراوی مەفرەزە یان وەحدەی پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر، بەڕانەتی، قەرەچوخ، هێزەکەی دەشتی هەولێر گەڕانەوە سنوورەکانیان و بە سەر ناوچەکاندا دابەشکران.

بارەگای تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە ناو دارۆکان و زیارەت بوو، فەوجێکی جاشی سوک و خەفیفە لە دەربەندی گۆمەسپان بوون مزوری بوون، ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٧ ڕێباز فەرماندەی پارتیزانەکان بە بورهانی سەعید سۆفی وت بچنە لای فەوجەکە، چوونکە پێشتر پەیوەندیان لە گەڵ کاک بورهان هەبوو، کاک بورهان و ئارام چاوشین و حەمە زیاد بە ئۆتۆمبێلی بەڕازیلی سوور چوونە نزیک دەربەندی گۆمە سپان، هێزێکی زۆری لێبوو، پێشمەرگەکان نزیک بوونەوە لێیان چەکدارەکان بانگیانکردن، زێدانە کوێر فەرماندەی سوپای عێراق لە ناوچەکە هاتبووە ئەوێ، چەکدارەکان بانگی پێشمەرگەکانیان کردوو وتیان چەتەی کوێن، کاک بورهان وەڵامی دانەوەو وتی چەتە نین پێشمەرگەین، چەکدارەکان گەمارۆی پێشمەرگەکانیاندا، ڕێبازو مەلا سلیمان هێزیان بۆ ناردن لە سولاک و دارۆکان لە بۆسەکە ڕزگاریان بوو.

ڕێبازو بورهانی سەعید سۆفی بەرنامەیەکی وردیان دانا، کە لە کاتی لێکدابڕان چۆن یەک بگرنەوەو چیبکەن، بورهان شارەزای ناوچەکە بوو، پێش هێزەکە کەوت، ڕەتڵی قەرەچوخ و ڕێبازی دەرباز کرد تا بچنە دەشتی هەولێر، هێزەکانی تریش کاک هەرێم و ئەوانیتریان دەرباز کرد، کاک بورهان و ئاسۆ ئەڵمانی و بێستون چوونە حوجران، لە جادەی کۆڕێ شەقلاوە کەوتنە کەمینەوە، نەیانتوانی بپەڕنەوە، ئاسۆ ئەڵمانی و بێستون لە قەدپاڵی سەفین خۆیان حەشاردا، کاک بورهان و هێزەکەی گەڕانەوە دۆڵی سماقوڵی، پێش ئەوەی بگەن چوونە قەڵاسنجی خوارو لەوێ گەمارۆدران، دوو ڕۆژ بوو نانیان نەخواردبوو برسیان بوو، کۆپتەر بەردەوام لە سەر سەریان بوو، بەرە بەیان کاک بورهان، غازی هەستان لە خەو وتی هەستن

بە پەلە، وتیان چیبووە وتی تەماشا کەن، ڕەتڵێک لە دەربەندەوە بۆ زیارەت، ڕەتڵێک لە دێگەڵەوە بۆ عەلیاواو سماقوڵی، ڕەتڵێکی تر لە سەر چیای ڕەشەوە بۆ سەر بەرزاییەکان، هێزێکیش لە دۆڵی حوجرانەوە بەرەو قەڵاسنج بۆ حاجی ئەحمەدوو خۆران، هێزێکیش لە سەر سەفینەوە بۆ شیلانە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨، (٢٤) پێشمەرگە چوونە ناو ڕەزو باخەکانی قەڵاسنج [١٠٠] پێشمەرگەیان لە ناو توترک و تەڵاشدا شاردەوە، هێزی دوژمن بە دووربین پێشمەرگەکانیان بەدیکرد چوونە سەریان، کۆپتەریش بە نزمی لە سەر سەریان دەسووڕایەوە، کاتژمێر (٩) ی بەیانی گەمارۆی ڕەزەکانیاندا، ناو ڕەزەکە کێڵدرا بوو بەڵام دەوری نەکێڵدرا بوو کاک بورهان و مەلا سلێمان شوێنێکیان دۆزیەوە سێ ڕیان بوو خۆیان شاردەوە، هاشم جیهازو پێشمەرگەکانیش لە ناو پوش و پەڵاش و دارەکاندا خۆیان حەشاردابوو، سەربازو جاشەکان بە بەردەمیاندا دەهاتن گەمارۆی پێشمەرگەیان دابوو، پێشمەرگەکان ئەسپێکی سووریان لێبەجێمابوو، ئامر سریەیەکی سەربازی سوار ئەسپەکە ببوو سەربازێکیش ڕەشمەکەی گرتبوو، گوێیان لێبوو ئامر سریەکە وتی یەڵڵا تەمشیت، سریەیەکی جاشیان لە گەڵ بوو، پێشمەرگەکان لە ناو ڕەزەکان بوون هەرچی کاغەزو نووسراوو جفرەیان پێبوو خستیانە ژێر خۆڵەوە، بڕوایان وابوو ئێرە کۆتاییە خۆیان بۆ شەڕی مان و نەمان ئامادە کردبوو.

مامۆستا ئەمجەد لە ژێر دار مێوێکدا خۆی حەشاردابوو جلی سەوزی لە بەردا بوو لە گەڵ گەڵای مێوەکان ڕەنگەکانیان تێکەڵببوو، سەربازێک هەتا نزیک مێوەکە، هاتوو وتی وەڵڵا سەیدی ماکو شی، ئامر سریەکە وتی شلۆن لازم ئەکو شی (١)، جاشەکان بە دەنگی بەرز بە پێشمەرگەکانیان دەوت ئێوارە ئێوە لە خۆران بوون، شەو هاتنەوە کەوتنە کەمین، ئێستا لە

بەرچاومان هاتنە ئێرە، تەسلیم بن، پێشمەرگەکان بێدەنگ بوون هیچ جووڵەیان نەکرد، لەوەش دەترسان ئەو قسانە کاریگەری لە پێشمەرگەکان بکات، بەڵام کەس نەجووڵا.

[١٠٠] پێدەچوو سەربازەکە پێشمەرگەکانی بینیبێ، بەڵام قسەی نەکردبێ، چوونکە هاتبووە سەر سەری پێشمەرگەکان.

جاش و سەربازەکان ڕۆیشتن، گڕیان بەردایە دەوروو بەری ڕەزەکە، پووش و پاوانێکی زۆری هەبوو، ئاگرەکە نزیک پێشمەرگەکان بووەوە، گەرمایەکی زۆر ڕوویتێکردن، تا خۆرنشین هیچ پێشمەرگەیەک لە شوێنی خۆی نەجوولا، کاتێک دنیا تاریکی پۆشی پێشمەرگەکان یەکتریان ئاگادار کردەوەو ڕۆیشتن، هێزەکە لە گەمارۆی دوژمن ڕزگاریانبوو بەرەو (سێوەکە)[101] ڕۆیشتن، خەڵکی سێوەکە دۆستی پێشمەرگەکان بوون، بەشێکیشیان چەکداری ڕژێم بوون، لە سێوەکە چوونە ماڵی حاجی عوسمان دەموو چاویان ڕەش بوو بە دوکەڵ، پێش ئەوەی بچنە (سێوەکە) هاشم جیهازیان ڕەوانە کرد، کاک بورهان پێیوتبوو پورە[102] بە سێ ئاگادار دەکەم چوونە ئەوێ نان و خواردنتان بۆ بێنێ، کاک بورهان ژنێکی نادرە لای پلکە بەسێ و لە ڕۆیشتنی هاشم جیهاز ئاگاداری کردەوە.

پێشمەرگە ئەو شەوە لە سێوەکە مانەوە، بەیانی لە خەو هەستان تەماشایان کرد ناو دێیەکە هەمووی سەربازە کاک بورهان لە حاجی عوسمانی پرسی ئەو هێزە چییە، حاجی عوسمان وتی کەتیبەی فریاگوزاری سەربازییە لە ناو دێیەکەدا بارەگایان داناوە.

پێشمەرگەکان لە گەمارۆی دوژمن ڕزگاریان بوو، هەموویان لە دۆڵی سەرکەند لە ڕۆژئاوای شەقڵاوە یەکیان گرتەوە ماوەیەک لە دۆڵی ئاژگە، سەرکەند، ڕەزگە، کاوانیان سونێ، دارە بزمارە، دۆڵی هەنارە مانەوە، حکومەتی عێراق کێوماڵ و پشکنینی ناوچەکەی دەست پێکرد،

ناچار دەگەڕانەوە دێیەکان، حکومەت چوار دەوری دێیەکانی دەگرت، دۆخی پێشمەرگەکانی هەولێر بەرەو خراپی دەچوو وردە وردە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بەرتەسک دەبوەوە هێزەکانی پێشمەرگە لە زیارەتی خواروو بوون، لە بن چیای (مەسیف)دا، دوو ڕۆژ زیاتر نەیانتوانی بمێننەوە نان و ئاویان لێبڕا بوو، سوپاو جاش ناوچەکانیان داگیرکرد بوو، هێزەکە زیارەتیان بە جێهێشتوو

---

[101] سێوەکە دێیەکە لە سەر جادەی سەرەکی هەولێر- شەقڵاوە.
[102] پلکە بەسێ داپیرەی هاشم جیهاز بوو، ژنێکی قارەمان بوو بزن و مەڕوو ماڵاتی هەبوو، حکومەت چەند جارێک خانوەکەی تەخت کرد بەڵام زێدی خۆی چۆڵ نەکرد.

هاتنە کۆڕێ، نان و خواردن و جگەرەیان لێبڕابوو پێڵاویان دڕابوو، کاکە زیادی[١٠٣] ئەسپێندارەیان ناردە هەولێر تا پێداویستیەکانیان بۆ بێنێ.

لە دوای ئەنفال بەشێک لە پێشمەرگەکانیان ناردەوە شار چوونکە ناوچەکە بەرگەی پێشمەرگەی زۆری نەدەگرت، بۆیە لە سەر داوای فەرماندەکان بەشێک لە پێشمەرگەکان ڕۆیشتنەوە شار، بەشێکیش بە ویستی خۆیان ڕۆشتنەوە شارو بەڕێزەوە ماڵاواییان لە هاوڕێکانیان کرد، لە کاتی ڕاپەڕیندا ڕۆڵی گرنگیان بینی و لە شانەکانی برووسکدا بوونە برووسکە بۆ سەر مۆڵگەو داموودەزگاکانی دوژمن.

پێشمەرگەکان لە کۆڕێ بوون هەواڵیان پێگەیشت سبەینێ پشکنین دەست پێدەکات، پێشمەرگەکان تەگبیریان کرد بچنە شوێنێک ئاشکرا نەبێت، شکی لە سەر نەبێت، چوونە ماڵی (مەلا ڕەحمان زادە) خەڵکی کۆڕێ بوو، شەو لەوێ خەوتن، بەیانی مەلا ڕەحمان هەلیساندن لێفەی وشیاری هەڵدایەوە، وشیار بە مەلا ڕەحمانی ووت من لێپرسراو نیم، ئەوە لێپرسراوە، مەلا ڕەحمان لێفەکەی لە سەر بورهانی سەعید سۆفی هەڵدایەوە خۆی گرمۆڵە کردبوو بە خەبەر بوو، مەلا ڕەحمان وتی هەستن برۆن، کاک بورهان وتی ئێمە ناڕۆین، دەرگای ژورەکە دار بوو کاک بورهان ژورەکەی داخست بە مەلا ڕەحمانی ووت تۆش لێرە بە.

هەواڵ گەیشت سەربازو جاش بە ناو ماڵان کەوتوون پێشمەرگەکان خۆیان بەست، بە مەلا ڕەحمانیان ووت بچۆرە دەرەوە، چاو ماستاویان بۆ بەرە تا نەیەنە ژوورەوە، مام ڕەحمان چوو بەرەو پیریان چاو ماستاوی بۆ بردن نەیهێشت بێنە ژوورەوە بەو جۆرە ڕزگاریان بوو.

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٦ ڕژێمی عێراق لێبووردنی گشتی دەرکرد، لە ماوەی لێبووردنی گشتی) پێشمەرگەکان زۆر فشاریان لە سەر بوو تا تەسلیم ببنەوە، بەڵام کەس تەسلیم نەبوەوە لە دوای تەواو بوونی وادەی لێبووردنی گشتی لە ١٩٨٨/١٠/٦ ڕژێم فشارەکانی زیاتر کرد.

---

١٠٣ زیاد پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە هەبوو، لە ناو ماڵی ئەوان لە شاری هەولێر جیهازێکی ڕاکاڵ شاردرابوەوە بۆ پەیوەندی کردن لە گەڵ سەرکردایەتی پێشمەرگەکان جیهازیان پێبوو بەڵام نەیاندەتوانی زۆر بە کاری بێنن چونکە ئاشکرا دەبوون.

بەشێکی زۆری ژیانی پارتیزانەکانی بەڕانەتی بە فەرماندەیی بورهانی سەعید سۆفی خۆ شاردنەوەو خۆ پەنادان (اختفا) بوو لە ماڵان، لە دێهات و ئۆردوگاکان، لە ڕێگەی نەهرۆ سەعید سۆفی لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی بەڕانەتی ڕێکخستنەکانیان ناسی و پەیوەندیان لە گەڵ گرێدان ڕێباز فەرماندەی پارتیزانەکانی هەولێر لە گەڵ هاوڕێکانی لە دەشتی هەولێر بوون، مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی بە فەرماندەیی ملازم شوان لە دەشتی هەولێر بوون، ڕێباز نامەیەکی بە (ملازم شوان) دا بۆ بورهانی سەعید سۆفی ناردبوو، لە نامەکەدا نووسیبووی دۆخمان زۆر خراپە لە دەشتی هەولێردا[١٠٤] هیچ شوێنێک نەماوە تیایدا بژین.

ناوچەی بەڕانەتی و زرارەتی کە مەفرەزەکەی بورهانی لێبوو ئاوەدان بوو[١٠٥]، لە زرارەتی هیچ دێیەک نەڕووخا بوو لە بەڕانەتی دوو دێ، (خرابە دراوو گردە شێر) تەختکرابوون، تێکڕای دێیەکانی تر ئاوەدان بوون.

دوای گەیشتنی نامەکەی کاک ڕێباز کاک بورهان و چوار پێشمەرگە بەرەو دەشتی هەولێر بەڕێکەوتن، ئەو شـەوە گەیشتنە حاجی وسـوو، مەفرەزەکەی ڕێبازیان نەبینییەوە، کەوتنە ناو ڕەبیەو خێمەی سەربازیەوە، کاک بورهان و هاوڕێکانی گەڕانەوە ئێوارە هاتنەوە کەس نەزان (بێتەل) یان کردەوە، بە برووسکە جفرەیەکیان دایە ئێزگە شوێنەکانیان بە جفرە دیاری کردبوو بۆ ڕۆژی دوایی ئێزگە برووسکەکەی خوێندەوە.

لە/ بـــــــــورهانەوە

بۆ/ ڕێـــــباز

وەرە ئەو شوێنانە، شوێنەکان بە جفرە بوون، ڕێبازو پێشمەرگەکان هاتن، ئێوارەیەکی درەنگ لە ناوچەی سەرسووک و زیارەتی بن مەسیف یەکیانگرتەوە.

بورهان بە دووربین تەماشای کرد پۆلێک چەکدار بە ڕۆژی ڕووناک ملی ڕێگەیان گرتووە، کە هاتنە پێشەوە ڕێبازو هاوڕێکانی بوون، هێزەکانی دەشتی هەولێر قەرەچووخ بەڕانەتی یەکیانگرتەوە دوای یەکگرتنەوەیان (١١) مانگ بەیەکەوە بوون.

١٠٤ لە دەشتی هەولێر یەک دێ بە پێوە نەمابوو، هەمووی تەخت کرابوو، تاک تاکە شوان دەچوونە ئاقار، ئەویشیان قەدەغە کردبوو.

١٠٥ لە مەسیفەوە بەلای ڕۆژاوادا دەڕۆیتە بەڕانەتی، تەنیشتی زرارەتیە، هەمووی ئاوەدان بوو.

لە ماوەی (١٤) مانگ پارتیزانی نەیانتوانی هیچ چالاکییەک بکەن لە بەر ئەم هۆکارانە:

هۆکاری یەکەم: پارتیزانەکان لە ناو جەرگەو دڵی دوژمندا بوون، بۆیە نەدەتوانرا چالاکی بکەن، چونکە قوڵاییان نەبوو، نزیک بوون لە شارەوە.

هۆکاری دووەم: بڕیارو ڕاسپاردەی سەرکردایەتی وابوو تەنها قسە لە گەڵ خەڵک بکەن، وشیاریان بکەنەوە لە بارودۆخەکە، سازیان بدەن، ئەو پەیامە بگەیەنن کە (ی ن ک) ئاشبەتاڵی نەکردووە، ئەگەر چالاکی بکرایە ناوچەکە دەکەوتە بەر هێرش.

لە ماوەی (١١) مانگ پێکەوە بوونی هێزەکان و چواردە مانگی پارتیزانی لە سنووری بەڕانەتی، بورهانی سەعید سۆفی سەرچاوەی دابینکردنی خۆراک و چاو ساغی هێزەکە بوو، جوتیارانی هەنارە، سێوەکە، مەلا ئۆمەر، پیرزن، براخ، کەسنەزان، شـەرەبۆت، شا هـۆمـەر، دەربـەنـدی گۆمە سپان، کـۆڕێ، بەحرکە، قەراچوغان، هاوکارو پشتیوانی پێشمەرگە بوون، کاک بورهان لە ڕێگەی ئەوانەوە کەلووپەل و پێداویستیەکانی دابیندەکرد، لە ماڵی جوتیارەکان دەحەسانەوەو خۆیان حەشاردەدا، هەندێک جاریش دەچوونە ناو شاری هەولێر و دەمانەوە.

حکومەتی عێراق سەرنجی لە سەر بەڕانەتی بوو، بەردەوام لە ڕێگەی پیاوەکانیەوە بە دوای پێشمەرگەدا عەوداڵ بوو بەڵام بێ دەسکەوت و بە دەستی بە تاڵ مانەوە نەیانتوانی زەفەر بە پێشمەرگەکان بەرن، جگە لە ماڵی جووتیارانی ناوچەکە و پشتیوانی خەڵک و ڕێکخستنەکانی ناو شاری هەولێر، پێشمەرگەکانی بەڕانەتی بارەگایەکیان لە سولێ دروستکردبوو، بارەگاکە کۆنە هەواری مەڕدارێک بوو، ژوورێکی دوو مەتر پان و هەشت مەتر درێژ بوو، نەوی و نزم بوو، لە پەنایەکدا بوو پارتیزانەکان زیاتر بەیانیان دەچوونە ئەوێ، بەڵام ئەو بارەگایە ئاشکرا بوو، پێشمەرگەکان چەند شوێنێکی تریان دیاریکردبوو یەکێک لە شوێنەکان کاک ئەکرەم خەڵکی دومزاوە بوو بۆی درووست کردن.

ئەکرەم کرێکاری بەرد هەڵکەندن بوو لە چیای مەسیف کاک بورهان پارەی دابویە شوێنێکیان بۆ درووست بکات، ئەکرەم و ساڵحی برای لە ژێر کارگەکە

ژووریکیان بۆ دروستکردن، ڕاخەری بۆ ژورەکە کڕیبوو، غازی کڕیبوو، کە چوونە ناو ژورەکە ماریکی تیابوو، کاک بێستون بە گاڵتەوە بە ئەکرەمی ووت، دەتەوێت بە مار بمانکوژی، دوای ماوەیەک هێزەکانی دوژمن گەڕان و پشکنینیان دەستپێکرد پارتیزانەکان لەو ژورەدا خۆیان حەشاردا کە ئەکرەم بۆی دروستکردبوون لە بناری چیای سەفین.

کۆنە ئەشکەوتێک لە نێوان شێخ مەحمودیان و سەرکەند هەبوو کاک بورهان بەڕێکەوت دۆزیبوویەوە تەنها کاک ڕێباز و کاک بورهان شوێن ئەشکەوتەکەیان دەزانی، ئەویش بورهان بە ڕێبازی وتبوو، لە مانگی ٣ی ساڵی ١٩٨٩ هێزێکی زۆری دوژمن هێرشیانکردە سەر پێشمەرگەکان، پێشمەرگەکانیش چوونە ئەشکەوتەکە لە نێوان سەرکەندو شێخ مەحمودیان دوای ڕزگاربوونیان لە گەمارۆی دوژمن هێزەکانیان بڵاوە پێکرد بە ناوچەکەدا، ڕێبازو بورهان چوونە بەستۆرە، هاشم جیهاز و ژمارەیەک پێشمەرگە چوونە دۆڵی هەنارە، کاک بێستون چووە شەرەبۆت.

## دەســــــتگیرکردنی وشـــــیارو نــــامیق

مانگی ٨ی ساڵی ١٩٨٩ ڕۆژی هەینی بوو بورهان و ڕێباز لە ماڵی حاجی برایم بوون لە پیرزن، کاک بورهان، حاجی برایمی نارد جگەرەی بۆ بێنێ، حاجی برایم بە کاک بورهانی وت لە ماڵی ئێمە کەس جگەرە کێش نیە ئێستا بچم داوای جگەرە بکەم خەڵک دەزانێ تۆ لێرەیت، بۆیە دەچمە هەولێر جگەرەتان بۆ دەکڕم حاجی برایم چووە هەولێرو گەڕایەوە بە کاک بورهانی ووت دوو پێشمەرگەتان دەستگیرکراون.

وشیار [١٠٦] و نامیق بیرێزی لە بڵاوە پێکردنی هێزەکەو دابڕانیان کە بڕیار بوو دوای چەند هەفتەیەک بە جفرەو لە ڕێگەی ئیزگەوە یەکتر ئاگادار بکەنەوەو یەک بگرنەوە بە پیلانی کەسێک کە لە گەڵ پارتیزانەکان کاری دەکردو سەر بە ئیستخبارات بوو لە گەڵی ڕۆیشتبوون بچنە ناو شاری هەولێر، دەستگیر کران و شەهیدیانکردن.

[١٠٦] وشیار لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو لە تیپی ٨٧ی قەرەچوخ نامیق فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی خەڵکی بیرێز بوو.

دوای بیستنی ئەو هەواڵە بورهان و ڕێباز لە پیرزن ڕۆیشتن چوونە بەستۆرە لەوێشەوە چوونە سێوەکە بۆ ماڵی حاجی عوسمان، کاک بورهان سەلمانی کوڕی حاجی عوسمانی نارد بە دوای حاجی مەجیددا، حاجی مەجید هاتە سێوەکە کاک بورهان پێیوت دوو پێشمەرگەمان گیراوە نازانین کێن بە پەلە بچۆ بۆ لای شێخ بەهرام بزانە ئەو بابەتە چییە، بورهان بە حاجی مەجیدی وت بە شێخ بەهرام بڵێ بە هیممەت یان بە قیمەت ئەو دوو پێشمەرگەیە ڕزگار بکات، حاجی مەجید گەڕایەوەو وتی بەهرام دەڵێ دوو پێشمەرگەن وشیارو نامیق تازە کار لە کار ترازاوە و هیچم پێناکرێت.

پێشمەرگەکان لە ناوچەکەدا مانەوە، دوای چواردە مانگ سەرکردایەتی برووسکەی بۆ کردن، هاشم شەمامکی و دەستەیەک پێشمەرگە لە دووەم ڕۆژی گەیشتنیان بۆ دەشتی هەولێر کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە هاشم شەمامکی و پێشمەرگەیەک شەهید بوون، هێزەکانی دوژمن بە هاتنی زانیبوون چووبوونە سەریان و دوو پێشمەرگەیان شەهید کرد، باقی هێزەکەی تر دەربازیان بوو.

مەفرەزەکەی دەشتی هەولێر، خۆرهەڵاتی هەولێر و بەڕانەتی گەڕانەوەو چوونە حاجیاوا، لەوێ ڕێکخستنەکان چاوەڕێیان دەکردن، چوونە حاجیاوا لەوێشەوە بە ئۆتۆمبێل بە بەردەمی ڕەبییەکانی سواراغادا ڕۆیشتن، ڕەبییەکان چاویان لێپۆشین، لەوێوە چوونە دۆڵی سەرکەپکان بۆ بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، ڕەحمان سەیدە هاتبوو بە دوایاندا، لە سەرکەپکان بەڕێکەوتن چوونە ئینزی و لیۆژێ، لەوێشەوە بۆ دۆڵە کۆگەو قاسمە ڕەش.

## گـــــــەڕانەوە بۆ جـــــاری دووەم بـــــەرەو ڕاپـــــەڕین

دوای بینینی خولێکی دەرزی لێدان و تەداوی، جیهاز، گەڕانەوە دەشتی هەولێر و ئامادە سازییانکرد بۆ ڕاپەڕین مەفرەزەکەی کاک بورهان پێکهاتبوو لە:

١- بورهان سەعید سۆفی لێپرسراو

٢- نەوزاد کۆیی

٣- ئەکرەم ئۆخسری
٤- فاتح حەسەن
٥- دلێر
٦- محەمەد سوولتان تەکەوری

مەفرەزەکەی کاک بورهان دەورووبەری، کۆڕێ، مەسیف بەستۆرە، مەلا هۆمەر، کەسنەزان، دەوری هەنارەو ناو هەولێری پێسپێردرا بوو.

مەلا سلیمان بۆ ڕۆژئاواو ناوچەی بەڕانەتی، جەلال ئیلینجاغی، دەشتی هەولێر تا کەس نەزان هێزەکان نامەی کاک نەوشیروان و کاک کۆسرەتیان پێبوو، لە گەڵ شانەکانی برووسک و پێشمەرگە دێرینەکان پەیوەندیان درووستکرد.

لەگەڵ ڕاپەڕینی ئـازاری ساڵی ١٩٩١ کە لە ڕانیەوە لە چەخماخەیدا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕانیەوە هاتن بەرەو شەقڵاوەو دەورووبەری هەولێر.

برووسکەیەکی کاک کۆسرەت بە جفرە بۆ بورهانی سەعید سۆفی لە ئێزگەوە خوێندرایەوە، کە برووسکەکەیان خوێندەوە دەڵێ دەبێ ئێوە[١٠٧] ئەم ئێوارەیە کۆڕێ بگرن، ئێمەش دەگەینە شەقڵاوە تا بەعسیەکان دەرباز نەبن، کاک بورهان و هێزەکەی چوونە کۆڕێ ڕێکخستنەکان و مەفرەزە چەکدارەکانیان کۆکردەوە دەستیان بە سەر منظمە ی (کۆڕێ)دا گرت، زۆرێک لە ئەمن و پیاوانی ڕژێمیانگرت، کاک بورهان هاتە لای کاک کۆسرەت بۆ شەقڵاوە لەوێوە هاتنە مەسیف، منظمە ی حزبی بەعسیان لە مەسیف دەست بە سەردا گرت، دوای دەست بە سەردا گرتنی مەسیف چوونە بەستۆرە، ئەو هێزانەی لە گەڵ کاک کۆسرەت بوون بەشێکیان لە بەستۆرەوە ڕۆیشتن بۆ خەلیفان و سۆران، بورهانی سەعید سۆفی بە سەرپەرشتی هێزێک چووە مەلا هۆمەر، کاک کۆسرەت نامەیەکی دایە بۆ شێخ بەهرام، بەڵام کاک بورهان نامەکەی نەگەیاند ناردی بە دوای حاجی مەجیددا، ناردی بۆ لای شێخ بەهرام وتی پێیبڵێ ئێمە لە مەلا هۆمەرین، هاوکارمان بن و شەڕ نەکەن سەرکردایەتی لێبووردنی گشتی دەرکردووە، شێخ بەهرام بەڵێنی هاوکاری پێدان.

---

[١٠٧] ئێوە، مەبەستی لە بورهانی سەعید سۆفی و هاوڕێکانیەتی بە هاوکاری شانە چەکدارەکانی (بروسک).

له مەلا هۆمەر چەند ڕەبیەیەکی سەربازی لێبوو، ویستیان ئامر سریەکە بگرن، بە پشتی مەلا

هۆمەردا هاتن کاک بورهان حاجی مەجیدی لە گەڵ خۆی برد، ڕەبییەی یەکەم ئامر سریەکەی لێبوو دەنگیدان  و وتی کێن حاجی مەجید عەرەبی دەزانی وەڵامی دایەوە وتی  من لای شێخ بەهرام هاتووم هەندێک زانیاریتان دەدەمێ بەو شێوەیە چوونە ناو ڕەبییەکە ئەفسەرەکەیان گرت،

هەموو ڕەبییەکان تەسلیم بوون، کاک کۆسرەت گەیشتە مەلا هۆمەر، کاک بورهانی نارد بەحرکە بگرێ لەوێشەوە بچێتە تۆبزاواو جدیدە و کەڵەک لەوێشەوە بۆ سەربازگەکەی ڕسکین کە فیرقەی ٢٤ی لێبوو، کاک بورهان بە سەرپەرشتی هێزێک بەحرکەیان گرت، بەر حوشتریان  ڕزگار کرد، شاخۆران ڕێکخستنەکان و شانە چەکدارەکان گرتبوویان، لەوێوە هاتنە کەورگۆسک و تۆپزاوا لەوێ پەیوەندیان لە گەڵ هەرێمی کەمال ئاغا کرد گرتنی کەڵەکیان پێسپاردن، منظمە ی کەورگۆسک تەسلیم نەدەبوون، هەڵمەتیان بردە سەری و گرتیان، لەوێشەوە هاتنە فیرقەی ٢٤ و گرتیان، هێزەکان گەیشتنەوە یەک و لە ١١ی مانگ لە ناو هەولێر یەکیان گرتەوە.

## مـــــەفرەزەکەی کـــاك بـــــورهان
## لە ســـەردەمی پـــــارتیزانی

١- بورهانی سەعید سۆفی لێپرسراو
٢- ئازاد
٣- غازی
٤- تەمر
٥- ئەبوزەید
٦- جەلیل
٧- ڕەحمانە ڕەش
٨- سەفین چاوشین

# مــــــەفرەزەی جــــەلال ئیـــــلینجاغی
# ڕۆژهـــــــەڵاتی هـــــەولێر
# چـــــوار

کۆتایی شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٨ تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کەوتنە سنووری خۆشناوەتی، بالیسان، دۆڵی خەلیفان، شاخی سوور، ماوەی سێ مانگ بەرگری لە مەڵبەندی (٣) کرا بارەگاکان لە بناری قەندیل دانران، لە ڕەشکی بە سەرو، کێل کێل و، نزیک کۆڕەک بوون.

١٩٨٨/٨/٢٧ هاتنە خـوارەوە بۆ دەشتی هەولێر دێیەکانی دەشتی هەولێر نەمابوون جگە لە کۆیەو تەق تەق و دێگەڵە و دەشتی هەولێر، هەر مەفرەزەیە و چوونە سنووری خۆیان، بڕیاریاندا بچنە دەورووبـەری ئۆردوگاکانی هەولێر، بنەسڵاوە، دارەتوو، کەس نەزان، شاوێس، پەیوەندی لە گەڵ دۆست و لایەنگران و هەڤاڵانی ڕێکخستن درووست بکەن تا هاوکاریان بکەن و بژێویان بۆ دابینبکەن، بڕیار وابوو خۆیان بپارێزن و خۆیان لە شەڕ بە دوور بگرن، تەنها پەیامی شۆڕش و پێشمەرگە بگەیەننە دوژمن تا بزانن (ی ن ک) ماوەو کوردستانی چۆڵ نەکردووە.

جەلال ئیلینجاغی و هێزەکەی دەیانویست لەو زنجیرەیەی دەڕوانێتە سەر کۆیەو دێگەڵە بپەڕنەوە ڕۆژهەڵاتی هەولێر، ئێوارە بوو دەیانڕوانییە دەشتی هەولێر و دێهاتەکانی گۆپتەپەو گۆمەشین و دار بەسەرو سماقە، یەکپارچە هێزەکانی دوژمن بوون، جەیش و جاش، مەفرەزە خاسە دەغڵ و دانی جوتیاری کوردی دەسووتاند، خەلەو خەرمان دەبوونە قەرەبرووت خەرمانیان ڕەش دەکرد، پێشمەرگەیەک بە حوزنەوە سەیری دەشتی هەولێری دەکرد بە دڵێکی پڕ لە تاسەو قوڕگی پڕ لە گریانەوە دەیوت **(ئای دەشتی هەولێر بۆنی خوێنت لێدێ).**

زۆر بە زەحمەت لە جادە پەڕینەوە، دێهاتەکانی دەشتی هەولێر تەختکرا بوون تەنانەت هێلانەی باڵندە و کولانەی مریشکیان دەڕووخاند، ئەشکەوت و کانیاوەکانیان دەتەقاندەوە، ڕەزوو باخ و بێستان و دارمازوارو دارە بەنیان دەسووتاندن و گڕ تێبەردەدا، تا دادەمرکا، تا دەبووە خۆڵەمێش بە دیاریەوە ڕادەوەستان، ئەوان لە چرپەی گەڵاو لە باڵای کەڵەگەتی چنارو لە کولانەی مریشک و باڕۆکەو کەڵەشێریش

دەسڵەمینەوە لێیان دەبووە سەنگەری پێشمەرگە، هەتا پووشوو پاوانی ناوچەکە ئەگەر چەند مەترێکی نەسووتایە، بە فیشەکی گڕدارگڕیان دەداو دەیانسووتاند، لە دوای خۆیان ڕەشاییان بەجێدەهێشت.

هێزەکەی جەلال ئیلینجاخی چوونە ڕۆژهەلاتی هەولێر لە هەوڵی کۆکردنەوەی خـواردن و کەلووپەلی بەجێماوی دێیەکاندا بـوون، ئەو خـۆراک و پێخۆرانەی دێهاتەکان فریای بردنی نەکەوتبوون و جێیانهێشتبوو، پێشمەرگە کۆیان دەکردەوەو لە بن شاخ و ئەشکەوت و کەڵوەزو لە ئاقاری دێیەکان دەیانشاردنەوە تا سوودی لێببینن.

پێشمەرگەکان بە ئاقاری دێیەکانی بەستی شەرغەدا دەگەڕان دیمەنی دڵ تەزێن و خەمێنەری دێهاتیەکان تەزووی بە لەشی مرۆڤدا دێنا، دیمەنەکان وێنەی خەمناک و دڵتەزێن بوون خەڵکی دێیەکان لە ئەنفالەکاندا هێندە بە پەلە شوێنی خۆیان بەجێهێشتبوو، مەنجەڵی خواردن لە سەر ئاگر بە نەکولاوی جێمابوو.

دوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنوور و کۆتایی شالاوەکانی ئەنفال، ڕژێمی عێراق لوتکەو گەوەو گردو یاڵ و سەرە ڕێگای ناوچەکانی دەشتی کۆیە و ڕۆژهەلاتی هەولێری کرد بووە ڕەبیەو مۆڵگە، ڕۆژانە هێزەکانی ڕژێم کێومالی ناوچەکانیان دەکرد، بن بەردوو ئەشکەوتەکانی ناوچەکانی بەستی شەرغە دەگەڕان دەیان دەبابەو ناقیلە و کۆپتەر شان بە شانی جاش و سوپاو مەفرەزە خاسە، ئەشکەوت و دێیەکان دەگەڕان بانگی پێشمەرگەکانیان دەکردو ناویان دەهێنان.

پێشمەرگەکان چەند مانگێک بوو دابەزیبوونە دێیەکانی دار بە سەری خواروو ژورو سماقەو بایز ئاغا، ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی هەولێر یەکسانی زەویکرابوون، پێشمەرگەکان نزیک سماقە بوون جاش و سوپا هاتنە ئاقاری سماقە، سەگەکانی سماقە ڕۆژانە دەهاتنەوە شوێن خانووە ڕووخاوەکانی خاوەنەکانیان، نیوەڕوان دەچوونە سەردارو پەردووی خانووەکان هەڵدەتووتان، کە جاش و سوپا بەرەو ناو دێیەکان دەهاتن، سەگەکان پێیان دەوەڕین بە نامۆیان دەزانین، جاشەکانیش دەیانکوشتن، ئەو گوێ درێژانەی لە ئاقاری دێیەکان مابوونەوە دەیانکوشتن، مانگاو

گوێرەکەیەکی مامۆستا حاتەم لە سماقە بەجێمابوون و مابوونەوە جاشەکان هەوڵیاندەدا بیانگرن بەڵام بۆیان نەدەگیران لە کۆتایدا کوشتیانن.

دوای چەند مانگێک هێزەکەی دەشتی هەولێر لە کەمیدا بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکان تەسلیم بوونەوە، بەڵام بەڕێزەوە بە ئاگاداری لێپرسراوەکانیان، پرسیان دەکردو بەڵێنیان دەدا هاوکاری پێشمەرگەکان بن، پێشمەرگەش هەبوو لە شوێنێکدا چەکەکەی جێدەهێشت و دەڕۆیشت تەسلیم دەبـوەوە، بێ ئەوەی خیانەت لە هاوڕێکانیان بکەن، دەگەڕانەوە شار، تا وایلێهات مەفرەزەکان ژمارەیەکی کەمیان مایەوە، بەڵام خاوەن بڕواو مەسەلەیەکی ڕەواو ئیرادەیەکی پۆڵایین بوون، کەمبوونەوەی پێشمەرگەکان سوودی زیاتر بوو لە زەرەر، چونکە دەیانتوانی بە ئاسانی جووڵە بکەن، بگەڕێن، خواردنیان دەست بکەوێت و خۆیان پەنا بدەن.

پێشمەرگەکان هێندە نزیک بوون لە هەولێر لە بن دەمی مۆڵگە و ڕەبییەکانی دوژمندا دەگەڕان و خۆیان حەشاردەدا لە سەرەتای گەیشتنی هێزەکە لە سنووری کۆیە و تەق تەق و چیای گۆڕ قەرەج و سێگردکان بوون چەند بنکەیەکی مانەوەو خۆ حەشاردانیان درووستکردوو دۆزیـەوە یەکێک لە بنکەکان لە ئەشکەوتی کونە گورگ بوو لە دێی سماقە، شوێنێکی فراوان و خۆش بوو بۆ پشودان بە ئاسانی جێگەی (١٠) پێشمەرگەی تیادەبوەوە، لە دەورووبەری ئیلینجاخ و چیای گۆڕ قەرەج چەند شوێنێکیان هەبوو، لە تەق تەق نزیک بوون پەیوەندیان لە گەڵ خەڵکی سنوورەکە پەیدا کرد، سوارە کوڕێکی گەنج بوو خەڵکی ئیلینجاخ بوو لە سەرکردایەتییەوە گەڕابوەوە پەیوەندی بە مەفرەزەکەی جەلال ئیلینجاخیەوە کرد، مستەفا چاوشین، محەمەد ئۆمەر گومەتی، پەیوەندیان بە مەفرەزەکەوە هەبوو، کەریم ئۆمەر گومەتی مەڕدار بوو، هاوکاری پێشمەرگەکانی دەکرد بە کۆڵ نانی بۆ دەبردن، پێشمەرگەکان پارەیان دەدایە لە تەق تەق پێداویستیەکانی بۆ دەکڕین و دەیگەیاندە پێشمەرگەکان، خەڵکی سێگردکان دەهاتنە سەر زەویەکانیان شینابیان هەبوو، هاوکاری پێشمەرگەکانیان دەکرد، بنەماڵەی کەمالی عەبدوڵڵا لالە مەولود، قادری حەمە شەریف، نان و خۆراکیان بۆ پێشمەرگەکان دەهێنا.

هێزەکانی دوژمن بەردەوام بوون لە گەڕان بە دوای هێزی پێشمەرگەدا جارێکنا سەدانجار هێزەکانی دوژمن ڕێگەی دەشت و دەرو ئاقاری دێیەکانیان دەگرتە بەر بە دوای پێشمەرگەدا دەگەڕان چەندین شەوو ڕۆژ دەمانەوە، بەڵام نەیاندەتوانی زەفەر بە پێشمەرگە بەرن، چەند جارێک بە سەر شوێنی پێشمەرگەکاندا کەوتن لە گۆڕ قەرەج هەندێک کتێبی پێشمەرگەکانیان بردبوو بەڵام پێشمەرگە نەدەکەوتنە داو، ڕێکخستنەکانی ناو شار دۆست و لایەنگرانی (ی ن ک) پێشمەرگەکانیان لە جمووجۆڵی داگیرکەران ئاگادار دەکردەوە.

جەلال ئیلینجاخی و مامۆستا کاوەو شوکروڵلا و غەفورو چەند پێشمەرگەیەکیتر لە ئاقاری ئیلینجاخ بوون، هێزێکی دوژمن لە تەق تەقەوە هاتنە ئیلینجاخ، پێشمەرگەکان چەند کیلۆمەترێک لە هێزەکەوە دوور بوون، پەناگەیەک لە ئیلینجاخ هەبوو، پێشمەرگەکان بەتانی و کەلوپەلیان لێدانابوو، جاش و سوپا دۆزییانەوەو چوونە سەری.

پێشمەرگەکان بەردەوام لە جووڵەدابوون، چووبوونە گردی داراشان ٤٠٠ مەترێک لە هێزەکانی دوژمنەوە دوور بوون جاش و سوپا لە هەموو دێیەکانەوە هاتبوون، خەریکی شڕەخۆری بوون بە سەر ناوچەکەدا تەقەیان دەکرد ئاردوو قاپ و قاچاخ و فافۆنیان کۆدەکردەوەو ڕاووڕووتیان دەکرد.

ئەشکەوتی گردی داراشان ئاو دڕیبووی وەک سەنگەری لێهاتبوو، پێشمەرگەکان لە ناو ئەشکەوتەکەدا بوون دەست لە سەر بەلەپیتکەی تفەنگ چاوەڕێ بوون، ئەگەر جاش و سوپا لە ڕووباری ئیلینجاخ بپەڕنەوە و بێنە ئەشکەوتەکە شەڕی مان و نەمان بکەن.

کۆپتەر بە سەر ناوچەکەدا دەسوڕایەوە لە بەراوی شێخ محەمەد تەقەیان دەکرد، تۆپبارانی هەردەو هەڵەتی سنوورەکەیان دەکرد، جاش و سوپا تا ئێوارە مانەوەو دواتر گەڕانەوە، پێشمەرگەکانیش ئەشکەوتەکەیان چۆڵکرد، بەردەوام شوێنەکانیان دەگۆڕی دەچوونە ئاقاری سماقەو چیای دێدەوان و بەلەبان و نێرەگین لە بەستی شەرغە، پێشمەرگەکان تێکڕای سنوورەکە شارەزا بوون.

مەفرەزەکەی جەلال ئیلینجاخی لە سنووری کۆیە- تەقتەق بەستی شەرغە و بناری دێدەوان دەچوونە ناوچەکانی بەڕانەتی و بەستۆرە و هەولێر و سەری ڕەش، زۆر جار هێزەکان لە یەکتری دادەبڕان و یەکیان دەگرتەوە[١٠٨].

پێشمەرگەکان چوونە کۆڕێ بۆ ماڵی کاک ئیسماعیل، بە ڕۆژ لە ناو کۆڕێ دەمانەوە ژووریکیان بۆ تەرخان کردبوون تیایدا بحەسێنەوەوە، لە دێی ماولۆ[١٠٩] لە نێوان مەسیف و سەری ڕەش لە ماڵی خزمەکانی حاجی مەسیفی مانەوە، خزمەتی زۆریانکردن، لە دێی سێوەکەی نزیک پردی بەستۆرە لە ماڵی خزمەکانی هاشم جیهاز مانەوە، ماڵی حاجی عوسمان و حاجی سابیری هەنارە پەناگەی پێشمەرگەکان بوون، ماڵی حاجی جەمیل و کاک سەعدون هاوکاریان بوون، لە کەسنەزان مانەوەو خزمەتی زۆریانکردن، ماڵی حەسە خەیلانی و خدر حەسەن و حاجی محەمەد هاوکاری زۆریانکردن لە ماڵەکانیان دەمانەوە، لە بنەسلاوە مام حەسەن بانیمارانی و سەباحە سووری کانی سەگان دۆست و هاوکاری پێشمەرگە بوون، لەوێ دەمانەوەو پشوویان دەدا، کاکەمین لە سنووری دێگەڵە مەڕدار بوو دۆستی پێشمەرگە بوو، هاوکاری زۆری مەفرەزەکەی دەکرد. مامۆستا کاوەو جەلال ئیلینجاخی و ژمارەیەک پێشمەرگەی دیکە چووبوونە دۆڵێک گەنمی تیا کرابوو، شوانێکی لێبوو، شوانەکە لەگەڵ ڕانە مەڕەکەی چەند سەگێکی لە گەڵ بوو، سەگەکان دەوەڕین، شوانەکە پێشمەرگەکانی بەدیکردوو هاتە لایان، بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە پێیوتن چی دەکەن لێرە (ئێوە وەک لیرەی عوسمانی بەقیمەتن)، شوانەکان دڵسۆزو بەوەفا بوون، نانیان بۆ پێشمەرگە دەهێنا هەواڵ و زانیارییان لە سەر جمووجۆڵی ڕژێم دەگەیاندە پێشمەرگە.

١٠٨ دوای چەند مانگێک لە دابەزینی هێزەکە، لە بناری دێدەوان لێکدابڕان، جەلال ئیلینجاخی و هاوڕێکانی چوونە ڕۆژهەڵاتی هەولێر و دەنگۆی ئەوە هەبوو هاوڕێکانیان تەسلیم بونەوە، دواتر لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە هەواڵی هاوڕێکانی تریان زانی، لە ڕێگەی نامە گۆڕینەوە ژوانێک دانرا چوونە هەڵەتەکانی حاجی وسوو پشتی کەس نەزان لە گەڵ کاک ڕێبازو هاوڕێکانی بەڕێکەوت لە شەوێکی ساردو شەختەدا لە ئەشکەوتێکدا یەکیان گرتەوە.

١٠٩ ماولۆ دێیەکە بەرانبەر سەری ڕەش.

## چـــــالاکی بە بۆنەی ســــەری ســــاڵەوە ســـــەری ســـــاڵی 1989

مەفرەزەکەی جەلال ئیلینجاخی بڕیاریاندا لە بەستی شەرغە و بناری دێدەوان چالاکی بکەن، لە پشتی بەلەبانی نێرەگین ژمارەیەک ئیڤای سەربازیان دەستنیشانکرد بوو لە گەڵ ڕەبییەیەک، مامۆستا کاوەو جەلال ئیلینجاخی و موحسین و ئەحمەد و ئاسۆ معلیم و چەند پێشمەرگەیەکیتر لە ڕەبییەو مۆڵگەکانی دوژمنیاندا زەرەرو زیانی گیانیان لێدان.

ڕۆژی دوای چالاکیەکە فەرماندەی سەربازی ڕەبییەکان چووبووە لای ڕەبییە لێدراوەکەو ووتبووی، ئێوە درۆ ئەکەن پێشمەرگە لە کوردستان نەماوە، کەچی بەردەوام هێزەکانی دوژمن کێوماڵی ناوچەکانی دەشتی هەولێریان دەکردو بە دوای پێشمەرگەدا دەگەڕان، بە هـەزاران ملیۆن دیناریان خەرج دەکرد لەو کێوماڵ و دەرچوونانەدا، بەڵام بە دەستی بەتاڵ دەگەڕانەوە.

## دیـــــمەنێکی نەخـــــوازراو

مانگی (٢)ی ساڵی ١٩٨٩، پێنج پێشمەرگە، مامۆستا کاوە، ئاسۆ معلیم، ئەحمەد ئیلینجاخی و دوو پێشمەرگەیتر لە بناری سەری ڕەش لە نزیک مۆڵگەیەکی دوژمن مابوونەوە، ڕەبییەیەک بە سەر سەریانەوە بوو چووبوونە کونێکەوە کونە فیراریان پێدەوت.[١١٠]

ماوەیەکی زۆر بوو ئەو پۆلە پێشمەرگەیە خەو نەچووبووە چاویان، بە ڕۆژو شەو نەخەوتبوون، ڕۆژانە لە بەر هێرش و پەلاماری دوژمن، شەوانەش دەگەڕان بە دوای پەیدا کردنی ناندا، مانگی ٢ی ساڵی ١٩٨٩ زستانێکی ساردوو سەخت بوو، پێشمەرگەکان لە دۆخێکی خراپدا بوون، داوایان لە هاشم جیهاز کرد شوێنێکیان بۆ بدۆزێتەوە بتوانن چاویان بچێتە خەو، سەرخەوێک بشکێنن، ئەویش ئەو کونەی بۆ دۆزینەوە، پێشمەرگەکان چوونە کونەکەوەو خەوتن، کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی دەنگی شۆفڵ لە دەورووبەریان دەهات ووتیان ئاساییە شۆفڵ لێرە کار دەکات،

١١٠ کونەکە فیرار دروستیان کردبوو بۆ خۆحەشاردان، هەر بۆیە پێیان دەوت کونە فیرارەکە.

خەریکی بەرد شکاندنە دەنگی شۆفلەکە تا دەهات نزیک دەبوەوە، شۆفلەکە هاتە سەر کونەکە، خەریک بوو بەردەکان بە سەریاندا دەڕووخان، ئاسۆ معلیم بە پەلە لە کونەکە چووە دەرەوەو بەردەکانی هەڵدایە ئەو لاوە، خاوەن شۆفلەکە کەسێکیتری لە گەڵ بوو کە ئاسۆیان بینی لەو کونە هاتە دەرەوە سەریان سووڕما، ووتیان کاکە ئێوە چین لە ژێر ئەو زەوییە هاتنە دەرەوە، ئاسۆ پێیوتن شۆفلەکە ڕاگرن ئێمە لێرەین، تێکڕای پێشمەرگەکانیتر لە ناو کونەکە هاتنە دەرەوەو ئاشکرا بوون.

پێشمەرگەکان شۆفێری شۆفلەکەیان ڕاگرت[111] تا ئێوارەیەکی درەنگ نەیانهێشت بڕواتەوە، شۆفلەکەیان هێنایە بەر دەمی کونەکە تا ڕەبییە و مۆڵگەکانی دەورووبەر نەیانبینن ئەو کەسەی لە گەڵ شۆفێری شۆفلەکە بوو ناردیانەوە شار خواردنی بۆ هێنان، تا ئێوارە پێشمەرگەکان و خاوەن شۆفلەکە مانەوە، کە خۆر نیشت ئەوانیان ڕەوانە کردەوە شارو پێشمەرگەکانیش ملی هەردەو هەڵەتی ناوچەکەیان گرتە بەروو لە چاو وون بوون.

ڕۆژی ١٩٨٩/٨/٢٨ کاک ڕێباز فەرماندەی پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر، بە برووسکەیەک لە ڕێگەی ئیزگەوە ئاگاداری برادەرانیکرد پەیوەندی پێوە بکەن.

تێکڕای پێشمەرگەکانی بەڕانەتی و ڕۆژهەڵاتی هەولێرو قەرەچوخ یەکیانگرتەوە، لە سێوەکە کۆبونەوەیانکرد.

ڕۆژی ١٩٨٩/٩/١ لە دێی ئاژگە لە پاڵ کۆڕێ کۆبوونەوەو بەڕێکەوتن چوونە شەقڵاوەو گەڕانەوە هەورێ، تێکڕای پێشمەرگەکان (١٩) پێشمەرگە مابوونەوە، گەڕانەوە سەرکردایەتی و لە لایەن مامجەلال و کاک نەوشیروان پێشوازی گەرمیان لێکراو موچەی شەش مانگیان بۆ خەرج کردن.

## نـــــەفسی بـــــەرز

مامۆستا کاوە کادێری سیاسی بوو، یەکێک لە پێشمەرگەکانی مەفرەزەی جەلال ئیلینجاخی بوو لە ڕۆژئاوای هەولێر، ئەو کاتەی کاک ڕێباز ئاگاداری کردن تا مانگێکی تر لێرە دەبین و دەگەڕێینەوە سەرکردایەتی دەتوانن بنێرن بە دوای

[111] شۆفێری شۆفلەکە برایەکی بە دەستی پێشمەرگەکانی تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی کوژرابوو، بۆیە ڕێگەیان نەدا بگەڕێتەوە شار تا ئێوارە، چونکە گومانیان هەبوو هەواڵیان بگەیەنێ و زمانیان لێ بدات.

کەسووکارتاندا، زۆربەی پێشمەرگەکان کەسووکاریان هاتە لایان، خواردن و پێداویستیان بۆ هێنان باوک و دایک و برای پێشمەرگەکان هەر لایەک لای خۆیەوە بڕێک پارەیان دایە کوڕەکانیان، تەنیا مامۆستا کاوە نەبێت باوکی پارەی نەدایە، مامۆستا کاوەش نەفسی بەرزی ڕێگەینەدا داوای پارە لە باوکی بکات، لە کاتێکدا تەنیا نیو دینار لە گیرفانیدا بوو.

پێشمەرگەکان گەڕانەوە سەرکردایەتی، لە قەندیل بازگەی پاسداری لێبوو، پێشمەرگەکانیان دەپشکنی، ڕێگەیان نەدەدا پارەی عێراقی بەرنە ئێرانەوە، دەبوایە لەوێ پارەکانیان بگۆڕنەوە بە تمەن.

پێشمەرگەکان یەکە یەکە پارەکانیان گۆڕیەوە، مامۆستا کاوە خۆی خستە دواوە تا دوا کەس بچێتە بەردەمی بازگەی پاسدارەکان، بۆ ئەوەی هاوڕێکانی نەزانن پارەی پێنیە، پاسدارەکە بە مامۆستا کاوەی ووت پارەکەت بێنە بیگۆڕمەوە، مامۆستا کاوە وتی پارەم پێنیە، تەنها ئەو نیو دینارە نەبێ، پاسدارەکە مامۆستا کاوەی پشکنی پێڵاوەکانی پێدانا، پشتێنەکەی پێکردەوە، تەنها هەر ئەو نیو دینارەی پێبوو، پاسدارەکە پەشیمانی گرتی لەو هەڵوێستەی بەرانبەر مامۆستا کاوە.

مامۆستا کاوە لە بازگەی پاسدارەکان بوو، ئاسۆ معلیم کەمێک دوور کەوتبوەوە لە بازگەکە گەڕایەوە تا بزانێ کێشە چییە، کاتێک گەڕایەوە زانی مامۆستا کاوە نیو دیناری پێیە زۆر گلەیی لە مامۆستا کاوە کرد کە پێی نەوتووە پارەی پێنییە مامۆستا کاوەش وتی ئاساییە ئاسۆ گیان من جگەرە کێش نیم و خەرجیم نیە پارەم بۆ چییە، لە بازگەکە دەرچوون و گەیشتنەوە برادەران.

بە بۆنەی گەڕانەوەی پارتیزانەکانی هەولێر، مامجەلال سکرتێری گشتی (ی ن ک) وتەیەکی پێشکەشکردن، وێڕای بەخێرهاتنەوە پێیوتن ئێمە شانازیتان پێوە دەکەین، لە کۆبونەوەکانمان لە دەرەوەی وولات پێمان دەڵێن ئێوە کوردستانتان چۆڵکردووە، منیش دەڵێم نەخێر ئێمە پێشمەرگەکانمان لە دەشتی هەولێرو گەرمیان و ناوچەکانی کوردستان ماون و بەردەوامین لە خەبات، مامجەلال لە درێژەی ووتە بە نرخەکەیدا بە پێشمەرگە پارتیزانەکانی دەشتی هەولێری ڕاگەیاند (ئەگەر ڕۆژێک

کوردستان ڕزگاری بوو دەبێت مەدالیای زێڕتان لە مل بکرێت).

**مەفرەزەکەی جەلال ئیلینجاخی ئەم تێکۆشەرانە بوون:**

١- جەلال خورشید ڕەشید، جەلال ئیلینجاخی

٢- کاوە ئەنوەر قادر مامۆستا کاوە

٣- ئاسۆ معلیم

٤- مامۆستا هەرمان

٥- عەباس عەوێنە

٦- ئەحمەد ئیلینجاخی

٧- چالاک

٨- شکراللە

٩- غفور

١٠- شەفیق چاوشین

١١- ئامانج فەتاح (مامۆستا ئامانج)

## مـــــــەفرەزەکانی دووەم جـــــار بـــــەرەو ڕاپـــــەڕین

دوای داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراق و لاواز بوونی ڕژێمی عێراق و ڕەخساندنی زەمینەی ڕاپەڕین، سەرکردایەتی (ی ن ک) بە بەرنامەی وردوو هەمە لایەنە کەوتە سازدان و ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەو جەماوەرو شانە چەکدارەکان، بۆ ڕاپەڕین.

لە سەر بڕیارو فەرمانی سەرکردایەتی (ی ن ک) ڕۆژی ١٩٩١/٢/١٢ ڕەتڵ و مەفرەزەکانی سۆران، کۆیە، شەقڵاوە، ڕۆژهەڵاتی هەولێر، بەڕانەتی بەرەو ناوچەکانیان بەڕێکەوتن.

تێکڕای مەفرەزەکان نامەی سەرکردایەتیان پێبوو تا بیگەیەننە مستەشارو پیاوانی ڕژێم و کەسایەتییە ناسراوەکان، بۆ هاوکاری و هەماهەنگی هێزی پێشمەرگە لە ڕاپەڕیندا.

لە کاتی هاتنە خوارەوەو ماڵاوایدا کاک نەوشیروان بە هێزەکەی ووت، لە کاتی چوونە خوارەوەدا لە ماڵی دۆست و ڕێکخستنەکان بمێننەوە ئاساییە بەڵام لە هیچ ماڵە مستەشارو چەکدارێک نەمێننەوە بە ناوی دەعوەت و پشوودان چونکە جێگەی مەترسییە، بەڵام لە ماڵی کەریم خانی برادۆست بمێننەوە ئاساییە چونکە خیانەت لە کورد ناکات.

عوسمان بچکۆل خەڵکی بناری قەندیل تا سەرکەپکان لە گەڵ هێزەکە هات، پیرانە ڕەش و پشتی کێوە ڕەش بەفر گرتبووی ووڵاخەکان پەکیان کەوتبوو، کورتانی ووڵاخەکانیان لێکردەوە هێزەکە ملی ڕێگەیان شکاندو چوونە سەرکەپکان کوڕانی عەباساغا هاوکاریانکردن، قۆناغ قۆناغ هێزەکە لە یەکتری جیابوونەوە، هەر مەفرەزەیە گەڕایەوە ناوچەی خۆی، هێزەکەی هەولێر دوای حەوت ڕۆژ شەکەتی و ماندوو بوون کە زۆربەی پێشمەرگەکان تەنها گۆرەویان لە پێدا مابوو گەیشتنە دەوروەبەری هەولێر.

جگە لە مەفرەزەکانی کۆیە و سۆران، مەفرەزەکانی هەولێر بە تێکڕا لە چەند مەفرەزەیەک پێکهاتبوو بەم جۆرە دابەش کرابوون.

+ **ڕۆژئاوای هەولێر – بەڕانەتی**

١- بورهانی سەعید سۆفی لێپرسراو

٢- نەوزاد کۆیی

٣- ئەکرەم ئۆخسری

٤- فاتیح حەسەن

٥- دلێر

٦- محەمەد سوولْتان تەکەوری

+ **سنووری شەقڵاوە**

١- تەحسین کاوانی لێپرسراو

٢- جەلال سۆرکانی

٣- ئەسعەد دۆرەیی

٤- کاوە ئاقوبانی

٥- بەشدار

٦- بەڵێن

+ ڕۆژهەڵاتی هەولێرو قوشتەپە

١- جەلال ئیلینجاخی لێپرسراو

٢- تاهیر بەگ

٣- مامۆستا کاوە ئەنوەر

٤- ئەحمەد عەبدوڵلا ئیلینجاخی

٥- محەمەد بانیمارانی

٦- مام ئەمیر

٧- ئازاد مەخموری

٨- ڕێکخەر عەبدوڵلا

٩- نەریمان سالەیی

+ **سنووری بەحرکە**

١-  مەلا سلێمان لێپرسراو

٢-  سالّح هەولێری

٣-  خالّە خولە

+ سنووری بەستۆرە

١-  کاکە شێخ چۆماکی لێپرسراو

٢-  سەید محەمەد

٣-  ئازاد عەبدوڵڵا تەها

٤-  سۆفی حاجی

لەگەڵ دابەزینی هێزەکان و جیابوونەوەی مەفرەزەکان لە یەکتری، مەفرەزەکەی جەلال ئیلینجاخی چوونە ماڵی مام میرزا لە کەسنەزان ئەوێیان کردە بنکە، لە ماڵی مام میرزا خەڵکیان دەبینی، قسەیان لە گەڵدەکردن ڕێکیان دەخستن بۆ ڕاپەڕین، مارف کۆنە پێشمەرگە بوو خەڵکی کەسنەزان بوو بە ئۆتۆمبێل پێشمەرگەکانی دەگواستەوەو هاموشۆی پێدەکردن.

چەند مستەشارو مەفرەزە خاسەیەکی ڕژێم هاتنە کەسنەزان بۆ لای مەفرەزە پێشمەرگەکە، لە ماڵی حەسەن خدر قازی کۆبوونەوەیان لە گەڵکردن بەڵێنیاندا هاوکاری پێشمەرگە بن ئەو نامانەی لە سەرکردایەتیەوە هێنا بوویان گەیاندیانە دەستی کەسی دیاریکراو.

نامەی کاک نەوشیروان بۆ کەریم خان، نامەی کاک کۆسرەت بۆ مەلا عوزێر و جەلال کوێخا ڕەفیق و عومەر حەسەن، نامەی مامۆستا چەتۆ بۆ مەلا عەبدوڵڵای چۆمان و جەعفەر مزوری.

لە دارەتوو کەسنەزان دەیان مەفرەزەی چەکداریان دروستکرد بۆ ڕۆژی ڕزگاری هەولێر، پێشمەرگە دابڕاوەکان ڕۆڵی گرنگیان بینی لە پێکهێنان و دروستکردنی شانەکانی برووسک، سمکۆ بڵباس و سابیر، نوری قادر لە ڕزگار کردنی قوشتەپەدا ڕۆڵی بەرچاویان بینی.

مەفرەزەکەی جەلال ئیلینجاخی لە قۆڵی قوشتەپە ڕۆڵی گەورەیان بینی لە ڕزگار کردنی قوشتەپە و ڕاماڵینی داموو دەزگاکانی ڕژێم، شەڕی گەورەو کەم وێنەیان دژی سوپای داگیرکەر کرد، دوای ڕزگارکردنی ناوچەکانی دەورووبەری هەولێر لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/١١دا چوونە ناو شاری هەولێر و شاری قەڵاومنارە بە ئازادی شاد بوو.

## بـــــــەدوای پـــــــــارتیزانەکاندا
## پـــــــێنج

دوای گەڕانەوەیان لە پارتیزانی چوونە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەندێک لەم پێشمەرگانە خەریکی کاسپی بوون، بەشێکیشیان لەشارەکانی نەغەدەو پیرانشار جێگەو ڕێگەیان گرتبوو بۆ مانەوە.

ڕۆژێک ڕەحمان سەیدm چووە ماڵی ساڵح هەولێری لە پیرانشار ووتی دەبێت بچینە قاسمەڕەش ناردوویانە بەدواماندا ڕەنگە ڕەوانەی دیوی عێراقمان بکەنەوە بچین بەدوای پارتیزانەکاندا ئەو شەوە لە ماڵی ساڵح هەولێری مانەوە بەیانییەکەی زوو بەڕێکەوتن بۆ قاسمە ڕەش کاتژمێر(١٠) ی بەیانی گەیشتنە مەکتەبی سیاسی چوونە لای کاک کۆسرەت حەسەن کوێستانیش لەوێبوو بەخێرهاتنیانکردن کاک کۆسرەت ووتی دەبێت بچن بەدوای ئەو پۆلە پارتیزانەی چوارەدە مانگە لە خوارەوەن بیانهێننەوە سەرکردایەتی چونکە ڕێگەکان گۆڕاون ئەوان لەو گۆڕانکارییە باش شارەزانین دەبێ وابکەن بەسەلامەتی بگەڕێنەوە سەرکردایەتی چوونکە مەفرەزەکە جیهازیان کردووە داوای مەفرەزەیەکی شارەزایان کردووە.

نانی نیوەڕۆیان لە مەکتەبی سیاسی خوارد دوو هەزاردیناریان بۆ خەرجکردن کۆڵەپشت و تاقموو تفەنگ و دەرمانیان وەرگرت دوو نامەشیان بۆ نوسین بۆ هەر یەک لە دوو حزبی دیم,کراتی ئێران، بەڕەحمان سەیدەیان ووت چەند پێشمەرگە دەبەیت ببیە تا کەلوپەلیان بۆ ئادەبکەین، ڕەحمان سەید ووتی تەنها من و ساڵح هەولێری و کاروان دەڕۆین، کەلوپەلەکانیان بە ئۆتۆمبێل ڕاوانەی نۆکان کرد لەوێشەوە وڵاخیان بەکرێگرت بۆ قەندیل بۆ لای قادر خەبات لە (شێخ شەرۆ) نامەیەکیان بۆ نووسی کە ئێمە دەچینەوە ئێران سەرێک لە ماڵومناڵمان دەدەین و دێینەوە قەندیل.

لەمەکتەبی سیاسی پێیانوتین دکتۆر هیوا, سەمەد ڕێکخەر لەگەڵ خۆتان ببەن ئەوان لە دۆڵی گوڵان لێتان دادەبڕێن کاری خۆیhk هەیە، چەکو کەلوپەلیان ڕەوانەی لای قادر خەبات کردوو چوونەوە لای ماڵومناڵیان دوای سەردانی ماڵو مناڵیان گەڕانەوە بۆ بەیانییەکەی گەیشتنە بەربەرانەی قەندیل لەسەر کانیاوێکی خۆش

لایاندا و چایەکیان دەمکرد و خواردن و پێخۆری باشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو دوای نانخواردن و پشوودان خۆیان کۆکردەوە و بەڕێکەوتن بۆ (شێخ شەرۆ) کە سەرکەوتن بۆ (شێخ ئایش) ئاوەدانییەکەی باشی لێبوو بنکەیەکی گۆمرگی لێبوو پێشمەرگەکانی یەکێتی لەوێ چادریان هەڵدابوو خەریکی کاسپی بوون وڵاخداری زۆری لێبوو لەدیوی ئێرانەوە کەلوپەلیان دەهێنایە شێخ شەرۆ هەمانشێوە لە سەنگەسەر و ڕانیەشەوە کاڵایان دەدهێنا و ئاڵوگۆڕیان دەکرد.

کە پێشمەرگەکان گەیشتن چوونە چادرەکەی قادر خەبات چەکو تاقموو کەلووپەلەکانیان وەرگرت کڵاشنکۆفەکانیان پاککردەوە نانی نیوەڕۆیان لە شێخ شەرۆ خوارد بەڕێکەوتن دوو وڵاخدار بەرەو خوارەوە دەچوون ئەوان پێشکەوتن پێشمەرگەکانیش بەماوەی چەند مەترێک لەدوایانەوە بوون بەرەو (زەنگەلێن) شۆڕبوونەوە بە نێوانی (گۆمی کرمە سوران و ئاوی سپی و خێڵاپ و دوولکەدا) ڕەتبوون بەرەو هەوارگەی سەر شێخان بۆ لای ئێوارە لەگەڵ قاچاخچیەکان سەرکەوتن، لە نێوان سێکانیان و کۆنە کۆتر بەشەو شۆڕبوونەوە بۆ کۆنە دێی ئێنزە ووڵاخدارەکان دەیانووت چەندین جار چاش لەورێگەیەوە (مین) یان داناوە و بەوڵاخدارەکاندا تەقیوەتەوە.

هەندێک چرا دەهایسان، هەندێک خانوو کۆڵیتی بەقوڕ دروستکراوبوون قاچاخچییەکان ووتیان ئەوە هەمووی خانووی بارەگای حیزبی دیموکراتن سەر بەقاسملون، لێرەوە لە قاچاخچییەکان دابڕان، پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات بنکەیەکیان لەسەر ڕێگەکە هەبوو کە گەیشتن دەنگیاندان ئەمانیش ووتیان خۆمانین، خۆیان پێناساندن و ووتیان پێشمەرگەی یەکێتین چەند کەسێکیان بەپیریانەوە هاتن دوای سڵاو ڕەحمان سەیدە ووتی دەمانەوێت لێپرسراوی پەیوەندیەکانتان ببینین ئەوانیش فەرموویان لێکردن بۆ بارەگایەکیتر دوای پشوویەکی کەم یەکێک لە برادەرانی دەفتەری سیاسی هاتە لایان ڕەحمان سەیدە نامەکەی مەکتەبی سیاسی دایە دەستی، ئەو برادەرەی دەفتەری سیاسی دیموکرات بە پێشمەرگەکانی خۆیانیوت ئەو برادەرانە ببەنە بارەگا و نان و چایان بۆ ئامادە بکەن، ئەو شوێنە بارەگا و

ماڵی زۆری حزبی دیموکراتی لێبوو وەکو دێیەکی گەورە بوو دوای کاتژمێرێک ئەو برادەرە هاتەوە لایان و دووبارە بەخێرهاتنیکردن ووتی ئەوە بارەگای خۆتانە چەند دەمێننەوە لەخزمەتتاندا دەبین چیتان پێویستە تا بۆتان جێبەجێبکەین ئەگەر ڕۆیشتن بە ڕۆژ بە ئاشکرا مەڕۆن، دوای وەرگرتنی دەنگوباسی سنورەکە و جموجۆڵی ڕژێم و کەمینەکانیان ووتیان سەرخەوێک بشکێنن ماندوون.

پێشمەرگەکان ووتیان سوپاستان دەکەین دەڕۆین پێشئەوەی بڕۆن ئەو لێپرسراوەی حزبی دیموکرات ڕەحمان سەیدەی جیاکردەوە و نهێنییەکی دایە تاکو یەکتر بناسنەوە ناوە نهێنییەکەی (هاوکار) بوو، تاکو لەجادە پەڕینەوە چوار پێشمەرگەی حزبی دیموکراتیان لەگەڵدا هات پێشمەرگەکان بست بە بیستی ناوچەکە شارەزابوون لەئاستی ئەشکەوتی (کچە کافر) پەڕینەوە نێوان هەردوو چیای (زێڕ نەکێو و چیای ئەحمەدە) ماوەیەکی باش لە ڕێگەکە دوورکەوتنەوە لە شاخی ئەحمەدە چوونە شوێنێکی باش، هەریەکە شوێنێکی خۆشکردوو ئێشکگرییان دەرکردوو خەوتن، بەیانی بە دووربین چاودێری ناوچەکەیان دەکرد تەنها ئەوانی لێبوون دەبوایە زۆر بەوریایی بڕۆن چونکە زۆرجار دوژمن کێوماڵی ناوچە چۆڵەکانی دەکرد یان مەفرەزەی دەنارد.

کانیاوێک لەخوار چیای ئەحمەدە بوو بەرەو ئەوێ ڕۆیشتن بەدووری پێنج سەد مەترێک لە کانیاوەکە لە بن شاخێک دانیشتن بۆ نان و چا خواردنی بەیانی، هەرپێشمەرگەیە خواردنی حەوت ڕۆژی لەناو کۆڵە پشتەکەی هەڵگرتبوو لە گۆشتی قتوو چاو شەکر و جگەرەو و مرەبا و خوێ هەموو کات مەتارەکانیان پڕبوو لە ئاو، چایان لێنا و ئاگرێکی بێدوکەڵیان کردەوە ساڵح و کاروان مەتارەکانیان بردە سەر کانییەکە پڕیانکرد لە ئاو، دوای نانخواردنی بەیانی بەرەو دۆڵە ڕەقە بەڕێکەوتن هەمووی چۆڵەوانییوو دەنگی مەلیش نەدەهات دەبوایە نێوانی هەریەکێکیان شەش بۆ حەوت مەتر بێت کەمیش بەڕێگادا دەڕۆیشتن زانیارییان هەبوو لای دۆڵی (گولان) لە (پڵنگان) سەربازگەو ڕەبییەی جاشی لێیە، دەمەو ئێوارە گەیشتنە دۆڵە ڕەقە بە دووربین بارەگاکانی حزبی دیموکراتیان دەستنیشانکرد لە نزیک دێی (بێردبی) بوو

لەو دۆڵە بەرەو خوار تا ڕانیە ئاوەدانیبوو لەسەرووی بێردبی چۆڵەوانیبوو، جگە لەمۆڵگەی سەرباز و جاش قەدەغەبوو هەرکەسێکی لێبێت.

ئەو شەوە خۆیان گەیاندە بارەگاکانی حزبی دیموکرات (جەلیل گادانی) لەبناری چیای ماکۆک خۆیان پێناساندن و بەخێرهاتنیانکردن، ڕەحمان سەید نامەکەی مەکتەبی سیاسی دایە دەست کادرێکی دیموکرات تا بیگەیەنێتە جەلیل گادانی زۆری نەبرد وەڵامەکەی هێنایەوە جەلیل گادانی ووتبووی ئەو پێشمەرگانەی یەکێتی لەچاوی خۆتان زیاتر بپارێزن و خزمەتیانبکەن.

چەند ڕۆژێک لەبارەگای حزبی دیموکرات مانەوە بەڕۆژ دەچوونە چیای (ماکۆک) شەویش دەهاتنەوە بارەگای حزبی دیموکرات، ڕۆژێک جەعفەر بچکۆل پێشمەرگەی حزبی دیموکرات ووتی ماوەیەکە کادرێکی ئێوە لەوناوەیە ناوی (هاوڕێ باپیرە) ڕەحمان سەیدە بە جەعفەری ووت ئەگەر هات با نەڕوات بڵێ ڕەحمان سەیدە دەیەوێت بیبینێت.

شەو کە گەڕانەوە بارەگای حزبی دیموکرات هاوڕێ باپیر چاوەڕێdدەکردن، هاوڕێ باپیر زانیاری وردی ناوچەکەی لابوو زۆر بەسوودبوو بۆیان، دوای چەند ڕۆژێک دکتۆر هیوا و سەمەد ڕێکخەر جیابوونەوە و بەدوای کارەکانی خۆیاندا ڕۆیشتن هاوڕێ باپیر لەگەڵ رەحمان سەیدە و ساڵح و کامەران مایەوە بۆ ڕۆژی دواتر بەرەو مێدێرێ بەڕێکەوتن، لەخوار دۆڵی پڵنکان ڕەبییەیەکی لێبوو هاوڕێ باپیر وتی ئەو ڕەبییەیە وەکو هیخۆمان وایە حەسەنی برای عەزیز داود و خزمان لەوێن ڕەبییەکە لە نێوان (مێدێرێ) و جادەی پڵنگان بوو ئەو جادەیەی بۆ زینی وەرتێ دەچوو لەسەر ڕێگەی (سەنگەران) پاسەوانی ئەو ڕێگەیەی دەکرد.

شەو گەیشتە نزیک ڕەبییەکە هاوڕێ باپیر نهێنی هەبوو لەگەڵیان لایتەکەی دەرهێنا و سێ جار بەرەو ڕەبییەکە لێیداو بەرەو ڕەبییەکە ڕۆیشتن حەسەنی باری عەزیز داود بەپیریانەوە هات هەموویان خزمی یەکبوون خەڵکی سۆرەبان و وەڵزێی ناوچەی باڵەکایەتی بوون سەر بە فەوجی سواراغابوون، ئەو شەوە بەگەرمی بەخێرهاتنیانکردن نان و چایان بۆ ئامادەکردن، باپیر ئەوانی لە ڕەبییەکە

جێهێشت، زیاتر لە (١٥) ڕۆژ لەو ڕەبییەدا مانەوە هەر کارێکیان هەبوایە حەسەنیان دەنارد بۆی جێبەجێدەکردن هەتا لە ئێشکگرتن و خەفارەتیشدا بەشدارییان دەکرد لە میوان نەدەچوون.

کانییەک لە خوار ڕەبییەکە بوو ناوی کانی (سەنگەران) بوو بەدار ئەسپێندار دەوردرابوو قاپ و قاچاخیان دەبردە سەر ئەو کانییە بۆ شتن بەتەنەکە ئاویان سەردەخستە ڕەبییەکە، دەچوون ئازوقەیان وەردەگرت گۆشتی کەنغەریان دەهێناو ئامادەیاندەکرد. دوای ماوەیەک مانەوە لە ڕەبییەکە دابەزین بۆ ئۆردوگای چۆمانیان لە چوارقوڕنە بۆ بینینی هەندێک لە برادەران و وەرگرتنی دەنگوباسی ئەو پارتیزانانەی چاوەڕوانیاندەکردن کە مەفرەزەکەی ڕێباز و بورهانی سەعید سۆفی و جەلال ئێلنجاخی بوون، پێشمەرگەکان زانیاری تەواویان پەیداکردبوو پێویستیان بەکەس نەبوو، شەوەکەی خۆیان ئامادەکرد بچنە چیای ماکۆک بێئەوەی خۆیان لە برادەرانی حزبی دیموکرات ئاشکرابکەن، ڕۆژەکەی لە بناری چیای ماکۆک خۆیان حەشاردا شەو چوونە دێی (دەلالان) لەسەرووی سەرکەپکان لەگەڵ خۆرئاوابوون عەلی خەیات و مامۆستا محەمەد ئۆتۆمبیلێکی (جیب) یان هێناو هەڵیانگرتن بەرەو چوار قوڕنە لە ئۆردوگای چۆمانیان چوونە ماڵی مستەفای مام شێخە ئێنەیی شەوێک لە ماڵی کاک تۆفیق بوون دواتر چوونە ماڵی عەلی خەیات و باوکی مانەوە صالح هەولێری چووە کۆمەڵگەی شکارتە لە پشتی سەروچاوە.

ئەو کاتەی لە چوارقوڕنە لە کۆمەڵگەی چۆمانیان بوون ڕەحمان سەیدە بە سالح هەولێری ووت دەبێت بەرەو ناوچەی خۆشناوەتی بڕۆیت، محەمەد ڕەسوڵ ئۆتۆمبێلی پێبوو لەگەڵ حەسەن داود ساڵحیان گەیاندە ماڵی مام حاجی ئەحمەد مێرێ خەڵکی شیرێی سەروو بوو بڕیاربوو پارتیزانەکانی هەلێر بێنە شاخە سور خوار چیای کلاو قاسم پشتی (شێخ مەموندیان) لەکاتی هاتنە خوارەوەیان حەسەن کوێستانی پێیوتن کاک ڕێباز بە جیهاز قسەی لەگەڵ کردووم دێتە شاخی سوور بەلام ڕێباز و هاوڕێکانی بڕیاریاندابوو جێگەیەکی نزیکتر بدۆزنەوە شاخە سوور بۆ ئەوان دووربوو بۆیە هەوڵیاندابوو ڕێکخستنەکانی ناو شار ببینن.

لەبناری مەسیف لە سێوەکە دەواجینێک هەبوو دەواجنی عوسمان سەیدە بوو لەوێ شۆێنی دیاریکراویان دانا، سەعدی و عەلی خەیات چوونە سێوەکە بۆ ماڵی عوسمان سەیدە لەگەڵ ڕێباز و مەلا سلێمان و بورهان سەعید سۆفی دانیشتنیان کردبوو شوێنی دیاریکراویان دانابوو لە (ناڵە شکێنە) نزیک بوو شەوەکەشیان دیارکردبوو، دوای بینینی ئەو برادەرانە هاتنە (ئاژگە) عەباس عەوێنە و بێستون خدر چوونە (کۆڕێ) هەڵمەتە سووریان هێنایە لای خۆیان بۆ چاوساغی ڕێگە، شەوی دواتر بەڕێکەوتن چوونە دەواجینەکەی دەربەندی شەقڵاوە دواتر دێی (سپیندارە و فریزو کانی کەوان) لەپشتی کونە فلوسە لەشەوی دیاریکراودا پارتیزانەکان هاتنە ناڵە شکێن نزیک (زن زنگە و پوکە) عەلی خەیات و تۆفیق و مستەفای مام شێخ و یاسین لە کاتی دیاریکراودا گەیشتنە ئەوێ ئەو شەوە پارتیزانەکانی هەولێریان گەیاندە حاجیاوا، حەمە وەرتی بەسەر ماڵەکاندا دابەشیکردن بۆ ڕۆژی دواتر بە سێ جێب گواستیانەوە بۆ دۆڵی گولان بۆ لای بارەگای حزبی دیموکرات تەنیشت دێی (بێردبی) لەبناری چیای مامۆک.

پێشئەوەی بەڕێکەون بۆ بێردبی ڕەحمان سەیدە ڕەسوڵ و حەسەن داودی نارد بەدوای ساڵح هەولێریدا، ساڵح و هاوڕێکانی هاتن بەرەو سەرچاوە لە ناو سەرچاوە دەرچوون لۆفەیەک هەبوو پێچپانکردەوە بەرەو حاجیاوا سەیتەرەیەک دانرابوو هەموویان سەربازبوون دەرفەتی گەڕانەوەیان نەبوو بڕیاریاندا بەناو سەیتەرەکەدا بڕۆن هەرچی ڕوویدا شەڕی مان و نەمان بکەن، محەمەد ڕەسوڵ وەرەقەیەکی بێ وێنەی فەوجی خەفیفەی پێبوو دای بە ساڵح هەولێری بێئەوەی بشڵەژێن گەیشتنە سەیتەرەکەو سەلامیان کرد، سەربازێک ووتی بۆ کوێ دەچن ساڵح ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی ووتی دەچین بۆ ڕانیە سەربازەکە ووتی سندوقەکەم بۆ بکەرەوە، ساڵح دابەزی سندوقەکەی کردەوە هیچی تیانەبوو، ڕزگاریانبوو بەرەو حاجیاوا ڕۆیشتن دواتر بەرەو سەرکەپکان دوو سەیتەرەی جاش هەبوو لەوێ ڕانەوەستان چوونە بارەگای حزبی دیموکرات لە پشت بێردبی لەپەنا بارەگای حزبی دیموکرات مانەوە ڕێباز و مەلا سلێمان و ڕەحمان سەیدە و بورهانی سەعید سۆفی و جەلال ئیلنجاغی

سەردانی (جەلیل گادانی) یانکرد تا درەنگانی شەو لەوێ مانەوە.

پێش ئەوەی بەڕێکەون ڕەحمان سەیدە ساڵح هەولێری نـاردە ماڵی حاجی ئەحمەدی بێردبی حەیوانێک بکڕێت بۆ ڕۆژی دوایی لەسەر کانییەک حەیوانەکەیان سەبڕی و ڕەحمان سەیدە سوریکردەوە و خستییە سەر ئاگر، محەیدین و جەعفەرە بچکۆلی حزبی دیموکراتیش لەوێ بوون لە گۆشتەکەیان خوارد.

کامێرایەکی ڤیدیۆی بارەگای حەسەن کوێستانی تەسلیمی ساڵح هەولێری کرابوو بیگەیەنێتە قاسمەڕەش ئەو نانخواردنەیان بەکامێراکە تۆمارکرد. دەمەو ئێوارە خۆیان ئامادەکرد هێشتا تاریک نەببوو بەرەو دۆڵە ڕەق بەڕێکەوتن دواتر بە نێوانی چیای کێوە ڕەش و ئەحمەدە بەرەو ئینزێ شۆڕبوونەوە ڕەحمان سەیدە لەپێشەوە دەڕۆیشت لەجادەپەڕینەوە چوونە بارەگای حزبی دیموکرات (قاسملۆ) زۆر ڕێزیانگرتن نان و چایان بۆ ئامادەکردن بەیانییەکەی چوونە بناری چیای کونە کۆتر برادەرانی دیموکرات ووتیان ئەگەر هەر جمووجۆڵێک هەبوو ئێمە تەقە دەکەین ئەوە نیشانەی ئەوەیە دوژمن هات، کاتژمێر یانزەبوو دەنگی تەقە هات پێشمەرگەکان دامەزران، دوایی پێشمەرگەیەکی دیموکرات بانگیکردن ووتی فیشەکمان لەدەست دەرچووە هیچ نییە.

ئێوارە زوو نانیانخوارد و سەر کونە کۆتر کەوتن چوونە (زەنگەڵێن) دوای پشوویەک بە نێوان ئاوی سپی و گۆمی کرمە سووران گەیشتنە شێخ شەرۆ لە قەندیل بۆلای قادر خەبات. بەیانییەکەی خەڵکی شارەزایان لەگەڵ پارتیزانەکانی هەولێر نارد تابیانگەیەنێتە قاسمە ڕەش بۆ نیوەڕۆکەی گەیشتنە مەکتەبی سیاسی.

شەوی دواتر ڕەحمان سەیدە و ساڵح هەولێری و کـاروان بـەرەو پیرانشار گەڕانەوە، تاقموو تەفەنگەکانیان بە وڵاخێکدا ناردەوە زەڵێ بۆ بارەگای مەکتەبی عەسکەری لای کاک عەبدولڕەزاق.

# مـــــەفرەزەی هـــــاشم شـــــەمامکی شـــــــەش

دوای گەڕانەوەی پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر لە مانگی ٩ی ساڵی (١٩٨٩) دا دەشتی هەولێر چۆڵ بوو، پێشمەرگەی لێنەمابوو، سەرکردایەتی (ی ن ک) بڕیاریدا ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە مەفرەزەیەکی بە فەرماندەیی هاشم شەمامکی نارده خوارەوە.

عەلی وەیس و هەڵۆو عوسمان چاوساغیان بوون تا سکتان لە گەڵیان هاتن لەوێ گەڕانەوە، پێشمەرگەکان لەوێ بە دواوە شارەزا بوون، هاتنە دۆڵی هیران و نازەنین و سماقولی و کیشکێ لەجادە پەڕینەوەو چوونە حاجی وسو لە بەستی شەرغە چەند ڕۆژێک لە باخچە و کانی سەگان مانەوە دواتر لە جادەی کەرکوک پەڕینەوە بۆ شەمامک ڕۆژیان بە سەرداهات لە پیرداود لە ناو دۆڵێکدا مانەوە تا دنیا تاریکداهات، بۆ ڕۆژی دوایی چوونە کۆدەرە خەزنە – دەلوگول.

دڵشاد لە ڕێکخستنەکانی شار بوو هاتە لای هاشم شەمامکی ئێوارەکەی لە ماڵی عەبدوڵڵا عەرەب مانەوە، ئێوارەی دوایی لە جادەی موصڵ پەڕینەوە بەرەو سێبیران و گەزنە ڕۆیشتن، چاویان بە مام قادر کەوت کە دڵسۆزو هاوکاری پێشمەرگە بوو، ڕۆژی دواتر چوونە عەنکاوە عەبدوڵڵای برای زیاد گەزنەیی چاوساغیان بوو لە ناو شاری هەولێر ئەرکیان پێسپێردرا بوو.

نان و خواردنیان پەیدا کردوو زانیاریان لە سەر ڕەبییەو مۆڵگەکانی دوژمن کۆدەکردەوە، زیاد گەزنەیش لە سنووری بەڕانەتی ئەرکی پێ سپێردرا بوو.

یەکێک لە پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە چووبووە ناو شاری هەولێر لە بازگەی هەولێر کەرکوک دەستگیرکرا بوو، شوێنی مانەوەی پێشمەرگەکان ئاشکرا بوو.

کاتژمێر ٩ی بەیانی ڕۆژی ١٩٩٠/٩/١٩ گەلە جاشی خۆفرۆش و چڵکاو خۆر چوونە سەر مەفرەزەکەی هاشم شەمامکی لە خەزنە و تەرجان دوای شەڕێکی قارەمانانە هاشم شەمامکی و ئیسماعیل مۆرتکەیی شەهید بوون کاوە عاقوبانیش بریندار بوو.

عومەر گردە سووری و زیاد گەزنەیی لە ناو شار بوون هەواڵی شەهید بوونی هاشم شەمامکییان بیستبوو کەسێکیان ناردە طواری هەولێر تا بزانن کێ شەهید بووە، هەواڵ گەیشتەوە هاشم شەمامکی شەهید بووە، لە سەر تەختەی مەیتخانە تەرمی پیرۆزی هاشمیان بینیبوو.

دوای دڵنیا بوون لە شەهید بوونی هاشم شەمامکی و ئیسماعیل مۆرتکەیی، عومەر گردە سووری و زیاد گەزنەیی لە هەولێر دەرچوون، چوونە ناوچەی ڕانیەو پشدەر نزیک بە دوو مانگ لەو سنوورە مانەوە، شەوێک لە بۆسکین کەوتنە بۆسەی جاشەوە تەقەیان لێکردن و عومەر گردە سووری فیشەکێک بەر قاچیکەوت.

عومەرو زیاد لە ڕانیەو دەوروبـەری لە گەڕاندابوون دەیانویست دەرفەتێک بدۆزنەوەو بگەڕێنەوە سەرکردایەتی، چوونە گەنم کەندال بۆ ماڵی حاجی ئەحمەد نزیکەی پانزە ڕۆژ لە ماڵی حاجی ئەحمەد مانەوە خزمەتی زۆریانکردن، حاجی ئەحمەد وڵاخی بۆ گرتن بە پێنج هەزار دینار بیانگەیەنێتە سەر سنووری ئێران، بەڵام عومەرو زیاد قبوڵیان نەکرد ووتیان خۆمان دەڕۆین، لە ماڵی حاجی ئەحمەد نانیان وەرگرت و ماڵاواییان کردوو چوونە بۆسکێن بۆ ماڵی کاک حسێن، لەوێ کەسێکیان بۆ دەستنیشانکردن لە گەڵیان بڕوات بەڵام تا پشتی کێوە ڕەشی بردن و گەڕایەوە پێیوتن خۆتان بڕۆن لە ڕێگا قاچاخچیتان تووش ئەبێت لە گەڵ ئەواندا بڕۆن.

عومەرو زیاد شۆڕ بوونەوە لە کێوە ڕەش نیو کاتژمێرێک ڕۆیشتن، دەنگی ناڵی وڵاخ دەگەیشتە گوێ عومەرو زیاد لێیان نزیک بوونەوە قاچاخچییەکان چەکدار بوون تفەنگیان لە عومەرو زیاد ڕاکێشا و ووتیان ئێوە کێن، زیاد و عومەر ووتیان پێشمەرگەین، یەکێک لە قاچاخچیەکان تفەنگی لە سەر سنگی عومەر دانابوو، قاچاخچیەکە دەنگی عومەری ناسی وتی تۆ عومەریت، عومەر پرسی چۆن من دەناسیت قاچاخچیەکە وتی تۆ خوارزای مەولانی عومەر وتی بەڵێ قاچاخچیەکە وتی کاکە تۆ پرسەکەشت تەواو بووە.

شەوێکی ئەنگوستە چاوو تاریک بوو، عومەر و زیاد لە گەڵ قاچاخچییەکان بەرێکەوتن، بەڵام ماندوو بوون نەیانتوانی لە گەڵیان بڕۆن لە قاچاخچییەکان دابڕان زیادیش مەسافەیەکی زۆر لە دوای عومەرەوە دەڕۆیشت، قاچاخچییەکان لە مامەندە تێپەڕین لە بناری چیای مامەندە گۆڕستانێکی لێبوو تا ئێوارەی دوایی لەوێ مایەوە، زیادیش کە ڕۆژهەڵاتبوو لە پەنا فەوجێکی سەربازییەوە چەند میلێک لەولا عومەرەوە خۆی پەنا دابوو تا دنیا تاریک دابێت ئێوارەکەی عومەرو زیاد لە گۆڕستانەکە یەکیانگرتەوە هەر دووکیان برسیان بوو عومەر پەلکە مێوی خواردبوو زیادیش گیایەکی شیرینی دۆزیبوەوە خواردبووی.

عومەرو زیاد سەرکەوتبوونە سەر مامەندە ڕێگەیان ونکردبوو لە ناو کێڵگەی میندا گیرسابوونەوە بە وریایی و دزەپێ گەڕانەوە دواوە، ڕێگەکەیان دۆزیەوەو سەرکەوتن کاتژمێر (٤)ی بەیانی چوونە بارەگای گومرگ لە سونێ نیوەڕۆکەی گەیشتنەوە زەڵێ و نۆکان.

# مـــەفرەزە پـــارتیزانەکانـــی بـــادینـــان
(حـــــەوت)

## مـــــــەفرەزە پـــــــارتیزانەکان
## ڕەتـــــڵی بـــــادینان
## یـــــــەك

دوای ئاشتبوونەوەی گشتی و ئاشتەوایی نێوان (ی ن ک) ە (پارتی دیموکراتی کوردستان) بە تایبەتی، مەڵبەندی ڕێکخستنی بادینان پێکهێنراو لە «زێوە» ی ناوچەی نێروە بارەگای دانا.

زێوە ناوچەیەکی سەختە، لە سەر (زێ)یە، سەر بە قەزای ئامێدی یە، هەڵکەوتەی جوگرافی زێوە بە شێوەیەکە هەر دوو لای شاخە، سەروو خوارووی گەلییەکی تەنگە، زێوە لە بەرواری باڵا نزیک بوو،

جگە لە بارەگای (ی ن ک) و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەکە، حزبی شیوعی و حزبی زەحمەتکێشان و حزبی سۆشیالیست لەوێ بوون.

مەڵبەندی بادینان پێکهاتبوو لە چوار کۆمیتە، کۆمیتەی ئامێدی، کۆمیتەی شێخان، کۆمیتەی دهۆک، کۆمیتەی زاخۆ، ئازاد هەورامی ئەندامی سەرکردایەتی (ی ن ک) کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی بادینان.

## مـــــەڵبەندی بـــادینان دوو چالاکـــی

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کۆمیتەی ئامێدی و دهۆکی مەڵبەندی بادینان لە شەوی ١٣-١٩٨٧/٩/١٤ هێرشیانکردە سەر مقەڕەفەوجێکی جاش و (٩) ڕەبییەی دەورووبـەری لەماوەی کاتژمێرونیوێکدا دەستیانگرت بەسەر مقەڕ فەوج و (٩) ڕەبییەکەدا.

زیانی دوژمن کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن و بەدیلگرتنی (١٤٣) چەکدار.

دەستکەوت (٨) ئاربی جی، (١٠٥) کلاشنکۆف، (٥)) دکتاریۆف، (١) ئاربی کەی، (٣) دەمانچە، (١) جیهازی (١٠٥)، (٥٠) بەتانی، (٣) ئۆتۆمبێلی هەمەجۆرە، (١٠) هەزار فیشەکی کلاشنکۆف، دەیان گوللە ئاربی جی.

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کۆمیتەی زاخـۆی (ی.ن.ک) و لیژنەی ناوچەی زاخۆی پارتی ئێوارەی ١٩٨٧/٩/٢١ هێرشیانکردە سەرمقەڕ فەوجێک و

(١٤) ڕەبییەی دەورووبەری و دەستیان بەسەرداگرتن.

زیانی دوژمن دەیان کوژراو و بریندار و بەدیلگرتنی (٩) چەکدار، سووتاندنی (٥) ئۆتۆمبێل.

دەستکەوت (٢) ئاربی جی و (٩٥) گوللە، (١٢) کلاشنکۆف و (٣) هەزار فیشەک (٣) دکتاریۆف و (٩) مەخزەن و (١٠٠) فیشەکی بی کەی سی، (١) جیهاز، (١) بڕنەو، (١) بەدالە،(٥) تەلەفون، (٢) دەمانچە، (٢٠) گوللەی فاس، (٦) ڕادیۆ.

قوربانی پێشمەرگەش دوو شەهیدبوو.

دوای ماوەیەک مانەوە لە بادینان، مەڵبەندی بادینان پلانی دەستبەسەرداگرتنی زنجیرە ڕەبیەیەکی دوژمنی دارشت، بە هاوکاری لە گەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کە زنجیرە ڕەبییەی ڕێگای کانی ماسی – زاخۆ بوو.

## داســــــتانی کــــانی مـــاسی

دوای پلانێکی وردوو ژیرانە بۆ دەست بە سەرداگرتنی زنجیرە ڕەبییەکانی سەر دڵی کانی ماسی، بە ماوەیەک پێش شالاوی ئەنفالی بادینان، پێشمەرگەو فەرماندەکانی مەڵبەندی بادینان، هەڵمەتیان بردە سەر زنجیرە ڕەبییەکانی کانی ماسی و لە ماوەیەکی کورتدا دەستیان بە سەر تێکڕای ڕەبیەو مۆڵگەکانی کانی ماسیدا گرت.

پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە قۆڵێکی ترەوە هێرشیکردە سەر زنجیرە ڕەبییەکانی کانی ماسی- زاخۆ، بەلام شەڕی گەورەو فشاری زۆر لە سەر ئەو قۆڵە بوو کە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی بادینانی لێبوو.

**لە شەڕی کانی ماسی و لە قۆڵی (یەکێتی) یەوە دوو مستەشار بە دیل گیران بە ناوەکانی :**

١- سادق سندی

٢- بایز ئاغا بەرئاشی بەرواری ژووری

هەر دوو مستەشارەکە هێنرانە بارەگای مەڵبەندی بادینان، لقی پارتی لە بادینان زۆر هەوڵیاندا ئەو دوو مستەشارە تەسلیم بە ئەوان بکەن بەلام مەڵبەندی بادینان

ڕازینەبوون تەسلیمی بکەن، پارتی لە ڕێگەی لێپرسراوی لقەوە فشاری زۆریانکرد تا مستەشارەکان وەرگرن بەڵام مەڵبەند بە تایبەت ئازاد هەورامی ڕازینەبوو، هەتا لقی پارتی لە بادینان بە هەڤاڵانی مەڵبەندی بادینانیان وتبوو کاک مەسعود برووسکەی کردووە ئەو دوو مستەشارە بنێرین بۆ ڕاژان، برادەرانی مەڵبەندیش ووتبوویان مامجەلالیش برووسکەی کردووە لای ئێمەبن.

پاش ماوەیەک هەر دوو مستەشارەکەیان بردە «گەلی سەرگەلێ» و ئازادیانکردن و ناردیاننەوە ناو ماڵ و مناڵیان، دوای گەڕانەوە یان بۆ ناو شار سادق سندی و بایز ئاغا هاوکاری و یارمەتی زۆری پێشمەرگەکانی (یەکێتی) یان کرد لە سنوورەکەدا، فیشەک و تەقەمەنی و خواردنیان بۆ دەناردن، ئەو دەمەی پارتیزانەکانیش دابەزینە ناوچەکانی بادینان سادق سندی هاوکاری زۆریکردن و پەیوەندیکرد بە مەفرەزە پارتیزانەکانەوەو سازوو ئامادە بوو بۆ ڕاپەڕین.

## گـــــرتنی مقەڕ فەوجـــێك

کاتژمێر ١،٣٠ دەقیقەی شەوی ٢٨-١٩٨٨/٣/٢٩ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی دەڤەری بادینان (ی.ن.ک) هێرشیانکردە سەر مقەڕفەوجی (١٣)ی خەفیفە کە دەکەوێتە نێوان کانی ماسی و زاخۆ، لەئەنجامدا دەستیان بەسەرداگرت.

زیانی دوژمن کوژرانی (٥٠) چەکدار.

دەستکەوت (١) بی کەی سی، (١) ئاربی جی (١) ئاربی کەی، هەزاران فیشەکی بی کەی سی، (١٠٠) مەخزەنی کلاشنۆکۆف

زیانی ماڵی دوژمن تەقاندنەوەی یەک مەشجەبی گەورەی تەقەمەنی، سووتاندنی دوو ئۆتۆمبێل.

قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی (٣) پێشمەرگەبوو.

## گـــــرتنی ڕەبییەی ئاڤگەنـــــی

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (٢)ی زاخۆی کۆمیتەی بادینان کاتژمێر ١٢،٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١٠ بەهەندێک ئیشوکار چوونە سەر جادەی گشتی باگوفە – زاخۆ و ڕووبەڕووی چەکدارەکانی ڕەبییەی ئاڤگەنی بوونەوە، لەئەنجامدا پێشمەرگەکان هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەکەو دەستیان بەسەرداگرت، چەکدارەکان هەڵاتن تەنها جاشێک بەدیل گیرا.

دەستکەوت (١) کلاشنکۆفو (٤) مەخزەن، ڕەبییەکەش ڕووخێندرا.

## ئـــــەنفالی بـــــادینان

دوای تەواو بوونی شاڵاوەکانی ئەنفالی (١) تا (٧) ڕژێمی دڕندەی عێراق لە ژێر سەردێڕی ئەنفالی (٨)دا شاڵاوێکی دڕندانەی بۆ سەر ناوچەکانی بادینان دەستپێکرد.

پێشمەرگەکانی (ی ن ک) بڕیاری مانەوەو مقاوەمەتیاندا لە ناوچەکاندا، بەڵام لە دەڤەرەکە حزبە سیاسیەکان پاشەکشەیان کرد بۆ سەر سنووری تورکیا ناچار هێزەکانی یەکێتیش کشانەوە تەنها مەفرەزەیەک لە ناو بادینان مانەوە.

بە هەزاران سەربازو جاش، بە پشتیوانی سەدان تانک و دەبابە و زرێپۆش و کۆپتەر و فڕۆکە هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ سەر ناوچەکە دەستپێکرد بە بۆمبی کیمیایی و بۆمباو ناپاڵم پەلاماری دێیەکانی دەڤەری بادینانیدا.

خەڵکی ناوچەکەو پاشماوەی هێزەکانی پێشمەرگەو خێزانەکانیان ڕوویانکردە سەر سنوورەکانی تورکیاو لەوێ لە ئۆردوگا بێ گیان و بێ خزمەتگوزاریەکاندا کۆیان کردنەوە، لە ئۆردوگاکانی سەر سنووردا ژیان زەحمەت بوو، جەندرمەکانی تورکیا خەڵکیان ئازاردەدا، ناچاریان دەکردن تەسلیم بە حکومەتی عێراق ببنەوە، ئەوانەی تەسلیم بە حکومەتی عێراق بوونەوە بێ سەرو شوێن کران، ڕژێمی عێراق زۆر بێ بەزەییانە هەندێکیانی بە بلۆک کوشت.

لە ناوچەی هەکاری – جولەمێرگ- لە گەڤەڕی دوو ئۆردوگا دروستکرابوو، جەندرمەکانی تورکیا و بەرپرسانی ئۆردوگاکە خەڵکیان دەگرت، لە خەڵکیان دەدا فشاری زۆریان دەکرد تا تەسلیم بە عێراق ببنەوە، ١٦ پاسی گەورەیان هێنایە

ئۆردوگاکە تا ئەوانەی ناوی خۆیان بۆ ڕۆیشتنەوە بۆ عێراق دەنووسن بیانگوازنەوە، بەڵام بەشێکی زۆر لە خەڵک مانەوەو ئامادە نەبوون تەسلیم بە ڕژێمی عێراق ببنەوە.

پاش ماوەیەک لێپرسراوانی ئۆردوگاکە دەرگایان کردەوە تا هەر کەسێک دەیەوێت بچێتە ئێران ڕێگەی پێبدەن و بیانگوازنەوە، بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئۆردوگاکە بە تایبەت ئەو خێزانانەی کە پێشمەرگەی یەکێتی بوون ناویان نووسی و لە ڕێگەی شەمزینانەوە گواسترانەوە بۆ ناو خاکی ئێران، لەوێشەوە بۆ ئۆردوگای (زێوە) لە نێوان هەر دوو شاری شنۆو ورمێ نیشتەجێکران.

دوای نیشتەجێبوون لە ئۆردوگای (زێوە) پێشمەرگەکانی مەڵبەندی بادینان خۆیان ڕێکخستەوەو لە ڕێگای پەیوەندیەکانی یەکێتی چوونە قاسمە ڕەش لە گەڵ گەیشتنیان بە قاسمەڕەش، پێداویستی و ئازووقەیان پێدان، کۆمیتەی بادینان لە زێوە دانراو مووچەیان بۆ پێشمەرگەکانی بادینان دابینکرد.

لە قاسمە ڕەش چوونە لای کاک نەوشیروان داوایـان لێکرد هێزەکانیان ڕێکبخەنەوە، لیستی ناوی پێشمەرگەکانیان دایە کاک نەوشیروان، داوایانکرد (١٥٠) پێشمەرگە لە هێزەکانی بادیناندا ڕێکبخەن کاک نەوشیروان پێیوتن ئەوە گرانە بەڵام بۆ بادینان جێبەجێی دەکەین.

پاش ماوەیەک کۆمیتەی بادینان چوونە ناوچەی زەڵێ و لەوێ بارەگایان دانا، کاک نەوشیروان بە ئامادەبوونی کاک کۆسرەت، حەسەن کوێستانی، خەلیل دۆسکی و مام ڕۆستەم کۆبوونەوەیەکی بە هێزەکەی بادینان کردوو داوایلێکردن خۆیان ئامادە بکەن بۆ چوونە خوارەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان.

هێزی پێشمەرگە بە گشتی کرایە «٣» بەش (پارتیزان) (بەتالیۆنەکان- یەدەک) هەڤاڵانی بادینان خۆیان بۆ پارتیزانی و چوونە خوارەوە ناونووسکرد، هەموو پێداویستیەکانی چوونە خوارەوەیان لە لایەن سەرکردایەتیەوە بۆ دابینکرا.

دەورەیەکی پارتیزانی، خولێکی (٤٠) ڕۆژەیان بۆ ئەو پێشمەرگانە کردەوە کە خۆیان ناونووس کردبوو بۆ پارتیزانی، خولەکە لە (زەڵێ) بوو، وانەی هەڵگرتن و دانانی مین و چۆنیەتی خۆپاراستن و مانەوە لە ناوچە چۆڵەکان و چۆنیەتی

خۆژیاندن لە وانەکانی خولەکە بوون، تۆفیق تمر، صبری مسیحە، فرزەند صدیق، دکتۆر ئیحسان چوار پێشمەرگەی بادینان بوون کە بەشداری خولەکەیانکرد.

جگە لەو پێشمەرگەو فەرماندانەی چووبوونە ئێران و خولی پارتیزانیان بینیبوو تا بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی بادینان لە شالاوەکانی ئەنفالی (بادینان) دا مەفرەزەیەکی شەش کەسی لە سنووری پارێزگای دهۆک مابوونەوە.

ڕێکخستنەکانی ناو شاری دهۆک لە هەوڵی پاراستن و گواستنەوەی ئەو پێشمەرگانە دا بوون کە لە ناوچەکەدا مابوونەوەو ژمارەیان (٦) پێشمەرگە بوو بەم ناوانە:

١- قادر باجلوری
٢- یوسف بێسەری
٣- بەدەل محەمەد سالح
٤- سەلام ليناڤەیی
٥- دکتۆر سەعید
٦- سەعید مستەفا

پاش مانەوەیان لە بادینان، پێشمەرگەکان تووشی نەخۆشی گرانەتا بوون، (بەدەل محەمەد) پێشمەرگەی مەفرەزەکە دۆخی بەرەو خراپ بوون دەچوو، بۆیە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە هێنرایە ناو شاری دهۆک بۆ چارەسەرکردنی، پارتیزانەکان لە دەورووبەری دهۆک و ئامێدی مابوونەوە، هەندێک جار دەهاتنە ناو شار، هەندێک جاریش لە ڕەبییەکانی (عەلی شەعبان) دەمانەوە، کە مستەشار بوو، بەڵام هاوکاری پێشمەرگەکانی (ی ن ک) بوو.

ڕێکخستنەکانی بادینان دوای ئەنفال پەیوەندیەکانیان پچڕا بوو، سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی ناوخۆو گرێدانەوەیان بوون بە سەرکردایەتیەوە چەند جارێک لە ڕێگەی عەلی خەیات و ئەحمەد کەرکوکی لە سنووری بیتوێن هەوڵی درووستکردنەوەی پەیوەندیەکانیان دابوو، بەڵام بە نیوە ناچڵی مایەوە تا لە ڕێگەی (عەبدوڵلا سەید قادر) نامەیەکی سەرکردایەتییان پێگەیشت تیایدا نووسرابوو

چەند برادەرێک هاتوونە قەڵادزێ بۆ ڕێکخستنەوەو گرێدانەوەی ڕێکخستنەکان بە سەرکردایەتییەوە بۆ سۆراغی ئەو نامەیە (عارف ڕوژدی) لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ سەردانی قەڵادزێی کردوو لە ماڵی ئەحمەد بچکۆل چاوی کەوت بە مستەفای سەید قادر و کاکەمین، لەو دیدارەدا سەبارەت بە گەڕاندنەوەی پارتیزانەکانی بادینان بۆ سەرکردایەتی و درووستکردنی سوپای ڕزگاری کوردستان قسەو باسکرا.

دوای گەڕانەوەی عارف ڕوژدی لەو دیدارە بەرنامەیان دانا بۆ گەڕانەوەی پارتیزانەکان لە ڕێگەی قەڵادزێ، پێشتر لە هەوڵدا بوون لە ڕێگەی سەرکەپکان ڕەوانەیان بکەنەوە بەڵام ڕێگەیان گۆڕی بڕیاریاندابە دوو بەش بیانگوازنەوە قەڵادزێ و لەوێوە ڕەوانەی سەرکردایەتیان بکەنەوە.

ڕێکخستنەکانی دهۆک ناسنامەو دەفتەر خزمەتی سەربازیان بۆ پێشمەرگە پارتیزانەکان درووستکرد.

**بەشی یەکەمی پارتیزانەکان پێکهاتبوون لە :**

١- قادر باجلوری

٢- یوسف بێسەری

٣- بەدەل محەمەد ساڵح

گواسترانەوە قەڵادزێ بەڵام لە ژاراوا دەستگیر کران.

بەشی دووەمی پارتیزانەکان پێکهاتبوون لە:

١- سەعید مستەفا

٢- سەلام ليناڤەيی

٣- دکتۆر سەعید

نێردرانە قەڵادزێ و لەوێوە گەڕانەوە سەرکردایەتی.

لەگەڵ نزیک بوونەوەی ڕاپەڕین، پێشمەرگەکانی بادینان لە دوو کاتی جیاداو بە دوو قۆناغ بە پارتیزانی گەڕانەوە بادینان و تا ڕاپەڕین لە دەڤەرەکە مانەوە.

## ســـــوپای ڕزگاری کوردســــــتان لە بـــــادینان

لە سەر بڕیارو ڕاسپاردەی سەرکردایەتی (ی ن ک) وەکو زۆربـەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک) لە دەڤەری بادینان لە دوو مەفرەزە پێکهات.

### مەفرەزەی دهۆك

**مەفرەزەی یەکەم پێکهاتبوو لە:**

١- شوکری ئیسماعیل شەهباز

٢- جومعە ئەحمەد

٣- مامەند کەمال

**مەفرەزەی دووەم پێکهاتبوو لە:**

١- پەیمان جەسیم

٢- باسل صدیق

**مەفرەزەی زاخۆ**

١- نزار ڕەمەزان

٢- وەلید خالید

# ڕەتـــــڵی یـــەك
# مــــەفرەزەی یـــەكی پــــارتیزان
# دوو

دوای تەواو بوونی خولی پارتیزانی یەکەم مەفرەزەی پارتیزان بە فەرماندەیی مەحمود کانی سارکی دابەزینە ناوچەی بادینان.

مەفرەزەکەی بادینان- ڕەتڵی یەک، لە ڕێگەی حامیدی حاجی غالی و بێستون سابوراوایی بەڕێکران بۆ دەڤەری بادینان.

ڕۆژی ١٩٩٠/٨/١٦ لە ڕاژانەوە بەڕێکەوتن بۆ سنووری تورکیا، لە کوێستانەکانی (سەرگەڕان) مانەوە، سنوورەکانی تورکیا لە لایەن هێزەکانی کۆماندۆی تورکیا گیرابوو، تا ١٩٩٠/٨/٢٧ لەو سنوورە مانەوەو لە ناوچەکەدا جەولەیان دەکرد.

ڕەتڵی پارتیزانی بادینان بە هاوکاری هەڤاڵانی PKK هاتنە سنووری (شەمزینان) گەیشتنە دێی (بیمبوو) بەرەو دێی (باوە) بۆ شاخی ساتێ بەڕێکەوتن.

ڕۆژی ١٩٩٠/٨/٣٠ گەیشتنە دێی (چەمی توو- چەمتی) لە باشوری کوردستان لەوێ دوو ڕۆژ مانەوە بۆ پشوودان.

شەوی ١٩٩٠/٩/٣\٢ لە دێیەکانی شوکەو برێی جەولەیان دەکرد، دواتر هاتنە (مرکانش) لە باشوری کوردستان، کە سەر بە عەشیرەتی دۆسکی ژورروو بوون دوو ڕۆژ لەوێ مانەوە.

ڕۆژی ١٩٩٠/٩/٦ چوونە دێی (بێتروت) لەوێشەوە بۆ دێی (شیف ڕەزا) لە باکوری کوردستان، ڕۆژی ١٩٩٠/٩/٧ گەیشتە دێی (جارمەندا) لە باشوری کوردستان لەوێشەوە گەیشتنە (شوکە) پێشمەرگەکانی پارتی و پارتی گەل لە (شوکە) بوون بە یەکەوە هاتنە دەڤەری بادینان.

ڕۆژی ١٩٩٠/٩/٢١ لە دێی (جارمەندا) ڕەتڵی پارتیزانی بادینان کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامداو بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان هاتنە قوڵایی دەڤەری بادینان، بەشێکیشیان لە سنوورمانەوە، مەحمود کانی سارکی، عەبدولواحید تاهیر، مصلح باقی، ئەحمەد محەمەد عەلی، ئیسماعیل ئیسلام، مەجید حەسەن ئەو شەش پێشمەرگەیەی ڕەتڵی بادینان بوون کە هاتنە قوڵایی بادینان، بەشەکەیتری ڕەتڵەکەش لە سنوور مانەوە.

مەفرەزەکە هاتنە دەڤەری نێروەکان بۆ شاخی (خەرە گوڵ) لە دێی (سەرنی) و (باشێ) مانەوە.

ڕۆژی ١٩٩٠/٣/٢٣ گەیشتنە زێوە شکان لە دەڤـەری نێروە تەنیشت چیای (مەتینان) کە شاخێکی بەرزو گونجاو بوو بۆ خۆ پەنادان و مانەوە لە ناوچەکەدا بەردەوام لە جەولە کردندا بوون چوونە دێی (سێری) لە دەڤەری نهێلی، بەشێک لە مەفرەزەکە لە دێی (سێری) مانەوە بەشێکیشیان چوونە بەری گارە.

خواردن و پێداویستی لە ناوچەکەدا کەمبوو، خەڵکی ناوچەکە هەندێک برنج و ڕۆنیان لە ئەشکەوتەکانی دەڤەرەکەدا شاردبوەوە کەڵکیان لەو خۆراکانە وەردەگرت، تا پایزێکی درەنگ لە ناوچەکە مانەوە دواتر گەڕانەوە سەر سنووری تورکیا بۆ (گەلی شیکە).

**ڕەتڵی یەکەم لەم پێشمەرگانە پێکهاتبوو:**

١- مەحمود کانی سارکی فەرماندەی ڕەتڵ

٢- غەنی عەبدال شاباز دۆسکی ڕێبەری سیاسی

٣- عەبدولواحید تاهیر خەمۆ نێروەیی (فەرماندەی کەرت)

٤- ئەحمەد محەمەد عەلی نێروەیی

٥- موسلیم باقی نێروەیی

٦- مستەفا عیسا نێروەیی

٧- حسێن تاهیر میرستەکی

٨- مەجید حەسەن میرستەکی

٩- ئەیوب لاوو ڕەزۆکی

١٠- نەسرەدین ئیسلام نێروەیی

١١- ئیحسان عەزیز نێروەیی

١٢- ئیسماعیل ئیسلام سێری

١٣- ئەمین محەمەد سەلیم کانی سارکی

١٤- صبری حسن نێروەیی

١٥- محەمەد ئیسلام سێری

١٦- ئەحمەد سلیمان نێروەیی

١٧- نەسروڵڵا باقی نەهێلی

## مــــــــەفرەزەی دووەم
## ڕەتـــــڵی دوو
## ســــێ

مەفرەزەی دووەم- بە فەرماندەیی حەسەن سەلیم نێروەیی گەڕانەوە ناوچەکانی بادینان، مەفرەزەکە جیهازی ڕاکاڵ، پزیشکی یاریدەدەر، ژمارەی تایبەت بە ڕەتڵەکە وەکو ناوی نهێنی یان جفرە، هەر کات پێویست بوایە لە ڕێگەی ئیزگەوە دەخوێندرایەوە.

ڕەتڵی دووەمی پارتیزانەکانی بادینان چوونە هەمان شوێنی پارتیزانەکانی پێشوو لە گەلی شیکەو برێی سەر ئاوی شین، لە چەند شوێنێکیتریش شوێنی مانەوەو خۆحەشاردانیان هەبوو.

دوای مانەوەیان لە ناوچەکە و جێگیر بوونیان لە شوێنەکانی خۆیان، کەوتنە جمووجۆڵ و چالاکی و هەوڵدان بۆ بینینی خەڵکی دەڤەرەکە و ڕێکخستنیان و دروستکردنی پەیوەندی لە گەڵیان.

حەسەن سەلیم و تۆفیق تمر چلکی و چەند پێشمەرگەیەک چوونە دەڤەری نێروەو ڕێکان بۆ بینینی خەڵکی دەڤەرەکە، چوونە (کنگیانش) و ماوەی چوار ڕۆژ لەوێ مانەوە ئازوقەو پێداویستی زۆریان کڕی و لە دەڤەرەکە شاردیانەوە.

ڕەتڵی بادینان پارەیەکی زۆریان پێبوو، سەرکردایەتی (ی ن ک) پارەی پێدا بوون، لە ناوچەکەش ناونیشانی خەڵکیان دابوونێ هەر کات پێویستیان بە پارە هەبوو بچن لێیان وەرگرن.

دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە (کنگیانش) و کڕینی ئازوقەو پێداویستی، چوونە دێی سنیە لە دەڤەری ئامێدی.

بەشێک لە پێشمەرگەکان ماوەی (١٢) ڕۆژ لە ئەشکەوتی (نافقەشا) مانەوەو ئەوێشیان کردە پێگەیەکیتری خۆیان بۆ مانەوە، بەشێکیش لە پێشمەرگەکان گەڕانەوە بنکەکانی دواوە.

زستانێکی سەخت ڕووی لە ناوچەکە کرد بوو بەفرێکی زۆر باریبوو، دەڤەرەکە بە هێزەکانی داگیرکەر تەنرابوو، هەموو شاخ و لوتکەو ڕێگەیەک ڕەبیەو مۆڵگەی داگیرکەر بوو.

بە هۆی بەفرو سەختی زستانی ناوچەکە پەیوەندی جیهاز پچڕا بوو لە ڕێی ئیزگەوە زانیاریان لە سەر ڕوداوو گۆڕانکاریەکان وەردەگرت.

صبری و تۆفیق چەلکی و چەند پێشمەرگەیەک چوونە دەڤـەری ئامێدی و دێرەلوک، نامەی مامجەلالیان پێبوو بۆ سـەرۆک عەشیرەت و خەڵکی ناوچەکە نامەکان نووسرابوون بـەڵام لە کەوانەیەکدا جێگەی ناوەکان جێهێڵدرا بوو تا مەفرەزەکەی بادینان خۆیان ناوەکان بنووسن بۆ هەر کەسێکی دەنێرن.

لە نێوان ڕەشاواو هێستیتی کەسێکیان بینی داوایانلێکرد بچێت عەلی شەعبانی ئامێدی ئاگادار بکات تۆفیق چەلکی لەوێیە، سەبری وتی من دەچمە (دێرەلوک) سەبریان بردە سەر زێی گەورە دەرێ گەلی، سەبری چووە ناو دێرەلوک و دوو شەو لەوێ مایەوە، لەو دوو شەوەدا نامەکانی مامجەلالی گەیاندە ئەو کەسانەی کە بۆیان نوسرابوو.

هەندێک لە نامەکانیان دایە عەلی شەعبان، محەمەد کەلحێ ڕێکانی کازم عەمەر خان، عەلی کوخێ، هەموو مستەشارەکان وەڵامیان دایەوەو بەڵێنیاندا پشتیوانی هێزی پێشمەرگە بکەن بۆ ڕاپەڕین تەنها محەمەد کەلحێ ڕێکانی وەڵامی نامەکەی نەدایەوە.

عەلی شەعبان[١١٢] نووسیبووی هەر زۆر ناڕەحەت بوون ڕەبیەیەکتان دەدەمێ لە ناو ڕەبیەکە بمێننەوە تا بەهار، وەڵامی عەلی شەعبانیان دایەوەو بۆیان نووسی سوپاست دەکەین هەموو شتێکمان لایە.

دوای گەیاندنی نامەکانی مامجەلال بۆ عەبدوڵڵا ڕەشەڤەیی و موحسین هورە ماری و محەمەد ڕەشەڤەیی و چەندین کەسایەتی دیکەی دەڤەرەکە، کشانەوە بۆ ناوچەی زێوەی سەفوی لە دەڤەری دۆسکی ژووری.

[١١٢] عەلی شەعبان لە شەڕی کانی ماسی گیرابوو پارتی داوای دەکرد تەسلیمی بکەن بەڵام یەکێتی تەسلیمی نەکردو ئازادی کرد

حەسەن سەلیم گەڕایەوە سەر سنوور بۆ گۆڕینی ئەو پێشمەرگانەی لەوێ بوون، هەر ئەو ماوەیە بایی ١٢ هەزار دینار خواردن و ئازوقەیان کڕی و لە ئەشکەوتەکاندا شاردیانەوە.

ڕاپەڕین نزیک ببوەوە، نزیکی مانگی سێ کەوتنەوە، کاک نەوشیروان بە جیهازپێی ڕاگەیاندن نزیک شارو شارۆچکەکان ببنەوە، هێزەکانی بارەگاکانی سنووریش دابەزینە خوارەوە.

حەسەن سەلیم و تۆفیق چەلکی چوونە «گەلیە چەمگی» لەوێ برادەرێک ببینن، لەوێ محەمەد کۆچەریان بینی نامەی بۆ هێنابوون لە ئیزگەوە برووسکە بۆ مەفرەزەکانی بادینان کرا ئامادە بن.

ڕاپەڕین لە ڕانیە دەستیپێکرد هەنگاو هەنگاو پزیسکی گەیشتە بادینان، ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٢ ڕاپەڕین لە ئاکرێ دەستیپێکرد، پارتیزانەکان لە چەمگی ناوچەی ڕێکان – ئامێدی تووشی شەڕێکی قورس هاتن، سەدان سەربازو ئەفسەرو دەرەجەدار خۆیان دابەدەستەوەو ئامێدی ڕزگار کرا، ڕێکخستن و شانە چەکدارەکانی ناو شار ڕۆڵی دیارو گرنگیان بینی، عەلی شەعبان کە پەیوەندی لە گەڵ پارتیزانەکان بەستبوو نامەی مامجەلالی بۆ چووبوو، ڕۆڵی بینی لە ئازادکردنی ئامێدی، لە ژێر فەرمان و ڕێنمایی حەسەن سەلیم دا هێزی پێشمەرگە، پارتیزانەکانی (ی ن ک) یەکەم شوێن کە چوونە ناوی ئۆردوگای (سوریە) بوو خەڵکی ئۆردوگاکە پێشوازی گەرمیان لێکردن.

شانە چەکدارەکان، جەماوەری تورەو داخ لە دڵ ڕۆڵی دیاریان بینی لە ڕزگار کردنی، ئاکرێ، ئامێدی، زاخۆ، دهۆک و تێکڕای شارو شارۆچکەو ئۆردوگاکانی بادینان دا.

عارف ڕوژدی کادێری (ی ن ک) ڕۆڵی لە هاندان و ڕێکخستنی شانە چەکدارەکانی سەر بە ڕێکخستنەکانی (ی ن ک) هەبوو لێپرسراوی شانە چەکدارەکانی بادینان و ڕێکخراوی بادینان بوو.

جگە لە ڕێکخستنەکان، شانە چەکدارەکان، پارتیزانەکانی بادینان، هێزێکیتر هێزی پێشمەرگەی بادینان لە قاسمە ڕەشەوە دابەزین و لە ڕانیەوە گەیشتنە ئاکرێ و بەشداریان لە ڕزگارکردنی ئاکرێ و زاخۆ و دهۆک کرد، لە گەڵ هێزێکی تیپی ٤٣ی ئاسۆس بە فەرماندەیی عوسمان شارستێنی و زاهێر سیدەری.

**پارتیزانەکانی ڕەتڵی (٢)ی بادینان لەم پێشمەرگانە پێکهاتبوون:**

١- حسن سلیم حامید
٢- حجی احمد
٣- غنی عبدال شاباز
٤- وریا مجید
٥- توفیق تمر
٦- سبری مسیحە
٧- نازم حسن
٨- مجید ابراهیم
٩- لقمان رشید
١٠- عزیز علی
١١- شکری سلیم حامد
١٢- عبدالرزاق ابراهیم
١٣- احسان عبدالغنی
١٤- حجی حجی شیخ مر
١٥- محمد صدیق نعمت
١٦- کازم صدیق
١٧- تیب جنید
١٨- علی نافخوش
١٩- مراد عبدالله مراد
٢٠- عبدالله مسیحا احمد

٢١- محمد امين ابراهيم هيرو
٢٢- محەمەد تاهر
٢٣- عدنان تاهر بگ
٢٤- محەمەد صالح سلمان
٢٥- موسا عدو
٢٦- عيماد عدو
٢٧- محەمەد رشيد
٢٨- فرزنده صديق
٢٩- محسن عبدالرحمن
٣٠- زكرى محمد
٣١- حسن صالح
٣٢- احمد محمد امين
٣٣- محمد محمد احمد
٣٤- خليل عسكر خليل
٣٥- محمد حسين
٣٦- يوسف داود
٣٧- صدقى رشدى سليم
٣٨- نصرالله صديق
٣٩- قادر محمد سليم
٤٠- وحيد ميكائيل

## هـــــاتنه خـــوارەوەی هـــێزی بـــادینان
## له قاســـــمەڕەش تـــا دهـــۆك
## پـــــێنج

جگە لە ڕەتڵی دووی پارتیزانەکانی بادینان بە فەرماندەیی حەسەن سەلیم نێروەیی کە لە دەڤەری بادینان بوون و بەشداریان لە ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی دەڤەری بادینان داکرد، ڕەتڵی یەکی پارتیزانی کە گەڕابوونەوە ئێران، لە گەڵ هێزی تایبەتی (بادینان) کە تێکڕا ژمارەیان ٧٥ پێشمەرگە بوو بە مەبەستی بەشداریکردن لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان گەیشتنەوە خاکی کوردستان.

دوای گەڕاندنەوەی ڕەتڵی (١) ی پارتیزانەکان بۆ ئێران لە دەورووبەری (ورمێ) جێگیرکرابوون، ڕۆژی ١٩٩١/٢/٢٤ لە دەنگی گەلی کوردستانەوە ئاگادار کران لە گەڵ هێزی تایبەتی بادیناندا لە قاسمە ڕەش ئامادەبن.

پێش ئاگادارکردنەوەیان لە ئیزگەوە فەرماندەکانی بادینان لە گەڵ سەرکردایەتی کۆبوونەوە بۆ خۆئامادە کردن بۆ ڕاپەڕین.

ڕۆژی ١٩٩١/٢/٢٤ (٧٥) پێشمەرگە لە قاسمە ڕەش ئـامـادەبوون، لەوێوە بەڕێکەوتن بۆ بارەگای بەتالیۆنی (٨).

بڕیار بوو برادەرانی پارتی بێن بۆ ئەوێ و لە گەڵ هێزی پارتیدا یەکبگرن، وەکو یەک هێزی بادینان بگەڕێنەوە کوردستان و بەشداری لە ڕزگارکردنی دەڤەری (بادینان)دا بکەن، بەڵام هێزەکانی پارتی زۆر دواکەوتن.

هێزەکەی بادینانی (ی ن ک) هاتنە ڕانیە، لەوێ چاوەڕێی هەڤاڵانی پارتیان کرد بەڵام دیسان نەهاتن.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٢ هێزەکەی بادینان لە گەڵ (نازم دەباغ و خەلیل دۆسکی) بەڕێکەوتن بۆ دۆڵی بالیسان، خەلیفان، سۆران، لەوێشەوە چوونە هەریر، ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٣ چوونە ئاکرێ و شەو لەوێ مانەوە، ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٤ لە ڕێگای شێخان چوونە شاری دهۆک ڕەتڵی (٢) ی پارتیزانەکانیش لەوێبوون.

جگە لە هێزەکەی بادینان و ڕەتڵی (٢)ی پارتیزانەکان کە لە دەڤەری بادینان مابوونەوەو بەشداری ڕاپەڕینیان کرد، تیپی (٤٣)ی ئاسۆس کە پێکهاتبوون لە

(٦٠) پێشمەرگە، بە فەرماندەیی عوسمان شارستێنی و زاهێر سیدەری بەشداری ڕزگارکردنی دەڤەری بادینان و شاری دهۆکیان کرد.

ئەو هێزەی بادینان کە لە قاسمە ڕەشەوە دابەزین بۆ بەشداری کردن لە ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی بادینان (٧٥) کەس بوون، ئەم پێشمەرگانە بوون:

١- خلیل نعمت دۆسکی
٢- لشکر عبدالله سندی
٣- حامد سلیم نێروەیی
٤- غازی سلیم نێروەیی
٥- علی رشید سندی
٦- امین کژو نێروەیی
٧- اسماعیل صالح نێروەیی
٨- حجی اسلام علی نێروەیی
٩- عبدالواحد تاهیر حمو
١٠- احمدمحمد علی نێروەیی
١١- محمودمحمد علی محمد نێروەیی
١٢- احسان عزیز نێروەیی
١٣- نصرالدین شێخ عمر دوسکی ژوری
١٤- کازم ابراهیم رێکانی
١٥- عبدالرحمن صالح نهێلی
١٦- محمود امین نهێلی
١٧- غازی محمود امین نهیلی
١٨- رشید امین نهیلی
١٩- سلیم رەمەزان امین
٢٠- عبدال صالح نهیلی
٢١- صبحی ابراهیم نێروەیی

٢٢- نوزاد شینو نهیلی
٢٣- حسیب حسن تمو نهیلی
٢٤- موسی سیدو نهیلی
٢٥- خلیل عسکر ئاکری
٢٦- رەمەزان سلیمان ریکانی
٢٧- سلیمان ابراهیم ریکانی
٢٨- یاسین غلبیشی دۆسکی
٢٩- سوری عصمت نهێلی
٣٠- یاسین صالح نهیلی
٣١- صالح خالد صالح رەزیکی
٣٢- عصمت عبدالله عسمان دۆسکی
٣٣- سعید عبدالله عسمان دۆسکی
٣٤- یاسین عبدالله عسمان دۆسکی
٣٥- بهزاد محمد پیرو باوانی
٣٦- فتح الله حسن باوانی
٣٧- قهار صدیق دوسکی
٣٨- صبحی خان امیر چلکی
٣٩- عدنان مستەفا محمد
٤٠- خورشید جولی دۆسکی
٤١- لزگین یونس یونس دۆسکی
٤٢- خورشید صدیق خمو دۆسکی
٤٣- عصمت صدیق خمو دۆسکی
٤٤- عزت مستەفا رشاڤەیی
٤٥- وهبی ابراهیم نێروەیی
٤٦- خلیل طیار چلبی نێروەیی

٤٧- غازی عبدالرزاق حاجی نێروەیی
٤٨- جمال عبدالرزاق نێروەیی
٤٩- زیرەک رەمەزان خلیل ئاکرێی
٥٠- جلیل عسکر ئاکرێی
٥١- رشید مجید خلیل ئاکرێی
٥٢- اشقی رەمەزان ئاکرێی
٥٣- عسکر خلیل عوسمان ئاکرێی
٥٤- مجید خلیل ئاکرێی
٥٥- نذیر محمد احمد رەشاڤەیی
٥٦- فائق محمد احمد رەشاڤەیی
٥٧- تحسین حسن محمد رەشاڤەیی
٥٨- عیسی محمد حسن رەشاڤەیی
٥٩- محمد طاهر دینو گوهەرزی
٦٠- توفیق احمد فتاح گوهەرزی
٦١- عیماد توفیق احمد گوهەرزی
٦٢- معاویە رؤوف نێروەیی
٦٣- تمر صالح هەسنبەکری
٦٤- مصلح باقی نێروەیی
٦٥- جرکیس سلیم نێروەیی
٦٦- محمد محمد بریمزلی
٦٧- عبدالله نەفروز ئامێدی
٦٨- شاکر سعید ئامێدی
٦٩- شکری یزالدین هەرکی
٧٠- وحید میکائیل ریکانی
٧١- ایوب صالح لاهو رەزیکی

٧٢-  مجيد حسن طه مێرستەکی
٧٣-  حسن مجيد طه مێرستەکی
٧٤-  صالح خالد خدر مێرستەکی
٧٥-  خيری چولی دۆسکی

پـــارتیزانەکانـــی کـــەرکوك

خـــاڵخاڵان

(هەشـــت)

# پـــــارتیزانەکانی کـــــەرکوك-خـــــاڵخاڵان 1991/3/20 کـــــەرکوك لە بـــۆتەی تـــــەعریب دا 2003-1976

(١)

دۆخی کەرکوک جیاواز لە دۆخی شارەکانیتری هەرێم بوو، ڕاستە تێکڕای شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە ژێر زوڵم و فشاری حزبی بەعسدا بوون، بەڵام کەرکوک بە بەرنامەو پیلانی وردی بەعسیەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەکەوتە ژێر فشاری داموودەزگاکانی بەعس و لە پرۆسەیەکی قۆناغ بەندوو نەخشە بۆکێشراودا، لە دانیشتوانە کوردەکەی چۆڵدەکراو عەرەبی ناوەڕاست و خواروی عێراق دەهێنرایە شوێنیان.

ساڵ بە ساڵ ئاماری دانیشتوانی کورد لە کەرکوک لە کەمی ئەدا جگە لە ڕاگواستن و ناچارکردنی دانیشتوانە کوردەکەی بە کۆچکردن، بەشێکی زۆر لە کوردی کەرکوکیان بە عەرەب ناوونوس دەکردوو لە قەڵەم دەدا.

لە پرۆسەیەکی دوروو درێژی تەعریب دا، سەدان هەزار دۆنم زەوی جوتیارە کوردەکان دەستی بە سەردا گیراو بە ناوی جووتیاری عەرەبەوە کران، بە هەمان شێوە جوتیارە دێ نشینە تورکمانەکانیش ڕووبەڕووی هەمان داگیرکاری بوونەوە، ئەوانیش بەشێکی زۆر لە زەویەکانیان دەستی بە سەردا گیراو درا بە جووتیاری عەرەب.

ڕژێمی ستەمکاری عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦ تا ٢٠٠٣ سەدان بڕیاری جیاجیای سەبارەت بە دەست بە سەرداگرتنی موڵک و ماڵی کوردوو تورکمان و دەرکردن و کۆچ پێکردنی زۆرە ملێی کورد دەرکردووە،

تەعریب لە ناو شاری کەرکوک و دەورووبەریدا، هەتا ناوی مەرقەدو مەزارگەو شەقام و کووچەو کۆڵانیشی گرتبووەوە، پرۆسەی پەروەردە بە عەرەبی کرابوو، هەتا ڕستە قورسەکانیش بە زمانی دایک شینەدەکرایەوە.

بەشێکی دیار لە قەزاو ناحیەکانی کەرکوکیان دابڕی و خستیانە سەر سلێمانی، هەندێک ناحیەو شوێنی عەرەب نشینیان گواستەوە سەر کەرکوک، تۆماری کەسی (سجل نفوس)ی دانیشتوانە کوردەکانیان گواستەوە بۆ شارەکانی سلێمانی و هەولێرو خواروی عێراق.

کڕین و فرۆشتن و مامەڵەکردن بە سەرووماڵی هاووڵاتیانی کورد قەدەغەکرا، هەموو مافێکی هاووڵاتی بوونیان لێسەندرایەوە، بە سەدان هەزار هاووڵاتی کورد ئاوارەی شارەکانی سلێمانی- هەولێر- شوێنەکانیتری کوردستان بوون.

لەم بەشەدا کە باس لە ڕزگارکردنی کەرکوک لە ساڵی ١٩٩١ دا دەکەین، کە تیایدا کەرکوک دوای (٧٠) ساڵ بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ تاجی سەرکەوتن و ڕزگاری لە سەرنا، بە پێویستی دەزانم، بەشێک لەو زووڵم و ستەمکارییەی بەرانبەر دانیشتوانی کورد لە کەرکوک کراوە بخەمە ڕوو، سەرنجی خوێنەر ڕابکێشم بۆ بەشێکی زۆر لەو پێشێلکاریانەی بەرانبەر کوردە ڕەسەنەکانی کەرکوک کراون لە سەر ماڵ و خاکی مێژوویی خۆیان، بەشێکی بەرچاو لەو ئامارو داتایانە بخەمە بەر دیدەی خوێنەر، تا بە مێژووی زووڵم و ستەمکاری بەعس لە کەرکوکدا لە ڕێی ئامارو ژمارەوە ئاشنا بن.

سیاسەتی پاکتاوی نەژادی لە سەر پایەکانی (تعریب، تبعیپ، ترحیل، تهجیر)، واتە بە عەرەبکردن، بە بەعسی کردن، ڕاگواستن، کۆچ پێکردن ڕاوەستا بوو.

لێرەوە هەموو ئەو گۆڕانکارییە دیموگرافیانە دەخەینە ڕوو کە لە چوارچێوەی ئەو چوار بنەمایەی بەعس بەرهەم هاتوون سەبارەت بە کەرکوک.

## ســــنووری ئــــیداری کـــەرکوك

وەک لە پێشەکییەکەدا ئاماژەمان پێدا ڕژێمی بەعس بۆ شێواندنی باری دیموگرافی شاری کەرکوک لە هەوڵی بەردەوامدابوو بە نەخشەو پلانی تۆکمە پرۆسەی بەعەرەبکردنی شاری کەرکوکی جێبەجێدەکرد، هەر بۆیەش سەرەتا بە گۆڕینی ئیداری شارەکە دەستیپێکرد و چەند قەزا و ناحیەیەکی لە کەرکوک دابڕی کە زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی کورد بوون. بە شێوەیەک کە سنووری پارێزگاکەی

بە هەر دوو بڕیاری (٦٠٨) لە (١٩٧٥/١١/٦) و بڕیاری (٤١) لە(١٩٧٦/١/١٩) بەرتەسک کردۆتەوە و لە کۆی (٧) قەزا و (٢٢) ناحیە و (١٤٣٨) دێ تەنها (٣) قەزا و (٩) ناحیە و (٥٩٠) دێ مایەوە بەم شێوەیە :

پارێزگای کەرکوک پێش دابڕین و بەرتەسک کردنەوەی سنوورەکەی بەم شێوەیە بوو

– قەزای کەرکوک بریتی بوو لە (٤) ناحیە و (٥٦٨) دێ و ژمارەی دانیشتوانەکەی بە پێی ئاماری ساڵی(١٩٥٧) (٢٢١،٨٥١)کەسبوو.

– قەزای خورماتوو بریتیبوو لە (٦) ناحیە و (٢٧٣) دێ و ژمارەی دانیشتوانەکەی بە پێی ئاماری ساڵی (١٩٥٧) (٦٨,٥٥٤) کەسبوو.

– قەزای کفری بریتیبوو لە (٤) ناحیە و (٣٧٧) دێ و ژمارەی دانیشتوانەکەی بە پێی ئاماری ساڵی (١٩٥٧) (٦٤,١٣٥) کەسبوو.

– قەزای چەمچەماڵ پێکهاتبوو لە (٢) ناحیە و (٢٢٠) دێ و ژمارەی دانیشتوانەکەی بە پێی ئاماری ساڵی (١٩٥٧) (٣٤,٢٩٩) کەسبوو.

– قەزای کەلار بریتیبوو لە (٢) ناحیە و (١٧٧) دێ.

– قەزای حەویجە بریتیبوو لە (٢٢) ناحیە و (١٨٢) دێ.

– قەزای دووبز بریتیبوو لە (٣) ناحیە و (١٠٩) دێ.

پارێزگای کەرکوک پاش دابڕینی ژمارەیەک یەکەی ئیداری و بچووک کردنەوەی بە هەردوو بڕیاری ژمارە (٦٠٨) لە (١٩٧٥/١١/٦) و بڕیاری (٤١) لە (١٩٧٦/١/١٩) هەر چوار قەزای (چەمچەماڵ و کەلار و کفری)بە بڕیاری (٦٠٨) و خورماتوو بە بڕیاری ژمارە (٤١) بەسەرجەم ناحیە و دێیەکانییەوە (١٤) ناحیە و (٨٤٨) دێ دابڕان و خرانە سەر پارێزگاکانی (سلێمانی، دیالی، سەلاحەددین) کە دانیشتوانەکەی زیاتر لە (٣٥٠,٠٠٠) کەس دەبوون. هەروەک ڕووبەرەکەی لە (٢٠,٣٥٥) کم٢ بووە (١٠,٠٢٣) کم٢ کە ڕووبەری (١٠,٣٣٢) کم٢ ی لێدابڕاوە. بەم شێوەیە لە سەنتەری کەرکوک (١,٦٦٩) کم٢ ی لێدابڕاوە. لە قەزای چەمچەماڵ (٢,٤٥٤) کم٢ ی لێدابڕاوە و لە قەزای خورماتوو (٥,٦٩٦) کم٢ی لێدابڕاوە، لە قەزاکانی کفری، کەلار (٥,٢١٤) کم٢ ی لێدابڕاوە

بەم  شێوەیە سیاسەتی پاکتاوی نەژادی سیمای شاری کەرکوکی لە ڕووی دیموگرافی و ئیدارییەوە گۆڕی بەمەش ڕێژەی کورد لە پارێزگای کەرکوک دابەزی و تەنها لەناو مەرکەز کورد مایەوە  بە ڕێژەیەکی زۆر کوردی لێدەرکرا و گەڕەکە کوردەکان لە کورد چوڵ کران و دەست بەسەر ماڵ و حاڵیاندا گیرا و ئاوارەبوون.

## تەعـــریبی قەزاو گـــەڕەك و شـــەقام

ڕژێمی بەعس شان بەشانی ڕاوەدوونانی کورد و دابڕانی یەکە ئیدارییەکان لە شاری کەرکوک و ڕاگواستنی زۆرەملێی ی کورد لە شاری کەرکوک لە هەوڵی بەردەوام دابوو بۆ گۆڕینی ناوی قەزاو ناحیە و گەڕەک و شەقامە کوردییەکان لە نێو شاری کەرکوکدا هەروەک لە چوارچێوەی بە عەرەبکردنی شاری کەرکوکدا چەندین گەڕەکی نویَ و (مستوطنات) ی درووستکرد

**یـــەکە ئیداریە تەعـــریبکراوەکان**

- پارێزگای کەرکوک کرا بە (التامیم)
- قەزای دووبز کرا بە (الدبس)
- ناحیەی لەیلان(قەڕەحەسەن) کرا بە (ام المعارک)
- ناحیەی سەرگەڕان کرا بە (القدس)
- ناحیەی قەرەهەنجیر کرا بە (رەبیع)

**ئەم ناحیانەش لە چوارچێوەی سیاسەتی تەعریبدا درووست کران :-**

- ناحیەی (عهد) لە قەزای داقوق
- ناحیەی (ڕەشاد) لە قەزای داقوق
- ناحیەی ڕیاز
- ناحیەی عەباسی

ئەمانە لـە پـرۆسـەی تەعریبدا درووسـتـکـراون. هــەروەک ناحیەی یایچی تەعریبکراوەو گۆڕدراوە بۆ (الملتقی) زۆربەی دێیەکانی پارێزگای کەرکوکیش لە

پرۆسەی تەعریبدا ناوەکانیان گوڕا بۆ عەرەبی لەگەڵ ئەوەش دا لە چوار دەوری پارێزگای کەرکوک ژمارەیەک (مستوطنات) لە قەزای دوبز و داقوق و ناحیەی سەرگەڕان درووستکران وەک (حەیفا. یافا. حگین. القدس. رافیدەین).

## گـــــــەڕەکی نــــــوێ

هەر لە چوارچێوەی پرۆسەی تەعریبدا لە شاری کەرکوک و بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبی هـاوردە لە ناو شاری کەرکوکدا ڕژێمی بەعس (٥٣) گەڕەکی نوێی بۆ عەرەبە هاوردەکانی خوارو ناوەڕاستی عێراق لە ناو شاری کەرکوکدا درووستکرد بەم شێوەیە : -

((الكرامه، البعث، (١٧)تموز، الوحدة، الحرية، العروبة، النصر ١ و ٢، القادسية ١ و ٢، ١ اذار، ١ حزيران، الميلاد، المنصور، (٧) نيسان، قرطبة، تونس، العدن، صدام، المعتصم، الامين، تسعين، الشهداء، الواسطى، الرشيد، المأمون، الحجاج، النخوة، المجزره، الفاروق، الخضراء، الزوراء، الغرناطة، الخلفاء، سعد، بدر، عدنان، مثنى، عمل شعبي، (٣٠)تموز، الممدودة، ساحة الاحتفالات ، حي العسكري، دور الامن، الفين دار، النداء، دور السک، دور الضباط (١،٢،٣،٤،٥،٦،٧).

بەم شێوەیە ئەبینین لە ڕووی ژمـارەی گـەڕەک و ژمـارەی دانیشتوانیشەوە کەرکوک گوڕانێکی گەورەی بەسەردا هێنرا کە تەنها مەبەست لێی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتییەکەیەتی کە ئەویش ناسنامەی کوردستانیبوونی شاری کەرکوکە.

## تــــــۆماری بـــاری شــــــارستانی

لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەیەک قەزاو ناحیە و دێ بە بڕیاری ڕژێمی بەعس لە کەرکوک دابڕێنران و لە ڕووی ئیدارییەوە خرانە سەر پارێزگاکانیتری عێراق، سجلی نفوسی دانیشتوانە کوردەکەشیان گواستەوە تا لەسەر کەرکوک نەمێنن و خستیاننە سەر شوێنەکانی تر بەم شێوەیە:-

- سجلی نفوسی دانیشتوانی ناوچەکانی (شوان - قەرەحەسەن - قادر کەرەم) گواسترانەوە بۆ هەولێر و سلێمانی کە پێکهاتبوو لە (٢٥٧) دێ و سەرجەمی ژمارەی

دانیشتوانی (٧٠,٠٠٠) کەسبوون

– سجلی نفوسی دانیشتوانی ناحیەی (یایچی) گواستەوە بۆ شارەکانی ناوەڕاستی عێراق

– سجلی نفوسی دانیشتوانی قەزاکانی پارێزگای کەرکوکی گواستەوە بۆ شارەکانی کوردستان و عێراق بەم شێوەیە :–

– چەمچەماڵ و کەلار بۆ سلێمانی.

– کفری بۆ دیالە

– خورماتوو بۆ تکریت

– ڕاگواستنی خەڵکی ناوەندی شاری کەرکوک واتا ناو کەرکوک بۆ شارەکانی کوردستانی عێراق کە سجلی نفوسیان لە گەڵدا ڕاگوێزرا لە ساڵی (١٩٦٨_٢٠٠٣) کە (١٣,٠٤٥) خێزانە و سەرجەمیان (٧٩,٨٩٠) کەسبوون.

دیارە عەرەب شان بە شانی دانیشتوانە کوردەکەی ناو شاری کەرکوک دەژین بە تایبەت لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو عەرەبی کۆچەر هاتوونەتە ناوچەکە بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە لەوەڕگاکانی دەوروبەری کەرکوک، لە ناو شاری کەرکوکیش ژمارەیەکی دیاری کراو ماڵە عەرەب هەبوون لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو کە ئەوانیش بە حەدیدیەکان ناسراون کە پێیان دەووترێت عەرەبی رەسەن، ئیتر جگە لە عەرەبی ڕەسەن لە ناو شاری کەرکوک عەرەب بوونی نەبوو، بەڵام دواتر لە چوارچێوەی پرۆسەی تەعریبدا عەرەب لە ناو شاری کەرکوک و دەوروبەری بە ڕێژەیەکی بەرچاو نیشتەجێکران و ماڵ و موڵکی کوردیان بەسەردا دابەشکرا کە بە عەرەبی تەعریب یان بە عەرەبی هاوردە ناسراون لێرەدا هەوڵ دەدەین بەپێی ئامارێک ژمارەی ئەو عەرەبانە دەست نیشان بکەین کە لە ناو کەرکوک و دەوروو بەریدا دا نیشتەجێکراون .

## نـــــاوی شاری کـــــەرکوك

سەرجەمی خێزانی عەرەبی هاوردە (٢٦،٤٧٦) خێزان بوون. کۆی گشتی ئەم خێزانانەش پێکهاتبوو لە (٢١٤,٦٩٦) کەس. فەرمانبەرانی عەرەبی هاوردەش لە ناو شاری کەرکوکدا پێک هاتوون لە (١٦,١٠٤) فەرمانبەر.

## نـــــاحیەی ئاڵتون کـــــۆپری (پردێ)

ژمارەی خێزانی عەرەبی هاوردە لە ناحیەی ئاڵتون کۆپری پێکهاتبوو لە (٧٢٦) خێزان کە سەرجەمیان (٥,٧٢٧) کەسبوون، هەروەها ژمارەی ئەو عەشیرەتانەی هاتبوونە سنووری ئیداری ناحیەکە (٣٣) عەشیرەت بوون و ئەم عەشیرەتانەش لە (٣٥) دێی ناوچەکە نیشتەجێکران و ماڵ و موڵکی دانشتوانە ڕەسەنەکەیان بەسەردا دابەشکرا کە (٩٦,٢٣٥) دۆنم زەوی بوو.

## قـــــەزای دوبز و نـــــاحیەی ســـــەرگەڕان

لە قەزای دوبز و ناحیەی سەرگەڕان سەرجەمی عەرەبی هاوردە (١,٢٢٧) خێزانە کە پێکهاتبوو لە (٩,٨٠١) کەس، لێرەش وەک شوێنەکانیتر زەوییان بەسەردا دابەشکرا کە (١٠٣,٥٨٧) دۆنم زەوی و (٦,٣٨٩)ی بەراو بوو.

## نـــــاحیەی لەیـــلان

لە ناحیەی لەیلان کۆی گشتی عەرەبی هاوردە (٣٧٥) خێزان و سەرجەمیان (٣,٣٧٥) کەسبوون و لە (١٢) عەشیرەت پێکهاتبوون، ڕووبەری ئەو زەوییانەی لە ناحیەی لەیلان (قەرەحەسەن) دراوە بە عەرەبی هاوردە (٢٥,٨٨٠) دۆنم زەوی بوو.

## نـــــاحیەی تـــازە

لە ناحیەی تازە کۆی گشتی عەرەبی هاوردە (١٤٤) خێزان و سەرجەمیان (١,١٣١) کەسبوون.

## نـــــاحیەی یـــــایچی

ناحیەی یایچی لە پرۆسەی تەعریبدا ناوەکەی گۆڕا بۆ (الملتقى) ناحیەی یایچی لە نەخشەی بنەڕەتی پارێزگای کەرکوکدا سڕایەوە و بەر شاڵاوی تەعریب کەوت

دەیان و سـەدان خێزانی عەرەبی هـاوردەی تیا نیشتەجێکرا بە هەمان شێوەی شوێنەکانیتر دەستیان بەسەر موڵک و ماڵی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی دا گرت.

## قــــەزای حەویـــجە و دەورووبــــەرەکەی

حەویجە و دەورووبەرەکەی لە ساڵانی (٣٥) و (٣٦) بەر شاڵاوی تەعریب و پاکتاوی نەژادی کەوتووە و زەویەکانی بەسەر هۆز و عەشیرەتەکانی عەرەبدا دابەشکرا (١٠٠٠) کیلۆ مەتر دووجا، درایە هۆزەکانی عەشیرەتی (العوبید)، (٩٥٥) کیلۆ مەتر دووجا درایە هۆزەکانی عەشیرەتی (البوحمدان)، (١٠٠) کیلۆمەتر دووجا درایە هۆزەکانی عەشیرەتی (التکارتە و الدوریین).

ڕژێمی بەعس هەموو شێوازێکی گرتبووە بەر بۆ کەمکردنەوەی ژمـارەی دانیشتوانی کورد لە پارێزگای کەرکوک، هەر بەوەش نەوەستا کە یەکە ئیداریەکانی پارێزگای کەرکوک دابڕێ و کورد لە کەرکوک و دەورووبەری ڕابگوێزێت، بەڵکو شوێنی تریشی خستە سەر کەرکوک کە سەرجەمیان عەرەبن. ناحیەی (زاب) کە سەر بە موسڵە و دراوە بە تکریت لە ساڵی (٩٨٤) ڕژێمی بەعس خستییە سەر کەرکوک بەمەبەستی زیادکردنی ڕێژەی عەرەب لە پارێزگای کەرکوکدا. کە بە پێی ئاماری (٢٠٠٥) ژمارەیان دەگاتە (٤٠,٨٩١) کەس.

## قــــەزای داقـــوق

کۆی گشتی عەرەبی هـاوردە لە داقوق (٢,٩٨٩) خێزانە کە (٦٤٩) خێزانیان جووتیارن و ڕووبەری (٢٥,٨٨٠) دۆنم زەوییان بەسەردا دابەشکراوە و (٢١,٤٢٨) کەسبوون.

## بڕیار و مەرســـوومەکانی ســەبارەت بە پاکتـــاوی نەژادی

سەبارەت بە پیادەکردن و پەیرەوکردنی سیاسەتی پاکتاوی نـەژادی لە ناو شـاری کەرکوک و پارێزگای کەرکوکدا و بۆ تواندنەوەی کورد لە نێو بۆتەی عەرەبداو پاکتاو کردنی دانیشتوانە کوردەکەی شاری کەرکوک، ڕژێمی بەعس هەر لە سەرەتای دەسەڵات گرتنە دەستیانەوە تا ڕووخان و کوتایی هاتنی ڕژێمەکەیان

دە یان و سـەدان بڕیارو مەرسومی زاڵمانەیان دەرکـردووە کە مەبەست لێیان وەدەرنان و ڕاگواستن و دەربەدەرکردنی خەڵکی کورد بوو لەسەر زێدی خۆی، بڕیارەکان هەمەچەشن و هەمەجۆرن و قوناغ بە قوناغ دەرچوون.

مەبەست لە دەرچواندنی ئەو بڕیار و مەڕسوومانەش شەرعیەت دان بووە بە کارە دزێوەکانیان تا لەڕووی یاساییەوە زەمینەی لەبار و گونجاوی بۆ دەستەبەر بکەن.

**لێرەدا ژمارەیەک لەو بڕیار و مەرسوومانە دەخەینە بەر چاوی خوێنەران وەک ئاشنا بۆنێک بە ساڵ و بەرواری دەرچوونیان.**

١- بڕیاری (٤١) لە ١٩٧٦/١/٢٩

٢- بڕیاری (٤٢) لە ١٩٨٦/١/١١

٣- بڕیاری (٢٠٤٤ م.و) لە ٢٠٠١/١١/١٨

٤- بڕیاری (٨٥٠) لە ١٩٨٨/١١/٢٧

٥- بڕیاری (١٩٩) لە ٢٠٠١/٩/٦

٦- مەرسومی (٤٥٩) لە ١٩٨٧/٧/٢٦

٧- مەرسومی (١١٨) لە ١٩٧٦/٣/٨

٨- مەرسومی(٣٣) لە ١٩٧٦/١/٢٥

٩- مەرسومی (٧٠٦) لە ١٩٧٥/١١/٦

١٠- مەرسومی (٢٥٦) لە ١٩٧٦/٥/١٨

١١- مەرسومی (٤٨) لە ١٩٧٦/١/٢٩

١٢- بڕیاری (١١,٩٤٤)

١٣- بڕیاری (٢٦,٣٦٣)

١٤- بڕیاری (٣٦٩) لە ١٩٧٥/٣/٣١

١٥- بڕیاری (٩٠٠) لە ١٩٧٧/٨/١٠

١٦- بڕیاری (٩٤٩) لە ١٩٧٧/٨/٢٣

١٧- بڕیاری (٦,٣٠٢) لە ١٩٨٣/١٢/١٥

١٨- بڕیاری (١١٧) لە ٢٠٠٠/٨/٥

١٩- بڕیاری (٩٤٥) لە ١٩٧٦/٨/١

٢٠- بڕیاری پارێزگای کەرکوک (٣٧٨) لە ١٩٩٦/٦/١٨

٢١- بڕیاری (٨٢٤) لە ١٩٧٦/٧/٢٨

٢٢- بڕیاری (٩٧) لە (١٩٩٣)

٢٣- بڕیاری (٤١٨) لە ١٩٨٤/٤/٨

٢٤- بڕیاری (٢١) لە ١٩٩٦/٢/١٤

٢٥- بڕیاری (١٣٧) لە ٢٠٠١/٦/١٢

٢٦- بڕیاری (٧٦١) لە ١٩٧٨/٦/٤

٢٧- بڕیاری (١,٥٦٤) لە ١٩٨٠/١٠/٩

٢٨- بڕیاری (١,٤٨٥) لە ١٩٨٢/٢/١٩

٢٩- بڕیاری (٢٠٦) لە ١٩٩١/٦/٢٩

٣٠- بڕیاری (١١١) لە (١٩٩٥)

٣١- بڕیاری (١١٦) لە ١٩٩٢/٤/٢٠

٣٢- بڕیاری (١٠٠) لە ١٩٩٥/٩/٢٠

٣٣- بڕیاری (١٩٠) لە ١٩٩٢/٧/١٦

٣٤- بڕیاری (٤٤) لە (١٩٧٦)

٣٥- بڕیاری (٤٥) لە (١٩٧٦)

٣٦- بڕیاری (١٥٩)لە (١٩٦٩)

٣٧- مەرسومی (٦٠٨) لە ١٩٧٥/١١/٦

٣٨- بڕیاری لیژنەی باکور (١٣٦٧/١٤) لە ١٩٩٤/١٠/٣١

٣٩- بڕیاری لیژنە باکور (٩٣١/٢٠) لە ١٩٩٥/٨/٣

٤٠- بڕیاری لیژنەی باکور (٢١٨٨/٣٣) لە ١٩٩٧/١٢/٧

٤١- بڕیاری لیژنەی باکور (٣١٥/١) لە ٢٠٠٠/٥/٢٤

٤٢- بڕیاری لیژنەی باکور (٦٢٨/٢٠) لە ١٩٩٦/٥/١٩

٤٣- بڕیاری لیژنەی باکور(١٩٨٣/٩٩) لە ١٩٩٣/١٢/٢٨
٤٤- بڕیاری لیژنەی باکور (٦/٢٠) لە ١٩٩٧/١/٢٣
٤٥- بڕیاری لیژنەی باکور (٧١/٢٠) لە ١٩٩٧/١/١٠
٤٦- بڕیاری لیژنەی باکور (٦٨٢/٣٧) لە ١٩٩٨/١/٢١
٤٧- بڕیاری لیژنەی باکور (٤٠٩/٧) لە ١٩٩٨/١/٢٣
٤٨- بڕیاری لیژنەی باکور (١٧/٣٣) لە ١٩٩٦/١/٤
٤٩- بڕیاری لیژنەی باکور (٨٨٥/٢٠) لە ١٩٩٧/٦/١
٥٠- بڕیاری لیژنەی باکور (٢,٣٠٩) لە ٢٠٠٠/١/٣١
٥١- بڕیاری لیژنەی باکور (١,٥٤٩/٢٠) لە ١٩٩٧/٩/١١
٥٢- بڕیاری لیژنەی باکور (١٩٣/٣٣) لە ١٩٩٨/١/٢٢
٥٣- بڕیاری لیژنەی باکور (٢,٨٤٩/٢) لە ١٩٩٨/١٢/١
٥٤- بڕیاری لیژنەی باکور (٩٧٩/٢٠) لە ١٩٩٧/٦/١٩
٥٥- بڕیاری لیژنەی باکور (٦٣٨/٢٠) لە ١٩٩٧/٥/٣
٥٦- بڕیاری لیژنەی باکور (٦٥٧/٢٠) لە ١٩٩٩/٣/١٥
٥٧- بڕیاری لیژنەی باکور (٥,٤٧٠/٢٠) لە ١٩٩٨/٣/١٤
٥٨- بڕیاری لیژنەی باکور (١,٤٦١/٧) لە ١٩٩٧/٩/٣
٥٩- بڕیاری لیژنەی باکور (١,٤٣٥/٢٠) لە ١٩٩٧/٨/٣٠
٦٠- بڕیاری لیژنەی باکور (١,٠٤٢/٢٠) لە ١٩٩٧/٦/٢٩
٦١- بڕیاری لیژنەی باکور (٣١٥/٢٠) لە ١٩٩٦/٣/١٦
٦٢- بڕیاری لیژنەی باکور (٦٣٧/٢٠) لە ١٩٩٧/٥/٣
٦٣- بڕیاری لیژنەی باکور (١,٤١٤/٢٠) لە ١٩٩٧/٨/٢٦
٦٤- بڕیاری لیژنەی باکور (١١/٢٠) لە ١٩٩٩/١/١٢
٦٥- بڕیاری لیژنەی باکور (١٠٤٦) لە ١٩٩٥/٨/٨
٦٦- بڕیاری لیژنەی باکور (٥٠٤١/٧) لە ١٩٨٩/١٠/٢٣
٦٧- بڕیاری لیژنەی باکور (١٩٧٠) لە ١٩٩٨/٩/١٣

٦٨- بڕیاری لیژنەی باکور (١٥٦٣/٢٠) لە ١٩٩٨/٩/١٤
٦٩- بڕیاری لیژنەی باکور (١٤٩٦) لە ١٩٩٦/١٠/٢٤
٧٠- بڕیاری لیژنەی باکور (٢,٦٤٤) لە ١٩٩٨/١١/١٢
٧١- بڕیاری لیژنەی باکور (١٢٧٠) لە ١٩٩٦/٦/٢٨
٧٢- بڕیاری لیژنەی باکور (١٠٠٢) لە ١٩٩٨/٥/٢١
٧٣- بڕیاری لیژنەی باکور (١٥٣٦) لە ١٩٩٧/٩/١٠
٧٤- بڕیاری لیژنەی باکور (١,٤١٨) لە ١٩٩٧/٨/٢٨
٧٥- بڕیاری لیژنەی باکور (١,٣٥٤) لە ١٩٩٧/٨/١٨
٧٦- بڕیاری لیژنەی باکور (١,٣٦١) لە ١٩٩٥/١/٢٥
٧٧- بڕیاری لیژنەی باکور (٥٧٣) لە ١٩٩٥/٢/٦
٧٨- بڕیاری لیژنەی باکور (٢,١٩٨) لە ١٩٩٧/١٢/٩
٧٩- بڕیاری لیژنەی باکور (١,٠٤٢) لە ١٩٩٧/٦/٢٩
٨٠- بڕیاری لیژنەی باکور (١,٤١٥) لە ١٩٩٧/٨/٢٦
٨١- بڕیاری لیژنەی باکور (٤١٥) لە ١٩٩٦/٣/٣١
٨٢- بڕیاری لیژنەی باکور (١٩٣) لە ١٩٩٨/١/٢٢
٨٣- بڕیاری لیژنەی باکور (١٢٢) لە ١٩٨٢/١/٢١
٨٤- بڕیاری لیژنەی باکور (٤٧٥) لە ١٩٧٩/٤/١٦
٨٥- بڕیاری لیژنەی باکور (١,٣٨١) لە ١٩٧٥/١٢/٢٠
٨٦- بڕیاری لیژنەی باکور (٩٧٣) لە ١٩٨٥/٨/١٨
٨٧- بڕیاری لیژنەی باکور (٤١٨) لە ١٩٨٤/٤/٨
٨٨- بڕیاری لیژنەی باکور (٧٣٠) لە ١٩٨٤/٦/٢٤
٨٩- بڕیاری لیژنەی باکور (٥٠) لە ١٩٨٨/٢/١٣
٩٠- بڕیاری لیژنەی باکور (٨١) لە ١٩٩٨/٦/١٤
٩١- بڕیاری لیژنەی باکور (٤٠) لە ١٩٩٧/٥/٦
٩٢- بڕیاری لیژنەی باکور (١,٣٩١) لە ١٩٨١/١٠/٢٠

٩٣- بڕیاری لیژنەی باکور (٣١) لە ١٩٧٥/١/١١
٩٤- بڕیاری لیژنەی باکور (٢٢٦) لە ١٩٧٥/٢/٢٢
٩٥- بڕیاری لیژنەی باکور (١,٠٦٥) لە ١٩٧٨/٨/١٣
٩٦- بڕیاری لیژنەی باکور (٤٨٩) لە ١٩٩٧/٤/١٦
٩٧- بڕیاری لیژنەی باکور (١٥١) لە ١٩٩٩/٨/١٥
٩٨- بڕیاری لیژنەی باکور (١٦٠) لە ١٩٨٧/٣/٢٩
٩٩- بڕیاری لیژنەی باکور (١,٤٦٩) لە ١٩٨١/١١/٣
١٠٠- بڕیاری لیژنەی باکور (٦٣٢) لە ١٩٨٩/١٠/٧
١٠١- بڕیاری لیژنەی باکور (٥٢٩) لە ١٩٨٩/٨/٢٤
١٠٢- بڕیاری لیژنەی باکور (٧٦) لە ٢٠٠٠/٢/٧
١٠٣- مەرسومی ژمارە (٢١) لە ١٩٨٧/٥/١٧
١٠٤- مەرسومی ژمارە (٣٣) لە ١٩٧٦/١/٢٥
١٠٥- مەرسومی ژمارە (٤٤٠) لە ١٩٦٩/٤/٥
١٠٦- مەرسومی ژمارە (٤٠٣) لە ١٩٦٩/٣/٣٠
١٠٧- مەرسومی ژمارە (٦٠٧) لە ١٩٧٥/١١/٦
١٠٨- مەرسومی ژمارە (٧٢) لە ١٩٧٦/٢/١٥
١٠٩- مەرسومی ژمارە (٤٣٤) لە ١٩٨٩/٩/١١
١١٠- مەرسومی ژمارە (٢٣٥) لە ١٩٩٦/٩/٢٥
١١١- مەرسومی ژمارە (٢٤٥) لە ٢٠٠٠/١٠/٢٥
١١٢- نوسراوی دیوان رئاسە (٢٠٤٤) لە ٢٠٠١/١١/١١
١١٣- مەرسومی ژمارە (٤٤٠) لە ١٩٦٩/٤/٥
١١٤- نوسراوی دیوان رئاسە (٤٠٣) لە ١٩٦٩/٣/٣٠
١١٥- نوسراوی دیوان رئاسە (٦٠٧) لە ١٩٧٥/١١/٦
١١٦- نوسراوی دیوان رئاسە (٧٢) لە ١٩٧٦/٢/١٥
١١٧- پارێزگای کەرکوک/ ١٢٥٣ لە ١٩٨٦/١٢/٣١

١١٨- پارێزگای کەرکوک / ٦٥٣٨ لە ١٩٨٧/٨/١٠
١١٩- كتاب قيادە مكتب تنظيم الشمال / ٦٩٤١ لە ١٩٨٧/١٢/٢٢
١٢٠- كتاب قيادە فرع كركوك (١٧٤٤/٣٨) لە ١٩٩٣/٣/٣١
١٢١- كتاب مديريە تربيە كركوك / ١٠ لە ١٩٩٣/١٠/٩
١٢٢- نوسراوی ديوان رئاسە (٣٤٨٢٨/٨) لە ١٩٨٥/١١/٢

سەرەڕای هەموو ئەم بڕیار و مەرسوومانەش دەیان و سەدان بڕیار سەبارەت بە دەست بەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی کورد لە ناو شاری کەرکوک و شێواندنی پارێزگای کەرکوک لە لایەن لیژنەی تەنسیقی پارێزگای کەرکوک و مجلس قیادەی بەناو (ثورە) و مكتب نائب رئيس و وەزارەتی تیجارە و ڕێکخستەکانی حزبی بەعس و چەندین شوێنیترەوە دەرچوون، کە سەرجەمیان لە بەرژەوەندی نەتەوەی سەر دەستی عەرەب لە پارێزگای کەرکوک ولە دژی خواستەکانی گەلی کورد و دانیشتوانە کوردەکەی ناو شاری کەرکوک بووە ئەمەش ژمارەیەک لەو بڕیارانەیە :-

**پارێزگای کەرکوک (شعبە المعلومات السكانيە)**

١- ٢,٠٧٢ لە ١٩٩٩/١١/٤
٢- ٢,١٧٩ لە ١٩٩٩/١١/١٤
٣- ٢,٠٣٧ لە ١٩٩٩/١١/٧
٤- ٩٤٦ لە ١٩٩٨/٩/١
٥- ٢,٠٩٧ لە ١٩٩٩/١١/٧
٦- ٩٩٠ لە ٢٠٠٠/١٢/٢٤
٧- ١,٢٨٨ لە ١٩٩٩/٨/٣
٨- ١,٢٧١ لە ١٩٩٨/١١/٢٥
٩- ١٣٣ لە ١٩٩٨/١٠/١٨
١٠- ٤٠٤ لە ١٩٩٨/٤/١٦

١١- ٩٩٥ لە ١٩٩٧/١١/١٣
١٢- ٩٢٨ لە ١٩٩٧/١٠/٣٠
١٣- ١,٢٧٩ لە ١٩٩٧/١٢/٣٠
١٤- ١,٠٤٩ لە ٢٠٠١/٦/١٢
١٥- ٦٤٠ لە ١٩٩٧/٨/٢٧
١٦- ٢٤٩ لە ١٩٩٧/٣/٢٤
١٧- ٥٠٤ لە ١٩٩٦/٨/١٣
١٨- ٣٨٣ لە ١٩٩٦/٦/٢٠
١٩- ١٢٩ لە ١٩٩٦/٢/١٨
٢٠- ٧٥ لە ١٩٩٦/١/٢٤
٢١- ٣٥٨ لە ١٩٩٥/١٢/٢٥
٢٢- ٣٠٧ لە ١٩٩٥/١٢/١٣
٢٣- ٩٣ لە ١٩٩٦/٢/٦
٢٤- ١,٢٨٦ لە ٢٠٠٠/٧/١٢
٢٥- ٤,٢١٢ لە ٢٠٠١/١١/١٨
٢٦- ١,١١١ لە ٢٠٠١/٦/٢٠
٢٧- ١,٢٣٨ لە ٢٠٠١/٧/٧
٢٨- ١,٠٤٣ لە ٢٠٠١/٦/١١

**پارێزگای کەرکوک (مدیریە الشؤون الداخلیە)**

١- ٥٤٧ لە ٢٠٠١/٤/١
٢- ٧٠٨ لە ١٩٨٧/١٢/٢٧
٣- ٦٩٤ لە ١٩٨٧/١٢/٢٦
٤- ٦٥٨ لە ١٩٨٧/١٢/١٧
٥- ٦٥١ لە ١٩٨٧/١٢/١٥

٦- ٦١٥ لە ١٩٨٧/١٢/٨
٧- ٦٠٨ لە ١٩٨٧/١٢/٦
٨- ٥٩٣ لە ١٩٨٧/١٠/٢
٩- ٥٨٣ لە ١٩٨٧/١١/٣

**پارێزگای کەرکوک (المراسلات السریە)**

١- ٧,٩٠٩/١٧ لە ١٩٩٨/١١/٢٣
٢- ٤,٤٨٢ لە ١٩٩٨/٧/١١
٣- ١٧ لە ١٩٩٧/١٢/١٥
٤- ٥,٤٥٥/٢٢ لە ١٩٩٩/٨/٢٨

**ڕێکخستنەکانی پارێزگای (صلاح الدین - تأمیم - سلێمانی) حزبی بەعس :-**

١- ١,٠١١لە ١٩٩٨/٢/١٠
٢- ٦٧٣ لە ١٩٩٨/٤/٤
٣- ٢,١٠٣/٣ لە ١٩٩٩/٦/٣٠

قیادە فرع کرکوک لحزب البعپ :-

١- ٦,٠٤٤ لە ٢٠٠١/١١/٢٥
٢- ٩,٥٣٢ لە ٢٠٠١/١٢/١١
٣- ٩,٧٤٣ لە ٢٠٠١/١٢/٢٣
٤- ٩,٨٠٣ لە ٢٠٠١/١٢/٢٥
٥- ٤,٥٣٦ لە ١٩٩٩/٦/٢٦
٦- ١,٠١٥/٢٨ لە ٢٠٠١/٢/١٥

**مجلس قیادە الثورە / مکتب نائب الرئیس :-**

١- ٤١٤ لە ٢٠٠٠/٧/٣٠
٢- ١٥٢ لە ٢٠٠٠/٣/٢٩

**جمهوريه العراق / وزاره التجاره**

١- ٢,٧٠٥ له ١٩٩٨/٤/٦

٢- ٧,٤٢٧ له ١٩٩٨/٨/١٨

**مديريه التسجيل العقاري / التأميم ((كركوك)) :-**

١- ٤,٢٧٩ له ١٩٩٧/١١/٢٧

٢- ٣٥٧ له ١٩٩٨/٢/٩

پارێزگای کەرکوک (مكتب شؤون المواطنيين) / ١,٥٩٧ له ١٩٩٩/٩/٣٠

پارێزگای کەرکوک (لجنة بيع دور المرحلين) ٥٣ له ١٩٩٩/٦/١٩

رئاسه الجمهورية / مديرية الاستخبارات العسكرية / المنطقة الشرقية / ٣,٣٥٠ له ٢٠٠٢/٥/١٧

مديرية زراعة محافظه التأميم / ٢٤٧ له ١٩٩٨/٧/٩

پارێزگای کەرکوک / ٩٩٠ له ٢٠٠١/١٢/٢٤

قائمقاميه قضاء كركوك / ٩٧ له ٢٠٠١/٧/٢٢

وەزارەتی ناوخۆ (المعلومات الداخليه العامه) ٢,٣٠٩ له ٢٠٠٠/١/٣١

بەڕێوەبەرایەتی پولیسی پارێزگای تأمیم / ١٥٥ له ١٩٩٧/٢/٢٣

پارێزگای تأمیم / البلديات / ٧٠ له ١٩٩٧/٨/٢

پارێزگای تأمیم / الاستخبارات /٢٢٧ له ١٩٩٧/٢/١٨

وەزارەتی ناوخۆ / مكتب الوزير / ٣,٣٧٩ له ١٩٩٦/٧/٢٤

## فـــــــەرمانبەری کورد لە کـــــەرکوك

سیاسەتی پاکتاوی نەژادی دەیان هەزار کوردی لە شوێنی خۆیان هەڵکەند و ئاوارەی ناوچەکانی خوارو ناوەڕاستی عێراق و ناوچەکانی دیکەی کوردستانیکردن. جگە لـەوەش بچووکترین هەلی کارکردن و هەلی دامەزراندنی بۆ دانیشتوانە کوردەکەی نەڕەحساند بوو. هەر بۆیەش ژمارەی ئەو کوردانەی لە داموو دەزگا حکومیەکانی ژێر دەسەڵاتی بەعسدا هەبوون هێندەی ژمارەی پەنجەکانی دەست بوون.

## ئـــــــــاوارەکان

بە درێژایی ساڵانی داگیرکردن پرۆسەی ڕاگواستن و هەڵکەندنی دانیشتوانی ڕەسەنی کورد لە زێدی خۆی بەردەوام بووە، ئەم پرۆسەش دەیان هەزار ئاوارەی لێکەوتۆتەوە کە زۆربەیان لە ژیانێکی ناخۆش و لە ژێر خێمەکانی بەردەقارەماندا ژیانیان دەگوزەراند یان لە نێو پاشماوەی سەربازگە ڕووخاوەکاندا ماڵۆچکەیەکی بچووکیان بۆ خۆیان درووستکردبوو تا شەوی تیا ڕۆژ بکەنەوە. ئاوارەکان بێشومار بوون سەرجەم کون و قوژبنی ئەم وڵاتەیان تەنیبوو، بۆیە ئەستەمە بتوانین ئامارێکی ڕێک و پێک بخەینە بەردەست، ڕەنگە ئەوەی لەم نووسینەدا بخرێتە بەرچاو بەشێکی ئاوارەکان بن، ئەوەندەی بەردەستی من کەوتووە سەبارەت بە ژمارەی ئاوارەکان بەم شێوەیە :-

(٢١,٤٦٦) خێزان لە سەرجەمیان ئەکاتە (١١٥,٩٧٣) کەس، کە لە سنووری (ح.ه.ك)دا دەژیان بەتایبەت لە ناوچەکانی سلێمانی و کامپەکانی و دەورووبەری و هەندێ ناوچەی تر.

## تـــــــصحیح القـــومیە

سیاسەتی پاکتاوی نـەژادی هەر تەنها دەست بەرسەداگرتنی موڵک و ماڵی خەڵکی لێنەکەوتەوە، هەروەک بە تەنها بە ئاوارەکردنی کورد لە شاری کەرکوک و تەعریبکردنی زمان و کولتور و پەروەردە نەوەستا، بەڵکو شێوازی توندتر و

دڕندانەتری بە خۆوە دی ئەویش ناچارکردنی کورد و نەتەوەکانیتر بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتییان بۆ نەتەوەی عەرەب واتە ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی، بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو بڕیاری ژمارە (٨٥٠) لە (١٩٨٨/١١/٢٧) و بڕیاری ژمارە(١٩٩) ی لە (٢٠٠١/٩/٦) دەرکرد، بۆ ئەم مەبەستە. بۆ هەمان مەبەست پێشتر سەدام حسێن سەرۆکی ئەوسای عێراق و تاوانباری لە سێدارە دراوی ئێستا لە پەیوەندییەکی تەلەفونیدا لەگەڵ (اياد فتيح خليفه الراوى) پارێزگاری ئەوسای کەرکوک لە سەعات (١,٩٠٠) و لە ڕۆژی (١٩٩٧/١/١٢) باسی لە پرۆسەی ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی کرد و دواتریش ئەو بڕیارانەی لێکەوتەوە، دوای ئەوەش دامەزراندن و کڕین لە کورد قەدەغەکرا هەر کوردێک تا وەکو نەتەوەکەی نە گۆڕیایە بۆ عەرەب هیچ مامەڵەیەکی بۆ جێبەجێنەدەکرا، هەروەک لە ساڵی (١٩٨٧) هەزاران کوردی عەشیرەتی (ساڵەیی)و سەیدەکانی ناوچەی کەرکوک بە عەرەب نووسران.

## کـــــێشەی مـــــوڵکایەتی

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا دەیان و سەدان بڕیار بەمەبەستی داگیرکردن و دەست بەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی هاووڵاتیان لەلایەن داموو دەزگاکانی ڕژێمی بەعسەوە دەرچوون.

هەزاران دۆنم زەوی و موڵک لە لایەن وەزارەتی مالیە و شارەوانی و داخلیە و بەرگرییەوە موزایەدە کراوە و بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەناو (شۆڕش) و (لجنه شؤون الشمال) ڕووبەری (١,٢٠٣,١٦٤) دۆنم زەوی دەستی بەسەردا گیراوە .

- بەبڕیاری ئیستیملاک ژمارە (٣٦٩) لە (١٩٧٥/٣/٣١) ڕووبەری (١٣١,٥٥٥) دۆنم زەوی کە موڵکی کورد و تورکمان بووە ئیستیملاک کراوە
- بە بڕیاری ئیستیملاک ژمارە (٨٢٤) لە (١٩٧٦/٧/٢٨) ڕووبەری (٣٨,٢١٨) دۆنم زەوی کە موڵکی کورد و تورکمان بوون ئیستیملاک کراوە
- بەبڕیاری ئیستیملاک ژمارە (٩٤٩) لە (١٩٧٧/٨/٢٣) (١٣٢,٣٩١) دۆنم زەوی کە موڵکی کورد و تورکمان بوون ئیستیملاک کراوە.

- بە بڕیاری ئیستیملاک ژمارە (١٠٦٥) لە (١٩٧٨/٨/١٣) ڕووبەری (١٠,٠٠٠) دۆنم زەوی کە موڵکی کورد و تورکمان بوون ئیستیملاک کراوە.

- بە بڕیاری (لجنە شؤون الشمال) ژمارە (٩٣١) لە (١٩٩٥) ڕووبەری (٩٠٠,٠٠٠) دۆنم زەوی کە موڵکی کورد و تورکمان بووە ئیستیملاک کراوە.

دەسەڵاتدارانی بەعس هەر بەوەشەوە نەوەستاون وسەدان بڕیاری تریان بۆ دەست بەسەرداگرتنی موڵکووماڵی هاووڵاتیان دەرکرد.

ئەوەی خستمانە بەرچاو مێژووی زوڵم و ستەم و داگیرکاری و سڕینەوەی نەتەوەیەکە لە سەر خاک و ئاوی خۆی، بەڵام زووڵم و ستەمی داگیرکەر هەوێنی ئەستووربوونی باسکی بەهێزی پێشمەرگەو خەڵکی ستەمدیدەی کەرکوک بوو، زوڵم و ستەمکاری دەیان ساڵە بووە هەوێنی ڕقێکی پیرۆز کە لە ١٩٩١/٣/٢٠ دا قەڵای ستەمکاری ڕاماڵی و دوای (٧٠) ساڵ داگیرکاری کەرکوک هەناسەیدا، هەناسەی ڕزگاری و سەرفرازی.

ئامادەکاریەکان بۆ ڕزگارکردنی کەرکوک ڕێکخرا بوو، مەفرەزە پارتیزانەکان لە سنووری کەرکوک و چەمچەماڵ و قادرکەرەم و بناری گل، لە گەرمیانی زامداردا لە گەشەکردن و فراوان بوون دابوون، سازوو ئامادە بوون بۆ هەر پێشهاتێک ڕێکخستنە نهێنیەکان، سوپای ڕزگاری کوردستان، (سرک) شانە چەکدارەکانی برووسک، توێشەبەرەی ڕاپەڕین بوون، ئەوان بوونە داینەمۆی ڕاپەڕین و برووسکەی پێش هەورێکی تاڵ بوون، لە کەرکوک دایانکرد.

*****

دوای ئەنفال سەرکردایەتی (ی ن ک) هێزەکانی ڕێکخستەوە، مەفرەزەکانی ناردەوە بۆ ناوچەکانیان، ڕێکخستنەکانی ڕێکخستەوە، سوپای ڕزگاری درووستکرد، شانە چەکدارەکانی برووسک و شاڵاوی ئامادە کرد، لە سنووری کەرکوکیشدا، وەکو تێکڕای ناوچەکانیتر ڕێکخستن و شانەی چەکداری درووستکرد.

# ئـــــــەنفالی چـــــوار
# مـــــــەفرەزەکانی کـــــــەرکوك
# ســــــاڵی 1988
# دوو

تیپی ٢١ی کەرکوک یەکێک لە تیپە ناودارو جەربەزەو چەلەنگەکانی (ی ن ک) بوو، تیپێکی گەورەو ناوچەیەکی فراوانی لە خۆگرتبوو.

سنووری تیپی ٢١ی کەرکوک لە خاڵخالان، ڕێگای سلێمانی چیمەن، شۆڕدە بوەوە بەرەو ناو ناوشوان و شوانی سەرخاسە و کەرکوک و شێخ بزەینی و ساڵەیی و دەشتی بیبانی هەتا دوبز.

**تیپی ٢١ی کەرکوک لە ئەنفالدا پێکهاتەی بەم شێوەیە بوو:**

١- جوامێر چوارتاقی + سیروان کوێخا نەجم (فەرماندەی تیپ)

٢- وەستا سابیر فەرماندەی کەرتی ساڵەیی

٣- نەقیب سیروان کەرتی ٣ی شەهیدانی چیمەن

٤- ڕەوەند مەلا مەحمود کەرتی دووی شوان

٥٥- حەمە سوور دووشیوانی کەرتی تیپ

## ئـــــــەنفالی چـــــوار

دوای ئەنفالی یەک لە دۆڵی جافەتی و ئەنفالی دوو لە ناوچەی قـەرەداخ و ئەنفالی سێ لە گەرمیان، شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالی (٤) لە ناوچەکانی شێخ بزێنی و زێی بچووک و عەسکەرو گۆپتەپە و دەشتی هەولێر دەستپێکرد دوای بەرگری قارەمانانە لەو ناوچانە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان پاشەکشەیکرد.

## بــــــەرگری و پـــــــاشەکشە

خەڵکی ناوچەکانی گەرمیان و قـەراخ بەشێکی ڕووی کردبووە ناوچەکانی شێخ بزێنی و سنووری تیپی ٢١ی کەرکوک، پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک دەیانزانی هێرشی سوپای داگیرکەر ڕوو دەکاتە ناوچەکانی ئەوان، هێزەکانیان بە سەر ناوچەکەدا دابەشکرد، بەشێک لە پێشمەرگەکان چوونە دێی مەرزیخە، هێزێک بۆ سەر دێی عەلی بەیان هێزێک بە فەرماندەیی وەستا سابیر لە تورکی بوو ئاسۆ سوور و سەربازی مام حسێن لە شەوگێڕ بوون کەرتی تیپ بە فەرماندەیی حەمە سوور دووشیوانی لە دێیەکانی عەمدۆن و دەرماناوا بوون.

سوپای عێراق لە ڕێـدارو ئاڵتون کۆپری هێرشی دەستپێکرد لە قۆڵەکانی تریشەوە هێرش کرایە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، کاتژمێر ٤ی شەو لە شەوگێڕ و تورکی شەڕ دەستپێکرد تا کاتژمێر ١١ی خایاند دواتر پاشەکشەیانکرد لە شەڕو بەرگرییەکی بێ وێنەدا تێکڕای کەرتەکانی تیپی کەرکوک بەشدار بوون.

لە تورکی و کاولە سارو شەوگێڕو مەرزیخی چەند کەڵەکێکیان دانابوو تا خەڵک بپەڕنەوە بەری سێگردکان و سارتک.

هێزەکانی دوژمن لە نێوان سارتک و سێگردکان بوون، پێشمەرگەکان پەڕینەوە قەمبەرو لە ناوچەکە دابەشبوون بۆ ڕۆژی دوایی چوونە سماقولی، لەوێشەوە چوونە بالیسان و توتمێ و چیوەکان، ئاژەڵیان لە مەڕدارەکان کڕی و سەریان بڕی لەوێشەوە چوونە مەلەکان.

تیپی ٢١ی کەرکوک چوونە سنووری مەڵبەندی سێ و لە ناوچەی گەرەوان و چیای ئاراسن و بەرانبەر (شیرێ) مانەوە، لە گەرەوان تووشی شەڕو پێکادان بوون لە گەڵ سوپای دڕندەی داگیرکەر، تیپی قارەمانی کەرکوک هێرشەکەیان تێکشکاند.

## گـــــەڕانەوەی بەشـــێك لە هـــــێزەكە

پێش گەڕانەوەی تێکڕای هێزەکەی کەرکوک لە شەڕەکانی سەرکردایەتی، وەستا سابیرو هێزێک گەڕانەوە سنووری کەرکوک، پێداویستی مانەوەیان کڕی، وەستا سابیر لە ناوچەی شێخ بزێنی (٣٠) تەنەکە ڕۆنی کڕی لە گەڵ ئاردوو برنج و چاو پێداویستیتر لە چەندین شوێن شاردیانەوە.

لە کاولە سوار پشتی پەڵکانە کونە زەردەواڵەکەیان پێدەوت، لە هەڵەتی عەمدون کانی و ئاوێکی سازگار بوو هەر چوار دەوری توتڕک بوو، لە هەڵەتی مەرزیخە و بیر ئەسپان و تورکی و کارێزە لە سەرجەم ئەو شوێنانە خواردنیان شاردبوەوە، پێشمەرگەکان لەم شوێنانە دەمانەوە بەشی هەرە گەورەی هێزەکەی کەرکوکیش لە چیای ماکۆک بوون.

هێزەکەی کەرکوک لە قوتەی (کۆزە بەرخە) ی چیای (ماکۆک) سەنگەریان گرتبوو بەرانبەر (کڵاوی دێوانە) کە هێزی دوژمنی لێبوو.

دوای ئەوەی بڕیاری کشانەوەی مەڵبەندی (٣) درا شەڕ کەوتە بناری کونە کۆتری چیای قەندیل، تیپی ٢١ی کەرکوک ڕێگەیان لێگیرا، لە ڕێگا کۆپتەر لێیدان، چەند پێشمەرگەیەکیان بریندار بوو، بریندارەکان لە ڕێگەی حزبی دیموکراتەوە نێردران بۆ چارەسەر، دواتر پاشەکشەیان کرد بەرەو چیای (ماکۆک) و لەوێ گیرسانەوە.

## ســــــواراغا لە چـیای مــــاكۆك

هێزەکەی تیپی ٢١ی کەرکوک کە نزیکەی (١٥٠) پێشمەرگە دەبوون کشانەوە چیای ماکۆک.

سواراغای مستەشار بۆ ماوەی هەفتەیەک داڵدەی دان و خزمەتی کردن، دواتر چەند ئامر سریەیەکی فەوجەکەی تا بناری کۆسرەت لە گەڵ ناردن و بەڕێیکردن، لە بناری کۆسرەت ئامر سریەکان گەڕانەوە لای سواراغا.

ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٥ هێزەکەی کەرکوک گەیشتنە دۆڵەکانی پیبازۆکی دەشتی کۆیە، هەر ئەو ڕۆژە هێزەکانی سوپای عێراق، پشکنینی ناوچەکەیان دەستپێکرد.

هێزەکەی کەرکوک هاتنە دێیەکانی سێ کانی و سێگردکانی دەشتی هەولێر- لە ناوچەکە مەفرەزەیەک مابوونەوە ناوچەکەیان چۆڵنەکردبوو، خواردن و ناوساجییان بۆ هێزەکە درووستکرد بەو ئاردوو ڕۆنەی لایان مابوو.

زێی بچوک نێوان هەولێرو بەری شێخ بزێنی لێک جیادەکاتەوە، سیروانی کوێخا نەجم و (ڕەنجە عومەر صدیق) ی ڕێبەر سیاسی پەڕینەوە بەری شێخ بزێنی، هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکە کۆبوونەوەیەکیان کرد پێیانوتن کێ دەتوانێ بڕواتەوە بە مەرجێ خیانەت نەکات، بەشێک لە پێشمەرگەکان تەسلیم بوونەوە.

سەرلەنوێ هێزی پێشمەرگە ڕێکخرایەوە، لە کۆی (١٥٠) پێشمەرگە تەنها (٣٥) پێشمەرگە مانەوە کە بە سەر ئەم مەفرەزانەدا دابەشکران.

سیروانی کوێخا نەجم وەکو فەرماندەی هێزەکە لە ناوچەکە مایەوە، مەفرەزەیەک لە گەڵ خۆیدابوو، مام ڕۆستەم یەکێک لەو فەرماندانە بوو لە ناوچەکانی کەرکوک مابوەوە.

**مەفرەزەکەی سیروان کوێخا نەجم**

| | |
|---|---|
| ١- سیروان نەجم ڕەشید سەعید | (سیروانی کوێخا نەجم) |
| ٢- مستەفا محەمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد | (مستەفا چالاوی) |
| ٣- لوقمان عەباس عەلی محەمەد | (سەربەستە درێژ) |
| ٤- عوسمان ڕەحمان محەمەد تەها | (کوردۆ ڕەحمان) |
| ٥- جەمال حسێن میرزا | |
| ٦- فاتیح عەبدوڵڵا عەلی فەتاح | (کاروانی کادر) |
| ٧- نیزام محەمەد ئیبراهیم | (نیزام دێی قادر عەلی) |
| ٨- خەلیل عەبدوڵڵا عومەر | (خەلیل تۆماری) |
| ٩- عومەر عەلی فەرەج مەولود | (وریا ئاغجەلەری) |
| ١٠- خەیروڵڵا سەعید بایز | (جوتیار) |

**مەفرەزەی ئاکۆ سوور**

١- ڕەمەزان ئەحمەد حەمە عەلی (ئاکۆ سوور)
٢- ڕەنجە عومەر صدیق
٣- تالیب فاروق حەمە عەلی
٤- نەقیب ناسیح ئەحمەد
٥- عەلی محەمەد ڕەسوڵ (عەلی ناروجەیی)
٦- نورەدین محەمەد ئەمین (نەهرۆ ڕەش)
٧- ڕەحمان عومەر دێوانە (ڕەحمان کۆنفۆ)
٨- حەسەن عەبدولڕەحمان محەمەد ئەمین (حەسەن شورطە)
٩- یونس ئەحمەد حەمە عەلی
١٠- کاکە مەد محەمەد صاڵح (خاڵە بەخە)

**مەفرەزەی حەمە سەقەر**

١- محەمەد مستەفا محەمەد ئیسماعیل (حەمە سەقەر)
٢- سەرکەوت ئەحمەد خدر
٣- ڕەمەزان محەمەد صاڵح (پۆلا هەیبەیی)
٤- ئەحمەد حەسەن حسێن (مدیر)
٥- خەلیل عەبدول حەمید عومەر
٦- ڕزگار محەمەد بەکر (ڕزگار چیمەنی)
٧- قارەمان عەبدوڵلا (مامە قالە چیمەنی)
٨- وەحدەدین (ئارام چیمەنی)
٩- ئەیوب عەبدوڵلا عومەر (وریا قەفاری)
١٠- ئیبراهیم فازیل حەمە ڕەحیم (ئیباو)
١١- زولفەقار عەلی خورشید (پشکۆ)

## شــــەڕی تــــوڕکی

دوای کۆبونەوەی هێزەکەو سەر لە نوێ ڕێکخستنەوەو درووستکردنی مەفرەزەکان لە ڕۆژی ١٩٨٨/٩/١٣ کاک سیروان و هێزێک ڕۆیشتنە دوورگەی (توڕکی) هێزێکی گەورەی دوژمن بە پاڵپشتی جەیش و جاش و کۆپتەر هێرشیانکردە سەر پێشمەرگەکان تا درەنگانی ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو لەم شەڕەدا مام ڕۆستەم لە پەڵکانە بوو لە کونە زەردەواڵەکە، وەستا سابیر لە توڕکی بوو ئاکۆ سوورو برایەکی لە شەڕەکە بوون.

**لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگە و خێزانی پێشمەرگەیەک شەهید بوون بەم ناوانە:**

١- شەهید مەشعان خەڵکی (یارمچە)

٢- شەهید ڕەحمان صاڵح

٣- شەهید نەجات کوچەکی

٤- شەهید پەرژین کانەبی

پۆلێک پێشمەرگە لە حاویەی دەرماناوا بوون، بەڵام لە بەر نزمی کۆپتەرەکان کە نزیک زەوی دەبوونەوە نەیانتوانی بچن بە هانایانەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی شەهیدەکان لە دێی پەلکانە بە خاک سپێردران.

## گــــــەڕانەوەی وەســــتا ســــابیر

وەستا سابیر تووشی نەخۆشی ببوو دەست و قاچی لە جووڵە کەوتبوون، مام ڕۆستەم برووسکەیەکی بۆ کاک نەوشیروان و کاک کۆسرەت کرد وەستا سابیر دۆخی خراپە چی لێبکەین، کاک نەوشیروان و کاک کۆسرەت وەڵامیان دایەوە، وەستا سابیر بەرنە بەری سێگردکان ڕێباز لەوێیە چارەسەری دەکات، سیروانی کوێخا نەجم، وەستا سابیر، مام ڕۆستەم لە زێ پەڕینەوە چوونە سێگردکان مام شکور ڕانەمەڕێکی هەبوو گیسکێکیان لێکرِی، ناردیان بۆ تەقتەق داوو دەرمانیان بۆ بێنن، حەمە سەفەر دەیزانی دەرزی لێبدات چارەسەریان بۆ وەستا سابیر کرد بەڵام خراپتر بوو لە پەلو پۆ کەوتبوو ڕێباز گەیشتە لایان وتی من چی لەم جەنازەیە

بکەم لێرە نان نییە بیخۆین ئەگەر لای منیش دەمێنێتەوە دەیدەمە دەست خوا وەستا سابیر وتی من قاچم نییە بەڵام ئەوەتا قسە دەکەم، حاجی هەڵمەت و وەستا سابیر تەگبیریان کرد بچنە بنەسڵاوە، مام ڕۆستەم پەیوەندی لە گەڵ برادەران کرد، وەستا سابیر و حاجی هەڵمەت دۆخیان خراپە دەبێ بیاننێرنە بنەسڵاوە بچنە کوێ و چی بکەن وتیان با بڕۆنە ئەوێ مشووریان دەخۆین، حاجی هەڵمەتیش بریندار بوو دۆخی خراپ بوو.

وەستا سابیر نامەیەکی بۆ کاک صدیق نووسی بوو، من چیبکەم، وەڵامیان دایەوە هیچ دەسەڵاتمان نییە، صدیق لە ڕێکخستنەکانی کەرکوک بوو ناوی نهێنی ڕاستی بوو.دوای (١٠) ڕۆژ مانەوە لە بنەسڵاوە هیچ چارەسەرێکیان نەکردن، ناچار تەسلیم بوونەوە.

## شـــــەڕی کـــــارێزە

١٩٨٨/١١/١٤ شەش پێشمەرگەی مەفرەزە پارتیزانەکانی کەرکوک لە دێی (کارێزە) و لە هەڵەتی ماسقەڵا ڕووبەڕووی گەلە جاشێک بوونەوە.

**دوای شەڕێکی سەخت و نابەرابەر سێ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون:**

١- شەهید سەرکەوت ئەحمەد خدر

٢- شەهید خیروڵڵا سەعید بایز

٣- شەهید نیزام محەمەد ئیبراهیم

خواردنی سەرەکی پارتیزانەکان، پاشماوەی خۆراکی دێیەکانی ناوچەی شێخ بزێنی بوو، پێشمەرگە پارتیزانەکان کۆیان دەکردەوەو دەیانکردە نان.

*****

لە کۆتاییەکانی مانگی ١٩٨٨/١٢ دا بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکانی هێزەکە تووشی نەخۆشی مەلاریا بوون بۆیە پەیوەندیانکرد بە سەرکردایەتیەوەو بڕیاریاندا پاشەکشە بکەن بەرەو چیای پیرەمەگرون لەوێشەوە بۆ سەرکردایەتی.

غەریب هەڵەدنی لە پیرەمەگرون چاوەڕێی هێزەکە بوو بەڵام یەکتریان هەڵە کردبوو، هێزەکەی کەرکوکیش پاتری جیهازەکەیان کاری نەدەکرد، بۆیە سەربەستە

دریژو سیروان گۆگجەیی و هیوا ڕەش چوونە ئۆردوگای پیرەمەگرون پاتری جیهازەکەیان پەیداکردوو پەیوەندیان کرد بە کاک غەریبەوە.

کاک غەریب هاتەوە لایان، هێزەکەی کەرکوکی بردە بناری چیای ژیلوان، چەند ڕۆژێک لەوێ مانەوە هێزەکەی کەرکوک بێ پێڵاوو جگەرە بوون، غەریب هەڵەدنی لە بناری ژیلوانەوە گەڕایەوە ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون، پێڵاوو پاکەتی جگەرەی بۆ پێشمەرگەکان هێناو بەرە بەیان گەیشتەوە لایان لەوێشەوە دوو پێشمەرگە، مامۆستا جوامێرو سالاری لە گەڵ ناردن بۆ سەر چەمی هەرزنە.

چەمی هەرزنە ئاوێکی خوڕو بەهێزی هەبوو، شەپۆلە خێراو سەرشێتەکانی هەرزنە دەرفەتی پەڕینەوەی لە مرۆڤ سەندبووەوە، بارانێکی زۆر بارییوو بەفر سەر چیاکانی گرتبوو ساڵێکی توش و تەڕ بوو.

پێشمەرگەکان خۆراکیان پێنەمابوو، ماوەی پێنج ڕۆژ لە سەر چەمی هەرزنە مانەوە بەڵام بواری نەدا بپەڕنەوە، سیروانی کوێخا نەجم، ئاکۆ سووری گورجووگۆڵی ناردەوە چیای پیرەمەگرون تا جیهاز بکەن بۆ سەرکردایەتی و بێن بە هانایانەوە.

بەفرێکی ئەستوور چیای ئاسۆسی گرتبوو لە هەندێک شوێن بەفر دابەزیبووە بن بنارو قەدپاڵی چیاکان لە هەندێ شوێنیش تەواو هاتبووە خوارێ.

ئاکۆ سوور ڕۆیشت و نەگەڕایەوە لایان، لە پیرەمەگرون مایەوە، بەڵام بە (بێتەل) قسەیان لە گەڵ سەرکردایەتی کرد بوو فریای ئەو (٣٥) پێشمەرگەیە بکەون کە لە سەر چەمی هەرزنە گیریان خواردووەو بواری پەڕینەوەیان نییە.

پێشمەرگەکان دوو ئێستریان پێبوو، ڕۆژانە لە ئاوەکە دەپەڕینەوەو دەهاتنەوە لایان، برسێتی تینی بۆ پێشمەرگەکان هێنابوو، بۆیە بڕیاریاندا ئەگەر کەس نەهات بە دەمیانەوە ئێسترێک سەربڕن و بیخۆن.

فریای سەربڕینی هێسترەکە نەکەوتن کە تیمێک و چەند مەلەوانێکی خەڵکی (بێتووش و ئەشکان) گەیشتنە لایان تا بیانپەڕێننەوە.

سیمێکی گەورەیان پێبوو بۆ پەڕاندنەوەیان، هەر (٣٥) پێشمەرگەکە توانای ڕاکێشانی سیمەکەیان نەبوو، برسێتی بڕستی لێبڕیبوون لاوازو بێهێز بوون، بۆیە

ناچار سیمەکەیان کردە ملی هێسترەکان و گەیاندیانە لای پێشمەرگەکان، بە سیمەکە پەڕینەوەو گەیشتنەوە سنووری ئێران.

## پـــــــارتیزانەکانی کـــــــەرکوک ســـــاڵی 1990

دوای گەڕانەوەی ئەو هێزەی تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ لە سنووری کەرکوک و ناوچەی شێخ بزێنی مابوونەوە.

بۆ جاری دووەم و لە ساڵی ١٩٩٠ مەفرەزەیەکی (٨) کەسی، بە فەرماندەیی «ئاکۆ سور» گەڕانەوە ناوچەی شێخ بزێنی و لێوارەکانی کەرکوک لە مانگی (٥) ی ساڵی ١٩٩٠ تا مانگی (١١)ی هەمان ساڵ لە ناوچەکە مانەوە.

پێش ئەوەی مەفرەزەکە بەرەو ناوچەکانی کەرکوک بەڕێبکەون بۆ ماوەی مانگێک خولێکی برین پێچی و مەلەوانی و هەڵگرتنەوەی (مین) یان بینی، کە تیایدا دکتۆر شوان وانەی برین پێچی و خدر مەحمود جاف وانەی هەڵگرتنەوەی (مین) ی پێدەوتن.

مانگی (٥)ی ١٩٩٠ مەفرەزەیەک کە پێکهاتبوو لە (٨) پێشمەرگە بەرەو کەرکوک بەڕێکەوتن، بەکر ئیسێوی و خدر مەحمود جاف هەتا سەرچەمی هەرزنەو، حەیدەر حاجی تانی تا بنکەی پارتیزانەکانی پیرەمەگرون لە گەڵیان هاتن.

غەریب هەڵەدنی بەرپێکخستنەکانی ناو شاری ناساندن، لەوێشەوە بەرەو ناوچەی شێخ بزێنی بەڕێکەوتن.

غەریب هەڵەدنی مەفرەزەکەی کەرکوکی بە کاک چەتۆ صاڵح (لیوا چەتۆ) ناساند، پێش بەڕێکەوتنیان بۆ ناوچەی شێخ بزێنی، کاک چەتۆ هاتە چیای پیرەمەگرون بۆ لایان.

شێخ بزێنی ناوچەیەکی گەورەو فراوانە، مەفرەزەکە بە ناوچەکەدا دەگەڕان، لە هەڵەتی دێی حەسەن قەباخ، ئەشکەوتی هەنارە کرابووە بنکەو بارەگای پارتیزانەکان، بەردەم ئەشکەوتەکە کانی و ئاوێکی سازگاری هەبوو.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٠ بە دواوە ڕژێمی عێراق ڕێگەی بە جووتیارانی

ناوچەکەدا بگەڕێنەوە سەر کێڵگەو زەویەکانیان، ئەو ناوچانەی بە ناوچەی قەدەغەکراو (موحەڕەمە) هەژمار دەکران، لە کاتژمێر ٨ی بەیانی تا کات ٤ی ئێوارە جووتیارەکان لە ناوچەکە دەمانەوە.

لە ناوچەی قەرەناوو تەق تەق، جووتیارەکان گەڕانەوە سەر کێڵگەکانیان، ئەوەش هەلێکی باش و دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ سەر لە نوێ دروستکردنەوەی پەیوەندی نێوان پێشمەرگەو خەڵک وەک پەیوەندی نێوان (ماسی و ئاو).

پێشمەرگە پارتیزانەکانی کەرکوک، پەیوەندیان لە گەڵ خەڵکی ناوچەکان درووست کردەوە، بە بیانووی هاتنە سەر زەویە کشتوکاڵیەکان، ڕێکخستنەکانیش فرسەتیان دەهێناو دەهاتنە ناوچەکە بۆ بینینی پێشمەرگە پارتیزانەکان.

بە هۆی جووتیارەکانی ناوچەکە و ڕێکخستنەکانەوە پاتری جیهازەکەیان دەستکەوت، بەشێک لە پیداویستیەکانیشیان پێدەگەیشت.

دوای بینینی کاک چەتۆ لە چیای پیرەمەگرون کاک چەتۆ هاتەوە لایان و ڕایەڵەی پەیوەندی نێوان ڕێکخستنەکان و پارتیزانەکان بوو، خواردن و پێداویستی پارتیزانەکانی دابین دەکرد، نامەو ڕاسپاردەکانی ڕێکخستن و پارتیزانەکانی دەگەیاندە یەکتری.

**مەفرەزەکەی کەرکوک پێکهاتبون لە (٨) پێشمەرگە:**

١- ڕەمەزان ئەحمەد حەمە عەلی (ئاکۆ سوور) فەرماندەی مەفرەزە
٢- ئاوات ڕەشید کەریم (ئاواتە ڕەش) پ.م
٣- بەختیار محەمەد صاڵح (خاڵە بەخە) پ.م
٤- وریا عومەر عەبدوڵلا
٥- ئیبراهیم فازیڵ حەمە ڕەحیم «ئیبا» پ.م
٦- فەخرەدین مەحمود محەمەد (سمایل بەگ) پ.م
٧- ڕەمەزان محەمەد صاڵح (پۆلا هەیبەیی) پ.م
٨- نەقیب ناسح ئەحمەد (نەقیب بییانی) پ.م

## چـــــەتۆ ســـالّح

ئەنفالی ناوچەی کەرکوک و شێخ بزێنی و بناری خاڵخاڵان (چەتۆ سالّح) ی بەرەو ناوچەکانی مەڵبەندی سێ بەڕێخست، لە سۆراغی دکتۆر هادی برایدا بوو، ملازم عومەر هەواڵی شەهید بوونی دکتۆر هادی لە شاناخسێ پێڕاگەیاند.

چەتۆ سالّح چووە بارەگای کاک نەوشیروان و ماوەیەک لەوێ مایەوە، چەند هەفتەیەکیش لە ماڵی ئازاد هەورامی مایەوە، لە سەر داوای ئازاد هەورامی سەرکردە، بەشداری خولێکی (٤٥) ڕۆژیکرد لە مازەندەران، دوای تەواو بوونی خولەکە هاتەوە شاری بانە و لەوێشەوە چووە شاناخسێ بۆ سەر گۆڕی دکتۆر هادی برای.

لە سەر پێشنیاری کاک ڕەفعەت عەبدوڵلا لە ڕێگەی حزبی دیموکراتی ئێران چووە ڕانیە، کاک ڕەفعەت نامەی بۆ نووسیبوو بۆ ڕێکخستنەکانی ڕانیە، لە ڕانیە چووە ماڵی عەبدوڵلای حاجی ڕەسوڵ، نامەکەی کاک ڕەفعەتی دایە، لەوێشەوە سەید حاجی و براکانی و مستەفا عیزەدین کەرکوکی ناسی، لە بەشێکی نامەکەدا نووسرا بوو هاوکاری کاک چەتۆ بکەن و داڵدەی بدەن تا کارەکانی تەواو دەکات سەید حاجی «ئامر سریە» بوو بەڵام پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە هەبوو، « مستەفا عیزەدین» یش پەیوەندی بە سەید حاجی و ڕێکخستنەکانەوە هەبوو، ئیش و کاری ڕێکخستنەکانیان جێبەجێدەکرد، مستەفا تابیعەیەکی هەبوو، مۆری تەزویرو درووستکراوی دەزگا ئەمنی و فەوجە خەفیفەکانی هەبوو، ناسنامەو پسووڵەی تەزویری درووست دەکرد بۆ پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی ناو شار.

ناسنامەی تەزویریان بۆ کاک چەتۆ درووستکرد، تا بچێتە چەمچەماڵ بۆ لای دایکی و صباحی برای، دوای گەیشتنی بە چەمچەماڵ، دایکی و صباحی هێنایە ڕانیە و لەوێ خانوویەکی بۆ بەکرێگرتن.

دوای ئاشکرابوونی بەشێک لە ڕێکخستنەکان و دەستگیرکردنیان سەید حاجی و مستەفاش فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچوو، پێش دەستگیرکردنیان مستەفا مۆرو پسوڵەو ناسنامە تەزویرەکانی تەسلیمی کاک چەتۆ کرد، کاک چەتۆ لەو ماوەیەدا سەرنجی وردی لە شێوازی هەڵکۆڵین و درووستکردنی مۆرو ناسنامەو

پسوڵەکان دابوو بە باشی فێری بەکارهێنانیان ببوو، کە دواتر سوودی زۆری لێبینرا بۆ درووستکردنی پسوڵەو ناسنامەی تەزویر بۆ پارتیزانەکان.

دوای دەستگیرکردنی سەید حاجی و مستەفا و هاوڕێکانیان کاک چەتۆ چەند هەفتەیەک لە سنووری چوارقورنەو ڕانیە خۆی پەنا دا، دواتر بە مەبەستی پەیوەندیکردن بە پارتیزانەکانەوە چووە لای خزمەکانی لە پیرەمەگرون لەوێ پەیوەندیان بۆ ڕێکخستن و لە ماڵی مام ڕەسوڵ کرژەیی چاوی بە غەریب هەڵەدنی کەوت ئیتر لێرەوە بووە هاوکاری پارتیزانەکان و لە کۆمەڵگەی پیرەمەگرون مایەوەو کاروباری پارتیزانەکانی جێبەجێدەکرد.

لەگەڵ هاتنە خوارەوەی ئاکۆ سوورو هاوڕێکانیان کە ژمارەیان (٨) پێشمەرگە بوو، کاک چەتۆ بووە هاوکاری سەرەکی پارتیزانەکانی کەرکوک و سەرچاوەی یەکەمی دابینکردنی پێداویستیەکانی مەفرەزەکەی کەرکوک.

## هـــاتنە خوارەوەی مـــــەفرەزەی کـــەرکوك

کاک چەتۆ لە پیرەمەگرون بوو، سەرقاڵی کاروباری ڕێکخستن و پارتیزانەکان بوو.

شەوی ١٩٩٠/٥/١ غەریب هەڵەدنی، چەتۆ صاڵحی ئاگادار کرد، کاک نەوشیروان لە بەرنامەیدایە مەفرەزەیەک بۆ ناوچەکانی (کەرکوک و شێخ بزێنی و شوان) بنێرێ تۆ دەبێ هاوکارو سەرپەرشتیاریان بیت لە ڕووی ئیداری و دابینکردنی پێداویستیەکان، کاک چەتۆش بە داواکاریەکەی ڕازیبوو.

دوای ماوەیەک و لە ڕۆژی ١٩٩٠/٦/١٥ غەریب هەڵەدنی هاتە ئۆردوگای پیرەمەگرون و ئاکۆ سووری بە کاک چەتۆ ناساند، ئاکۆ سوورو چەتۆ صاڵح لە سەر شێوازی پەیوەندی کردن و یەکتر بینین ڕێکەوتن.

## یـــــەکەم ژوان، دیـــدار

مەفرەزەکەی ئاکۆ سوور پێکهاتبوو لە «٨» پێشمەرگە لە شاخی پیرەمەگرون، نێوان بازیان و پیرەمەگرون بوون  قادری مام عەودلی مۆرخواردە خزمی کاک

چەتۆ لە کۆمەڵگەی باینجان بوو، جێگەی متمانە بوو، کاک چەتۆ و کاک قادر چوونە بازاڕ، چوار تەبەق هێلکەو چەند پارچەیەک پاکەتی جگەرەو پاتری و شقارتە و چەند پێداویستییەکیتریان کڕی، هێلکەو پەتاتەکەیان لە ماڵی قادر مۆر خواردەیی کوڵاندوو بە نانی خۆماڵیەوە کردیانە ناو گوێنییەک، لە نێوان بەرزایی و شیوو دۆڵەکانی دێی (کوپەڵە) بە بەردەم ڕەبیەکانی دوژمندا بەرەو شوێنی پارتیزانەکان ڕۆیشتن، لەوێ ئاکۆ سوور چاوەڕێی دەکرد، گەیشتە لایان و کۆڵەکەی دانێ دوای پشوویەک کاک چەتۆ ماڵاوایی لێکردن، پێش ماڵاوایی ژوانی داهاتوویان لە دێی «تیژە» ی نزیک (تلیان) دانا تا لەوێ یەکتر ببیننەوە.

لە گەڕانەوەدا بۆ پیرەمەگرون بە دێیەکانی قازان و کەلەباش و گەبەو گولیجەدا گەڕایەوە پیرەمەگرون.

## ژوانـــــی دووەم، دیـــدار

بۆ گەیشتن بە شوێن ژوانی دووەم کاک چەتۆ هاتە تەکیەی کاکەمەند، هەشت نەفەر کەباب و شەش پارچە پاکەتی سۆمەری ڕەش و سەموونێکی زۆری کڕی لە ماڵەکانی خوار تەکیە بەرەو چەمچەماڵ خۆیکرد بەو شیوو دۆڵانەی دەهاتنە سەر ڕێگای، لەو هەردەو هەڵەتانە تووشی شوانە مەڕێک بوو لەوان تێپەڕی.

کاک چەتۆ شارەزای ناوچەی خاڵخاڵان و قەڵاسێوکە بوو ناوچەکە بە ناوچەی قەدەغەکراو ناسێنرابوو لە لایەن ڕژێمەوە هەر هاموشۆو جمووجۆڵێک مەترسی گەورەی لە سەر بوو، ڕۆژ هەڵدەکشاو بەرەو ئاوابون دەچوو، زەردە دەپەڕی و خۆر لە باوەشی ئاسماندا خەریک بوو بە ئاسپایی گیانی دەسپارد بە شەوگارو سەرخەوێکی دەشکاند.

چەتۆ صالح کۆڵێکی ٣٥ کیلۆیی لە کۆڵ نابوو، بە سەر پشتی گردوو یاڵ و هەردەو هەڵەتی ئەو ناوچە کرکانە دا هەنگاوی دەنا، هەر گردو یاڵ و شیوێک یادگاری و بیرەوەری بوو، ناوچەکە بۆنی مردووی گرتبوو تەنها دەنگی فیشکەی مارو مەلە کێویەکان و گوێدرێژ دەهاتە گوێ.

شەو داهات، دنیا کش و مات و بێدەنگ، بۆن و ڕەنگی ئەنفال لە شاخ و دەشت و شیوی ناوچەکە دەهات، ڕەنگی مەرگێکی ئازار بەخشی گرتبوو ئازاری زریکەی منداڵ و لاواندنەوەی دایک و پیری کەنفت لە شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالدا.

لەو شیوو دۆڵە تاریکە سەرخەویکی شکاند، کاتێ چاویکردەوە ڕۆژ هەڵاتبوو، لە دوورەوە هەندێ کەلاوە کۆن دەهاتە بەرچاو، هەنگاوەکان بەرەو ئەوێ هەڵیگرت، دوای ماوەیەک گەیشتە تیژەو تلیان، شوێن ژوانەکەی کاک چەتۆو مەفرەزەکەی کەرکوک لای تاشە بەردەکانی تلیان بوو، دوای گەیشتنە شوێنی ژوانەکە بە ناوچەکەدا گەڕا، چووە سەر تاشە بەردەکان، سەرەتا بە دەنگی نزم دواتریش بە دەنگی بەرز هاواریکرد برادەران لە کوێن من هاتووم خواردن و پێداویستیم بۆ هێناون، ناو بە ناو هەموویانی بانگدەکرد، چەند کاتژمێرێک مایەوە کەس دەرنەکەوت و کەس وەڵامی نەبوو، کۆڵەکەی لە شوێنی دیاریکراو داناو بە ناو شیوو چەم و دۆڵەکانی پشتی چیا گەورەوە بە ئاڕاستەی دێی «تەوەکەڵ» ملی ڕێگایگرت تا گەیشتەوە تەکیەی کاکەمەند.

لە گەڕانەوەدا دیمەنەکان غەمناک و دڵتەزێن بوون، ئەو شیوو دۆڵ و هەردەو هەڵەتانە، هێشتا بۆنی ئازیزانی لێدەهات کە ئەنفال ڕاپێچی کردبوون.

مەمەی منداڵ و یارییە سادەو ساکارەکانی ئەو سەردەمەی منداڵان، بەتانی و باوەڵ و جانتایماڵان، جل و بەرگی ژنان و پیاوان لەو دەشت و هەردانە کەوتبوون، جلی ژێرەوەی کچان و ژنان دەهاتە بەرچاوکاک چەتۆ دایدەپۆشین و دەیکردنە ژێر خاکەوە، ئیتر ئەو سەردەمە ئاوا بوو، خاک دایک و ژنان و کچان خوشک بوون، هەتا جلی بەجێماوی ژنانیش بەڕێزەوە تەماشا دەکراو دادەپۆشران.

دوای گەڕانەوە بۆ پیرەمەگرون لە ڕێگەی (بێتەل) ی مەفرەزەکەی پیرەمەگرون هەواڵی هەڵگرتنەوەو گەیشتنی پێداویستیەکانی زانی و هەر لە ڕێگەی (بێتەل) یشەوە شوێن ژوان و دیداری داهاتوویان دانا.

## دیـــــدار- ژوانی ســـــێیەم

لە ڕێگەی هەر دوو (بێتەل)ەکەی پیرەمەگرون کەرکوک، شوێن ژوانی داهاتوو دەست نیشانکرا.

بێتەلەکەی مەفرەزەکەی کەرکوک بە جفرە ووتبوویان (با هەلۆکە بفڕێ بۆ ئەو دێیەی وەکو ناوی دێیەکەی خۆیان وایە) واتە مۆرخواردەی سەروو.

ئەمجارەیان کاک چەتۆ ڕوویکردە شارۆچکەی تەق تەق لە گەڵ (عادل) کە تاقانەی ئەنفال بوو داوایکرد لە گەڵیبڕوات، عادل ڕەزامەندی دەربڕی و لە گەڵیڕۆی.

پاترییەکی بچووکیان کڕی بۆ بێتەلەکەو سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەک بوون بۆ ڕۆیشتن، لە قەراغی پردەکەدا ڕێگەیەکی باریک وەک تولە ڕێ یان شوانە ڕێ هەبوو بۆ ڕۆیشتن و گەڕانەوە ڕێگاکە مێگەل و مەڕوو ماڵاتی پیادەڕۆی.

بەیانییەکی زوو (بومەلێڵ) بەیانی ڕۆژی ١٩٩٠/٧/٥ لەو تولە ڕێیەوە خۆیان تێکەڵی مێگەلەکە کردوو دەربازیان بوو، بە لێواری دێی سەرچنارو جەلەمۆردوو قەدپاڵی چیای خاڵخاڵان دا سەرکەوتن.

ڕێگە چۆڵ و کپ و خامۆش، تەنها چەند پشیلەیەکی کێوی و دۆلابێکی بووک و زاواو جل و بەرگی ژن و پیاوانی دێیە ئەنفالکراوەکان بەرچاو دەکەوتن کە دوای بێسەرو شوێن کردنیان جێمابوون و ببوونە شایەدی تاوانێکی قێزەون و لە بیرنەکراو، دیمەنێک ناخی دەهەژاندو دڵی دەهێنایە کوڵ، دیمەنی خەماوەری ئەنفال.

هەنگاو هەنگاو لە مۆرخواردە نزیک بوونەوە، کەلاوەکانی مۆرخواردە دەرکەوتن، مۆرخواردە خاوەنی ڕەزو باخ و کانیاوی سازگارو بەناوبانگ بوو، هەرچەندە ئەنفال سەروو پرچی درەختەکانی ژاکاند بوو مات و مەلول و خەمبار بوو، بەڵام هێشتا درەختە شەنگ و شۆخەکانی ڕەونەقیان لە دەست نەدابوو، ئەو دەشت و هەردوو هەڵەتە سەوز دەچووەوە سەوزێکی خەمباری دوای ئەنفال.

کاک چەتۆو عادل هەنگاوەکانیان خێراتر کرد، بەرەو ڕەزو باخ و سەرچاوەی ئاوەکە دەڕۆیشتن، ئەوان گەیشتنە سەرکانییەکەو دوو کەس دەرکەوتن، ئاوات و ئیبراهیم دوو پێشمەرگەی مەفرەزەکەی ئاکۆ سوور بوون، دوای یەکتر لە ئامێز

گرتن، کاک چەتۆ عادلی پێناساندن، لە ژێر دارە شەنگەکانی ئەوێ دانیشتن و قسەو باسیانکرد، تا کاتژمێر (٣)ی ئێوارە لەوێ مانەوە، دواتر ماڵاواییان لە یەکتر کردوو شوێن ژوانی داهاتویان لە ناوچەی شێخ بزێنی دیاری کرد بە تایبەت دێی (جگیلە) ی نزیک تەقتەق.

هەر لەو دیدارەدا باس لەوەکرا هەوڵ بدەن خواردنی جێماوی پاشماوەی دێهاتەکانی ناوچەکە کۆبکەنەوەو، هەرواشیان کردبوو.

پێشمەرگەکان لە مێژ بوو لە کەس و کاریان دابڕابوون کەس و کاریشیان هەواڵی ئەمانیان نەدەزانی بۆیە (ئاوات) پێشمەرگەی مەفرەزەکەی کەرکوک نامەیەکیدایە کاک چەتۆ تا بیگەیەنێتە ماڵی باوکی لە گەڕەکی ئەڵماسی کەرکوک، کاک چەتۆش نامەکەی گەیاندە دەستی دایکی، دوای تەواو بوونی دیدارەکە بە هەمان شوێندا گەڕانەوە تەقتەق.

## شـــــوێن ژوانی چـــــوارەم دێی (جگـــــــیلە)

ڕژێمی عێراق مۆڵەتی دابوو بە دێنشینەکان بگەڕێنەوە سەر موڵک و ماڵیان، لە بەیانی تا کاتژمێر ٤ی ئێوارە مۆڵەتی دابوو بمێننەوەو دواتر بگەڕێنەوە.

چەند ماڵێک هاتبوونەوە دێی جگیلە کە ئەوە دەرفەتێکی باش بوو بۆ هامووشۆ، کاک چەتۆ چووە شوێنی دیاریکراو بۆ جگیلە، کاک ئاکۆو فەخرەدین هاتبوون بۆ شوێنی موعید «ژوان»ەکە، کاک چەتۆ وەڵامی نامەکەی ئاواتی دایە کاک ئاکۆ، لە سەر دۆخی سنوورەکە و دۆخی گشتی گفتوگۆکرا، فەخرەدین نامەیەکیدایە کاک چەتۆ تا بیگەیەنێتە ماڵی دایکی، لە گەڕانەوەدا کاک چەتۆ نامەکەی گەیاندە ماڵی دایکی فەخرەدین.

دوای چەند ڕۆژێک کاک چەتۆ لە ڕێگەی حاویەکانی تەقتەق گەڕایەوە لایان، کاک ئاکۆو فەخرەدین هاتبوون بۆ دیدارەکە، کاک چەتۆ وەڵامی نامەکان و ئەو داوو دەرمان و دەرزی و دەزوانەی داوایانکردبوو گەیاندە دەستیان.

یەکێکیتر لەو کەسانەی کاک چەتۆ متمانەی پێبوو نەوزاد خەڵکی کەرکوک بوو پیشەی تەنەکەچی بوو، ئۆتۆمبێلێکی لاندکرۆزەری مۆدیلی حەفتاو نۆی هەبوو،

بۆ جێژوان (مەوعید) ی داهاتوو کاک چەتۆ نەوزادی برد لە گەڵ خۆی، نەوزاد سەرووسیمای لە عەرەب دەچوو عەرەبی بە باشی دەزانی، بۆیە لە سەیتەرە ڕایان نەدەگرت، یان یەکسەر ئیزنیان دەدا.

گەیشتنە دێی جگیلە کاک ئاکۆو نەقیب و ئـاوات هاتبوونە شوێن ژوانەکە، دوو فەردە ئاردی گەورەو شەکرو برنج و ڕۆنیان بۆ هێنابوون، دوای گفتوگۆ و داڕشتنی بەرنامەی داهاتوو، ئاکۆ سوور دەمانچەیەک و کلاشینکۆفێکی دایە کاک چەتۆ، دەمانچەکە»سمس» بوو، دەمانچەی شەهید مەلا ئاراس بوو لای کاک ئاکۆ مابوەوە، نەوزاد بەرگی دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی داماڵی و کلاشینکۆف و دەمانچەکەی کردە ناوی و وەکو خۆی لێکردەوە.

شوێنی پارتیزانەکان نزیک دێی دەرمـانـاو بـوو، زۆر نزیک بـوو لە شاری کەرکوکەوە.

## بـــــردنی مناڵ و خـــــێزانەکەی ئاکۆ ســـــوور

چەند جارێک ئاکۆ سوور هەواڵی نازەنین خانی هاوسەری و دارای کوڕی و دایک و باوک و کەسووکاری لە کاک چەتۆ پرسیبوو، کاک چەتۆش بەڵێنیدا سۆراغی کەسووکارەکەی بکات.

ماڵی مام ئەحمەد باوکی ئاکۆ سـوورو خێزانەکەی چووبوونە کۆمەڵگەی «کەورگۆسک» لە نێوان ناحیەی ئاسکی کەڵەک و موصڵ، کە زۆربەی دانیشتوانی سوورچی و زراری بوون.

کاک ئاکۆ ناونیشانی ماڵی باوکی دایـە کاک چەتۆو بە ناونیشان ماڵی مام ئەحمەدی لە کۆمەڵگەی کەورگۆسک دۆزیـەوە، چووە ماڵی مام ئەحمەد، دوای سڵاوکردن وتی هەواڵی کاک ئاکۆم بۆ هێناون.

لە گەڕانەوەدا کاک چەتۆ بە نازەنین خانی هاوسەری کاک ئاکۆی ووت بۆ نایەیتە تەقتەق، لەوێوە دەرفەتێک بڕەخسێنین کاک ئاکۆ ببینی، نازەنین خان لە وەڵامدا وتی بۆ ناو ئاگریش بێت دێم.

دوای گەڕانەوەی کاک چەتۆ قسەکردن لە گەڵ کاک ئاکۆ لەو بارەیەوە، کاک چەتۆ بەرنامەیەکی داناو نازەنین خان و مریەم خانی دایکی کاک ئاکۆو دارای کوڕی کاک ئاکۆی بردە ماڵی کاک فەخرەدین، بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی دایکی فەخرەدینیشیان لە گەڵ خۆیان بردوو چوونە شوێنی دیاریکراو لە (حاویەی مەرزیخە- چەمی سەیناغ) کە تەنیشت زێ و قامیشەڵان و چڕەدار بوو، لە ناو قامیشەڵاندا پێشمەرگەکان هاتنە دەر، دوای دابڕانێکی درێژ بە یەک شادبوونەوە، دیمەنی شادبوونەوەی کوڕو دایک و هاوسەرەکان دیمەنێکی غەمگین و تاسەبار بوو، دیمەنێک پڕ بوو لە حوزن، لە خۆشەویستی لە بۆن و بەرامەی دوای دابڕان، دیمەنێک تەنها فرمێسکی دایکان و دڵی پڕ سۆزی باوک دەتوانێ بینووسێتەوە و گوزارشتی لێبکات.

دوای دیدارو بە یەک شادبوون چەند کاتژمێرێک لەوێ مانەوەو گەڕانەوە تەقتەق، بەڵام نازەنین خان لای کاک ئاکۆ مایەوەو بووە پارتیزان.

ژوانی داهاتوی کاک چەتۆ لە گەڵ مەفرەزەکەی کەرکوک بە سواری ماتۆڕ لە گەڵ نەوزاددا بەرەو دێی مەرزیخە بەڕێکەوتن، هەندێک پێداویستی و کەبابیان لە گەڵ خۆیاندا برد، گەیشتنە دێی (کانی ڕەش) تا لەوێوە بچنە مەرزیخە، کابرایەکی باخەوان لە سەر کێڵگەی سەر ڕێگاکان بوو، ئاگاداری کردنەوە لەوەی کە هێزی دوژمن دەرچووە بۆ کێوماڵ یان گسکدانی ناوچەکە.

دەنگی تەقە دەهاتە گوێ، لە دوورەوە کەسێک ئیشارەتی بۆ کردن دواتر بوونە چەند کەسێک، کە نزیک بوونەوە لێیان خاڵە بەخەو برادەرانیتری مەفرەزە پارتیزانەکەی کەرکوک و شێخ بزێنی بوون، چوونە لایان و خواردن و پیداویستیەکانیان دانێ، دوای گەڕانەوەی هێزەکەی داگیرکەر ئەمانیش گەڕانەوە، کاک ئاکۆ داوای لە کاک چەتۆ کرد کە ئەمجارە هاتەوە، نازەنین خان بەرێتەوە کەورگۆسک.

## هـــــێنانەوەی نـــــازەنین خان

پاش چەند ڕۆژێک و بۆ ژوانێکیتر کاک چەتۆ چووە حاویەی ئیلینجاخ، کاک ئاکۆو خاڵە بەخەو کاک ئاوات و کاک فەخرەدین سمایل بەگی و نازەنین خان

هاتبوونە شوێنێکی دیاریکراو، دوای پشوویەک کاک ئاکۆ وتی دەتوانی کاک ئاوات لە گەڵ خۆت بەری، کاک چەتۆ بەڵێنیدا (عدم تعرض) ی تەزویری بۆ درووست بکات و جاری داهاتوو لە گەڵ خۆی بیبات.

دوای ماڵاوایی و بەڕێکردنیان لە لایەن کاک ئاکۆو هاوڕێیانی ترەوە، کاک چەتۆ، نازەنین خانی گەیاندە ماڵی کاک فەخرەدین سمایل بەگی لە تەقتەق.

## هـــــێنانی ئاوات بۆ کـــــەرکوك

دوای ماوەیەکیتر کاک چەتۆ ڕێگەی جگیلەی گرتەوە بەر ناسنامەی ئاوات و هەندێ وێنەی کۆنی ئاواتی لای دایکی ئاوات وەرگرتبوو تا ناسنامەو پسووڵەی تەزویری بۆ درووست بکات، ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتە لای ئاکۆو فەخرەدین سلێمان بەگی، دواتر ئاوات و خاڵە بەخە هاتن.

شەوێکی مانگە شەو بوو، هەوا لە شەواندا ساردیکردبوو، لە بەر تریفەی مانگە شەوی ئەو شەوە دانیشتبوون، تا بەرەبەیان کەس چاوی نەچووە خەو، هەر نەشیان دەویست بخەون چونکە ناوچەکە نزیک بوو لە دوژمنەوە، گومانی دەرچوون و کێوماڵکردنی ناوچەکە هەبوو.

گەلاوێژ کەوتبوو، گەرما هێواش هێواش بارگەوبنەی لە شەواندا دەپێچایەوەو خۆی ڕادەستی کزەبایەکی سارد دەکرد کە مرۆڤ ناچار و تامەزرۆی پێخەف بوو.

شەو تێپەڕی و شەوگار بەرەو ڕووناک بوونەوە دەچوو، پسوڵەو ناسنامە تـەزویرەکـەی (ئـاوات) یـان لـە بـەر ڕووناکی لایتێک دروستکرد، قاتە شاڵە ڕەساسیەکەی خاڵە بەخەیان کردە بەری ئاوات و تاقم و تفەنگەکەی تەسلیمی هاوڕێیان کردو لە گەڵ کاک چەتۆ بەڕێکەوتن گەیشتنە تەقتەق، لەوێشەوە سوار ئۆتۆمبێل بوون بۆ پیرەمەگرون، لەوێ چوونە ماڵی ڕەسوڵ کرژەیی ئاوات ماوەیەک لە پیرەمەگرون مایەوە دۆخی ئاسایی بووەوە، ڕەنگوو ڕووی شاریگرت.

ڕێکخراوی سلێمانی لە ڕێگەی غەریب هەڵەدنی داوایانکردبوو پەیوەندی نێوان کاک چەتۆو ڕێکخراوی سلێمانی دروستبکەن، چوونکە دەبوایە لە زستاندا پارتیزانەکانی کەرکوک بگەڕێنەوە پیرەمەگرون.

دوای دیداری غەریب هەڵەدنی و چەتۆ صالح، بۆ ڕۆژی دوایی لە سەر ڕێگای کرژە بە ناونیشان و ناوی نهێنی (سەربەست) کاک چەتۆ ئەو هاوڕێیەی ڕێکخراوی سلێمانی ناسی کە ناوی نهێنی (پشتیوان) بوو لێرەوە پەیوەندی ڕێکخراوی سلێمانی و پارتیزانەکانی کەرکوک گرێدرا.

## بـــــردنی ئاوات بۆ کـــــەرکوك

بەرە بەیانی لە ماڵی ڕەسوڵ کرژەیی دەرچـوون، کاک چەتۆو کاک ئاوات پیرەمەگرونیان بەجێهێشت بەرەو سلێمانی لەوێشەوە چوونە گەراجی کەرکوک سلێمانی و سوار پاسی کەرکوک بوون، لە کوشنی دوای شۆفێر دانیشتن، ئەو شوێنەی کەمتر سیطرە کان گومانیان لێدەکرد، بێ کێشەو سەر ئێشە گەیشتنە ناو کەرکوک، لە کەرکوک سوار تەکسیەک بوون و چوونە ماڵی ئاوات دایکی ئاوات دەرگای کردەوەو چوونە ژورەوە، کاک چەتۆ ئەو شەوە لە ماڵی ئاوات مایەوە، بەیانییەکەی ئاواتی بەجێهێشت و گەڕایەوە حاویەی جگیلە بۆ لای هاوڕێیان و پێیڕاگەیاندن ئاوات بە سەلامەتی گەیشتۆتە گەڕەکی ئەڵماس تەپە بۆ ماڵی خۆیان.

گەیاندنی ئاوات بۆ ماڵی خۆیان و هێنان و بردنەوەی نازەنین خان بە سەلامەتی متمانەو ئاسوودەیی زیاتری لای پارتیزانەکان درووستکرد، بۆیە کاک نەقیب و کاک وریاش نامەو ناونیشانیان دایە کاک چەتۆ تا بیگەیەنێتە کەسووکاریان، دوای گەڕانەوە نامەکەی وریای گەیاندە ماڵی خوشکی لە گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوک، نامەکەی کاک « نەقیب»یشی گەیاندە ماڵی هیوای ئامۆزای.

دوای گەیاندنی نامەکەی کاک نەقیب گەڕایەوە ماڵی حەپسە خانی خوشکی کاک وریا، ئێوارە لەوێ نانیان خواردوو لە گەڵ حەپسە خان و کاک مەنافی هاوسەری چوونە چەمچەماڵ بۆ ماڵی دایکی وریا.

بۆ ڕۆژی دوایی کاک چەتۆ گەڕایەوە کەرکوک بۆ ماڵی کاک ئاوات، لە گەڵ ئاوات گەڕانەوە پیرەمەگرون (ڕەمزی) ناوی ئەو ئامر سریەیە بوو کە خاڵۆزای ئاوات بوو، کاک چەتۆ لە گەڵ کاک حەمیدی ئامۆزای سەردانی ڕەمزی کردوو بە ناوی ئاواتەوە قسەی لەگەڵکرد تا هاوکاریان بکات، ناسنامەیەکی بەرگ شین بە

ناوی (ئامر مەجموعە) تازە دەرچوو بوو، ڕەمزی وتی گەر دەتانەوێ بۆتان پەیدا دەکەم.

بۆ جاری دووەم کاک چەتۆو کاک ئاوات چوونەماڵی کاک ڕەمزی لە چەمچەماڵ، ڕەمزی شەش ناسنامەی بەتاڵی ئامر مەجموعەی بۆ پەیدا کردبوون، دوای وەرگرتنی ناسنامە بەتاڵەکان کاک چەتۆ لە بەر ناسنامەکەی کاک ڕەمزی کە وێنەیەکی دابووە کاک چەتۆ، مۆری ناسنامەکەی درووست کردوو لە ناسنامە بەتاڵەکانیدا، دوای وەرگرتنی ئەو شەش ناسنامەیە چەند جارێکیتریش (عدم تعرض) ی بەتاڵی دایە کاک چەتۆ لە گەڵ (٨) قەمسەڵەی سەربازی (حروب جەبەلی) کە زۆر گەرم و گونجاو بوو بۆ پارتیزانەکان.

## بـــردنی ئاوات بۆ بنـــکەی پـــیرەمەگرون

دوانیوەڕۆیەکی درەنگ کاک چەتۆ و ئاوات بەڕێکەوتن بۆ (دۆڵەبی) بنکەی مەفرەزەکانی پیرەمەگرون، پێش ئەوەی خۆر بنیشێ هێشتا دنیا ڕووناک بوو، بە نێو شیوو دۆڵەکانی ناوچەکەدا بەڕێکەوتن بۆ پشتی قەرەچەتان ڕەبییەی دوژمنی لێبوو لەوێش تێپەڕین و گەیشتنە بنکەی پێشمەرگەکانی پیرەمەگرون خالیدی کاروباروو عوسمان سیدەری و شوان موغاغی لە بنکەکە بوون، شەو لەوێ مانەوەو ڕۆژی دوایی گەڕانەوە پیرەمەگرون.

## بـــردنەوەی وریـــا قـــەفاری

کاک چەتۆ لە ژوانێکیتردا گەڕایەوە حاویەی[١١٣] ئیلینجاخ بە ڕەزامەندی کاک ئاکۆو لە سەر داوای دایکی کاک وریا، وریا قەفاری بردەوە چەمچەماڵ.

دوای ڕێکخستنی ناسنامەو پێداویستی هاتنە ناو شار کاک چەتۆ وریا قەفاری هێنایە چەمچەماڵ بۆ ماڵی دایکی چوونەوەی وریا قەفاری بۆ ماڵی دایکی پڕ تاسەو سۆزێکی لە ڕادەبەدەر بوو، چونکە پێشتر وایان زانیبوو وریا شەهید بووە.

١١٣ لە ناوچەی شێخ بزێنی و کەرکوک ئەو زەویە کشتوکاڵیانەی لە دەم (زێ) ن یان نزیک (زێ) ن دەوترێت حاویە.

دوای چەند ڕۆژێک مانەوەی لە چەمچەماڵ، وریا لە گەڵ کاک چەتۆ چوونە پیرەمەگرون، لە گەڵ ئاوات لە ماڵی مام ڕەسوڵ یەکیانگرتەوە، چەند ڕۆژێک لە پیرەمەگرون مانەوە، لەو چەند ڕۆژەدا کاک چەتۆ هاوڕێ پشتیوانی بینی کە هێڵی پەیوەندی نێوان کاک چەتۆو ڕێکخراوی سلێمانی بوو.

## گـــەڕانەوەی مەفرەزەکەی کـــــەرکوك بۆ پیرەمـــــەگرون

ماوەی شەش مانگ بوو مەفرەزەکەی کەرکوک لە سنووری شێخ بزێنی و دەشتەکانی نزیک کەرکوک مابوونەوە، وەرزی سەرماو سۆڵە هاتبووە پێش، سەرکردایەتی لە ڕێگەی (بێتەل) ەوە ئاگاداری کردبوون بگەڕێنەوە پیرەمەگرون.

هاتنە خوارەوەی مەفرەزەکەی کەرکوک بۆ بێنرخ کردنی دەسەڵاتی ڕژێمی داگیرکەری عێراق بوو، کاک نەوشیروان ووتبووی چەند هەفتەیەکیش لە سنووری کەرکوک بمێننەوە و دوژمن بزانێ کە هێزەکانمان لە پەنا گوێیدان سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئێمە، بەڵام نەک چەند هەفتەیەک نزیک بۆ شەش مانگ لە لێوارەکانی کەرکوک و ناوچەی شێخ بزێنی مانەوە.

مەفرەزەکەی کەرکوک (٨) کەس بوون، ئاوات و وریا هاتبوونە پیرەمەگرون، مابوونەوە (٦) کەس بە سەلامەتی گەڕانەوە بنکەی پارتیزانەکان لە پیرەمەگرون، ئاوات و وریا چوونەوە لایان و یەکیانگرتەوە.

## بـــــردنی ئاکۆ سوور بۆ کـــــەور گۆســـــك

دوای گەڕانەوەی مەفرەزەکەی کەرکوک بۆ بنکەی پارتیزانەکانی پیرەمەگرون لە (دۆڵەبی) کاک ئاکۆ سوور پێشنیازی بۆ کاک چەتۆ کرد بەرنامەی بۆ دابنێ و ناسنامەی بۆ درووست بکات تا سەردانی ماڵی باوکی بکات لە کۆمەڵگەی کەور گۆسک و بچێتە لای خێزانەکەی.

دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرکردایەتی، کاک چەتۆ ناسنامەی (ئامر مەجموعەی) بۆ کاک ئاکۆ درووستکرد، کاک ئاکۆ هاتە کۆمەڵگەی پیرەمەگرون لە گەڵ کاک چەتۆ ئەو شەوە لە ماڵی کاک (ڕەزا) بوون.

تاریک و ڕوونی بەیانی سوار پاس بوون و چوونە سلێمانی لەوێشەوە سوار پاسی موسڵ بوون، دوای بڕینی سیطرەی تاسلوجە و چەمچەماڵ و کەرکوک و هەولێر و ئاسکی کەڵەک گەیشتنە ئاستی کۆمەڵگەی کەورگۆسک و لەوێ دابەزین.

ماڵی مام ئەحمەد باوکی کاک ئاکۆ ئاگادار نەبوون لە گەڕانەوەی کاک ئاکۆ، دوای سەرنجدانی دەورووبەری ماڵیان کاک چەتۆ چووە ژورەوە تا بزانێت میوانیان نییە یان خەڵکی تری لێنیە، دوای سڵاو کردن لە مام ئەحمەد کاک ئاکۆش بە دوایدا چووە ژورەوە، ئیتر ئەو ماڵە پڕ بوو لە باوەش و ئامێزی گەرمی دووری و دابڕان، لە دڵی گەرم لە عەشق و خۆشەویستی لە بۆن و بەرامەی ئاکۆ.

کاک ئاکۆ ماوەی هەفتەیەک مایەوە لە (کەورگۆسک) لەو ماوەیەدا پەیوەندی بە کەسوکاریەوە کردبوو، هێڵێکی ڕێکخستنی لەوێ درووستکردبوو لەو کەسانەی جێگەی متمانەن، هەر لە ڕێگەی ناسیاوێکی کاک ئاکۆوە ژمارەیەک پسووڵەی مۆڵەتی سەربازیان دەستکەوت، دوای هەفتەیەک لە گەڵ کاک چەتۆ بە سەلامەتی گەیشتنەوە ماڵی ڕەسوڵ کرژەیی لە کۆمەڵگەی پیرەمەگرون، لەوێشەوە کاک ئاکۆ ماڵاوایی کردوو گەیشتەوە (دۆڵەبی) بنکەی پارتیزانەکانی پیرەمەگرون.

## گـــــرتنی کـــــــوەیت

عێراق کوەیتی داگیرکرد، لە تەلەفزیۆنەوە بەیاننامەی گوایە ڕزگارکردنی کوەیت و کردنی بە پارێزگای (١٩)ی ڕاگەیاند.

دوای داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە، ڕژێم دەسەڵاتی بە سەر ناوچەکانی کوردستاندا لاواز بوو، خەڵکێکی زۆر لە سەربازی ڕایانکردبوو، هێزەکانی ڕژێم شپرزەیی زۆریان پێوە دیار بوو، خەڵکی بە ئاشکرا لە سەر ڕووداوەکان قسەیان دەکرد، ئیتر شانسی مانەوەی ڕژێم لە کوردستان لاواز بوو، پارتیزانەکان شەوانە دەهاتنە ناو خەڵک، ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بەردەوام لە پەردەی گوێی خەڵکی کوردستانی دەدا و مژدەی ڕاپەڕین و ڕاماڵینی دام و دەزگاکانی بەعسی پێدەدان.

## ســـــەفەرێك بۆ نــــــاوزەنگ

چەتۆ صالح لە ڕێگەی سباح سالحی برایەوە کە ماڵی لە شارۆچکەی ڕانیە بوو، (مامۆستا عادل) یەکێک لە فەرماندە کەرتەکانی تیپی (٢٥)ی خاڵخالانی ناسی کە لە ڕانیە دانیشتبوو جێگەی متمانە بوو (مامۆستا عادل) پەیوەندی بە سەرکردایەتی یەکێتیەوە مابوو، هەفتەی دووجار بە ڕەزامەندی فیرقەی (٢٤)ی چوارقورنە دەچووە سەر سنوور بۆ (دێی سونێ) کە نزیک بارەگای کاک نەوشیروان بوو لە ڕێگەی سەباح صالحی برایەوە کاک چەتۆ (مامۆستا عادل)ی بینی و بەڵێنیدا کاک چەتۆ بگەیەنێتە سونێ تا لەوێوە بچێتە لای کاک نەوشیروان.

دوای چەند ڕۆژێ لە گەڵ (مامۆستا عادل) سوار ئۆتۆمبێلێکی لاندکرۆزەر (شلە خەجێ) بوون و گەیشتنە سیطرەی دەربەند کە (مامۆستا عادل) یان بینی ڕێگەیان پێدان بڕۆن، بە ناو سەنگەسەرو ژاراواو تەنیشتی (قەلادزێ) دا تێپەڕین، ناوچەکە تێکڕا سەربازگە بوو، دوای ماوەیەک گەیشتنە (سونێ).

(مامۆستا عادل) ڕێگەی ناوزەنگی نیشانی کاک چەتۆ داو پێیوت لێرەوە دەچیتە بارەگای کاک نەوشیروان، ناوچەکە بەفر گرتبووی، کوێستانێکی سەخت بوو، بەفر گیر بوو، زۆری نەبرد کاک چەتۆ گەیشتە بارەگای کاک نەوشیروان.

لەو دیدارەدا باس لە دۆخی ناوچەکەو هەڵوێستی سەرۆک جاشەکان و باروودۆخی پارتیزانەکان کرا، دواتر باسی دابینکردنی ئازوقە و خواردەمەنی کرا بۆ پارتیزانەکان چوونکە لەو کاتەدا ڕێکەوتنێکی ئابووری لە نێوان عێراق و ئێران هەبوو بۆ هێنانی ئازوقەو پێداویستی، هاووڵاتیان دەچوونە سنوورەکان و خواردەمەنیان دەگواستەوە، ئەوەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ پەیدا کردن و گواستنەوەی ئازوقە بۆ پارتیزانەکان.

کاک چەتۆ داوای لە کاک نەوشیروان کرد قۆناغ بە قۆناغ چەند (تەن)ێک ئازوقە بگەیەنێتە ناوچەکانی پیرەمەگرون و چەمچەماڵ و تەکیە، تا لەوێوە بیانگوازنەوە بۆ پارتیزانەکان، داوای کرد پێداویستی چاپ و ئیستنساخی بۆ دابینبکەن بە مەبەستی درووستکردنی ناسنامەو پسوڵەی ڕێگە پێدانی سەربازی کە کاک چەتۆ تەزویری

دەکرد و بە کاری دەهێنا بۆ ئیش و کاری پارتیزانەکان، چوونکە لە ناو شاردا دەستکەوتنی زەحمەت بوو، شوێنی فرۆشتنی ئەو بابەتانە لە لایـەن ڕژێمەوە چاودێری توندی لە سەر بوو.

کاک نەوشیروان ڕەزامـەنـدی لە سـەر داواکاریەکانی کاک چەتۆ نیشانداو ڕووبـەڕووی کاک سەیوانی کـردەوە، لە گەڵ کاک سەیوان چووە قوڵە هەرمێ و ناوزەنگ بۆ لای جیهازەکانی چاپ و ئیستنساخ، هەموو پێداویستیەکانیان لە ماوەیەکی کەمدا بۆ جێبەجێکرد.

هەر لەوێوە بە جیهاز (بێتەل) پەیوەندی لە گەڵ مەفرەزەکانی پیرەمەگرون کردوو قسەی لە گەڵکردن، بۆ گواستنەوەی ئازوقەو خواردەمەنیش بڕیاردرا قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێبکرێت، (مامۆستا عادل) و سەباح ساڵحی برای کاک چەتۆ ئەرکی گواستنەوەی دوو (قۆناغ)یان گرتە ئەستۆ.

(مامۆستا عادل) لە چێشتخانەکانی سونێ چاوەڕێی کاک چەتۆی دەکرد، کاک چەتۆ گەیشتەوە لای (مامۆستا عادل) و گەڕانەوە بۆ ڕانیە.

قۆناغ بە قۆناغ، ئازوقەو خواردەمەنییەکان گەیەندرانە ڕانیە، لەوێشەوە بۆ پیرەمەگرون و چەمچەماڵ و تەکیەی کاکەمەند، بەشێک لەو ئازوقەیە برایە ماڵی ڕەسوڵ کرژەیی لە پیرەمەگرون.

مامۆستا جەلال و مەردان برای حاجی کاکەولا چنارنەیی کەڵەشێرە بەشێک لە ئازوقەکەیان گرتە خۆیان و حەشاریاندا.

عـومـەر ئەسعەد یەکێک لـە چەکدارەکـانی ڕژێـم بـوو، لـە نـاوچـەی تەکیەو چەمچەماڵ (مامۆستا عادل) بە کاک چەتۆی ناساند سەبارەت بە هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە و پارتیزانەکان قسەیان لەگەڵکرد، لە مەوعیدێکیتردا نامەی کاک نەوشیروانیان پێگەیاند، هەڵوێستی زۆر کوردانە بوو بەڵێنی هاوکاریکردنیدا، لە سەرووبەندی ڕاپەڕینیش ڕێنمایی و بەرنامەی کۆنترۆڵکردنی داموو دەزگاکانی ئەمن و ئیستخباراتیان پێسپارد.

بەرنامەی گەیاندنی ئازووقەو خواردەمەنی بە ڕێکووپێکی بەڕێوەچوو، پەیوەندی ڕێکخستنەکان و خەڵک، پارتیزانەکان و خەڵک، تا ئاستی گەیشتن بە ڕاپەڕین پتەو بوو.

## پـــــەیوەندی مـــــامۆستا عـــادل

مامۆستا عادل یەکێک لە فەرماندەی کەرتەکانی تیپی (٢٥) خاڵخاڵان بوو، بە بڕیاری سەرکردایەتی (ی.ن.ک) نێردرایە ڕانیە و پەیوەندی لەگەڵ ئەفسەری ئەمن عامر قشر حسێن بۆ دروستکرا، عامر پەیوەندی لە گەڵ سەرکردایەتی یەکێتی هەبوو.

ملازم عومەر مامۆستا عادلی لەگەڵ ئازادی کوێخا خدری شێنێ نارده لای ڕائید عامر پەیوەندی لەگەڵ ڕائید عامر دروستبوو لەو ڕێگەیەوە عەقید غەسان و ملازم عەزیزی ناسی لەو ڕێگەیەشەوە ئاسانکاری گەورە کرا بۆ هاتوو چۆو هێنانی ئازوقە و جێبەجێکردنی کاروبارەکانی شۆڕش.

دوای شەش مانگ مانەوە لە ناوچەی شێخ بزێنی و لێوارەکانی کەرکوک، مەفرەزەکە گەڕایەوە چیای پیرەمەگرون بۆ دۆڵەبی، لە گەڵ مەفرەزەکەی کاک غەریب یەکیان گرتەوە.

دوای گەڕانەوەی مەفرەزەکەی کەرکوک بۆ چیای پیرەمەگرون ئاکۆ سوور کرایە جێگری غەریب هەڵەدنی، هەر کاتێک کاک غەریب لەوێ نەبوایە ئاکۆ سوور دەبووە لێپرسراوی یەکەم.

ئاکۆ سوور زۆر شەوان لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا دەچوونە ئۆردوگای پیرەمەگرون بۆ دیداری هاوڕێیانی ڕێکخراوی سلێمانی، نامەو ڕاسپاردەکان لە ڕێگەی ئاکۆ سوور و ڕێکخراوی سلێمانی ئاڵوگۆڕ دەکرا، پەیوەندی نێوان ڕێکخراوی سلێمانی و مەفرەزەکان، دواتریش پەیوەندی نێوان مەفرەزەکان- ڕێکخراوی سلێمانی، سەرکردایەتی بەم شێوەیە بەیەکەوە گرێدەدرا.

ناوچەکە سەخت و دژوارو هەڵواسراو بوو، شیوی قوڵ و بەردەڵان و تەختەو ملەی هەمە جۆری هەبوو بنکەی پارتیزانەکان لە (دۆڵە بی) بوو زۆر جار جاشەکان دەمەو ئێواران لە تەنگەی دۆڵەبی بۆسەیان بۆ پێشمەرگە دادەناو تا بەیان دەمانەوە.

بەرەبەیانی یەکێک لەو شەوانە، ئاکۆ سوور و فەخرەدین سلێمان بەگی کەوتنە بۆسەی جاشەکانەوە بەڵام ئەمان بەدەست هاتن و جاشەکانیان تێکشکاند، چەند

جارێکیتر بەم شێوەیە پێشمەرگە کەوتنە بۆسەی جاشە خۆفرۆشەکانەوە، بەڵام پێشمەرگەکان سـەرکـەوتـوو بێزیان بـوون، جاشەکانیش کەلاکیان لێبەجێماو بریندایان هەبوو.

بە بڕیاری سەرکردایەتی و ناوەندی کۆمەڵە (خالید ڕەزا) هاتبووە خوارەوە بۆ پیرەمەگرون، لە گەڵ  غەریب هەڵەدنی گەیشتبووە پیرەمەگرون.

## بـــــەرەو ڕزگارکردنــــــی کـــــەرکوك

لە ڕزگارکردنی پیرەمەگرون و بەشێکی سلێمانی و ڕزگارکردنی شاری کەرکوکدا، مەفرەزەکەی کەرکوک بەشدار بوون و ڕۆڵی گرنگیان بینی.

لە ڕاپەڕیندا پارتیزانەکانی کەرکوک و پیرەمەگرون کرانە بەتالیۆن:

| | |
|---|---|
| ١- غەریب عەسکەری | فەرماندەی بەتالیۆن |
| ٢- غەریب هەڵەدنی | جێگری بەتالیۆن |
| ٣- ئاکۆ سور | فەرماندەی تیپ |
| ٤- شوان موغاغی | فەرماندەی تیپ |
| ٥- عوسمان سێدەری | فەرماندەی تیپ |
| ٦- بەکر ئیسێوی | فەرماندەی تیپ |

بە فەرماندەیی کاک نەوشیروان و سەرپەرشتی ملازم عومەر و کاک کۆسرەت هێرشکرایە سەر کەرکوک و لە هەر دوو قۆڵی هەولێرو سلێمانیەوە هەڵمەتی ڕزگارکردنی کەرکوک دەستپێکرد.

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٩ هێرش و پەلامار بۆ سەر کەرکوک دەستپێکرد، لە ئێوارەی ١٩٩١/٣/٢٠ دا کەرکوک بە یەکجاری ڕزگار کرا.

## مـــــەفرەزەی خـــاڵخالان تـــــیپی (25)
## مـــەفرەزەی یەکەم ســـــاڵی 1988
## چــــــوار

ئەنفالی چوار، شاڵاوی قڕکردنی مرۆڤ و سووتماکی خاک بوو لە سنووری کەرکوک- دەشتی کۆیە- خاڵخاڵان و قەڵاسێوکەو شێخ بزێنی.

دوای شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالی «٤» چەند مەفرەزەیەک لە ناوچەی شێخ بزێنی و خاڵخاڵان و لێوارەکانی کەرکوک و زێی بچوک مانەوە.

لە سنووری خاڵخاڵان مەفرەزەیەک کە پێکهاتبوون لە (١٠) پێشمەرگە تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەکە مانەوە، لە قەڵا سێوکە و ماسقەلان و خاڵخاڵان جەولەیان دەکرد.

سەرچاوەی بژێوی مەفرەزەکەی خاڵخاڵان خۆراکی بەجێماوی دێهاتەکان بوو کە دوای ئەنفال بەجێ مابوو.

مەفرەزەکە لەم پێشمەرگانە پێکهاتبوو:

١- عادل شەریف فەرەج ئەمین        سەرپەرشتی مەفرەزە

٢- وریا ئاغجەلەری

٣- شەوکەت عەبدوڵڵا

٤- هیوا عەبدوڵڵا ئەحمەد (هیوا ڕەش)

٥- سیروان ساڵح ڕەشید (سیروان گۆگجەیی)

٦- شێرزاد عەریف ڕەمەزان

٧- غەریب بێدەری

٨- ئیسماعیل شەریف فەرەج

٩- شەماڵ حسێن مەجید (شەماڵی شۆڕشگێڕان)

١٠- عەلی محەمەد ئەمین ئەحمەد (خەلیل بێدەری)

لە گەڵ ڕۆشتنی مام ڕۆستەم بۆ سنووری گەرمیان شێرزاد عەریف ڕەمەزان لە گەڵی ڕۆیشت، لە ناوچەی گەرمیان لە چەمی (لاهێز) لە گەڵ شێرکۆ جدی بە دەستڕێژی کۆپتەر شەهید بوو.

مەفرەزەکە لە ناوچەکەدا لە جەولەدا بوون، ڕۆژانە کێوماڵی ناوچەکە لە لایەن جاش و مەفرەزە خاسەو قوات خاسە دەکرا.

زۆر جار دوای گەڕانەوەی کەمینی جاش خەفیفە، مەفرەزە خاسەکان دەهاتن کەمینیان دادەنا تا پێشمەرگەکان غافڵگیر بن، وابزانن جاشەکان گەڕاونەتەوەو بکەونە بۆسەوە، بە هەمان شێوە قوات خاصە دەهاتنە ناوچەکەو کەمینیان دادەنا، بەردەوام کۆپتەریش بە سەر ئاسمانی ناوچەکەوە بوو دەستیان لە ئاژەڵ و زیندەوەریش نەدەپاراست.

## شـــەهید بوونی شـــــەوکەت عـــــەبدوڵلا

شەوی ١٣\١٤/٩/١٩٨٨ مەفرەزەکەی خاڵخالان لە ڕێگەی تیژەو تلیانەوە بەرەو هەڵەتی ماسقەلان بەڕێوەبوون، بە لای فەقێ میرزادا تێپەڕین جاشەکانی ڕژێم لە ناوچەکە بوون کەمینیان دانا بوو، لە دوورەوە دەنگە دەنگ دەهاتە گوێ، تەقەو پێکادان لە نێوان پێشمەرگەو جاش درووست بوو لەو شەڕەدا شەوکەت عەبدوڵلا برای کاک ڕەفعەت عەبدوڵلا شەهید بوو، تەرمەکەیان گواستەوەو لە هەڵەتی لای کارێزە بە خاکیان سپارد.

لە ماوەی مانەوەیان لە ناوچەکەدا پارتیزانەکانی خاڵخالان چەند شوێنێکیان هەبوو بۆ پشودان و حەوانەوە.

+ لە بناری چیای خاڵخالان شوێنێکیان هەڵکەند بوو بۆمانەوە لە نێوان دێی قوڕاوەو کانی هەنجیر- شیوە سوور- ئەشکەوتێک هەبوو، دەمی ئەشکەوتەکە بچووک بوو بەڵام کە دەچوویتە ناوی گەورەو فراوان بوو، جێگەی خەوتن و پشوودانی پارتیزانەکان دەبوەوە.

لە ١٩٨٨/١٢/٢٥ گەڕانەوە چیای پیرەمەگرون، لەوێشەوە بەڕێنمایی و هاوکاری غەریب هەڵەدنی لە چەمی هەرزنەوە گەڕانەوە سەرکردایەتی.

## مـــــەفرەزەی بناری کۆســـــرەت، خـــاڵخاڵان، کـــۆیە
## مـــــەفرەزەی دووەم ســـــاڵی 1990
## پـــــێنج

سەرکردایەتی (ی ن ک) بە شێوازێکی نوێ و مەشق پێکراو پارتیزانەکانی ئامادە دەکرد بۆ چوونەوە ناوچەکانی خۆیان.

دوو مەفرەزە درووستکران بۆ سنووری کەرکوک خاڵخاڵان- شێخ بزێنی،

مەفرەزەی یەکەم: بە فەرماندەیی (ئاکۆ سوور) لە مانگی (٥)ی ساڵی ١٩٩٠ دابەزینە ناوچەی شێخ بزێنی و نزیک کەرکوک.

مەفرەزەی دووەم: بە فەرماندەیی هیوا ڕەش پێش دابەزینیان لە (زەڵێ) خولێکی یەک مانگیان بینی لە سەر کاری پارتیزانی، چۆنیەتی خۆپاراستن، هەڵگرتنەوەو دانانی مین، ڕێ ڕۆیشتن بە ناو بەفردا دوای تەواوبوونی خولەکە لە ١٩٩٠/٨/١٠ هاتنەبناری کۆسرەت و خاڵخاڵان و دەشتی کۆیە.

سەرکردایەتی (ی ن ک) پێیڕاگەیاندن کە سنووری کۆیە هەر مەفرەزەیەک جێیدەبێتەوە، بۆیە ئێوە بچنە بناری کۆسرەت، دەشتی کۆیەو خاڵخاڵان.

**ناوی مەفرەزەکە**

١- هیوا عەبدوڵڵا ئەحمەد (هیوا ڕەش) فەرماندەی مەفرەزە

٢- عەزیزە سوور خەڵکی دەشتی کۆیە

٣- دڵزار پیبازۆکی خارە دڵزار (دەشتی کۆیە)

٤- تالیب فاروق

٥- سامان ساڵح ڕەمەزان

٦- ئاسۆ قەرەناوی

٧- پشکۆ هەیبەیی

لەگەڵ مەفرەزەکەی هیوا ڕەش، مەفرەزەکەی حەمە BKC هاتنە خوارەوە بۆ ناوچەی خۆشناوەتی، لە (زەڵێ) بەڕێکەوتن هاتنە نزیک قەڵادزێ، تا گەیشتنە دیوی قەڵادزێ ڕۆژهەڵات، بۆیە لە نێو گژوگیاو توتڕکی ناوچەکە خۆیان حەشاردا، هەر چوار دەووریان سەربازگە بوو لە نزیکەوە گوێیان لە دەنگی سەربازەکان بوو،

تا ئێوارە خۆرنشین مانەوە، کە دنیا تاریکی پۆشی شۆڕبوونەوە بەرەو دەشتی قەڵادزێ و (ماخوبزنان) شەوێک لە ماخ و بزنان مانەوە، مەفرەزەکەی حەمە BKC بەرەو ناوچەی خۆشناوەتی ڕۆیشتن، مەفرەزەکەی هیوا ڕەش، بەرەو بناری کۆسرەت شۆڕبوونەوە.

مەفرەزەکەی هیواڕەش لە کێوە ڕەشەوە هاتن بە سەر دیوی سەرکەپکاندا، لە نێوان سەرکەپکان و حاجی ئاوا دێیەک نەڕووخا بوو خۆیانکرد بە ناو دێیەکەدا لە دەرگای ماڵێکیاندا وتیان پێشمەرگەین، کابرای خاوەن ماڵ سەیری لێهات وتی کاکە پێشمەرگەی چی من پرسیارێکتان لێدەکەم مەفرەزەی ڕانیەن یان چوارقوڕنە (مەبەستی مەفرەزەی جاش بوو) واز لە پێشمەرگە بێنن، پێشمەرگە نییە، پێشمەرگەکان وتیان ئاومان بدەرێ تینوومانە، کابرای خاوەن ماڵ وتی ئەوە کانییەکە دەتوانن بڕۆن مەتارەکانتان پڕبکەن و بڕۆن ئێوە پێشمەرگە نین ناچار ڕۆیشتن لە کانییەکە مەتارەکانیان پڕکرد لە ئاوو سەرکەوتن بۆ چیای ماکۆک، لە چیای ماکۆک چوونە ئەشکەوتێک و ڕۆژێک لەوێ مانەوە، چواردەوری ئەشکەوتەکە هەمووی ڕەبییەی دوژمن بوو.

ئێوارەی ١٩٩٠/٨/١٥ بوو ڕۆژگار بەرەو کۆتایی دەڕۆی، چیای ماکۆک و ناوچەکە لە ژێر باڵی شەودا ببوونە سێبەرێکی گەورە، پێشمەرگە لە ڕێگەی حاجیاواوە پەڕینەوە بناری کۆسرەت، لە ژێر باڵی ڕەش و تاریکی شەودا هەنگاویان دەنا، مەسافەیان وەرگرتبوو وەک ئەڵقەیەک بە دوای یەکدا دەڕۆیشتن هەنگاوو شەقاوی خێرا بەرەو کێڵگەیەکی گوڵە بەڕۆژەی بردن، گوڵەبەڕۆژەکان هێندەی باڵای پێشمەرگەکان باڵایان کردبوو، لە کاتی ڕۆشتنی پێشمەرگەکاندا لە لولەی تفەنگی پێشمەرگەکان گیر دەبوون و خۆیان دەسرەواند بە پێشمەرگەکەی دواتردا.

لە بەری گردجان و قەرەنیاغا ڕۆژیان لێهەڵهات چیتر دەرفەتی جووڵەو ڕۆشتنیان نەما، بەڵام گەیشتبوونە بەری ڕووبارەکە، ناچار بڕیاریاندا تا ئێوارە خۆر دەنیشێ لە ناو گوڵە بەڕۆژەکاندا بمێننەوە لە ناو پارچە زەوییەکدا خۆیان شاردەوە گوڵە بەڕۆژەکان وشک ببوون، عەزیزە سوور وریاو بە سەلیقە بوو وتی ئەم پارچە گوڵە

بەرۆژەیە وشکبوون کێ دەڵێ بەیانی نایەن بیانبڕنەوە، لە تەنیشتیانەوە پەڵەیەک گوڵەبەرۆژەی تەڕ هەبوو چوونە ناو گوڵە بەرۆژە تەڕەکەوە.

دوای خۆر هەڵاتنی بەیانی ژن و پیاوێک و دوو مناڵ هاتبوون گوڵە بەرۆژە وشکەکە ببڕنەوە، مناڵەکان لە ناو گوڵە بەرۆژەکاندا دەسووڕانەوە کاتژمێر یانزەی پێشنیوەڕۆ مناڵێکیان نزیک پێشمەرگەکان بووەوە، پێشمەرگەکانی بەدیکرد لە ناو گوڵە بەرۆژەکاندا بە کۆڵە پشتەوە دانیشتوون، مناڵەکە بەدیاریانەوە تاسا هەر سەیری پێشمەرگەکانی دەکردوو لە بەرخۆیەوە دەیوت ئەوە تۆی ئەوە تۆی؟

مناڵەکە بەڕاکردن ڕۆیشت بۆ لای باوکی و وتی باوکە (زەلام)، ناو گوڵەبەرۆژەکان خەڵکی تیایە، باوکی باوەڕی نەدەکرد وتی ڕۆڵە خەڵکی چی و زەلامی چی بڕۆ بۆ لای دایکت بۆ ژێر کەپرەکە ئێستا دێم نان دەخۆین.

پێشمەرگەکان گوێیان لێبوو مناڵەکە چوو بە دایکی وت دایە ناو گوڵە بەرۆژەکان خەڵکی لێیە زەلامی لێیە دایکی وتی ڕۆڵە خەڵکی چی چاوت ڕەشکەو پێشکە دەکات ئەوە کەللەی گوڵەبەرۆژەکانە لێت بووە بە زەلام، زەلام چیدەکات لەوێ.

ئەو ڕۆژەیان لە ناو گوڵە بەرۆژەکاندا بەڕێکردوو ڕۆژگاریان بە ئێوارە سپارد، کە شەو داهات چوونە بناری چیای کۆسرەت، مەفرەزەکە جیهازی (هۆکی تۆکی) یان پێبوو، لە بەرانبەر چەکوش وسادر بوون، بە جیهاز پەیوەندیانکرد بە سەرکردایەتی و پێیان ڕاگەیاندن کە ئێمە گەیشتوین.

## حــــاجی حەســـەنی قـــــەرەنیاغا

دوو ڕۆژ بوو عەزیز بە هیوای دەوت ماڵی دۆستێکم هەیە لە قەرەنیاغا، با سەردانیان بکەین دڵنیام هاوکاریمان دەکەن.

ئێوارەیەک هیواو عەزیز لە بناری چیای کۆسرەت ترازان و هاتنە قەرەنیاغا، چەکەکانیان لە ڕێگا شـاردەوەو چوونە ماڵی حاجی حەسەن، حاجی حەسەن پێشوازی گەرمی لێکردن و ڕێزیگرتن، عەزیز و هیوا نانی شەویان لەوێ خوارد، حاجی حەسەن نان و خۆراک و پێداویستی بۆ پێچانەوە تا لە گەڵ خۆیان ببەن بۆ هاوڕێکانیان، تەنها داوای حاجی حەسەن ئەوە بوو لە بەر خراپی بارودۆخەکە، هەر هیواو عەزیز سەردانی ماڵیان بکەن، پێشمەرگەکان نەزانن.

ئەشکەوتێک لە بناری چیای کۆسرەت بوو، دەیڕوانیە سەر ڕووباری ڕانیە-خدران، شەوانە دیمەنی هاتووچۆی بەلەمەکان دەبینرا، دیمەنێکی جوان و دڵگیر بوو، پێشمەرگەکان ئەو ئەشکەوتەیان کردبووە بنکەو لەوێ دەمانەوە.

مەفرەزەکەی هیوا ڕەش پارەیان پێبوو، لە ڕێگەی ماڵی حاجی حەسەن و دڵشادی کوڕیەوە پێداویستیەکانیان بۆ دەکڕدراو بە گوێدرێژێک دەیانبردە چیای کۆسرەت.

مەفرەزەکە تا کۆتایی مانگی ١٩٩٠/٩ لە بناری کۆسرەت مانەوە، دواتر هاتنە خوار بۆ دەشتی کۆیە و خاڵخالان لە سەر (زێ) چووپی گەورە و بچووکی لێبوو بۆ پەڕینەوە، پێشمەرگەکان بە سەر پشتی ئەو چووپانەی (زێی بچوک) دا پەڕینەوە خاڵخالان.

ساڵی ١٩٨٨ شەکروو چاو پێداویستیان شاردبوەوە، سوودیان لەو خواردنانە بینی و دەریانهێنایەوە، ژمارەیەک جوانە گاو ئاژەڵ لە بناری چیای خاڵخالان جێمابوون، ئاژەڵی دێیەکانی ناوچەکە بوون لە ئەنفالدا پەرتەوازە ببوون، یەکێک لەو جوانە گایانەیان سەربڕی و کردیانە قاورمە.

لە ناوچەی خاڵخالان زەوییان هەڵکۆڵی و خانوویەکیان لێدرووستکرد، بۆ خۆ حەشاردان و پشوودان سوودیان لێدەبینی.

چەند جارێک هێزەکانی داگیرکەر کێوماڵی ناوچەکەیانکرد بەڵام پێشمەرگەکان وریاو کەنارگیر بوون خۆیان لە کێوماڵی هێزەکانی داگیرکەر دەپاراست.

پێشمەرگەکانی خاڵخالان چوونە هەڵەتی کارێزە و تەرەقە بۆ ماسقەلان تا مەفرەزەکەی ئاکۆ سوور بدۆزنەوە، لە شوێنە کۆنەکانی خۆیان لە ساڵی ١٩٨٨ تەنکی خواردنیان شاردبوەوە، کە چوونە سەر تەنکییەکە لە ناو تەنکییەکە نامەیەکیان دۆزیەوە، ئاکۆ سوور بۆ هیوا ڕەشی دانابوو نووسیبووی:

هەر کاتێک هاتن بۆ ئێرە ئێمە لێرە نەماوین، چووینەوە بۆ لای غەریب هەڵەدنی، ئەگەر دەتانەوێ وەرن بۆ ئەوێ، مەفرەزەکە تا مانگی (١١) لە بناری خاڵخالان مانەوە دواتر ڕۆیشتنەوە بۆ چیای کۆسرەت.

لە بناری کۆسرەت جاریکیتر چوونەوە ماڵی حاجی حەسەن هەر پێشمەرگەی (٣٠) نانیان بۆ کردبوون و بۆیان پێچابوونەوە تا لە کاتی گەڕانەوەدا لە گەڵ خۆیان ببیەن.

لە کاتی گەڕانەوەدا بەڕێگەی ماخ و بزنان و تۆسوورانەوە گەڕانەوە قەڵادزێ، لەوێشەوە بۆ مامەندەو (زەڵێ).

لە ماخ و بزنان بەفر ڕێگەی لێگرتن، ڕۆیشتن تا بە ڕووناکی بپەڕنەوە، کاروانێکی زۆر قاچاخچی لە دیوی ڕانیەوە دەرکەوتن، لە گەڵ نزیکبوونەوەیان لە پێشمەرگەکان تەقەیان لێکردن، بەڵام پێشمەرگەکان تەقەیان لێنەکردنەوە.

ڕۆژانـی پێشوو جـاش - لـەو شوێنە کەمینیان دانـابـوو بۆ قاچاخچییەکان، کاروانچییەکان کە پێشمەرگەکانیان بینیبوو وایانزانیبوو کەمینی جاشە دواتر لە گەڵ کاروانچییەکان لە یەکتری ئاشکرا بوون.

لەو تەقانەدا ئاسۆ قەرەناوی فیشەکێک بەر قۆڵی کەوت، ئاسۆیان سوار وڵاخێک کردوو کۆڵەپشتی پێشمەرگەکانیشیان کردە سەر پشتی ووڵاخەکان.

ڕێگا بەفرێکی ئەستوور داپۆشیبوو، وڵاخەکانیش پەکیانکەوتبوو، هەرەسی بەفر لە پێشمەرگەو کاروانەکەیدا هیوا ڕەش تاکێ پێڵاوی کەوتە بەفرەکەوە تا نۆکان بە تاکێک پێڵاوەوە ڕۆی، دۆخی ئاسۆش خراپ بوو لە نێوان برینداری و هەرەسی بەفردا نوزەی لێبرا بوو، بەشێکیش لە وڵاخی کاروانچییەکان خزان هەر چۆن بێ لە بەفر ڕزگاریان بوو، کۆتایی مانگی (١٢) ی ١٩٩٠ گەیشتنەوە نۆکان، جارێکیتر هێزەکان ڕێک خرانەوە لە بەتالیۆن و تیپەکان داو بوونە هەوێنی ڕاپەڕین.

## ئەو کەس و تێکۆشەرانەی بۆ کتێبی پارتیزانەکان سوودمان لێوەرگرتوون

١- وەستا فاروق
٢- سەید ئەحمەد حەمەلاو
٣- خاڵە سەراوی
٤- کامیل نوری
٥- شێخ ستار
٦- عەلی سۆیبە
٧- دلێر دەرەویانی
٨- عەدالەت قەرەداخی
٩- دکتۆر حەسەن
١٠- عوسمان سێدەری
١١- عوسمان گێچینەیی
١٢- سەرکەوتی جیهاز
١٣- فەریق هەڵەدنی
١٤- حەمە سنگری
١٥- عوسمان شارستێنی
١٦- زاهید سێدەری
١٧- دکتۆر برایم ماوەتی
١٨- مامۆستا زیرەک
١٩- ڕزگار هاودیانی
٢٠- نەهرۆ
٢١- کاک عەبدە
٢٢- دکتۆر ئاری
٢٣- دکتۆر ڕێبین محەمەد سۆفی
٢٤- هەڵۆ حەسەن

٢٥- عەبدوڵڵا بۆر
٢٦- عوزێر فەقیانی
٢٧- مامۆستا ڕێبوار
٢٨- مەنسور کەریم
٢٩- جەلال سوورکانی
٣٠- مامۆستا فەرهاد کاوانی
٣١- ئازادی سەگرمە
٣٢- هونەر شێخ عەلی
٣٣- شێخ کەریم
٣٤- حەمە چەوری
٣٥- حیسام شێخ عەلی
٣٦- بیرەوەریەکانی مەحمود سەنگاوی
٣٧- مەحموود سەنگاوی
٣٨- بەهادین مەحموود
٣٩- محەمەدی حاجی فایەق
٤٠- سەلام کویخا عەزیز
٤١- کاک جوامێر
٤٢- حەمە ڕەشید توکنی
٤٣- مەلا سەعید
٤٤- شکور باشبلاخی
٤٥- حەسەن هۆمەرملی
٤٦- ئەبو عەلی
٤٧- جەلال عەبدوڵڵا کەریم
٤٨- ساڵح حەمە خان
٤٩- قەندیل بەغدای هەژاند - ڕێباز

٥٠- بورهان سەعید سۆفی
٥١- جەلال ئیلینجاغی
٥٢- مامۆستا کاوە
٥٣- عومەر گردە سووری
٥٤- تۆفیق تمر
٥٥- عبدولواحید تاهیر حمو
٥٦- حامید سەلیم
٥٧- چەتۆ ساڵح
٥٨- مامۆستا عادل
٥٩- نەقیب ناسیح
٦٠- هیوا ڕەش (هیوا عەبدوللا ئەحمەد)
٦١- کتێبی بەرەو کەرکوک - ئازاد سەراوی
٦٢- ساڵح هەولێری
٦٣- فەخرەدین هەورامی
٦٤- کەمال حاجی مەحموود
٦٥- ئیبراهیم محەمەد سەعید
٦٦- سوهاد خانەقینی
٦٧- فەلاح حەمە بۆر
٦٨- مستەفا شەهید عەولا
٦٩- عوسمان بچکۆل
٧٠- ڕێبین حاجی سەعید گردجانی
٧١- عەلی بۆسکێنی
٧٢- بەکر کەڵکە سماقی
٧٣- باخەوان حەمە بۆر
٧٤- جەمال وەندەرێنەیی

٧٥- مامۆستا ئەکرەم ژاژلەیی
٧٦- سەید ساڵح
٧٧- کاکە شێخ
٧٨- شێخ محەمەد گەلاڵی

## سوپاس و پێزانین

بۆ نووسینی زنجیرە کتێبی تۆماری سـەروەری لـە زۆربـەی ناوچەکانی کوردستان ژمارەیەک هاوڕێی بەڕێز هاوڕێم بوون بۆ دیداری پێشمەرگەدێرینەکان و دەستنیشانکردنی تێکۆشەرە دێرینەکان و پێدانی زانیاری بۆیە بەپێویستم زانی سوپاسی تایبەتیان بەکەم و بێوەفا نەبم بەرانبەریان کە ئەم بەڕێزانەن.

١- عەزیز کۆڵکنی – شارەزور

٢- حەمە ڕەشید توکنی – گەرمیان

٣- دڵشاد هەورامی – هەورامان - شارەزور

٤- هەورامان محەمەد حسین هەورامی – هەورامان – پشدەر

٥- حەسەن هەڵەبجەیی – هەڵەبجە – سلێمانی

٦- حەسەن ئەحمەد گەرەوەیی – ڕانیە – دۆڵاکۆ

٧- مستەفە عەولا تەها – سەرکەپکان

٨- شێخ محەمەد گەلاڵەیی – ڕانیە – گەلاڵە

٩- عەلی محەمەد چوارتایی – سلێمانی – شاربازێڕ

١٠- کامەران ڕەشە چالە – پێنجوێن

١١- حەمە سنگری – دوڵی جافەتی – سلێمانی

١٢- سەردار شەڕکانی – خەلیفان – ڕەواندوز

١٣- ئەحمەد بچکۆل – هەولێر

١٤- ڕێبین شەمامکی – هەولێر

١٥- مەهدی توتمەیی – بالیسان

١٦- ئیبراهیم محیدین – مدیر – قەلادزێ

١٧- ئاوات کۆکەیی

١٨- حەسەن محەمەد مستەفا ( حەسەنەسوور) - ژاراوا

# وێنەکان

- مەفرەزەی مەلا ئەحمەدی گەرمیان ـ سەید محەمەد






REDMI NOTE 6 PRO
MI DUAL CAMERA



## پارتیزانەکانی کەرکوک



لەشاری سەقز ساڵی ١٩٨٩ گیراوە

لەلای ڕاستەوە:١-شەهید ئیباو ٢- نەقیب ناسح ٣- سەرکەوتە شەل ٤- نەهرۆ ڕەش



ساڵی ١٩٩٠ لەبلەکێ گیراوە

ڕاوەستاوەکان لەچەپەوە:١-شەهیدووریا قەفاری ٢-نەقیب ناسح ٣-شەهید سەرداری حاجی ڕەزا

٤-ئارامە ڕەش ٥- قەندیل

نوستوەکان لەچەپەوە: ١- حەسەن شورتە ٢- فەیسەڵ ٣- هەڤاڵێکی حزبی شیوعی ٤- ڕەحمان کوێ



شەهید ئاواتەڕەش



شەهید ئیباو

## پارتیزانەکان مەفرەزەی شارباژێڕ









بیستون سا بورا وی






BAKRAJO



## عوسمان سیدە ری










مه فره زه ی حه مه سنكری










مه فره زه ی غه ریب هه له دنی









شەهید غەریب هەڵەدنی و کاک نەوشیروان

مه فره زه ی فه ریق هه له دنی






ڕەتڵی شارباژێڕی تەخت مەفرەزەی ( ٢ ) جەمال حاجی مامەندی









ڕەتڵی شارباژێڕ ـ مەفرەزەی (٣) مەفرەزەی سەرکەوت حەسەن (سەرکەوتی کوبە)









ڕەتڵی شارباژێڕی تەخت ، مەفرەزەی ( ١ ) بە فەرماندەیی کامیل نوری ـ لە گەڵ جفرەی مەفرەزەکە









ڕەتڵی قەرەداخ ـ مەفرەزەی بازیان ـ شێخ کەریم









مەفرەزەی عەبدوڵا بۆر









مەفرەزە پارتیزانەکان ، مەفرەزەی مستەفا عبدڵلە تەها









مەفرەزەی سەلاّح دیلمانی - وەحدەی کاروخ









مەفرەزەی جەلال حاجی  جووڵەی سێ یەم









مەفرەزەی جەلال حاجی جەولەی یەکەم









مەفرەزەی جەلال ئێلینجاخی - دەشتی هەولێر -







ئازو
ئه حمده
ماموستا غه وسه
بزهان سعيد سوى
ملا غازى
عه باسى عه وينه
احمد ئه ليتچاغى
شه هيد هاشم
پيشمه رگه پارتى زانه كانى پاشى (انفال ره تلى ده شتى هه ولير سالى 1988 ......1990 (14) مانگ پارتى زانى
Foto Bnar



مەفرەزەی حەمە b.k.c خۆشناوەتی





مەفرەزەی ڕەحمان حاجی خدر وەرتی ـ وەحدەی پارتیزانی کاروخ






پەیجی
مەشخەڵانی باڵەک



## مەفرەزەی ساڵح هەولێری








88 9

مەفرەزەی سورێن









مەفرەزەی شاهۆ





مەفرەزەی عوزێر فەقیانی ـ کاروخ ، هەندرێن ، کۆڕەک









مەفرەزەی عوسمانی حاجی مەحموود ـ گەرمیان









مەفرەزەی کۆیە





مەفرەزەی مامۆستا ڕێبوار ـ کاروخ ـ دکتۆر ڕێبوار





مەفرەزەی مەحمود سەنگاوی - گەرمیان









## مەفرەزەی هاشم شەمامکی دەشتی هەولێر









مەفرەی پارتیزانی بادینان ڕەتڵی یەک ،، مانگی ٨ ی ١٩٩٠







